رۆژگاری ژیان


یادداشت و بیرەوەریەکانی
ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس



ئامادەکردن و لەسەر نووسین:
ڕەئووف مەحموودی

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication
سنندج ـ پاساژ عرتی ـ تلفن: ۳۳۱۶۵۳۸۲

بلاوکردنەوەی کوردستان
Kurdistan Publication
سنندج- پاساژ عزتی- تلفن: ۳۳۱۶۵۳۸۲



ڕۆژگاری ژیان

یادداشت و بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

سرشناسه	:	مدرس، عبدالکریم، ۱۲۸۳ - ۱۳۸۴.
عنوان و نام پدیدآور	:	روژگاری ژیان : یادداشت و بیره‌وه‌رییه‌کانی ماموستا مه‌لا عه‌بدولکه‌ریمی موده‌رریس دانراوی مه‌لا عه‌بدولکه‌ریمی موده‌رریس.
مشخصات نشر	:	سنندج : انتشارات کردستان، ۱۳۹۲.
مشخصات ظاهری	:	۴۰۰ص.
شابک	:	۹۷۸-۹۶٤-۹۸۰-۱۸۱-۰
وضعیت فهرست‌نویسی	:	فیپا
عنوان دیگر	:	یادداشت وبیره‌وه‌رییه‌کانی ماموستا مه‌لاعه‌بدولکه ریمی موده‌رریس.
موضوع	:	مدرس، عبدالکریم، ۱۲۸۳ - ۱۳۸۴ -- سرگذشتنامه
موضوع	:	کردان -- سرگذشتنامه
موضوع	:	شاعران کرد -- سرگذشتنامه
رده بندی کنگره	:	PIR۳۲۵۶ / ۷۴۳س۳۳۸م۱۳۹۲
رده بندی دیویی	:	۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی	:	۳۳۳۹۲۴۹

ڕۆژگاری ژیان

یادداشت و بیرەوەرییەکانی
مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

ئامادەکردن و لەسەرنووسین:
ڕەئووف مەحموودی

انتشارات کردستان
سنه

انتشارات کردستان
سنندج، پاساژ عزتی، تلفن: ۳۳۱۶۵۳۸۲ - ۸۷ - ۹۸+

ڕۆژگاری ژیان

دانراوی (تألیف):
مامۆستا مەلا عەبدولکــەریمی مودەڕڕیس

ئامادەکردن و لەسەرنووسین:
ڕەئووف مەحموودی

پیاچوونەوە و هەڵەگری:
کەمال بەڕەنگ، سیروان ڕەحمانی، ناسێح فەتتاحی، موستەفا حوسەینی قادری، جەمال بادروزە

کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):
یەکەم؛ ۱۳۹٤
ژمارەی چاپکراو (تیراژ):
۳۰۰۰ بەرگ (جلد)
ژمارەی لاپەڕەو قەواره (تعداد صفحه و قطع):
٤۰۰ صفحەی وزیری

بڵاوکەرەوە (ناشر):
بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

شابک: ۰ - ۱۸۱ - ۹۸۰ - ۹٦٤ - ۹۷۸
نرخی: ۱۸۵۰۰ تمەنە
۸۰۰۰ دیناره

دەقی نامەکەی بەڕێز مامۆستا "موحەممەدی مەلا کەریم" کە ڕێگای داوە بە «بڵاو کردنەوەی کوردستان» کتێبی "ڕۆژگاری ژیان" لە چاپ بدات

من کە محمدی کوڕی ملا عبدالکریمی مدرسم، ڕێگا
براده‌رانی خاوەنی ئینتیشاراتی کوردستان دەدەم
دەستنووسی (ڕۆژگاری ژیانم)ی باوکم بەچاپ
بگەیەنن. ئەوەی کە مەرجەومی باوکم مەتلەبی بووە
ئەوەیە کە دەسکاری کتێبخانەی شەرق و تا ماڵێ
لە گلیان لە هەڵەی چاپ بێ.
من خۆم مەبەستم نەبوو کتێبی باوکم کورت بکەمەوە
هەندی بابەتی زیادەی وای تێدایە کە خوێنەر وا
پێویستی پێ نییە، بەڵام ئەم چەند ساڵە زەحمەتم
ئەوە کارەم تا ئێستا پێ نەکراوە. براده‌رانی ئینتیشاراتی
کوردستان کە زەحمەتیان کێشاوە و کتێبەکە چاپ
کرد هیوادارم ماندیان نەبێ لە چاپەکەی
ئێستا هەر ئەوەندەم دەوێ گەڵێ دۆستانمان وەک
لە سەردەمی بابەتە زیادانەی لە کتێبەکەدا هەن

محمدی کوڕی

ناوەرۆك

دەسپێك ٩

پێشەكیی نووسەر ١٣

ڕیشەی نەسەبی خۆم ١٥

باسی هۆزی قازی و هۆزی هەسەن ١٧

خاڵوانی نەنە ڕێحانم: ٢٥

دەسپێكێكی‌تر بۆ ژیانی مامۆستا ٢٩

ئاوڕێ بەلای مەریواندا ٣٣

ئاو و هەوا و وەزعی تەبیعی: ٣٣

ئابووریی ئەم ناحییە: ٣٣

ئیدارەی ئەم وڵاتە: ٣٤

گۆشەی ئایین و دینپەرستی: ٣٦

ڕشتەی ساداتی بەرزنجە لە شێخ «عیسێ» و شێخ «موسێ»وە: ٣٦

باسی ئەمیر حەمزەی بابان ٤٣
ڕشتەی حەزرەتی پیر خزری شاهۆ ٤٤
بنەماڵەی مەشایخی کاکۆزەکەریا ٥١
خەلیفەکانی شێخ شەهابەددین ـ قدس سره ـ ٥٩
زانا ئایینییەکانی ئەم وڵاتە ٦٠
حیکایەتێکی خۆش بۆ ڕابواردن: ٦٦
کونەشەمشەم: ٧٠
شوعەرا و ئودەبای ئەم مەنتیقە ٧٨
قسەیەکی خۆش ٨٥
سەفەری مامۆستا بۆ باشووری کوردستان و گەڕانەوەی ٨٧
سەفەرێکیتری مامۆستا بۆ باشووری کوردستان و گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵات ١٠٥
سەفەری یەکجاریی مامۆستا بۆ باشووری کوردستان ١٠٧
[باسێکی مەلا ئەحمەدی ڕەش (مامۆستای مامۆستا مەلا عەبدولکەریم)] ١٠٨
ئیجازە وەرگرتنی مامۆستا ١١٣
ناو و نیشانێکی مامۆستای گەورەم شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی ١١٨
موستەفیدین و موجازەکانی مەرحووم مامۆستا شێخ عومەر رَحِمَهُ ٱللَّهُ ١٢٢
قیافە و خووڕەوشتی مامۆستا شێخ عومەر ـ رحمەاللّه و طاب ثراه ـ ١٢٨
ئەهل و ئەولادی مامۆستا شێخ عومەر رَحِمَهُ ٱللَّهُ ١٣٢
بڕۆینەوە سەر باسی خۆم ١٣٣
ڕۆیشتنی مامۆستا بۆ نەرگسەجار ١٣٤
گوێزانەوەی مامۆستا بۆ بیارە ١٤٣
هۆی ڕەغبەتی تەلەبە بۆ بیارە چەن شتێ بوو: ١٤٤
وەزعی خۆم [لە بیارەدا] ١٥٣
باسی خانەقای بیارە ١٦٤
سەفەرێکی مامۆستا بۆ بەغدا لەگەڵ شێخ عەلائەددیندا ١٧١

گەڕان و پشکنین بە دوای هۆزی قازیدا ١٨٣
ژیان‌نامە و باسی هەندێ لە زانایانی هەڵەبجە و دەوروبەری ٢٠١
شێخ موستەفای موفتی لە هەڵەبجە ٢٠٣
شێخ عەبدولکەریم ئەحمەدبڕندە ٢٠٤
شێخ بابا ڕەسوولی بیدنی ٢٠٥
مەلا شێخ عەبدوللەتیف هەڵەبجە ٢٠٥
مەلا موحەممەد سەعیدی عەبابەیلێ ٢٠٦
مەلا عەزیزی پریس ٢٠٦
مەلا عابدی عەبابەیلێ ٢٠٧
مەلا حەسەن عەبابەیلێ ٢٠٧
مەلا عەبدوڵڵای دەرەشیش ٢٠٧
باسێکی تێکڕایی ڕابواردنیان ٢٠٨
مەلا عەزیزی پریس ٢١٢
بابارەسوول و ڕەفیقەکانی ٢١٦
کۆچکردنی مامۆستا لە بیارە ٢٢٤
گوێزانەوەی مامۆستا لە سلێمانیەوە بۆ کەرکووک ٢٣٤
گوێزانەوەی مامۆستا لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا ٢٦١
پاشکۆ (نامەکان) ٢٨٥
بۆ یادداشت ٣٧١
دەستنووسەکان ٣٧٣

دەسپێك

خوێنەری خۆشەویست! ئەم کتێبەی لە بەردەستتدایە ئوتۆگرافی و یادداشتی ڕۆژانی تەمەنی پڕ لە ئەزموونی مامۆستای زانا و نووسەری بەتوانا و ڕاڤەکەری هەڵکەوتە و شاعیری خۆش زەوق و ئەدیبی کەم وێنە جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسە کە بە پێنووسی خۆی، پێش لەدایکبوونی تا سەقامگیربوونی لە مەدرەسەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا، بە عیبارەتێکی ڕەوان و ساکار، بە شێوازێکی ناتۆرالیستانە یادداشتی کردوون و توانیویەتی تا ڕادەیەك ڕووداو و کارەساتی سەردەمی خۆی بقۆزێتەوە و لە نووسینەوەیدا شێوازێك بگرێتە بەرکە ئەتوانین بڵێین ناوازە و تایبەت بە خۆیەتی؛ چونکە تەنیا باس لە ژیانی خۆی و زەمان و زێدەکەی ناکات؛ بەڵکوو چەشنی کەشکۆڵێکی پڕبایەخە کە زۆر بابەت و باسی سەرنج ڕاکێشی تێدا کۆکردووەتەوە کە هەر خوێنەرێك چێژ لە خوێندنەوەیان دەبات. هەندێ جاریش بە هۆنراوەی جوان، تەمی غەمی دڵی ئەڕەوێنێتەوە و پشوویەکیش بەبەر خوێنەردا دێنێتەوە.

ناوونیشانێکی دەستنووسەکە: بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە، چەند نوسخەیەکمان لەلا بوو کە هەموویان کۆپی و ڕوونووسی یەك نوسخە لە دەستخەتی مامۆستا بوون و هەرچەند هەوڵمان دا نوسخە ئەسڵییەکەمان دەست نەکەوت، ئەم نوسخەیە مامۆستا خۆی نووسیویەتەوە لە (٢٥٦) لاپەڕەی «A4»دا کە هەر لاپەڕەی ٣٢ دێڕی لە خۆ گرتووە و هەموو ئەو نامانەی کە بۆیان نووسیوە (کە ٦٩ نامەیە) وەك خۆیان لە دووتوێی ئەم کتێبەدا گونجاندوونی و داینناون. هەروەها لە پەراوێز و سەراوردی هەندێ لاپەڕەدا شیعری عەرەبی و فارسی و کوردی و جاروبار مێژووی لەدایکبوون یان مردنی منالەکانی یان هی کەسانی تر و جارجاریش دەقێك، کە لەناو کتێبەکەدا فەرامۆش کراوە و دواتر ڕاست کراوەتەوە، دەکەوێتە

بەرچاو. مامۆستا لە سەرەتای ئەم دەستنووسەدا ڕەچەڵەکی خۆی و هۆزی قازی و هۆزی هەسەن و ئەو کەسانەی کە بەم دوو هۆزە ئەگەنەوە، بە شێوەی ئولگوریتم کێشاوە.

بەگشتی ئەتوانین بابەتەکانی ئەم کتێبە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین:

بەشی یەکەم: پێشەکی و هۆی نووسین و یادداشتکردنی ئەم بیرەوەرییانە.

بەشی دووەم: باسی ڕەچەڵەك و نەسەبی مامۆستا.

بەشی سێهەم: باسی سەردەمی منالّی و دەورانی فەقێیەتیی مامۆستا.

بەشی چوارەم: باسی جوگرافیای شاری مەریوان و بیۆگرافیی زانا و ئەدیب و ئەمیر و خان و سان و ناودارانی ئەم ناوچەیە.

بەشی پێنجەم: باسی بیارە و زانایانی هەڵەبجە و دەوروبەری.

بەشی شەشەم: باسی گوێزانەوەی مامۆستا لە بیارە تا سەقامگیربوونی لە بەغدا.

بەشی حەوتەم: ئەو نامانە کە لەلایەن دۆستان و مامۆستایانەوە بۆی هاتوون، کە ڕوونووسی هەموویانی داناوە. کتێبەکە بە چەند شیعرێك کۆتایی دێت کە مامۆستا لە سەردانێکی هەیوانی کیسرادا نووسیونی، واش دەرئەکەوێ کە ویستوویەتی درێژە بە نووسینی ئەم بیرەوەرییانە بدات؛ بەڵام هەر چۆن بووە ئەم ئیشەی نەکردووە و ماوەی ٣٦ساڵی ئاخری تەمەنی (١٩٦٩ تا ٢٠٠٥) یادداشت نەکردووە.

ئەم کتێبە تا ئێستا بە تەواوەتی لەچاپ نەدراوە؛ بەڵام چەندین جار گوڵچینی لێکراوە و بە شێوەی کتێب و تێز و بڕوانامەی ماجێستر و... خراوەتە بەردەستی خوێنەران و هەندێ بابەتی لێ دەرهێنراوە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

ئێمە چیمان کردووە: خۆی لە بنەڕەتدا یاسا وایە دەستنووس چۆن نووسراوە هەر بەو شێوەیە بخرێتەوە ڕوو و دەستکاریی نەکرێت؛ بەڵام وابزانم زمانی کوردی لەم یاسایە هەڵاوێر بکرێ، چونکە ڕێنووسی زمانی کوردی مێژوویەکی دێرینی نییە و ئەو نووسەرە کوردانە کە پێش پەنجاکان (١٩٥٠) بە زمانی کوردی نووسیویانە - چونکە ڕێنووسێکی یەکلاییکەرەوە نەبووە - زۆرکات بە تێکڵاوێك لە ڕێنووس و ئیملای فارسی و عەرەبی نووسیویانە، تا وردە وردە لە دوای پەنجاکاندا مەسەلەی ڕێنووسی کوردی سەقامگیر بوو و توانرا بۆ زمانی کوردی ڕێنووسێکی سەربەخۆ ڕێك بخرێت؛ ئەم یادداشتانەی مامۆستاش

بە ڕێنووسی پێش پەنجاکان نووسرا بوو کە خوێنەری ئەمڕۆ ئەو ڕێنووسە بە هی خۆی نازانێ، بۆیە یەکەم هەنگاو هاتین ڕێنووسەکەیمان گۆڕی و کردمان بە ڕێنووسی باوی باوەڕپێکراوی ئەمڕۆ.

دووهەم، لەبەر پاراستنی ئەمانەت، دەقەکەی مامۆستا چۆن بووە هـەر بەو شێوە گواستوومانەتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕستەیەك یان وشەیەك یان ناوی کەسێك یان شوێنێك زانیبیتمان بە هەڵە نووسراوە یان ئێستە ئەو ناوە گۆڕاوە، ئەوە لە پەنایدا یان لە پەراوێزدا لەناو جووت قولاپ ([ ])دا ڕاستەکەیمان نووسیوە، یان نیشانەیەکی سەرسوڕمانمان [!] داناوە.

سێهەم، مامۆستا بۆ کتێبەکە سەرباسی کەمی دانابوو، ئێمە هاتین بە پێی پێویست هەندێ سەرباسمان (لە ناو جووت قولاپدا) بۆ زیاد کرد تا خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی باسەکان بدۆزێتەوە، بەم پێیە هەرچی سەرباسی ناو جووت قولاپ هەیە زیادکراوی ئێمەیە.

چوارەم، لە هەر شوێنێك بە پێویستمان زانیبێت، بۆ ئاگاداریی زیاتر، لە پەراوێزدا (لە ناو جووت قولاپدا) ڕوونکردنەوەمان بۆ هەندێ کەسایەتی و شوێن و کارەسات و مێژوو کردووە. کەواتە، هەرچی پەراوێزی ناو جووت قولاپ هەیە زیادکراوی ئێمەیە.

پێنجەم، دەستنووسەکە بێجگە لە نوختە و نیشانەی پرسیار، هیچ هێما و خاڵبەندییەکی تری تێدا نییە و هەرچی خاڵبەندی هەیە زیادکراوی ئێمەیە.

شەشەم، لە سەرەتای دەستنووسەکەدا مامۆستا دوای باسکردنی دوو هۆزی قازی و هەسنی (کە خۆی ئەچێتەوە سەر ئەم دوو هۆزە)، لەبەر ئاسانکاری، بابەتەکەی دووبارە بە شێوەی جەدوەل و خشتەش کێشاوەتەوە، کە ئێمە لەبەر ئاڵۆزی خشتەکان و هەروەها دووبارە بووونەوەی بابەتەکە، ئەم خشتانەمان نەکێشایەوە، بەڵام لە هەر شوێنێك دەقەکە لەگەڵ خشتەکە جیاوازیی هەبووبێت لە پەراوێزدا ئاماژەمان پێکردووە.

حەوتەم، نامەیەکی زۆر لەلایەن دۆستان و مامۆستایان و کەسایەتیی گەورەوە، بۆ مامۆستا نووسراوە و ئەویش عەینی نامەکانی لە دوو تۆی دەستنووسەکەدا داناوە و باسی لێوە کردوون، ئێمە هاتین هەموو ئەو نامانەمان، دوای نووسینەوەیان، لە ئاخری کتێبەدا، هەر بەو ڕیز و تەرتیبە دانا و ژمارەی نامە و ژمارەی لاپەڕەی دەستنووسەکەشمان بۆ دیاری کردن. هەروەها وێنەی هەندێ لە نامە دەستنووسەکانیشمان لە پەنەیاندا دانا.

هەشتەم، لە ئاخری ئەم کتێبەدا پاشکۆیەکمان پێ زیاد کرد کە تیایدا نیگایێکی خێرامان خستووەتە سەر ئەو ماوەیەی ژیانی مامۆستا کە لە بەغدا بووە و لە بارەی هەندێ لە چالاکی و بەرهەمەکانیەوە دواوین، پاشان باسمان لە دواساتەکانی ژیانی و مالاّوایی کردن و بەخاک ئەسپاردنی کردووە.

ئەمانە و چەند ئیشێکی ترمان ئەنجام داوە کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا هەستیان پێ دەکات.

لە ڕاستکردنەوە و هەڵەگریی ئەم بەرهەمەدا زۆر هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست یارمەتییان داوین، کە جێی خۆیەتی لە هەموویان دەست خۆشی بکەین و ماندوونە بوونیان پێ بڵێین؛ چونکە بەڕاستی زۆر بە دڵسۆزی و شەوقەوە کارەکەیان جێ بەجێ ئەکرد بەتایبەت:

١. برای بەڕێز و خۆشەویست کاك "کەمال بەڕەنگ" دانیشتووی شاری مەریوان، کە لە پێشنیارەکانیشی کەڵکمان وەرگرت.

٢. "سیروان ڕەحمانی" دانیشتووی شاری سەلاس و باوەجانی.

٣. کاك مەلا "ناسیح فەتتاحی" مەریوانی، دانیشتووی شاری سنە.

٤. کاك مەلا سەیید "موستەفا حوسەینی قادری" دانیشتووی شاری سنە.

٥. کاك مەلا "جەمال بادرۆزە" دانیشتووی شاری سنە، کە لە ڕێنماییەکانی سوودمان وەرگرت. لە خوای گەورە سەربەرزی و بەختەوەریی ئەم بەڕێزانە داواکارین.

هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا ئەکەین، بەتایبەت جەنابی مامۆستا موحەممەد، کە ئیزنی چاپکردنی ئەم کتێبەشی بۆ واژۆ کردین، لە خوای گەورە تەمەن درێژی و لەش ساغییان داواکارین.

لە کۆتاییدا، ئەگەر کەم و کووڕی لە کارەکەدا هەبوو، ئەوە ڕوو دەکاتە ئێمە و داوا لە خوێنەرانی بەڕێز ئەکەین هەڵەکانمان بەسەردا بدەنەوە (مالّی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی) تا بتوانین لە داهاتوودا کەمتر تووشیان ببینەوە. هەروەها لە خودای گەورە داواکارم ئەم کارە بکاتە سەدەقەیەکی جارییە بۆ مامۆستا و بە لوتفی خۆی ئێمەش بێ نسیب نەفەرموێ.

همین بس گرچه بس کاسدْ قماشیم که در ســـلك خریدارانش باشیم

◈◈◈

مَلَّكْنٰا فَكٰانَ الْعَفْوُ مِنّٰا سَجِيّة　　فَلَمّٰا مَلَّكْتُمْ سَالَ بِالدَّمِ الأَبْطَح

فَحَسْبُكُمْ هٰذَا التَّفٰاوُت بَيْنَنٰا　　وَ كُلُّ إِنٰاءٍ بِـالَّذِي فِيهِ يَنْضَح

[پێشەکیی نووسەر]

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله الذي خلق الإنسان و كرّمه بالفضل و الإحسان، فميّزه بالعقل و العلم و القلم و اللسان و الصلوة و السلام على سيدنا محمد الذي هو في عين الوجود إنسان و علـى آله و صحبه و أتباعه بالإحسان إلى يوم الدين.

لە لای ئینسانی هۆشیارا دیارە هەر ئینسانێ لە ماوەی ژیانی خۆیا گەلێ کارەسات ئەبینێ کە بەسەری خۆیا یا هاورِۆژەکانیا ئێت وگەشتی بەسوود و بارە بۆ خۆی یا بۆ ئەوان دەست ئەکەوێت، ئەگەر ئینسان هۆی ئەو شتانە تماشا بکا و ئەو ڕووداوانە بە خۆیان و هۆکانیانەوە بنووسێتەوە بۆ پاشەڕۆژی خۆی و هاوزەمانەکانی و بۆ چینی دواکەوتوانی ئەوانیش زۆر بەسوود ئەبێ.

هەروا گەلێ شت بەراورد ئەکا کە ئەبێ بە سەرمەشق بۆ هاونیشتمانەکانی و بۆ غەیری ئەوانیش کە لە موستەقبەلا لەسەر ڕووناکیی ئەوانە ڕەفتار بکەن، بۆیێ «سەعدی [شیرازی]» فەرموویەتی:

مـــرد هنرمند هنرپیشـــه را　　عمر دو بایست درین روزگار

تا ز یکی تجربـــه آرد به بند　　و ز دگـــری تجربه آرد به کار

جا لەسەر ڕووناکیی پێشوو من ئەمەوێ ڕووداوی زەمانی خۆم و ئەوکەسانە کە لەگەڵیانا بووم ئەوەی لە بیرما مابێ بیان‌نووسم، لەبەر چەند شت:

یەکەم: وەزعی ژیانم لەلای دۆستان و عەلاقەدارانم ون نەبێ،

دووەم: وەزعی ئەوکەسانە لەم نامەدا ئەیان‌نووسم دەرکەوێ،

سێهەم: هەر پەندێکی سوودمەندیان تیادا هەبێ ڕەفتاریان پێ‌بکەن،

چوارەم: بۆ خۆم لەم ماوەی دواییی ژیانما بە تماشاکردنیان و بە بیرەوەری حاڵی خۆم و دۆستانم دڵی خۆم تۆزێ لە تۆز و تەمی غەم پاك بکەمەوە.

ئەم نووسراوانەم ناونا بە «**ڕۆژگاری ژیان**»، لە میهرەبانی یەزدانی پاك داوا ئەکەم کە ئەم دەفتەرە بکا بە هۆی سوودی سەعادەت و پیرۆزی ئەوانەی تماشای ئەکەن.

گەڵێ لە زانای خاوەن بیر و هۆش — گەڵێ ئەدیبی بۆ ساغی تێکۆش
گەڵێ مەردانی بە عەقڵ و ویجدان — زۆر پاڵەوانی ئامادەی مەیدان
گەڵێ دڵپاکی بۆ مەردوم دڵسۆز — زۆر دڵڕووناکی خاوەن عەشق و سۆز
گەڵێ دڵبەری سەروی سنەوبەر — کە تانەی ئەدا باڵای لە عەرعەر
گەڵێ بەخشندەی خاوەن خانەدان — پەنای ڕۆژی ڕەش بۆ حاجەتمەندان
مردن و گیانیان گەیشتە بەهەشت — باسێکیان نەما نە لە شار نە دەشت
مایەی ئازارە بۆ دڵی هۆشیار — سوودێ وەرنەگرێ لە چەرخی دەوار
تۆماری دەوری خۆی نەکاتەوە — ئاوڕ بۆ حاڵی کەس نەداتەوە
نەکا بە سەرمەشق ئیشی پێشینان — نەکا بە ڕێگە ڕێی تێکۆشینیان
جیهان قەڵایە و ئینسان پاسەوان — ناڕەوایە بۆی نووستنی شەوان
پێویستی مەردە لە ڕووی جیهانا — بێدار بێ لە گشت ماوەی ژیانا
مەبەستی «نامی» لەم تووڵ و عەرزە — ئەمەیە بۆ مەرد کەرامەت فەرزە

◈◈◈

ڕیشەی نەسەبی خۆم

باوکم موحەممەد کوڕی فەتتاح کوڕی سلێمان کوڕی موستەفا کوڕی موحەممەد خەجێ لە عەشرەتی «هۆزی قازی»، دایکی باوکم ڕێحان کچی نەسروڵڵا خەڵکی دێی «کوڕەمێو» لە لای «پێنجوێن»دا.

باوکی باوکم (فەتتاح) لەگەڵ عەزیز ناوی برایا و زەریفە ناوی خوشکیا لە لای باوکەوە لە هۆزی قازی و لە لای دایکەوە لە «هۆزی هەسەن»ن، ئەمانە لەناو هۆزی قازیدا لەدایك بوون، پاش ماوەیێ لە ناو عەشرەتەکەیان دەرچوون و موددەتێ لە دێی «کەوڵۆس» و پاش ئەوە لە دێی «چەوتان» دانیشتوون هەتا باپیرەم فەتتاح ژنی هێناوە، ئەمجار لەو دێ دەرچوون و هاتوون بۆ دێی «تەکیە» لە خواری مەرکەزی ناحیەی «خورماڵ»ەوە و لەو دێی تەکیەدا کە مووڵکی شێخ «بەهائەددین» بووە بە زارعی دانیشتوون.

ئەم هاتنەیان بۆ «تەکیە» لە دەوری تاریخی هەزار و دووسەد و حەفتا و پێنج [١٢٧٥] ی هیجری [مانگی]دا بووە. دایکی باوکم لە پێش پەیدابوونی باوکمدا دوو کوڕیتری بووە یەك لە دوای یەك، یەکەم موحەممەد موستەفا ناو، دووەم موحەممەد شەریف ناو، لەم سەردەما لەگەڵ بەخێوکردنی منااڵەکانی خۆیا شیری داوە بە شێخ عەلی «حیسامەددین» کوڕی شێخی بەهائەددین کە ئەم کوڕە لە «تەیبە خان»ی کچی سەیید عەبدوڕەحمانی «بییەلەنگەیی» بووە.

موحەممەدی باوکم هەر لە دێی «تەکیە»دا لە تاریخی هەزار و دوو سەد و هەشتا و پێنجی هیجریدا لە دایك بووە و هەر لە تەکیەدا گەورە بووە و پاش چەند ساڵێ باوکی باوکم (فەتتاح) لە دێی تەکیەدا وەفاتی کردووە، هەروا کوڕەکانیتریشی غەیری باوکم لە تەکیە وەفاتیان کردووە.

پاش ئەمە عەزیزی مامی باوکم لەودێ دڵی هەڵکەنراوە وگوێزاویەتەوە بۆ دێی «ڕەشان» لە پاڵ «پێنجوێن»دا و دایکی باوکم لەبەر ئەوە چاوی لە کوڕەکەیەوە بێ شووی کردووە بە مامە عەزیز و پاش چەن ساڵ لە ڕەشانەوە لەبەر هەنێ کارەسات گوێزاویانەتەوە بۆ «بەیەڵە» و لەوێ مەشغوولی زەراعەتکردن بوون و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و دە [(۱۳۱۰ مانگی)]دا دایکی باوکم لە عەزیزی هێوەری کوڕێکی موحەممەد[1] ناوی بووە و پاش ئەوکچێکی خەجێ ناوی بووە.

باوکم لە تاریخی هەزار و سێسەد و پانزدە [(۱۳۱۵ مانگی)]دا ژنی هێناوە، دایکم «خانم» ناو، لە «عەشرەتی سوورەجۆ»یی بووە کە لە نزیکی «شانەدەری»دا دانیشتوون.

لە تاریخی هەزار و سێسەد و حەڤدە [(۱۳۱۷)]دا ئامینەی خوشکم لە دایك بووە و لە هەزار و سێسەد و بیست و یەك [(۱۳۲۱)]ی هیجریا لە ئەووەڵی بەهارا من لە دایك بووم و لە هەزار و سێسەد و بیست و دوو [(۱۳۲۲)]دا ڕابیعەی خوشکم لە دایك بووە و لە ساڵی هەزار و سێسەد و بیست و پێنج [(۱۳۲۵)]دا باوکم وەفاتی کردووە.[2]

◇◇◇

[۱. ئەم موحەممەدە غەیری موحەممەدی باوکی مامۆستایە؛ چونکە پێشتر مامۆستا فەرمووی موحەممەدی باوکم لە دێی تەکیەدا لە دایك بووە و هەر لەوێش گەورە بووە، کەواتە مامۆستا کوڕی موحەممەدی کوڕی فەتتاحە، نەك کوڕی موحەممەدی کوڕی عەزیز.]

[۲. لە پەراوێز و سەراوردی هەندێ لاپەڕەی تێکستەکەدا هەندێ شیعر و بابەت هەیە کە پەیوەندییان بە دەقەکەوە نییە، لەوانەیە هەندێ لە شیعرەکان هی مامۆستا خۆی بن و هەندێکیشان بەڵایەوە خۆش بووبن و بۆ ئەوەی لەبیری نەچنەوە نووسیبێتنی، جا وا ئێمەش ئەو بابەت و شیعرانە لە پەراوێزدا ئەهێنینەوە. لە سەراوردی لاپەڕەی ۸ دا ئەم بەیتە فارسییە نووسراوە:

ای که می‌گویی به خوبان آشنایی مشکل است　　آشـنایی می‌توان کردن، جدایی مشکل است]

باسی هۆزی قازی و هۆزی هەسەن

ئەم دوو هۆزە لە "جافی غەوارە"ن یانێ خارجی جافی «سراوی»ن کە لە جوانڕۆوە هاتوون بۆ «وارماوا» و پەرەیان بەستووە لەگەڵ بەگزادەکانا وەکوو زاهیر بەگ و سلێمان بەگی کوڕی و دەستەڵاتیان پەیدا کردووە.

ئەم هۆزی قازی و هۆزی هەسەنە دەمێ سالّە وان بە یەکەوە و بە ژن و ژنخوازی تێکەڵی یەکن، وا مەشهوورە وەختی خۆی لە دەستەو بەستەی "خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی" بوون و لە پاش چەرخی ئەو کەناریان گرتووە هەتا بەگزادەی «مەریوان» هێزیان نەبووە ئەم هۆزە لە هاوینا لە دێی «لێو» و ئەترافی «سەردۆش» بە هاوینانا دانیشتوون و «لێو» مولّکی خۆیان بووە و لە زستانا هاتوونەتەوە شارەزوور و لە «دۆڵی گەڵاڵ» تابیعی ناحیەی بەرزنجە دانیشتوون.

بەڵام پاش ئەوە کە بەگزادەی «مەریوان» زۆریان پەیدا کردووە نەیانتوانیوە لە هاوینا تەسەڕڕوفی «لێو» و ئەترافی لێو بکەن و ئەو مولّکەیان لێ غەسب کراوە، جا لە هاوینا ڕۆیشتوون بۆ ئەترافی «شلێر» و «ناوخوان» و لە زستانا هاتوونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان لە شارەزوورا وەکوو «دۆڵی گەڵاڵ» بێ.

هۆزی هەسەن لە «پەری دێرو» و «چوالە» و «هەنارو» دانیشتوون و هۆزی قازی لە «ماینداڵ» دانیشتوون.

"مەلا عەزیزی پریس"کە لە هۆزی هەسەنە و لە خاڵۆیانی باپیرەمن لەم ئاخرا بە شاهیدی ناوخۆ ئیسباتی ئەوەیان کرد کە سەییدن و لە لای گەلێکەس مۆری شەجەرەکەیان کرد، هەر ئەو شاهیدانە وەکوو: "موحەممەد ئەمین سوبحان" و "فەقێ عەبدوڵڵا"ی برای کە پیر بوون و ئاگایان لە ڕشتەی ڕەگەزی هۆزەکە بوو شاهیدی ئەوەیان دا کە باپیرەی من (فەتتاح) ناو لەگەڵ عەزیزی برایا لە پشتا لە «هۆزی قازی» و لە دایکەوە لە «هۆزی هەسەن»ن.

عەشرەتی هۆزی قازی هەرچەند بەم ناوە مەشهوورن، بەڵام هەموویان لە نەتەوەی قازی نین و لە ژووروەوە بە یەك ئەگەن. هەر چوار پێنج ماڵیان لە نەتەوەی ئەون:

یەکەم، لەم ماڵانە ماڵی حاجی شەریف کوڕی "شاوەیسی" کوڕی "باوەیسی" کوڕی "قازی"یە، ئیمساڵ کە تاریخ وا لە هەزار و سێسەد و هەشتا و سێ [۱۳۸۳]دا شەریف لە «خانە قەویلە» وەفاتی کرد و دوو کوڕی لێ بەجێماوە: موحەممەد و عەبدوڵڵا.

دووەم، ماڵی مەلا موحەممەدی لاری کوڕی دەرۆێش کەریم کوڕی ڕەحمان کوڕی "قازی". مەلا موحەممەد لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتا وەفاتی کرد لە سلێمانیدا و برایەوە لە «سەیید سادق»دا دەفن کرا، ئەم زاتە سێ کوڕی [لێ] بەجێماوە: عەبدوڕەحمان و جەمالەددین و کەمالەددین ئەمانە لە دێی «سیامێوە» دائەنیشن.

سێیەم، ماڵی حاجی فەتتاح و حاجی تالیب کوڕانی موحەممەد عەلی کوڕی باوەیسی کوڕی "قازی"، ئەمانە لە دێی «سەیید سادق»[1] دائەنیشن، حاجی فەتتاح دوو کوڕی هەیە: موحەممەد و میرزا جەلال و حاجی تالیب پێنج کوڕی هەیە: والی و جەمال و ئەحمەد و غەفوور و سەعید، ئەمانە ئەلحەمدوللا ئێستە بەرحەیاتن و لە سەید سادق دووکان و ماڵیان هەیە.

چوارەم، ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەد جەمیل کوڕی موحەممەد عەلی، عەبدوڵڵا برازای حاجی فەتتاح و حاجی تالیب بووە ئێستە ماڵی وا لە «خانەقەویلە» لە پشتی دێی «سەراوی سوبحان ئاغاوە» لە ناو ماڵی خزمانا. موحەممەد جەمیل باوکی عەبدوڵڵا زۆر ئینسانێ باش بوو و مەحەببەتی لەگەڵ منا زۆر گەرم بوو.

پێنجەم، ماڵی تالیبی شاوەیس، ئەم زاتە بەرحەیاتە و چەن کوڕی هەیە: یەکێکیان ناوی شاسواڕە.

شەشەم، ماڵی نەجیبی کوڕی شاوەیس.

حەوتەم، ماڵی لەتیف [کوڕی] شاوەیسە، دوو کوڕی هەیە.

[۱. لەوکاتەدا کە مامۆستا ئەم بیرەوەرییانەی نووسیوە «سەید سادق» دێ بووە، بەڵام ئێستە پەڕەی سەندووە و بووە بە شار.]

هەشتەم، مالّی حاجی عارف کوڕی مەلا حەمە خان کوڕی ڕەحمانی قازی. ئەم حاجی عارفە ئێستە مالّی لە «سەیید سادق»ە و کوڕێکی هەیە ناوی عەبدوللّایە.

نۆهەم، مالّی پیرەوەیسی قازی، نەتەوەی ئەم مالّە وان لە دێی «وەڵەسمت» لە شارەزوورا. پیرەوەیس چوار کوڕی بووە: کەرەم وەیس، حەمە لاو، حەسەن و عەلی. لە کەرەمەوەیس کوڕێکی سالّح ناو و لە حەمەلاو دوو کوڕ جەبار و سالار هەیە کە لە خانەقەویلەن و لە حەسەن کوڕێکی حوسەین[1] ناو و لە عەلی کوڕی مەحموود ناو هەیە، ئەم دوو کوڕە ئامۆزان و لەو دیون [واتە: ڕۆژهەلّاتی کوردستان].

وەکوو بیستوومە "قازی" کوڕی ڕەسوول و ڕەسوول کوڕی مراد ئاغە و مراد ئاغە کوڕی بابە ئاغەیە.

دەهەم، مالّی قادری کوڕی موحەممەدی کوڕی "قازی"یە، مامە قادر کوڕێکی هەیە ناوی نادرە و نادر کوڕێ[کی] هەیە ناوی موحەممەدە و کچێکی شووی کردووە بە مەلا حەمەکەریم کوڕی حەمە فەرەج لە هۆزی خۆمان کە ئێستە لە دێی «کەوڵۆس» مەلایە و خوشکی نادر مینا ناوکچی مامە قادر، شووی کردووە بە حاجی فەتتاحی کوڕی موحەممەد عەلی لە سەیید سادق.

گەلێ مالّیترمان هەیە کە ناچنەوە سەر قازی، بەڵکوو لە قازییەوە ئەگەن بە یەک:

یەکەم: "مالّی حەمەی عەلی وەیس" لە دێی «تووت ئاغاج» ئەم زاتە چەن کوڕی هەیە: ئەحمەد و مەحموود و مەلا عەلی و قادر و حەمە سالّح، ئەمانە حەمەی علی وەیس و نادری سەلیمی [کوڕی] بابا ئاغان.

دووەم: "مالّی حاجی سالّحی کەرەم وەیس"، ئامۆزای حەمەی عەلی وەیس، مالّی لە «خانە قەویلە»یە، کوڕێکی باشی هەیە ناوی ئەحمەدە و کوڕێکیتر ناوی جەلالە.

سێیەم: "مالّی حاجی مەلا موحەممەدی کوڕی مەحموود مراد" و دایکی ناوی خورشیدە کچی "قازی"یە. حاجی مەلا موحەممەد دوو کوڕی هەیە عەبدولقادر و عەبدولکەریم. ئامینەی برازای شووی کردووە بە حاجی تالیب کوڕی شاوەیس و فاتمەی برازای شووی کردووە بە تالیب کوڕی مامە حەمە عەلی.

[1. لە خشتە کێشراوەکەدا (واتە: شەجەرەنامەکە) مامۆستا کوڕی حەسەنی بە عەبدوللّا ناو نووسیوە نەک حوسەین.]

بۆ بەیانی ئەو جەدوەلە[1] لە دێی چنگیانا شەعبان ناوێ بووە دوو کوڕی بووە عەلی شەعبان و ئەحمەد شەعبان و کچێ "فاتمە" ناو.

فاتمەی کچی شەعبان شووی کردووە بە موحەممەد کوڕی قازی لە خزمانی ئێمە؛ لەم پیاوە کوڕێ قادر ناو و دوو کچ عایشە و ئامینە ناوی بووە. جا ئامینە شووی کردووە بە مەلا حەمە خانی کوڕی باوەیسی قازی. عارف ناوی لێ بووە کە ئێستە مەشهوورە بە حاجی عارف و لە مەرکەزی سەیید سادقایە لە شارەزوور، باوکی عەبدوڵڵایە[2].

وە عائیشە شووی کردووە بە عەبدوڕەحمان کوڕی ئەحمەد شەعبانی چنگیانی دوو کوڕی لێ بووە: عەبدوڵڵا و ڕەسوول، لە ڕەسوول فەقێ موحەممەد بووە کە ئێستە لە شاری سلێمانییە و لە فەقێ موحەممەد چوار کوڕ قادر و ئەحمەد و عومەر و عوسمان و دوو کچ فاتمە و ئامینە بوون، قادر و عوسمان کاسبن و ئەحمەد و عومەر وان لە کولیەدا خوێندەوارن ـ وفّقهم الله جميعاً ـ و قادری کوڕی موحەممەد قازی ژنێکی هۆزی هەسەنی هێناوە، کوڕێ نادر ناو و چوار کچ خورشید و غونچە و مینا و مەنیجە. جا خورشید شووی کردووە بە ڕەسوولی کوڕی عەبدوڕەحمان کوڕی ئەحمەد شەعبان، فەقێ موحەممەدی لێ بووە لەگەڵ چەن کوڕی‌تر. مینا شووی کردووە بە فەتتاحی حەمەعەلی. جەلال و موحەممەدی لێ بووە و مەنیجە شووی کردووە بە سالّح کەرەمۆیس و ئێستە حاجی ئەحمەد ناوێ [کی] هەیە.

چوارەم: "مالّی حاجی برایم کوڕی مەحموود" ئەم زاتە کوڕێکی هەیە ناوی عەلییە و کوڕێکی هەیە ناوی میرزایە.

[۱. لە تێکستەکەدا چەن خشتە و جەدوەلێکی سەرەکی کێشراون: یەکەمیان سەبارەت بەو بنەماڵانەیە کە ئەچنەوە سەر قازی و یا لە قازیدا ئەگەنەوە بە یەك. ئەوانی‌تریشیان سەبارەت بەو ژن و ژنخوازییانەیە کە لەگەڵ کوڕان و نەوەی قازیدا کراون، جا لەبەر ئالۆزی و بەیەکاچوونی خشتەکان و لەبەر ئەوەی چەشنێك دووبارە کردنەوەی پێوە دیار بوو ـ چونکە ئەوەی لە خشتەکاندا هەبوو لە دەقەکەشدا دووپات کرابووەوە ـ لە هێنان و کێشانەوەیان چاوپۆشیمان کرد. لە چەند شوێنێکدا لەبەینی دەقەکەو خشتەکاندا جیاوزییەکی کەم هەیە کە لە شوێنی خۆیا ئاماژەیان پێ‌کراوە.]

[۲. ئەم چەند دێرە هەندێك جیاوازی لەگەڵ خشتەکەدا هەیە، لەوێ نووسراوە: عەبدوڵڵا کوڕی حاجی عارف کوڕی مەلا حەمە خان کوڕی ڕەحمان کوڕی قازییە].

پێنجەم: "مالّی ئەحمەدی سادق" کە مەشهوورە بە ئەحمەد گوڵێ، ئەم زاتە وەفاتی کردووە و سێ کوڕی هەیە: یەکەم موحەممەد کە مالّی لە سەییید سادقە. دووەم فایەق کە مالّیان لە خانەقەویلەیە و [سێهەم] مەحموود.

شەشەم: "مالّی دەرۆێش جەمیل" لە خانەقەویلە، دوو کوڕی هەیە: موحەممەدخەلیل و ئەحمەد ـ خوا بیان پارێزێ ـ .

حەوتەم: "مالّی حەمە بانەیی" لە خانەقەویلە، کوڕێکی هەیە ناوی عومەرە.

هەشتەم: "مالّی شەریف شاکەرەم" خوشکەزای مەلا موحەممەدی مەحموود مراد سێ کوڕی هەیە: حەمەخان و عەبدوڕڕەحمان و مەحموود.

نۆهەم: لە دێی «شەشك» حەمەی مرادخان، کوڕێکی هەیە ناوی مەحموودە لە مانە عەلی کوڕی حەمەمین ماوە و ئەحمەدی کاکە حەمەی کەسێخان، مارف و کەمال سوور لە خێڵی کاکە حەمەی کەسێخانە.

دەهەم: لە «دوزادە ئیمام» سەعید و حەمەڕەزای غوڵامڕەزا و فاتمە و پیرۆز.

یازدەهەم: لە دێی «کۆڵیتان» مارفی حەسەنی موستەفای ئەحمەدی هەسەن و کەریم هەسەن و سالّح و سەعید دوو کوڕی هەیە: میرزا و حەمە، ئەم زاتە لە دێی «چوالە»یە.

دوازدەهەم: لە مەریوان، لە دێی «مرانە» عەبدوڕڕەحمان شەریف موستەفا ئەحمەدی هەسەن و لە دێی «نێ» عارفی حوسەین ژن کوژ.

سیازدەهەم: لە دێی «کۆڵیتان» موحەممەد فەرەجی عەبدولکەریم حەمەی کوڕی قازی، ئەم حەمە فەرەجە باوکی مەلا حەمە کەریم زاوای نادری مامە قادرە کە مەلای «کەولّۆس»ە.

چواردەهەم: مالّی عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا کە ئێستە لە دێی «سەییید سادق»ە و پێنج کوڕی هەیە: عارف و موحەممەد عەلی و عومەر و موحەممەد و جەمالەددین و کچێکی هەیە فاتمە ناو شووی کردووە بە حاکم عەبدوڕڕەحمان سەعید خەڵکی سلێمانی و ئێستە مالّی لە «کەرکووك»ە، ئەم کچە لەم زاتە پێنج کوڕی هەیە و عەلی نەسروڵڵا کە بێ ئەولاد مرد و ڕەشید نەسروڵڵا کە ئەولادی هەیە ئامۆزازای عەبدوڵڵان.

پانزدەهەم: مالّی حەمەی عەلی سادق لە «وەڵەسمت» لەگەڵ مالّی برایا کەریم عەلی سادق، لە عەینی دێدا کەریم وەفاتی کردووە بەڵام کوڕێ موحەممەد ناوی لێ بەجێ ماوە. موحەممەد بە حەمەشێت مەشهوورە، بەڵام زۆر ئینسانێکی ژیرە و خزم دۆستە و لەگەڵ منا زۆر مەحەببەتی هەیە.

شازدەهەم: مالّی ئێمە لە ئەولادی موحەممەدی فەتتاحی سلێمانی موستەفای حەمە خەجێ و موحەممەدی مامەم لە ئەولادی عەزیزی سلێمان. لە دوای مامەم قادر و تۆفیق لە «تازاوا» لە مەریوان دائەنیشن.

حەڤدەهەم: حەمە عەلی کەیخەسرەو و عەبدوڵڵای کەیخەسرەو و خورشیدی کەیخەسرەو، ئەم خورشیدە ژنی ڕەحمانی قازییە.

وە لەو کەسانە کە لە پشتا «هۆز هەسەن»ن و بە هۆی ژن و ژنخوازەوە لە ناو هۆزی قازیدا ماونەتەوە:

١. مالّی حەمە جەمیلی خاڵۆ حەمەئەمین کە زاوای مامە شاوەیسە.

٢. مالّی حاجی عارف و حاجی فارسی برای، دایکی ئەمانە "وەنەوشە" ناو لە "وردە شاترێ" و باوکیان لە هۆزی هەسەن و خۆیان لە هۆزی قازی ژنیان هێناوە حاجی عارف زاوای مامە شاوەیسە.

٣. دەرۆێش سەعید، کە لە پشتا لە "هۆز هەسەن"ە و لە سکەوە لە هۆزی قازییە، ئێستە دەرۆێش سەعید نەماوە بەڵام دووکوڕی لە هۆزی قازیدا [بە ناو] عەلی و حەمەڕەشید هەیە. ئەم زاتە کوڕی موستەفای شازییە و خوشکەزای مامە شاوەیسە.

٤. دەرۆێش عەبدوڵڵا برای دەرۆێش سەعید ئێستە بەرحەیاتە و لە هۆزی قازییە و کوڕی نییە.

٥. حاجی دەرۆێش عەبدوڵڵا کە لە پشتا هۆزی هەسەنە و لە دایکەوە هۆزی قازییە، چەن کوڕێکی هەیە موحەممەد و عەزیز و سالّح و حەسەن و ڕەشید و مەلا عوسمان و عەلی.

هەروا گەلێ خزمی تائیفەی هۆزی قازی وان لە خاریجەوە وەکوو مالّی خواکەرەم تەلێ خان کە ئامۆزای حاجی برایمی مەحموودە و مالّی لە «مەریوان»ە لە دەوری دێی

«وەسنە»، دوو کوڕی لێ بەجێماوە: ئەحمەد و مەحموود (بە ئاگاداری من دوو کوڕی‌تری هەیە ڕەحیم و عەبدوڵڵا). خوشکی ئەم خواکەرەم ناوە شووی کردووە بە شەریف‌بەگ لە «گوێزە کوێرە» و لە شەریف‌بەگ، حەسەن‌بەگ بوو و لە حەسەن‌بەگ چەن کوڕ بەجێماون، ئێستە لە قەڵای مەریوان کاسبن.

وە گەلێ خزم لە دێی «هەڵووژان» و «هەڵمانە»دا هەیە و عەبدوڕڕەحمان ناو[ێ] لە دێی «نێ» بوو ئێستە نازانم لەوێ ماوە یا نە.

مەلا موحەممەدی ڕەسوول مەشهوور بە حەمەی ڕەسوول چنگیانی کە خورشیدی دایکی [لە] هۆزی قازییە و ئەحمەدی کوڕی پووڕە "زێڕین" خوشکی «حاجی مەلا موحەممەدی هۆزی قازی» ئێستە لە سلێمانییە و کوڕی ئەو ئەحمەد ناوە، ناوی موحەممەدە و زاوای حاجی مەلا موحەممەدە و ژنەکەی ناوی "حەلیمە"یە.

دایکی باوکم، ڕێحان کچی نەسروڵڵا کوڕی سەیدە کوڕەمێوییە، ئەم نەسروڵڵای سەیدە سێ برای بووە: فەیزوڵڵای سەیدە و سوبحانی سەیدە و سلێمانی سەیدە. ئەم چوار برایە خاوەن موڵك بوون لە دێی «کوڕەمێوە»دا بەڵام لەبەر ستەمی زۆردار بڵاوەیان کردووە.

نەسروڵڵا و سلێمان ڕۆیشتوون بۆ ئاوایی «ڕەشان» و فەیزوڵڵا ڕۆیشتووە بۆ «کانی مانگا» و سوبحانی سەیدە خۆی لە کوڕەمێوا مردووە، بەڵام دوو کوڕی بووە: حەمە خان و فەتتاح ئەوانیش باریان کردووە و ڕۆیشتوون بۆ شارەزوور و لە «دێکۆن» لە ژووری خورماڵ دانیشتوون و پاش موددەتێ حەمە خان باری کردووە بۆ «ئاوایی حەمە» و فەتتاح بۆ «تازەدێ» لە خواری خورماڵەوە دامەزراوە.

لە حەمە خان کوڕ و کچێ بووە ئەحمەد و پەریزاد، لە پەریزاد کوڕێ عەلی ناو هەیە و لە ئەحمەد دوو کوڕ ساڵح و ڕەشید و لە فەتتاح، فەرەج و لە فەرەج عەبدوڵڵا و حەمە هەیە، لە ساڵح کە ئێستە بە حاجی ساڵح مەشهوورە چوار کوڕ و سێ کچ هەیە، کوڕەکان: سەعید عەلی، ئەبووبەکر، عوسمان و عەلی، کچەکان: شیرین، شەهلا و گەلاوێژ ناویانە و لە ڕەشید کوڕێ هەیە ناوی کاوەیە.

بیستوومە سوبحان، باوکی حەمە خان و فەتتاح سێ کچی بووە: وەنەوشە و مینا و ئامان. ئامان شووی کردووە بە پیاوێکی بێسارانی و ئەحوالّی نازانین و مینا شووی کردووە بە

«حەمە بۆر» کوڕی عەباسە کەڵەی چەوتانی، کچێکی بووە ناوی پەریزاد بووە و پەریزاد ڕۆیشتووە بۆ ئاوایی «ڕۆستەم بەگ» لە لای خورماڵ شووی کردووە بە پیاوێ ناوی حەمە بووە لە حەمەیش کوڕی هەیە ناوی غەریبە لە خورماڵدایە کاسبی ئەکا.

وەنەوشە[یش] شووی کردووە بە موستەفای کوڕی عەباسە کەڵە، سێ کچی لێ بووە: فاتمە، خانمێ و خاتوون.

فاتمە بێ ئەولادە و خانمێ شووی کردووە بە سالح برای مەلا موحەممەدی کوڕی شێخ قادری «ڕەشەدێی» مەریوانی و کوڕ و کچێکی لێ بووە عەلی و ڕەعنا و لە پاش مردنی سالح، خانمێ هاتووە بۆ شانەدەری لە شارەزوورا شووی کردووە بە سالح ناوێ لەم پیاوە سێ کوڕی بووە: حەمە فەرەج، کەریم و ڕەحیم. ئاگام لە حەمە فەرەج نییە بەڵام کەریم سێ کوڕی هەیە: والی، عەلی و عادل و ڕەحیم کوڕێك و دوو کچی هەیە: عەتا ، شەونم و دڵخواز.

لە عەلی [کوڕی] خانمێ دوو کوڕ و کچێ هەیە: حەسەن، حوسەین و پەری و لە ڕەعنا سێ کوڕ هەیە: سدیق، ئیبراهیم، شەوکەت...

وە خاتوون لە ئەوەڵەوە شووی کردووە بە عەلی کوڕی ئەحمەد عەباسە کەڵە، کوڕێکی لێبوو ناوی عەبدوڵڵا بووە و پاش مردنی عەلی هاتووە بۆ ماڵی حەمە خانی خاڵۆی لە ئاوایی حەمە جا شووی کردووە بە فەتتاح کوڕی برایم زەردوویی لە تازەدێ، کوڕێکی لێبووە ناوی فەرەجە و کچێ ناوی عائیشەیە. فەرەج حەجی کردووە و کوڕێ باشی هەیە ناوی ئەحمەدە و عائیشە شووی کردووە بە حەمەئەمین مەحموود لە دێی حەمە دوو کوڕی بووە: ئەحمەد و سالح و سێ کچ: ئامینە، کافیە و فاتمە، ئامینە شووی کردووە بە مەحموودی کاکەلی و کافیە شووی کردووە بە عەبدوڵڵای حاجی موحەممەدی قادر و فاتمە شووی کردووە بە ئەرکانی کوڕی حەمەی نووری لە ئاوایی حەمەدا.

سلێمان مامەی نەنە ڕێحان لە ڕەشانا دامەزراوە، کوڕێکی بووە ناوی موحەممەد بووە و ئەم موحەممەدە کچێکی بووە ناوی حەبیبە بووە.

نەسروڵڵای باوکی نەنە ڕێحانم کوڕێکی بووە ناوی قادر بووە بە عەسکەری ڕۆیشتووە و مردووە و ڕێحانی بووە و کچێکیتر [کە] شووی کردووە بە فەقێ نادر کوڕی حەمە کەرەم شێخ سمایلی و کوڕێکی لێبووە حەمە موڕادی ناو بوو و کچێکی بووە فاتمەی ناو بووە.

حەمە مورادە بە بێ ئەولاد لە دێی «قەڵاجێ» لای «بارامئاوا» وەفاتی کرد و فاتمە کوڕێکی هەیە ناوی حەمەیە هەتا ئەم بەینە مابوو، ئێستە نازانم.

◈◈◈

خاڵوانی نەنە ڕێحانم:

وەکوو بیستوومە لە مامە حەمەم دایکی نەنە ڕێحان خوشکی مەحموود پەروەر بووە کە ساکن بووە لە دێی «قزڵجە»دا، هەروەها دایکی مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا موحەممەد ئەمین ڕەشانی هەر خوشکی مەحموود پەروەر بووە و نەنکم لەگەڵ مەلا عەبدوڕەحمانا پوورزای یەکن.

مەحموود پەروەر لە قزڵجە نەماوە و باری کردووە بۆ دێ «ئاڵبڵاخ» لە لای شاری سلێمانی، ئەم مەحموودە برایێك و چوار کوڕی بووە، حەمە کە مەشهوور بووە بە حەمە شەل وائەزانم هەر لە قزڵجەدا ماوەتەوە و حوسەین و ڕەشید و حەمە ساڵح، نەتەوەی ئەمانەت دەس ئەکەوێ لەو جەدوەلا کە نووسیومە لەم کتێبا[1] و سەعید برای مەحموود پەروەر ئەویش هەر لە ئاڵبڵاخایە.

نەنە ڕێحانم شووی کردووە بە فەتتاحی باپیرم و ڕۆیشتوون بۆ دێی «تەکیە» لا خورماڵ و لەوێ باوکم لەدایك بووە و نەنکم شێخ عەلی حیسامەددینی بە شیری خۆی بەخێو کردووە. باپیرم لە تەکیەدا مردووە جا نەنکم شووی کردووە بە عەزیزی برای فەتتاح، مامە حەمە و پوورە خەجێی لێ بووە. لە مامە حەمە عەبدولقادر و تۆفیق بەجێماون ئێستە وان لە تازاوادا[2] و پوورە خەجێ دوو شووی کردووە لە شووی یەکەمی سابیر و کەریم ناوی بوو، کەریم مردووە و سابیر ماوە و لە شووی دووەمی دوو کوڕی بووە: ئەحمەد و مەحموود ئێستە وان لە قەڵا[3] [(مەریوان)]دا کاسبن. نەنە ڕێحانم لە دێی «بەیەڵە»دا لەگەڵ مامە

[١. وەك پێشتر وتمان لەبەر ئەوەی ئەم جەدوەلانە ئاڵوز بوون و جۆرێك دووبارەکردنەوەیان تێدابوو، لەم کتێبەدا نەمان نووسینەوە.]

[٢. مەبەست تازاوای تەنیشت شاری مەریوانە].

[٣. قەڵا: ناوێکی‌تری شاری مەریوانە هەر لەکۆنەوە وای پێوتراوە و ئێستەش هەندێ لە پیرەکانی ناوچەی مەریوان هەر بە قەڵا ناوی دەبەن.]

عەزیزا لە تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و سێ و سی‌و چوارا [(١٣٣٤ - ١٣٣٣)] وەفاتیان کرد و پووڕە خەجێ لە دەوری هەزار و سێسەد و پەنجا و چوار [(١٣٥٤)] و مامە حەمە لە دەوری هەزار و سێسەد و حەفتا [(١٣٧٠)]ی هجریدا.

دایکی خۆم خانم لە عەشیرەتی «سووڕەجۆ»یە کە دێیەك بووە لە لای شانەدەریدا و دایکی دایکم ئەویش وەکوو دایکی باوکم ناوی ڕێحان بووە، دوو خوشکی بوو: یەکەم ناوی مروەت بوو شووی کردبوو بە پیاوێ لە «سەڵەسی» دوو کوڕی بوو حەسەن و حوسەین. دووهەم ناوی مینا بوو شووی کردبوو بە مەولوود ئیسماعیل لە «ئەسراوا» دوو کوڕی بوو سەعید و ڕەحیم، ئێستە نازانم نەتەوەیان هەیە یان نە.

دایکی دایکم وەکوو دایکی منی بوو کچێکی‌تری فاتمە ناوی [بوو کە] لە هەزار و سێسەد و سی‌و چوارا لە «دارسەیران»[1] وەفاتی کرد و نەنکم لە هەزار و سێسەد و سی‌و سێدا لە «بەیەڵە» وەفاتی کرد. فەتتاحی باپیرم لەگەڵ عەزیزی برایا خوشکێکیان بوو ناوی زەریفە بوو دەوری سەد و بیست ساڵ عومری هەبوو، ئەم ژنە کچێکی بوو ناوی خاتوون بوو و خاتوون کچێکی بوو ناوی پیرۆزە بوو، ئەحواڵی نەتەوەی نازانم.

وتم نەنە ڕێحانم (واتە دایکی باوکم) لەگەڵ مەلا عەبدوڕڕەحمانی ڕەشانیدا پووڕزای یەکن، ئەم مەلا ڕەحمانە ڕۆیشتووە بۆ «سەڵەسی» لەوێ بە مەلایی دامەزراوە و حەجی کردووە و برازایێکی زەریفە ناوی بوو شووی کرد بە مەلا حامیدی «ئەسراوا» و دوو کوڕ و دوو کچی لێ بووە: موحەممەد و عەبدوڵڵا و عەدلە و عەینا.

مەلا عەبدوڕڕەحمان کوڕی مەلا سلێمانی کوڕی فەقێ عەبدوڵڵای ڕەشانی بووە، ئەم فەقێ عەبدڵڵا کوڕێکی بووە ناوی مەلا سلێمان و دووکچ خەدیجە و فاتمە. خەدیجە شووی کردووە بە میرزا مارفی «مێوڵاکی» کوڕ و کچێکی بووە: مەلا موحەممەد و زەینەب و مەلا موحەممەد کچێکی بووە ناوی تەلیعە بووە شووی کردووە بە مەلا سلێمان «سەردۆشی» کوڕێك و چوار کچی لێ بووە: عەبدوڵڵا، فاتمە، ئامینە، خەدیجە و کافیە. لە عەبدوڵڵا عەبدوڕڕەحمان بەجێماوە ئێستە لە «سەیید سادق»ایە و فاتمەی کچی فەقێ عەبدوڵڵا شووی کردووە بە فەقێ عوسمانی کوڕی حەیدەر «بناوەسووتە»یی، ئەم فەقێ عوسمانە

[1. دارسەیران، یان داسەیران، یان داسێران: لەسەردەمی مامۆستادا ـ کە هێشتا مەریوان نەبووە بە شار ـ دێیەك بووە، بەڵام ئێستا گەڕەکێکە لە شاری مەریوان و کەوتووەتە باکووری ئەم شارەوە لە داوێنی کێوی «فەیلەقووس»ەوە].

هاتووەتە شارەزوور لە دێی «دوش قویە»دا مردووە لەم فەقێ عوسمانە سێ کوڕ و کچێکی بووە: مەلا سلێمان، مەلا ڕەحیم، مەلا مارف و گوڵێ. وە فەقێ عوسمان لە ژنێکی‌تر مەلا فەتتاحی بوو.

مەلا موحەممەد ئەمین کوڕی مەلا سلێمان سێ کوڕ و سێ کچی بووە، کوڕەکان: مەلا ئەحمەد، مەلا سلێمان و مەلا عەبدوڕڕەحمان و کچەکان: زینەت و زیبا و...

مەلا ئەحمەد بوو بە مەلای قزڵجە و مەلا سلێمان بوو بە مەلای «بناویان» کوڕێکی بوو ناوی مەلا جەلال بوو و حاجی مەلا عەبدوڕڕەحمان دوو کوڕ و دوو کچی بوو، کوڕەکان: مەلا عەلی و مەلا سەعید، مەلا عەلی لە کاتی خوێندنی شەرح شەمسییەدا موتەوەفا بوو و مەلا سەعید بوو بە مەلا و لە جێگەی باوکیا دانیشت کوڕێکی هەیە ناوی زاهیدە، ئەم باوك و کوڕە هەردوویان حەجیان کردووە.

زینەت شووی کردووە بە عەلی موحەممەد لە «سیامێوە» حەمەی لێبوو و زیبا شووی کردووە بە شێخ قادری موسك، سەیید مەجیدی شانەدەری لێ بووە و... [یانێ کچی سێهەمی مەلا موحەممەد ئەمین] شووی کردووە بە باوکی حاجی مەلا فەرەج لە سەیید سادق.

فەیزوڵڵای مامی نەنە ڕێحانم کە لە «کانی‌مانگا»دا دانیشتووە کوڕێکی بووە ناوی حەسەن بووە و مەشهوورە بە دەرۆێش حەسەن، ئەم دەرۆێش حەسەنە حەبیبەی کچی حەمەی سلێمان ئامۆزای خۆی مارە کردووە، لەم حەبیبە چەن کوڕ و چەن کچی بووە. کوڕەکان: شەریف، حوسەین، حەمەڕەحیم، موحەممەد ئەمین و کەریم و کچەکان: مینا، ئامینە و ئەسماء.

ڕەحیم خوێندوویە بووە بە مەلا، ئەم مەلا ڕەحیمە کە بوو بە مەلا لە قەڵادا دانیشت و سەکینەی کچی حاجی مەلا عەبدوڕڕەحمانی سەڵەسی مارەکرد، پاش ماوەیێ ئەم ژنە وەفاتی کرد. جا مەلا ڕەحیم عائیشە ناوێکی کچی ئەحمەد ناوی مارەکرد، لەم ژنە عەبدوڵڵا و ئەبووبەکر و حەسەن و حوسەین و ئامینە و فاتمە و سارە پەیدا بوون. لە عەبدوڵڵا موحەممەد و ئەحمەد و عەلی و حەلیمە پەیدا بووە. وە لە ئەبووبەکر، موحەممەد و موحەممەد ئەمین و لە حەسن، ئەحمەد و مەجید و مەحموود و حەمەسالح بووە و لە حوسەین، فاتمە و فەریدە پەیدا بوون.

وە لە مەلا کەریم، فەتتاح و جەلال و جمال و مەحموود پەیدا بووە و لە شەریف، کوڕێ عەلی ناو پەیدا بووە ئێستە بووە بە حاجی و لە سەیید سادقدا کاسبی ئەکا و لە حوسەین، عەبدوڵڵا و ئەحمەد پەیدا بووە و کچێ ئەفرۆز ناو و لە عەبدوڵڵا دوو کوڕ عەلی و عوسمان و چەن کچ ئامینە و نەزیرە و گوڵزار و تامین [یان تامینە] بووە و لە حەمە حاجی ڕەشید و عائیشە بووە و لە موحەممەد ئەمین عوسمان و فەهیمە و ئەمنە و لە ئەمنە موحەممەد و مەحموود و قادر و شەریف و سەلما و مەحبووبە پەیدا بووە.

لە مینا کچێ بووە ئامینەیە، لەم ئامینە موحەممەد و حوسەین و حامد هەیە و لە ئەسما خاتون غونچە و ڕێحان و مەنیجە و مەلا ئەحمەد پەیدا بووە و لە مەلا ئەحمەد موحەممەد و موحەممەد علی و ئەمنە و سوعدا هەیە، وان لە سلێمانییەدا. وە لە موحەممەدی کوڕی ئەمنە چەن کوڕ تۆفیق و عەبدوڕەحمان و ئەحمەد و کەریم و سەکینە و مەحبووبە پەیا بووە.

یەحیای خوشکەزام لە کافیەی کچی سەید تاهیر کوڕێکی سەعدی ناوی هەیە وا لە موستەشفادا موەززەفە و کچی ئامینە موعەللیمەیە.

موحەممەدی خوشکەزام لە کافیە کچی سەید تاهیر چوار کوڕی هەیە: فەریدوون و کاوە و برزوون و دەشتەوان و کچێ چنوور ناو.

و حەسەنی خوشکەزام موەززەفە لە موستەشفادا «وتزوج بسیدة من قریة «سەولّەتاوا» اسمها فاطمة و لها بنت تسمی رضوان».

عەتییەی خوشکەزام لە حەمەی سەفی چوار کوڕی هەیە: ڕەئووف، عەلی، عومەر، ئەبووبەکر و دوو کچ: ئامینە، خەدیجە.

بیستوومە دایکی سەیید مەجیدی شانەدەڕەیی خوشکی حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی ڕەشانی بووە و لەگەڵ دایکی حەمە لە سیامێوە و دایکی باوکی حاجی مەلا فەرەج لە سەید سادق و لەگەڵ نەنکە ڕێحاندا خزمن و پوورزای یەکن چون دایکی نەنە ڕێحان و دایکی مەلا ڕەحمان خوشکی یەکن و هەردوویان خوشکی مەحموود پەروەرن لە قزڵجە.

◈◈◈

[دەسپێکێکی‌تر بۆ ژیانی مامۆستا]

باوکم خوێندەوار بوو و موریدی مەرحوومی شێخی بیارە، شێخ عەلائەددین بووە و زۆر سالّح و خزمەتگوزاری ئەهلی عیلم و سەلّاحەت بوو، زۆر مەحەببەتی مەرحوومی «حاجی سەیید حەسەنی چۆڕ»ی بوو، حاجی سەیید حەسەن لە سەفەری حەجدا «دلائل» یّکی چاپ[ی] ئەستەنبوولّی بە دیاری بۆ هێنا بوو، تا ماوەیێ پاش وەفاتی باوکم ئەو دەلائلە مابوو لە پاشا فەوتا.

من خۆم لە تەمەنی پێنج سالّیدا لەبەرڕەغبەتی باوکم لە خوێندنا، نراومەتە بەرقوتابخانەوە، بیرم دێ مامۆستا مەلا عەبدولواحید برای مەلا عارف کە لەو کاتا مەلای ئاوایی بوو ئەلف و بێی نووسییەوە بۆم و خەتەکەی زۆر ڕووناك بوو کە پرسیاریان ئەکرد لێم ئەو حەرفە چۆنە و نوختەی هەیە یا نە و چەن نوختەی هەیە؟ باش جوابم ئەدایەوە.

بیرم دێ پرسییان لێم « مـ » لە چی ئەچێ؟ وتم: لە میزەرەکەی مامۆستا مەلا عەبدولواحید، گەلێ بە جوابەکەم پێکەنین.

پاش ماوەیێ کەم قورئانم گەیاندە سووڕەی «زومەڕ» ئەوەندە بەرچاوم کرابووەوە لەوە ژوورگوێیان لێگرتم و قەراریان دا پێویستم بە دەرزی قورئان نەماوە و لەو کاتا زیافەتێکی پلّاووگۆشتیان بە باوکم کرد بۆ شادیانەی قورئان خوێندنم.

مەرحوومی باوکم لە پێش وەفاتیا بە چەن ڕۆژێ ڕۆیشت بۆ تەعزییەی یەکێ لە دۆستان، لەو سەرەوە کە هاتبووە بە عاساکەی خەتێکی لە ژێر دارگۆییژێ کێشابوو و فەرموویووی: ئەگەر من لەم ڕۆژانا مردم لە ژێر ئەم دارا لەسەر حاسی ئەم خەتە بمنێژن.

ئەو ڕۆژە بۆ شەو وەسیەتی کرد بۆمان کە لە پاش خۆی تەرکی خوێندن نەکەم و بە هەر وەزعێ ببێ هەر دەوام بکەم و دائیمەن عەلاقەمان بە شێخی "عەلائەددین"ەوە ببێ، هەروا قەراری دا کە کاغەز و قەلّەم و دەوات بۆ من بسێنێ و بنووسم، نەکا خۆی بمرێ و پەکم بکەوێ. دایکم لەم قسانە زۆر زویر بوو بەلّام ئێمە فامی ئەوەمان نەبوو و بە خواستی خودا لەو ڕۆژانا پاش کڕینی کاغەز و قەلّەم بۆ من لە بەهاری ١٣٢٥ وەفاتی کرد. «رحمه الله و طاب ثراه».

پاش وەفاتی باوکم، دایکم خودا عەفووی بکا زۆر حەولی لەگەڵما دا و زۆر کۆششی کرد بۆ خوێندنم، ئەو هاوینە لە ماڵی مەرحووم مەلا موحەممەدی کوڕی حاجی شێخ قادرا مامەوە وکتێبە وردەکان وەکوو: «ئیسماعیلنامە» و «ئەی‌شودە»م خوێند، لەم کاتەدا شێخ عەزیزی خەڵکی «دۆڵپەموو» لە خزمەتی مەلا موحەممەدا ئەیخوێند و لە ڕۆژی وەفاتی باوکیشما زۆر دڵخۆشی ئەدامەوە.

پاش ئەم تاریخە شێخی عەلائەددین، مەلا موحەممەدی برد کردی بە موەدەڕێسی خانەقای «دووڕوود» و منیش لەملاولا مەشغوولی خوێندن بووم، بەینێ لە ماڵی خۆمان و بەینێ لە «بەیەڵە» و بەینێ لە «ئەسراوا» و بەینێ لە «کانی‌سانان» و ماوەیێ لە «لەنجاوا»، بە کورتی تا ساڵی هەزار و سێسەد و سی بە خوێندن و پەککەوتن و نەخۆشییەوە دەوامم کرد، ئەمجار لە مانگی موحەڕڕەم ساڵی هەزار و سێسەد و سی هیجری لە لەنجاوادا دەستم کرد بە «تەسریفی زەنجانی» لەو ساڵا تا بەهار تەسریفم گەیاندە باسی «مضاعف» و لە بەهارا ڕۆیشتم بۆ «سەردۆش» بۆلای مەلا سلێمان کوڕی فەقێ عوسمان کە داوای خزمایەتی ئێمەی ئەکرد و باسی موزاعەفم لە تەسریف خوێند و دەستم کرد بە عەوامیل، بەڵام بیستم کە مەلا مەحموودی جوانڕۆیی هاتووە بۆ «بالك» بووە بە موەدەڕێس، لە سەردۆش گوێزامەوە بۆ بالك و لەوێ عەوامیل و سەعدوڵڵای بچووکم خوێند.

لە عەینی ساڵا مامۆستا مەلا عەبدولواحید کوڕی مەلا عەبدولسەمەد بوو بە مەلای «گوێزەکوێرە» منیش لەبەرئەوە کە ئەم زاتە موناسەبە و دۆستیی قەدیمی لەگەڵمانا بووە، ڕۆیشتم بۆ خزمەتی لە خزمەتی ئەوا لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و دووا «ئونموزەج»م تا باسی فێعل خوێند و پاش ئەوە «ئیزهار»م خوێند و پاش ئەو تەسریفی مەلا عەلیم خوێند و دوو ڕیسالەی «وضع و استعارە»ی مەلا ئەبووبەکری میرڕۆستەمیم خوێند و پاش ئەمانە دەستم کرد بە کتێبی «جامی» و جامیم گەیاندە باسی تەمیز. ئەمساڵە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و چوار بوو و لە ئاخری ئەم ساڵا لە پاییزا دایکم وەفاتی کرد.

لە پێش وەفاتی دایکما ئامینەی خوشکم شووی کردبوو و لە پاش وەفاتی دایکم هەرزەخیرە و ئەشیاییکمان بوو بارم کرد بۆ ماڵی پووڕە فاتمەی (خوشکی دایکی بۆ دایکم) کە ماڵیان لە «دارسێران» بوو و ڕابیعەی خۆشکیشم برد بۆلای ئەو و بەقەی ئیمکان مەسرەفم بۆ ئەکرد.

ئەمجار گوێزامەوە بۆ «کانی‌سانان» بۆ خزمەتی مەلا شەریف و «جامی»م گەیاندە تەوابیع، پاش ماوەیێ لە ئاخری پاییزا ڕۆیشتم بۆ خزمەتی حاجی مەلا عەزیز لە «دەرەتفێ»، ئەو زستانە لە خزمەتی ئەوا بەعزێ جامیم خوێند و لە پاشا دەستم کرد بە سیووتی تا بەهار گەیاندمە دەوری «مەوسوولات»، لە بەهارا گەڕامەوە بۆ خزمەتی جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولواحید و لەسەر خوێندنی سیووتی دەوامم ئەکرد؛ بەڵام لەبەر ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دنیا تاریکتر ئەبوو و گرانی دەستی پێکردبوو و خەڵکی لە ئاشووبی جەنگی جیهانی زۆر پەرێشان بوون، منیش دڵم هەڵکەنرا و وێستم بڕۆم بۆ وڵاتێ‌تر، تەسادوف لەو ماوەدا مەلا عەبدوللەتیف نەجنێیی بانەیی بۆ مەلا عەبدولوەهاب نەجنێیی هات بۆلای ئێمە و ئەیویست بڕوا بۆ شاری «سلێمانی» بۆ خوێندن، منیش لەگەڵ مەلا حەسەنی بالیکەدەریدا لە خزمەتیا کەوتینەڕێگە بۆ شاری سلێمانی و لە سلێمانیدا لە مزگەوتی مەلا عەزیزی بالیکەدەری دامەزرام.

◇◇◇

واز ئێنم لێرا لە باسی سەفەر ئەگەڕێمەوە بۆ هەنێ خەبەر

لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی بەملاوە جیهان شێوەی پەشێوی وەرگرت و لە ساڵی هەزار و نۆسەد و چواردەی میلادییا ڕێکەوتی دەوری هەزار و سێسەد و سی‌و دووی هیجرییا حەربی عالەمی یەکەم دەستی پێکرد. لە هەزار و سێسەد و سی‌و دووا «قەیسەرییەکان» ڕوویان کرد لە کوردستان و لە بەینی «سنە» و «مەریوان» لە دەوری دێی «شوێشە»[1] بەگزادەی مەریوان ڕێیان لێگرت. جیهادی باشیان کرد. لەم جیهادا عەلی‌بەگی کوڕی فەرەجوڵڵا بەگی بالك و ئەحمەد کوڕی مەلا عەبدولسەمەدی برای مەلا عەبدولواحید شەهید کران.

شەوی پێش حادیسەکە مامۆسام لە خەویا چاوی پێکەوتبوو کە ئەحمەدی برای[2] وا لە ناو کۆمەڵێکا شەربەت ئەگێڕێ و خۆیشی جارجار لەو شەربەتە ئەخواتەوە. سبەینێ

[١. شوێشە، شارۆچکەیەکە دەکەوێتە ٤٥ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شاری سنە، لەسەر جادەی مەریوان ـ سنە، کە لە سەردەمی مامۆستادا دێیەك بووە. ئەسڵی شەڕەکە لە "سێ‌پێچەی کاکۆ زەکەریا" بووە کە نزیکە لە شوێشەوە. بۆ زیاتر بڕوانە: یادداشت‌های شیخ ڕئوف ضیایی].

[٢. ئەحمەدی برای: واتە ئەحمەدی کوڕی برای، یان ئەحمەدی برازای].

خەوەکەی گێڕاوە بۆمان، فەرمووی: خوا ئەحمەدی برام بپارێزێ!. بۆ ڕۆژی دوایی جەنازەکەیان بە شەهیدی هێنایەوە و لەگەڵ عەلی بەگ لە «بالك»دا دەفن کران. لەم سەفەرا دوژمنەکان شکان و گەڕانەوە بۆ سنە.

بۆ ساڵی دوایی یانێ بەهاری سی‌و پێنج دووبارە هێرشیان هێنایەوە لە سنەوە و لە سەقزەوە لەم جارا هەم کوردەکان لە هەموولایێکەوە پێشیان پێ‌گرتن گەلێ کەس شەهید کران و موحەممەد کەریم بەگی فەتتاح بەگ لەم ساڵا شەهید کرا و سەیید حەبیب ناوێ پیاوی حەمە سەعید بەگی فەتتاح بەگ هەم شەهید کرا و گەلێ کەسی‌تر فەوتان و موسوڵمانان دایانە کەژوکێو و مەریوانی ڕوویان کردە کێوەکانی «میراجی» و پشتی «پیران» و «ئەسکۆڵ» و پشتی «دەگاشێخان» لەو شوێنا مەشهوورە بە «سەرشاپکە»[1] کەپریان کرد و غاڵبەن ئەیشچوون بۆ جیهاد. موخلەس[2] لە پاییزی ئاخری ئەم ساڵا قەیسەرییەکان لەبەر ئیختیلافاتی ناوخۆ سوپاکەیان گەڕایەوە و موسوڵمانانێ ئەوەی مابوو، بە پەرێشانی و بەبێ نان و ئاو گەڕانەوە بۆ دێکانی خۆیان؛ بەڵام لەم ساڵا لە «گاڕان» و لە دەشتی مەریوان و لە دەوری بێستان[3] جیهادێکی زۆر مەردانەیان کرد و واجبی خۆیان بەڕاستی بەجێ هێنا.

لەم ساڵا عەلی ئەحەسەن پاشا هات بۆ پێنجوێن و پیاوە گەورەکانی گرد کردەوە عیتابی لێ‌کردن بۆچی بە جارێ هێرشتان نەبرد و مەنعی دوژمنتان نەکرد لە داگیرکردنی ئەم وڵاتە؟ کەسیان جوابیان نەدایەوە؛ بەڵام شێخی بیارە، مەرحووم شێخ عەلائەددین، فەرمووی: ئەساسەن ئێمە ئەگەر جیهادمان کردووە بە ئەمری دین و بە ئەمری خودا جیهادمان کردووە، ئەگەرنا بە قانوون تۆ حەقی ئەمری جیهادت لەسەر ئێمە نییە. بێجگە لەمە ئێمە میللەتێکی فەقیر و بێ‌چەك و بێ‌ماڵ و پارەین، خەڵك بە دەستی ژیانی خۆیەوە گیری خواردبوو و منداڵی لە برسا ئەمرد، بەبێ چەك و ماڵ و نان، جیهاد چۆن ئەکرێ؟ بەڵام تۆ لەگەڵ ئەوا کە ئەمیر بووی و چەك و ئەسبابت زۆر بوو، بۆچی مەیدانت دا دوژمن بەسەر وڵاتا غاڵب بێ؟ لێرا کابرا مات بوو قسەی پێ نەکرا!

[١. سەرشاپکە، یان بە واتەی ئەمرۆی خەڵکی دەگاشێخان: «سەرشاوکە»، کانی و ئاوێکی خۆشە لەناو زەوی و زاری ئاوایی دەگاشێخان کە کەوتووەتە بەینی ئاوایی «کاڵ»ی ژوورەوە و «تووتمەر» و «دەگاشێخان»ەوە].

[٢. «موخلەس»: خۆلاسە، وەلحاسڵ، کورت و موختەسەر.].

[٣. بێستان = بوستام: دێیەکە لە ناوچەی سەرشیو لەسەر جادەی مەریوان ـ سەقز].

لە پێش ئەم مولاقاتا، شێخی عەلائەددین خۆی و ئەتباعی لە نزیکی شاری سنەدا جیهادی باشیان کردبوو لەگەڵ قەیسەرییەکان، لەم شەڕا مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا شەمسەددین کە خزمەتکاری شێخ بوو شەهید کرا و گەلێ کەسی تر شەهید کران.

ڕەئیسی کۆماسی[1] بە مەردانە مودافەعەی دوژمنی کردبوو و نەیهێشتبوو هێرش بێنن بەسەر موسوڵمانانا، ئەگەرنا مەخلووق زۆر ئەکوژرا و عالەم ئەفەوتا بەڵام خودا تەوفیقی ئەم شەخسەی دا و بوو بە هۆی ڕزگار بوونی گەلێ خەڵك.

◈◈◈

ئاوڕێ بەلای مەریواندا

ئەم وڵاتە ئەگەرچی لە ئیمڕۆدا ناوی ناحییەیێکی بچووکە، بەڵام لەسەر بەڵگەی نووسراوانی پێشوو گەلێ گوشاد بووە. سنووری لە خۆرنشینەوە ڕشتەکێوی «تاریدەر»[2] و لە خۆرهەڵاتەوە سنووری کەڵاتەرزان بووە، لە شیمالەوە بانە و سنووری خورخورە و لە جنووبەوە کێوی هەورامانە.

ئاو و هەوا و وەزعی تەبیعی:

ئەم وڵاتە لە مەنتیقەی موعتەدیلەدایە و لە عەرزی سیوشەش و تووڵی هەشتاویەکایە لە سەر خەتی تووڵی پێشوو کە لە جەزائرولخالداتەوە تماشا بکرێ.

بەشی خۆرنشینی دەشتی زۆرە و خۆرهەڵاتی دەشتی کەمە و زۆرمە کێوی بەرز و نەوییە، دەشتی «قزڵجە» و دەشتی «خاو و میراوا» و دەشتی «ناوخوان» و دەشتی «گۆڵی زرێبار» داخڵی ئەم وڵاتەیە.

ئابووریی ئەم ناحییە:

وڵاتێکی ئاودار و دارستانە لە کێوەکانیا هەموو نەوعە داری وەکوو: «دار بەڕوو» و «دار مازوو» و «کێکوو» [کێکڤ، کەکەو] و «قەزوان» و «گۆییژ» و «هەرمێ» و «وێوڵ»

[١. ڕەئیسی کۆماسی: «ئاغەبرا بەگ» بووە کە خەڵکی دێی بەردیسپی بووە].

[٢. تاریدەر: کەل و ملەیەکە کەوتووەتە نێوان پێنجوێن و تووتمان].

و «شاهین» و «پەڵك» [و] «چنار» [و] «بی» زۆرە و لە ئاوەدانییەکەیا هەموو نەوعە داریکی خاوەن بەر وەکوو: «توو»، «سێف»، «هەڵووژە»، «قەیسی»، «قۆخ»، «مێو»، «هەرمێ»، «بادام»، «چوالە» هەیە. ئەغڵەب ئەو ئاوەدانیانەی کە لە پەنا کێودان پڕە لە باخاتی تریێ، بە نەوعێ بە قەتعی پێویستیان بە وەرگرتنی ئەم نەوعە میوانە لە دووڕەوە نییە و لە بەهارانا، لە کوێستانەکانا هەموو نەوعە خواردەمەنییکی بەهاری وەکوو: قارچك و پیچك و ڕێواس و کنیواڵ و سوورەبنە و گنۆڕ و شنگ و سوورەبنە و قنگر و گیلاخە و باقی گیای خواردنی خۆش‌تام هەیە.

لە دەشتەکانیا خەیار و ترۆزی و کاڵەك و شووتی و خەربزەی باش، یانێ قەڕەیی و «فاتەبۆرە»[1] و کالیار و کوولەکە و بامیە و تەماتە و باینجان و پیاز زۆرە و عەرزەکەی شایاوی هەموو زەراعەتێکە.

لە هەنێ شوێنا چەڵتووك و لە هەموو شوێنێکا گەنم و جۆ و گەنمەشامی و زەڕات و هەرزن [گاڵ] و ڕەمەدانە و پەڕژە ئەکرێ.

گەلێ ساڵ گەزۆ لە داڕەکانی کێوەکانیا ئەبارێ و شۆکە[2] بە سەر زەوییەکەیا ئەبارێ و بە هۆی گۆلی زرێبارەوە قاز و سۆنەی هەیە و بە هۆی ئەم زرێبارەوە و چەمی گردەڵانەوە ماسی باشی زۆر هەیە تیایا.

بەکورتی ئەگەر کەمێ دەسکاری ئاوکردنەوەی پێبکا بۆ زۆر زەراعەت و مەنفەعەت ئەشێ.

ئیدارەی ئەم وڵاتە:

لە زەمانێکی کۆنەوە ئەم پارچە عەرزە مەیدانی پاڵەوانان بووە، لە دەوری میدیا و هەخامەنشینیدا دەوری بووە. دێی «پیران» و «وەیسە» بە ناوی پیرانی وەیسە ڕاوێژکەری مەشهووری دەوری .....[3] ناو نراون. قەڵای قزڵجە و ناوەکانی ئێستەی وەکوو «کانی‌میران»

[1. قەڕەیی: کاڵەك. فاتەبۆرە: نەوعە کاڵەکێکی درێژۆکەیە ئێستەش لە دەشتی ئاوایی «پیرسەفا» و «کانی‌سانان»ی پەنای گۆلی زرێباردا بەرهەم ئەهێنرێت].

[2. شۆکە: ئەو شیرینییەیە کە ئەدا لە قاژگەی مازووار (قاژگە: خڕ و پژپژە و لە گزگل گەورەتر) و دڵۆپ دڵۆپ دائەچۆڕێ و ئەیکەن بە دۆشاو و شۆکە].

[3. مامۆستا لێرەدا بۆشایی داناوە].

و «میراوا» و «میرزا میران شاه» که به ناوی میران شای نەتەوەی تەیموورەوە [ناو]نراوە و «کانی‌سانان» و «میراجی» یانێ میران‌جێ جێگەی میران و «کەڵەوێنجە» یانێ کەڵان جا. ئەمانە گشت نرخ و قیمەتی ئەم پارچە عەرزە دەرئەخەن و لە پاش عەسری سەعادەت لە بەینی گەورەکانی ئاردەڵان و بابانە[کان]دا دەست بە دەستی زۆری پێکراوە..

لە زەمانێکی کۆنەدا گەلێ جار بە دەستی «بابان»ە قەدیمییەکانەوە بووە. لە [کتێبی] «نورالأنوار»ی سەیید عەبدولعەزیزی[1] کوڕی سەیید سالحی تووداریدا هەیە کە گەلێ مولکی ئەترافی دۆڵی تەنوورەی مەریوان لە دەستی میرزا عەبدولکەریم کوڕی ئەمیر خالیدی کوڕی ئەمیر ئەحمەدی بابانەوە بە دەستی مەرحووم شێخ زەکەریای کاکۆ زەکەریا گەیشتووە. هەروا لەو ڕیسالەدا نووسراوە کە لە دەوری تاریخی هەشتسەدی هیجری ئەمیر حەمزەی بابان کێوی بەرقەڵای مەریوانی کردووە بە سوپاگا و شووراییکی بە دەوری سوپاکەدا دروست کردووە و لە پاڵ شووراکەیا مزگەوتێکی دروست کردووە بە ناوی «مسجد السور»[2] لەم مزگەوتا سەیید ئەحمەد نەعیمی ئیمام بووە و ئەم ڕشتە بابانە غەیری ئەو ڕشتەیە[ن]کە لە «میربوداق»ەوە دەس پێئەکا، ئەمانە لە زەمانی تورکانی «ئاق‌قوینلو» و «قەرە قوینلو» بوون. داخەکەم تاریخەکەیان جارێ تاریکە؛ بەڵام بە ئاشکرا لە پێش ڕشتەی بابانی دوایی کە لە میربوداقەوە دەست پێئەکات ڕشتەیێتر بووە و لە پاش عەهدی «مەغۆل»ەوە[وە] دەوریان بووە لە خاکی بابان و خاکی ئاردەڵانا.

وە ماوەیەکی زۆر قەڵای بەرقەڵا جێگەی ئاردەڵانییەکان بووە و «باباخان»ی ئاردەڵانی و «هەڵۆخان» هەم مزگەوتی سووریان تەعمیر کردووەتەوە و لەپاش ئەم دەورانە هەم مەریوان مەیدانی جەنگ و ئاشووبی بابانەکان بووە، وەکوو مەشهوورە کارەساتی دوازدە سوارەی مەریوان.

[۱. کتێبی «نور الأنوار»، هەروەکوو مامۆستا خۆشیان دوایی ئاماژەی پێئەکەن، کتێبی سەیید عەبدوسسەمەدی تووداریە نەك عەبدولعەزیز.]

[۲. مسجد السور: مزگەوتە سوورە، گوایە ئەو خشتانەی مزگەوتەکەی پێبینا کراوە سوور بوون، بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە لە ئەسڵا سوور بە مانای دیواری دەوری ماڵ و باغ و بێستانە، واتە: قەڵا و بەربەست. هەروەها سوور و شوور بە یەك مانا هاتوون. یانێ مامۆستا کە ئەفەرموێ: شووراییەکی دروست کردووە، واتە قەڵا، یان سوورێکی دروست کردووە، کەوابوو «مسجد السور» ئەبێتە مزگەوتە سوورە یا مزگەوتی قەڵا].

هەروا مەشهوورە کە لە زەمانی عەبدوڕڕەحمان پاشای باباندا کاتێ کە عەبدوڕڕەحمان پاشا دامێنگیری ئێرانییەکان بوو و یارمەتی لێ وەرگرتن بۆ سەر بابان و بابانەکانیش پێشیان لێگرت لە دەشتی موسك و تازاوادا لە ماوەی ڕۆژێکا دەوری چوار هەزار کەس لە تەرەفەین کوژرا.

بە کورتی ئەم پارچە زەوییە لە هۆی شەڕ و شۆڕ و غەوغاوە زۆر بە ئەهمییەت و خاوەن دەور بووە، وەکوو لە کتێبە تاریخییەکانا نووسراوە.

گۆشەی ئایین و دینپەرستی:

ئەم پارچە خاکە لە دەمێ سالّەوە نیشانەی بەرزی ئایینپەرستی و خۆندەواری و تاعەت کردنی خودای تیا دەرکەوتووە و بێجگە لە ئیرشاد و ئامۆژگاری زانا نیشتمانییەکانی خۆی هەم بە هۆی ئیرشادی سێ بەش لە ئەولیاوە ئەم وڵاتە پیرۆزی وەرگرتووە، ئەم سێ بەشە بریتین لە ساداتی پیرخزری و ساداتی بەرزنجی و ساداتی شازیلییەی حەسەنی کە لە «کاکۆزەکەریا» ڕەگیان داکوتاوە.

ڕشتەی ساداتی بەرزنجە لە شێخ «عیسێ» و شێخ «مووسێ»وە:

ئەم دووزاتە لەگەڵ برایانا سەیید موحەممەد نووربەخشدا کوڕی بابە عەلی هەمەدانی کوڕی بابە یووسفی هەمەدانی کوڕی سوڵتان مەنسوور کوڕی سوڵتان عەبدلعەزیز کوڕی سوڵتان عەبدوڵڵا کوڕی سوڵتان ئیسماعیل موحەددیس کوڕی ئیمام مووسای کازمن.

سوڵتان ئیسماعیلی موحەددیس قەبری وا لە نزیکی دێی «ئەسپەڕێز» لە هەورامانی ئەودیو[ئێران]ا لە بەرانبەری دێی «ڕووار»ەوە لە نزیکی چەمی سیرواندا.

شێخ عیسێ و شێخ مووسێ لە تاریخی حەوتسەد و شەستی هیجریدا (٧٦٠) لە هەمەدانەوە هاتوون بۆ «کوردستان» و لە دێی بەرزنجەدا جێگیر بوون.

پاش دامەزرانیان شێخ مووسێ خوشکی حاجی شێخ خالید ـ کە لەوکاتا مورشیدی خەڵك بووە و لە بەرزنجەدا دانیشتووە ـ مارەی کردووە، پاش ماوەیێ ڕۆیشتووە بۆ ئیرشاد بۆ ئەترافی دێی «ئاغجەلەر» و لەوێ شەهید کراوە و جەنازەکەی هێنراوەتەوە بۆ بەرزنجە و لەوێ دفن کراوە. پاش ماوەیێ شێخ عیسێ ئەم براژنەی خۆیە مارەکردووە و لەم عائیلەیە

دوازده کوڕی بوو: سەییید عەبدولکەریم، سەییید موحەممەد، میری‌سوور، ویسالەددین، سوڵتانولحەق، سەییید سادق، کەمالەددین، جەمالەددین، عەباس، بایەزیید، حەسەن، حوسەین.

سەییید عەبدولکەریم لە پاش وەفاتی شێخ عیسێی باوکیا لە جێگەکەیا دانیشتووە و هەر لە بەرزنجە وەفاتی کردووە.

سەییید سادق لە شارەزوورا لە سەرکێوێ بەناوی سەییید سادقەوە مەشهوورە دەفن کراوە و میری‌سوور لە دێی میری‌سوورا مەدفوونە. ویسالەددین و کمالەددین و جەمالەددین لە دێی «ئاڵیاوا» لە شارباژێڕا مەدفوونن و شێخ عەباس لە دێی «وڵووبە»[1] لە نزیکی سلێمانیدا مەدفوونە و سەییید موحەممەد بە قەراخی سیروان لە خواری دەراوی گوندی سەراوەوە دەفن کراوە. بیستم لەم بەینە پێشووا لەو شوێنە گوێزاویانەتەوە لە ترسی ئەوە گوم ببێ لە ئاوی سیروانا. سوڵتان ئیسحاق[2] لە قەراخی سیروانا لە خواری دەراوی نەوسوودەوە دفن کراوە.

سەییید عەبدولکەریم کوڕی شێخ عیسێ چەن کوڕی بووە یەکێ لەوانە سەییید ئیبراهیم ناو بووە کە ئێستە مەشهوورە بە «کابل» ئەم زاتە لە خزمەتی باوکیا خوێندوویەتی پاش ماوەیێ ڕۆیشتووە بۆ وڵاتی میسر و لەوێ ماوەیێ ماوەتەوە، جا گەڕاوەتەوە بە ڕێگەی دەریادا و ڕۆیشتووەتە وڵاتی ئەفغان و لەوێوە هاتووەتە ئێران و لەوێوە هاتووە بۆ مەریوان و لە دێی «نۆڵوو»[3] لە نزیکی دێی دەرەتفێ دانیشتووە، ئەم زاتە یەکە عالم و زانای ڕۆژ بووە. فازیلی کازرووِنی موحەشی بەیزاوی شاگردی ئەو بووە و لە پاش وەفاتی مەرسییەی بۆ وتووە و بە ئەبووحەنیفەی سانی ناوی ئەبا، یانێ لەگەڵ ئەوا کە خۆی شافیعی مەزهەب بووە لە فیقهی حەنەفیدا زۆر باڵا بووە و لە عەینی حاڵا یەکێ بووە لە ئەولیائوڵڵای کیبار.

[۱. وڵووبە، جاران دێیەك بوو ئەكەوتە باشووری شاری سلێمانی؛ بەڵام ئێستا تێكەڵ بە شار بووە و بەشێكە لە شاری سلێمانی].

[۲. ئەم سوڵتان ئیسحاقە كە لە پێشەوە بە سوڵتانولحەق ناوی لێ هێنا، پەیڕەوانی ئایینی یارسان یان ئەلحەق (ئەهلی حەق) بە یەكێ لە مورشید و ڕابەری گەورەی خۆیانی دەزانن].

[۳. نۆڵوو یان نووڵوو: ناوی دێیەك بووە لە ڕۆژاوای شاری مەریوان لە بەینی دێی دەرەتفێ و كانی‌ساناندا كە ئێستا تەنها ئاسەواری گۆڕستانەكەی ماوە].

وەکوو سەیید عەبدولسەمەد لە نوورولئەنواردا ئەگێڕێتەوە بە نەقڵ لە کتێبی «تذکرة الأجناد في موحاربة الترك و الأکراد»، ئەڵێ: لە دەوری تاریخی هەشسەدی هیجریدا لای ئەمیر حەمزەی بابان مودەڕڕیسی مزگەوتی سوور بووە لە بەرقەڵا لە مەریواندا.

لەسەر ئەوەی کە شێخ موحەممەدی خاڵ لە تەرجەمەی مەرحوومی شێخ مەعرووفی نۆدێدا نووسیویەتی، لە پاش سەیید عەبدولکەریم کوڕی سەیید عیسێ سەیید بایەزید، وە لە جێگەی سەیید بایەزید سەیید حوسەین و لە پاش ئەو سەیید عەبدولسەیید و لە پاش ئەو سەیید قەلەندەر و لە پاش ئەو سەیید عەبدولڕەسوول و لە پاش ئەو سەیید بابارەسوولی گەورە لە بەرزنجەدا پۆستنشین و جێگەدار بوون، ئەم ڕیزە بەیانمان کردن ڕشتەی نەسبی بەیەکەوە لکاوە.[1]

سەیید بابا ڕەسوولی گەورە لە دەوری نۆسەد و حەفتای هیجریدا لە بەرزنجە لە دایك بووە و لە خزمەتی مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی و مەلا مووسای تەوەکولیدا خوێندوویەتی و لە بەرزنجە تەدریس و ئیرشادی کردووە و لە تاریخی هەزار و پەنجا و شەشا وەفاتی کردووە و لە پاش خۆی حەڤدە کوڕی لێ بەجێ ماوە.

عەبدوسسەمەد، عەبدولکەریم، عەبدولسەیید، عەلی، ئیسماعیل، ئیسحاق، حەسەن، حوسەین، یووسف، ئەحمەد، موحەممەد، ئیبراهیم، حەیدەر، زەننون، زەینولعابیدین، بایەزید، عەبدوڕڕەسوول و زۆرمەی ساداتی بەرزنجەیی ئەڕۆنەوە سەر بابا ڕەسوول.

لە سەیید عەبدوسسەمەد ساداتی سەرگەڵوو پەیدا بووە و لە پیاوە مەشهوورەکانی ئەم ڕشتەیە شێخ ئەحمەدی سەرداڕە [کە] خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالید ـ قدس سرە ـ و باپیرە گەورەی سەیید ئەحمەدی خانەقای کەرکووکە.

لە سەیید ئیسماعیل ساداتی میرناسیر و قەڵخانلوو لە قەزای «تووزخورماتوو» و بەعزێ تر کەوتووەتەوە. سەیید تاهای بەرزنجی مەشهوور هەم لە نەتەوەی ئەوە.

وە لە سەیید بایەزید ساداتی «کونە کۆتر» کەوتووەتەوە. من ئەڵێم شێخ ئیسماعیلی کونە کۆتر کە خەلیفەی حەزرەتی مەولا خالید بووە لەم ساداتەیە.

[1. لە سەراوردی لاپەڕەی ژمارە ٢٩ی دەستنووسەکە ئەم شیعرە فارسییە نووسراوە:

از مرگ حذر کردن دو روز روا نیست — روزی که قضا باشد، روزی که قضا نیست
روزی که قضا باشد کوشش نکند سود — روزی که قضا نیست در و مرگ روا نیست]

لە سەییید حەیدەر ساداتی ئەبا عوبەیدە کەوتووەتەوە. بیستوومە ئەوەڵ کەسێ لەمانە کە لە بەرزنجە دەرچووە، تەشریفی هاتووەتە دێی «زەمەقی» لە خواری هەڵەبجەوە؛ جا پاش موددەتێ لەوێوە ڕۆیشتوون بۆ ئەباعوبەیدە. یەکە پیاوی مەشهووری هەڵکەوتووی ئەم تاقمە لە ئەباعوبەیدەدا شێخ حەیدەر ناوێ بووە کە مزگەوتی عەبابەیلێی کردووەتەوە و لە پاش ئەو شێخ عەلی ناو بووە و لە پاش شێخ عەلی گەلێ پیاوی دینی و دنیاییان بوو. لەم ئاخرا شێخ حەمە سەعیدیان موریدی مەرحووم شێخ نەجمەددین بوو و شێخ کەریمی شێخ مەحموودی شێخ عەلی هەم مەنسووبی شێخ نەجمەددین بوو و لە پێش وەفاتیا بە سالّێ مزگەوتی عەبابەیلێ کە شێخ حەیدەری باپیرەیان دروستی کردبوو تێکیدا و لە سەر تەرتیب و شێوەیەکی جوان دروستی کردەوە، جا لە سالّی هەزار و سێسەد و حەفتاد و چواری هیجریدا وەفاتی کرد و لە بەردەمی مەرقەدی ئەباعوبەیدەدا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەفن کرا ـ طاب ثراهم آمین ـ[1].

وە لە سەییید حەسەن ساداتی کاکەسووری و پیر حەسەنی کەوتوونەتەوە.

وە لە سەییید عەلی مەشهوور بە وەندەرینی ساداتی مەرگە و قەڵاگای لە سەنگاو و قەڵاشیروانە و سەلاحییە و ساداتی «نۆدێ» کەوتووەتەوە کە شێخ موحەممەدی مەشهوور بە کیبریتی ئەحمەر زاتی هەڵکەوتووی ناو ساداتی نۆدێیە.

شێخ موحەممەدی نۆدێ پێنج کوڕی مەشهووری هەڵکەوتووی بووە: شێخ ئەحمەدی غەزایی، شێخ عەلی کۆسەی دۆڵپەموو و شێخ حەسەنی گڵەزەردە و شێخ ئیسماعیلی مەشهوور بە قوتبی ولیانی و شێخ ڕیش سووڕە.

شێخ ئەحمەدی غەزایی لە نۆدێ ماوەتەوە، لەم زاتە گەلێ نەتەوە کەوتووەتەوە، یەکێ لەوان شێخ موستەفا باوکی شێخ مەعرووفی نۆدێ باوکی حەزرەتی کاك ئەحمەدی شێخە ـ قدس الله أسرارهم ـ.

[1. لە سەراوردی لاپەڕەی ژمارە (٣٠)دا ئەم چەند شیعرە عەرەبییە نووسرابوون:

إذا عاش الفتى ستين عاماً ... فنصف العمر تمحقه الليالي
و نصف النصف يذهب ليس يدري ... لغفلة يميناً عن شمالِ
و باقي العمر إسقام و شيب ... و همّ بارتحال و انتقال
فحب المرء طول العمر جهل ... و قسمته على هذا المثال].

شێخ عەلی کۆسەی دۆڵپەموو باوکی ساداتی دۆڵپەموو و شێخ موحەممەدی تەڕاتەوەندە کە باوکی ساداتی «تووتمان» و «ئەسکۆڵ» و «پیران» و «ڕەشان» و «سەوڵاوا»یە وگەلێ لەم نەتەوەی شێخ موحەممەدی تەڕاتەوەندە لە «چەوتان» و «جۆمەدرەسی [جۆمەرەسی]» و «بانیبنۆك» هەن. هەروا ساداتی «بێلوو» لە مەریوان و «کۆڵان» و «داسێران» لە نەتەوەی ئەون.

شێخ حەسەن لە گڵەزەردە لە بەرانبەری سلێمانی دانیشتووە، ئەم زاتە باوکی ساداتی گڵەزەردە و «سەرزەل» و «کانیسپیکە»ی «قەرەداغ» و ساداتی «داراغا» لە بەرانبەری سلێمانی و «تیمار» و «سەندۆڵان» لە پشدەر وکۆی سەنجەق و شۆڕیجە و قەرەحەسەن و عومەرەگەدە لە لیوای کەرکووکە و باوکی ساداتی «قوولە»یە کە شێخ موحیەددینی قوولە پیاوی مەشهووری ئەمانەیە.

شێخ حەسەن گڵەزەردە لە دەوری ساڵی هەزار و هەشتا و هەشتا لە نۆدێ لە دایك بووە. ئەم زاتە پاش ئەوە کە دەستی کردووە بە خوێندن لە خوێندنا سەرامەد بووە و لە تەریقەتا پیاوێ بەرزو بەقیمەت بووە لەوانەیە بڵێین تاقانەی ڕۆژی خۆی بووە، لە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە باکی لە کەس نەبووە.

کاتێ کە نادرشای ئێرانی هێرشی هێنا[وە] بۆ سەر وڵاتی سلێمانی و قەسدی ئەوە بووە وێلایەتی موسڵ داگیر بکا، نامەیەکی نووسیوە بۆ خزمەتی شێخ حەسەنی گڵەزەردە، ئەمە نەسسی نامەکەیەتی:

«مني إلى الحبر النبيل و الشريف الظريف، الأصيل ذي المآثر و المناقب و المنن، السيد حسن. نسمات التسليمات و نفحات التحيات.

و بعد، فإن أجلّ مطالبي و أول مآربي ترويج مذهب جدكم جعفر الصادق، الإمام الهمام منبع العلوم و الحقايق و إن حبّي لآبائكم الأماجد لمعلوم و إن مجيئكم إلينا لزم أشد الزوم، فبوصول أمري إليكم ائتنا لنتبرّك بكم و بمن لديكم و إلّا فستنزل نار غضبي عليكم و السلام عليكم». انتهى.

و هذا نص جواب الشيخ حسن:

«بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله رب العالمين و العاقبة للمتقين و لا عدوان إلا على الظالمين و الصلوة و السلام على سيدنا محمد و على آله و صحبه أجمعين.

و بعد، فقد أخذت كتابكم؛ أما دعوى حب أجدادي فلا أعلم أهذا الحب مشوب ببغض الأصحاب أم لا، فإن كان مشوباً ببغضهم فلاينفعك يوم الحساب، بل يكون سبباً للحساب و العذاب و أما قولكم أن قصدي ترويج مذهب الصادق، فهو و إن كان من أحسن التابعين و الجمل المجتهدين؛ لكن لانقراض أصحابه ما صار مذهبه مدوّناً و لو علمنا تدوينه لاتبعناه لكوننا من ذريته و أما أنا فكاسف الحال، عليل البال لا أقدر على المجيئ؛ لكن أوصيك بوصايا إن عملت بها نجوت منها، أن لا تحارب مع السلاطين العثمانية إذ قد أطلع أهل الكشف على بقائهم إلى قرب الساعة ممتازين بخصائص لاتوجد في غيرهم و منها أن ما أضمرت من تخريب الموصل و الحرب مع أهلها فلا تفعله لأن ذلك يكون سبب هلاك جندك و منها أن تعمل في التوبة و الاستغفار قبل أن يفاجأك الحمام و البوار، فإن بعض من أقاربك أراد قتلك و السلام على من اتبع الهدى» انتهى.

لە واقیعا نادرشاە لە شەڕی مووسڵدا شکا بە خراپ و لە ڕۆژی چواردەمی مانگی ڕەمەزان لە ساڵی هەزار و سەد و پەنجا و شەشا گەڕایەوە بۆ ئێران و لە پاش ئەمە لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەستا لە کاتێکا وێستی هێرش بباتە سەر کوردانی خوراسان لە ڕێگەدا بە دەستی یەکێ لە ئەقاریبی خۆیا کوژرا.

شێخ حەسەن گڵەزەردە لە تاریخی هەزار و سەد و حەفتا و پێنجدا لە گڵەزەردە وەفاتی کردووە.

شێخ حەسەن گەلێ ئەولادی بووە، یەکەم لەوانە شێخ موحیەددین بووە کە مەشهوورە بە شێخ موحیەددینی قوولە، ئەم زاتە لە ساڵی هەزار و سەد و سی‌و سێدا لەدایك بووە و لە عیملی زاهیر و باتینا پێگەیشتووە، گەلێ تەئلیفاتی هەیە وەکوو: «مجمع الجواهر» و «إصلاح النفوس» و «كشف الكروب» و «جامع الفوائد» و «السيف القاطع».

شێخ موحەممەدی خاڵ نووسیویەتی: نوسخەیەکی ناتەواو لەم «سيف [الـ]قاطع»ە بە خەتی موئەللیف وا لە مەکتەبەی مەلا موحەممەدی کوردی کوڕی مەلا موستەفای کوردایە و سەد و شەست و چوار لاپەڕەیە، ئەم کتێبەی تەئلیف کردووە لە ساڵی هەزار و سەد و

شەست و پێنجا پاش ئەوە ڕۆیشتووە بۆ کەرکووك، لە دەوری ساڵی هەزار و سەد و حەفتا و نۆدا و لەوێا مەشغووڵی تەدریس و ئیرشاد بووە و لە ساڵی هەزار و سەد و نەوەد و پێنجا وەفاتی کردووە و لە قەبرستانی «ئیمام قاسم»دا دەفن کراوە ـ رحمه الله و طاب ثراه ـ .

دووەم لە کوڕانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە شێخ عەبدوسسەمەد فەزلەددینە، ئەم زاتە لە عالمە بەرزەکانە لە شاری کەرکووکدا لە ساڵی هەزار و دوو سەد و سی‌و چوارا موتەوەفا بووە.

ئەمما شێخ ئیسماعیلی ولیانی، ئەم زاتە باوکی ساداتی «لۆن»ە لە ناحییەی «ڕەوانسەر» لە وڵاتی ئێرانا، ئەم ساداتی لۆنە نەتەوە[ی] شێخ ئیسماعیل ناوی مەشهوور بە «گردەڵە»ن کە لە ئەولادی قوتبی ولیانییە، ئەم زاتە بۆ یەکەم مەنزڵ لە دێی «کاشتەر» دانیشتووە و لە پاش چەن ساڵ ڕۆیشتووە بۆ لۆن و لەوێ دامەزراوە. ساداتی لۆن گەلێ زاتی عالم و موتەسەووفیان تیا هەڵکەوتووە.

هەروا شێخ ئیسماعیلی ولیانی باوکی ساداتی «قازان‌قایە» و لە «دێ لێژە» و «کەسنەزان» و «خاوێ» و «گۆژتەپە» و «قەرەچێوار» و «کانی خاکی» و «هەشەزینی» و «کانی‌کەوە»یە.

ئەم زاتە لە ولیان گوێزاوەیەتەوە بۆ «ڕێویە» لە نزیکی «بریفکان» و لەوێا مەشغووڵی ئیرشاد بوو[ە] گەلێ موریدی لە لیوای هەولێر و موسڵدا بووە، لە سەفەرێکا لە موسڵدا وەفاتی کردووە و لەسەر وەسیەتی خۆی جەنازەکەیان هێناوەتەوە بۆ «ڕێویە» و لەوێا دەفن کراوە، ئێستە نەتەوەی لە ڕێویەدا هەیە، شێخ عەزیزی ڕێویە لە نەتەوەی ئەوە.

یەکێ لە عالمە مەنسووبەکانی لە تاریخی وەفاتیا ئەم ڕوباعییەی نووسیوە:

و نوري بأنوار الشريعة قد رقى — و بحر بأسرار الحقيق قد طمى

سمى ذبيح الله أرضت مادحا — لفقدك اسماعيل قد بكت السما

ئەم میسرەعە ئاخرە لەگەڵ لەفزی «مادحا» بە حسێبی ئەبجەد ئەکاتە هەزار و سەد و پەنجا و هەشت و لە عومرێکی شەست و سێ ساڵیدا وەفاتی کردووە.

وەکوو بیستوومە ئەم سەفەرەی بۆ سووریا بووە بۆ ئەوە ئەو ناخۆشییە لە بەینی شێخ موستەفای خۆشناوی مەشهوور بە شامی کە خەلیفەی خۆی بووە لەگەڵ خەڵکی شاما

دەفعی بکا و فیعلەن دەفعی نیزاعەکەی کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق کاتێ کە ئەگاتە موسڵ نەخۆش ئەکەوێ و وەفات ئەکا ـ رحمه الله ـ.

◈◈◈

باسی ئەمیر حەمزەی بابان

لەسەرئەوە کە سەیید عەبدولعەزیزی کوڕی سەیید عەبدولسەمەدی تووداری نووسیویەتی، ئەمیر حەمزەی بابان بە سوپایەکی زۆر وڵاتی دیاربەکر و حەڵەبی داگیر کردووە و قائیدی سوپاکەی ناوی «حەمدوون» بووە ئەم حەمدوون ناوە تورکەکان بە بەرتیل تەفرەی ئەدەن و سوپاکەی تەسلیم بە دوژمن ئەکا، جا ئەمیر حەمزە کە ئەم کارەساتە ئەبیسێ دوازدە کەس لە پیاوە ماقوولەکانی هەڵئەگرێ و دێن بۆ مەریوان و لە بەرقەڵادا خۆی قایم ئەکا و شووراییێ بە دەوری سوپاکەدا ئەکاتەوە و لە قەراخی شووراکەدا مزگەوتێ ئەکاتەوە کە مەشهوورە بە «مسجد السور» و سەیید ئەحمەد ئیبنولئەنباری نەعیمی ئەکا بە ئیمام لەو مزگەوتا و زۆر بە مەردانە سوپاییێکی گەورە پێکەوە ئەنێ و ڕوو ئەکاتە وڵاتی بابان و هەموو شارەکانی خۆی ئەگرێتەوە و ئەگاتە «بەعقووبە» ئەویش ئەگرێ بەڵام لەم شارا بە مەسموومی وەفات ئەکا.

پاش ئەم حادیسە بە ماوەی دوو ساڵ سەیید ئەحمەدی ئیمام وەفات ئەکا و لە قەبرستانی مەشهوور بە «ئیمام»ی مەریوان دەفن کراوە و ئێستەش بەو ناوە مەشهوورە.

وە لە پاش وەفاتی سەیید ئەحمەدی ئیمام «سەیید ئیبراهیمی کابل»[1] ئێت بۆ ئەو مزگەوتەوە و لەسەر تەدریس دائەمەزرێ. ئەبێ ئەم تەعیینە لەلایەنی جێگەنشینی ئەمیر حەمزەوە بووبێ. مەرحووم کابل لە تاریخی هەشسەد و بیست و سێی هیجری لە شەوی جومعەی غورڕەی مانگی موحەڕڕەمدا وەفات ئەکا و جەنازەکەی ئەبرێ بۆ خواری دێی «دەرەتفێ» و لەوێا [لە کەناری زرێبار] مەدفوونە و تا ئێستە زیارەتگایە.

کابل مالیکی دێی «نۆڵوو» و «دۆڵاش» بووە، ئەم دوو دێ سنووریان بە یەکەوە بووە و وەقفی کردوون بەم جورە: دانگێ لەسەر مزگەوتی سوور و دانگێ لەسەر تەلەبەی عیلم

[1. ئەم زاتە مەشهوورە بە کابلە سوور، واتە کاکە ئیبراهیمی مزگەوتی سوور، کە لە کوردیدا، بلە کورتکراوەی ئیبراهیمە وەك چۆن: مچە، کورتکراوی موستەفایە! و خولە، کورتکراوی مەحموودە!].

و قوڕڕائی قورئانی کەریم و دانگێ لەسەر میوان و ڕێبوار و سێ دانگی لەسەر ئەولادی زوکووری خۆی.

پاش وەفاتی کابل بە سەدو چوارده ساڵ مەرحووم مەلا ئەبووبەکری موسەننیف هاتووەتە سەر مزگەوتی سوور و بە مودەڕڕیس دامەزراوە وەکوو باسی ئەکەین لەمەولا ئینشائەڵڵا.

جا ئەبێ زاتێکی زانای دڵڕووناك و وەلی وەکوو کابل چەند تەئسیری کردبێ لە پاککردنەوە و تەبیعەتی ئەو کۆمەڵەی مەریوان و ئەترافە و چەنێ پیاوی گەورە و عالمی زانای پێگەیاندبێ، داخەکەم ئێستە ئێمە لەم هۆوە بەرچاومان تاریکە، خودا بەڵکوو لە مەولا ڕووناکی بکاتەوە.

هەروەکوو لە عیلم و فیقها تەدریسی کردووە لە تەریقەتیشا ئیرشادی کردووە و مورشیدێکی گەورە بووە، پیرسەفائەددین کە مەدفوونە لە دێێکی نزیکی دەرەتفێ و بە ناوی «پیرسەفا» مەشهوورە، خەلیفەی حەزرەتی سەیید ئیبراهیمی بەرزنجی (کابل) بووە و ئەولاد و نەتەوەی ئەم زاتە هەتا ئەم زەمانە لە دۆڵاش و کانیسانانا دەوامیان کردووە، مەعەلئەسەف ئەو مولك و واریداتەیان لە دەستا نەماوە و لەم نەتەوەدا پیاوی خوێندەوار و خاوەن زەوق زۆر بووە و شێخ موحەممەدی «قانع» شاعیری مەشهوور لە نەتەوەی «کابل»ە.

◈◈◈

ڕشتەی حەزرەتی پیر خزری شاهۆ

ئەم زاتە ناوی موحەممەد و مولەققەب بە زەهیرەددین و لە مەدینەی مونەووەرە لەدایك بووە، کوڕی سەیید مەحموودی مەدەنی کوڕی سەیید جەعفەر، کوڕی سەیید حوسەین، کوڕی سەیید مەحموودی مولەققەب بە عاسیم، کوڕی سەیید ڕەحمەتوڵڵاهی مەشهوور بە عارف، کوڕی شێخ مووسا، کوڕی شێخ حوسەین مولەققەب بە سامیت، کوڕی سەیید هیلال، کوڕی سەیید موحەممەد، کوڕی سەیید مینهال، کوڕی سەیید ماجید، کوڕی سەیید عەبدوڕڕەحمان، کوڕی سەیید قاسم، کوڕی شێخ ئیدریس، کوڕی سوڵتان جەعفەر، کوڕی ئیمام عەلی نەقی - رضي الله عنهم أجمعين -.

ئەم زاتە لە دەوری تاریخی (٧٢٠) هاتووەتە کوردستان و ڕێگەی کەوتووەتە «پایگەلان»

لە ناحییەی «ژاوەرۆ» لە نزیك هەورامانی[1] ئەو دیو، لەوکاتا حاکمی ئەو ولّاتە موقەرریبەددین بووە کە ئەویش لە سادات بووە و ئەمیر موقەرریبەددین لەلایەنی «ئەنگیانو»وە کراوە بە حاکمی ئەو ولّاتە و قازی ئەو ڕۆژە قازی موحەممەد نەجیب ناو بووە، میانەی لەگەڵ پیرخزرا باش نابێ و ماوەیێ تووشی ئازاردانی ئەکەن، لە پاشان کە دەرئەکەوێ پیاوێ گەورە و سالّح و موبارەکە، ئەمیر موقەرریبەددین ئەو دێ کە ئێستە مەشهوورە بە ناوی «پیرخزران» و مولّکی خۆی بووە وەقفی کردووە لە حەزرەتی پیرخزر و مەرقەدی پیر خزر لەو دێیایە. ئەم زاتە ئیختیلاف لە ژمارەی ئەولادیا هەیە، بەڵام وا مەشهوورە کە پێنج کوڕی بووە لەو کوڕانە ئەولادیان لە دوا بەجێماوە: سەیید عەبدوڵڵا، پیر ئیلیاس، سەیید موحەممەد حوسەین مەشهوور بە پیر ڕۆستم و... و سەیید موحەممەد کە لە ڕۆژی وەفاتی پیر خزرا لەدایك بووە و بەناوی باوکیەوە بە پیر خزر مەشهوور بووە و لە دێی «سەفاخانە»دا وەفاتی کردووە و لەوێ مەدفوونە.

ئەم زاتە گەلێ ڕشتەی ساداتی کوردستان ئەچنەوە سەر ئەو، یەکی لەم ڕشتانە ڕشتەی ساداتی «چۆڕ»ە کە ئەچنەوە سەر مەلا ئەبووبەکری موسەننیف کوڕی مەلا هیدایەت کوڕی مەلا بیدایەت کوڕی مەلا یووسف جان کوڕی مەلا یەعقووب جان کە لە ئەحفادی پیر خزرە، ئەم ڕشتەیە هەموو لە سولەحا و ئەولیا و عولەمای زەمان بوون و خزمەتی دینیان کردووە، مەلا یەعقووب جان خەلیفەی شێخ زەکەریای مولەققەب بە کەماەددین بووە لە ساداتی شازیلییەی حەسەنی. ئەم زاتە ئەفەرموێ مورشیدم دوعای بۆ کردووم کە تا ئاخری زەمان عیلم لە ناو ئەولاد و نەتەوەتا دەوام بکا و بیلفیعل تا ئێستە وابووە و ئومێد وایە لەمەولایش هەر وابێ.

مەرحووم مەلا ئەبوو بەکری موسەننیف ناوی حەسەن بووە و یەکێ بووە لە زانا بەرزەکان و لە ئەولیا خاوەن نفووسەکانی ڕۆژگاری خۆی، بە ماوەی سەد و چواردە ساڵ لە پاش وەفاتی سەیید ئیبراهیمی کوڕی سەیید عەبدولکەریم بەرزنجی مەشهوور بە «کابل»، یانێ لە تاریخی نۆسەد و سیو حەوتا ڕۆیشتووە[تە] سەر مزگەوتی سوور لە بەرقەڵا و

[١. هەورامان، بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە بە سێ ناوچە و مەڵبەند دابەش ئەکرێ: ١. هەورامانی تەخەت، کە سەر بە شاری مەریوان و سەولّاوایە؛ ٢. هەورامانی لهۆن، کە سەر بە شاری پاوە و هەڵەبجەیە؛ ٣. هەورامانی ژاوەرۆ کە سەر بە شاری مەریوان و سنە و کامیارانە].

«باباخان» ناوێ ئاردەڵانی ئەو مزگەوتەی بۆ تەعمیر کردووەتەوە و لەویا تەدریسی کردووە و کتێبی «وضوح» شەرحی موحەڕڕەر و «ریاض الخلود» و «سراج الطریق» و «آفتاب» ئەم کتێبانەی لەو مزگەوتا تەئلیف کردووە.

وزووح، لە فیقهی مەزهەبی ئیمام شافیعیدایە رَحِمَهُ اللَّهُ و سیراجولتەریق، ئادابی تەریقەت و تەسەووف باس ئەکا و ڕیازولخولوود، گەلێ حیکایات و باسی ڕۆژگاری مەریوان و زرێباری تیایە و ئافتاب، بە فارسی تەئلیف کراوە لە سەر بیست بەحر بە ڕیزی حرووفی هیجا، هەموو مەدح و سەنای پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بۆ پیرۆزی پارچەی یەکە[م] لە کتێبی ئافتاب لێرا ئەنووسم:

بسم اللّه الرحمن الرحیم

آفتاب رخ تو نورِ هُدا — طلعتت شرحِ نصِ «کرّمنا»
اوفتاده به خاکِ درگاهت — جبههی ساکنانِ ارض و سما
آدم ار دَم به مهرِ تو نزدی — کی زدی دم ز «علّم الأسما»
از همهی کائنات مقصودی — گفت «لولاك» خالقِ دانا
ابروانِ تو قاب قوسَیْنند — رمزی از قربِ تُست «أو أدنی»
آیت شرحِ صورتت «یس» — کاشفِ رسمِ سیرتت «طه»
یا نبی رد مکن بضاعتِ ما — سعی فرمای در شفاعتِ ما

وە ئاخری هەموو پارچەیەکی بەم تاقە شیعرەکە هەمووی شعووری مەحەببەت و پەنا هێنانە بە مەقامی فەخری ڕیسالەت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە.

حەزرەتی مەلا ئەبووبەکر، ئەدیبێ نایابی پایە بەرز بووە، ئینسانێکی خاوەن عیلم و عەقڵ و تێگەیشتن و ئەوزاعناس بووە و گەلێ زانایان لە بەردەستیا پێگەیشتوون و ئەم پارچە شیعرەی دواوە لە ئەشعاری ئەون:

چشمه که می‌زاید ازین خاکدان — اشك مقیمان دلِ خاك دان
نرگس شهلا نبود هر بهار — آن‌چه بروید به لب جویبار
چشم بُتان است که گردونِ دون — بر سرِ چوب آورد از گِل بُرون

مەرحووم مەلا ئەبووبەکر زۆر بە ئیحتیرام و ئاسایش ڕایبواردووە، مەگەر لە کاتی هێرشی سوپای قزڵباشیی سەفەویدا گەڵێ تووشی ئازار بووە و هیجرەتی کردووە بۆ قەرەداخ و ماوەیێ لە دێی «سۆڵە»دا ماوەتەوە و لەوکاتا جارێ کەلانەی پیازیان بۆ کردووە ئەویش کە بیری کەلانەی پیچکی کێوی «قەلەبەرد»ی کردووەتەوە فەرموویەتی:

پیچکی تەڕچك جنیاگی دۆڵە　　خاسترە لە پیاز سۆڵیای سۆڵە

هەروا جار بە جارێکیش لە هاتوچۆی جافی ئەو ڕۆژەی شارەزوور بە وڵاتەکەیا و زیانیان بە زەراعەت [گەیاندووە] موتەئەسسیر و دڵمەند بووە[1].

ئەم زاتە لە ئاخری ماوەی ژیانیا مووڵکی «مووشڵە» ("وشکێنی" ئیمڕۆ)ی پەیدا کردووە، پاش ئەوە لەلایەن هەڵۆ خانی برابچووکی تەیموور خانی ئاردەڵانییەوە نیوەی مووڵکی «چۆڕ»ی پێ دراوە، ئەم مووڵکە بە ناوی ئاوی کانییێکی کەمئاوەوە بە چۆڕ، یانێ ئاوی کەم، مەشهوور بووە لە پاش ئەوە ئەو نیوەیە جیا کردووەتەوە و لە وشکێن گوێزاویەتەوە بۆ چۆڕ و مووڵکەکەیشی وەقف کردووە. ئەمە عیبارەتی وەقفنامەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الله الذي له الملك أزلاً و أبداً و الحمد لله حمد من يحمده سرمداً و الصلوة و السلام على حبيبه الذي لا نبيّ بعده و على آله و صحبه و جنده.

أما بعد، فيقول ابوبكر الحسن ابن هداية الله البير خضري: وقفت قرية «چۆڕ» على أولادي فأولادي و أولادي و أولادهم و أحفادهم، ليصرفوا منافعها على أنفسهم و على من عليهم نفقته و على ورّادهم و طلّابهم و فقراء المسلمين و العلماء و الصلحاء، ربنا تقبّل منّا آمين. سجع خاتمه:

[1. وە ئەم شیعرە مەشهوورەی هەیە کە لە تاو عەزیەتی ئەوانا فەرموویەتی:

لوكان في الجنة أكراد جارا　　لتركتُ الجنة و اخترتُ نارا

ئەم شیعرە هەندێ کەس بە هەڵە مانای لێدەدەنەوە و «أكراد» بە کۆی «کورد» واتە: نەتەوە و گەلی کورد مانا دەکەنەوە، بەڵام «أكراد» لێرەدا بە مانا کوردی دەشتەکییە، ئەوانەی کە لە چوار وەرزی ساڵدا خەریکی ئاژەڵداری بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووە و بە هیچ یاسا و ڕێسایەك پێبەند نەبوون، وەك: چۆن «أعراب» لە ئایەتی ﴿الأعراب أشد كفراً و نفاقا﴾دا «أعراب» بە مانا عەرەبی دەشتەکی و بادییەنشینە، کە زۆر ساویلکە و لە هەمان کاتدا ئەهلی نکۆڵ و ملەجڕێ بوون].

دارد شرف سلسله از شاهِ ولایت　　الواثق باللّه حســـن ابن هیدایت

وا مەشهوورە کە مەرحووم مەلا ئەبووبەکر لە مزگەوتی سووڕا بووە و هەڵۆخان ئەو مزگەوتەی بۆ تەعمیر کردووەتەوە، حەتتا خۆم لە ساداتی چۆڕم بیستووە کە بەردێ لە میحرابی مزگەوتەکەدا بووە لێی نووسراوە:

مســـجد عالی هەڵـــۆ خانی　　حیفش اینست می‌شود فانی

لە پاش وێران بوونی مزگەوتەکە ساداتی چۆڕ ئەو بەردەیان هێناوەتەوە بۆ دێی چۆڕ و لە حیکایەتی پێشوودا بە نەقڵ لە «نورالأنوار»ەوە نووسیم کە باباخانی ئاردەڵانی ئەو مزگەوتەی بۆ مەلا ئەبووبەکر تەعمیر کردووەتەوە، «اللّٰهمّ» مەگەر تەعەددودی تەعمیر بووبێ، یەکەم لەلایەنی «باباخان»ەوە و دووەم لەلایەنی «هەڵۆخان»ەوە، «مع العلم» کە هەڵۆخان لە پاش تەیموورخانی براگەورەی بووە بە جێگەدار و هەڵۆخان و وەلەدخان مۆڵکی چۆڕیان تەقدیم کردووە بە مەلا ئەبووبەکر.

هەروەها لە نووروڵئەنوارا نووسراوە کە مەلا ئەبووبەکر لە پێش وەفاتی خۆیا بە چەن ساڵێك دوو شیعری لە تاریخی وەفاتی خۆیا فەرمووە، ئەڵێت:

جنـــان بر روی جانم برگشـــادند　　به جانان مـــژده‌ی وصلم بدادند

ملك تشریف حاضر شد درآن دم　　رقم زد بر وفاتـــم «خیر مقدم»

گۆیا وشەی «خیر مقدم» کە ئەکاتە نۆسەد و نەوەد و چوار (٩٩٤) تاریخی وەفاتی بووە، ئەمە هەرچەن لە فەزڵی خوداوە و لە کەرامەتی ئەولیاوە دوور نییە، بەڵام من خۆم ئێتە خەیاڵم کە تماشای «وضوح» تەئلیفی مەلا ئەبووبەکرم کردووە لە چۆڕا لە ئەووەڵی کیتابی «عتق»ەوە نووسیویەتی لە تاریخی هەزار و چواردەدا دەستم کرد بە نووسینی کیتابی عیتق کە ئاخری کتێبەکەیەتی و زۆر دووڕە ئینسان لە پێش وەفاتی خۆیا باسی مردنی خۆی بە ناو ئەهل و ئەولادیا بڵاو بکاتەوە.

نوختەیێ‌تر هەیە عیبارەتە لەمە کە هەڵۆخان کە زۆر موحیب و خادمی مەلا ئەبووبەکر بووە و مۆڵکی چۆڕی تەقدیم کردووە و مزگەوتەکەیشی لە بەرقەڵا بۆ تەعمیر کردووەتەوە لە تاریخی نوسەد و نەوەد و نۆ (٩٩٩)ی هیجریدا بووە بە حوکمدار، کە وابێ یا ئەو ڕوباعییە

کەلامی مەلا ئەبووبەکر نییە، یا خود لە تاریخی وەفاتی یەکێ لە ئەهل و ئەولادی خۆیا بە زمانی ئەوەوە نووسراوە و ڕاستەکەی ئەمەیە مەلا ئەبووبەکر لە تاریخی هەزار و چواردەدا وەفاتی کردووە لە پاش تەواو کردنی «وضوح». «مع العلم» زوو من نووسیم بە نەقڵ لە نوورولئەنوارەوە کە «وزووح» لە مزگەوتی سوور تەئلیف کراوە. ئەڵڵاهوممە، مەگەر شتێکی لە ئاخرەوە مابێ و لەو تاریخا لە چۆڕا تەواوی کردبێ، جا لەو ساڵەدا وەفاتی کردبێ، - رحمه الله و طاب ثراه -.

بەهەر حاڵ لەم ئیرتیباتاتە ئێمە مەعزوورین؛ چونکە ناشکوری نەبێ تاریخی ئەم زاتانە زۆر تاریکە و بە ڕووناکی بە ئێمە نەگەیشتووە. مەرحووم لە خواری دێی چۆڕەوە دفن کراوە.

وا مەشهوورە کە مەلا ئەبووبەکر گەلێ کوڕی بوون هەموو لەسەر وەسیەتی خۆی و باوك و باپیرەیان بە مەلا مەشهوور بوون، بۆ ئەوە کە هەر بە عیلم و زانیارییەوە شانازی بکەن.

یەکێ لەم کوڕانە مەلا عەبدولکەریم ناو بووە کە لە جێگەی خۆیا دانیشتووە. ئەم زاتە تەفسیرێکی هەیە لە قورئان بەڵام ناتەواوە و بە سێ جوزء گەیشتووەتە سوورەتی «نەحل» و نوسخەی لە «وان» و «باشقەڵا» هەیە، جا نازانم مەلا عەبدولکەریم هیجرەتی کردووە لە مەریوانەوە بۆ ئەوێ؟! یا خود چۆن ئەو تەفسیرە کەوتووەتە «وان»ەوە. ئەڵێن ڕۆیشتووە بۆ وان، هەروا ڕۆیشتووە بۆ «سابڵاخ» و هۆزی سەیید بایەزید سابڵاخ لە نەتەوەی ئەم زاتەن و ئێستەیش پیاویان گەلێ هەیە و بینا لەسەر شەجرەی مەولەوی، جامی چۆڕی کوڕی مەلا عەبدولکەریمە[1].

[١. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیان لە کتێبی «خەزینە» لە باسی «بوداغسوڵتان ـ مەلا جامی»دا نووسیویەتی: بوداغسوڵتان ساڵی ١٠٧٨کۆچی بۆ بەرگری لە هێرشی تورکانی عوسمانی لە لایەن شاسلێمانی سەفەوییەوە کرا بە ئەمیر و ناوچەی موکریان و ورمێ کەوتە ژێر ئەمارەتیەوە، ئەویش شاری سابڵاخ (مەهاباد)ی کرد بە پایتەختی ئەمارەتەکەی. مزگەوتی سووری بنیات ناوە و چاکترین مامۆستای ئەو سەردەمەی کوردەواریی بۆ هێناوە کە بریتی بووە لە مامۆستا مەلا جامی کوڕی مامۆستا مەلا مەحموودی کوڕی مامۆستا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی. مامۆستا جامی تا کۆتایی ژیانی لەو مزگەوتەدا سەرقاڵی تەدریس بووە تا لە ساڵی ١١٣٠هیجری کۆچی دواییی کردووە و هەر لە شاری مەهابادا ئەسپەردە کراوە. ئەم دوو بۆچوونە هەندێ جیاوازی لە ناوەکانیاندا هەیە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئەفەرموێ: مەلا جامی کوڕی مەلا عەبدولکەریمە و مامۆستا ئەحمەدیان ئەفەرموێ: کوڕی مەلا مەحموودە.!].

دووهەم مەلا یووسف جان کە ڕۆیشتووە بۆ «تاوەگۆزی» و ساداتی تاوەگۆزی و سەیید عەبدوڕەحیم (مەولەوی) لە نەتەوەی ئەم زاتەن و جامی چۆڕی لە قەڵاچوالانا مودەڕڕیس بووە، ئەڵێن مەلامورادی بازیان کوڕی جامی چۆڕییە و مەرحووم مەلا قادری مەلای بیارە مەشهوور بە مەلای گەورە کە کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی کانی کەوەییە لە نەتەوەی ئەم مەلا مورادەیە و مەلا موراد لە دێی ڕەشەکانی لە سویلا مەدفوونە و ئەڵێن کە ساداتی «سیرین» و ساداتی چنارەی نزیکی دێی «ئەحمەد برێندە» و شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ [کە] قازی سلێمانییە، لە نەتەوەی ئەم مەلا مورادەن.

سێیەم لە کوڕەکانی مەلا ئەبووبەکر، ناوی مەلا میرزا بووە کە لەسەر جەدوەل دوو کوڕی بووە حەسەن و عەبدوڕەحمان، لە حەسەن جەلال و جەندەل بووە و لە جەلال سەیید عەبدوڵڵای چۆڕی عالمی گەورە بووە و لە عەبدوڕەحمان ئیبراهیم و لە ئیبراهیم عەبدولقادر و لە عەبدولقادر سەیید حەسەنی چۆڕی عالمی گەورە بووە.

مەرحووم مەلا عەبدولکەریم کوڕی مەلا ئەبووبەکری موسەننیف لە تاریخی هەزار و پەنجای هیجریدا موتەوەففا بووە و ئەم دێی چۆڕە لە زەمانی مەلا عەبدولکەریم بەملاوە تا ئێستە هەموو وەختێ پیاوی عالم و زانای لێ نەبڕاوە، سەیید ئیبراهیم ناو لەم نەتەوە عالمێ گەورە بووە. سەیید عەبدوڵڵای چۆڕی کە ماوەییەك مودەڕڕیس بووە لە مزگەوتی «دارالإحسان» لە شاری سنەدا لەم نەتەوەتانێ. حاجی سەیید حەسەنی عەللامەی چۆڕی خاوەنی مودەووەنی سەر حاشیەی عەبدولحەکیم شەرح شەمسی و حاشیەی فەریدەی جەلالی سیووتی لە نەحوا و حاشیەی تەسریفی مەلا عەلی و حاشیەی جەلال مەنتیق و تەهزیبولمەنتیق و غەیری ئەمانەیش و خاوەنی ڕیسالەی کەلامییە لە عیلم کەلام و سیفەتی کەلامدا لەم ڕشتەیەتە و لە تاریخی هەزار و سێسەد و بیست و سێی هیجریدا وەفاتی کردووە و ئەمما موحەممەدی کوڕی حاجی سەیید حەسەن کە یەکە مەلای ڕۆژی خۆی بوو و لە تاریخی هەزار و سێسەد و سیو چوارا وەفاتی کرد لەم ڕشتەیەتە.

◈◈◈

بنەماڵەی مەشایخی کاکۆزەکەریا

بێجگە لە مەرحووم «کابل» کە لە بنەماڵەی ساداتی بەرزنجە بووە و بنەماڵەی پیرخزری کە ساداتی چۆڕلقێ بوون لەوان، هەروا بنەماڵەی مەشایخی «کاکۆزەکەریا»یش دەورێکی بەرزیان بووە لە ناحییەی مەریواندا لە هۆی ئیرشاد و نەشری دینەوە.

لەوکەسانە کە لەم وڵاتانا ئیشیان کردووە و مەشهوورن بە عیلم و مەقاماتی تەسەووف، یەکەم شێخ خالید کوڕی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ تەقییەددین ئەبولحەسەنی شازیلی مەغریبی ـ قدس سره ـ . ئەم زاتە لە تاریخی شەشسەدی هیجریدا هیجرەتی کردووە لە وڵاتی خۆیەوە بۆ کوردستان و واریدی مەریوان بووە، پێنج ساڵ لە مەریوانی ئێستەدا مەشغووڵی ئیرشاد بووە بەڵام نازانم لە کام دێدا دانیشتووە. لەو میانەدا میرزا موحەممەد ناوێ هەمەدانی کە پیاوێکی خاوەن دەستەڵات بووە کوڕێکی گیرۆدەی نەخۆشی «گولی» [(جوزام)] بووە هێناویەتی بۆ خزمەتی شێخ خالید تا دوعای شیفای بۆ بکا، خودا بە لوتفی خۆی دوعاکەی قەبووڵ کردووە و شیفای داوە، جا میرزا موحەممەد لە سوپاسی ئەم بەرەکەتا دێی «هەزارکرە» کە ئێستە مەشهوورە بە «کاکۆزەکەریا» بە پارە کڕیویەتی و بەخشیویە بە شێخ خالید و شێخ خالید گوێزاویەتەوە بۆ ئەو دێیە و لەوێ تەکیە و خانووی کردووەتەوە و خەریکی ئیرشاد بووە و ئەو دێیەش لەوکاتەوە بە «خالدیة» ناوی دەرکردووە. ئەم زاتە لە حەیاتی باپیریا شێخ ئەبولحەسەنی شازیلی لە دایك بووە و لە دێی خالیدییە وەفاتی کردووە و قەبری لەوێیە.

دووەم شێخ سلێمان کوڕی شێخ خالید کە مەشهوور بووە بە سلێمان زاهید و حەیاتی خۆی لە عەینی شوێنا لە خزمەتی دینا بڕانووەتەوە تا وەفاتی کردووە و لە خواری قەبری باوکیەوە دەفن کراوە.

سێهەم شێخ عەبدوڕەحمان مولەقەب بە ئەهدل، کوڕی شێخ سلێمان، کە لە عیلمی زاهیر و باتینا خاوەن پایە بووە و لە عەینی دێدا مەشغووڵی ئیرشاد و خزمەتی دین بووە تا وەفاتی کردووە.

چوارەم شێخ زەکەریا مولەقەب بە کەمالەددین کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی ئەهدل، ئەم زاتە لە عولوومی زاهیرە و لە تەسەووفا تاقانەی زەمانی خۆی بووە و گەلێ خزمەتی کردووە بە دینی ئیسلام و گەلێ موورید لە هەموو لایەکی وڵاتی ئیسلامەوە هاتوون بۆ خزمەتی و پێگەیشتوون و بوون بە خەلیفە و درچوون بۆ ئیرشاد، لەوانەیان کە [لە] وڵاتی کوردستانا بوون ئەمانەن:

یەکەم شێخ عەبدولخالقی شارەزووری کە لە عیلم و تەسەووفا تاقانەی ڕۆژگار بووە؛

دووەم شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی هەورامی کە لە دێی دەگاشێخانی مەریوانا دانیشتووە و لەوێدا ئیرشادی کردووە و نەتەوەی بڵاو بووەتەوە و هەر لەبەر ئەوە کە بنەماڵەی ئەم مەردۆخەییانە لە وڵاتی «شام»ەوە هاتوون ئەو چەمی «دەگاشێخان»[ە] لە زەمانی ئەوانەوە تا ئێستە مەشهوورە بە چەمی «شامیان».

سێهەم پیر ئیبراهیم، کە گونبەز و قەبری وا لە ژووری دێی «سەوڵاوا»[1]وە و ئێستەیش هەنێ نیشانەی ماوەتەوە.

چوارەم مەلا یەعقووب جان کوڕەزای حەزرەتی پیرخزری شاهۆ کە باپیرەگەورەی ساداتی چۆڕە و زۆر خۆشەویستی شێخ زەکەریا بووە.

پێنجەم بابا یەحیای بەرزنجی کە بە دەرەجەی ئیرشاد گەیشتوون و لە زەمانی شێخ زەکەریادا دێی خالیدییە مەشهوور بووە بە ناوی «کاکۆزەکەریا»وە. لە نوورولئەنوارا نەقڵ ئەکا ئەڵێ مەرحووم شێخ زەکەریا مەشغوولی زەراعەت بووە سااڵێ خەرمانێ گەورەی گەنمی ئەبێ لەبەر بێ بایی چەن ڕۆژێ شەن ناکرێ و لە ماڵەوە موحتاجی ڕزق ئەبن، ڕۆژێ حەرەمی شێخ زەکەریا لە خەوا چاوی پێ ئەکەوێ کە شێخ زەکەریا تەوەججوهی لە خەرمانەکە کرد و بە تەوەججوهە ئەو خەرمانە لە «کا» پاك بووەوە، کە لە خەو خەبەری بووەوە تماشای کرد خەرمانەکە پاك بووەتەوە لە کا. جا ڕۆیشت بۆ خزمەتی شێخ زەکەریا و بە لەهجەی ئەو ڕۆژە پرسی لە شێخ: «کا کوو زەکەریا؟» یانێ کای خەرمانەکەمان لە کوێیە؟ لەو ڕۆژەوە دێی «خالیدییە» بە ناوی «کاکۆ زەکەریا» مەشهوور بووە.

[1. سەوڵاوا، لە سەردەمی مامۆستادا هەر ئەو دێیە بووە کە ئێستە پێی ئەڵێن سەوڵاوای ژووروو و کەوتووەتە پشت شاری سەوڵاواوە بە مەودای دوو کیلۆمەترێ].

لە نوورولئەنوارا ئەڵێ شێخ زەکەریا پاش ئەوە کە شێخ عەبدوڕڕەحمانی باوکی شەهید کرا لە خالیدییەوە ڕۆیشت بۆ میسر و لە میسرا مایەوە هەتا خوێندنی عولوومی تەواو کرد، جا تەشریفی گەڕایەوە بۆ مەککەی موکەڕڕەمە و دوو ساڵ لە مەککەدا ماوەتەوە، پاش ئەوە هاتووە بۆ مەدینەی مونەوەرە و سێ ساڵ لە مەدینەدا ماوەتەوە، پاش ئەمە ڕوو[ی] کردووەتە «بوخارا» و لەوێ کەسبی تەریقەتی «طیفوریة»ی کردووە کە ئێستە مەشهوورە بە تەریقەی نەقشبەندییە و لەوکاتا بە ناوی تەیفووریییە مەشهوور بووە. پاش ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ «بەغدا» و لەوێش کەسبی تەریقەتی قادرییەی کردووە، پاش ئەوە لەم دوو تەریقەتا کامیل و موکەممیل بووە، مولەقەب بووە بە «کەمالەددین» پاش ئەمە تەشریفی بردووە بۆ «بەڵخ» قەزائەن لەو سەردەما کچی پادشای بەڵخ (بیبی ئەراك) ناو، شێت ئەبێ ئەیهێنن بۆ خزمەتی شێخ زەکەریا و بە پیرۆزی دوعا و تەوەججوهی ئەوەوە خودا شیفای ئەدات، جا پادشاە ئەم کچەی بۆ مارە ئەکا.

وە لە پاش مودەتێ ئەگەڕێتەوە بۆ وەتەن لە ڕێگەدا کە ئەگاتە شاری «کرمان» حەڕەمی کوڕێکی ئەبێ ناوی ئەنێن بە «نعمت الله» و لەبەر ئەوە کە لە شاری کرمان لە دایك بووە مەشهوور بووە بە شێخ نیعمەتوللای کرمانی و ساڵێ لە کرمان ماوەتەوە ئەمجار هاتووەتەوە بۆ خالیدییە کە مەشهوور بووە بە کاکۆزەکەریا و ئیرشادی موسوڵمانانی کردووە و خزمەتی دینی کردووە بە خزمەتێکی زۆر گەورە و عالەم لە نوورانییەتی بارەیان وەرگرتووە. ئەم زاتە لە تاریخی حەوتسەد و چل و دووی هیجریدا بە دەستی سوپای عەجەم شەهید کراوە و بە ڕووی سوورەوە و دڵی پڕ نوورەوە بە حوزووری خودای «أرحم الراحمین» گەیشت، «طاب ثراه».

ئەم زاتە دوازدە کوڕی لێ بەجێماوە: ١. شێخ نیعمەتوللای وەلی؛ ٢. بابا عەلی کە لە کاکۆزەکەریادا مەدفوونە؛ ٣. شێخ حەسەن کە لە «سوورکەوڵ» مەدفوونە؛ ٤. شێخ موحەممەد شەریف مەشهوور بە شێخ شەربەتی؛ ٥. پیر یوونسی هەنجیران کە لە «هەنجیران»ا مەدفوونە؛ ٦. ئەمیر تاهیر کەلان؛ ٧. بابا شێخی بێساران؛ ٨. ئەمیر موتەوەککیل کە مەشهوورە بە پیر تەوەککولی گاڕان و لە خواری دێی «بەڵکەڕ»ەوە مەدفوونە؛ ٩. شێخ عەتتار موکەننا بە

بابا زەننوون کە لە دێی «وەنێنە» لە کۆماسیانا[1] مەدفوونە؛ ١٠. شێخ یووسف کە لە چەمی سوورکەوڵ مەدفوونە مەشهووڕە بە «سەوزە پۆش»؛ ١١. پیرموحەممەد ئەمین کە لە دێی «نێزڵ»دا مەدفوونە؛ ١٢. پیر موحەممەد کە هەر لە کاکۆزەکەریادا وەفاتی کردووە.

مەرحووم شێخ زەکەریا لە زەمانی خۆیا گەلێ ئەملاکی دەست کەوتووە بە بەخشین و کڕین، لە جوملەی ئەوانە چەن دێێکە لە ناحییەی پشتڕێ و «کورەوەز» ناویان ئەمەیە: «عەلی هەمدان» [ئاڵی‌هەمەدان] و قشڵاخەکانی و «ئەسفەرنگین» و «بن» و «گاوران» و «وەنێنە» و «گلان» و قشڵاخەکانی و «هەنگەژاڵە» و «لاوێسان» و «بلچەسوور» و «مامۆڵە» و «سوورکەوڵ» لەگەڵ قشڵاخاتیا و «نێزڵ» و «گڵیە» و «بێدەرە» و «چۆیین»، ئەم دێهاتانەی کڕیوە لە میرزا عەبدولکەریم کوڕی میر خالید کوڕی میر ئەحمەدی بابان بە دوو سەد و یەك میسقاڵ ئاڵتوون و شێخ زەکەریاش لە پاش کڕینی و قەبزی ئەملاك و تەسلیمی پارەی عەوەز و تەسەڕوفاتی مالیکانە وەقفی کردوون لە ئەولادی زۆکووری خۆی.

پێنجەم شێخ نیعمەتوڵڵای وەلی مەشهوور بە «کرمانی» لەبەر ئەوە کە لە شاری کرماندا لەدایك بووە و کوڕی شێخ زەکەریایە، ئەم زاتە مەشهووڕە بە کشووفات و گەلێ شتی لێ ئەگێڕنەوە و لە تاریخی هەشتسەد و بسیت و حەوتا لە شاری کرماندا وەفاتی کردووە.

شەشەم شێخ موحەممەد سادق کوڕی شێخ نیعمەتوڵڵا کە عالمێکی زۆر خاوەن پایە بووە کتێبی «قاموس الأنساب» تەئلیفی ئەم زاتەیە.

حەوتەم شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای مولەقەب بە «صامت» کوڕی شێخ موحەممەد سادق کوڕی شێخ نیعمەتوڵڵایە، ئەم شێخ ئەحمەدە موددەتێ لە شاری «جام»دا شێخولئیسلام بووە، وا مەشهووڕە حەوت ساڵ لە شاری جام شێخولئیسلامی کردووە و لە ئاخری عومریا تەشریفی بردووە بۆ حیجاز و لە مەدینەی مونەوەرەدا وەفاتی کردووە.

هەشتەم شێخ عەبدوڕەحمان جامی کوڕی شێخ ئەحمەدی ناوبراو، مەرحووم شێخ ئەحمەد لەگەڵ حەرەمی خۆیا ڕەحمە ناو ئەڕوا بۆ حەج لەوسەرەوە کە تەشریفی ئێتەوە لە شاری ئەسفەهانەوە دێتەوە کە ئەگەنە شاری جام حەرەمی کوڕێکی ئەبێ ناوی ئەنێن

[١. لەوانەیە «کۆماسی» ڕاستتر بێ تا «کۆماسیان»، کۆماسی، ناوچەیەکی بەربڵاوە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەریوانەوە].

عەبدوڕڕەحمان و لەبەر ئەوە ئەم کوڕە هاو ناوی عەبدوڕڕەحمان نووەددینی جامی ئەبێ هەم بە لەقەبی جامی مەشهوور ئەبێ، ئەگەرنا ئەم عەبدوڕڕەحمانە لە دوای عەبدوڕڕەحمانی جامی بووە و لە ئاخری ژیانی باوکیا لە خزمەتیا ئەڕوا بۆ حیجاز، باوکی لە مەدینە وەفات ئەکا، جا شێخ عەبدوڕڕەحمان ئەگەڕێتەوە بۆ وەتەنی ئەجدادی خۆی و لە کاکۆزەکەریا ئەمێنێتەوە تا وەفات ئەکا. ئەم عەبدوڕڕەحمانە لەقەبی ڕۆکنەددین بووە و کتێبی «فەرز و سوننەت» کە مەشهووڕە بە تەئلیفی جامی، تەئلیفی ئەم شێخ عەبدوڕڕەحمان ڕۆکنەددینەیە کە وەکوو وتمان مەشهوور بووە بە جامی نەك تەئلیفی مەولانا عەبدوڕڕەحمان نووەددین کە مەشهووڕە بە مەولانای جامی - قدس سرە - .

شێخ عەبدوڕڕەحمان ڕۆکنەددین کاکۆزەکەریا نازناوی شیعری «سەیید»ەو گەلێ تەئلیفاتی بووە «فەرز و سوننەت» یەکێکە لەو تەئلیفانە کە لە ئەووەلّی ئەمەیە:

حمـــد بی‌حـــد خـــدای یکتا را　　آن‌کـــه جان داد عقل و دین ما را

شێخ عەبدوڕڕەحمان لە تاریخی هەشتسەد و نەوەد و حەوتا لە کاکۆزەکەریادا وەفاتی کردووە.

نۆهەم شێخ ڕەزا مولەققەب بە موعینەددین کوڕی شێخ مووسا کوڕی شێخ مەحموود کوڕی شێخ یووسف کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمان ڕۆکنەددین، ئەم زاتە پیاوێکی بەرز و خاوەن ڕیازات و ساحیب تەسەووف بووە، بەڵام عوزلەت و بێدەنگی ئیختیار کردووە، سەیید عەبدولعەزیز [(سەیید عەبدوسسەمەد)] لە «نوورولئەنوار»ا ئەڵێت: چاوم پێ کەوتووە بە خەتی خۆی لە پشتی کتێبی «أذکار الأذکار»ا نووسیویەتی:

دشـــمنان جهان به مذهب من　　دوســـتانند و دوســـتان دشمن

وە ئەڵێت هەم چاوم پێ کەوتووە بە خەتی خۆی لە پشتی کتێبی «ئەزکار»ی نەوەوی نووسیو[یە]تی:

هرچه داری گنج و مال و خان و مان　　جمله را بفروش و أذکاری ستان

ئەم زاتە لە عولوومی زاهرەیشدا خاوەن بەهرە بووە و ئیجازەی تەدریسی عولوومی لە خزمەتی حەزرەتی شێخ ئەحمەدی ئیبنی حەجەر ڕَحِمَهُ اللَّهُ وەرگرتووە و عیبارەتی ئیجازەنامەکەی ئەمەیە:

الحمد لله رب العالمين، ربِ إذا أراد بعبد خيراً فقّهه في الدين و ألهمه رشده و الصلوة و السلام على سيدنا محمد الذي لا نبي من بعده و على آله و صحبه و أتباعه و حزبه.

أما بعد، فيقول راجي عفو ربه الأكبر أحمد بن حجر: لما تدرس عندنا أفضل السادة الحسنيّين الشيخ رضا الكردي الكاكوزكريائي تجاه المسجد الحرام مدة مديدة و قرأ كتباً عديدة حتى بلغ بفضل الله حد النهاية، فساغ له أن يتمكن على سجادة التدريس للهداية، فأجزته أن يدرّس و الله هو المعين و به نستعين و صلى الله على سيد المرسلين و على آله و أصحابه أجمعين و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

ئەم زاتە گەلێ تەئلیفی هەیە و ئەربەعینییەیێکی لە سەحیحەین موسلم و بوخاری ئینتیخاب کردووە لە «نوورولئەنوار»ا نوسخەی نووسراوەتەوە وکتێبی «مسلك السالك» لە باسی ئادابی تەریقە[تی] نەقشبەندییە و قادرییە و شازیلییە و ڕەفاعییە وکوبرەوییە و خەلوەتییە و لوائییە و چەشتییەدا تەئلیفی ئەوە و تەریقەی نەقشبەندییە لە ناو ئەم زاتانا دائیر بووە.

دەهەم شێخ «رضي الدين» کوڕی شێخ ڕەزا موعینەددین، ئەم زاتە لە خزمەتی باوکیا لە هەردوو عیملی زاهیر و باتینا سەرامەد و موجاز بووە و لە پاش ئەوە کە لەسەر سەجادەی ئیرشاد دانیشتووە وەختی بە تاعەت سەرف کردووە، بەم تەرتیبە لە تولووعی فەجرەوە هەتا هەتا[و]کەوتن لە پاش سوننەتی سوبح و نوێژی فەرزی سوبح مەشغوولّی ئەوراد و ئەزکاری موعتادەی خۆی بووە، پاش ئەوە مەشغوولّی تەدریسی بووە تا نیوەڕۆ و لە پاشی نیوەڕۆ مەوعیزەی موسوڵمانانی کردووە هەتا عەسر و لە مابەینی عەسر و مەغریبدا تەعلیمی تەریقەی کردووە بە موریدەکان، لە پاش مەغریب ئیفتاری کردووە، ئەمجار مابەینی مەغریب و عیشای بە ئەوراد ئیحیا کردووەتەوە. ئەم زاتە کە وەفاتی کردووە تەنها کوڕێکی بووە کە بریتییە لە حەزرەتی شێخ شەهابەددین.

یازدەهەم شێخ شەهابەددین کوڕی شێخ ڕەزییەددین، ئەم زاتە «فخر العلماء العاملين و قطب العارفين» بووە لە خزمەتی مەرحووم باوکیا لە عیلمی زاهیر و باتینا پێگەیشتووە و لە عومری بیست و دوو ساڵیدا مەشغوولّی ئیرشاد بووە لەسەر ئادابی تەریقەتی نەقشبەندییە، ئەم زاتە لە هیممەت و سەخاوەت و فەساحەت و شوجاعەت و ئیستیجابەی دوعا و وەرع و زوهد و تەقوا و خزمەتی دینا نادرەی [دەوران بووە].

سەیید عەبدولعەزیز [(عەبدوسسەمەد)] لە نووروللەنواردا ئەڵێت ڕۆژێ لە خزمەتی حەزرەتی شێخ شەهابەددین ئوستاز و مورشدما بووم قورئانخوێنێ قورئانی ئەخوێند لە سووڕەتی یاسین و ئایەتی﴿وَ خَلَقْنا لَهُمْ مِنْ مِثْلِهِ ما یَرْکَبُونَ﴾ی خوێندەوە و لەو کاتا شێخ شەهابەددین چاوی بە یەکا نابوو، لە پاش تیلاوەتەکە سەری بەرزکردەوە فەرمووی: یا لەلعەجەب لەم ئایەتا عەجائیباتێ ئێتە بەرچاوم کە لەمەولا پەیدا ئەبن، ئەم حادیسە لە دەوری تاریخی هەزار و شەستدا بووە.

مەرحووم شێخ ڕەزییەددین باوکی شێخ شەهاب لە زەمانی شاه عەباسی سەفەویدا مەشغوولی ئیرشاد بووە و مەرحووم شێخ شەهابەددین لە تاریخی هەزار و سێدا لە دایك بووە و لە تاریخی هەزار و حەفتا و دووداوەفاتی کردووە یانێ عومری شەست و نۆ ساڵ بووە.

مەرحوومی شێخ شەهابەددین زەوقی شیعر و ئەدەبی بووە و بە زمانی گۆرانی ئەو ڕۆژە شیعری فەرمووە، بۆ نموونە ئەم دوو پارچە لەم کتێبا ئەنووسین.

یەکەم ئەم پارچەیەتەکە لەکاتی سلووکی تەریقەتا لە خەودا بە خزمەتی حەزرەت صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشتووە و لە پاش بێدار بوونەوە باسی خەوەکەی ئەکا و ئەفەرموێت:

جەمالێـــوەم دیـــەن یـــاران تەعـــالا ســـونعی ڕەببانـــی
مەلایك یـــا پەریزادەن موشـــەککەل شـــەکلی ئینســـانی

یەدەینش چوون یەدی بەیزا، دوو ئەبرۆش نەقشی «بسم الله»
دوو دیدەش نەرگســـی شـــەهلا وە «مـــازاغ البصر» خوانی

بە عاریز مەشـــعەلی تـــوورەن، بە باڵا شـــەمعی کافوورەن
جەبینـــش مەتلەعی نـــوورەن، بە ڕوو ئەفواجـــی نوورانی

بە گۆنا یووســـفی چاهەن، بە خەت خزر و بە ڕوخ ماهەن
بە لەب عیســـا مســـیحاهەن، مەبەخشـــۆ ئـــاب حەیوانی

بـــە دندان شـــەککەر و قەند و بـــە باڵا شـــۆخ دڵبەندەن
هـــەزار دڵ پێش ئەرامەندەن، یەکێ چـــوون پیری کەنعانی

جە دەفتەرخانەیی شـــاهیش هـــەزاران ســـەد مەزارانەن
نییەن مەیلـــش جە کەس پەرســـۆ عێراقی یا خوراســـانی

دوو موشکین قەوسی ئەبرۆشەن، ڕەدایی دڵبەریش دۆشەن
«شـــەهاب»ش پەی سیاپۆشـــەن، خودا وینۆش بە ئاسانی

دووەم پارچەیان لە کاتێکا کە لەشکری قزڵباش هاتوون بۆ کوردستان و گەیشتوونەتە کاکۆزەکەریا و تاڵانیان کردووە و لە پاشا ڕوویان کردووەتە ئەترافی هەنجیران، لە شکات و پەنا بە ڕۆحانیەتی «پیر یوونس»ی هەنجیرانا فەرموویەتی بۆ ئەوە کە ئەو سوپا بفەوتێ، ئەڵێ:

پیـــر یۆنـــس هانا! پیـــر یۆنـــس هانا — مەزڵوومـــان دایـــم لا تۆشـــەن هانـــا
نەبیرەی ئەکـــەرەم شـــاهی مەردانی — فەرزەنـــد دڵبەنـــد شـــێخ زەکەریانی
پـــەی وایەمەندان عەجـــەب دەربانی — چوون شـــێری کەمین حـــازر مەیدانی
ئینتیقـــام ســـوککان بابـــای ئەکرەمت — بە شـــەپۆل کیـــن قەلبـــی قولزەمت
بستان جە لەشکەر عەجەم بێئەندێش — نمـــازی یەکێ بشـــۆ وە جـــای وێش
شەهاب، هەرچی هەن نەسڵی ڕەسوولەن — زوڕییـــەی تاهیر عەلـــی و بەتوولەن

وا مەشهوورە ئەوسوپایە تووشی نەخۆشی «زەحیری» بووە هەتا گەیشتوونەتە نزیکی دێی «هەنجیران» دوو هەزار کەسیان لێ مردووە و هەزار کەسێکان ئەمێنێتەوە ئەوانیش ئەگەڕێنەوە بە دوای خۆیانا و بە ئازار و دەرد گیرۆدە ئەبن.

◈◈◈

خەلیفەکانی شێخ شەهابەددین ـ قدس سره ـ

ئەم زاتە خەرقەی خەلافەتی کردووە بە بەری نەوەد و نۆ کەسا: سەیید ئیبراهیم، شێخ موحەممەد شیرزاد، سەیید عەبدوڵڵای هەورامی، شێخ فەتحوڵڵای موسڵی، شێخ کەریم بەرزنجی، سەیید عەبدولعەزیز تووداری، سەیید موستەفای نەهرییەیی، شێخ عەبدوڕڕەحمانی مەردۆخی، شێخ ڕەسوولی قەرەداخی، سەیید شەمامەی باینچۆیی، شێخ موحەممەدی ئەباریقی بەغدادی، شێخ ئیبراهیم خورخورەیی، خەلیفە ڕۆستەم «حەوتاشی»، شێخ موستەفای تەختەیی مەردۆخی، سەیید موحەممەد مەولان ئامۆزای

خۆی، سەیید بایەزید سابڵاغی، سەیید ئەحمەدی کوڕی مەلا مووسای تەوەککولی، سەیید مەلا حەمزەی دوونێزی، شێخ حەسەن ئەبولمەعالی موسڵی، شێخ ئەبوو یووسف عەتایی میسری، شێخ موحەممەد زاهدی زەهاوی، شێخ موحەممەدی دیوانی، سەیید هەیبەتوڵڵای تاڵیشی، شێخ عەبدولمەجیدی داغستانی، شێخ مووسا «الگیلانی»، سەیید مەولانا ڕەجەبەددین تایەگۆزی، شێخ ئیمام ملەیی، شێخ موحەممەدی خانەقاهی و شێخ موحەممەدی جوانڕۆیی، شێخ مەحموودی خانەقینی، شێخ عەبدوڕەحیم حافیز دیاربەکری، شێخ سەنەدی سەننوسی، شێخ «عبدالله قماط بن الشيخ محمد بن الشيخ أحمد بن الشيح محمد بن الشيخ أحمد شهاب الدين الرملي»، «السيد أحمد زيني المكّي»، «سيد عبدالله الجليل المدني»، «السيد صلاح الحماتي».

ئەمانە هەموو ساحیبی عیلمی زاهیر و باتین بوون و لەگەڵێ علووما تەئلیفاتیان هەیە، بەڵام باقی خولەفاکان لە عولوومی زاهیرەدا بە قەی ئەمانە دەستیان نییە.

مەلا حەمزەی دوونێزی لە ئەحفادی سلێمانبەگی بانەیە و سلێمانبەگ لە ئەحفادی شێخ عەبدوڕەحمان ڕۆکنەددین کوڕی شێخ ئەحمەدە و [لە] ئەسڵا لە کاکۆزەکەریایین و مووسا بەگی باپیریان لە کاکۆزەکەریاوە ڕۆیشتووە بۆ بانە و باقی ئیختیار دینییەکانی بانە لەم ڕشتە جیان و سەیید نین. تا ئەم شوێنە لە نووروڵئەنوار وەرگیراوە و تاریخی ئەم ڕشتە لە پاش مەرحوومی شێخ شەهابەددین بە ڕەغمی ئەوە کە نزیکترن بە زەمانی ئێمە لەلامان مەعلووم نییە و نازانین عەجەبا هەم پیاوی موڕشید و گەورەیان بووە یا نە، «مع العلم» تا ئێستە لەم ڕشتەیە سادات لە دێی کاکۆزەکەریادا هەردەوام ئەکەن.

لەتیفەیێك: لە بەرابەری دێی گوێزەکوێرەدا شەخسێ هەیە ناوی پیر سلێمانە، لە تاریخی هەزار و سێسەد و هەشتادا لە خەوا چاوم کەوت بە پیاوێ فەرمووی مەلا ئەم دێیە مولکی خاتوون ئامینە ناوێ بووە لە ساداتی کاکۆزەکەریا و شووی کردووە بە پیر سلێمان ناو لە عەینی تائیفە [و] لە پێش پیر سلێماندا خاتوون ئامینە وەفاتی کردووە و وەسیەتی کردووە لەبەرانبەری دێوە دەفنیان کردووە و پاش ئەمە پیر سلێمانیش وەفاتی کردووە و لە نزیکی حەرەمیا دەفن کراوە، «مع أنّهُ» ئێستە ئەو شوێنە هەر بە ناوی پیر سلێمانەوە مەشهوورە - «والله أعلم».

مەبەس لەم دریژەدانە بە باس ئەمەیە کە ناحییەی مەریوان دائیما بە ئاساری ئیرشادی زاهیری و باتینی سادات و مەشایخ و عولەمای گەورە گەورە مونەووەر و موتەئەسسیر بووە و لەم ناوا پیاوی زۆر هەڵکەوتووە، هەروەها لە تاریخی هەزار و دوو سەد و بیست و هەشتەوە لەلایەنی حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و حەزرەتی سیراجەددین عوسمان و ئەولادەکانی وەکوو بەهائەددین و زیائەددین و ئەحفادەکانی وەکوو نەجمەددین و عەلائەددین و حیسامەددین ئیرشادی ئەهلی ئەم ناحییە کراوە.

◈◈◈

زانا ئایینییەکانی ئەم وڵاتە

بێگومان لە بەیاناتی پێشووەوە دەرکەوت کە لە دەمێ زەمانەوە ئەم وڵاتە بە نووری عیلمی باتین و زاهیر مونەووەر بووە و گەلێ عالمی تیا هەڵکەوتووە، بەڵام ئێمە لەم ڕۆژگاری ژیاندا ئەوەی کە لە زەمانی خۆما بووبێ یەکە یەکە نموونەیێ لە باسیان بەیان ئەکەم.

یەکەم، حاجی ئاغا موحەممەدی کوڕی حاجی سەیید حەسەنی عالمی بەناوبانگی چۆڕی، ئەم زاتە لە دەوری تاریخی هەزار و دوو سەد و نەوەد[ی] هیجریدا لە دێی چۆڕ لە دایك بووە و لە پاش تەمیز لە مەدرەسەی خۆیانا قورئانی کەریم و کتێبە وردەکانی خوێندووە، جا دەستی کردووە بە عیلم و لە لای موستەعیدەکانی باوکیا دەرزی خوێندووە، بیستوومە هەر لەوکتێبە عیلمە بچووکانا مەرحووم حاجی سەیید حەسەنی باوکی جاربەجار دەرزی پێ فەرمووە هەروا دەرزی بە باقی براکانی وەکوو سەیید عەبدولقادر و ئاغا حوسەین و مەلا عەبدولکەریم کە برای بوون فەرمووە.

گەلێ قسەی وردی بە منداڵی نیشان داون، مین جومڵە فەرموویەتی: ڕۆڵە ئەگەر یەکێ پرسیاری کرد کە عیلمی نەحو ئوسوول و قەواعیدە و قاعیدە ئەبێ یاساییکی کوللی وەهابێ کە ئەفرادی مەوزووعی نەژمێررێ، «بناء علیه» ئەبێ ئەو عامیلە سەماعیانە کە مەحسوورن وەکوو حرووفی جەر لە مەوزووعی نەحو دەربچن، مەسەلا ناتوانی بڵێیت: «الباء حرف جرّ وکل حرف جرّ یجر اسماً واحداً» چونکی مەوزووع مەحسووڕە و حەرفی جەر هەژدەن. لە جوابا بڵێ: ئەبێ ئەم نەوعە ئوسوولانە هەڵبگیرێتەوە، مەسەلا لە باسی عیلمی حەرفی جەرا بڵێ: «زید في مررت بزید مدخول الباء وکل مدخول للباء مجرور،

فزید مجرور» لەم وەختا ئیعتیراز نایەتە سەرتان، ئەگەرنا ئەبێ هەموو سەماعیاتی مەحسووڕە لە عیلمی نەحو دەربچێ ئەمەیش نابێ.

جار جار بۆ تیژکردنی بیریان سوئالی مەتەڵەگۆنەی لێ کردوون، مەسەلا لە هۆی ئەو خەبەری موبتەداوە کە لە لەفزا دوان بێ و لە مەعنا یەکێ بن و ئەم دوو خەبەرە زەمیر هەڵناگرن:

أصولكم يا معشر الطلاب　　كصولة الأسْد على الرقاب

ما خبـــر برفعتين ينجلي　　و آخر وصـــف بغير فاعل

یانێ ئەو خەبەری موبتەدایە کامەیە کە بە دوو ئیعرابی ڕەفعە ڕوون ئەبێتەوە و ئەو خەبەری موبتەدایە کە وەسفە و فاعلی تیا نییە کامەیە؟ جوابەکەی ئەمەیە:

ذلك حلو حامض يا عيني　　و المُـــزّ يأتي بدل الإثنين

یانێ لە هەرکەلامێکا دوو خەبەری وەسفی وا ببێ کە لە جێگەی یەك خەبەرا بێ وەکوو ئەڵێت: «الرمان حلو حامض» یانێ «الرمان مزّ» ئەوە لە لەفزا هەردوو وەسفەکە مەرفووعن و لە مەعنادا هیچیان زەمیری موبتەداکە هەڵناگرن، چونکی یەکە [یەکە] مەقسوود نین بەڵکوو لەفزی «مزّ» کە مەعنای ئەمانە ئیفادە ئەکا، زەمیری موبتەداکە هەڵئەگرێ.

ئەم زاتە لە خزمەتی باوکیا ئیجازەی وەرگرتووە و لەپاش وەفاتی باوکیا لە جێگەیا تەدریسی کردووە و گەلێ تەلەبەی عولووم ئیستیفادەیان لێ کردووە، بەڵام لە ئاخرییدا تەسەووف بە سەریا غاڵب بوو، چونکی بوو بە موریدی حەزرەتی شێخ نەجمەددینی بیارە و زۆرمەی ژیانی لە خزمەتی ئەوابوو، هەتا لە تاریخی هەزار و سێسەد و سی و پێنجی هیجریدا لە چۆڕ موتەوەفا بوو ـ طاب ثراه ـ.

لە حەرەمی کە ناوی حومەیرا وکچی مەرحووم مەولانا مەلا عەبدولقادری مودەڕڕیسی بیارە بوو دوو کوڕی بوو یەکێ لەوان کە ناوی سەیید عەتائوڵڵایە ئێستە لە دێی چۆڕدا مودەڕڕیس و خزمەتی دین ئەکا[1]، ئومێدم وایە دوعای ساڵحانی بۆ ڕێ کەوتبێ.

[1. مامۆستا سەیید عەتائوڵڵا مەشهوور بە ئاغەعەتای چۆڕ لە ساڵی ١٤٠٦ای هیجری بووەتە مودەڕڕیسی مەدرەسەی ئیمام شافیعی لە دێی دەگاشێخان، و لە ساڵی ١٤١٢ هیجری، کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مامۆستا مەلا ئەبووبەکری موسەننیف لە دێی چۆڕ بە خاك سپێردراوە ـ رحمه‌الله و طاب ثراه ـ].

دووەم، لەو زانایانە مەلا موحەممەد کوڕی حاجی شێخ قادری «ڕەشەدێ»یی[یە،] ئەم زاتە لە دەوری تاریخی هەزار و دووسەد و نەوەدا لە ڕەشەدێ لە دایك بووە و لەوێ دەستی کردووە بە خوێندن و لە پاش ئەوە کە دەستی بە عیلم کردووە بە یاسای ئەو وڵاتە بەو مەدرەسانەدا [کە] لە دەوری خۆیانا بووە گەڕاوە و خوێندوویەتی و پاش ئەوە بووە بە موستەعید تەشریفی ڕۆیشتووە بۆ شاری «کۆیە» بۆ خزمەتی جەلیزادە (حاجی مەلا عەبدوڵڵا) و لە خزمەتی ئەوا ئیجازەی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ مەریوان و لە دێی «بەیەڵە» لە لای حاجی موحەممەد ئەمین‌بەگ بووە بە مودەڕڕیس، بە مەعلوومی کاتی ئەم دامەزرانەی نازانم، بەڵام بە هەنێ بەڵگەدا وا دەرئەکەوێ لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و پازدەی هیجریدا بووبێ و پاش مانەوەی چەند ساڵێ، لەوێ ئەگوێزێتەوە بۆ «بالك» و ئەبێ بە مودەڕڕیسی کەیخەسرەو بەگ و ئەحمەد بەگ و ماوەیێ لەم دێدا تەدریس ئەکا؛ بەڵام وەزعی زۆر بەڕەو بەرزی ئەڕوا و بە هۆی ئیستیعداد و تێکۆشینی خۆیەوە لە موتالەعە و تەدریسا گەلێ تەلەبەی خاوەن ئیستیعداد لە هەموو لایێکەوە ئێن بۆ خزمەتی، مەسەلا لە تاریخی هەزار و سێسەد و بیست و پێنجدا شێخ عەزیزی دۆڵپەموویی کە موستەعیدێ قابیل بوو و مەلا عەلی شێرکوژی و بەعزێ تەلەبەی موستەعیدی‌تر غەیری ئەمانە لە خزمەتیا ئەیانخوێند و لەم کاتا موحەممەد بورهانەددین کوڕی مەرحووم مەلا عەبدوڵڵای دشەیی موفتی شاری سنە واردی بالك بوو و پاش ماوەیێ لەوێ دەرچوو و ڕۆیشت بەڕەو سلێمانییە و لەوێوە ڕۆیشت بۆ ئەستەمبوڵ [و] لەوێ لەسەر خوێندن دەوامی کردبوو تا نیهایەت و لە پاشا داخلی حوقووق ئەبێ و بوو بە موحامی لەم ئاخرا لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتی هیجرییا لە ئەستەمبوڵ وەفاتی کرد.

مامۆستا مەلا موحەممەد لە ساڵی هەزار و سێسەد و بیست و شەشا لە سەر تەڵەب و تەقازای مەرحوومی شێخ عەلائەددین لە بالك گوێزایەوە بۆ «دووڕوود» و بوو بە مودەڕڕیسی خانەقای دووڕوود لە خزمەتی شێخدا. لەم تاریخەوە نیسبەت بە مامۆستا مەلا موحەممەد و نیسبەت بە شێخ [عەلائەددین] «عصر الذهب»ی ئیرشاد و خزمەتی عیلم و دین دەستی پێکرد و لە هەموو شوێنێکەوە تەلەبەی خاوەن ئیستیعداد هاتن بۆ خزمەتی و جاربەجار موستەعیدین ئەگەیشتنە سی‌و پێنج کەس و گەلێ موستەعیدی

باشی وەکوو مەلا ئەحمەدی شەفیق خەڵکی «بلەکە» و مەلا نەسروڵڵای بانەیی و سەیید عەبدولکەریمی بانەیی هەڵووژانی و مەلا ئەحمەدی گورجی و غەیری ئەمانە لە خزمەتیا ماونەتەوە و مەشغوولّی خوێندن بوون.

لە تاریخی هەزار سێسەد و بیست و چوارا[1] مامۆستا مەلا موحەممەد دڵی ئێشا و لە دووڕوود گوێزایەوە بۆ چۆڕ و پاش چەن مانگێ لە چۆڕەوە ڕۆیشتووە بۆ دێی وشکێن و بووە بە مودەڕڕیسی مەرحووم «کاکە حەمە» کوڕی حاجی شێخ مەحیەددین کوڕی زیائەددین و کاکە حەمە لەبەر ئەوە کە خەلیفەی مەرحووم شێخ نەجمەددینی ئامۆزای بووە و ویستوویەتی خزمەتی عیلم و دین بکا زۆر حورمەتی مامۆستا مەلا موحەممەدی گرتووە و خوشکی خۆی بۆ ماڕە کردووە و مامۆستا بە دڵخۆشی مەشغوولّی تەدریس بووە.

«مع الأسف» پاش ماوەیێ لە عەینی ساڵا شێخ موحەممەد رَحِمَهُ اللَّهُ وەفاتی کرد و دنیا بە هۆی جەنگی یەکەمەوە ڕووی کردە خراپی و وێرانی، جا پاش چەن مانگێ مامۆسا مەلا موحەممەد لە وشکێن باری کرد بۆ دێی «ڕەزاو» و لەلای حوسەین خان و مەجید خانی برایا مایەوە و گەلێ تەلەبەیان بۆ ڕاگرت و خزمەتیان کرد بە خۆی و مەدرەسەکە تا لە پاییزی ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و حەوتا وەفاتی کرد ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ عومری لە دەوری چل‌و حەوت ساڵا بوو. ئەم زاتە زۆر مەلا چاك بوو و گەلێ تەدریسی کرد و گەلێ کتێبی جوانی ڕیازی و مەنتیقی بە دەستی خۆی نووسیوەتەوە و تەحشییەی کردووە. پاش وەفاتی خۆی دوو کوڕی لێ بەجێ‌ما موحەممەد سەعید و ئەسعەد، موحەممەد سەعید لەسەر خوێندن دەوامی کرد تا لە خزمەت کاکەحەمەی «بێلوو»دا ئیجازەی وەرگرت و لە دێی «ڕەشەدێ»دا بوو بە مودەڕڕیس، «مع الأسف» ئەمیش بە جوانی وەفاتی کرد . هەروا ئەسعەدیش بە جوانی موتەوەففا بوو ئیتر نازانم ئەم کوڕانە ئەولادیان لێ بەجێ‌ماوە یا نە.

سێهەم، حاجی مەلا عەزیزی مەلای دەرەتفێ، ئەم زاتە کوڕی سلێمان ناوێ هەرگێنەیی

[1. لەوانەیە ئەم میژووە هەڵەی تیا کرابێ؛ چونکە لە چەند دێر پێشتردا فەرموویان: مامۆستا مەلا موحەممەد لە ساڵی ١٣٢٦ بووە بە مودەڕڕیسی دووڕوود، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ ساڵی ١٣٢٤ لە دووڕوود گوێزایەوە، کە گوێزانەوەکەی دوو ساڵ پێش هاتنەکەیەتی. دەبێ ڕاستەکەی ساڵی گوێزانەوەکەی ١٣٣٤ بێ، یانێ هەشت ساڵ مودەڕڕیس بووبێ لە دووڕوود، یان ئەو دوو تاریخە جێیان گوڕاوە، واتە ساڵی ١٣٢٤ بووە بە مودەڕڕیسی دووڕوود و ساڵی ١٣٢٦ گوێزاویەتەوە].

بوو باوکی ئینسانێکی کاسب بووە و ئەم کوڕەی لەبەر خودا ناوەتە بەرخوێندن و لە مەدرەسەی ناوخۆدا خوێندوویەتی و لە خزمەتی مەرحووم مەلای پێنجوێنیدا ئیجازەی وەرگرتووە و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و [...] هاتووەتە دەرەتفێ بووە بە مەلا.

ئەم زاتە پیاوێکی سەرو سیما جوان و میهرەبان و ژیر و خاوەن ئەخلاق بوو لەبەر ئەم سیفەتانە گەلێ لە ناو بەگزادە و ڕەعایای وڵاتەکەدا خاوەن حورمەت و ئیعتیبار بووە. بیستوومە لەو ڕۆژانە کە حاجی سەیید حەسەنی چۆڕ لە قەڵای مەریواندا شێخولئیسلام [بووە] لەسەر هەنێ مەسائیلی شەرعییە ویستوویەتی تەکدیری بکا و ناردوویە بە شوێنیا لە دەرەتفێوە هاتووە بۆ قەڵا بە تەسادوف لەو ڕۆژا ئەو ئێت بۆ قەڵا حەزرەتی شێخ زیائەددین لە بیارەوە دێ بۆ مەریوان و واریدی قەڵا ئەبێ و ئەبێ بە مانیعی تەکدیری و بە حورمەت ئەگەڕێتەوە بۆ دەرەتفێ، ئەمەش هەر ئەبێ بە زیادە پایەیێك بۆ زیائەددین و ئەبێ بە مایەی ڕەواجی حاجی مەلا عەزیزیش.

حاجی مەلا عەزیز پاش ئەوە ئەبێ بە مەلا لە دەرەتفێدا «نازەنین» ناوێ کچی ڕەزای میرزا خەڵکی دێی «کەڵەوێنجە» مارە ئەکا و لەم ژنە کوڕێکی بوو ناو[ی] عومەر بوو، بەڵام ئەم ژنە لە لای دانەنیشت و حاجی مەلا تەڵاقی دا. لە پاش ئەم ژنە کچی حەمە سەعید بەگی دەرەتفێی مارە کرد و لەم ژنە چەن منداڵێکی بوو. بە ئیعتیبار و حورمەت مایەوە تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و سیو حەوتی هیجری لە دەرەتفێدا وەفاتی کرد - رحمەالله و طاب ثراه - و عومری لە دەوری شەست و حەوت ساڵا بوو.

چوارەم، حاجی مەلا عەبدوڵڵای کانیسانانی، ئەم زاتە لە خزمەتی مەلای بیارەدا ئیجازەی وەرگرتووە و لە کانیساناندا مودەڕڕیس بووە و مەلایێکی قابیل و مودەڕڕیسێکی خاوەن سەعی و ئیهتیمام بوو و موریدی حەزرەتی شێخ نەجمەددین بوو. لە ساڵی هەزار و سێسەد و سیو چواری هیجریدا لە کاتی جەزبەدا لە بان داکەوت و لە عومرێکی چل و پێنج ساڵیدا وەفاتی کرد - رَحِمَهُ اللهُ -.

پێنجەم، مامۆستا مەلا حامیدی مەلای «ئەسراوا»، ئەم زاتە لەگەڵ مەلا غەفووری برایا لە ناحییەی ژاوەڕۆوە لە دێی «ژنێن» و «ئاریان»ەوە هاتبوونە خوارەوە بۆ مەریوان. مەلا غەفوور لە «نژمار» مەلا بوو و مەلا حامید لە «ئەسراوا» بووبوو بە مەلا. مامۆستا

مەلا حامید دەستە مەلا بوو تا جامی و سیووتی بە دەرز ئەوتەوە و بەس، بەڵام پیاوێکی قسەخۆش و میهرەبان و ژیر بوو، خوشکی حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی «سەڵەسی»[ی] ماڕە کردبوو کە ناوی «پەسەند» بوو، لەم ژنە دوو کوڕ موحەممەد و عەبدوڵڵا و دوو کچ عەدلە و عەینا ناوی بوو. موحەممەد بە جوانی وەفاتی کرد، عەدلەی کچی شووی کرد بە مەلا موستەفای «لەنجاوا» کوڕێکی ئەسعەد ناوی لێ بوو پاش ئەوە وەفاتی کرد، عەبدوڵڵای کوڕی ماوە، لە دەوری «ساوجی» مەلایە و خەبەری عەینا نازانم ماوە یا نە.

مامۆستا مەلا حامید زۆر لە قسەدا زەللەی ئەکرد، ڕۆژێ مەحموودخان بۆ ئیشێ ئەڕوا بۆ ئەسراوا ئەویش لە مەجلیسا ئەفەرموێ بە شێخەکانی ئەسراوا: مادام ئێستە مەحموودخان تەشریفی کێشاوە بۆ ئێرە و زەحمەتی هاوردووە ئەبێ لە ئەمری دەرنەچن.

ڕۆژێتر بە پیاوێکی «سەوزە» ناو ئەڵێ: سۆفی مەوجە ئەو سەوزەمە پیا بدە با تۆزێ چاوێ گەرم بکەم. مەخلەس لەم بیچمە قسەخۆشانەی زۆر بووە.

مەلا غەفووری برای دوو کوڕی بووە مەلا موحیەددین و مەلا عەبدوڵڵا. مەلا عەبدوڵڵا بە جوانی وەفاتی کرد و مەلا موحیەددین ڕۆیشتووە بۆ خزمەتی پیری «قەرەچیاوار» شێخ حەسەن ـ قدس سره ـ تەریقەتی وەرگرت و مایەوە تا بوو بە خەلیفە و لە عەینی وڵاتا ژنی هێنا و دوو کوڕی بوو نووردین و فەخرەددین پاش ئەوە وەفاتی کرد ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ .

مامۆستا مەلا حامید ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و سیو دوودا لە ئەسراوا وەفاتی کرد ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ .

حیکایەتێکی خۆش بۆ ڕابواردن:

مامۆستایێکی فارسیزانی ئەدیب لە مەریواندا بوو ناوی مەلا ئەحمەد بوو و خەڵکی دێی «چاژ» بوو لە ناحییەی شلێر. مەشهوور بوو بە مەلا ئەحمەدی چاژی، ئەغلەب وردە منداڵی ئەو وڵاتە لە خزمەتی ئەوا بووبێ تا ئەندازەیێ مەعریفەت و ڕشدی پەیدا کردووە چونکی لە تەعلیم و تەربیەتا زۆر ناجیح بوو. خۆی گێڕاویەتەوە ڕۆژێ لە مزگەوتی ئەسراوادا لە پشتی مامۆستا مەلا حامیدەوە نوێژی عەسر بە جەماعەت دائەبەستێ پاش دابەستنی نوێژەکە ئەکەوێتە خەیاڵەوە، گۆیا بیستوویەتی لە شاری مووسڵدا زۆر تالیبی موعەللیمی فارسین، ئەمیش بە خەیاڵ ئەڕوا بۆ مووسڵ و ئەبێ بە موعەللیم و پاش چەن

ساڵێ پارەیێکی زۆر پێکەوە ئەنێ و ژن ئێنێ و لە پاش ژنهێنان ئیشتیاقی وەتەن هەڵی ئەگرێ و لەگەڵ عائیلەکەیا ئێنەوە بۆ کوردستان تا ئەگەنە دەشتی قزڵجی لەویا شەویان بەسەرا ئێت و وەختیش سەرپەڵەیە، جا لە ترسی سەرما ئەڕۆنە خەرمانە بەڵمێکەوە و لەناو بەڵما لەگەڵ ژنەکەیا خۆیان دائەپۆشن بە بەڵم بۆ ئەوە کە ئەو شەوە سەرمایان نەبێ، لەو کاتا یەکێ ئەڵێ: «السلام علیکم و رحمة الله»، مامۆستا مەلا ئەحمەد لە دەنگی سەلامدانەوەی مامۆستا مەلا ئەحمەد[1] دائەچڵەکێ ئەوجا ئەزانێ کە ئەو لە نوێژا بووە و خەیاڵ بردوویەتەوە و تووشی ئەم ماجەرایە هاتووە، قەدرێ بەخۆی پێئەکەنێ و هەڵئەسێ نوێژەکەی ئەکاتەوە.

شەشەم، حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی «سەڵەسی»، ئەم زاتە لەگەڵ مەلا سلێمان و مەلا موحەممەد ئەمینی برایا خەڵکی قزڵجە بوون و لە پاش ئەوە کە لە خزمەتی مەلای پێنجوێنیدا ئیجازەی وەرگرتووە هاتووە لە دێی «کانیمیران» بووە بە مەلا، لەو سەردەما تەسادوف لە سەفەرێکدا حەزرەتی شێخی زیائەددین ڕێی ئەکەوێتە کانیمیران کە نزیکی مەدرەسە و حوجرەی فەقێکان ئەبێتەوە لە وڵاغەکەی دائەبەزێ و چەن دەقیقە لە بەرابەری حوجرەی فەقێکانەوە دەستەونەزەر ڕائەوەستێ، ئەوسا ئەڕوا دەستی مەلا و فەقێکان ماچ ئەکا، ئەم وەزعە زۆر ئەبێ بە هۆی ئەوە کە بەگزادە و میللەتی مەریوان حورمەتی مەلا و فەقێ بگرن و لە پاش ئەوە گەڵێ شوێنی وا کە مەلایان نەبووە مەلایان ڕاگرتووە.

پاش ماوەیێ حاجی مەلا عەبدوڕەحمان لە کانیمیرانەوە گوێزاویەتەوە بۆ «بەیەڵە» و لە پاش چەن ساڵێ لە بەیەڵەیش ئەگوێزێتەوە بۆ «سەڵەسی» و لەوێدا دائەمزرێ و بەقەی ویسعەتی خۆی مەشغووڵی تەدریس و ئیمامەت و خزمەتی دین ئەبێ.

ئەم زاتە لە تاریخی هەزار و دووسەد و نەوەدو حەوتا لە جیهادی «قارس و بایەزید»ا حازر بووە و لە پاش هاتنەوە لەو سەفەرە سەفەری حەجی بەیتوڵڵای بە نسیب بووە.

خولاسە ئینسانێکی ساڵح و عالم و پیاوێکی خانەدان بوو و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و سیدا وەفاتی کرد لە عومرێکی نزیك بە شەست و پێنج ساڵ یا تۆزێ زیاتر.

[1. مەبەست مەلا حامیدە بە هەڵە مەلا ئەحمەد دووپات کراوەتەوە، چونکە چەند دێڕ پێشتر فەرموویان: مەلا ئەحمەد لە مزگەوتی دێی ئەسراوا لە پشت مەلا حامید نوێژی عەسر ئەخوێنێ].

لەپاش خۆی دوو کوڕی لێ بەجێما: مەلا سەعید و مەلا عەلی، مەلا عەلی لە ئاخرمادەدا لە فەقێتیدا لە دەوری سەقز وەفاتی کرد بەڵام مەلا سەعید بەرحەیاتە و ئێستە لە «قەڵا»دا کاسبی ئەکا و دووکانی هەیە . ئەم کوڕانە هەردوویان لەلا[ی] من زۆر خوێندوویانە.

حاجی مەلا عەبدوڕەحمان باسی ئەوەی کردووە کە خزمی ئێمەیە لەلایەنی دایکی باوکمەوە.

قسەیەکی ورد:

ئەڵێن وشەی «سەڵەسی» وەرگیراوە لە «سێڵاوزی» بە لامی گەورە، بە مانا چەمێ کە لە کاتی لافاوی بەهار و پاییزا ئاوی هەیە و لە کاتەکانیترا وشکە.

یادی شتێکی جوان:

لە دێی سەڵەسیدا شێخ مارفی خاونەرگس بوو زۆر دەنگی خۆش و بە زەوق و سۆز بوو بە تایبەتی بە نەزمی قەتار و ئەڵاوەیسی[1] جاربەجارێ ئەشعاری مەولەوی ئەخوێندەوە ئینسانی بە تەئسیری ئەو دەنگ و زەوقە تێك ئەدا ـ رحمه الله ـ .

حەوتەم، مەلا ئەحمەدی ڕەشەدێ، ئەم زاتە دەستە مەلاییکی موناسب و پیاوێکی سالّح و خاوەن ئەخلاق بوو لە خزمانی حاجی مەلا عەزیزی بالیکەدەری بوو، لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و سیدا لە ڕەشەدێ وەفاتی کرد ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ .

هەشتەم، مەلا موحەممەد ئەمین بانەیی چێچۆرانی، ئەم زاتە زۆر مەلایێ باش و زۆر سالّح بوو، زۆرکەس بە یەکێ لە ئەولیائوللّایان ئەژمارد، لە خزمەتی مەلای پێنجوێنیدا ئیجازەی وەرگرتبوو و مودەتێ لە دەوری خۆیانا لە بانە بووە پاش ئەوە بوو بە مەلای شێخ حسینی «چرچەقەڵا»، پاش ئەوە هات بۆ دێی «ڕەشەدێ» و بوو بە مودەڕڕیس و گەلێ تالیب ئیستیفادەیان لێکرد و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجادا لە ڕەشەدێ وەفاتی کرد.

نۆهەم، مامۆستا مەلا عەبدولواحید کوڕی مەلا عەبدوسسەمەدی هەجیجی، ئەم زاتە لەنەتەوەی مەرحووم «مەلاجانوللّا»ی هەورامییە کە بەعزێ بە سەییدیان ئەژمێرێ.

[1. قەتار و ئەڵاوەیسی: دوو مەقامی کۆنی کوردین].

مەلا عەبدوسسەمەدی باوکی وەختی خۆی کە تەواوی کردووە بووە بە ئیمام و مودەڕڕیس [لە] بالك و چەن ئەولادی بووە: مەلا عارف و میرزا ڕەشید و مەلا عەبدولخالق ئەمانە لە ژنێ و موحەممەد و ئەحمەد و مەلا عەبدولواحید ئەمانەیش لە ژنێ و خزمایەتی نزیکیان لەگەڵ حاجی مەلا موحەممەد سادقی شێخەکوێرەدا هەیە و هەردوولایان لە ڕیشەیێکن.

مامۆستا مەلا عەبدولواحید لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی و یەکدا لە بیارە ئیجازەی وەرگرتووە و هاتووەتە مەریوان و بووە بە مودەڕڕیس و ئیمامی «گوێزەکوێرە» و لە پاش دامەزرانی، تەلەبەی لێ گرد بووەوە و بە هۆی موناسەبە و سەداقەتی لەگەڵ باوکما، منیش ڕۆیشتم بۆ خزمەتی و خۆی «بالذات» دەرزی ئەفەرموو پێم و سەعی و کۆششی ئەکرد لە تەعلیم و تەربیەما، ئەنموزەج و ئیزهار و تەسریف مەلاعەلی و وەزع و ئیستیعارە و جامی هەتا باسی تەمیز و بەعزێ لە سیووتیم بە دەرز لە خزمەتیا خوێند و زۆر دەرزەکانی بۆ من بەسوود بوون و گەلێ ئیستیفادەم لە خزمەتیا کرد، ـ جزاه الله عنا خیراً ـ .

ئەم زاتە پاش دامەزرانی، خاتوون شیرین ناو کچی شێخ کەریمی هەنجیرانی مارەکرد، ئەم کچە لەگەڵ سێ برایا: شێخ موحەممەد و شێخ سەعید و شێخ فەرەج ناو لە دێی هەنجیرانەوە لەسەر ناخۆشی ناوی ساداتەکان، مالیان هاتبوو بۆ گوێزەکوێرە.

مامۆستا لەم خاتوون شیرین ناوە کوڕێکی بوو ناوی موحەممەد بوو لە نزیکی تەواوکردنا وەفاتی کرد ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ ، لە پاش وەفاتی ئەم ژنە، ئامینە ناوێ کچی حاجی کاك عەبدوڵڵای مارە کرد کە ساکنی عەینی دێ بوون و [لە] ئەسڵا شارەزووری و خەڵکی دێی «زیڕۆن» و لە هۆزی چوچانی بوون.

لەم ژنە کوڕێکی بوو ناوی ئەحمەدە ئێستە بەرحەیاتە «و لله الحمد» مەلایە لە دەوری میراوادا دائەنیشێ، مامۆستا مەلا ئەحمەد «الواحد» لە تاریخی هەزار و سێسەد سی و حەوتی هیجریدا مالی باری کرد بۆ ئەسراوا و پاش ماوەیێ لە ئەسراواوە باری کرد بۆ دێی «کەڵەوێنجە» و پاش چەن ساڵێ لە کەڵەوێنجەوە باری کرد بۆ دێی «خانمشێخان» لە دەشتی میراوادا و لە تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجادا لەو تاریخا کە من مودەڕڕیس

بووم لە بیارەدا یەك دووجار سەفەری بیارەی کرد و بە خزمەتی گەیشتم و لە دەوری هەزار و سێسەد و پەنجا و چوارا وەفاتی کرد لە عومرێکی دەوری پەنجا سالّا ـ رحمەالله و طاب ثراه و جعل الفردوس مثواه ـ .

رۆژێ لە خزمەتیا بووم کوێخا فەقێ موراد خانی ڕەشەدێ بە میوانی لەوێ بوو، عەرزی مامۆستای کرد: قوربان مەلا ئەحمەدی برازام لەمەوبەر لە شاری سنەوە نامەی ئەنووسی بۆم لە ئەوەڵی نامەکەوە ئەینووسی «صاحبا فدایت شوم»، لەم بەینە پێشووە نامەیێکی هات نووسیبووی: «صاحبا سرورا فدایت شوم»، پاش ئەوە کاغەزێتری هات نووسیبووی: «صاحبا سرورا تاج سرا فدایت شوم» ئەمجار باش تێگەیشتم کە ئەحمەدی برازام دڵی وا بە کچەکەمەوە، منیش بڕیارم داوە پێی بدەم. مامۆستا فەرمووی زۆر باش ئیستینتاجت کردووە و زۆر بەجێیە کچەکەی بۆ مارە بکەی.

لەم چەرخا چەن فەقێیێك خاوەن قابیلیەت لەم وڵاتا بوون وەکوو شێخ موحەممەدی هەنجیرانی و شێخ فەرەج کوڕی شێخ عەلی ڕەشەدێیی کە یەك لە یەك جوانچاکتر و قابیلیەتدارتر بوون و من لە حەیاتما ئینسانی وەکوو ئەم دوو کەسە: (یەکەم لە ساداتی هەنجیران کە کاکۆزەکەریایی و نەتەوەی شازیلین و دووەم لە «کۆنەپۆشی»یە) بە چاو نەمبینیوە، «مع الأسف» هەردوویان بە جوانی وەفاتیان کرد و مەلا ئەحمەدی برازای فەقێ مرادخان و مەلا موحەممەدی کوڕی کوێخا وەسمانی دریّلەیی و مەلا عەبدولقادری کوڕی کوێخا عەلی مەردانی نژماری و مەلا سالّحی حاجی شەریفی کانیسانانی ئەمانە هەموو خاوەن زەوق و دەنگ خۆش بوون، لە مانە دەنگخۆشتر مەلا حەبیبی کوڕی حاجی مەحموودی دەگاشێخانی کە زۆر خۆشەویستی مەرحووم حاجی ئاغە موحەممەدی چۆڕ بوو، ئەم فەقێیانە و ئەمسالیان غالّبەن دیدەنی یەکتریان ئەکرد، جا ئەڕۆیشتن بۆ سەیران و هەڵپەڕکێیان ئەکرد و جارجاریش بەهاران ئەڕۆیشتن بۆ کوێستان لە سەرشیوی مەریوان بۆ دەوری کونەشەمشەم و بۆ کێوی «مێش‌هەڵواز». لە کێوەکانا قارچك و پیچکیان ئەهێنا و خەڵکی دێکان زۆر بە ئیحتیرامەوە میوانداریان ئەکردن و زیافەتیان بۆ ئەکردن و بە ئەشعار خۆندنەوە و زەوق و خۆشی ڕایان ئەبوارد.

کونەشەمشەم:

ئەشکەوتێکە لە نزیکی «گێڵی‌کەران» لە سەرشیوا، ئەم ئەشکەوتە کە ئەڕۆیتە ناوی تماشا ئەکەی وەکوو چەمێ وایە لە ناو شیوەکەیا ئاو هەیە و ئەمبەر و ئەوبەرەکەی تەختە و زۆر دوور و درێژە و زۆر لق و کۆڵان و قوژبنی لێئەبێتەوە قەت کەس نەگەیشتووەتە ئەوپەڕیەوە چونکی بەبێ چرا ئینسان ناتوانێ بڕوا و چرایش مەگەر فانۆسی ئێستە یا چرای کارەبا دەوام بکا. وا دەر ئەکەوێ ئەم شوێنە وەکوو پەناگاە و قەڵاییکی قایم بووە بۆ خەڵك لە ڕۆژی خۆیا و مومکینە ئەگەر کەشف بکرێ ئاساری کۆنی زۆری تیابێ.

لە شێخی بیارەم بیستووە ئەیفەرموو: لە نزیکی کونەشەمشەما ئاوێ هەیە ئەگەر هەوا لێی بدا گورج تەجەمود ئەکا و ئەیبەستی وەکوو سەهۆڵ، بەڵام ئیتر ناتوێتەوە و ئەو ئاوە لەبەر چاوا نییە بەڵام یەکێ تەبێعەتی مەعدەن بناسێ، زوو لەویا ئەیدۆزێتەوە.

دەهەم، مەلا مەحموودی جوانڕۆیی مەلای[1]، ئەم زاتە لە تاریخی هەزار و سێسەد و سیی هیجریدا لە کەرکووکدا لە خزمەتی عەلی حیکمەت ئەفەندی ئیجازەی وەرگرت و هاتەوە بۆ هەورامان و باخەکۆن و لەوێوە بۆ مەریوان و بوو بە موودەڕڕیسی بالك و پاش چەن مانگێ موحەممەد بەگ ناوێ لەوێ کچی خۆی پێدا، لەم ژنە کوڕێکی بوو ناوی عەلی بوو ئێستە لە شلێرا مەلایە.

مامۆستا مەلا مەحموود لە عیلمی ڕیازیاتدا زۆر باڵا بوو و لە سائری علووما مەلاییکی باش بوو و لە فارسیدا وەکوو «کەلیم» و باقی ئەدەبیاتی وردا زۆر مەشهوور بوو. ئەم زاتە لە دەوری هەزار و سێسەد و چلدا لە بالك گوێزایەوە بۆ دەرەتفێ، ئیتر لەوێ لەسەر تەدریس دەوامی کرد تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و پێنجی هیجریدا لە دەرەتفێ لە عومرێکی حەفتا ساڵیدا وەفاتی کرد ـ رحمه الله ـ، ئەم زاتە ئێستە کوڕێکی مەلا موحەممەد ناوی هەیە وا لە شوێنەکەیا مەلای دەرەتفێیە[2].

یازدەهەم، مەلا سلێمانی سەردۆش.

[1. لەوانەیە ئەم وشەی «مەلای»ە زیادە بێ، یان وشەی پاشەوەی نەنووسرابێ کە پێئەچێ وشەی «بالك» یان «دەرەتفێ» بێت؛ چونکە مەلای ئەم دوو دێیە بووە].

[2.مەلا موحەممەدیش (کە بە مەلا موحەممەدی جوانڕوودی ئەناسرا) لە ساڵی ١٤١٩ لە خەستەخانەی مەریوان کۆچی دوایی کرد].

دوازدەهەم، مەلا ڕەحیمی «نێ»، ئەم دوو زاتە کوڕی فەقێ عوسمانی دۆش‌قوبەیین و برایێکی باوکییان بوو ناوی مەلا فەتتاح بوو ئەمیش مەلای دێی «قاینەجە» بوو لە شارەزوورا، ئەم زاتانە بە تایبەت مەلا سلێمان و مەلا ڕەحیم گەلێ خزمەتیان بە دین کرد، چ لە تەدریسا و چ لە نەسیحەت و ئیرشادی موسوڵمانانا.

مەلا سلێمان لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و هەشتا لە سەردۆشدا وەفاتی کرد و مەلا ڕەحیم لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و شەست و سێدا لە «نێ» موتەووەفا بوو و مەلا فەتتاح لە قاینەجە، لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و شەستا لە قاینەجە وەفاتی کرد. لە مەلا سلێمان کوڕێکی مەلا عەبدوڵڵا ناو بەجێماوە لە دەوری شاری پێنجوێندا مەلایە، لە مەلا ڕەحیم سێ کوڕ بەجێماوە عەلی و ئەحمەد و موحەممەد.

مەلا فەتتاح سێ کوڕی هەیە بەڵام ئەولادی ئەم دوانە خوێندەواری عیلمی نین، بەس موحەممەد کوڕی مەلا ڕەحیم بیستوومە قورئانی باش ئەخوێنێ. ئەم مەلایانە خزمایەتییان لەگەڵ ئێمەدا هەیە.

سیازدەهەم، مەلا موستەفا کوڕی مەلا فەتحوڵڵای مەلای «لەنجاوا» ئەم زاتە ئەسڵەن خەڵکی بانەیە لەگەڵ مەلا موحەممەد ئەمینی برایا هاتوونەتە مەریوان، مەلا موحەممەد ئەمین لە دێی «باخان» دانیشتووە و مەشغوولی تیجارەت بووە و کوڕێکی بوو مەلا ئەحمەدی ناو بوو لە پاش وەفاتی باوکیا بە دە دوازدە ساڵ، وەفاتی کرد.

مەلا فەتحوڵڵا لە لەنجاوا دانیشتووە، مەلا موستەفای کوڕی دەستی کردووە بە خوێندن و لە حاڵی موستەعیدیدا ڕۆیشتووە بۆ خزمەتی حاجی شێخ یەحیا لە شاری بانە لەوێ لە مادەی «جمع الجوامع»دا ئیجازەی وەرگرتووە و لە تاریخی هەزار و سێسەد و سیدا هاتەوە بۆ لەنجاوا و بووە بە مەلا، پاش یەك دوو ساڵ باوکی وەفاتی کرد و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و یەکا عەدلەی کچی مەلا حامیدی مارە کرد کوڕێکی ئەسعەد ناوی لێ بوو، لەپاش چەن ساڵێ لە لەنجاوا گوێزایەوە بۆ نژمار و لە تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و حەوتا کە مەرحووم شێخ قادر کوڕی شێخ کەریمی کەسنەزان لە گەرمیان هیجرەتی کرد بۆ مەریوان و لە نژماردا مایەوە، مەلا موستەفا عەلاقەی لەگەڵا پەیدا کرد و بوو بە مەلای شێخ قادر، لەپاش ئەوە کە شێخ قادر لە نژمارا لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد

و چلدا وەفاتی کرد و جەنازەی هێنرایەوە بۆ گەرمیان و شێخ حوسەینی کوڕی گەڕایەوە بۆ «کربچنە»، مەلا موستەفا لەگەڵ شێخ حوسەیندا هات بۆ گەرمیان و پاش چەن ساڵێ لە شێخ حوسەین جیا بووەوە و لە دێیێك لە گەرمیاندا وەفاتی کرد. مەلا عەلی کوڕی لە پاش وەفاتی باوکی بوو بە مەلای «لەیلان» و لەپاش چەن ساڵێ ڕۆیشتە شاری کەرکووك لەسەر مزگەوتی حەسەن مەکی بوو بە ئیمام و خەتیب و لایەزال لەوێیە و ئەسعەدی برایشی هەر لە کەرکووکە.

چواردەهەم، کاکە عەلی کوڕی شێخ عارفی «دۆڵاش» ئەم زاتە لە خزمەتی حاجی سەیید حەسەندا تەواوی کردووە و لە پاش ئەوە هەر لە «دۆڵاش» لەگەڵ براکانی خۆیا کاکە حەمە و بابا ڕەسووڵ و بابا تاهیر و کاکە شێخ و سەیفەددین ماوەتەوە.

ئەم زاتە زۆر ئینسانێکی خاوەن ئەخلاق و ڕەوشت بەرز بوو و لە عیلم و مەعریفەتا باڵا بوو و لەناو ئەهلی وڵاتا بە حورمەت بوو بە تایبەتی لەناو بەگزادەی «نێ»دا زۆر خاوەن قەدر و قیمەت بوو و مەنسووبی مەرحوومی شێخ نەجمەددین بوو ـ قدس سره ـ .

بەڵام نەمبیستووە بە یاسای مەلاکانی مەریوان دانیشتبێ دەرز بە تەلەبە بفەرموێتەوە، غالبەن لەبەر ئەوە بووکە ئیش و کاری ژیانی عائیلە و براکانی مانیع بوو لەوە خۆی جیا بکاتەوە بۆ تەدریس و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و حەوتی هیجریدا لە دۆڵاش وەفاتی کرد ـ رحمه الله و طاب ثراه ـ .

کاکە حەمەی برای پیاوێکی سۆفی مەشرەب بوو و بە حورمەت بوو و بابا ڕەسووڵ هەرچەند مەلا نەبوو بەڵام ئینسانێکی خاوەن سەواد و بە شعوور و عاقڵ و فامیدە بوو، زۆر دۆستی لەگەڵ مندا بوو و لە زەمانی مودەڕڕیسی منا لە بیارەدا زۆر هاتوچۆی بیارەی بوو و لە تاریخی هەزار و سێسەد و شەست و چوارا لە مەریواندا وەفاتی کرد.

پانزدەهەم، مەلا کاکەحەمەی «بێلوو» ئەم زاتە کوڕی مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عەبدوڕڕەحمانە، باوکی لەگەڵ ئەوا کە ئەسڵەن خەڵکی شلێر بووە بەڵام لە دێی ساوجییەکۆن بە مەلایەتی دانیشتووە، کاکە حەمەی کوڕی لەبەر ئەوە کە دایکی لە بەگزادەکانی دێی «کیکن»ە لە مەریوانا لەم دێدا لە دایك بووە لە تاریخی هەزار و هەشتسەد و حەفتا و چواری میلادیدا، ڕێکەوتی ساڵی هەزار و دووسەد و نەوەد و چواری هیجریدا.

لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندن لە پاش خوێندنی قورئانی پیرۆز و کتێبە وردەکان لەلای فەقێکانی باوکی دەست ئەکا بە «عەوامیل»، پاش ماوەیێ بە سیفەتی فەقێتی ئەکەوێتە مەریوانەوە و لە هەنێ مەدرەسەدا ئەخوێنێ جا ئەڕوا بۆ شاری سنە و پاش ماوەیێ لە سنە گەڕاوەتەوە بۆ پێنجوێن و لە خزمەتی مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنیدا شەرحی شەمسییەی خوێندووە و لەوێوە ڕۆیشتووە بۆ سلێمانی و لە مزگەوتی شێخ باباعەلیدا ماوەیێ خوێندوویەتی بۆ جاری دووەم ڕۆیشتووەتەوە بۆ شاری سنە و لە مزگەوتی «شەریعەتمەدار» و «دارولئیحسان»دا نزیکەی ساڵ و نیوێ ماوەتەوە جا ڕۆیشتووە بۆ شاری بانە لە خزمەتی قازی عەبدوڕڕەحماندا مودەتێ خوێندوویەتی و لە بانەوە ڕۆیشتووە بۆ مەدرەسەی تورجانیزادەکان لە سابڵاخ و پاش ماوەیێ لە سابڵاخەوە چووە بۆ شاری «وان» و پاش ماوەیێ لە وان گەڕاوەتەوە بۆ «هەولێر» و لەوێوە ڕۆیشتووە بۆ ڕەواندز و لە خزمەتی مەلا ئەسعەد ئەفەندی خەیلانیدا ئیجازەی وەرگرتووە، لە تاریخی هەزار و هەشتسەد و نەوەدو حەوتی میلادیدا ڕێکەوتی هەزار و سێسەد و حەڤدەی هیجریدا، جا گەڕاوەتەوە بۆ مەریوان. لەم ماوەی فەقێتیا باوکی وەفاتی کردووە کە گەیشتووەتە مەریوان لە ناو خاڵۆکانیا لە دێی «کیکن»دا بووە بە مەلا و لە پاش سێ ساڵ لە تاریخی هەزار و نۆسەد و چواری میلادی[1] ڕێکەوتی هەزار و سێسەد و بیستی هیجریدا لە سەر خواستی «حوسەین بەگ»ی بێلوو لە کیکن ئەگوێزێتەوە بۆ بێلوو و بە وەزیفەی ئیمامەت و تەدریس مەشغووڵ ئەبێ، هەروا لەسەر ئەم شێوە بە دەوامی خزمەتی دین و عیلم و ئەدەب و لەویا دەوامی کردووە و گەلێ ئەهلی عیلم لە خزمەتیا ئیجازەیان وەرگرتووە و لە ساڵی هەزار و نۆسەد و چل و چواری میلادیا ڕێکەوتی هەزار و سێسەد و شەست و سێی هیجری لە تەمەنی حەفتا ساڵییا لە دێی بێلووکۆچی دوایی کرد و لە قەبرستانی بێلوودا دەفن کرا.

مەرحووم مەلا کاکەحەمە ئینسانێکی باڵابەرز و سیما جوان و خۆشخوو و میهرەبان بووە لە هەموو عولوومی دینییەدا بە تایبەتی لە عیلمی بەلاغەدا بەرز بووە و تەبیعەتی ئەدەب و زەوقی زۆر بەرز بووە و دیوانی شیعری مومتازی هەیە تا ئێستا لە چاپ نەدراوە.

[١. دەبێ ئەم ڕستەیە وشەی «چواری»ی هەڵە بێت و ڕاستەکەی هەزار و نۆسەد بێت، چونکە پێشتر فەرمووی سالی ١٨٩٧ گەیشتە مەریوان بوو بە مەلای کیکن و پاش سێ ساڵ (کە ئەکاتە ١٩٠٠) گوێزایەوە بۆ بێلوو،].

کاکەحەمە لەگەڵ هەموو پیاوە گەورەکانی وڵاتی خۆیا میانەی باش بووە و زۆر بە حورمەت تماشا کراوە، لەگەڵ حەفیدزادە مەرحووم شێخ مەحموودا دۆستیی زۆر بوو، گەلێ جار بە غەزەلی شیعری لە باتی نامە یا لەگەڵ نامەدا بۆ[ی] نووسیوە و لەگەڵ بەگزادە جافەکانا بە تایبەتی لەگەڵ تاهیر بەگی کوڕی عوسمان پاشا زۆر میانەیان هەبوو زۆرمە چونکی هاومەسلەکی ئەدەبی بوون و لە لایەنی ئەعیانی شاری سنەوە بە تایبەتی لەلایەنی مالّی حاجی موعتەمیدەوە زۆر مەنزوور و بە حورمەت تماشا کراوە و لە ماوەی حەیاتیا هەموو ساڵێ بەراتێکی موقەڕڕەری لەلایەنی حاجی موعتەمیدەوە بۆ نێررراوە، بەڵام لەسەرئەساسی ئیقتیزا و داواکردنی کاکەحەمە نەبووە چونکی ئەم زاتە زۆر نەفسێکی بە عیززەت و بەرزی بووە. بۆ دەلیل لەسەرئەمە لە جەنابی حەسەن بەگی کوڕی عەلی بەگی مەحموود پاشام بیستووە جارێ کاکەحەمە لە مەریوانا مولاقاتی تاهیربەگی کردووە و پاش ئەوە کە لەیەك جیا بوونەتەوە تاهیربەگ ئەمری حەوالّەی واریداتی دێی «بادەڵانی» بە «مدة الحیوة» نووسیوە بۆ کاکەحەمە و ئەمرەکەیشی ناردووە بۆ موختار و ئیختیاری «بادەڵان». وە لەبەر موناسەبەی خزمایەتی هەموو ساڵێ کاکەحەمە دیدەنی ئەهلی بادەڵانی کردووە، جا پاش ناردنی ئەو ئەمرە کە ئەڕوا بۆ دیدەنیان تماشا ئەکا ئەمجارە زۆر لە جاران زیاتر خەڵکەکە حورمەتی کاکە حەمە ئەگرن تەزلەبەرئەو ئەمرەیە و کاکەحەمە نازانێ، کاتێ موختاری دێ ئەمرەکە ئێنێ بۆ خزمەتی کاکەحەمە، کاکەحەمە تماشای ئەکا و پاش تماشاکردنی ئەمرەکە ئەداتەوە بە موختار[و] ئەڵێ: بابە ئەم ئەمرە بنێرەرەوە بۆ خزمەتی تاهیربەگ، واریداتی مالیکانەی خۆی موبارەکی خۆی بێ، بە خوا من بە هۆی ئەم واریداتەوە نەخۆم ئەخەمە ژێر باری منەتی تاهیر بەگەوە، نە بە سەرئێوەیشەوە خۆم ئەکەم بە «هامان»، خزمایەتییەکەتان بەلامەوە لەمانە بەقیمەتترە.

کاکە[حەمە] وەکوو لەگەڵ ئەهلی دنیادا میانەی بوو لەگەڵ مەشایخەکانی هەورامانیشا زۆر میانەی باشی بوو و خۆشیان ئەویست. گەلێ نامەی جوانی بە شیعر و بە نەسر بۆ شێخی بیارە نووسیوە و لە خزمەتی شێخی حیسامەددینا هەم مەحەببەت و موناسەبەتی باشی بووە.

کاکەحەمە وەکوو بیستوومە دوو کوڕی بووە مەلا عەبدوڵڵا و مەلا ئەحمەد، مەلا ئەحمەد بە جوانی لە حەیاتی باوکیا وەفاتی کرد و مەلا عەبدوڵڵا ماوە دەستە مەلاییێکە لە شوێنەکەی باوکیا دانیشتووە.

شازدەهەم، حاجی سەیید باباشێخ، ئەم زاتە کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ موحەممەدی کاژاوییە، ئەم زاتە لە تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و پێنجی هیجریدا لە شیددەتی گرانییەکەدا لە بانەوە هیجرەتی کرد بۆ هەورامان و لە دێی «دەیمەیەو» خۆی گرتەوە و بە هۆی ئەوەوە کە وەختی خۆی حاجی باباشێخ لە مەدرەسەی بیارەدا خوێندبووی و لە خزمەتی حەزرەتی شێخ نەجمەددینداا موناسەبەی بوو لەلای بەگزادەی ئەو ناوە حورمەتی زۆر بوو و لە پاش یەك دوو مانگ لە دامەزرانی «دەیمەیەو»ی تەشریفی هات بۆ خانەقای دووڕوود بۆ خزمەت مەرحووم شێخی عەلائەددین کە لەو سالّا لە دووڕوودا بوو، شێخ زۆر حورمەتی گرت و بەڕاستی ئەوەی لایەقی شانی باباشێخ و لایەقی وەزعی ئەو ڕۆژە بوو وەها موعامەلەی لەگەلّا کرد ـ فجزاه الله خیر الجزاء ـ .

پاش ماوەیێ مالّی گوێزایەوە بۆ دێی «هەڵمانە»[1] و بوو بە مەلای فەرەجوڵّلا بەگ کوڕی ڕەزا قولی بەگی ڕەزاوی کە خاوەنی ئەڵمانە بوو و لەوێ دائەنیشت، لە میهرەبانی خوداوە پاش ئەوە بابەشێخ لەوێ دامەزرا ڕۆژ بە ڕۆژ بابەشێخ و فەرەجوڵّلا بەگ بەرز ئەبوونەوە و گەلێ تەرەقییان کرد و مەدرەسەیێکی باشی بۆ دامەزرا گەلێ فەقێ ئیستیفادەیان کرد لە عیلم و ئەخلاق و ڕەوشتی بەرزی حاجی بابەشێخ. لە سالّی هەزار و سێسەد وپەنجادا بابەشێخ و فەرەجوڵّلا بەگ ڕۆیشتن بۆ حەج بەیتوڵّلا، پاش ئەم سەفەرە حاجی بابەشێخ خۆی بە دەم تەدریسەوە تیجارەتی ئەکرد و لە تیجارەتەکەی زۆر ئیستیفادەی کرد و دانگ و نیوێ دێی «ئالّیاوا»ی سەند تا لە تاریخی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتی هیجریدا لە سەفەری شاری سنەدا لەو سەرەوە کە هاتەوە بۆ ئەڵمانە نەخۆش کەوت و کە گەیشتە مالّەوە وەفاتی کرد.

لە پاش خۆی سێ کوڕی لێبەجێماوە: سەیید عەلی و لەتیف و عوسمان. سەیید عەلی ئەلحەمدوللا مەلایێکی خاوەن عیلم و بالّایە هەر لە زەمانی باوکیا لە مەریوان مودەڕڕیس بوو و حالّی حازریش لە دێی «نێ» لە مەریوان مودەڕڕیسە و تیجارەتیش ئەکا، خوا لەسەر خێر تەوفیقیان بدات.

[١. هەڵمانە = ئەڵمانە: دێیەکە کەوتووەتە نێوان دێی «هەجمنە» و «چۆڕ» و «نەنە»ی سەر بە شاری مەریوان.]

حەڤدەهەم، مەلا باقر، ئەم زاتە کوڕی شێخ حوسەینی «هەنی منی»یە لە تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و حەوتا لە عومری بیست و سێ ساڵیدا هاتە ژاوەڕۆ و لە دێی «بۆڕیدەر» لە خزمەتی مەلا ئەسعەدا مودەتێ دەرزی [شەرح] شەمسییەی ئەخوێند، پاش ئەوە ڕۆیشت بۆ شاری سنە و ماوەیێ لە خزمەتی مەلا عەبدوڵڵای موفتیدا مایەوە و ئیجازەی وەرگرت و لە تاریخی هەزار و سێسەد و سی‌و هەشتا هاتەوە مەریوان بوو بە مەلای چۆڕ و لە تاریخی هەزار و سێسەد و چلدا پاش ئەوە مەلا مەحموودی جوانڕوودی گوێزایەوە لە بالك بۆ دەرەتفێ، مەلا باقر ماڵی لە چۆڕەوە ڕۆیشت بۆ بالك و لەو تاریخەوە تا ئێستە لە دێی بالکدایە و هەمیشە تەدریسی کردووە و گەلێ تەلەبەی عیلم لە خزمەتیا بە بارەگەیشتوون و ئیجازەی تەدریسیان وەرگرتووە و بۆ ئەو دەور و بەری خۆیە لە خزمەتی دین و ئامۆژگاری خێر قوسووری نەکردووە، خودا جەزای بداتەوە و ئێستە بەر حەیاتە[1].

هەژدەهەم، مەلا موحەممەد ئەمین مودەڕڕیسی کانی‌سانان، ئەم زاتە کوڕی مەلا موحەممەد سادقی شێخەکوێرەیە و لە تائیفەی مەلا عەبدولسەمەدی بالکن، ئەم زاتە چەن مانگێ لەگەڵ سەیید عەتائوڵڵای کوڕی حاجی ئاغە موحەممەدی چۆڕ لە بیارەدا لەلای من خوێندیان و لە پاشا ڕۆیشتنەوە بۆ خزمەتی مەلا باقر و لەوێ ئیجازەیان وەرگرت، «للّه الحمد» تا ئێستە لە سەرتەدریس موەفەق بووە و ئینشائەڵڵا هەرتاماوە موەفەق ئەبێ[2].

نۆزدەهەم، سەیید عەتائوڵڵا کوڕی حاجە ئاغە موحەممەدی چۆڕ ئێستە لە چۆڕ لە مەدرەسەکەی خۆیانا تەدریس ئەکا، ئینسانێکی ساڵح و سالم و ئەخلاق باشە خودا تەوفیقی بدات[3].

بیستهەم، حاجی مەلا سەعیدی «سەعداوا»، ئەم زاتە خەڵکی بالکە و لە بیارەدا لەلای من دەوامی کرد لەسەر خوێندن و لە مادەی «فەریدە»ی سیووتییەوە هەتا ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە لە سەعداوا بوو بە ئیمام و مودەڕڕیس و کچی شێخ ئەمینی سەعداوای

[۱. مامۆستا مەلا باقر لە ساڵی ۱۳۹۲ کۆچی مانگی موتەوەفا بووە و لە گۆڕستانی پیر موحەممەدی دێی بالك لە خوارگۆڕی خەلیفە ئەحمەدەوە نێژراوە.]

[۲. ئەم زاتەش، پاش ۲۵ ساڵ ئاوارەیی و دووری لە زێدی خۆی، لە ڕێکەوتی ۱۴۲۵ مانگی کۆچی لە مەریوان کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی مامۆستا سەیید ئەحمەد (مقبرة العلماء) لە دووڕوود بە خاك سپێردرا].

[۳. پێشتر ئاماژەمان بۆ ساڵەکانی کۆتایی ژیان ئەم زاتەش کرد].

مارەکرد و پاش مودەتێ ڕۆیشت بۆ حەج، «و للّه الحمد» موەفەق بووە لەسەر خزمەتی دین و ئومێدم وایە هەر موەفەق بێ[1].

بیست‌ویەکەم، حاجی مەلا ئەحمەدی «بناوەسووتە»، ئەم زاتە ماوەیێك لە بیارە لای من خوێندی و لە پاشا ڕۆیشتەوە بۆ باللك و لە خزمەتی مەلا باقرا ئیجیازەی وەرگرت و لە «وەیسە» دامەزرا پاش ماوەیێ گوێزایەوە بۆ بناوەسووتە و ئێستە لەوێ تەدریس ئەکا، خودا تەوفیقی بدات.

بیست و دووەم، مەلا مەحموودی وەیسەیی مەلای دێی «سیاناو»، ئەم زاتە هەر لە منداڵییەوە هات بۆ بیارە و دەوامی کرد لەسەر خوێندن تا قیسمێ لە شەرحی مواقیفیشی خوێند ئەوسا ئیجازەی لەلای من وەرگرت و لە دێی «کانی سێف» بوو بە مەلا، پاش مودەتێك ڕۆیشت بۆ دێی سیاناو و ئێستە لە سیاناوە، مەلایێکی ساڵح و خاوەن خزمەتە بۆ تەلەبە و موسوڵمانانی عامەی ئەو شوێنە، ڕجام وایە موەفەق بێ[2].

بیست و سێهەم، مەلا عەبدوڕەحمان کوڕی مەلا حەمە شەریف بەرقەڵایی، ئەم کوڕە بە منداڵی هات بۆ بیارە و مودەتێ خوێندی جا ڕۆیشت بۆ تەرەفی «شنۆ» و لە ئاخرا کاتێ کە من لە سلێمانییە بووم هاتەوە بۆ [لا]م، ماوەیێ خوێندی لەلام و بەشی موقەددیمات و ئیلاهیاتی شەرحی مواقیفی لەلام خوێند جا بوو بە مەلا، ماوەیێ لە "بەردەبەل" بوو جا ڕۆیشت بۆ ئالان. وەلحاسڵ لەلای بەگزادە گەڵاڵییەکان مایەوە، پاش چەن ساڵێ لەوێ حەجی کرد و پاش دوو ساڵ ڕۆیشتەوە بۆ مەریوان و ئێستە لە دێی «نەچێ» لە مەریوان مودەڕڕیس و ئیمامە، لە خودام ئەوێ موەفەق بێ[3].

◈◈◈

[١. ئەم زاتەش لە ساڵی ١٤٠٠ی کۆچی مانگیدا وەفاتی کردووە و لە دێی سەعداوا نێژراوە]

[٢. ئەم زاتەش لە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانی ساڵی ١٤١٠ مانگی، بەرانبەر بە هەژدەی خاکەلێوەی ١٣٦٨ هەتاوی، کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ سلێمان لە دێی سیاناو بە خاك سپێردراوە و سێدانە لە کوڕەکانی، مامۆستای ئایینین و مامۆستا مەلا عەبدولباسیتیان هەر لە سیاناودا (تا ئەم تاریخە: ١٤٣٤) سەرقاڵی پێشنوێژی و دەرس‌وتنەوە بە فەقێیانە].

[٣. مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمان مەشهوور بە مەلا عەبدوڕڕەحمانی عەینەکی لە ساڵی (١٩٨٧) کۆچی دوایی کردووە و لە دێی «گێڵەیەرە» لە ناوچەی شارباژێڕ نێژراوە].

شوعەرا و ئودەبای ئەم مەنتیقە

ئەم پارچە عەرزە بە هۆی ئیعتیدالی ئاو [و] هەوا و دیمەنی جوان لە دەشت و کێوەکان و کۆسار و سەوزی ساراکەیەوە وا هەڵئەگرێ دائیما پیاوی خاوەن زەوق و شاعیری تیاهەڵکەوتبێ.

«مع الأسف» تا ئێستە مەجالی ئەوە نەبووە کە باش لەم باسە بکۆڵینەوە و بگەڕێین بە شوێنی ئاساری ئەدەبیی زاناکانیا «مع ذلك» ژمارەیێ لە پیاوانی کۆن و تازەی ئەم وڵاتە ئاساری هۆنراوەیان دیارە:

١. مەلا ئەبووبەکری موسەننیف رَحِمَهُ اللَّهُ کە لە کتێبی «سیراجوتتەریق» داگەلێ ئەشعاری جوانی هەیە وکتێبی «ئافتاب» کە لە نەعتی حەزرەتی فەخری عالەمدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئینشای کردووە پایەی بەرزی ئەدەبی دەرئەخا و لەمەو پێش چەن شیعرێ لە ئافتاب و دوو سێ شیعریتریشم نووسیەوە، لەم شیعرانەوە نموونەی زەوقی دەرئەکەوێ.

٢. شێخ شەهابەددین کاکۆزەکەریا لەو دوو پارچە شیعرانەی کە لەمەو پێش نووسیمنەوە دەرئەکەوێ پیاوێکی ئەدیب بووە.

٣. سەیید عەبدولسەمەدی کوڕی سەیید سالحی تووداری خاوەنی «نوورولئەنوار» کە لە تاریخی هەزار و چل و شەشدا تەئلیفی کردووە، گەلێ شیعری جوانی خۆی لەو کتێبا نووسیوە لەوەوە دیاری ئەداکە پیاوێکی شاعیر و ئەدیب بووە. سەیید عەبدولسەمەد هەرچەند مەریوانی نەبووە بەڵام گەلێ وەختی لە خزمەتی مەشایخی کاکۆزەکەریادا بڕانووەتەوە بە نەوعێ کە لە ئەهلی ئەم وڵاتە ئەژمێررێ.

٤. شاعیری مەشهوور بە «خەیاڵ» بیستوومە دیوانەکەی لەلای موحەممەد خانی کوڕی مەحموود خانی کانیسانانا هەیە.

٥. ئەحمەد بەگی کۆماسی کە مەولەوی بە خاڵۆی کۆماسی ناوی بردووە، شاعیرێکی جوان بووە وگەلێ موڕاسەلاتی ئەدەبی لە بەینی ئەو و مەولەویدا ڕابوردووە، جارێ نووسیویەتی بۆ مەولەوی:

ئەر بۆ پڕووزێ وە مەلالەوە	یاوان وە لای تۆ جە شەماڵەوە
ئانە بۆ پڕووز سفتەی جەرگمەن	مەعلوومەن مەعدووم وادەی مەرگمەن

مەولەویش بەم دوو شیعرە وەڵامی داوەتەوە کە ئەڵێت:

ئارەزووی ئامای مەرگی وێت کەردەن　　گۆیا خەلاسیت وە دڵ ئاوەردەن
ئەی پەی وێت نەبۆ خاڵۆکەی گیانی　　چەن بۆپڕووز بۆ تۆ هەر بمانی

مەولەوی لەگەڵ ئەحمەد بەگا گەلێ موراسەلاتی ئەدەبی لە ناویانا ڕابوردووە.

ناحییەی «کۆماسی» لەهجەیان تۆزی دوورە لە لەهجەی مەریوان و دەرئەکەوێ ئەم خەڵکە لە وڵاتێکی دوورەوە هێنراون بۆ ئەو ناحییەیە و وەجهی ناوبردنی ئەو ناحییە بە کۆماسی ئەمەیە چەمێ گەورە بە ناویا ڕائەبووڕێ و گەلێ جار ماسی زۆر لە چەمەکە دەر ئەکەن و کۆی ئەکەنەوە لە شوێنێکا، یانێ ئەم وشە وەرگیراوە لە کۆگاماسی.

من پیاوێکی کۆماسیم دیوە ناوی حەمە کەریمی حەمەی ئایین بوو زۆر لەگەڵ فەقێ و مەلادا مەربووت بوو و ئەهاتە ناو فەقێکان ئەگەر سوختەیێکی چاو پێ ئەکەوت ئەیوت من دایکی ئێوەم بێن لە مەمکەکانم شیر بمژن و فەقێکان سوحبەتەیان لەگەڵا ئەکرد، حەمەکەریم زۆر قسەی خۆش بوو.

بیستوومە ڕۆژێ ئەڕواتە «ڕەزاو» لەوێ یەکێ لە بەگزادەکان ئەپرسێ ناوت چییە؟ ئەویش ئەڵێ: قەزات لە باوکم ناوم «حەمە کەریم حەمەی ئایینە» تاوێ تری پێ ئەچی دووبارە لێی ئەپرسێتەوە ناوت چییە؟ هەم جوابی ئەداتەوە، پاش سەعاتێ تر هەم ئەپرسێ ناوت چییە؟ ئەویش ئەڵێت: قەزات لە قەبرەکەی حەمە ئایین ئەوە قازی حازرە فەرموو با مارەم ببڕێ بۆت ئەوسا بەڵکوو فێری ناوەکەم ببێ.

حەمە کەریم لە سالّی هەزار و سێسەد و سی و چوارا لە غەزای ڕووسا شەهید کرا «طاب ثراه».

ئەحمەد بەگی کۆماسی شاعیرێ جوان بووە، وا بووە مەولەوی تەزمینی شیعری ئەوی کردووە، وەکوو ئەڵێ:

بوڵەندکەر مەقام ئەر دڵسۆز ڕاسی　　تەنزیلەش فەرد گەل «خاڵۆی کۆماسی»
ڕۆی وەسڵت هەر بیم ئەیڕۆ وە پێم بی　　جەو بۆنو ڕۆڕۆ دایم خدیم بی

ئەم شیعرە دواییە شیعری ئەحمەد بەگە. وا لەم شوێنا بۆ نموونە ئەم غەزەلەی ئەحمەد بەگ ئەنووسم کە وتوویەتی بە خۆشەویستەکەی لە کاتێکا لێی تۆراوە:

قیبلەم تۆر کــەردەن، قیبلەم تــۆر کەردەن
مــار تووڵێ نە جەمــع ماران تــۆر کەردەن
نمەز شــای مــاران وەنەش زۆر کــەردەن؟
یان وێش عەزمی ڕەزم شــەڕ و شۆڕ کەردەن
یــە چێشــەن گا گا هــەر وەنێشــەوە
هجــووم مــاوەرۆ وە ئەندێشــەوە
مەگێــرۆ چــەن گاز کاریگــەر نــە جەرگ
هووەیــدا مەبــۆ نیشــانەی ڕووی مــەرگ
مەگــەر تــۆ خۆفــت جــە داوەر نییــەن؟
جە «یوم الحســاب» ڕۆی مەحشــەر نییەن؟
یەنــد مــدەی ســزای عەلیــل و زەلیــل
وەســەن کافییــەن نــازارم[1] دەخیــل
بۆ بــە عەشــقی نــوور ڕوتبــەی پێغەمەر
بە بازووی ئەو کەس ســەر کەند جە عەنتەر
یــام ئەو مــار ببــەر نــە جەمعی مــاران
مەحبووســش بکــەر چــوون تاوانــکاران
شــوورابەی شــەوبەند بــاوەرش نــەدەر
وەرنــە قیساســت مــاوەرۆ نەســەر
یاخــۆ کــەرەم کــەر حاکمــان دەســتوور
ئیغفالــش بکــەر وەی بەنــدەی مەهجوور
چوون نامەی ئەعمــاڵ بنیۆم نەڕووی جەرگ
با هــەر نێش بــدۆ نــە جەرگم تــا مەرگ
وەر «ئەحمــەد» وە نێش حەی تــاری تۆوە
ســەر بنیــۆ وە ســەنگ ســەردی گڵکۆوە

[١. لەوە ئەچێ «نازارم» نەبێ و «ئازارم»بێ].

جـــە خەوفی مەحشـــەر ســـەر ئـــازاد مبۆ
جـــە «مارەکـــەی» مـــەرگ خاتر شـــاد مبۆ

◈◈◈

٦. شێخ عەزیزی جانەوەرەیی کە خۆشەویست و هاوڕێی تەحسیلی عیلمی سەیید عەبدوڕەحیم مەولەوی بووە و لە شیعرەکانیا بە ئازیز ناوی ئەبا.

ئەم شێخ عەزیزە عاشقی «ئامە» ناوێ بووە کە لە عەشیرەتی جاف بووە چەن غەزەلی پیا وتووە، ئەڵێت:

ئامـــە ئامانـــەن ڕای هاتـــت ماتـــەن — خەیمەی گـــوڵاڵان چەمـــەڕای ڕاتەن
بەر لەگشـــت گوڵی نەورۆزەی پەلدێز — یەخەو دامنە ســـیا دیدە ســـورمە ڕێز
لەگـــەڵ گەزیـــزە هـــەر ڕۆ ڕۆیانـــە — لـــە تـــۆی پـــەردەوە تەمـــای تۆیانە
نـــەورۆزە گـــوڵان باقـــی خەمبـــارن — هەمـــوو بـــە تەمـــای دیـــداری یارن
ئەگـــەر ئەپرســـی چۆنـــە ئێڵاخـــان — داخـــان داخانەن «زاخـــان» نە داخان
ئەو هەرد ئەو هەڵەت ئەوسا پێوە بیت — ئەو شەوق ئەو زینەت ئەو شێوە تۆ دیت
ئیســـە جە دووریـــت بییەن ســـیا تەم — هـــاژەی قەڵوەزان بێدەنـــگ و ماتەم
«مێڕەش» ڕەشپۆشەن «ساتیار» ئازیەتبار — «قەجە» زاریشـــەن پـــەرێ دووری یار
«دەشـــتی مێڵ» زەلیل «چنار» خەفەتبار — «ئەشکەوت» شینشەن پەرێ ڕووی دڵدار
تووەڕەشکە مەلوول تووەسووران سووڕەن — پەی تۆ «تۆراختەپ» مات و مەهجووڕەن
کراســـەکەی خـــەم ئەکـــەن وە بەردا — بەرگـــی ئازیەتبـــار ئەدەن بە ســـەردا

وشەی «مێڕەش» و «ساتیار» و «قەجە» و «دەشتی مێڵ» و «چنار» و «ئەشکەوت» و «تووەڕەشکە» و «تووەسووران» و «تۆراختەپە» هەریەکی ناوی شوێنێکن لە هەوارگەکانی عەشرەتی «ئامە = ئامنە»ی خۆشەویستی شێخ عەزیز جانەوەرەیی.

٧. کاکەحەمەی بێلوو کە نازناوی شیعریی «ناری»یە، ئەم زاتە دیوانێ گەورەی هەیە تا ئێستا چاپ نەکراوە زۆرمەی شیعرەکانی لە «بێلوو» لای مەلا عەبدوڵڵا[ی] کوڕی و لە سلێمانی لای مەلا ڕەحیمی ئیمامی مزگەوتی هەمزە ئاغادا هەیە. بۆ نموونە ئەم چەن شیعرەی نەعتییەیە ئەنووسمەوە کە لە تاریفی حەزرەتا ﷺ فەرموویەتی:

با وجـــوودی پڕتەوی میهـــری جەمالّـــی ئەنوەرت
کـــێ خەیالّی زیب و قەســـر و ســـایەیی تووبا ئەکا
سەلسەبیلی لوتفی تۆ بێشك لە عەرسەی مەحشەرا
توشـــنە لەب فاریغ لە بادەی جامـــی «أعطینا» ئەکا
چی لە دەولّەت کا ئەسیری بەندی عەشقی ئەحمەدی
عەشقی مەحموودی بە عاشق کەسبی ئیستیغنا ئەکا
«ناری»ا وەســـفی جەمالّی حەزرەتی خەیرولبەشەر
کەی هەتا مەحشەر بە سەد دەفتەر بەشەر ئینشا ئەکا

٨. شێخ موحەممەدی کوڕی سەیید ئەحمەد کوڕی شێخ قادری دۆلّاشی لە نەتەوەی «کابل»،[1] ئەم زاتە شاعیرێکی جوان وگەلێ ئەشعاری خاوەن زەوقی هەیە وگەلێ باسی زام و بریننی وڵات و ئەترافی ئەکا، وەکوو بیستوومە لە ناو باوك و باپیرەیشیا پیاوی ئەدیب و شاعیر زۆر بووە، یەکێ لەوان لە داخی کوێخا خدری جافدا ئەڵێ:

وە منم و مـــەولا و نووری پێغەمەر　　دۆلّاشـــم ناوێ بۆ خلەی ئەســـمەر

◈◈◈

شاعیری ئەم وڵاتە نووسیویەتی[2]:

وەربگرن لە من ســـنووری ســـامان　　پشـــتی بانەیە و پێشـــی هەورامان
کەلّاتەرزانـــە ســـنووری شـــەرقی　　غەربی «تایدەر» ســـەر تا بە دامان
بەلّگـــەی ئەمانـــە دیـــارە لـــە لامان

[1. ئەم شاعیرە نازناوی شیعریی «قانع» بووە و بە شاعیری چەوساوەکان مەشهوورە لە ساڵی ١٣١٨ هیجری مانگی، لە دێی «ڕەشێن» یان «ڕیشێن»ی سەر بە ناحیەی خورماڵ لە شارەزوور لە خاتوونێکی نووسەر و هۆنەر، واتە خاتوون خورشیدی مەریوانی هاتووەتە دنیاوە، زۆربەی ژیانی لە دەوروبەری شاری مەریوان بە تایبەت لە دێی «دۆلاش» (دێیەك بووە لە نێوان ئاوایی "کانی‌سانان" و "نێ"دا کە ئێستا چۆڵ و وێرانەیە) بردووەتە سەر و لە ساڵی ١٣٨٥ هیجری مانگی کۆچ دوایی کردووە و لە دێی «لەنگەدێ»ی سەر بە ناحییەی پێنجوێن بە خاك سپێرراوە.]

[٢. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە هیچیەك لە نووسراوەکانیدا ـ لەبەر هەر هۆکارێك بووە ـ شوێنی لە دایکبوونی خۆی نەنووسیوە، بەڵام لێرەدا بە ڕستەی (شاعیری ئەم وڵاتە) ئاماژە بەوە دەکا کە لە دەڤەری مەریوان لە دایك بووە و خۆی بە شاعیر ئەم وڵات و ناوچەیە ئەزانێ].

کێـــوی مێشـــەڵواز گاڕانی عاســـی دۆڵـــی تەنووڕە و خاکی کۆماســـی
هەموو لەم خاکەن ئەگەر حەقناسی لە پـــەڕەی مێژوو وەربگرە باســـی
نەکەویتـــە شـــوێن واتـــەی نەفامان

خاکێکی پاکی خـــاوەن زەوی و زار پڕە لـــە باغ و لـــە گـــوڵ و گوڵزار
ڕووبار و چیمـــەن چەمەن و چنار هەڵچـــووە تیایا وەك بـــاڵای دڵدار
هەر جێی وا ئەشـــێ لە بۆ نیشـــتمان

نیشـــتەجێی ئەڵێی لە بەهەشـــتایە ئـــاوی حەیاتـــی لـــە تەنیشـــتایە
تۆشـــەی ژیواری خۆی لە پشـــتایە نەختی خۆشـــبەختی لە ناو مشتایە
کـــوڕە یـــا کچـــە پیـــرە یـــا جوان

لـــە چەرخی کۆنـــا ئـــاوەدان بووە شـــوێنی کوردانـــی پاڵـــەوان بووە
جێی مێد و لۆلۆ و جێی ساسان بووە جێی مەردی بەرزی بەوجدان بووە
تایبەتـــی ڕیزی بەرزی موســـوڵمان

چەرخو «میراجی»و ڕشـــتەی ڕۆژاوا بەردی «بەرقـــەڵا» هەردی «قارەوا»
وێنـــەی حەســـارن بـــۆ ڕۆژی داوا دوژمـــن دەرناچێ کە بـــێ بەو ناوا
بۆیێ بوو بە جێی میر حەمزەی بابان

کێوی میراجـــی و هەوارگەی میران جێگەی میرانشای تا پشتی «پیران»
پیرانـــی وەیســـە ڕاوێژچـــی گۆران کردی بـــە پەنا بـــۆ ڕاوی شـــێران
بڕوانـــە وەیســـە یـــا نـــاوی پیران

سارای دەوری گۆل جێگەی خانان بوو ســـەیرانگاکانی کانیســـانان بـــوو
دەشـــتی میراوا جێی دلێـــران بوو ئارامگا دەشـــتی کانیمیـــران بوو
مەریـــوان ڕاســـتە یانێ میـــری بان

نەك هەر بۆ میران هەم جێی پیران بوو جێگای ئیرشادی شای پیرخدران بوو
کاکۆزەکەریـــا جێی شـــازیلیان بوو ماوای پیر یوونس لە هەنجیران بوو
چۆڕ مەدرەســـە بوو بۆ دانشـــوەران

کابل مامۆستای زانای زەمان بوو　　نەسڵی ڕەهبەری ئاخر زەمان بوو
مەریوان ماوای عیلم و عیرفان بوو　　مورشیدی دڵی دەردەداران بوو

لە مزگەوتی سوور بەرقەڵای میران

بێجگە میر و پیر جێی مەهڕوان بوو　　جێی ئاڵای باڵای یاری جوان بوو
بەزمگای مەشقی عەشقی یاران بوو　　بیمارستانی بریندداران بوو

یانی مەریوان ماوای مەهڕوان

بێجگە لە وانەی دیمان لە یاران　　لە مەلای هۆشیار لە خوێندەواران
گرد ئەبوونەوە وێنەی دڵداران　　وێنەی گوڵاڵەی ئاڵی بەهاران

چەرخیان ئەکرد بە عەنبەر باران

بەیادی ئەوان سەر ئەنێمەوە　　لە حەشرا بەوان ئەژیێمەوە
لە خۆشی ئەوان ئەشنێمەوە　　هەر بۆلای ئەوان ئەگەڕێمەوە

«نامی» موحتاجە بە یادی یاران

◈◈◈

خاوەن مولکن لەو ناحییەدا[1] و زۆرمەی دێ گەورەکان وەکوو: دەرەتفێ و کانیسانان و نێ و بالك و بەیەڵە و گوێزەکوێرە هەمیشە ئیمام و مودەڕڕیسیان تیا بووە و خزمەتی عیلم و دینیان کردووە بە تایبەتی لە زەمانی شێخی زیائەددین و عیلم و عولەما لەم ناحیەدا زۆر بە حورمەت تماشا کراون و فەرمانی شەرعیان لە عالمەکانەوە وەرگرتووە و لەگەڵ تەلەبەی دیندا زۆر بەخۆشی ڕایان بواردووە.

◈◈◈

[1. ئەمە سەرەتای لاپەڕەی ٦١ی تێکستەکەیە، کە وابزانم دریژەی باسەکەی مامۆستا قانع و بنەماڵەیەتی، کە شیعرەکانی مامۆستا (شاعیری ئەم وڵاتە نووسیویەتی) باسەکەی پچڕاندووە].

قسەیەکی خۆش

مەرحووم مەلا عەلی[1] مەریوانی کە یەکە مەنسووبی شێخی زیائەددین بووە و زۆر خاوەن دڵ بووە و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و بیست و شەشدا لە «نێ» وەفاتی کردووە، چەن تالبێکی لەلا بووە و لەو ڕۆژا مەولە شێت بووە لە مەریوانا کە لە خوێندنا شێت بووە، بیستوومە ئەم مەولە شێتە ڕۆیشتووە کتێبی «ناگەهان» کە کتێبێکی منداڵانەیە، هێناویەتی و لە حەلقەی دەرزا دانیشتووە سەماعی کتێبە گەورەکانی تیا کردووە، پرسیویانە لە مەولە: کورە مەولە ناگەهان و جەمعولجەوامیع چە موناسەبەیان هەیە؟! ئەویش وەڵامی داوەتەوە: ڕۆڵە ئێوە نافامن، لای یەکێ شیری پاك بێ فەرقی ئەم دوو کتێبە نییە.

جارێکی تر بیستوویەتی کە حاشییەی عەبدولحەکیمی شەرحی شەمسی کتێبێکی ڕەقە، یانێ گرانە، مەولەیش بە هەرحاڵێ بووە پارەی لە بەگزادە سەندووە و عەبدولحەکیمی سەندووە خستوویەتە ناو کیسەیێك و بەردێکی خستوتە ناو کیسەکەوە و خستوویەتە ناو حەوزەکەی «نێ» و پاش شەو و ڕۆژێ چووە بە دار دەری هێناوە و کتێبەکە هەمووی خووساوەتەوە و بووە بە هەریسە؛ جا بانگ لە تەلەبەکان [ئەکا و] ئەڵێ: ڕۆڵە بێن سەیر بکەن هەر ئەڵێن عەبدولحەکیم ڕەقە، بزانن چۆن خووساوەتەوە!

مەحموود خان، کوڕی عەلی خان لە سااڵی هەزار و سێسەد و سی و حەوتا لەگەڵ عەلی ئەکبەر خانی سنجاویا چاویان بە یەك کەوتبوو لە پاش قسە و باسی ڕشتەی خۆیان، دەرکەوتبوو کە لە یەك ڕیشەن و ئامۆزازای یەکترن، ئەم باسە مەحموود خان خۆی گێڕایەوە لە مەجلیسا.

مەحموود خان یەکە خەتات و یەکە مونشی بوو لە چەرخی خۆیا، گەورەی عەشرەتی حەیدەر بەگی بوو و لەگەڵ عولەماکانا زۆر تێکەڵ بوو بە تایبەتی لەگەڵ کاکەحەمەی بێلوو زۆر میانەیان خۆش بوو.

---

١. دوو شیعری مەحموود خان لە تاریخی وفاتی مەلا عەلیدا:

معـدن علم و حیـا مرحوم مـولانا علی — نوزدهم از شـهر ذی‌الحجة ز دنیا شد بری
در سه شنبه بهر تاریخش عیان و منجلی — هاتفی گفتا بگو: «مغفور» شد شخص ولی

دووەم کەس لە ئینشا و خەتی خۆشا موحەممەد ئەمین بەگی کوڕی کەیخەسرەو خانی «ولەژێر» بووە کە بە ڕاستی لە خوو و ڕەوشتا و لە ئینشا و ئەدەبا هەڵکەوتوو بوو.

موحەممەد ئەمین بەگ لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و پێنجی هیجریدا لە کاتێکا بەگزادە گرد بووبوونەوە بۆ سەفەری غەزا بڕۆن، بە گوللەی هەڵە لە نزیکی دێی «نەنە» لە عومرێکی چل ساڵیدا شەهید بوو «طاب ثراه».

وە مەحموود خان لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و چواری هیجریا لە عومرێکی شەست و چوار ساڵیا لە سەفەری «تاران»دا لە بەینی هەمەدان و سنەدا وەفاتی کرد - رَحِمَهُ اللّٰهُ.

◈◈◈

[سەفەری مامۆستا بۆ باشووری کوردستان و گەڕانەوەی]

بابڕۆینەوە بۆ باسی سەفەر، به ئیزنی خودای دانای با خەبەر[1]

ئەم سەفەری منە لە خزمەتی مامۆسا مەلا عەبدوللەتیفی برای مەلا عەبدولوەهابی بانەییە و مەلا ئەحمەدی «خەڕاجیانی» و لەگەڵ مەلا حەسەنی بالیکەدەری و فەقێ حوسەینی تائیربوغەییدا لە ئاخری مانگی زستانا بوو چەن ڕۆژێ پێش نەورۆز و لە پێنجی ئەو مانگەوە باران نەباری بەم هۆوە خەڵك زۆر ناڕەحەت بوون و هەمووکەس دوعای بارانیان ئەکرد.

لە ڕێگەدا شەوێ لە دەرەتفێ بووین و بۆ سبەینێ ڕێکەوتین هاتینە پێنجوێن و شەوێکیش لە پێنجوێنا بووین لە مزگەوتی پاشادا و لەوێوە ڕێکەوتین بۆ ئێوارە گەیشتینە دێی «ولیاوا» و شەو لەوێ بووین بۆ سبەینێ ڕێکەوتین بۆ ئێوارە گەیشتینە دێی «چنگنیان»، لە بەینی ئەم دوو دێدا دووجار تووشی زەحمەت بووین: یەکەم لە چەمی «ئاشان» گەیشتین بە گەلی «زەبتییە» کە لەلای خۆیان پاسەوانی ئاسایشی ڕێگە بوون، وێستیان خۆیان بگۆڕن لێمان و ڕووتمان بکەنەوە بەڵام مەلا ئەحمەدی خەڕاجیانی یەکێ لەو جەماعەتەی ناسی

[1. مەبەستی ئەو سەفەرەیە کە پێش ئەوە باسی مەریوان بکا فەرمووی: وازئێنم لێرا لە باسی سەفەر، ئەگەڕێمەوە بۆ هەنێ خەبەر، لێرەدا ئەچێتەوە سەر ئەو سەفەرە].

و بە هۆی ئەوەوە ڕزگار بووین. جاری دووەم لە نزیکی «نۆدێ» تووشی گەلێ عەسکەر بووین بۆ پێنجوێن ئەڕۆیشتن، ئەوان پێڵاوی مەلا حەسەنیان برد و هەرچی پارەینەوە نەیاندایەوە. بەهەرچۆن بێ گەیشتینە چنگنیان، لەو ڕۆژا مەلا عارف مەلا بوو و مامۆستا مەلا قادری باوکیشی لە حەیاتا بوو.

ئەم مەلا قادری چنگنیانە پیاوێکی سالّح بوو، وا مەشهوور بوو کە وەلییە، وەختی خۆی لە خزمەتی شێخ موحەممەدی کاژاوی لە شاری بانەدا خوێندبووی و خوشکی حاجی فەرەج و حاجی مەلا موحەممەدی بانەیی مارە کردبوو و لەم ئاخرە ئەو دوو حاجییە مالّیان لە بانە هاتە خوارەوە بۆ سلێمانی ئێستە نەتەوەیان لە شاری سلێمانیدا هەیە.

بۆ سبەینێ لە چنگنیانەوە هاتین بۆ دێی «سیتەك» و لەو کاتا مەلا سلێمان ناو[ێ] مەلای سیتەك بوو، کە لە پاشا بوو بە نائیب قازی و لە «ماوەت» دائەنیشت. کە گەیشتینە سیتەك تماشامان کرد خەڵکەکە لەسەر تەقالیدی وڵات، هەنێ ئاڵای قەبری سالّحانیان هێنابوو و خستبوویانە ناو حەوزی دێ بە ئومێدی ئەوە باران ببارێ و زۆر زۆر بۆ باران چاوەڕێ بوون. شەوێکیش لە سیتەك ماینەوە بۆ سبەینێ هاتین بۆ شاری سلێمانی و بە هۆی ئەوەوە کە مەلا حەسەنی بالیکەدەری خزمی مەلا عەزیزی مودەڕڕیس و ئیمامی مزگەوتی مەلا موحەممەد ئەمینی بالیکەدەری [بوو] لە مزگەوتی مەلا موحەممەد ئەمینی بالیکەدەرییا بە میوانی دانیشتین و لە پاش شەو و ڕۆژێ من و مەلا حەسەن بالیکەدەری لە عەینی مزگەوتا دامەزراین و مامۆستا مەلا عەبدوللەتیف و فەقێ حسینی تائیربوغەیی لە مزگەوتی شێخ موحەممەدی بەرزنجەییدا دامەزرا و مەلا ئەحمەدی خەڕاجیانیش ڕۆیشتەوە بۆ «خەڕاجیان» کە دێی خۆی بوو.

مامۆستا مەلا عەزیز برازای مەرحووم مەلا موحەممەد ئەمینی بالیکەدەری کە سابیقەن مودەڕڕیسی ئەو مزگەوتە بووبوو و لە پاش وەفاتی مەلا موحەممەد ئەمین لە شوێنەکەیا دانیشتبوو، مەرحووم مەلا موحەممەد ئەمین مەلا چاك بووە و زۆر سالّح بووە. من خۆم نوسخەی شەرحی مواقیفی دەستخەتی مەلا موحەممەد ئەمینی بالیکەدەریم لە سلێمانیا چاو پێکەوتووە کە زۆر خەتەکەی خۆش بوو، ئەم مەلا موحەممەد ئەمینە گەلێ حیکایەت لەسەر قەناعەتی ئەگێڕنەوە کە لە تاقەتی ئینسانی عادەتی دوورە.

ئەگێڕنەوە کوێخاییێکی جاف لە پاییزا دوو مەڕی بۆ نارد بۆ سلێمانی کە سەریان ببڕێ بۆ «قاورمە» بە عادەتی ئەهلی سلێمانی، هەرچەن حەولیان داوە لەگەڵ مامۆستادا بەس یەکێکیانی وەرگرتووە فەرموویەتی موحتاجی وەکوو من زۆرە ئەگەر خێر ئەکەی، ئەویان بدە بە موحتاجێکی تر.

وە ئەگێڕنەوە جارێ پیاوێکی دەوڵەمەند پێنج لیرە زەکاتی بۆ ناردووە بە کوڕی خۆیا وەری نەگرتووە، دوو سێ جار کابرا ئەو پارەیە ناردووەتەوە بۆی، ئەو لە هەموو جارەکانا تەرکی کردووە گوایێ وەزعی مالّی کابرا لەلای ئەم باش نەبووە.

ئەم زاتە لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و سیدا وەفاتی کردووە و مەلا عەزیزی برازای لە جێگەیا دانیشتووە. مەلا عەزیز ژنی نەهێناوە بە تەنیایی مایەوە، دەرزی بە تەلەبە ئەفەرموو و مەشغوولّی حیفزی قورئان بوو و دەوری قورئانی ئەکردەوە و لە ئاخرا دوو جار حەجی کرد و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجادا وەفاتی کرد لە عومرێکی پەنجا و پێنج ساڵیدا ـ رحمه الله و طاب ثراه ـ .

لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەزیزا مەشغوولّی خوێندنی سیووتی ئەبووم و بە فرسەت ئەڕۆیشتم بۆ خزمەتی مامۆسا مەلا عەبدوللەتیف لە مزگەوتی شێخ موحەممەدی بەرزنجیدا، دەرزەکەم بە حاشیەی ئەبوو تالیبەوە ئەخوێندەوە. بە ڕاستی لە خزمەتی مامۆسا مەلا عەبدوللەتیفدا چاوم بۆ وردەکاری خوێندن کرایەوە و لەو ماوەدا لە مزگەوتی حاجی مەلا عەزیزا بووم دوو کوڕ لەو مەحەلەی سەرشەقاما بوون (موحەممەد ساڵح و موحەممەد سەعید) ناو، زۆر خزمەتیان کردین.

لەو بەهارا لە سلێمانیا ماینەوە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەر بێبارانی و شیدەتی جەنگی یەکەمی عالەمی ڕزق گرانتر ئەبوو و وەزع لە ئینسان تاریك ئەبوو، بەهەر چۆنێ بێ مانگ ونیوی هاوینیش لە سلێمانیدا ماینەوە، ئیتر بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ هەورامان و یا «علی الأقل» شاری سلێمانی بەجێ بێلین؛ بەڵام شێخ موحەممەد بەرزنجەیی کە مامۆستای مامۆستا مەلا عەبدوللەتیف بوو هەموو ساڵێ لە هاوینا ماوەیێ ئەڕۆیشت بۆ بەرزنجە و فەقێکانی خۆیشی لەگەڵ خۆیا ئەبرد، لەسەر ئەم یاسایە شێخ موحەممەدی بەرزنجی

نامەیەیێکی نووسی بۆ شێخێکی پیاو موناسبی بەرزنجە کە مامۆستا مەلا عەبدوللەتیف و من و مەلا حەسەن و فەقێ حوسەین تائیربوغەیی، ئەم چوارکەسە لە دێی بەرزنجە دابنیشن تا جەنابی شێخ موحەممەدیش لە سلێمانییەوە ئێت بۆ بەرزنجە و ماوەیێك لە بەرزنجە [ئەبین] تا بزانین وەزع چۆن ئەبێ.

بەم خەیاڵە ئەم چوارکەسە لە سلێمانییەوە کەوتینە ڕێگە بۆ بەرزنجە و بۆ ئێوارە گەیشتینە «چنگنیان»، بۆ سبەینێ لەوێوە ڕۆیشتین بۆ دێی «شۆکێ» لە نیوەڕۆدا لەوێ ئیسراحەتمان کرد، پاش نانخواردن و نوێژکردن ڕێکەوتین بۆ بەرزنجە و بۆ ئێوارە گەیشتینە بەرزنجە و بووین بە میوانی ماڵی ئەو شێخە کە شێخ موحەممەد نامەی بۆ نووسیبوو و گەلێ خزمەتی کردین.

کە ڕۆژ بووەوە تماشامان کرد جاف لە کوێستان بەوگەرمایە لە ترسی هێرشی دوژمن ئێتە خوارەوە و دنیا وەزعی باش نییە، بڕیارمان دا لە بەرزنجە دانەنیشین و ڕووبکەینە هەورامان، لەسەر ئەم بیرە ماڵئاواییمان لە شێخ کرد و ڕێکەوتین بۆ تەرەفی هەڵەبجە، بەڵام ئەو ڕۆژە لە دێی «موریاس» بەوڵاوە بە ڕووی شارەزوورا لەبەرگەرما و بێ ئاوی زۆر پەرێشان بووین، بە حاڵێ خراپ بۆ مەغریب گەیشتینە دێی «تەپەکەل» کە عائید بوو بە مەرحووم شێخ حیسامەددین و ڕۆیشتینە ماڵی کوێخا حەمەکەرەم ناوکە وەکیلی شێخ حیسامەددین ڕەحمەتوڵڵاهُ بوو، ئەم زاتە ئەو شەوە گەلێ خزمەتی کردین، خودا جەزای بداتەوە، بۆ سبەینێ بەرەو هەڵەبجە ڕۆیشتین و بۆ سەعات چواری پێش نیوەڕۆ گەیشتینە هەڵەبجە و لە مزگەوتی موحەممەد پاشادا بە میوانی ئاراممان گرت.

ئەم ڕۆژە زەمانی مەرحوومی شێخ عەبدوللەتیف کوڕی شێخ موحەممەدی قەرەداغی بوو و بەعزێ تەلەبەی لە خزمەتا بوو، یەکێ لەوانە مەلا موحەممەدی پاوەیی بوو، کە وارید بووین زۆر ماندوو بووین لە بەرهەیوانی مزگەوتا دانیشتین و بە شەکر و چای خۆمان چامان لێنا، کاتێ شێخ عەبدوللەتیف تەشریفی هاتە مزگەوت و چاوی کەوت پێمان کە خۆمان چامان لێناوە، گەلێ لە تەلەبەکان عاجز بوو کە بۆچی ئەوان نەهاتوون بە دەممانەوە و سوێندی لێ خواردین ئەبێ ئەو ڕۆژ و شەوە میوانی ئەو بین، بە ڕاستی گەلێ دڵخۆشی داینەوە و خزمەتی کردین و تا سبەینێ لە خزمەتیا بووین.

بۆ سبەینێ ڕۆیشتین بۆ مەدرەسە[ی] «عەبابەیلێ»، لەو ڕۆژا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای شێخ قادر مودەڕڕیس بوو و گەلێ تەلەبە لە مەدرەسەدا بوون جێگەی تەلەبەی زیادە نەبوو، شەوێ لە عەبابەیلێ ماینەوە و بۆ سبەینێ لە پشتی عەبابەیلێوە بە ڕێگەی کێوی «شنرۆ»دا ڕۆیشتین بۆ دێی «تەوێڵە» لە ڕێگەدا لە دێی «بەڵخە» لە باغێکا دانیشتین ئیسراحەتمان کرد و مااڵێ بەعزێ فەریکە تووی بۆ هێناین لەگەڵ کاسەیێ دۆی سارد و خەستا، توو و دۆییکمان خوارد زۆر بەلەزەت بوو، جا ڕێکەوتین بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە خانەقای تەوێڵە.

لەوکاتا خانەقا پڕ بوو لە خەڵکی موکریان و وەزعی عالەم لەبەر شەڕی عالەمی زۆر پەرێشان بوو و تەوێڵە مەدرەسەی تیا نەبوو، جا لەبەر ئەمە لە تەوێڵە دەرچووین بۆ هەورامانی ئەو دیو بۆ خانەقای دووڕوود بۆ مەدرەسەی مەرحووم شێخی عەلائەددین کە لەو ڕۆژا سەیید حوسەینی تائیربوغەیی لەوێ مودەڕڕیس بوو.

بە ڕێگەی «تەتە»دا چووینە دەشتی «هەوشوبەدرانی»[1] کە زۆر شوێنێکی بە سەفا و خۆشە و لەوکاتا حاجی شێخ عارفی سەقزی کوڕی حاجی شێخ موستەفا بە موهاجری مااڵی گەیشتبووە ئەو شوێنە ئێمەیش لامان دا مااڵی ئەوان و قاوەڵتیمان کرد و بە «دەربەندی کەڵەوێ»دا[2] داپەڕین و بۆ عەسرێکی دێر گەیشتینە خانەقای دووڕوود.

کە گەیشتینە ئەوێ تماشامان کرد مەدرەسە پڕە لە تەلەبە و هاتن بە دەممانەوە و ئیکرامیان گرتین و بە خزمەتی شێخ گەیشتین و زیارەتمان کرد، ئەویش زۆر بەخێر هاتنی لێکردین و بە خزمەتی جەنابی سەیید حوسەینی مودەڕڕیس گەیشتین. بە کورتی ئەوەندە دڵمان

[1. «هەوشوبەدرانی»، یان «هەوشەو بەدرانی» وشەیەکی هەورامییە واتە: کەپرو ئاوێك کە هینی بەدرانە، بەڵام ئیستە بە «هەوشەو بارانی» مەشهوورە. کانی و ئاوێکی زۆر خۆشە لە ناوچەی هەورامانی تەخت لە خوار دێی «دەرەکێ»وەیە کە هەندێ قەبر لە پشت ئەم ئاوەوە هەن وا مەشهوورە ئەڵێن قەبری سەحابەی «بەدر»ین، واتە لەو یارانەن کە لە غەزای بەدرا بەشداریان کردووە، هەندێکیش ئەڵێن قەبری سەحابەیەکە کە ناوی بەدران بووە].

[2. «دەربەند کەڵەوێ»، یان «دەربەندێکی شاخاوییە کەوتووەتە داوێنی کێوەکانی «تەتە» و «عەودالآن» و «ژاڵانە» و «زەڕەوە» و نێوان دێی «دەرەکێ» و «بارامئاوا»وە و کۆنە دێیەکی بە ناوی «کەڵەم»ی تێدایە کە خەڵکی ئەم دێیە سەدان ساڵ لەمەو پێش چۆڵیان کردووە و دێیەکیتریان بەناوی «سەردەربەن» دروست کردووە کە ماوەیەك مامۆستا خدری ڕواری (خاوەنی کتێبی ڕۆڵەبزانی) لەوێ پێش نوێژ و وانەبێژ بووە، پاشان ئەوێشیان چۆڵ کردووە و چوونەتە دێی «دەیمەیەو» و «دەرەکێ» و «بارامئاوا»، تووڵەڕێیەکی زۆر دژوار و ناهەموار بە دڕێژای پێنج کیلۆمەترێ بە ناوەڕاستی ئەم دەربەندە پڕ دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەدا ڕادەبڕێ و ئەم سێ دێیە پەیوەند ئەدا بە یەکەوە].

خۆش بوو ئازاری سەفەرەکەمان نەما و بە هۆی زۆری تەلەبە و بوونی مودەڕڕیسی بەرزی زانای وەکوو سەیید حوسەینی تائیربوغی موکریانییەوە زۆر بە سەربەستی و دڵخۆشی دەسمان بە خوێندن کرد و مامۆستا مەلا عەبدوللەتیف لە خزمەتی مودەڕڕیسا جەمعولجەوامیعی ئەخوێند و منیش لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوللەتیفدا سیووتیم ئەخوێند ئەم سەیید حوسەینە لەگەڵ سەیید عەبدولکەریمی بانەیی هەڵووژانی لە سلێمانیدا سااڵێ پێش هاتنی ئێمە لە خزمەتی مامۆسای بەرزا مامۆستا شێخ عومەری مەشهوور بە ئیبنولقەرەداغی لە شاری سلێمانیدا ئیجازەیان وەرگرتبوو، سەیید عەبدولکەریم ڕۆیشتبوو بۆ موکریان لەوێ بە مودەڕڕیسی دامەزرابوو و سەیید حوسەین هاتبوو بۆ خانەقای دووڕوود، لە خزمەتی شێخدا بە مودەڕڕیس تعیین کرابوو.

بە کورتی ماوەی دوو مانگ زۆر بە خۆشی ڕامان بوارد لەو ماوەدا شێخی عەلائەددین زۆر دڵی سەیید حوسەینی ڕائەگرت و بە حورمەت تماشای ئەکرد.

لەم ڕۆژانا مامۆستا شێخ عومەر لە سلێمانییەوە پیاوێکی لەگەڵ بەعزێ پارە ناردبوو بۆ لای مودەڕڕیس سەیید حوسەین کە لە هەورامان بەعزێ گەنمی بۆ بکڕێ و بۆی ڕەوانە بکاتەوە بۆ سلێمانی، چونکی لە سلێمانیدا گرانی بە شیددەت بوو و سەیید حوسەین لە خزمەتی شێخدا ئەم قەزیەیە باس کرد و شێخ بڕیاری دا بەعزێ گەنم بە نرخێکی هەرزان بدا بە پیاوەکەی مامۆستا شێخ عومەر و ڕەوانەی بکاتەوە و فیعلەن ئەمری کرد بە پیاوێ کە موسەررەیفی شێخ بوو ئەم ئیشە جێبەجێ بکا و شێخ خۆی ڕێکەوت بە سەفەر بۆ دەوری «سوورکەوڵ» چونکی لەوێوە خەتەری دوژمن هەبوو.

کە شێخ لە دووڕوود نەما کابرای موسەررەیف تەفرەی مەسئەلەی گەنمەکەی دا و ڕۆژ بە ڕۆژ گەنم گرانتر ئەبوو، لە سەر ئەمە مودەڕڕیس لەگەڵ موسەررەیفدا بوو بە عاجزییان و زۆر دڵی ئێشا، کاتێ شێخ هاتەوە سەیید حوسەین شکاتی کابرای کرد و لەبەر ئەوە کابرا خزمەتی خانەقای ئەکرد شێخ زۆر موبالاتی نەکرد و کابرای تەکدیر نەکرد لەسەر ئەمە موعامەلەی گەنمەکە تێکچوو و سەیید حوسەین ئێوارە وەختێ بە تۆراوی لە دووڕوود دەرچوو و ڕووی کردە هەورامان بۆ «تەوێڵە» و لەوێوە ڕۆیشتەوە بۆ موکریان و مەدرەسە بێمودەڕڕیس مایەوە.

ئێمەیش سەرگەردان بووین و مامۆستا مەلا عەبدوللەتیفیش لە دووڕووەوە بەرەو بانە گەڕایەوە، من و چەن تەلەبەیێ بە بێکەس ماینەوە بە دڵ پەرێشانی.

وا ئەم وەختە ناوەڕاستی پاییزە منیش بۆ وەزعی خوشکەکانم زۆر پەرێشانم و ئەوانیش لەگەڵ خەڵکی وڵاتا بە موهاجیری هاتبوون بۆ چەمی ئەسکۆڵ و پیران و قسمەن لە هەواری «سەرشابکە» لە پشتی دەگاشێخانەوە کەپریان بەستووە، لەبەر ئەمە هەستام ڕۆیشتم بۆ ئەو شوێنانە بۆلایان و فیعلەن چاوم کەوت پێیان و وەزعیان تا حەددێ باش بوو و بەعزێ ڕزق و پارەیان بە دەستەوە مابوو، پاش دوو سێ ڕۆژ لەوێ گەڕامەوە بۆ دووڕوود و بەعزێ پارەم لەلایان هەبوو میقداری دوو سەد قەرانم بۆ خەرجی خۆم هێنا لەگەڵ خۆما. تا من لە سەفەرهاتمەوە «مەلا فەیزوڵڵای تاڵیشی» کە موجازی مەلا قادری سۆفی بوو لە شەمێرانەوە بەرەو دووڕوود هاتبوو بەعەزمی ئەوە بڕواتەوە بۆ تاڵیش کە گەیشتبووە دووڕوود شێخ ئەمری فەرموو بوو لەوێ بمێنێتەوە و دەرز بە تەلەبەکان بفەرموێت تا موددەڕڕیس ڕائەگرێ. ئەم وەزعە تا حەددێ دڵی ئێمەی خۆش کرد و تەلەبەکان دەستیان کرد بە دەرز خوێندن و منیش دەستم لە سیووتی هەڵگرت و دەستم کرد بە «ئیساغووجی» لە عیلمی مەنتیق، لەم کاتا ساڵ بوو بە ساڵی هەزار و سێسەد و سی و شەش و دنیا ڕۆژ بە ڕۆژ تاریکتر ئەبوو و ڕزق گرانتر ئەبوو و خەڵك لە هەموو شوێنێکەوە لەبەر بێ ڕزقی ماڵی خۆیان بەجێ ئەهێشت و ڕوو بە هەورامان ئەهاتن، چونکی ئەم هەورامانە لە ئازاری جەنگ پارێزراو بوو وکەمێ ڕزق لە قەبیلی توو و میوە وکەمێ دەخڵی تیا دەس ئەکەوت.

بە ڕاستی لەم زستانا شێخی دووڕوود - خودا جەزای خێری بداتەوە - گەلێ خزمەتی موسوڵمانانی کرد، نانەواخانەی دانابوو بۆ هەموو ڕێبوارێ ئێوارە و بەیانی نان و چێشت بوو و بۆ میوانی تایبەتی یاسا ی پێشوو بەرقەرار بوو و بۆ هەموو تالیبێك ڕۆژی هەشت نان و چێشت بڕیار درابوو و بەتەواوی دەست ئەکەوت. ئێمە ئازاری برسێتیمان چاو پێ نەکەوت و بە مەعلوومانی من لەو پاییز و زستانا میقداری حەفتا و پێنج تەغاری دووڕوود بەراتی دا بەو خانەدانە لێقەوماوانە کە پەنایان پێ هێنا و بە پارەیش بە قەی ئیمکان موساعەدەی ئەکردن. یەکێ لەوانە باباشێخی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای بانەیی بوو بە هەژدە سەر خێزانی خۆی و ماڵی مام و برازایەوە هاتبوونە «دەیمەیەو» ڕۆژێ تەشریفی هات بۆ دووڕوود و بە

خزمەتی شێخ گەیشت، پاش بەخێر هاتن و ئیکرام عەرزی شێخی کرد ئێمە کتێبخانەیێکی گەورەمان هەیە بۆمان دەرچووە، تەقدیمی شێخی ئەکەم بۆ مەدرەسە و شێخ لوتف بکا و بمانژیێنێ، بەم مەعنا قیمەتی کتێبەکان ڕزقمان پێبدا، شێخ فەرمووی سەیید عاجز مەبە خودا کەریمە.

پاش نانخواردنی نیوەڕۆ ئەمری فەرموو دوو تەغار گەنم و زەڕات و بیست تومان پارە و عەبایێ و جووتێ قوندەرەیان تەقدیمی باباشێخ کرد و بە پیاو و وڵاخی خۆیەوە بۆی ڕەوانە کرد و فەرمووی کتێبخانەی خۆیشتان موبارەکی خۆتان بێ.

لە ئاخری ئەم زستانا پوورم فاتمە وەفاتی کرد بوو جا ڕابیعەی خوشکم لەبەر بێکەسی هات بۆ لام بۆ دووڕوود، منیش قەزیەکەم عەرزی شێخ کرد و شێخ زۆر بە میهرەبانی فەرموو هاتنەکەی زۆر باش بووە، ئینسان لە تەنگانەدا لە مالّی باوکی خۆیا بژی عەینی سەعادەتە و ڕابیعە بە خۆشی لە مالّی شێخدا دانیشت و لە بەهارا ئامینەی خوشکم ئەویش هات بۆ لام و لەگەڵ ڕابعەدا دامەزرا، ئەم نەوعە پیاوەتی شێخە کە لەگەڵ ئێمەدا کردی مەگەر خودا جەزای بداتەوە، لەلایێکەوە من بە خۆشی لە مەدرەسەکەدا ئەخوێنم و لە[لا]یێکی ترەوە خوشکەکانیشم وەکوو لە مالّی باوکیانا بن وەها ئەژیان، «مع العلم» باوکم موریدێکی فیدایی شێخ بوو و خۆی وەسیەتی بۆ کردبووین کە هەر لە پەنای شێخدا بین و ئەو بەکارمان ئێت، بیلفیعل وەها دەرچوو.

پاش ماوەیێ شێخ ئەمری کرد ڕابیعەم مارەکرد بۆ مەلا ئەحمەدی قاری کە کوڕی ڕیزاعی شێخ بوو و ئامینەیشم مارەکرد بۆ فەقێ موحەممەد کە موسەرریف و وەکیلی ئوموورات شێخ عوسمانی کوڕی شێخ بوو و بە خۆشی دامەزران[1].

لە زستانی هەزار سێسەد و سی و شەشا گرانی گەیشتە پایەیێ مەنێ گەنم بە لیرەیێ زەرد دەس[نە]ئەکەوت، خەڵکی زۆر لە ڕێگە و بان و لاکۆڵانا مردن و گەلێ کەس لە کێوەکانا گیانیان دەرئەچوو و درندە گۆشتەکەی ئەخواردن، برا لە برای نەدەپرسی بەڵکوو

[1. ئەم فەقێ موحەممەدە مێردی دووهەمی ئامینەیە چونکە پێشتر مامۆستا لە باسی «دەسپێکێکی تر بۆ ژیانی مامۆستا» فەرموویان: «ئامینەی خوشکم پێش فەوتی دایکم شووی کردبوو». پێدەچێ مێردە یەکەمەکەی مردبێت یان جیایی کەوتبێتە نێوانیان!!]

پەنا بە خوا باوك و دایك بیری ئەولادیان لەلا نەمابوو، ئەمە هەموو ئەم کارەساتە لە چەن شتێکەوە پەیدابوو:

یەکەم، چوار ساڵ بوو شەڕی یەکەمی عالەمی بوو، هاتوچۆ و تیجارەت کز بووبوو؛

دووەم، ئەوەی دەستی تفەنگ بگرێ ئەغلەب برابوو بۆ عەسکەری و زەراعەت نەدەکرا؛

سێهەم، حوکوومەتی عوسمانی لە هەرلایێکەوە ڕزقێکی شك ببردایە بەزۆر لە خەڵکی ئەسەند و هەرچەند بە ناوی موبایەعەوە بوو بەڵام نەوتی ئەسکەناسی[1] ئەدا بە خەڵك و خۆی لە پاشا بۆ ڕوسوومات وەرینەدەگرتەوە و پارەی نەختی ئەویست؛

چوارەم، دوو ساڵی ئاخری بێبارانی دنیای وشك کرد حەتا لە ساڵی ئاخرا بیست و پێنج ڕۆژی مابوو بۆ نەورۆز ئیتر باران نەباری. بەڵام لە ساڵی سیو شەشا کە ساڵ کەوتە بەهار باران باری و دنیا ڕووی کردە هەرزانی و کەمکەم خەڵك دەستی کرد بە بووژانەوە بەتایبەتی ئیتر حەربەکەیش تەواو بوو و موتارەکە کرا و دەورێکی تر هاتە پێشەوە و نوخشە پێگەیشت، بەڵام بۆ ئەوەڵی ساڵی سێسەد و سیو حەوت نەخۆشینێك وەکوو «ئانفلۆنزە»ی ئێستە پەیدا [بوو] گەلێ عالەم بەم ناساغییە مردن و دەوری دوو مانگ ئەم نەخۆشییە دەوامی کرد.

بگەڕێینەوە سەرباسی مەدرەسە، لە بەهاری سێسەد و سیو شەشا مامۆستا مەلا فەیزوڵڵای تاڵیشی ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆی، جا مامۆستا مەلا عارف ئیمامی خانەقای ئەوێ، بوو بە مامۆستای تەلەبە، منیش لە مەنتیق خوێندن دەستم هەڵگرت و هاتمەوە سەر خوێندنی سیووتی، ئەوەی مابوو خوێندم تا نزیکی باسی «سەرف»ەکەی، قەزائەن مامۆستا مەلا عارف هەم ئەویش لە ئەوەڵی پایزا بە نەخۆشییەکە [کە] باسم کرد وەفاتی کرد - رحمه الله و طاب ثراه -.

ئەم زاتە پیاوێکی موسوڵمان و ئەخلاق باش بوو، زوو باسم کرد کە کوڕی مەلا عەبدوسسەمەدی موەدەڕیسی باڵك بوو و لە نەتەوەی مەلا جانوڵڵای هەورامین، زۆر ساڵح بوو و مەحەببەتی پێغەمبەری ﷺ زۆر بوو، لە هەموو جومعەیەکدا کە دەوری دەلائلی تەواو ئەکرد وەکوو مەجزووب بە دەنگی بەرز هەموو «السلام»ەکانی ئاخری

[1. لەوانەیە پسوولەیەك بووبێت لە باتی پارە درابێت، وەکوو چەك و حەوالە و سفتە و ئەو جۆرە شتانە].

دەلائلی چاپی بەمبەئی ئەخۆندەوە:

ئەسسەلام ئەی سەییدی عالی جەناب

ئەسسەلام ئەی شافیعی یەومولحیساب

تا ئاخری شیعرەکان و زۆر بەخشندە و سەخی نەفس بوو، کە دەرزی سیووتی ئەفەرموو پێمان شیعرەکانی بە نەزم و دەنگی بەرز ئەخوێندەوە ئەیفەرموو: ڕۆڵە باش تێبگەن و حاڵی ببن «تێگەیشتن لە مێوژە ڕەشکە خۆشترە». لە کاتی نوێژا بانگی ئەکرد لێمان بێن بۆ جەماعەت، ئەگەر یەکێ بیوتایێ دەستنوێژم [نییە]، ئەیفەرموو بێن نوێژ بکەن ئەوسا دەستنوێژ ئەگرن. زۆر مەززاح بوو لە حاڵی ئیحتیزارا بانگیان کردم ڕۆیشتمە خزمەتی نزیکی وەفاتی بوو بەڵام بەبێ پەلە و پەرێشانی ئەژنۆکانی هەڵدا و ڕوومەتی سوور بووەوە و زەردەخەندەیێکی کرد و موتەوەففا بوو لە عومرێکی پەنجا ساڵیدا تەقریبەن لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی و حەوتا ـ رحمه‌الله و طاب ثراه و جعل الجنة مثواه آمین ـ. هەر لەم پاییزا لە مانگی موحەڕڕەمدا مەرحووم شێخ نەجمەددین لە بیارەدا وەفاتی کرد و هەر لەم ساڵا مەلا موحەممەدی کوڕی شێخ قادری ڕەشەدێ مودەڕڕیسی پێشووی دووڕووە لە ڕەزاوا وەفاتی کرد و جەنابی حاجی شێخ عەبدولحەمیدی کانیمشکانی کە بە موهاجیری هاتبووە ڕەزاو، ئەویش وەفاتی کرد. ئەم زاتەیش زۆر مەلاییێکی بەرز و خاوەن مەقام بوو و گەلێ جیهادی کرد.

پاش وەفاتی مەرحووم شێخ نەجمەددین ـ قدس سره ـ، شێخی عەلائەددین بە ڕەسمی تەعزییە ڕۆیشت بۆ بیارە و ویستبووی لەسەر خانەقای بیارە دابنیشێ چوونکە جێگەی خۆیان بوو، بەڵام تا ئەم تەشریفی ڕۆیشتبوو بە قەراری پیاو موناسبانی ئەوێ وەکوو مەلای بیارە و شێخ بابارەسوولّ و بەگزادەی هەورامان و جاف، مەرحووم شێخ نووورەددینی کوڕی شێخ نەجمەددینیان لە جێگەی شێخا دانابوو و عەرزی شێخیان کردبوو تۆ ئەلحەمدوللا زاتێکی گەورە و خاوەن مەقامی ئیرشادی هەر لە خانەقای دووڕوودا بمێنەرەوە و چاوی میهرەبانی و لوتفیشتان لە شێخ نووورەددینەوە ببێ، ئەویش تەشریفی هاتەوە بۆ دووڕوود لە جێگەی خۆیا مایەوە.

پاش وەفاتی مامۆستا مەلا عارف لە ئاخری پاییزا لە بورجی قەوسدا شێخ ناردی بە شوێن

جەنابی مەلا سەیید موحەممەدی کوڕی سەیید ئەمینی گیزملی کە لە سنەدا لە خزمەتی مەلا حەمە ڕەشید بەگی موددەڕڕیسی مزگەوتی «دارولئیحسان»دا لە سنە ئیجازەی وەرگرتبوو و هات بۆ دووڕوود و کردی بە موددەڕڕیس لە خانەقای دووڕوودا.

مەرحووم سەیید موحەممەد ئینسانێکی ئەدیب و خەت خۆش و خاوەن ئیستیعداد و قابیلیەت بوو، لە بیرم دێ لەو ڕۆژانا کە گەیشتە دووڕوود و دامەزرا بە خەتی خۆی ئەمەی لە کاغەزێ نووسێ: «جِئْتُ بِجَدّي بِجِدّي إلى خانَقاهِ دورود و قُمْتُ بها مُدَرِّساً سنة ١٣٣٧» واتە: بە پیرۆزی باپیرمەوە کە حەزرەتە؟صا؟ و بە هۆی کۆششی خۆمەوە لە بورجی «جەدی»دا، کە یەکەم بورجی زستانە، هاتم بۆ خانەقای دووڕوود و دامەزرام تیایا بە موددەڕڕیسی لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و حەوتا. کە جەنابی سەیید موحەممەد دامەزرا دیسان مەدرەسە ئاوەدان بووەوە.

جا لە خزمەتی مامۆستا سەیید موحەممەدا ئەوەی لە سیووتی مابوو تەواوم کرد و دەستم کرد بە ڕیسالەی «رشدية»[1] لە عیلمی مە نتیقدا کە کتێبێکی جوانە تەئلیفی مەلا موحەممەد ڕەشیدی موددەڕڕیسی دارولئیحسان بوو، پاش تەواوکردنی ئەم کتێبە دەستم کرد بە «فەننارى» و لە پاش فەننارى دەستم کرد بە «عەبدوڵڵا یەزدی» و خوێندنەکەم ڕەونەقێکی تازەی وەرگرت.

مەلا موحەممەد ڕەشیدی ناوبراو لە بەگزادەی «قامیشەڵە»ی مەریوانە لە فەقێتیا ڕۆیشتووە بۆ شاری سنە و لە خزمەتی مەلا عەبدوڵڵای دشەیی موفتی سنە کە موددەریسی دارولئیحسان بووە تەواوی کردووە، جا لەبەر ئەوە مەلا موحەممەدی ڕەشید بەگ پیاوێکی قابیل و بەرز بوو و موریدی شێخی حیسامەددین بوو و زۆر موحتەرەم بوو و موفتی مەلا عەبدوڵڵایش هاتوچۆی دشە و هەورامانی زۆر بوو و زۆر لە سنە غائیب ئەبوو، موفتی لە تەدریسی دارولئیحسان عەزل کرا و مەلا حەمە ڕەشید لە جێگەیا دانیشت، ئەم زاتە ئەم ئیشەی لە بێوەفایی ئەچوو و زۆر دەوامی نەبوو و لە عومرێکی پەنجا ساڵیا، تەقریبەن لە دەوری هەزار و سێسەد و چل و حەوتا لە سنە وەفاتی کرد و لە پاش وەفاتی ئەو مەلا

[1. «رشيدية» کە مامۆستا بە «رشدية» ناوی هێنا، کتێبێکە لە زانستی لۆژیک (مەنتیق)دا کە مامۆستا مەلا باقری بالك حەواشی لەسەر نووسیوە بە ناوی «الحواشی الرفیعة» و مەلا عەبدوڕەحیمی ئەحمەدی ئامادەی کردووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە و لەلایەن بلاوکردنەوەی شێخی لە سنە لە ساڵی ١٣٩٢ - ٢٠١٣ لەچاپ دراوە.].

مەحموودی مولەقەب بە بابەشێخ کوڕی مەرحووم مەلا عەبدوڵڵای موفتی کرا بە مودەڕڕیسی دارولئیحسان و لە پاش وەفاتی ئەو لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و حەفتا و شەشا حاجی مەلا خالیدی برای مەلا مەحموودی موفتی کرا بە مودەڕڕیسی دارولئیحسان و ئێستە بەر حەیاتە، ئەلحەمدولیللا[1].

دووڕوود، دێێکە لە قەراخی چەمی هەورامانی ئەو دیو[2] کە لە سەرەوە ئێتە خوارەوە ئەم چەمە دوو بەشی گەورەیە: بەشێکیان لە ژاوەڕۆوە ئێتەخوارەوە و بەشێکیان لە ناحییەی کۆماسییەوە، ئەم دوو چەمە لە خواری دێی بۆڕیدەرەوە ئەگەن بە یەك و ئێتەخوار هەتا ئەگاتە خواری دێی دووڕووە لەویا لەگەڵ ئاوی مەریوان ئەگەن بە یەك و بە ناوی ئەم دوو چەمەوە کە ئەگەن بە یەك ناوی ئەم دێیە براوە بە دووڕوود، یانێ دوو چەم. کاتێ ئەم دوو ئاوە ئەبن بە یەك قەدرێ ئەهمیەت پەیدا ئەکا و لە چەمی هەورامانی تەختەوە بە بەردەمی دێی «بڵبەر» و «ژیوار» و «سلێن»دا ئەڕواتە خوارەوە تا لە خواری دێی «ڕوار»ەوە لەگەڵ چەمی «گاوەرۆ»دا کە سەرچەمەکەی لە کێوی "عاشقان"ە لە ژووری «سنە»وە ئەبن بە یەك، کاتێ دوو چەمی پێشوو لەگەڵ ئەم چەما بوون بە یەکێ ئەم چەمە ناو ئەبرێ بە «سیروان» یانێ «سێڕوودان» یانێ سێچەم.

دووڕوود پاڵی داوە بە ڕشتە کێوی «کۆسالان»ەوە، ئەم کێوە بەرزە و بێئاوە بەس لە پشی دووڕووەوە لە سێ شوێنا ئاوی هەیە: یەکەم «خوێسەملێ» یانێ: مەلە لارە، کە شوێنێکە لێژ و نابار ئێستە کراوە بە باخ و میوەی ترێ و هەنجیر و قۆخ و سێو و هەنار زۆرە تیایا. بەڕاستی باخێکی جوانە ئەم باخە مولکی پیاوێ پیری موسوڵمان بوو ناوی سۆفی ڕەحمان بوو کە لێمان ئەپرسی بۆچی ئەم شوێنە ناوبراوە بە خوێسەملێ؟ لە وەڵاما

[۱. مامۆستا خالیدی موفتی لە ساڵی ۱۳۲۳ کۆچی مانگی لە دێی دشە، کە یەکێ لە دێیەکانی هەورامانی لهۆن و سەر بە شاری پاوەیە، لە دایك بووە و دوای ئیجازەوەرگرتنی دەبێتە مودەڕڕیس لە پێنجوێن و دوای بوومەلەرزە مەشهوورەکەی پێنجوێن لە ساڵی۱۳٦۹ کۆچی هەتاوی، کە ئەبێتە هۆی لە دەستدانی کوڕێکی، دێتە سنە و ساڵی ۱۳۸۰ لە جێی مەلا مەحموودی موفتی برایا لە دارولئیحسان دەبێتە مودەڕڕیس، (کە ئەم تاریخە چوار ساڵێ لەگەڵ تاریخەکەی مامۆستا جیاوازی هەیە) و لە ساڵی ۱٤۰۰ دا لە تاران کۆچی دوایی ئەکات و لە سەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی ئەهێنرێتەوە بۆ مایدەشتی کرماشان و لە کێوی «بێشەکۆ» لە تەنشت مەرقەدی حەزرەتی وەیسی قەڕەنی بە خاك ئەسپێردرێ - تاریخ مشاهیر کُرد -].

[۲. هەرکاتێك مامۆستا ئەفەرموێ ئەو دیو، مەبەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە].

ئەیوت: «قوربانەتابوو یانێ هەر بیەن و هەر مبۆ» واتە: بە قوربانتان بم یانێ هەر بووە هەر ئەبێ. جارێ لە پاییزا ڕۆیشتین بۆ سەیرانی ئەو باخە یەك دوو ڕۆژ لەوێ بووین بە ڕۆژا وەزعی کێوەکەی وایە لە ئاخری پاییزا لە پاش نیوەڕۆ ڕۆژئاوا ئەبێ پاش چارەکێ ڕۆژ دەرئەکەوێتەوە و زۆر دیمەنێ جوانی هەیە!

شوێنی دووهەم، کانی مەشهوور بە «وەهارانە»یە یانێ «بەهارە کانی» لە واقیعا هەر لە بەهارا ئاوی هەیە ئیتر وشك ئەکا.

شوێنی سێهەم، کانی مەشهوور بە کۆسالّانە ئەم شوێنە هەواری دووڕۆییە و ئاوەکەی هەمیشە هەیە بەڵام زۆر ئاوێکی کەمە.

شوێنی چوارەم، ئاوی هەوارگەی «ژیوار»ە کە مەشهوورە بە «کەڵەوێ» ئەم ئاوە زۆرە و دائیمە هەیە و بە ڕووی هەورامانی چەما ئەڕوانێ بەرەو قیبلە و شوێنەکەی زۆر سارد لە هاوینا ئینسان گەرما نابینێ. ئیتر بێجگە لەم شوێنانە لە حاس پشتی دووڕوودەوە ئاو نییە[1].

وە لە بەهارانا لە ژووری دووڕۆوە لە پەنای کێوەکەدا کانی و ئاو وەکوو فوارە هەڵئەخاتەوە جارجار بە تەنەکە نەوت شوێنی دەرچوونی ئاوەکە کەم ئەکرێتەوە بە قەد دەمی تەنەکە نەوتەکە ئاو دەرئەچێ و بەرەو ئاسمان بە قەی گەز و نیو[ێ] بەرز ئەبێتەوە بە هەوادا.[2]

[۱. سەرجەم لە کۆسالّانا چوار هەوار و چەندین کانی هەیە؛ هەوارەکان بریتین لە: یەکەم «مرۆدۆڵ»، کە لە پشتی دێی دووڕوودەوەیە بە سەعاتێ پیادەڕەوی. دووهەمیان، هەواری «خوێسملێ» یان بە فەرموودەی مامۆستا «خوێسەملێ» کە باسی کرد، سێهەمیان «هانەولاری» کە کەوتووەتە پۆپەی کۆسالّانەوە. چوارەمیان: «هەشەدۆڵ»ە کە نزیکە لە هەواری «هانەولاری»یەوە. کانییەکانیش بریتین لە: «هانەی هوسەین»، «هانەی سەرد»، «سەرنەهاڵ» و «هەرەسەورێ» و «وەهارانە» کە ئەمەیان لە بەهارا ئاوێکی زۆری هەیە و هەر ساڵێ کە تەڕەسااڵ بێ ئاوەکەی لە گاشەبەردێکەوە ئەڕژێتە خوار بۆ چەمی سیروان و تاقگەیەك بە ناوی «تایەرە کەوە» دروست ئەکات کە دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە، ئەم کانییە ـ هەروەك لە ناوەکەیەوە دیارە ـ بەهاراناوە و لە ناوەڕاست مانگی هاویندا وشك ئەکات، بەڵام کانییەکانیتر وشك ناکەن].

[۲. ئەم شوێنەش کەوتووەتە داوێنی کۆسالّان، بەرانبەر بە قەڵای «مەحموودئاوا» لە گوێی چەمەکەوە. لە بەهارا لە دوو شوێنا ئاوی هەیە: یەکێکیان پێی ئەڵێن «قوڵ» ئەو ئاوەیە کە مامۆستا باسی لێوەکرد کە ئێستە حەوز و هەسێڵێکان بۆ دروست کردووە، ئەم ئاوە لە بەهارا کە ئەتەقێ زۆر دیمەنێ جوانی هەیە، ئاوەکەی بە هاژە هاژ و تەوژمێکی زۆرەوە ئێتە دەر ئەڵێی دەنگی مەشکەژەندنە وا دەنگی لێوە دێ، ئەم ئاوە هەندێ ساڵ تا پاییز و هەندێ ساڵ تا هاوین هەڵئەکات. دووهەمیان پێی ئەڵێن «بێڵۆ» کە ئەمیش ئاوێکی زۆرە لە نزیکی قوڵدایە لە لاپاڵێکەوە ئێتەخوارەوە و ئەڕژێتە ناو چەمەکەی دووڕوودەوە].

کێوی کۆسالان دوو شتی تیایە لە شوێنی‌ترا نییە: یەکەم گیای «کەرەس» کە گیایێکی ناسك و توندە و ترشیاتی نایابی لێ‌دروست ئەکەن زۆر بە نرخە. دووەم گوڵی «شەقایەق»[1] کە گوڵێکی سووری زۆر جوانە. وەختی خۆی لەم کێوانەوە براوە بۆ «نوعمان بنی مەنزەر» سەرۆکی وڵاتی «حیرە» لە خواری بەغداوە و بەهۆی ڕەغبەتی نوعمان لەو گوڵا ناوبراوە بە «شەقایقی نوعمان».

لەوبەری دووڕۆوە، یانێ لە شیمالیەوە کێوی «میارەوان» هەیە یانێ میان ڕوودان، یانێ لە بەینی دوو چەما، ئەم دیوی چەمی هەورامانە و ئەو دیوی چەمی کۆماسییانە، ئەم کێوە زۆر زۆر دیمەنی سەیری هەیە گەلێ بەرزە و «کوڕەی‌میانە» وەکوو شەبەحێ ڕاوەستاوە بە لووتەی ئەم کێوە بەرزەوە بە دیمەنێکی زۆر عەجیب و لە ئەغلەب شوێنی ئەم کێوا لەم دیو و لەو دیوە[وە] هەرکانی و ئاوە. بە ڕووی ئەم دیوا پشتی «سەوڵاوا» هەواری میارەوانە نزیکی چل کانی تیایە و لە شانی سەوڵاوادا پشتی «هەزار خانی» و «هەجمنە» پڕە لە ئاو و کانی، حەتا ئەڵێن «هەزار خانی» یانێ هەزارکانی. جارجار لە هاوینا شێخی بیارە یانێ شێخ عەلائەددین لەوکاتا لە دووڕووە[2] بوو بۆ هەواری خۆی و مەدرەسە ئەڕۆیشتە «میارەوان»، بەڕاستی خۆش و خاوەن سەفا و سەیرانگایە! و بە شانی چەپی سەوڵاوادا دێی «تەرخانئاوا» و لەولاوە دێی «نسڵ» و «گۆشخانی»یە کە لە بەهەشت ئەچن و نەفسی دەشتی سەوڵاوا بە ئاسارا وا دەرئەکەوێ کە لە قەدیما شارێ زۆر بەنرخ بووبێ، ئێستەش قەڵای «مەحموودئاوا» و قەڵای ناوەڕاستی دەشت و تەپی مەشهوور بە تەپی «نقارە خان» دیمەنێکی سەیریان هەیە لەبەر چاوا، بەڵام ئاخ!

خانووی بێ‌خاوەن وێنەی وێرانە — گەرچی تەلاری سەفا و سەیرانە
وڵات ڕاگرتن بە هێز و هۆشە — بێشە ڕاگرتن پیشەی شێرانە

شێخی بیارە، یانێ شێخ عەلائەددین گەلێ ئەملاکی کڕی لە «ژاوەرۆ»دا، «من جملە»

[1. مەبەست گوڵی «هەڵەبرمە»یە].

[2. مامۆستا بە سێ زاراوە لە وشەی «دووڕوود» کەڵکی وەرگرتووە، زۆر جار لەسەر ئەسڵی وشەکە ئەفەرموێ: «دووڕوود»، جارجاریش بە زاراوەی سۆرانییەکانی ناوچەکە ئەفەرموێ «دووڕووە» و هەندێ جاریش بە زاراوەی هەورامییەکان ئەفەرموێ «دۆڕۆ»].

نیوەی دێی «ژنێن» و «ئاریان»ی کڕی و [هەروەها] نیودانگ لە دێی «پایگەلان»، کە وەختی خۆی قەرارگای حوکوومەت بوون و لە خۆشییا بێ‌وێنەن حەتا مەشهوورە:

پایگەلان بەهەشت ژنێن دەرگایە وێنەیان نییە لەم ڕووی دنیایە

ماوەیێ لەم ناوا لەگەڵ تەلەبەی [دووڕوودا] بە سەیران و خۆشی ڕامان‌بوارد، بۆ ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و هەشت مەرحووم شێخ نوورەددین کوڕی مەرحووم شێخ نەجمەددین وەفاتی کرد و مەرحووم مەولانا مەلا عەبدولقادری موددەڕڕیسی بیارەیش موتەوەفا بوو و بیارە بێ‌خاوەن مایەوە، جا شێخی بیارە، یانێ شێخ عەلائەددین لە ئاخری فەسڵی بەهاری هەزار و سێسەد و سی‌و هەشتا لە دووڕۆگوێزایەوە بۆ بیارە و گەلی هەورامانی ئەو دیو، یانێ دیوی شارەزوور، پێشوازییان لێ‌کرد و موستەفا بەگی کوڕی جەعفەر سوڵتان بە ئەمری باوکی هات بە پیرییەوە و لە خانەقای بیارەدا دامەزرا و لە هەموو لایێکەوە موریید و مەنسووب لە خەواس و عەوام ڕوویان کردەوە خانەقای بیارە.

وە لە پاش ئەوە شێخ لە بیارە دامەزرا، مەدرەسەی دووڕوود هەرچەند هەر ئاوەدان بوو و مەرحووم مامۆستا سەیید موحەممەد لەویا بە موددەڕڕیسی مابووەوە، بەڵام تەقریبەن چۆڵ بوو و ئەو خۆشییەی نەما لەبەر ئەمە منیش قەرارم دا برۆم بەو دیوا بۆ دەوری بیارە.

«مع العلم» لەم بەینا من زۆر ئیستیفادەم لە مامۆستا سەیید موحەممەد کرد، عەبدوڵڵا یەزدی و ڕیسالەی ئادابی مەنزوومە وگەلەنبەوی ئاداب و عیسامەددینی ئیستیعارە و ڕەشدییە و فەنناری و بەعزێ لە شەرح مەنهەج و ڕیسالەی حسێبی فارسی و تەشریحولئەفلاك، ئەمانەم هەموو بە دەرز خوێند وگەلێ لەمانەم لەبەر بوو و لە خوێندنا چاوم تا حەددێ کرایەوە.

لەم ماوەدا کە لە دووڕوودا لە خزمەتی مامۆسادا ئەمخوێند بە ڕێکەوت چەند سەفەرێکی خۆش کەوتە بەرم: یەکەم لە بەهاری ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و شەشا لە ئاخری گرانییەکەدا لە دووڕۆوە ڕۆیشتم بۆ «دەرەتفێ» بۆ کڕینی گەلەنبەوی شەرح، لەم سەفەرا ڕۆیشتمە چۆڕ و شەوێ لەوێ بووم و شەوێ لە «نێ» و شەوێ لە دەرەتفێ بووم، کە گەڕامەوە لە ڕێگەدا لە لای باخی تەرخان ئاوا[1] لەم دیوی بەیەڵەوە گەیشتم بە مەرحووم موحەممەد

[۱. دوو دێ بەناوی «تەرخان ئاوا» لە ناوچەی مەریواندا هەیە: یەکێکیان مامۆستا پێشتر باسی کرد لە تەنیشت شاری سەولاوادایە و ئەویشان کەوتووەتە پشتی دێی بەرقەلا و بەیێلەوە کە ئێستە وەك مەحەللە و گەڕەکێك وایە لە شاری مەریوان].

سالّح بەگی کوڕی فەتتاح بەگ، ئەم زاتە سوێندی خوارد لێم ئەبێ من سوار ئەسپەکەی ئەو بم و ئەو بە پیادە لە پێشمەوە بڕوا، هەرچەن حەولمدا چارم نەکرد و بیلفیعل بەو شێوە لەگەلّیا هاتمەوە تا مالّەوە و شەو لە سەربانی مالّی حەمە سەعید بەگی برایا نووستم، لە بەرەبەیانا بەم دەنگە خەبەرم بووەوە یەکێ ئەیوت: «إن أشرف خلق الله نور» مەعەلعیلم کە چاوم کردەوە نە کەس دیار بوو و نەبانگیش درابوو، ئەم ڕووداوە زۆر دڵی ڕووناك کردمەوە و بە حاڵی ئینشراحەوە هەستام نوێژی سبەینێم کرد و لە پاش بەرقلیان و چا خواردن گەڕامەوە بۆ دووڕووە.

سەفەری دووەم، لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و حەوتا لە خزمەتی مامۆسا سەیید موحەممەد و شێخ عوسمانی کوڕی شێخ وگەلێ پیاو موناسب و قەرەباڵغ لە ڕێگەی کۆساڵان و ژیوارەوە هاتین بۆ هەورامانی ڕووی شارەزوور بۆ دێی «گوڵپ» بۆ ئەوە کە کچی شێخ سادقی گوڵپ، خاتوون حەبیبە ناو، بگوێزینەوە بۆ شێخ مەولانای کوڕی شێخ.

لەم سەفەرا مەرحووم مەلا ئەمینی جەفاری مەشهوورمان لەگەلّا بوو، شەوێ لە ژیوار و شەوێ لە دێی «نوێن» بووین و بەلای دێی «کەلجی»دا سەرکەوتین و لە پشتی دێی «هەجیج»ەوە داپەڕین بۆ چەمی هەجیج، بەڕاستی چونکە موسیمی بەهار [بوو] ئەم سەفەرە زۆر بە سەفا بوو.

کە گەیشتینە سەرکێوی پشتی هەجیج، مەلا ئەمین بانگی کرد خەڵکە بێ‌دەنگ بن بزانین ئەوە چی ئەڵێن، ئێمە هەموو داچڵەکاین لامان کردەوە پرسیمان چییە؟ وتی: ئەوە نییە کە مەلائیکەکانی ئاسمان ئەڵێن: «سبّوح قدّوس ربّنا و ربّ الملائکة و الرّوح» یانێ شوێنەکە ئەوەندە بەرزە سەری‌داوە لە ئاسمان. کە لەوکێوە داپەڕین گەیشتینە شوێنێکی زۆر سەخت و نابار مەشهوور بە «چنگە ڕنە» یانێ ئینسان دەس نەنێتە عەرز ناتوانێ داپەڕێ، مەلا ئەمین پرسی ئەمە کوێیە؟ وتیان: لابەلای چنگە ڕنە، وتی: ئەم شوێنە قنگە ڕنەیە نەك چنگە ڕنە. کە گەیشتینە چەم هەم مەلا ئەمین بانگی کرد بێ‌دەنگ بن دەنگی مەلائیکەی عەزابی جەهەنم ئێت، یانێ ئەوەندە قووڵە نزیکی ژێر زەوی بووەتەوە کە وەکوو مەشهووڕە دۆزەخ لە ژێر عەرزایە. بە کورتی گەیشتینە باخەکانی خواری هەجیجەوە لەویا مەلا موحەممەد ڕەشیدی هەجیجی لەوێ بوو، شەو لەوێ نانمان خوراد و ڕێکەوتین

بۆ دێی نۆدشە، شەو لە نۆدشە بووین بۆ سبەینێ هاتین بۆ دێی تەوێلە، شەوێ لە ماڵی موحەممەد ڕەشید ئاغای کوڕی سەعید ئاغای خاڵۆی شێخ بووین و سبەینێ زیارەتی مەرقەدی سیراجەددین و بەهائەددینمان کرد، جا ڕێکەوتین بۆ بیارە و شەوێ لە بیارە بووین، زیارەتی مەرقەدی زیائەددین و نەجمەددین و زیارەتی مەحاسینی شەریفەمان کرد و زیارەتی مەولانا مەلا عەبدولقادرمان کرد و زۆر ئیکرامی شێخ عوسمان و مامۆستا سەیید موحەممەدی گرت و من دەستم زیارەت کرد و دوعای تەوفیقی بۆ کردم و بۆ سبەینێ ڕۆیشتین بۆ گوڵپ، شەوێ دوو شەو لەوێ بووین، جا بووکیان سوار کرد ئەمجار بە ڕێگەی «سەرگەت»ا و بە کێوی «کەماجار»ا هاتینە سەر بە ڕووی «قەڵاخانی» و «هەوشوبەدرانی»دا و شەو لە «دەرەکێ» لە ماڵی ئەسەد بەگی کوڕی بورزوو بەگ بووین، بۆ سبەینێ بە ڕێگەی دەربەند کەڵەوێدا ڕۆیشتین بۆ دووڕووە، نزیکی عەسر گەیشتینە بەرابەری دووڕۆ تماشامان کرد سوارە مەشغوواڵی ڕمبازێن و شێخ نیزامەددین برای شێخ کە زۆر سوارچاك بوو هات بە پیرمانەوە و لە عەینی وەختا تەلەبەکانی خانەقایش پاشایان دروست کردبوو گەلێ سەیر و سەفامان لەوکاتا چاو پێکەوت.

سەفەری سێهەم، لە ئاخری بەهاری ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و هەشتا لە زەمانی حوکمداری «شریف الدوله» ئەحمەد شا عەسای موڕەسەعی ناردبوو بە خەڵات بۆ شێخ و ئەمری لە سنەوە هاتبوو کە شێخ بڕوا بۆ سنە ئەو خەڵاتە وەربگرێ، بەڵام شێخ وای بە مەسڵەحەت زانی کە سەیید موحەممەدی موددەڕڕیس و شێخ عوسمانی کوڕی و حاجی میرزا ڕەحمەتوڵڵای تاڵیشی بنێرێ بۆ وەرگرتنی، بیلفیعل ئەمانە ڕێکەوتن و منیش لە خزمەتی مامۆستا سەیید موحەممەدا ڕێکەوتم، لەم سەفەرەدا شەوێ لە سوورکەوڵ و شەوێ لە شوێشە بووین، بۆ سبەینێ ڕۆیشتین بۆ سنە تا نزیکی دێی «کەمێز»[1] دەوری دووسەد سوارێ لە ئەعیان و عولەما و مەنسووبین هاتن بە ئیستیقبالی شێخ عوسمانەوە و ڕۆیشتین لە مزگەوتی مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عارف کوڕی مەلای نۆدشە کە عائیدی ماڵی حاجی موعتەمید بوو دابەزین.

ئەم ورووەی ئێمە تەسادوفی ئەوەڵی ڕەمەزانی کرد و چواردە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، حەفلەی

[١. کەمێز: ئێستە گەڕەکێکە لە شاری سنە]

وەرگرتنی عەسا بەسرا، لەم حەفلەدا ناتیقێ لەسەر ئایەتی ﴿هَلْ يسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ﴾ بە تەشریفی عولەما و زانا و ڕوحانیاندا گەلێ قسەی جوانی کرد، جا شەربەتخۆری کرا، لەم مەجلیسا بە خزمەتی مەرحووم مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشەیی و سەیید نەجمەددین کوڕی سەیید عەبدولحەکیم هەمڕۆڵەیی وگەلێ عولەمای بەرزگەیشتم، لەم سەفەرەدا شەوێ مەدعوو بووین لە مالّی حاجی موعتەمیدا میرزا عەبدوڵڵا خان بەعزێ پرسیاری عیلمی لە من کرد جوابم دایەوە لە بیستنی ئەم سوئال و جوابە حاجی موعتەمید زۆر مەسروور بوو بوو، کاتێ ئەهات بۆ مزگەوت بۆ چاوپێکەوتنی شێخ عوسمان، ئەیپرسی: «ئاغەی مەڵڵای موحەقیق لە کوێیە» بەم عینوانە خەبەری منی ئەپرسی و میهرەبانی دەرئەبڕی. لەو سەرەوە کە هاتینەوە شەوێ لە دێی «کەرجۆ» و شەوێ لە دێ «نەجێ» لە خواری دێی «ئەوێهەنگ»ەوە بووین، بۆ شەوی سێهەم گەیشتینە دووڕووە.

سەفەری چوارەم، لەم ساڵا لە زستانا لە خزمەتی شێخدا ڕۆیشتم بۆ دێی «سووڕەتوو» لەم ساڵا بووکە شێخ ژنێکی لە مەلازادەکانی دێی «ژریژە» مارەکرد وکوڕێکی موحەممەد ناوی لێ بوو، ژنەکەش پاش ساڵی وەفاتی کرد، بەڵام کوڕەکە ئێستە بەرحەیاتە و لە دێی سووورکەوڵە.

سەفەری پێنجەم، خۆم لەگەڵ بەعزێ تەلەبەی ڕەفیقما چەن ڕۆژێ بۆ ڕابواردن ڕۆیشتین بۆ ژاوەڕۆ، وەخت پاییز بوو و هەموو نەوعە میوەیێ وەکوو قۆخ و هەرمێ و هەنار وکەمێ ترێ مابوو، لەم سەفەرا کە گەڕاینەوە لە چەمی «بۆڕیدەر»ا تاقەدانەیێ «بەی»مان بە سەر داریکەوە چاوکرد، من بەردم تێگرت داکەوت کە چووم بەیەکە دەربێنم داریکم بۆ دربژ کرد بەییتر دەرکەوت، تەکرار بەییتر دەرئەکەوت هەتا سەد و چل دانە بەیمان لەو ناو بێشە و باخە دەرکرد کە ئیعرازیان لێ نابوو و بە خۆشی و ڕابواردن هاتینەوە و لەم سەفەرەدا «پاڵنگان» و «دەژن» و «سیویە» و چەن شوێنی جوانم چاو پێکەوت. پاڵنگان وەرگیراوە لە پوڵنگان چونکی ئەم شوێنە پوڵنگی زۆرە ، یا وەرگیراوە لە «پادەهنگان» یانێ مەخفەری کۆمەڵەی سوپا و دەژن وەرگیراوە لە «دژان» یانێ قەڵاکان و سیویە وەرگیراوە لە زاویە یانێ گۆشە و پایگەلان لە «پادگەلان»، یا «پادیەلان» یانێ مەخفەری کۆمەڵ یا پاڵەوانان.

◇◇◇

[سەفەرێکی‌تری مامۆستا بۆ باشووری کوردستان و گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵات]

بڕۆینەوە سەر مەقسوود، پاش ماوەیێ لە دامەزرانی شێخ لە بیارە لە ڕۆژی سێشەنبە حەوتەمی مانگی زیلقەعدە لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی و هەشتا لەگەڵ سەیید فەرەجی عەربەتیدا کە ئەویش لە تەلەبەی عیلم بوو دووڕۆمان بەجێ هێشت و ڕۆیشتین بۆ بیارە، بۆ شەوگەیشتینە بیارە و بە خزمەتی شێخ گەیشتین، بەڵام لەبەر ئەوە کە لەوکاتا لە بیارەدا موەدڕڕیس نەبوو شێخ نامەی بۆ نووسین بۆ خزمەتی مامۆسا مەلا حەمە سەعیدی موەدڕڕیسی عەبابەیلێ، بیلفیعل ڕۆیشتین بۆ ئەوێ و دامەزراین و من دەرزی گەلەنبەوی بورهانم ئەخوێند لە ئەوەڵیەوە، پاش ئەوە کە چەند دەرزێکم لێ خوێند و گەیشتم بە باسی «نیسەبی ئەربەعە» مامۆسا مەلا موحەممەد سەعید سەفەری شاری سنەی کەوتە بەر و ڕۆیشت بۆ سنە، تا ئەو لەو سەفەرە هاتەوە من بۆ دەرز ئەڕۆیشتمە هەڵەبجە لە خزمەتی شێخ بابا ڕەسوولی بیدنی کە لەو دەما میوانی ماڵی شێخ عەبدوللەتیف بوو دوازدە دەرسم لە گەلەنبەوی خوێند.

ئەم سەفەری مامۆستا مەلا حەمە سەعیدە بۆ سنە لەبەر ئەوە لەگەڵ میرزا تۆفیقی برایا بەیەکەوە تیجارەتیان بوو و لەو ڕۆژا میرزا تۆفیق چەن باریێ «دەمارە تووتنی» بردبوو بۆ سنە بیفرۆشێ لە سنەدا ماڵەکەی گیرابوو ئەمیش ڕۆیشت بۆ ئەوە بە هۆی بەعزێ عولەما و پیاوی ناسراوەوە تەوەسسول بکا کە میرزا تۆفیق و ماڵەکەی ڕزگار بکا، لە مەقسوودەکەیا ناجیح [بوو] بەڵام ئەوەندە لە وەزعی سنە عاجز بووبووکە هاتەوە فەرمووی ئەگەر بمزانیایێ وەزعی شاری سنە ئەوەندە خراپە تۆفیقی برام بکوژرایە نەئەڕۆیشتم بۆ جەنازەکەی بۆ سنە، ئەمە ئەوپەڕ پایەی دڵئێشاوییە لە وەزعی وڵات.

وەزعی میوانی شێخ بابا ڕەسوول لە هەڵەبجەدا لەسەر ئەمە بوو، پاش ئەوە کە شێخ هاتەوە بۆ بیارە تماشای کرد خانەقا موەدڕڕیسی نییە وێستی موەدڕڕیس ڕابگرێ و بابە ڕەسوول لەو دەما ماڵی گوێزا بووەوە بۆ هەڵەبجە، جا شێخ ناردی بە شوێنیا هات بۆ بیارە

و قەراری دا کە لە بیارەدا ئەویش مودەڕڕیس بێ وەکوو مەلا حوسەینی کوڕی مەلا، بیلفیعل سوورەتەن ئیتاعەی ئەمرەکەی شێخی کرد، بەڵام تماشای کرد مەلا حوسەین لەو وەزعە ڕازی نییە و ئەبێ بە هۆی دڵئێشان، لەبەر ئەوە بە تەواوی جیا بووەوە لە بیارە و لە هەڵەبجەدا بە خۆی و حەرەمیەوە لە ماڵی شێخ عەبدوللەتیفدا دانیشت بە ئومێدی ئەوە خودای تەعالی لە لایێکەوە دەروویێ بکاتەوە بۆی، لە واقیعا لە هەڵەبجەوە ڕۆیشت بۆ «سۆڵە» کە تەکیەی مەرحووم شێخ حوسەینی چرچەقەڵا بوو و شێخ حوسەین خاڵۆی بوو، لەوێ دامەزرا و مەشغووڵ بوو بە تەدریس، بەڵام پاش ساڵێ حوسەین بەگی مەحموود پاشا ناردی بە شوێنی ماڵەکەیا و هێنایە دێی «زەلە ڕەش» لە شارەزوورا کردی بە مودەڕڕیس و تەلەبەی بۆ ڕاگرت و ئەم بارگوێزانەوەی شێخ بابارەسوولە بە ئیشرافی حوسەینبەگی حەسەن بەگ ئامۆزای ئەو حوسەین بەگ بوو. بابارەسوول لە زەلەڕەش مایەوە تا ساڵی هەزار و سێسەد و چل و شەش، کە مەلا موحەممەد سەعیدی مودەڕڕیسی عەبابەیلێ وەفاتی کرد جا ماڵی هات بۆ عەبابەیلێ و بوو بە مودەڕڕیس هەتا ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و سێ لە عەبابەیلێ وەفاتی کرد.

بڕۆینەوە سەر باسی خۆمان، تماشام ئەکرد وەزعی خوێندنمان لە عەبابەیلێ باش نییە؛ چونکی دەرزمان ئەفەوتا لەبەر ئەمە لەگەڵ سەیید فەرەجدا لە سێشەنبەی حەوتی مانگی موحەڕڕەمی هەزار و سێسەد و سی و نۆدا گەڕامەوە بۆ هەورامانی ئەو دیو، سەیید فەرەج لە دێی «ئەڵمانە» لە خزمەتی باباشێخ دامەزرا و منیش ڕۆیشتمە دووڕووە لە خزمەتی مامۆستا سەیید موحەممەدا دامەزرامەوە. من لە ماوەی پاییز و زستان و بەهارا لە خانەقای دووڕووە گەلەنبەوی بورهانم خوێند و لە هاوینی ساڵی سیونۆدا ڕۆژی شەممەی بیستەمی مانگی شەووال لە خانەقای دووڕووەوە ڕۆیشتم بۆ مەدرەسەی بالك بۆ خزمەتی مەلا مەحموودی جوانڕۆیی، لەوێ دەستم کرد بە شەرحی عەقایدی مەلا سەعد و گەیاندمە باسی «تەکوین» لە ئاخری سیفاتی زاتییەدا و فەرائیزی مەنزوومەی شێخ مەعرووفی نۆدێیشم لە خزمەتیا تەواو کرد.

لەم ماوەدا شێخی بیارە هات بۆ مەریوان بۆ چاککردنەوەی میانەی ساداتی چۆڕ لەگەڵ عەلی بەگی کوڕی حەسەن بەگی «ولەژێر» برازای کەیخەسرەو خان، قەزیەیش

ئەمە بوو کە سەییدەکان دێی «سێف»یان گۆڕیبووەوە بە دێی «مرگ»[1] کە مواڵکی عەلی بەگ بوو، بەڵام سەییدەکان پەشیمان بووبوونەوە و عەلی بەگیش مواڵکی سێفی ڕەد نەکردەوە بۆیان، بە هەرچۆنێ بە هۆی شێخی بیارەوە و بە هۆی شێخ قادری کوڕی شێخ کەریمی کەسنەزانەوە کە لەو ڕۆژا ماڵی لە «نژمار» بوو میانەیان باش کردنەوە.

◈◈◈

[سەفەری یەکجاریی مامۆستا بۆ باشووری کوردستان]

لەم سەفەرا لەو سەرەوە شێخ تەشریفی هێنا بۆ باڵك و ئێمەیش تا نزیکی بەرقەڵا لەگەڵ ئەشراف و پیاو موناسبی دێ و مامۆستا مەلا مەحموود ئیستیقبالمان کرد، کە تەشریفی هاتە باڵك شەوێ لە باڵك مایەوە، سبەینێ تەشریفی ڕۆیشت بۆ چۆڕ ئێمەیش هەموولایێ تا چۆڕ بۆ ڕەوانەکردنی ڕۆیشتین، لەم ماوەدا شێخ فەرمووی بە من کە مەلا ئەحمەدی ڕەش لە بیارەیە ئەمەوێ بیکەم بە موەدەڕیسی خانەقای بیارە، ئەگەر مەیلت هەیە تۆیش بێرەوە بۆ بیارە بۆ خوێندن. منیش لەسەر ئەم ئەمری شێخە ڕۆژی جەژنی قوربان لە هەزار و سێسەد و سی و نۆدا لە دێی بالکەوە گوێزامەوە بۆ بیارە و لە بیارەدا لە خزمەتی مامۆسا مەلا ئەحمەدی ڕەشدا بە فەقێتی دامەزرام.

لە ماوەی سێ مانگا لە خزمەتی مامۆسا مەلا ئەحمەدا شەرحی عەقایدم تەواو کرد و عەقیدە کوردییەکەی مەولەویم بە دەرز خوێند و دەستم کرد بە موختەسەری موتەووەل و گەیاندمە سەر بابی ئەحوالی موسنەدوئیلەیهی، لەم موددەدا شێخ تۆفیقی پشتەیی کوڕی شێخ عەبدوڕەحمان ئەویش لە بیارەدا لە خزمەتی مامۆسا شێخ حەیدەرا دەرزی کافیەی ئەخوێند و من لەگەڵیا خەریك ئەبووم تا باش ڕەوانی ئەکرد.

مامۆسا مەلا ئەحمەد لە بیارەدا زۆر پەریشان بوو و مەترسی بوو لە بەعزێ دەستە و بەستەی مەلا حوسەین کە ئازاری بدەن هەرچەن شێخ دڵخۆشی ئەدایەوە سوودی نەبوو لە ئەنجاما ئیزنی وەرگرت لە شێخ و کەوتە ڕێ بۆ شاری سلێمانی، منیش ناچار لە خزمەتیا ڕێکەوتم و مەلا عەلی مەولاناوایی کە ئێستە مەلای «فەقێ جنە»یە ئەویشمان لەگەڵا

---

۱. ئەم ناوە وەرگیراوە لە «مەڕگە» یانێ شوێنی مۆڵدانی مەڕ و ماڵیات.

هات بۆ سلێمانی، بۆ ئێوارە بە زەحمەت گەیشتینە دێی «موان» چونکی لەو ڕۆژا لە خەتی سەییدسادقەوە ئوتومبیل نەبوو. ئێوارە وەختێ درەنگ گەیشتینە ناو دێ و بووین بە میوانی ئیمامی ئەو دێ کە ناوی مەلا کەریم بوو و خەڵکی ئەو ژووڕە بوو، تماشام کرد مەشغوولّی جەژنی مەولوودە و نان و چێشتێکی زۆری دروست کردووە، ئێمەیش ئەو شەوە مەولوودنامەکەمان بۆ خوێندەوە و بە زەوق و شەوقێکی باش جەژنەکەمان تەواو کرد. سبەینێ ڕێکەوتین و بۆ ئێوارە گەیشتینە شاری سلێمانی و لە خانەقای حەزرەتی مەولانا خالیدا ـ قدس سرە ـ کە لەو سەردەما مامۆستا شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی مودەڕڕیسی ئەوێ بوو، بە میوانی دانیشتین.

پاش دوو سێ ڕۆژ مامۆستا شێخ عومەر زۆر میهرەبانی لەگەڵ منا کرد و بە سوورەتی فەقێتی لە خزمەتیا دامەزرام و مامۆسا مەلا ئەحمەدیش لەسەر «توسّط»ی مامۆستا شێخ عومەر رَحِمَهُ اللَّهُ بوو بە مودەڕڕیسی «گەڵاڵە» لە ناحیەی «ماوەت»و موحەممەد ئاغای عەباس ئاغا وڵاغ و پیاوی نارد بە شوێنیا تەشریفی ڕۆیشت بۆ گەڵاڵە و لەوێ دامەزرا.

[باسێکی مەلا ئەحمەدی ڕەش (مامۆستای مامۆستا مەلا عەبدولکەریم)]

لەم شوێنا بە موناسەبە باسی مێژووی ژیانی مامۆسا مەلا ئەحمەدی ڕەش ئەکەم:

ئەم زاتە لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد ودوازدەی هیجریدا لە دێی «پاش‌بەرد» لە نزیکی پێنجوێندا لە دایك بووە و پاش تەمیز دەستی کردووە بە خوێندن جا کەوتووەتە مەدرەسەکانەوە و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و بیست و پێنجی هیجریدا هاتووەتە کانی‌سانان بۆ خزمەتی حاجی مەلا عەبدوڵڵای کانی‌سانان و لەوێ مایەوە هەتا بوو بە موستەعید و شۆرەتی پەیدا کرد بە سەعی و ئیستیعداد.

ئەم زاتە حاڵی لە خوێندنا زۆر سەیر بوو لەگەڵ بەعزێ ڕەفیقا لە کانی‌سانانا ڕۆیشتووەتەوە بە دەرزا ئەوەیش دڵی ئازارداوە، لەسەر ئەمە بڕیاری دابوو ئیتر بڕوا لەسەر قەبرێکەوە ئەو خاوەن قەبرە بکا بە فەقێ بۆ خۆی، بیلفیعل چوار ساڵ بەم نەوعە لە ڕۆژی دەرزا ئەڕۆیشتە سەر ئەو قەبرە هەتا ئیزهار و تەسریفی مەلا عەلی و وەزع و ئیستیعارە و جامی و سیووتی و فەنناری بە دەرز پێ وتووە، بیستوومە جارجار خۆی تووڕە کردووە لە خاوەن قەبرەکە بە شێوەی مامۆستایێ لە فەقێی خۆی عاجز ببێ.

پاش ئەو تاریخە هاتووەتە چۆڕ و لە خزمەتی حاجی ئاغا موحەممەدا ماوەیێ دانیشتووە ئەمجار هاتووەتە باڵك و لە خزمەتی مەلا مەحموودا تەهزیبولکەلامی خوێندووە.

ئەم زاتە زۆر قسە خۆش بوو ئیشی سەیری ئەکرد لەوکاتا لە چۆڕا بوو مەلا سەیید عەلی هەمڕۆڵەیی و شێخ ڕەسوولی گومەتەیی قەرەداغی ناوبەینیان ناخۆش ئەبێ، ڕۆژێ ئەبێ بە شەڕیان، کە ئەوان هەڵئەستنەوە بدەن لە یەك تر، مەلا ئەحمەد لە حوجرە ئێتە دەرەوە و دەرگای حوجرەکە لە دەرەوە دائەخا و خۆی ئەڕواتە مزگەوت کە لە ژێر حوجرەکەدا بووە، سەییدەکان گوێئەگرن تەپەتەپێکی بێمونا سەبە لە حوجرەکەدا هەیە ئەڵێن ئابڕۆن بزانن ئەوە چییە؟ بۆچی فەقێکان ئەوەندە بێ ئەدەبن، مەلا ئەحمەد خۆی تووڕە ئەکا ئەڵێ بێقەزا بن، سێسەد ساڵە ئەم شوێنە مەدرەسەیە هێشتا ئێوە حاڵی فەقێ نازانن، فەقیرانە غەریبن ئەگەر جارجار سوحبەتێ نەکەن چۆن ئەژین. ئەوانیش بێدەنگ ئەبن. ئەو دوو فەقێشە لەسەرەوە ئەوەندە لەیەك ئەدەن هەتا ماندوو ئەبن، جا یەکێکیان ئەیەوێ بێتە دەرەوە کە تماشا ئەکا دەرگاکە داخراوە ئەڵێ وەڵڵا ئەمە پەندی ئەحمەدە ڕەشە کە هاتە سەر بەعزێکی لێبدەین. پاش ماوەیێ مەلا ئەحمەد ئەڕواتە سەر بۆ حوجرە ئەڵێن ئەرێ ئەحە ڕەش ئەو پەندەت بۆ دا و بۆچی دەرگاکەت قایم کردبوو لەسەرمان؟ ئەیانەوێ خۆیان تووڕە بکەن و ئازاری بدەن ئەویش ئەڵێت: جا توخوا وەرە پیاوەتی بکە لەگەڵ ڕەفیقی خراپا من ویستم کە خەڵك نەیێتە سەرتان و ئابڕووتان نەچێ، ئێستە ئێوە بە خراپی ئەژمێرن؟! ئەوانیش بێدەنگ ئەبن.

جارێ لە باڵکدا لە فەقێیێك وەڕەس ئەبێ و حەز ئەکا لەوێ نەمێنێ، فەقێکەیش تۆزی بێفام ئەبێ ئەڕوا بەلایەوە ئەڵێ توخودا پیاوی زیرەك و قابیلی وەکوو تۆ، بە دەرزی ئەم مەلا مەحموودە چۆن ڕازی ئەبێ! ئەویش ئەڵێ وەڵڵا فلانی ئەزانم دەرزەکانی بێسوودە بەڵام شوێن نییە برۆم بۆی، ئەڵێ ئەگەر تۆ سوێندم بۆ بخۆی لەگەڵما ڕاست بی شوێنی باش هەیە بریتییە لە فلان شوێن، قەراری ڕۆیشتن ئەدەن و ئەسباب ئەپێچنەوە لەوکاتا ئەیانەوێ خودا حافیزی لە مەلا مەحموود بکەن مەلا ئەحمەد ئەڵێ تۆ برۆ خوا حافیزی بکە بە خوا من تاقەتم [نییە] خوا حافیزی بکەم هەروا ئەڕۆم، کابرا ئەڕوا خوا حافیزی ئەکا و ئێت بە شوێنی مەلا ئەحمەدا لە خواری دێوە جا مەلا ئەحمەد ئەڵێ بە خوا برا

من جارێ تا دوو سێ ڕۆژی‌تر بۆم ڕێناکەوێ بێم تۆ بڕۆ خوا حافیزت، منیش بە شوێنتا دێم کابرایش ڕووی نابێ بگەڕێتەوە و ئەڕوا و مەلا ئەحمەد ئێتەوە دائەنیشێ.

پاش خوێندنی تەهزیب ڕۆیشت بۆ موکریان و لە خزمەتی حاجی مەلا عەبدوڵڵای پەسوێ کە لەو ڕۆژا لە «کانیەڕەش» بوو گەلێ ڕیازی ئەخوێنێ و ئیجازە وەرئەگرێ و گەڕایەوە بەڵام تووشی بەعزێ خەتەرات و خەیاڵات بووبوو لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و حەوتا ڕۆیشتە بیارە لە خزمەتی مەرحوومی مەلادا مایەوە تا مەلا وەفاتی کرد، پاش ئەوە ڕۆیشت بۆ سنە بەینێ لەوێ بوو، جا لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و نۆدا هاتەوە بۆ بیارە بۆ خزمەتی شێخی بیارە و لە پاش سێ مانگ لەوێوە ڕۆیشت بۆ شاری سلێمانی و لەوێوە ڕۆیشت بۆ دێی «گەڵاڵە» بوو بە موددەڕڕیسی موحەممەد ئاغای گەڵاڵە، پاش چوار ساڵ لە گەڵاڵەوە ڕۆیشت بۆ هەولێر و لە خزمەتی مەلا ئەفەندی بەینێ دانیشتووە لەوێش ئیجازەی وەرگرتووە لە ئەفەندی، جا لە دەشتی دزەیی لە دێی «چەغەمیر» بوو بە موددەڕڕیس و ژنی هێنا و قەراری گرت، گەلێ فەقێی ئەوڵاتە ئیستیفادەیان لێکرد و لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و نۆی هیجریدا چاوی تۆزێ کز بوو ئەویش بۆ تەداوی لە دەشتی دزەییەوە ڕۆیشت بۆ شاری سلێمانی و لەو سەرەوە کە گەڕایەوە گەیشتە کەرکووك لە ماڵی هاوەڵزاوایێکی خۆیا لە پاش ئەوە دەسنوێژی گرت بۆ نوێژ بە مەرگی کتوپڕ (فجأة) وەفاتی کرد و جەنازەکەیان بردەوە بۆ دەشتی دزەیی لە دێی «عەلی مەحموود»ا دەفن کرا ـ رحمه‌الله و طاب ثراه ـ.

ئەم زاتە زۆر مەلای چاك بوو کتێبە مەشهوورەکانی وەها ئەزانی کەئەنەهو هەموو وان لەبەری و زۆر لە فیقهی شافیعیدا هۆشیار بوو و زۆر ئوسلووبی تەدریس و تەعلیمی جوان و ڕەوان بوو و ئەیویست بە تەریقەی جەدەل فەقێ ئاگادار بکات و زۆر جار موجادەلەی لەگەڵیانا ئەکرد بۆ ئەوە چاویان بکرێتەوە، لەو کاتا کە من لە بیارەدا لە خزمەتیا شەرحی عەقایدم ئەخوێند زۆری ئەکرد لێم ئەیفەرموو یا من تەریقەی ئیعتیزال ئەگرم و تۆ تەریقەی ئەشعەری بگرە یا بیلعەکس با موباحەسە بکەین بزانین قسە[ی] کام لایان ڕاستە و دەلیلی کامیان هێزدارە.

بیستوومە جارێ لە دەشتی دزەییدا بە یاسای کوردستان تەلەبەکان پاشا پاشا ئەکەن و مامۆسا مەلا ئەحمەد بانگ ئەکەن کە تۆ بەبێ ئوسوول بۆچی لەو سەرەوە هاتوویتە خوارەوە؟ ئەویش ئەڵێ: من لە لایەنی گەورەی ئەو وڵاتەوە ڕەوانە کراوم بۆ تەعلیم و تەسقیف[ی] خەڵکی ئەم وڵاتە، چونکی بیستوویانە ئەم وڵاتە پێویستی بە زانایێ هەیە عیلمیان نیشان بدا.

ئەم زاتە وا ئەزانم سێ کوڕی لێ بەجێماوە: دوانیان وا لە مەدرەسەی ڕەسمی حوکوومیدا و یەکێکیان کە ناوی مەلا موحەممەد ئەمینە و لەوان گەورەترە لە پاش خۆی لە جێگەکەیا ماوەیێ مەلا بوو پاش ئەوە داخیلی دەورە بوو و ئێستە موعەللیمی مەدرەسەیە.

بڕۆینەوە سەر باسی خۆم، لە ساڵی چلدا کە دامەزرام لە خزمەتی مەرحووم مامۆستا شێخ عومەرا ڕَحِمَهُ اللهُ بە هۆی کۆشش و ڕەغبەتی ئەوا لە خوێندن و کیتابەت و ئیشتیغال بە عیلم ئافاقێکیتر لە بەرچاومانا کرایەوە ماوەیێ هەر مەشغوولی خوێندنی موختەسەر بووم پاش ئەوە کتێبی «أقصى الأماني» کە تەئلیفی حەفیدی سەعدی تەفتازانییە و مامۆسا شێخ عومەر حاشیەی لەسەر کردووە بە حاشیەکانەوە نووسیمەوە و بە دەرز خوێندم، جا دەستم کرد بە خوێندنی ڕیازیات «تەشریحولئەفلاك» و «ریسالە»ی حیسابی بەهائەددینی عامیلی و «ئوستورلاب» تەئلیفی عامیلی و بەعزێ لە «روبعی موجەییب»م بە دەرز خوێند، ئەم کتێبانە هەموو مودەووەنی مامۆستا شێخ عومەریان لەسەرە. پاش ئەمانە «تەقریبولمەرام» شەرحی «تەهزیبولکەلام» بە حاشیەی شێخ و حاشیەی مەلای پێنجوێنەوە نووسیمەوە و ماوەی هەژدە مانگ مەشغوولی بووم خوێندم و کتێبی «جەمعولجەوامیع»م بە خەت لەگەڵ مودەووەنی مامۆستا شێخ عومەرا نووسییەوە و خوێندم و حاشیەی لاری لەگەڵ مودەووەنی شێخ قادری موهاجیرا نووسییەوە خوێندم و گەڵێ «مەنهەج» و «توحفە»م بە دەرز خوێند و بە دەم ئەمانەوە فەریدەی جەلالی سیووتیم نووسییەوە و سەماعم کرد و گەڵێ ئیستیفادەی زیادەم لە شێخ کرد و گەڵێ میهرەبانی و لوتفی لەگەڵما بوو خودا پایەی بەرز بکا.

بۆ یادداشت: لەو کاتا گەیشتمە سەر باسی «ئیلاهیات» لە تەقریبولمەرام وەزعی سلێمانی تێکچوو لەبەر ئەوە لەو چەرخا شێخ مەحموودی حەفیدزادە کرابوو بە سەرۆك و فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە و میانەی لەگەڵ حوکوومەتی عێراقدا تێکچوو و شاری سلێمانی

کەوتە بەر بۆمبا باران و خەڵکی شار ولّاتەکەیان چۆڵ کرد، جا من و مەلا عەبدولقادری خۆشناوی بالیسان بە یەکەوە ڕۆیشتین بۆ عەبابەیلێ و لە خزمەتی مامۆستا مەلا حەمە سەعیدا دانیشتین من دەستم کرد بە «لبّ الأصول» سێ مانگ لە هاوینا لەوێ مامەوە هەتا وەزعی شار باش بوو، جا گەڕاینەوە بۆ شار و لە خانەقادا دانیشتینەوە، ئەو میقدارە کە مابوو لە تەقریبولمەرام تەواوم کرد پاش ئەم کتێبە حاشیەی لاریم خوێندن.

لەم ماوەدا لە سلێمانی ئەو موستەعیدانە کە بەیەکەوە لە خزمەتی شێخدا ئەمانخوێند ئەمانە بوون:

یەکەم، سەیید عەبدولحەکیم، ئەم زاتە لە ساداتی «هوویە» بوو لە سلێمانیدا ماوەیێ بوو بە مەلا لە مزگەوتی شێخ حوسەینی قازی لە سەرشەقاما، پاش ئەوە ڕۆیشت بۆ «خاوێ» لە قەرەداغ پاش ئەوە ڕۆیشت بۆ «سەوزبلّاغ» یا قەرەبلّاغ لە لای مالّی شێخ عەبدولوەهابی تالّەبانی، پاش ماوەیی ڕۆیشت بۆ «فورقان» لە لای حاجی شێخ تالیبی تالّەبانی جا لەوێوە گەڕایەوە بۆ گەرمیان و لەوێوە ڕۆیشت بۆ سەر مزگەوتی مەحموود پاشا لە قەرزابات، پاش چەن سالّێ قەرزاباتی بەجێهێشت و ڕۆیشت بۆ شاری «خانەقی» لەسەر تەکیەی شێخ فەتتاحی ئامۆزای دامەزرا تا لە سالّی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتا لە ئەنجامی عەمەلیاتی فیتق وەفاتی کرد.

دووەم، مەلا حوسەینی کوڕی کاك عەبدوللّای خەسرەو چاوشی، خالّۆزای شێخ تاجەددین و خەڵکی دێی «گوڵپ»، ئەم زاتە بوو بە مەلا و ڕۆیشتە «سۆڵە» لەلای شێخ قادری قەمچی ڕەش ماوەیێ مایەوە و لەوێوە ڕۆیشت بۆ «چڕچەقەلّا» لای شێخ غەفووری کوڕی شێخ حوسەین دەوامی کرد تا لە دەوری هەزار و سێسەد و شەستدا وەفاتی کرد.

سێهەم، مەلا موحەممەد ئەمینی ئەسپەڕێزی هەورامی، ئەم زاتە ڕۆیشت لە باشماخ لای پێنجوێن بوو بە مەلا و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشتا وەفاتی کرد.

چوارەم، مەلا یەحیا کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی حاجی مەلا سەلامی بانەیی، ئەم زاتە زۆر بە ئیستیعداد بوو بە تایبەتی لە عولوومی عەرەبییەدا و من لە سوحبەتی گەلێ ئیستیفادەم کرد، ئەم زاتە پاش ماوەیێ لە سلێمانییەوە ڕۆیشت بۆ موکریان و لە سابلّاغ لە خزمەتی مەلا عەبدوللّای کوڕی مەلا موحەممەد حەسەنی بورهانیدا مایەوە و ئیجازەی

وەرگرت و هاتەوە بۆ شاری بانە بوو بە مودەڕڕیس لە مزگەوتی خۆیانا و لەگەڵ مەلا موحەممەدی شێخولئیسلام کە برای بوو بە یەکەوە ئەژیان «مع الأسف» بە جوانی وەفاتی کرد و پاش خۆی دوو کوڕی لێ بەجێ ما: یەکەم مەلا عەبدولغەفوور کە ئێستە لە شارباژێڕا مەلایە و دووەم عەبدوڕڕەحمان کە ئێستە جوندییە.

پێنجەم، لە موستەعیدەکانی شێخ لە زەمانی منا مەلا عینایەتوللا بوو، ئەم زاتە پاش تەواو کردن لەسەر مزگەوتی شێخ عەبدوللای هەولێری دامەزرا و تا ئێستە بەردەوامە و حەجی بەیتوللایشی کرد خوا موەففەقی بکا.

شەشەم، «شێخ موحەممەدی خاڵ»ە، کە لەمەولا باسی ئەکەم.

◇◇◇

[ئیجازە وەرگرتنی مامۆستا]

من خۆم لە پێش کاتی ئیجازە وەرگرتنم یەك دوو جار لە بیارە و لە غەیری بیارەدا مولاقاتی شێخ سدیقی کوڕی شێخ مەعرووفی نەرگسەجارِیم کرد و بەیەکەوە ڕێکەوتین لەسەر ئەوە پاش ئیجازە وەرگرتن بڕۆم لە «نەرگسەجار»ا بە مودەڕڕیسی دابنیشم و لەبەر چەن شت ئەم وەزعەم قەبوول کرد.

یەکەم، نەرگسەجار لە زەمانێکی سابیقەوە مەدرەسە بووە و کتێبخانەیێکی باشیان هەبوو؛

دووەم، شێخ سدیق مەنسووبی شێخی بیارە بوو و لەگەڵ منا هاومەشرەب بوو؛

سێهەم، نزیکی بیارە بوو، هەرکاتێ بمویستایێ بڕۆم بۆ زیارەتی شێخ لە بیارەدا بۆم ڕێئەکەوت؛

چوارەم، ئەو بە وەزعێکی وا دەعوەتی منی کرد کە بە یەکەوە وەکوو برا بژین. سەرەڕای ئەمانە شێخی بیارەیش لەسەر ئەم وەزعە ڕازی بوو و تەرغیبی کردم بۆ قەبوولی ئیقتیراحی شێخ سدیق و مامۆستا شێخ عومەریش تەسویبی ئەمەی فەرموو، جا لە مانگی شەعبان لە مەوسیمی ئەوەڵی بەهاری تاریخی هەزار و سێسەد و چل و سێدا مامۆستا شێخ عومەر رَحِمَهُ اللَّهُ بانگی کردم فەرمووی: کاتی ئەوە هاتووە ئیجازەی تەدریس بدەم پێت و بڕۆی تەدریس بکەی ئینشائەڵڵا موەففەق ئەبی و بە تەدریسی تەلەبە گەلێ تەرەقی ئەکەی.

جا بە دەستی خۆی ئیجازەنامەی بۆ نووسیمەوە لە بەختیاری منەوە لەوکاتا جەنابی مەرحووم شێخ نەجیبی قەرەداغی کە ئوستادی ئوستادم بوو لە سلێمانیدا بوو، جا جەنابی شێخ نەجیب و شێخ باباعەلی و مەلا حوسەین پیسکەندی و شێخ مەعرووف برای مامۆستا شێخ عومەر وگەلێ لە ئەهلی عیلم و موستەعیدی مزگەوتەکان حازر بوون و شەربەتیان خواردەوە و شێخ باباعەلی ئیجازەنامەکەمی خوێندەوە و سەیید بیلالی خەڵکی «شابەدین» کە لە نەتەوەی مەلا مووسای تەوەککولییە هەستا مێزەرەکەی بەست بە سەرمەوە و منیش یەکەیەکە دەستی مامۆستاکانم زیارەت کرد و هەموو دوعای تەوفیقیان بۆ کردم.

بەم مەجلیسە پیرۆزە پڕ لە عولەمای کیبار و تەلەبەی عولوومە ئیجازەم وەرگرت و جبە و عەمامەم بە بەرما کرد.

ئەو ئیجازەنامەیە کە بە خەتی مامۆستام نووسراوە لە ناو جەڵدی بارانی ڕەحمەتی خەتیدا قائم کراوە و ئەمە سوورەتی ئەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي جعل العلماء ورثة الأنبياء و المرسلين و نوّر قلوبهم بأشعة أسرار اليقين و الصلاة و السلام على سيدنا محمد مدينة علوم الأولين و الآخرين و على آله بروج فلك الهداية و أساس أصول الدين و أصحابه الناطقين ببيان معاني الأحاديث البديعة مع أنحاء البراهين.

و بعد؛ فيقول الفقير إلى مولاه القدير عمر ابن الشيخ محمد أمين القرەداغي ـ عفا عنهما الملك الهادي ـ : قد استجازني أخي في الدين، العالم الفاضل و المحقق الكامل، الملا عبدالكريم علماً منه بأن هذه الأمة قد خصت ببقاء الأسناد و أنه طريقة الأمجاد و به يصعد إلى أوج الكمال و يرتقي إلى مقام العلماء الأبطال و هو قد صرف شطراً من عمره و بذل معظم أيام دهره في اقتناء العلوم و اجتناء فوائد الرسوم و لازم مجلس إفادتنا مدى من الأعوام و اشتغل بقراءة الحكمة و الكلام و سائر العلوم العقليّة و النقليّة عندنا

بالجدّ و الاهتمام، فجرّبته في الفروع و الأصول، فوجدته بمكان من القبول و قد ترقى من حضيض المرتبة الهيولائيّة إلى ذرى مراتب التحقيق و سما على سنام مدارج التدقيق، فأجزته إجازة تامة و رخصت له رخصة عامة بتدريس فوائد العلوم من الفروع و الأصول و بسط موائدها من المعقول و المنقول، كما أجازني بذلك شيخي العلام المحقق الفهام الشيخ محمد نجيب القره‌داغي و هو أخذ الإجازة عن عمه سيد المحققين و سند المدققين الشيخ حسن، عن العلامة المشتهر في الآفاق مفتي العراق مولانا محمد الزهاوي و هو ينتهي سلسلة إجازته إلى المولى النحرير ميرزا جان و أجزته بذلك أيضاً كما أجازني الفاضل الكامل العالم العامل مولانا محمد النوري القيصري و هو أخذ الإجازة عن السيد مصطفى الألبستاني عن مولانا أحمد المرعشي عن فريد دهره السيد محمد المرعشي عن المولى حسن الجريدي الشهير بالسياهي عن المولى عبدالنافع عن الشيخ أبي بكر محمد المرعشي المدعوّ بساجقلي‌زاده، عن المولى حمزة أفندي الدراوندي، عن المولى محمد أفندي، عن المولى علي الكوراني، عن الشيخ أبدال الجزري، عن المولى أحمد منجل، عن المولى النحرير ميرزاجان الشيرازي و هو أخذ الإجازة عن العلامة الجامع بين المعقول و المنقول المتحلى بفنون الفروع و الأصول مولانا محمد بن الرسول، عن العلامة الجاري علمه كالنهر الجاري مولانا صالح التلنباري، عن النحرير العبقري مولانا صالح أفندي الحيدري، عن العالم الجليل و الفاضل النبيل مولانا إسماعيل، عن العلامة الجاري علمه على البلاد و البوادي صبغة الله أفندي الحيدري الحسين‌آبادي، عن والده الأعلم الأفخر مولانا إبراهيم بن حيدر، عن والده الأكرم الأمجد حيدر بن أحمد، عن والده الأعلم الأنور أحمد بن حيدر، عن والده الأفخر الأكمل حيدر الأول، عن صدر المحققين غواص بحار المعاني مولانا زين‌الدين الكردي البلاتي[1]، عن صاحب المعالي نصر الله

١. بلات: مجموعة من القرى في ناحية پشدر [بلات: كۆمەڵە دێیەكە لە ناوچەی پشدەر].

الخلخالي، عن صياد المعارف كالبازي مولانا جمال الدين الشيرازي. (رحمة الله عليهم أجمعين) عن المولى جمال‌الدين محمود الكشكناري، عن المولى جلال‌الدين الدّوّاني، عن والده سعد الملة والدين محمد الصديق الدّوّاني، عن أستاذ البشر العقل الحادي‌عشر السيد شريف علي الجرجاني، عن مولانا مبارك‌شاه البخاري، عن مولانا قطب‌الدين الرازي، عن المولى العلامة الشيرازي، عن المولى عمر الكاتبي القزويني، عن الإمام فخرالدين الرازي، عن الإمام حجة الإسلام الغزالي، عن إمام الحرمين عبدالملك، عن الشيخ أبي طالب المكي، عن الشيخ أبي عثمان المغربي، عن الشيخ أبي عمرو الزجاجي، عن سيد الطائفتين جنيد البغدادي، عن الشيخ أبي الحسن السري السقطي، عن الشيخ معروف الكرخي، عن الشيخ أبي سليم داود الطائي، عن الشيخ حبيب العجمي، عن الشيخ حسن البصري ـ قدس الله أرواحهم و نفعنا ببركاتهم ـ، عن حضرة الإمام و الخليفة الهمام، باب مدينة علم الرسول، بعل الزهراء البتول، أسد الله الغالب علي ابن أبي‌طالب ـ كرّم الله وجهه ـ عن حضرة منبع الشريعة الغراء و خاتم الرسل و الأنبياء سيدنا محمد المصطفى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، عن الناموس الأكبر جبرائيل عَلَيْهِ السَّلَامُ عن الله عزوجل.

و أوصيك أيها الأخ الأعز بتقوى الله و طاعته و لزوم أوامره و اجتناب مناهيه و كثرة مخافته و الإخلاص في الأمور و تفويضها إلى الله إن الله بصير بالعباد و الجهد في تدريس العلوم و إفادة الطالبين و تعليم أحكام الدين للمسلمين و كثرة المطالعة بالتحقيقات و التدقيقات و عدم الاكتفاء بظواهر العبادات، لئلا تكون من الذين يكتفون بالخضاب عن الشباب و يستغنون بترائي السراب عن التروّى بالشراب. وفقك الله لما يحبه و يرضاه و أوصلك الى ما تتمناه بجاه سيد المرسلين و آله الطيبين و أصحابه و سائر المقربين و صلى الله و سلم عليه و عليهم أجمعين إلى يوم الدين و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

أنا الفقير المجيز، تراب أقدام العلماء المحمدية و خادم خدام الفقراء النقشبندية، المدرس بالخانقاه الخالدية بسليمانية المحمية،

عمر الشهير بابن القرەداغي.

پاش ئیجازە وەرگرتن کاتێ ڕۆیشتم بۆ بیارە و بە خزمەتی شێخی بیارە گەیشتم ئیجازە نامەکەمی خوێندەوە و بۆ پیرۆزی ئەویش ئەم چەن کەلیمەیە بە فارسی لە حاشیەی ئیجازەنامەکەمەوە نووسی:

بسمه سبحانه و تعالى

یارب صل علی سیدنا محمد و سلّم، جناب سعادت ندیم حبیبی و فرزندی ملا عبدالکریم، أحسن الله أحواله و مآله و أسعده الله و زاد فضله، که علوم شریفه را به زحمات کافیه تحصیل نموده و ختم کرده و الحمد لله به اجازەی تدریس از استاذ مجاز شده، فقیر نیز محض میمنت و برکات و توفیق بر نشر شریعت و علوم شریفه او را قبول و اجازەی تدریس دادم و اجازه هم دادم که مکملین علوم را اجازه بدهد.

ربنا تقبل منا إنك أنت السميع العليم ولاحول ولاقوة إلا بالله العلي العظيم و صلى الله على سيدنا محمد و على آله و أصحابه و سلم تسليماً كثيراً.

خادم علما و فقراء نقشبندیه و قادریه،
علاءالدين العمر العثماني.

وە لە کاتێکا لە بیارەدا مودەڕڕیس بووم لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجا و دووی هیجریدا جەنابی حاجی مەلا مەحەممەدی جەوانڕوودی، مودەڕڕیسی خانەقای خانەقین کە موجازی مەرحووم مەولانا مەلا عەبدولقادری بیارە بوو، بە زیارەت تەشریفی هێنا بۆ بیارە، جا بۆ ئەوە کە سەنەدی ئیجازەی مەرحووم مەلای بیارەیشم ببێ، داوام

لێکرد ئیجازەم پێبدا و بۆم بنووسێ، ئەویش ئیجازەی تەدریسی عولووم و شەریعەتی شەریفەی پێدام و ئەمەیشی نووسی:

اعلم أني قد وجدت الأخ الأعز الأمجد الفاضل الكامل الملا عبدالكريم قميناً ببذل نشاط العلوم العقليّة و النقليّة إلى طالبيها، فأجزته بذلك كما أجازني به أستاذي الماهر صاحب المناقب و المفاخر الجامع بين علمي الباطن و الظاهر الملا عبدالقادر الكاني كبودي، وفقه الله لمآربه الدنيويّة و الأخرويّة بجاه سيد أنبيائه محمدﷺ و على آله و صحبه أجمعين و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العلمين.

أنا الحقير تراب أقدام العلماء العاملين
محمد بن مهدي الحسيني الجوانرودي

و ليعلم أن مولانا عبدالقادر البياريرحمه الله قد أخذ الإجازة عن العلامة الجامع بين أسرار السند و أنوار المدد مولانا أحمد النودشي، بإجازته عن أستاذه مظهر ألطاف الملك المعطي مولانا محمد الخطي، عن أستاذه المتخلق بالخلق النبوي الرباني مولانا عبدالرحمن الروزبهاني، عن أستاذه النوراني مولانا صبغة الله أفندي الحيدري الماوراني، عن والده ذي الفيض الجاري مصطفى أفندي الزياري، عن أستاذه أستاذ أهل البلاد و البوادي صبغة الله أفندي الحيدري الحسين‌آبادي.

و في هذا الشخص العزيز الوجود في البشر تجتمع سلسلة أسناد الاستاذ مولانا عبدالقادر البياري و أسناد أستاذي حضرة الشيخ عمر الشهير بابن القره‌داغي. رحمة الله تعالى عليه و عليهم و علينا ببركاتهم آمين.

◈◈◈

ناو و نیشانێکی مامۆستای گەورەم شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی

ئەم زاتە کوڕی شێخ موحەممەد ئەمینی کوڕی شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ عومەرکوڕی شێخ عەبدوللەتیفی کەبیر، کوڕی شێخ مەعرووفی مەشهوور بە شێخ مەعرووفی «دەرەقوولّە» لە ڕشتەی نەتەوەی شێخ عەبدولغەففاری مەردۆخی کوڕی مەولانا گوشایشی هەورامی کوڕی شێخ موحەممەدی مەردۆخی کە یەکەم ئینسانێ بووە لەم ڕشتە لە وڵاتی شامەوە هاتووە بۆ کوردستان و لە دێی دەگاشێخانی مەریوان و لە هەورامانی تەخت دانیشتوون و نەتەوەیان بە ئەترافی کوردستانا بڵاو بوونەتەوە و گەلێ لقی گەورەیان لێ بووەتەوە، وەکوو لقی شێخانی دەگاشێخان کە شێخ عەبدولغەففاری دووهەم خەلیفەی شێخ شەهابەددینی کاکۆزەکەریایی یەکێکە لەوان و لقی شێخانی «تەختە» کە شێخ ئەحمەدی عەللامە و شێخ موستەفای خەلیفەی شێخ شەهابەددینی کاکۆزەکەریا و شێخ موحەممەد وەسیمی موددەڕڕیسی قەڵاچوالان و شێخ عەبدولقادری موهاجیر خاوەنی شەرحی «تهذیب الکلام» لەوانە و لقی شێخ مەحموودی «دەژن» کە شێخ موحەممەدی فەخرولعولەمای شاعیری مەشهووری سنە لەوانە و لقی شێخانی شاری قەرەداغ کە شێخ عەبدوللەتیفی کەبیر و شێخ عەبدوڵڵای قوتب و مامۆستای بەرزی ئێمە شێخ عومەری مەشهوور بە ئیبنولقەرەداغی لەوانە.

باوکی مامۆستا شێخ عومەرکە ناوی شێخ موحەممەد ئەمینە لە خزمەتی حاجی شێخ عەبدوڕڕەحمانی برایا کە خەلیفەی شێخی بەهائەددین بووە لە شاری سلێمانیا سکوونەتیان کردووە. شێخ عەبدوڕڕەحمان ئەولادی زکووری نەبووە، بەڵام شێخ موحەممەد ئەمین دوو کوڕی بووە: شێخ مەعرووف و شێخ عومەری مامۆستامان.

دایکی مامۆستا شێخ عومەر خەجێ خانی کچی شێخ قادری شیوی قازییە کە پووری ئامینەی عائیلەی منە.

مامۆستا شێخ عومەر لە ساڵی هەزار و سێسەد و سێی (۱۳۰۳) هیجری [کۆچی]دا لە شاری سلێمانیە هاتووەتە دنیاوە و پاش تەمیز نراوەتە بەر خوێندن لە مزگەوتی خۆیانا، قورئانی پیرۆز و کتێبە وردەکانی خوێندووە، جا دەستی کردووە بە تەسریفی زەنجانی و باقی کتێبە سەرف و نەحوە وردەکان.

لە مامۆستام بیست فەرمووی باوکم ئەوەندە ئازاری کاکە شێخ مارفی دابوو لەسەر خوێندن سەرکوێری کردبوو، کاتێ کە من دەستم کرد بە دەرسی عیلم مامم حاجی شێخ عەبدوڕەحمان فەرمووی بە باوکم: ئەمین! مارفت دایە دەست حەول و قووەتی خۆت وا سەرکوێرت کرد، بەڵام «عومەر» بدەرە دەستی حەول و قووەتی خودا بەڵکوو شتێکی لێ پەیدا ببێ. فەرمووی «بالفعل» باوکم منی دایە دەستی فەقێکان دەرسیان پێ ئەوتم و لە کتێبی «ئیزهار» دا کەوتمە پێش کاکمەوە «وللّه الحمد» ڕۆژ بە ڕۆژ بەرچاوم لە خوێندا ڕووناکتر ئەبووەوە.

لەبەر ئەوە شێخ موحەممەد ئەمین (باوکی مامۆستا شێخ عومەر) زاتەن مەلایەکی باش بووە، حەتا گەلێ حاشیەی لەسەر «تقریب المرام» شەرحی تەهزیب هەیە. پاش ئەوە کە مامۆستا شێخ عومەر ئیستیعدادی پەیدا کردووە باوکی دەرزی پێ فەرمووە و جاربەجار لە هاوینا ڕۆیشتووەتە «زەردیاوا» مەرکەزی قەرەداغ لە خزمەتی شێخ موحەممەد نەجیبی ئاموزازای باوکیا خوێندوویەتی.

لە مامۆستام بیست فەرمووی موقەدیمەکەی «جمع الجوامع»م لە خزمەتی مامە شێخ نەجیب لە قەرەداخا خوێند، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەو زۆر عیلمی ڕەوان بوو و تاقەتی وردەکاری نەبوو لەگەڵ فەقێدا کە هاتمەوە سلێمانی و کەمێ تەفەککورم کرد لە بەعزە شوێنێکی «جمع الجوامع»دا حاڵی بووم کە زیهنم نەخۆشە، جا بۆ چاری ئەم نەخۆشینە ڕۆیشتم بۆ خزمەتی مامۆستا «مەلا حسێنی پیسکەندی» هەر لە ئەووەڵەوە دووبارە دەستم کردەوە بە «جمع الجوامع» و خوێندم تا تەواوم کرد و لەبەر ئەوە کە باوکی لە دەوری تەواوکردنی مامۆستاما وەفاتی کردووە، مامۆستا شێخ عومەر لە خزمەتی مامە شێخ نەجیبیا تەواوی کردووە و ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە. هەرچەند «بالضبط» نازانم ساڵی ئیجازەی کەی بووە، بەڵام لەسەر هەنێ بەڵگە وا ئەزانم لە دەوری ساڵی هەزار و سێسەد و بیست و پێنجی هیجریدا وەرگرتووە.

پاش ئیجازە وەرگرتن هەر لە مزگەوتی خۆیانا لەگەڵ کاکە شێخ مارفیا دانیشتووە، ئەو مەشغوولّی ئیدارەی شوێنەکە بووە و مامۆستا شێخ عومەر مەشغوولّی موتالەعە و تەدریس بووە، هەرچەند لەم تاریخەوە دنیا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پەرێشانی ڕۆیشتووە، بەڵام ئەو هەر

تەدریسی کەم و زۆر کردووە و مەشغوولّی تەحشییەی بەعزە کتێبێ بووە، هەتا دەوری گرانییەکە، یانێ لە سالّی هەزار و سێسەد و سی و چوارەوە تا هەزار و سێسەد و سی و شەش لەم دوو سالّەدا وەزعی تەدریس لە سلێمانی و باقی شوێنەکانا تەقریبەن لە دەدا دووی نەما، هەتا گرانییەکە بەسەرچوو و موتارەکە کرا. پاش ئەم وەزعە نابارانە کە خەلّك ڕزگار بوون و تۆزێ چاویان کرایەوە، پیاو موناسبەکانی مەحەللەی «دەرگەزێن» بە ئیتتیفاق بە موساعەدەی خۆیان و موسوڵمانانەوە خانەقای حەزرەتی مەولانا خالید ـ کە بە خانەقای گەورە مەشهوورە ـ تەعمیریان کردەوە و مامۆستا شێخ عومەریان هێنا لەوێدا بە ئیمام و موەڕڕیس دایان مەزراند.

جا تەلەبەی عولووم لە هەموولایەکەوە هاتن بۆ خزمەتی و گەلێ تالیبولعیلمی خاوەن ئیستیعداد لە خزمەتیا پێگەیشتن و ئیجازەیان وەرگرت و هەریەکێ لە شوێنێ دامەزران و مەشغوولّی خزمەتی عیلم و دین بوون. لە دەوری سالّی هەزار و سێسەد و پەنجا و سێدا مامۆستا موبتەلای ناساغی بوو. هەرچەن گەلێ موراجەعەی دوکتۆرەکانی کرد، لەبەر ئەوە نەخۆشییەکەی «سەرەتان» بوو، چاری نەکرا و لە سالّی هەزار و سێسەد و پەنجا و چواری هیجریدا وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی گردی سەیواندا لە لای قەبری باوك و مامە شێخ عەبدوڕەحمانیا دەفن کرا ـ طاب ثراه و جعل الفردوس مأواه ـ .

جەنابی مەلا مەحموودی بێخود ئەم چەن شیعرەی لە لاوانەوە و تاریخی وەفاتیا نووسیوە:

وەك «بێدڵ» ئەڵێ حەیفە کەوا ساکنی باغی
بولبول لە دڵت دەر ئەکەی و تێکەڵی زاغی
بۆ شێخ عومەر ئەو سەروی ڕیازاتی عولوومە
وا لافت ئەدا تۆ کە وەکوو لالە بە داغی
لەو ڕۆژەوە جێی جەننەتە ئەو زاتە کەچی تۆ
لەم ئاگرەدا چەشنی سەمەندەر بە دەماغی
«بێخود» غەمی ئەم عالەمی بالّایە نەکەی فاش
با هەر لە دەروونا بێ ئەگەر ڕاستی و ساغی

لەم باغــە ئەگەر ســالّی وەفاتی ئەوە پرســی
«گــولّ» لابــەرە تاریخیە «ابــن القرەداغي»[1]

تەئلیفاتی مامۆستا شێخ عومەر رَحِمَهُ اللَّهُ گەلێ زۆرن ئەوانەی کە من چاوم پێیان کەوتووە ئەمانەن:

یەکەم، حاشیەی مودەووەنەی لەسەر تەسریفی مەلا عەلی، ئەمە چاپکراوە.

دووەم، حاشیەی مودەووەنەی لەسەر فەریدەی جەلالەددینی سویووتی، ئەمە چاپ نەکراوە من نوسخەم هەیە.

سێهەم، حاشیەی لەسەر گەلەنبەوی شەرح، چاپ نەکراوە و من نوسخەم لەلایە.

چوارەم، حاشیە لەسەر حاشیەی مەلا عەبدوڵڵا مەشهوور بە عەبدوڵڵایەزدی، چاپ نەکراوە و من نوسخەم هەیە.

پێنجەم، حاشیەی لەسەر گەلەنبەوی ئاداب، چاپ کراوە و من نوسخەی چاپ و خەتم هەیە.

شەشەم، حاشیەی مودەووەنەی لەسەر گەلەنبەوی بورهان، کە چاپکراوە و نوسخەی لەلام هەیە.

حەوتەم، شەرحی مەقوولات، تەئلیفی مەولانا مەلا عەلی قزڵجی، چاپ نەکراوە و نوسخەی لەلام هەیە.

هەشتەم، حاشیەی لەسەر ڕیسالەی حیسابی بەهائەددین عامیلی چاپ نەکراوە و نوسخەی لەلام هەیە.

نۆهەم، حاشیەی لەسەر مەتن و حاشیەی تەشریحولئەفلاك، چاپ نەکراوە و نوسخەی لەلام هەیە.

دەهەم، حاشیەی لەسەر ئوستورلاب، چاپ نەکراوە و نوسخەی لەلام هەیە.

یازدەهەم، حاشیەی لەسەر «ربعی مجیب و مقنطرات»، چاپ نەکراوە و نوسخەی لەلام نییە.

[۱. واتە: تەواوی پیتەکانی وشەی «ابن القرداغي» حسێب بکە و وشەی «گوڵ = گل، کل»ی لێ کەم کە بە حسێبی ئەبجەد دەکاتە ۱۳۵٤ کە مێژووی وەفاتی مامۆستا عومەرە].

دوازدەهەم، حاشیەی مودەووەنەی لەسەر جەمعولجەوامیع، چاپ نەکراوە و نوسخەی لەلام هەیە.

سیازدەهەم، شەرحی ئیسباتولواجبی شێخی موهاجر، چاپ نەکراوە و نوسخەم لەلادا هەیە.

چواردەهەم، حاشیەی مودەووەنەی لەسەر تەقریبولمەرام شەرحی تەهزیبولکەلام، ئەمە برا بۆ میسر بۆ چاپ و دوو سێ فورمەی لێ چاپ کرا ئیتر تەواو نەبوو و فەرەجوللای زەکی لە میسر وەفاتی کرد و کتێبەکە بە ناقیسی لەوێ ماوەتەوە نوسخەی ئەم حاشیەم لەلادا هەیە.

پازدەهەم، مەتنێك لە فەرائیزداکە زۆرنافیع و مەزبووت و بێوێنەیە، لەگەڵ شەرحەکەیا، ئەم مەتن و شەرحەم معەلئەسف نییە، چونکی لە پاش ئیجازەی من تەئلیف کرا.

شازدەهەم، «المنهل النضاخ في اختلاف الأشياخ» باسی ئیختلافی ئەقوالی ئیبنوحەجەر و ڕەملی و خەتیبی شەربینی و قازی زەکەریا ئەکا، ئەمە چاپ نەکراوە و نوسخەی لەلای ئەولادی خۆیا هەیە و لەلای مەلا مەحموودی وەیسەیی هەیە. کە ئێستە مودەڕڕیسی «سیاناو»ە لە نزیکی پێنجوێندا.

حەڤدەهەم، فەتاوی فیقهییەیکە چاپ نەکراون و نوسخەی لەلای من هەیە و لەگەڵ باقی فەتاوای عولەمای بەرزی وڵاتی خۆمانا لە چوار جەڵدا جەمع و تەئلیفم کردوون ئینشائەللا چاپیان ئەکەم.

موستەفیدین و موجازەکانی مەرحووم مامۆستا شێخ عومەر رَحِمَهُ ٱللَّهُ

ئەم زاتە وەکوو باسم کرد عومری لە موتالەعە و تەدریس و تەئلیفدا بڕانەوە و گەلێ کەس ئیستیفادەیان لێکرد، لەناو ئەمانا ئەوانەیان کە ئیجازەیان لە خزمەتا وەرگرتووە و مەشهوورن:

یەکەم، سەیید حوسەینی موکریانی تایر بوغەئی، کە ماوەیێ مودەڕڕیسی شێخی عەلائەددین بوو لە پاشا ڕۆیشتەوە بۆ موکریان و لە دەوری هەزار و سێسەد و پەنجا و پێنجدا وەفاتی کرد.

دووهەم، سەیید عەبدولکەریم بانەیی هەڵووژانی، کە مودەڕڕیس بوو لە موکریان و حەجی کرد و لە پاش حەجکردنی لە دەوری سالّی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشتا وەفاتی کرد.

سێهەم، مەلا قادری سماقانی بانەیی، ئەحوالّی نازانم بەس دەمێ لە پێش ئیجازەی منا وەفاتی کرد.

چوارەم، موحەڕیڕی ئەم نامەیە، مەلا عەبدولکەریم موحەممەد مودەڕڕیسی بیارە کە لە هەزار و سێسەد و چل و سێدا ئیجازەم وەرگرت و تا ئێستا «الحمد للّه» لەسەر مەسلەکی تەدریس موەففەق بووم و ئومێدم وایە تا ماوم موەففەق بم.

پێنجەم، مەلا موحەممەد سعیدی «ساحیب»ی، ئیجازەی وەرگرت و لە دێی «سۆڵە» بوو بە مەلا، پاش ماوەیێ وەفاتی کرد.

شەشەم، مەلا عینایەتوللّا کە لە مزگەوتی شێخ عەبدوللّای هەولێری مودەڕڕیس و ئیمامە و ئێستە بەر حەیاتە «للّه الحمد».

حەوتەم، مەلا موحەممەدی ڕەئیس، پاش من ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشت بۆ «گەڵاڵە» بوو بە مودەڕڕیسی موحەممەد ئاغا کوڕی عەباس ئاغای پشدەری، لە تاریخی هەزار و سێسەد و چل و شەشەوە تا ئێستە بەردەوامە و تەدریس ئەکا و لە حەمدی خواوە گەلێ ئەهلی عیلم ئیستیفادەیان لێ کردووە و ئیجازەیان لە خزمەتیا وەرگرتووە.

هەشتەم، مەلا ڕەسوولی تەلاتی، ئەم زاتەیش پاش مەلا موحەممەدی ڕەئیس، ئیجازەی وەرگرت و ماوەیەکی زۆرە خزمەتی دین و عیلم ئەکا و لە تاریخی هەزار و سێسەد و هەشتا و دووی هیجریدا مالّی لە «سەرگەڵوو»وە گوێزاوە بۆ شاری سلێمانی و لەسەر مزگەوتی نەقیب دامەزراوە و ئێستە بەرحەیاتە.

نۆهەم، مەلا سالّح برازای مەلا عەزیزی پریس کە ئێستە لە شاری هەڵەبجەدا مودەڕڕیس و ئیمامی مزگەوتی عاشقانە.

دەهەم، مەلا عەبدوڕڕەحیم میرزایی پەرخەییە کە ئێستە لەسەر مزگەوتی شێخ سەلامە لە شاری سلێمانیدا.

یازدەهەم، مەلا سەیید عارف کوڕی شێخ ئەبووبەکری بیەلەنگەییە، کە لە پاش ئیجازە وەرگرتن چەن ساڵێ مودەڕڕیس و ئیمامی خورماڵ بوو، ئێستە مودەڕڕیس و ئیمامە لە مزگەوتی ئەوقافدا لە شاری سلێمانیدا.

دوازدەهەم، مەلا عەبدوڵڵای چروستانی، ئەم زاتە لەوکاتەوە کە ئیجازەی وەرگرتووە لە شێخ، یانێ لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و چل و پێنجەوە تا ئێستا لە شاری سلێمانیەدا مەشغووڵی تەدریسە، ماوەیێ لە مزگەوتی شێخ سەلام بوو، پاش وەفاتی مامۆستا شێخ عومەر رَحِمَهُ اللَّهُ کرا بە مودەڕڕیسی خانەقا و تا ئێستا دەوامی بووە لەسەر تەدریس. ئەم زاتە ئینسانێکی مەلا و دڵپاك و زمانپاك و ئەخلاق باشە ـ کثّر الله من أمثاله آمین ـ.

سیازدەهەم، شێخ عەبدولوەهاب کوڕی شێخ قادری نەرگسەجارێ، کە زاتێکی عالم و فازیل بوو پاش ئیجازە مەشغووڵی تەسەووف بوو و موبتەلای جەزبە و ئەحواڵ بوو و لە دەوری هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتی هیجریدا وەفاتی کرد لە نەرگسەجارێ کە شوێنی خۆیان بوو ـ طاب ثراه ـ.

چواردەهەم، مەلا موحەممەدی کوڕی مامۆستا مەلا بەهائەددین، ئەم زاتە لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجا و دووی هیجریدا ئیجازەی وەرگرت و هاتەوە لە دێی بیارەدا بوو بە مەلا، پاش ماوەیێ ڕۆیشت بۆ دێی هانەگەرمەڵە و پاش ماوەیێ لەوێوە ڕۆیشت بۆ «نظاره» و لە پاش چەن ساڵێ هاتەوە و لە هانەگەرمەڵە دانیشتەوە، پاش مودەتێ هاتەوە بیارە لە خانەقادا دانیشت، پاش ساڵێ ڕۆیشت بۆ خورماڵ ئێستە ئیمام و خەتیبە لە مەرکەزی خورماڵدا ـ وفقه الله تعالی ـ.

پانزدەهەم، مەلا حوسەینی گوڵپی، ئەم زاتە لە تاریخی هەزار و سێسەد و چل و چوارا ئیجازەی وەرگرت و لە دێی «سۆڵە» لە قەرەداخ بوو بە مەلای شێخ قادری شێخ حوسەین، لە پاش چەن ساڵی ڕۆیشت بۆ دێی «چرچە قەڵا» و بوو بە مەلای شێخ غەفوور تا وەفاتی کرد.

شازدەهەم، مەلا عەبدولحەمیدی بانەیی، ئەم زاتە یەکێ بوو لە هەڵکەوتووەکانی ڕۆژگار و لە نووسینی ئەدەبی عەرەبی و خەتابەی عەرەبیدا زۆر بەرز بوو، لە موقەددیمەی «وحي محمدي» تەئلیفی ڕەشید ڕەزادا مەقالەی هەیە کە مەلا عەبدولحەمید بە شێوەی

تەقریز نووسیویەتی لەویا هێزی قەڵەمی جوان دەرئەکەوێ، ئەم زاتە لە پاش ئیجازە وەرگرتن ڕۆیشتەوە بۆ تەرەفی بانە و زۆر بە جوانی ـ مع الأسف ـ وەفاتی کرد، رحمه الله تعالی.

حەڤدەهەم، شێخ موحەممەد ئەمین مەولاناوایی، ئەم زاتەیش لە خزمەتی شێخدا ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی «خورخورە» لەوێ بە سیفەتی مەشیخەت و خەلافەتی شێخی بیارە مایەوە تا ئەم بەینە مابوو ئێستە حاڵی نازانم.ـ رحمه الله و حفظه و إیانا بفضله و رحمته آمین ـ.

هەژدەهەم، شێخ موحەممەدی خاڵ، ئەم زاتە کوڕی شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ ئەمینی خاڵە و لە نەتەوەی مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕییە کە لە ڕشتەی حەزرەتی پیرخزری شاهۆیە.

دایکی شێخ عەلی خوشکی شێخ عەبدوڕڕەحمان و شێخ ئەمینی قەرەداغییە و دایکی شێخ موحەممەد خۆشکی حاجی .....[1] ئەم زاتە لە تاریخی هەزار و سێسەد و بیست و سێی هیجریدا لە سلێمانی لە دایك بووە، بە منداڵی لە مزگەوتی خۆیانا قورئانی خەتم کردووە و کتێبە وردەکانی خوێندووە، جا دەستی کردووە بە عیلم و سەرف [و] نەحوی ئیبتیدایی لە مزگەوتی خۆیانا خوێندووە، پاش ئەوە کە لەو پایە سەرکەوتووە غالیبەن خوێندنی لە خزمەتی مەرحووم شێخ جەلال برای شێخ نەجیبی قەرەداغیدا بووە هەتا پایەی گەیشتە عەبدوڵڵا یەزدی و گەلەنبەوی، ئیتر هاوکاتی لە خزمەتی مامۆستا شێخ عومەرا دەرزی ئەخوێند، هەروا لە خزمەتی شێخ جەلالیش ئیستیفادەی ئەکرد، مەرحووم مامۆستا شێخ عومەر بە هۆی ئەو خزمایەتییەوە کە لەگەڵ ئەم مالاّ بووی زۆر زۆر موساعەدەی شێخ موحەممەدی ئەکرد و زۆر ئیهتیمامی بە تەعلیم و تەربیەی ئەکرد. بەڕاستی ئەویش خۆی گەلێ ساعی بوو و حاشیەکانی مامۆستای ئەنووسیەوە و گەلەنبەوی بورهانی لەگەڵ حاشیەی شێخ و حاشیەی پێنجوێنیدا نووسیەوە و «تقریب المرام» شەرحی تەهزیبی لەگەڵ حاشیەی ئەم دوو زاتا نووسیەوە و عیلمەکانی خوێندووە لە خزمەتی مامۆستا شێخ عومەرا ئیجازەی وەرگرت و بە مودەڕڕیس لە مزگەوتی خۆیانا دانیشت و ماوەیێ مەشغوولی تەدریس بوو و ئەم وەزعە دەوامی کرد هەتا وەفاتی باپیری،

[۱. مامۆستا لە جێی ناوی ئەم حاجییە و چەن شوێنێتردا بۆشایی داناوە، لەوانەیە ناوەکانی لەبیر نەمابێت].

یانێ مەرحووم حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کە خەلیفەی شێخ بەهائەددین بوو و پیاوێکی عالم و سالّح و وارع و خانەدان بوو وگەلێ موورید و مەنسووبی موسوڵمان و ئەخلاق باشی بوو، ئەم زاتە لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجای هیجریدا وەفاتی کرد لە عومرێکی زۆرا کە هەمووی بە تەقوا و خزمەتی دین ڕابوارد.

پاش وەفاتی باپیری لەبەر ئەوە ئەم شێخ موحەممەدە لە زاتی خۆیا ئینسانێکی خاوەن ئیستیعداد و تموح بوو و لەولایشەوە وەزعی مەلا و مزگەوت ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە کزی بوو، داخڵی مەسلەکی قەزاوەت بوو و پاش تەقدیمی تەلەب و ئیمتیحان تەعیین کرا بە قازی مەحکەمە شەرعییە، ماوەیێ لە هەڵەبجەدا جا لە چەمچەماڵا، جا لە کەرکووك،جا لە شاری سلێمانیدا و پاش ماوەیێ لە شاری موسڵدا دووبارە لە شاری سلێمانیدا قەزاوەتی کرد، پاش ئەمە نەقڵ کرایەوە بۆ شاری سلێمانی و پاش چەن ساڵێ کرا بە عوزوی مەجلیسی تەمییزی شەرعیی بەغدا، پاش چەن مانگێ نەقڵ کرایەوە بە قەزاوەت بۆ سلێمانی و لەم تاریخا کە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و چواری هیجرییە لە شاری سلێمانیدا قازییە.

ئەم زاتە لەم ماوەی قەزاوەتیا گەلێ خزمەتی بە عیلم و تەعمیراتی دینیەی شاری سلێمانی کردووە، پێویستە بە ڕیسالەیێ باش تەرجەمەی کردەوەی بکرێت.

هەروەها چەن نووسراوێکی ناسك و بەسوودی هەیە:

یەکەم: تەفسیری جوزئی «عەمما» بە کوردی.

دووەم: مەولوودنامەیێ بە کوردی.

سێهەم: فەرهەنگێ بۆ زمانی کوردی.

چوارەم: تەرجەمەی موفتی زەهاوی بە کوردی.

پێنجەم: مەجمووعەی ئەدەبیاتی مەلا عەبدوڵڵای بەیتووشی کە عەرەبییە.

شەشەم: تەرجەمەی شێخ مەعرووفی نۆدێیی بە عەرەبی.

ئەمانە هەموو چاپکراون وگەلێ ئیستیفادەی عیلمی و ئەدەبی و تاریخی لەم نووسراوانە ئەکرێت، ئیتر نازانم نووسراوی‌تری هەیە یا نە، ئومێدم وایە بۆ دەوری داهاتوویش گەلێ ئیستیفادە لە عیلم و فەزلی ئەم زاتە بکرێ و زۆر شایاوی تەقدیرە لەلای ئەو کەسانە کە خاوەن ویجدان و خاوەن ئینسافن.

وە ئێمە بێجگە لەوە کە سوپاسمان بەرابەر بە ئەعمالی ئەم زاتە پێشکەش ئەکەین، هەروا سوپاسێکی موخلیسانەیش تەقدیمی دوو برای جوانمەردی خوڵك و ڕەوشت پاکی ئەو ـ کە بریتین لە شێخ ئەحمەد و شێخ موستەفا ـ ئەکەین، لەبەر ئەوە کە ئەخلاق و ئەدەب و ڕەوشتی پیاوانەی ئەم دوو برایە گەلێ کۆمەك و یارمەتی خزمەتەکانی جەنابی شێخ موحەممەدی کرد، خودا هەموولایەکیان بە خۆشی و سەربەرزی بژیێنێ.

بە موناسەبەی ئەم باسەوە چەن شیعر لەو غەزەلە ئەنووسمەوە کە جەنابی مەلا مەحموودی بێخود لەلاوانەوەی مەرحووم حاجی شێخ ئەمینی خاڵدا نووسیویەتی، ئەڵێت:

ئەلا ئەی دیـــدە تا کەی ناگریـــت و ناگری عیبرەت
کە حاجی شـــێخ ئەمینـــی خاڵ لە ئـــارادا نەما زاتی
بە دووری خۆی ئەوا ئێمەی دوچاری دۆزەخی غەم کرد
خودا ڕوتبەی بوڵەندکا ڕۆحی ئەو شاد بوو بە جەننناتی
کە هەڵگیرا جەنازەی بوو بە مەحشەر دەشتی سەرقەبران
لەبەر گریـــان و قوڕپێوان و واوەیلا و عەشـــاماتی
کە ساڵی ڕیحلەتی ئەم مورشیدەم پرسی لە پیری عەقڵ
بە حەرفی جەوهەری ئەم ئایەتەی کردم ئیشـــاراتی
لە سووڕەی «ئەنبیا» تا «صالحین» ئایەی «و أدخلناه»[1]
بە تاریخی وەفاتی موشـــعیرە «بێخـــود» حروفاتی

◈◈◈

بێجگە لەم ژمارە تالیبانە کە لە خزمەتی مەرحووم مامۆستا شێخ عومەردا ئیجازەیان وەرگرتووە، گەلێ ئەهلی عیلم لە خزمەتیا دەرزیان خوێندووە و ئیستیفادەیان کردووە، بە ماوەی ساڵ یا زیاتر یا کەمتر، وەکوو مەلا یەیحیا و مەلا موحەممەدی شێخولئیسلامی بانە کوڕانی مەلا مەحموودی کوڕی حاجی مەلا عەبدوسسەلامی بانەیی و مەلا سەیید عەبدولحەکیم هوویەیی و مەلا موحەممەد ئەمین ئەسپەڕێزی هەورامی و مەلا موستەفای

[۱. سووڕەتی ئەنبیاء، ئایەتی ۷۵] «و أدخلناه في رحمتنا إنه من الصالحين» [پیتە نوختەدارەکانی ئەم ئایەتە ئەکاتە] (۱۲۵۰).

کوڕی حاجی مەلا ڕەسوول و مەلا ئەحمەد کوڕی حاجی مەلا ڕەسوولی دێلێژەیی و مەلا سەیید غەفووری حاجی مامەندی کە چەند ساڵە موددەڕڕیس و ئیمامی مزگەوتی سەیید حەسەنە لە شاری سلێمانی و ئیمساڵ کە هەزارو سێسەد و هەشتا و چواری هیجرییە لەگەڵ مەلا موستەفای حاجی مەلا ڕەسوول بەر و دوا لە دەوری چەژنی ڕەمەزانا وەفاتیان کرد - رحمهما الله تعالی - ، [وە] وەکوو مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عەبدوڕڕەحمان دەرمانکوت، وەکوو مەلا مەعرووفی «خاوێ»یی کە ئیمامی مزگەوتی عیرفان ئەفەندییە، وەکوو مەلا شێخ خالیدی کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ یووسف کە مزگەوتەکەی لە نزیکی خانەقادایە، وەکوو مەلا ئەبووبەکری مەلا ساڵحی برای حاجی مەلا عەلی مەلا عوسمان و مەلا موستەفای بانەیی کۆچەری و مەلا ئەحمەدی نزارەیی و غەیری ئەمانەیش کە باسیان تووڵ ئەکێشێ.

بە موناسەبەی ناوی مزگەوتی عیرفانەوە کەوتەوە بیرم مامۆستا شێخ عومەر فەرمووی زۆر مەقسەدم [بوو] لە خزمەتی مەلا عەبدوڵڵای مەشهوور بە عیرفان تەشریح بخوێنم، مەجالی نەبوو، لە ئەنجاما ڕازی بووم لە سەماعی دەرسی مەلا هادی بێسارانی کە ئەو لە خزمەتیا تەشریحولئەفلاکی ئەخوێند، فەرمووی: تەسادوف لەسەر دەرزا مەلا هادی هەنێ پرسیاری نەحویی ئەکرد لە عیرفان و عیرفان لەو پرسیارانە زۆر مەلوول ئەبوو و منیش فەورەن جوابی سوئالەکانی مەلا هادیم ئەدایەوە، جا عیرفان بە هۆی ئەم حازر جوابییەوە زۆر میهرەبانی لەگەڵما زۆر بوو و فەرمووی بە سەربەخۆ دەرزی تەشریحت پێ ئەڵێم، لە واقیعا تەشریح وگەلێ ئیستیفادەی ڕیازیاتم لە خزمەتا کرد.

قیافە و خووڕەوشتی مامۆستا شێخ عومەر - رحمەاللّه و طاب ثراه -

مامۆستا شێخ عومەر ئینسانێکی باڵا بەرزی سیما جوانی موو ڕەش و ناوچاو پان و ڕەنگ سوور و سپی و خوێنگەرم بوو، هەتا زۆر ورد ببوویتایەتەوە لە سیمای زیاتر دڵشاد ئەبووی.

پیاوێ قسە نەرم و میهرەبان و بە حەیا و شەرم و خاوەن توازوع و بە ئەدەب بوو، زۆر کەمدوو بوو قسەت لەگەڵا نەکردایە مەگەر مەبەستی ببوایێ، ئەنا قسەی نەدەکرد.

ئەگەر ماوەیەکی زۆر لە خزمەتیا بوویتایە نەتەزانی ئەمە مەلایە، هەتا باسێکی عیلمی نەهاتایە پێشەوە، خۆی بە عیلم و هونەر نیشان نەئەدا و باسی کەسی نەدەکرد و غەیبەت لە ویجدانیا حەرام بوو بێجگە لەوە کە خودا حەرامی کردووە، هێزی تەحریر و نووسینی گەلێ بەرز و بااڵتر بوو لە تەقریر و بەیانی، کە دەستی ئەدایە قەڵەم واتئەزانی ئەو حەللی موشکیلاتە ئەو ئەیکا، ڕوونووسی کتێبێکە لەبەر دەستیایەتی. «إلی ماشاء الله» قەڵەمی ڕەوان بوو و لە تەحقیقاتا زۆر بە ئینساف بوو هەرکەسێ ئیعتیرازێکی بگرتایە باش دڵی پێ ئەدا، ئەگەر ڕەوا نەبوایە جوابی ئەدایەوە، ئەگەر ڕەوا بوایە لە بیرەکەی خۆی لایئەدا.

ماوەی چوار ساڵ لە خزمەتیا بووم نەمبیستووە قسەیەکی ناشیرین بە یەکێ لە تەلەبەکانی خزمەتی بڵێت؛ نە گەورە، نە بچووك.

هەمیشە دڵی ئینسانی پاڵ پێوەئەنا بۆ عیلم و زیادە فەزیلە و ئینسانێ زۆر تەمەڵ بوایێ مادام چەن ڕۆژێ لە خزمەتیا ببوایێ مەیلی ئەهاتە سەر سەعی و نووسین و شت لەبەر کردن و موتالەعە کردن و ئەگۆڕا بە ئینسانێ تێکۆشەر.

زۆر قەناعەتی هەبوو هەرچی دەستی بدایە بۆی لە بەرگ و پۆشاك و لە خواردەمەنی پێوە ئەیساچان و هەر نەوعێ ڕایبواردایە بەلایەوە موهیم نەبوو.

وە زۆر سەخی نەفس بوو، هەرچی شك ببردایە لەگەڵ فەقێکانیا شەریك بوو و بەشی ئەناردن و ئەغڵەب شەوی سێشەممە و جومعە ئەهاتە حوجرەی فەقێکان و میوەی تەڕ یا وشکی بۆ ئەهێنان و دائەنیشت تا قەسیدەی بورددییەیان ئەخوێندەوە، بەم موناسەبەوە ڕووداوێ ئەگێڕمەوە: شەوی سێشەممەیێ شێخ تەشریفی دانیشتبوو و ئێمەیش دەستمان کرد بە خوێندنەوەی «قەسیدەی بورددییە» کاتێ گەیشتمە ئەو شیعرە کە ئەڵێت:

و بات إیوان کسری و هو منصدع　　کشمل أصحاب کسری غیر ملتئم

لەگەڵ لەفزی «منصدع»دا چراکەمان بوو بە دوو لەتەوە، زۆر تەعەجوبمان کرد لەم ڕێکەوتە و دامانتا بە یادی موعجیزەی حەزرەت ﷺ. حاجی فەقێ موحەممەدی شاڵی لە مەجلیسەکەدا حازر بوو ناردی لە ماڵی خۆیان لەمپایێکیان هێنا بۆ حوجرەکەمان.

مامۆستا شێخ عومەر ئینسانێکی دڵساف و خاوەن ڕۆح بوو. دەلیلم لەسەر ئەم مەقسەدە چەن شتە:

یەکەم، ئینسان بە سوحبەتی ئەم زاتە دڵی ڕووی ئەکردە مەحەببەتی دین و عیلم و لە ئارەزووی دنیا دوور ئەکەوتەوە.

دووەم، هەرکەسێ لە خزمەتیا مایەوە بۆ خوێندن بێ‌بارە نەبوو و بەقەی حاڵ عیلمی دەسکەوت.

سێهەم، ئەو کەسانە کە لە خزمەتیا ئیجازەیان وەرگرت هەموویان لە تەدریس و لە خزمەتی عیلما موەففەق بوون.

چوارەم، ئەم زاتە زۆر دووری ئەنواند لە ئەهلی دنیا و لەبەر ناچاری نەبوایێ تێکەڵی نەدەکردن.

دەلیلی پێنجەم ئەمەیە، ئەم زاتە بە قەتعی وەختێ خۆی زایە نەدەکرد، یا تەدریس، یا تەئلیف، یا موتالەعە، یا جوابی موشکیلاتی مەسائیلی ئەنووسییەوە، حەتتا لە ماوەی چوار ساڵا کە لە خزمەتیا بووم تەنیا دووجار چاوم پێ‌کەوت کە لە سێشەممەدا لەگەڵ تەلەبەکان بێتەدەرەوە بۆ سارا و ڕابواردن، بەڵکوو دائیمەن مەشغووڵ بوو، بەڵێ ئێواران پاش عەسری ڕۆژی سێشەممە و جومعە ئەڕۆیشت بۆ دیدەنی حاجی شێخ ئەمین یا بۆ زیارەتی قەبری باوك و دایکی لە «گردی سەیوان»، جا دەوام لەسەر ئەم شێوە لە ئینسانی خاوەن ڕۆحەوە نەبێ نابێ، «مع العلم» نیسبەت بە ئەهلی دین و تەسەووفی ڕاستی ئیحتیرامات و ئیکرامی نیشان ئەدا و فیعلەن عەلاقەی قەلبییەی لە خزمەتی مەرحوومی شێخ نەجمەددینیدا زۆر بوو.

بۆ دەلیل ئەشێ لەسەر ڕۆحیەتی مامۆستام، ڕۆژێ مەلا حەمە سەعید کوڕی حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی سەڵەسی، کە لەلای منا ئەیخوێند لە خانەقادا کوتوپڕ لە حوجرەی غەربی خانەقادا تووشی «صرع» [فێ] بوو و بێهۆش کەوت، ئێمەیش خستمانە ناو مەوجێ و بە چوار دەست هێنامانەوە بۆ حوجرەی مەدرەسە، لەوکاتا مامۆستا شێخ عومەر تەشریفی هات فەرمووی ئەوە چییە؟ ئێمەیش قەزیەکەمان عەرز کرد، جا شێخ هاتە ڕاسەری ئەم سەنەدەی بەسەرا خوێندەوە کە ئیمام ئەحمەدی بن حەنبەل رَحِمَهُ اللَّهُ لە مەسنەدی خۆیا نەقڵی کردووە لە ئیمام عەلی ڕەزای کوڕی ئیمام مووسای کازمەوە و بریتییە لەم سەنەدە:

«حدثني أبي موسى الكاظم عن أبيه جعفر الصادق عن أبيه محمد الباقر عن أبيه على زين العابدين عن أبيه شهيد الكربلاء عن أبيه علي المرتضي قال: حدثني حبيبي و قرة عيني رسول الله ﷺ قال: حدثني جبريل عليه السلام قال: حدثني رب العزة سبحانه و تعالى، قال: كلمة لا إله إلا الله حصني فمن قالها دخل حصني و من دخل حصني أمن من عذابي».

کە ئەم سەنەدەی خوێندەوە بەسەریا فەورەن مەلا سەعید چاوی کردەوە و ڕزگار[ی بوو،] پاش ئەوە چەن وەقت لەلای خۆم بوو و پاش ئەوە کە لەلای من ڕۆیشتووە تا ئێستە نەمبیستووە ئەو ئازارەی تۆشی بووبێتەوە والحمد لله.

وا مەشهوورە کە حەزرەتی ئیمام عەلی ڕەزا گەیشتووەتە شاری نەیسابوور مەشهوور بە خوراسان؛ موسوڵمانان هاتوون بە ئیستیقبالێوە و داوایان کردووە لێی کە حەدیسێك لە ئەحادیثی حەزرەت ﷺ نەقڵ بکا بۆیان و تەبەڕوك بکەن بە بیستنی، ئەویش ئەم حەدیسەی بەو سەنەدانەوە ڕیوایەت کردووە و مەشهوورە کە هەرکەس خاوەن ئیجازە بە سەر فێدارا بیخوێنێتەوە ئەو فێدارە بە ئیزنی خودا ڕزگاری ئەبێ و «بالفعل» ماموّستام خوێندیەوە و سوودی بوو و ئیجازەی دا بە منیش لەسەر خوێندنەوەی بە سەر فێدارا ولله الحمد و المنة و الفضل و الكرم.

ڕۆژێ تەشریفی هات بۆ حوجرە فەرمووی ئیمشەو لە خەوما لەسەر سەکۆکەی حەوشی خانەقادا گەلێ کەلله شەکرم لەبەر دەستا بوو ئەمشکاندن و ئەمدان بە خەڵك، ئەمە ئەبێ تەعبیری چی‌بێ؟ وتم جا قوربان خەوی وا ڕۆشن تەعبیردانەوەی بۆ چییە، دیارە کەلله شەکرەکان ئەنواعی علومن و شێخیش ئاسانیان ئەکا بە تەقریر و تحریر بۆ تەلەبەکان و پێیان ئەدا. شێخ زۆر تەعبیرەکەی تەحسین کرد.

ڕۆژێ تەشریفی هێنایە حوجرە، لەوکاتا فەقێکان قسەیان لە قەیدێ ئەکرد کە قزڵجی نووسیویەتی [لە پەراوێزی تەسریفی مەلا عەلی] لەسەر لەفزی «و السلام» لە جوملەی «و الصلاة و السلام على خير خلقه محمد و آله أجمعين» ئەو قەیدە ئەمەیە «من فروعيات التقليد»، فەرمووی باسی چی ئەکەن؟ عەرزیان کرد باسی مەعنای ئەو قەیدە ئەکەین. دەنگی نەکرد بۆ سبەینێ هاتەوە فەرمووی ئیمشەو لە خەودا بە خزمەتی قزڵجی گەیشتم

له مەعنای ئەو قەیدە پرسیارم لێکرد، ئەویش فەرمووی «من فروعیات التقلید» سیلەی «والسلام»ە و یانێ: «ئەمین بوونی حەزرەت ﷺ لەو ئەحکامە فەرعیاتە کە بە تەقلیدی پێغەمبەرانی پێشوو پەیدا ببێ» مانای ئەمەیە هەرچەن جەمیعی پێغەمبەران لە ئەحکامی ئوسوولی دیندا وەکوو یەك وانە بەڵام لە ئەحکامی فەرعییەدا لەگەڵێ ئەحکاما گەلێ لە پێغەمبەران تابیعی پێغەمبەری پێش زەمانی خۆیان بوون، مەسەلەن پێغەمبەرانی پاش حەزرەتی مووسا لە ئەحکاما تابیعی تەورات بوون، ئەمما حەزرەت ﷺ هەموو ئەحکامە فەرعییەکانی دینەکەی سەربەخۆی بۆ خۆی وارد بووە و تابیعی کەس نەبووە لەو ئەحکامانا.

مامۆستام ئەوەندە لوتفی لەگەڵما [بوو]، لە نەخۆشینی وەفاتیا مەلا عینایەت عەرزی کردبوو با جواب بنێرم بۆ مەلا کەریم بێت بۆ خزمەتت، ئەویش فەرموویووی دەخیلە شتی وا نەکەی ئەترسم ئەگەر بێت و بەم وەزعە من ببینێ تووشی ناساغی ببێت. من ئەم قسەم لە مەلا عینایەت بیست. واقیعەن من بە دڵ ڕازی بووم بەوە ئەگەر خودای تەعالا ئەو ڕزگار بکا و من ببم بە قەزاگێڕەوەی ئەو، بەڵام «الله یحکم لا معقب لحکمه».

پاش وەفاتی مامۆستام گەلێ وەخت لە خەودا بە خزمەتی گەیشتووم لە هەموو جارەکانا بانگی کردووم دەرسی فەرمووە پێم لە کتێب مەواقیف و یا لە غەیری ئەو کتێبە ئەمە مەعنای ئیرتیباتی ڕۆحییە و الحمدلله.

ئەهل و ئەولادی مامۆستا شێخ عومەر رحمه الله

مامۆستام شێخی مەرحووم سێ عائیلەی بووە؛ یەکەم، حەلاوە خان خوشکی شێخ جەلالی سیتەکی کە لە شێخەکانی چنارەیە، لەم حەرەمەی دوو کوڕ و کچێکی بوو، شێخ ئەنوەر و شێخ عەبدوڕەحمان و نەجیبە خان. دووەم، ڕەحمە خان لە شێخانی قەرەداغ ئامۆزازای خۆی، لەم حەرەمەی کوڕ و کچێکی بوو، کمال الدین و نعیمە خان. سێهەم، فاتمە خان کچی مەلا موحەممەدی وەستا قادر خەلیفەی شێخ حیسامەددین و ساکنی هەڵەبجە، لەم حەرەمەی کوڕێکی بوو ناوی «بابەعەلی»یە ئەم کوڕە عیلمی تەواو کرد و مەلایەکی موناسبە، بەڵام لەم ئاخرا داخڵی دەورەی تەربەوییە بوو و بووە بە موعەلیمی ئیبتیدایی ئێستە لە لیوای سلێمانیەدایە.

مامۆستام وەختی خۆی هەر لە خانووی خۆیانا، یانێ خانووی باوکیا دانیشتبوو هەتا ئێمە لە خزمەتیا لە خانەقادا دامەزراین، پاش ئەوە لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و یەکدا خانوێکی ڕووخاو بوو لەبەردەمی خانەقادا ئەوەی بە بەیع کڕی بە دەوری سێسەد و سێ ڕووپیە و گەلێ خشتی کاڵی کڕی و وەستای بەنای هێنایە سەر، ئێمەیش یانێ موستەعید و سوختەی خانەقای، یارمەتی وەستا و عەممالەکانمان دا و بە ماوەیەکی [کەم] خانووەکەمان تەواو کرد، ئێستەیش شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی هەر وا لەو خانوانا، ئیتر یا خودا ئەو نەتەوەیە پارێزراو و موەففەق بن و خودا بە میهرەبانی خۆی جەزای خێر و ئیحسانی مامۆستامان بداتەوە ئامین «برحمته إنه أرحم الراحمین».

◈◈◈

بڕۆینەوە سەر باسی خۆم

من وەختی خۆی لە پێش ئیجازە وەرگرتنا لەگەڵ شێخ سدیق کوڕی مەرحوومی شێخ مارفدا ئیتیفاقمان کردبوو لەسەر ئەوە کە پاش ئیجازەم بڕۆم لە «نەرگسەجارِ» دابنیشم.

هەروا ساڵێ پێش ئیجازەم سەفەرێکی ئەوبەری سیروانم کرد لەو سەفەرا نەرگسەجارِم چاو پێکەوت.

وە ئەم سەفەرە بۆ ئەوە کە شێخی بیارە ڕۆیشتبوو بۆ "بەغدا" و لە بەغداوە ڕۆیشتبوو بۆ "سووریە" بۆ "دیرالزور" و "حەلەب" بۆ چاوپێکەوتنی موورید و مەنسووبی خۆیان، لەم سەفەرا زۆری پێ چوو، حەتا ڕۆژێ زۆر لە دووری شێخی بیارە دڵم مەلوول بوو و خەتەرەی ئەوەم ئەکرد کە شێخ نەمابێ، لەم ڕووەوە دڵم زۆر عاجز [بوو] مامۆستا شێخ عومەر فەرمووی بۆچی وا عاجزی؟ منیش قەزیەکەم عەرز کرد ئەویش فەرمووی ئەمە خەیاڵاتی نەفسە ئەیەوێ کە تۆ موبتەلای پەرێشانی ببی، من بە باوەڕی خۆم وا ئەزانم کە شێخ زۆر عومری درێژ ئەبێ و تۆ زۆر ئیستیفادە لە سوحبەتی شێخ ئەکەی بەڵکوو تۆ پیر ببی ئەوسا شێخ وەفات بکا، «سبحان الله» هەروەها دەرچوو.

جا لەو ڕۆژانا بیستم کە شێخ گەڕاوەتەوە و گەیشتووەتە «گۆمە و پشتە» لەوبەری سیروان کە ئەم خەبەرەم بیست ئیزنم وەرگرت لە مامۆستا شێخ عومەر و لە ڕێگەی ئەحمەدبڕندەوە ڕۆیشتم تا ئەحمەدبڕندە و لەوێوە شێخ عەبدولوەهاب کوڕی شێخ قادری

نەرگسەجاڕ لەگەڵما هات تا نەرگسەجاڕ، شەوێ لە هەواری «نەرگسەجاڕە کۆن» مامەوە بۆ سبەینێ ڕۆیشتم و لە «سیروان» پەڕیمەوە، نزیکی مەغریب گەیشتم بە دەراوی چەمی «گەڕاولی» لەویا زۆر دڵم مەلوول بوو کە تماشام کرد موقەددیمەی ڕەفیقەکانی شێخ لە بەرەو خوارەی «مەیدان زۆراب بەگ»ەوە دەرکەوتن و بە شوێن ئەوانا حاجی میرزا ڕەحمەتوڵڵای تاڵیشی دەرکەوت و شێخی بیارەیش دەرکەوت، بەڕاستی کە چاوم بە شێخ کەوت وەکوو عومرێکی تازەم بۆ هاتبێ وەها دڵشاد بووم و بە خزمەتی گەیشتم و زیارەتم کرد و لەگەڵیا گەڕامەوە بۆ ماڵی سەیید موحەممەدی کوڕی سەیید عەبدوڵڵای مەولەوی لە چەمی «زمکان»، من لامواید لە حەیاتی خۆما سەعاتێ ئەوەندە خۆشم نەدیوە.

شەو لە ماڵی سەیید موحەممەد بووین و بۆ سبەینێ لە سیروان پەڕینەوە بۆ هەڵەبجە و لە دێی کۆیخا عەبدولموحەممەدی مارف لە هانەژاڵە لامان دا تا قاوەڵتیمان کرد، ئەمجارە ڕۆیشتین بۆ هانەسوورە و لەوێ شێخ لای دا تا چایی خواردەوە و بۆ ئێوارە ڕۆیشتین بۆ هەڵەبجە لە مزگەوتی پاشادا شێخ بوو بە میوانی شێخ عەبدوللەتیف پاش ڕۆژێ لە هەڵەبجەوە ڕۆیشتین بۆ بیارە و چەن ڕۆژێ لە بیارە مامەوە جا گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

مەبەس ئەمە بوو کە لە پێش ئیجازەکەما وەزعی نەرگسەجاڕم چاو پێکەوتبوو و زۆر دڵم بەسرابوو بە تەوازوع و ئەخلاقی شێخەکانەوە، لەسەرئەم ئەساسە و لەسەرتەسویبی شێخی بیارە قەراری دانیشتنی نەرگسەجاڕم دا.

◇◇◇

[ڕۆیشتنی مامۆستا بۆ نەرگسەجاڕ]

جا پاش ئیجازە وەرگرتنم لە دوازدەهەمی مانگی شەعباندا لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و سێی هیجریدا لە شاری سلێمانییەوە ڕوو بە هەڵەبجە ڕێکەوتم بوو نەرگسەجاڕ و مەلا عەبدولقادری خۆشناوی بالیسانی کە لە مزگەوتی شێخ موحەممەد بەرزنجیدا ئەیخوێند و قازی میری ئەخوێند، بە حوسنی زەن بە من لەگەڵما هات بە قەسدی ئەوە لە لام بخوێنێ هەروا مەلا موحەممەدی کوڕی سۆفی کەریم بەگی مەریوانی خەڵکی «نێ» ئەویش هات و ڕۆیشتین بۆ هەڵەبجە و لە هەڵەبجەدا لە مزگەوتی پاشا بووین بە

میوان، جا ڕام‌سپارد تا لە دێی نەرگسە‌جارەوە مەلا ئەمینی کوڕی دەرویش عەبدوڕەحیم وڵاغی سواری بۆ خۆم و وڵاغی باری بۆ ئەسبابەکانم هێنا و ڕۆیشتین بۆ نەرگسە‌جار، لەوێ شێخەکان و ئەهلی دێ هاتن بە ئیستیقبالمانەوە و بە حورمەت دابەزیم و بۆ سیفەتی مودەڕڕیس و ئیمام لەوێ دامەزرام و دڵخۆشییەکی زۆریان دامەوە بە نەوعێ کە ئەو شوێنەم بە مالّی خۆم ئەزانی.

دێی نەرگسە‌جار و بە شێوەی ئیتعامی تەعام لە دەمێ ساڵەوە دراوە بە باپیرەگەورەی مەشایخی نەرگسە‌جار و هەرچەند شوێنێکی دێم و بێئاوە بەڵام چونکی شێخەکان بە قەناعەت فێربوون و خەڵکی دێهاتی ئەترافیشی زۆر خزمەتیان ئەکردن بە تایبەتی خزمەتی مالّی شێخ سدیقیان ئەکرد، ڕابواردنی مەلا و فەقێ زۆر خۆش بوو.

بە تایبەتی خەڵکی ئەترافی نەرگسە‌جار، یانێ خەڵکی قارەمانی و هەردوو غوڵامی و مامەشەیی و عارەبان و بەشی پیرك مەنسووبی نەرگسە‌جار بوون و زۆر خزمەتیات ئەکردین وکتێبخانەییکی موناسبیان بوو وکتێبە عیلمەکانی مەرحووم مەلا فەتتاحی نەورۆڵی خەڵکی «کاگردەل» درابوو بە مەدرەسەی نەرگسە‌جار. یەکێ لە کتێبەکانی مەلا فەتتاح نوسخەی «گەلەنبەوی بورهان» بوو کە بە خەتی خۆشی خۆی بە مودەووەنی حاشیەی مەڕحووم حاجی سەییید حەسەنی چۆڕی خۆش کرابوو.

لە پاش مانگی ڕەمەزان گەلێ تەلەبە لەمڵاولاوە هاتن بۆ نەرگسە‌جار و دەستمان کرد بە خوێندن و لە تەوفیقی خوداوە زۆر موەففەق بووین. نزیکی هەشت کەس تەلەبە گردبوونەوە، یەکێ لەوانە مەلا موحەممەد زاهیدی کوڕی مەرحووم مەلا موستەفای ڕەباتی بوو، یەکێ لەوان مەلا موحەممەد ئەمین خەڵکی دەشتی دزەیی «سویەری» بوو و یەکێ لەوانە شێخ عەبدولوەهابی کوڕی شێخ قادری نەرگسە‌جار بوو.

مەلا زاهید فەریدەی ئەخوێند، مەلا موحەممەد ئەمین عەبدوڵڵایەزدی ئەخوێند، شێخ وەهاب سیووتی ئەخوێند و مەلا عەبدولقادری خۆشناوی قازی ئەخوێند.

لەوکاتا من لە نەرگسە‌جار دامەزرام شێخ عەبدولوەهاب لە «أبا عُبیده» [عەبابەیلێ] ئەیخوێند بەڵام هاتەوە بۆ نەرکسە‌جار لەسەر ئەساسی ئەوە کە حاشیەی «ئەبوو تالیب» لەسەر سیووتی بخوێنێ. منیش ئیعتیزارم کرد لە تەدریسی حاشیەی ئەبوو تالیب بە چەن

مەعزەرەتێ: یەکەم: وتم ئەم حاشیە زۆر گرانە مەعلووم نییە من بیزانم، دووەم: ئەگەر من بیزانم، تۆ بە زەحمەت حاڵی ئەبی، چونکە زۆر باسی مەنتیقی و فەلسەفی تیایە، سێهەم ئەگەر تۆ حاڵی ببی وەختی زۆر ئەوێ [و] ئەبێ بە هۆی تەفرەی دەرزی باقی فەقێکان، ئەویش هەر ئیسراری کرد لەسەر خوێندنی ئەم حاشیە ناچار قەبوولم کرد.

پاش چەن دەرزێ ڕۆژێ لەسەر دەرزەکە گەلێ ئازاری دڵم بوو و دوو سێ قسەی ناڕەوام بە ئەبووتالیب وت، پاش ئەوە ڕۆیشتم لە شوێن خۆما نووستم، لە خەوا چاوم کەوت بە ئینسانێکی باڵابەرزی زەعیف ڕاوەستا لەلام و وتی ئەرێ مەلا کەریم تۆ بۆچی قسە بە من ئەڵێیت؟ وتم تۆ ئەبوو تالیبی؟ وتی بەڵێ، وتم ئەی بۆ قسەت پێ نەڵێم تۆ ئەم حاشیەتە نووسیوە لەسەر ئەم کتێبە کە لە عیلمی نەحوە بەڵام ئەنواعی بەحسی مەنتیقی و ئوسوول و فەلسەفەت تێ خستووە، ئەگەر تەدریسی ناکەین ئابڕوومان ئەڕوا و ئەگەر تەدریسی ئەکەین فەقێکان حاڵی نابن و ئەبێ بە هۆی دڵ ئێشان. وتی: نە نە! لەبەر ئەوە نییە؛ بەڵکوو ئێوە وا ئەزانن من شێعەم بۆیێ ئەوەندە قسەم پێ ئەڵێن، «مع أنه» من شێعە نیم و لە ئەهلی سوننەت و جەماعەتم. وتم: چۆن؟ وتی: من ئەساسەن خەڵکی «کفری»م هەتیو بووم جارێ زەووار لە ئێرانەوە هاتن بۆ عەتەبات ئەچوون و لە خواری کفرییەوە [دا] بەزی بوون، من لەگەڵ منالاّنا ڕۆیشتم بۆ سەیری ئەو زەووارانە، لەویا یەکێکیان بانگی کردم وتی: ڕۆڵە تۆ چیت؟ وتم: هەتیوم، وتی: دەی بێ لەگەڵ منا بۆ عەتەبات و ئەتکەم بە کوڕی خۆم و ئەتنێمە بەرخوێندن هەتا ئەبی بە پیاو ئیتر بۆچی وا ئەسووڕێیتەوە. منیش لەگەڵیا ڕۆیشتم بۆ عەتەبات و لەوێ گەڕاینەوە بۆ وڵاتی ئەوان و فیعلەن خستمیە مەدرەسەوە و خزمەتی کردم هەتا بووم بە مەلا و من بە قەتعی شێعە نیم و مەزهەبی خۆم لە دەست بەرنەداوە.

کە خەبەرم بووەوە جارێ زۆر سەرم سووڕما لەم خەوە هەرچەن خەو جێی باوەڕ نییە، بەڵام قسەکانی زۆر بەجێ بوون و بۆ تەئییدی ئەم خەوە لە پاشا نوسخەیێ دیوانی ئەبوو تالیب کە مەشهووڕە بە «کەلیم» کڕیم، لە موقەددیمەکەیا نووسرابوو موئەریخەکان بۆیان ساغ نەبووەتەوە کە کەلیم خەڵکی کوێیە، بەعزێ کەس ئەڵێن هەمەدانی و بەعزێ ئەڵێن کاشانییە و بەعزێ ئەڵێن ئەسفەهانییە و نەقڵیان کردووە جارجار لە ئەبوو تالیبیان پرسیوە

تۆ خەڵکی کوێیت؟ ئەویش وەهای جواب داونەتەوە:

من ز بلاد سخنم چون کلیم نه همدانی و نه کاشانی‌ام

ئەمەش هەر مەعنای خەوەکەی من تەئیید ئەکا، ئیتر خوا ئەیزانێ «والعلم عند الله».

پاش ئەم خەوە بڕیارم دا بە قەتعی بە بێ‌ئەدەبی ناوی ئەبووتالیب نەبەم و گەلێ سەعیم کرد لەگەڵ شێخ عەبدولوەهابدا ئەو سیووتی و ئەبووتالبەم پێ وت و عەبدوڵڵایەزدی و گەلەنبەوی ئاداب و چەن شتی‌تریشم پێ خوێند ئەوسا ڕۆیشت بۆ خزمەتی مامۆستا شێخ عومەر لە سلێمانی تا تەواوی کرد و ئیجازەی وەرگرت، بەڕاستی ئینسانێکی عالم بوو.

ساڵێ پێش ئەوە کە من بڕۆم بۆ نەرگسەجار بە ڕەغمی ئەوە کە شێخ سدیق کوڕی شێخ مەعرووف عائیلەیەکی بوو خاتوون مریەم ناو کچی شێخ ئەحمەدی زەردە لیکاوی، کە وەختی زوو ژنی مەرحووم شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەعرووف بوو و لە پاش وەفاتی ئەو شێخ سدیق مارەی کردبوو و چەن منالێکی لێ بوو، بەڵام هەم خاتوون سوەیبەی کچی مەرحووم حەزرەتی شێخ نەجمەددینی مارە کردبوو و کەمێ وەزعی ئیقتیسادییان باش نەبوو، ئەمما وەکوو بەیانم کرد بە هۆی خزمەتی مەنسووبینی ئەترافەوە ڕابواردنمان باش بوو و تەلەبەکان لە لایەنی مالّی شێخ سدیقەوە و مالّی شێخ قادر و شێخ ئەحمەدی مامی شێخ سدیقەوە خزمەت ئەکران و منیش بە تایبەتی لە مالّی شێخ سدیقەوە خزمەتم ئەکرا و بەیانی و ئێوارە نانم بۆ ئەهات تا ماوەی چەن مانگێ بەم نەوعە ڕامبوارد و لە پاش ئەوە مەیلم لەسەر ئەوە بوو کە ژن بێنم و خۆم جێگە و ڕێگەیەکی تایبەتیم ببێ، لەم خوسووسەوە ئیستیشارەم بە شێخی بیارە کرد، ئەویش فەرمووی سەبر بکە بەڵکوو لە لایەکەوە کەسێ هەڵکەوێ کچێکی باشی ببێ مارەی بکەی.

پاش ماوەیێ لەم پرسیار و ڕاوێژکردنی منە بە شێخ، مەلا ئەحمەدی زاوام لە دووڕووە هاتبوو بۆ بیارە بۆ خزمەتی شێخ و لەوێ باسی مەسئەلەی ژن‌هێنانی بۆ من کردبوو، قەراریان دابوو کە خوشکی مەلا ئەحمەد مارە بکەن بۆم. لەسەرئەم قەراڕە شێخ بە خەتی خۆی ئەم کاغەزەی بۆ من نووسی بۆ نەرگسەجار،[1] منیش پاش هاتنی نامەکە ڕۆیشتم بۆ بیارە و لەوێ لەبەر چەن دەلیل ئەم مەتڵەبەم ڕەفز کرد و هاتمەوە بۆ نەرگسەجار.

[۱. بۆ ئاگادار بوون لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (۲) لە پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

لە هاوین ساڵی هەزار و سێسەد و چل و چواری هیجریدا لە کاتێکا کە لە هەواری نەرگسەجارە کۆنا بووین بیستم شێخی بیارە ڕۆیشتووە بۆ ئەوبەری سیروان و لە نزیکی «پەلکژی»دا کەپریان بۆ بەستووە. «پەلکژی» کانی و ئاوێ لە نزیکی کێوی «کەرگەمل» لە پشتی دێی «مورتکە»ی سەیید کاك ئەحمەدەوە[یە]، منیش لەگەڵ فەقێکانا بە عەزم زیارەت ڕۆیشتین بۆ خزمەتی شێخ، بۆ ئێوارە گەیشتینە «کانیکەوە» و لە ماڵی موحەممەدی سان ئەحمەد میوان بووین، هەرئەو شەوە وڵاغی سواری بۆ هێنام و پیاوی شارەزای لەگەڵمانا نارد هەتا گەیشینە هەوار «پەلکژی» و شەو لەوێ نووستین، بۆ سبەینێ بە خزمەتی شێخ گەیشتین بەڕاستی ئەم هەواڕە زۆر خۆش و فێنك بوو.

ئەم هەواڕە پاڵی داوە بە «بان خوشك»ەوە، ئەم وشە وەرگیراوە لە «بان کۆشك» یانێ دەشتی عەمارەتی باڵاخانە. ئەم بانە بە درێژی ماوەی سەعات و نیو ڕێگە درێژە و تووڵ ئەکێشێ هەتا پشتی «قەیتوول» و «ئەزگلە» و بە پانی نیو سەعات ئەبێ یا نابێ، شوێنەکەی بەرز و هەوادار و دارستانە و زەوییەکەی نمداڕە، لە هاوینا بە بێ ئاو بامیە و تەماتە و کاڵەك و شووتی ئەڕوێنێ و زۆر باش پێ ئەگات، وا دەڕئەکەوێ لە زەمانی قەدیمەدا زۆر بە ئەهمییەت بووە و ئاوەدان بووە و هاوینەبەزی پیاوە گەورەکان بووە، ئەم شوێنە لە دیوی عێراقەوە ئەڕوانێ بە دەشتی کوێرەك و مەیدان و هۆرێن و شێخانەدا و لە دیوی ئێرانەوە تا سنووری داڵەهۆ و زەهاو و جوانڕۆی لێوە دیارە. بە کورتی ئەگەر ئاوەدان بکرێتەوە یەکەم شوێنی هاوینەی کوردستانە؛ بەڵام «مع الأسف» کان هەتا گل بێ سوودی لێ وەرناگیرێ.

ئێمە کە گەیشتینە هەواری پەلکژی تماشامان کرد پڕە لە مەخلووقی عێراق و ئێران عەرەب و فارس، حاجی شێخ تۆفیقی ناسریەیی لەوێ بوو و حاجی غەفووری لاری لەوێ بوو وگەلێ خەڵکی وڵاتی دوور لە خزمەتی شێخدا بوون، عەزەمە شێت لەوێ بوو وگەلێ موریدی ئەترافی تاوەگۆزی و مەیدان و تایشەیی لەوێ بوون.

ئێمەیش لەبەرئەوە قەرەباڵغ بووین کەپرێکیان بۆ بەستین و فەقێکان دەرزیان ئەخوێند و مەشغووڵ ئەبوون تەقریبەن حەفتەیێ لەوێ ماینەوە.

لەو ماوەدا مەلا عەبدوڵڵای مەلای موحەممەد بەگی حەبیبەڵڵا خان مەشهوور بە ئەمیر ئەسعەد لە تەرەفی موحەممەد بەگەوە بۆ بەعزێ ئیش هات بۆ خزمەتی شێخ، کە چاوی

کەوت بە من و فەقێکان وا مەشغوولّی خوێندن و دەرزین دلّی ئێتە سەر ئەوە کچی خۆی بدا بە من و ئەڕوا لە خزمەتی شێخ ئەم مەقسەدەی عەرز ئەکا، جا شێخ ناردی بە شوێن منا فەرمووی مەلا عەبدوللّا بە زمانی خۆی ئەلّێ من تالبی ئەوەم کچێکم هەیە مارەی بکەم بۆ مەلا عەبدولکەریم، تۆ چی ئەلّێیت؟ منیش عەرزم کرد قوربان جارێ من ئەو کچەم نەدیوە و و نازانم وەزعی چۆنە و شوێنەکەیشیان دووڕە لە نەرگسەجارەوە، جا ئەمری شێخە.

شێخ فەرمووی من وەزعی ئەزانم موناسبە و دووریش مانیع نییە بەلّکوو باشترە لە نزیکی بۆ ئەم زەمانە، من مەیلم وایە مارەی بکەی و شێخ ئەمری فەرموو شەربەت خۆرییان کرد و مەلا حوسەینی کوڕی مەرحوومی مەلای گەورە لەوێ حازر بوو، مەلا عەبدوللّا کچەکەی بۆ ماڕە کردم پاش ئەم وەزعە بە دوو سێ ڕۆژ مەلا عەبدوللّا ڕۆیشتەوە و ئێمەیش گەڕاینەوە بۆ نەرگسەجارِ، لەسەر ئەم قەرارە کە تا پاییز ئەسبابی زەماوەند ئامادە بکەم و بنێرم بە شوێنی ژنا بۆم بێت.

وە فیعلەن هاتمەوە بۆ نەرگسەجارِ و ئەسبابم ڕێکخست و لە ئەوەلّی پاییزا شێخەکانی نەرگسەجارِ: شێخ ئەحمەدی شێخ عەبدوڕەحمان و شێخ عەلی شێخ عارف لەگەلّ چەن کەسێکا سوار بوون و لە ساداتی تاوەگۆزی نەتەوەی مەولەوی جەنابی سەیید مەحموودیشیان لەگەلّ خۆیان بردبوو و ڕۆیشتبوون بۆ ماڵی کوێخا مەحموودی کوڕی کوێخا ئەحمەدی کوێخا یووسف لە «ئەشکێ» و لەوێوە چووبوون بۆ «قالّیچەگە» کە هەوارگەی زستانی موحەممەد بەگی ئەمیر ئەسعەد بوو و لەوێوە عائیلەکەیان بۆ گوێزامەوە بۆ نەرگسەجارِ، خودا جەزایان بداتەوە، قەدرێ زەحمەتیان کێشابوو بۆ من.

ئەم مەلا عەبدوللّا (خەزوورەم) کوڕی مەلا عیسای و لە ئەساسا خەلّکی «دێتوێ»ن لە جوانڕۆدا و خۆیان بە «میراولّی» ئەزانن و دایکی باوکی موریدەی شێخی سیراجەددین بووە، وا مەشهوورە خاوەن کشووفات بووە، لەگەلّ ماڵی مەلا قادری «دۆلّیدەرە» پوورزای یەکترن و لەگەلّ خێلّی «مەلا باوا» لە ناو «کلاّشی»دا ئامۆزان، ئێستە لە نەتەوەی مەلا عەبدوللّای خەزوورم مەلا مەحموودی کوڕی و سۆفی ئەحمەد لە «خانا شوور»ا ماون و سدێق کوڕی مەلا موحەممەدی کوڕی لەلای خۆمانە.

لە بەهاری هەزار و سێسەد و چل و پێنجدا شێخ لە بیارەوە شێخ فازیلی کوڕی شێخ مەحموودی شێخ مەحەممەد سالحی «گوب‌تەپە»یی نارد بۆ لام بۆ خوێندن و ئەم نامەیە بە خەتی خۆی بۆ نووسی بووم[1]، ئەم شێخ فازیلە لەو ڕۆژا عەبدوڵڵایەزدی ئەخوێند و ئینسانێکی زۆر خاوەن ئیستیعداد و قابیلیەت و سیما جوان و خەت خۆش و دەنگخۆش بوو وگەڵێ موورید و مەنسووبیان لە دێی «غولامی»دا هەبوو، هاتنی ئەو هەم بوو بە هۆی ڕەغبەتی خەڵك لە خزمەتی مەدرەسەکەمانا و ئەم کوڕە مەنسووبی شێخی بیارە بوو و دایکی ناوی ساحیبە خان بووکچی حەبیبەڵڵا خانی جوانڕۆ بوو، ماوەی شەش حەوت مانگ لە نەرگسەجارا لەلام مایەوە و پاش ئەوە ڕۆیشتمە بیارە، هاتەوە بۆ خوێندن و دەستی کرد بە «تقریب المرام شرح تهذیب الکلام» بەڵام لە ئەسنای خوێندنی ئەم کتێبەدا بە هۆی ئیشتیغال بە ئوموووری تەریقەتەوە تێکچوو و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا وەزعی وا پەرێشانە، ئێستە لە شاری «صلاحیه»دا بەو حاڵەتەوە ڕائەبوێرێ، بەڵام زۆر کەس بە وەلی ئەزانن «والله اعلم».

لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و پێنجدا لە پشتی خانووی شێخ سدیقەوە خانوێکیان پێدام بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنەکەی کیفایەتی نەدەکرد لەبەردەمی ئەو خانووا سەکۆیێکم دروست کرد و هۆدەیێکی باشم بۆ خۆم دروست کرد، بەڵام گەڵێ ئازاری دڵم بوو چونکی داری ئەم خانووە لە دێی «تووەقوت» بڕان و بە ئاوی تانجەڕۆدا هات تا نزیکی نەرگسەجارِ لەویا مەلەوان دارەکەیان هێنا دەرەوە ئەوسا بە لۆس خەڵکی نەرگسەجارِ هێنایان بۆ ناو دێ و هەرچی قامیش پێویست بوو هەموو خەڵکی شەکمەیدان و مامەشەیی بە وڵاغی خۆیان بۆیان هێنام.

بەم نەوعە شوێنی سکوونەت تەواو بوو و هەم بەقەی پێویست دۆ و ڕۆنی خۆمان حەیوانی وردە وەکوو بزن و مەڕ و مانگا بە دەستم کەوت و قادری سەلیم نیوەی جوانێ ماینێکی پێدام بۆ سواری و ڕەشوەی دایە دەستم. بە کورتی لە خوسووسی گوزەرانەوە لە هەموو بابەتێکەوە وەزعم باش [بوو] و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵك زیاتر ئەیاننناسیم و ئولفەتیان

[1]. بۆئاگاداربوون لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٧)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

لەگەڵما پەیدا ئەکرد بە نەوعێکی وەها وەکوو پیاوێکی مورشید و موقتەدابیهی ڕەعایەتی دڵیان ئەکردم.

وە خەڵکی شەك مەیدان و مامەشەیی و بەشی پیرك و قارەمانی هەموو وەکوو موورید و مەنسووب ڕەعایەتی دڵیان ئەکردم، ئەوەی کە هۆی ئازاری دڵم بوو ئەوە [بوو کە] بە هۆی گەرمی شوێنەکەوە هەموو ساڵێ چاوم ئەیێشا و بە ناچاری ئەبوو کاتی هاوین بڕۆشتمایە بۆ بیارە و ماوەی چل ڕۆژێ لەوێ بمێنمەوە.

لەم خوسووسەوە دڵم ناڕەحەت بوو لەلایەکەوە وەزعی تەدریس و ئیحتیرامی خۆم و تەلەبەکانم زۆر باش بوو، لەلایەکەوە گیرۆدەی چاو ئێشە بووبووم هەموو ساڵێ جارێك و دوو جار چاوم ئەیێشان و ترسم بوو چاوم عەیبدار ببن.

بە هەرحاڵ سەبرم کرد بە ئومێدی ئەوە خوا دەرووییێ بکاتەوە لێم و لە شوێنی خۆما مەشغوولی تەدریس بووم، هەر لەم ساڵی هەزار و سێسەد و چل و پێنجەدا لە شەوی جومعەی سێهەمی مانگی «رجب الفرد»ا «فاتح» لە دایك بوو، لەو کاتا گەلێ تەلەبەی باش لەلام بوون یەکێ لەوان مەلا موحەممەدی کوڕی دەرۆیش کەریم کوڕی ڕەحمانی قازی خزمی خۆم بوو کە لەو ڕۆژا نەمئەزانی خزمایەتیمان هەیە.

وە یەکێ لەوان عەبدوسسەلام کوڕی مەرحووم مەلا مەحموودی باکی خەلیفەی حەزرەتی زیائەددین بوو، ئەم زاتە وەکوو لە کتێبی «یادگاری مەردان»١دا نووسیومە شاعیرێکی جوان بووە و دیوانێکی هەیە هەمووی تەسەووف و غەرامی ڕۆحی و باسی زیائەددینە، ئەبێ ئەم دیوانە لە لای نەتەوەیان لە وڵاتی خوڕخوڕە و دەوری مەولاناوادا ببێ.

وە لەم نەرگسەجارا وەکوو تەدریسم ئەکرد جار جار لە کاتی فەراغەتا ئەو شەرحەی کە لە «صمدیە»م کردبوو لە زەمانی فەقێیەتیما لە سلێمانیدا و بە ناقیسی مابووەوە لێم ئەنووسی و لە ئەنجاما کەمێکی مابوو لە زستانا ڕۆیشتم بۆ بیارە و لەوێ ئەو میقدارەم تەواو کرد.٢

[١. لەوانەیە مەبەستی مامۆستا کتێبی «یادی مەردان» بێت، چونکە مامۆستا کتێبی بەناوی «یادگاری مەردان» نییە.]

[٢.ئەم کتێبە ناوی «برکات الأحدیة في شرح الصمدیة»یە و لەلایەنی بڵاوکردنەوەی کوردستان لە شاری سنە بە هاوکاری مامۆستا مەلا عەبدوددائیم مەعرووف هەورامانی لە ساڵی ١٣٩٢ = ٢٠١٣ ئامادە و چاپکراوە.]

وە لە بەهاری ساڵی هەزار و سێسەد و چل و شەشی هیجریدا قەسیدەیەکم لە مەدحی حەزرەتا ﷺ نووسی هەروا لە لام مایەوە تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و پێنجدا بە عینوانی «نور الصباح» لە چاپخانەی موحەممەد ئەمین عەسریدا لە کەرکووك لە چاپ درا «و للّه الحمد».

لە مووسیمی هاوینا لە ئەوەڵی ساڵی هەزار و سێسەد و چل و شەشی[1] هیجریدا شێخ عەبدوللەتیف قازی لە هەڵەبجەدا نەخۆش کەوت، ئێمەیش لە نەرگسەجارِ بیستمان کە شێخی بیارە هاتووە بۆ عەیادەتی شێخ عەبدوللەتیف بە عەزم عەیادەتی شێخ عەبدوللەتیف و زیارەتی شێخ ڕۆیشتین بۆ هەڵەبجە، دوو شەو لەوێ بووین شێخ عەبدوللەتیف زۆر ناساغ بوو بەڵام لەبەر قەرەباڵغی زۆر، بە مەسڵەحەتمان زانی بگەڕێنەوە بۆ نەرگسەجارِ و فیعلەن خوا حافیزیمان کرد و هاتینەوە بۆ نەرگسەجارِ، بۆ سبەینێ لە پێش نیوەڕۆدا نووستم لە خەوما یەکێ هات وتی شەیتانی نەمروود لەگەڵ ئیبراهیم عەبدوللەتیف موجادەلەی کرد بەڵام ئیبراهیم عەبدوللەتیف غالب بوو بە سەریا، کە خەبەرم بووەوە تێگەیشتم کە شێخ عەبدوللەتیف وەفاتی کردووە، فیعلەن بۆ ئێوارە بیستمان ئەو ڕۆژە وەفاتی کردووە و دووبارە ڕۆیشتینەوە بو تەعزییە و فاتیحە خوێندن، «رحمه اللّه و طاب ثراه و جعل الجنة مأواه».

لە پاش وەفاتیا بە چەن ڕۆژێ لە خەوا بە خزمەتی گەیشتم وام ئەزانی وا لەسەر سەکۆکەی حەوشی مزگەوتی جامیعەدا و ڕاکشاوە، منیش عەرزم کرد مەیلت هەیە تۆزێ دەست بێنم بە پێتا و بیان شێلم؟ فەرمووی قەیناکا، لەو میانەدا عەرزم کرد یا شێخ تۆ مردی قسەم بۆ بکە حاڵت چۆنە؟ ئەویش فەرمووی توخوا مەلا کەریم عەیب نییە تۆ بە ئێمە ئەڵێیت مردی؟، ئیتر من شەرم گرتمی و قسەم نەکرد، بەڕاستی وەکوو حافیزی شیرازی فەرموویەتی:

هرگز نمیرد آن‌که دلش زنده شد به عشق

ثبت اســـت بر جریده‌ی عالم دوام ما

[١. لەسەرئەم شەشە نووسراوە «پێنج» واتە هەزار و سێسەد و چل و پێنج، کە لەوانەیە ئەم پێنجە ڕاستتر بێت.]

بۆ ساڵی دوایی کە تاریخ گەیشتە هەزار و سێسەد و چل و حەوت[1] لە پاییزا مەرحووم مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی «عەبابەیلێ»یش وەفاتی کرد و دوو ڕۆژ لە پێش وەفاتیا هەر ئەمەی ئەخوێندەوە: «اللّه لطیف بعباده» مەرحووم شێخ عەبدوللەتیف لە قەبرستانی مەشهوور بە «گوڵان» لە هەڵەبجەدا دەفن کراوە و مەرحووم مامۆستا مەلا موحەممەد سەعید لە شیمالی غەربی مەرقەدی حەزرەتی ئەباعوبەیدەوە بە دە دوازدە هەنگاو دەفن کراوە. «طاب ثراهم و جعل اللّه الفردوس مأواهم بفضله آمین».

◈◈◈

[گوێزانەوەی مامۆستا بۆ بیارە]

بڕۆمەوە سەر باسی خۆم.

لە «ایام التشریق»ی ساڵی هەزار و سێسەد و چل و شەشدا لە بیارەوە نامەیەکیان نووسی بوو بە شوێنما بۆ نەرگسەجارِ کە بڕۆم بۆ بیارە، منیش ڕۆیشتم کاتێ گەیشتمە بیارە حاڵییان کردم کە شێخی بیارە بڕیاری داوە سەیید موحەممەد موددەڕڕیسی خانەقای دووڕووە بهێنێ بۆ بیارە بیکا بە موددەڕڕیس و منیش ڕەوانە بکا بۆ خانەقای دووڕووە و لەوێ بە موددەڕڕیسی دابنیشم و داوای موافەقەیان لێکردم منیش لەبەر ئەو عوزری چاوئێشە و گەرمای نەرگسەجارِە موافەقەم کرد و لەگەڵ جەنابی سەیید مەزهەر کاتبی شێخ کە ژنبرای سەیید موحەممەدی موددەڕڕیس بوو و لەگەڵ قەرەباڵغێکی زۆرا ڕۆیشتین بۆ دووڕووە، تا ئەوان ماڵی سەیید موحەممەد بگوێزنەوە بۆ بیارە و منیش لەوێ دانیشم و بەو ڕێگەی هەورامانا زۆر بە سەیران و سەفا و خۆشی ڕامان بوارد، بەڵام کە گەیشتینە دووڕووە حاڵیمان بوو بەگزادەی «ڕەزاو» لە بیستنی خەبەری نەقڵی سەیید موحەممەد زۆر عاجز و مەلوول و پەرێشانن و قەراریان دابوو مەنعی ئەم نەقڵە بکەن، چونکی لەو ڕۆژا بۆگەلێ ئوموورات حکوومەتی و هاتوچۆی شاری سنە بە شێوەی واجب پێویستیان بە سەیید موحەممەد هەبوو، کە لە وەزعەکە حاڵی بووین سەیید مەزهەر نامەیەکی نووسی بۆ خزمەتی شێخ بۆ بیارە و داوای ئەوەی کردبوو لە شێخ کە دەستوورولعەمەلمان

[١. لەسەر ئەم حەوتەش نووسراوە «شەش» واتە هەزار و سێسەد و چل و شەش، کە لەوانەیە ئەمە ڕاستتر بێت.]

بۆ بنووسێتەوە، ئێمە چی بکەین، لە پاش چەن ڕۆژێ نامەی شێخ هات و لە نامەکەدا ئەمری فەرموویو بە من کە بگەڕێمەوە بۆ بیارە و ئەمە عەینی نامەکەی شێخە کە لێرا چەسپم کردووە[1]. پاش گەیشتنی ئەم نامە من لە دووڕووە دەرچووم و هاتمەوە بۆ بیارە، پاش زیارەتی شێخ و مانوو حەسانەوەم شێخ بانگی کردم و مامۆستا مەلا بەهائەددینیش لە خزمەتیا بوو، فەرموی: ئەتوانی لە بیارەدا دانیشی و تەدریس بکەی، یانێ ئیشارەی کرد بەوە ئایا ئەتوانم بەرابەر بە موخالەفە و بەربەرەکێی موعاریزین خۆم بگرم؟ منیش عەرزم کرد: ئەگەر مەقسەد تەوانای تەدریس بێ ئەوەندە بتوانم کۆشش ئەکەم و ئەگەر مەبەس موخالەفەتی خەڵك بێ «و علی الله فلیتوکل المؤمنون» ئەکەم بە سەرمەشقی خۆم. شێخ فەرموی موبارەکە تۆ لەم تاریخەوە موددەڕیسی بیارەی. جا فەرموی ئەی بۆ مەعیشەت و هۆی گوزەرانت چی ئەڵێیت؟ عەرزم کرد لەم بابەتەوە هیچ نالێم، شێخ خۆی وەکیل بێ هەر نەوعە مەعیشەتێ بێ من [خۆم] ئەساچێنم. بەم قسانە تەعیینم تەواو بوو، بەڵام شێخ [فەرموی] ئەم دوو سێ ڕۆژی ئاخری مانگە بڕوا جا لە غورەی موحەڕڕەمی هەزار و سێسەد و چل و حەوتا پیاو ئەنێرم بە شوێن خانووەکەتا لە نەرگسەجارەوە نەقڵی بکەن بۆ بیارە.

واقیعەن لە ئەووەڵی موحەڕڕەمی ئەم تاریخەوە شێخ ناردی مالّەکەیان گوێزامەوە بۆ بیارە و لە ڕێوە کە هاتن لە مالّی «سەربورج» خانووی شێخ ساحیب و شێخ سەیفەددینی کوڕانی مەرحووم شێخ نەجمەددین دامەزراین «و الحمد لله». پاش ئەوە مالّەکەم گوێزاوە بۆ بیارە و دامەزرام و ئەم هەواڵە بڵاوە بوو بە وڵاتا، جا لە هەموو لایێکەوە تەلەبە ڕوویان کردە بیارە بۆ خوێندن و بە ماوەیەکی کەم بێجگە لەوچەن تەلەبەی خۆمە کە لە نەرگسەجارەوە هاتن بۆ بیارە قەرەباڵغێکی زۆر لە تەلەبە لە مەدرەسەدا حازر بوون.

هۆی ڕەغبەتی تەلەبە بۆ بیارە چەن شتێ بوو:

یەکەم: بیارە شوێنێکی موقەددەس و پیرۆز بوو و خەڵك بە ئومێدی بەرەکەت و بەختیاری ڕوویان ئەکردە ئەو شوێنە، بە تایبەتی کە مەحاسینی شەریفەی حەزرەت ﷺ چەن تاڵێ لە مووی ڕیشی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ لە بیارەدا حازر بوو.

[1]. بۆ ئاگادار بوون لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٩)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

دووەم: شێخی بیارە بە پەیڕەوی ئەسلافی خۆی زۆر ڕەغبەتی لە خزمەتکردنی تەلەبەدا هەبوو و بە چاوی حورمەت تماشای ئەکردن.

سێهەم: لە لوتفی خوداوە شۆرەتی کۆشش و سەعی من لەگەڵ تەلەبەدا بە وڵاتەکەدا بڵاو بووبووەوە و بەراوردیان کرد کە فەقێ لەلای من زۆر ئیستیفادە ئەکا.

چوارەم: تەلەبەکان غالیبەن مەنسووبی شێخی بیارە بوون و زۆر تالبی ئەوە بوون کە لە نزیکی شێخدا دانیشن و چاویان لە شێخەوە بێ.

پێنجەم: شوێنی بیارە زۆر شوێنێکی خۆش و ئاودار و باغدارە، بە تایبەتی بۆ هاوین و بەهار و چەن مانگێ لە پاییز وەکوو بەهەشتی سەرعەرز وەهایە.

شەشەم: لەبەر ئەوە کە هەموو ئەسبابی گوزەرانی فەقێکان تەنیا لە مااڵی شێخەوە بوو، ئازاد بوون لە حەولدان بۆ گوزەران و ژیانی خۆیان.

حەوتەم: بیارە بە نیسبەتی باقی شوێنەکانی کوردستانەوە زۆر شوێنێکی ئیجتیماعی بوو و هەمیشە گەلێ لە عولەما و ئودەبا و موتەسەووفین و پیاوی مەشرەب بەرزی تیا بوو، جا مەعلوومە شوێنی وەها هەمیشە خەڵك تالبی ئەبێ.

سەرەڕای ئەمانە هەموو، لە ئەووەڵەوە شێخ ئیعلانی ئەوەی کرد هەتا مەجال ببێ لە خانەقا و مەدرەسەدا بە سوورەت «لا رَدّ» تەلەبە قەبووڵ ئەکا.

بەم هۆیانەوە بیارە وەها پڕ بوو لە تەلەبە کە لە پاش مەغریب بە سەربانی خانەقا و حەوش و دەور و بەری خانەقادا تەلەبە بە عادەتی کوردستان دەستیان بە دەورکردنەوە ئەکرد، ئەوبەر و ئەمبەری بیارە، کە دوو کێوە، دەنگی ئەدایەوە، بەڕاستی بە دامەزرانی مەدرەسە لەسەر ئەم شێوە و شەکلە، بیارە و خانەقای بیارە سەرلەنوێ تازە بووەوە و نموونەیەکی جەمال و شێوە جوانەکەی زەمانی حەزرەتی زیائەددین و حەزرەتی نەجمەددین و وجوودی موبارەکی مەلای بیارە و موستەعیدەکانی نیشان ئەدا.

وە پاش دامەزرانم لەلایەن هەموو دۆست و برادەرێکەوە نامەی موبارەکبادیم بۆ هات و بەڕاستی بۆ وجوود و شەخسییەتی منیش دنیایێکی نوێ و ئافاقێکی تازە کرایەوە و نیشاتی زیاد لە نیشاتی پێشووم بۆ پەیدا بوو، «و للّه الحمد علی ذلك».

وه پاش دامه‌زرانم له‌سه‌ر یاسای خۆم که هه‌موو هه‌واڵێکی خۆمم ئه‌نووسی بۆ خزمه‌تی مامۆستا شێخ عومه‌ر ـ أعلی الله مقامه ـ نامه‌یه‌کم بۆ نووسی و باسی ئه‌مری شێخ و ته‌عیینی خۆم له بیاره نووسی بۆی. ئه‌ویش گه‌ڵێ مه‌سروور و دڵشاد بوو بوو و ئه‌م نامه‌یه[ی] خواره‌وه‌ی بۆ نووسیم[1]، به نووسینی ئوستادم بۆ ئه‌م نامه‌یه و گه‌یشتنی به ده‌ستم زۆر شاد بووم، به‌ڵام به یاسای وه‌زعی ئینسان که شه‌رم ئه‌کا له شوێنی پیاوی گه‌وره زۆر له دڵما ئه‌م گرێ بوو که مه‌بادا مه‌عنه‌وییه‌ن مه‌رحوومی مه‌لای بیاره به‌م دانیشتنی منه موته‌ئه‌سیر بێ. قه‌زائه‌ن شه‌وێ له‌و به‌ینا له خه‌وا ڕۆیشتمه دیواخانێکی زۆر به حورمه‌ت و جوان که تماشام کرد زاتێکی جوانی مێزه‌ره سه‌وز له ژووری دیواخانه‌که‌دا دانیشتووه و له‌و کاتا دوو فه‌قێ تاڵیشی هاتبوون بۆ لام، مه‌لا ئه‌سه‌دوڵڵا و مه‌لا عارف، ئه‌وانیش له‌گه‌ڵما بوون. ئه‌و زاته که پرسی له فه‌قێ تاڵیشییه‌کان ئه‌م مه‌لایه کێیه؟ ئه‌وانیش عه‌رزیان کرد ئه‌مه ناوی مه‌لا عه‌بدولکه‌ریمه و له‌م به‌ینا شێخی بیاره کردوویه به موده‌ڕڕیسی بیاره که ئه‌وان ئه‌م قسه‌یانه عه‌رزکرد، زاته‌ن فه‌رمووی ئه‌ی موباره‌ك بێ موباره‌ك بێ، ڕۆڵه تا ئێسته نۆبه‌ی ئێمه بوو ئێسته جا نۆبه‌ی تۆیه و هه‌ستا له دیواخانه‌که ته‌شریفی برده ده‌ره‌وه. که له‌م خه‌وه خه‌برم بووه‌وه که‌وته دڵمه‌وه ئه‌و زاته مه‌رحوومی مه‌ولانا مه‌لا عه‌بدولقادری بیاره بووه و ئه‌ویش له هاتنه‌که‌ی من مه‌سروور‌ه.

واقیعه‌ن ئه‌وانه که ئه‌هلی حه‌قیقه‌تن و خاوه‌ن ڕۆحانیه‌تن به‌س چاویان وا له ته‌رویجی دین و عیلم و شه‌ریعه‌تی ئیسلامه‌وه، ئیتر به هۆی هه‌رکه‌سێکه‌وه ببێ، ئه‌وان نه‌ك ڕازین به‌ڵکوو مه‌سروور و شادن «الحمد لله» پاش ئه‌م خه‌وه ئه‌و مه‌راقه‌م نه‌ما، به‌ڵکوو قه‌رارم دا هه‌تا تالبی زیاتر بێ و ده‌رسی زیاتر بێ ئه‌وان ئیحسانیان زۆرتر ئه‌بێ که‌وابێ مه‌سروور ئه‌بن.

پاش چه‌ن ڕۆژێ له‌به‌ر نزیك‌بوونه‌وه به خانه‌قا و مه‌دره‌سه ماڵمان له «سه‌ربورج» گوێزایه‌وه بۆ ئه‌وبه‌ری خانه‌قا و له نه‌فسی خانووی شێخدا هۆده‌یه‌کیان پێداین تیایا دانیشتین و به‌سه‌ر گه‌رمی مه‌شغووڵی ته‌دریس بووم و دوو فه‌قێ تاڵیشیش وارد بوون: مه‌لا ئه‌سه‌دوڵڵا و مه‌لا عارف، به‌ڕاستی دوو ئینسانی خاوه‌ن ئیستیعداد و قابیلیه‌ت بوون

[1]. بۆ ئاگادار‌بوون له ده‌قی نامه‌که سه‌یری نامه‌ی ژماره (١٠)ی پاشکۆی ئه‌م کتێبه بکه‌.

دەستیان کرد بە موختەسەری موتەووەل، بەم وەزعە ڕامان بوارد تا چوار مانگ، یانێ کەوتینە مانگی «جمادی‌الأولی»، لەم مانگا منداڵەکانمان وەزعی حەملیان بوو و کوڕێکیان بوو ناومانا بە «ئەسعەد» و لەم وەختا شێخ تەشریفی ڕۆیشت بۆ شاوەیس و باوەیس، بۆ سەرمەرەزە و واریداتی خانەقا و لە ئەسەری ئەم وەزعی حەملە عائیلەکەم بە نەخۆشینەوە مایەوە و لە ئەووەڵی مانگی «جمادی الثانیة» وەفاتی کرد.

بەم کارەساتە دەرگای گەلێ مەینەت لەسەرم کرایەوە؛ لەلایێکەوە من غەریب بووم و بێکەس بووم، لەلایێکەوە فاتیح تازە لە شیر بڕابووەوە و پێویستی بە خزمەت بوو، موهیمتر لەوە ئەم کوڕەیش کە تازە لە دایك بووە کەس نییە شیری پێ‌بدا، بەهەر حاڵ دایەنم بۆ ئەسعەد پەیدا کرد و کاغەزیشم نووسی بۆ مااڵی خەزوورم کە خەسووم بێت بۆ بیارە و لە پاش دە پازدە ڕۆژێ خەسووم «مصریە» ناو ژنی مەلا عەبدوڵاڵ کە ژنێکی زۆر ساڵحە و عاقڵە بوو، هات بۆ بیارە و تۆزێ باری دڵم سووك بوو، لەمااڵیشەوە بە هۆی تەعزییەنامەی شێخ و مامۆستا شێخ عومەرەوە، کەسووڕەتیان سەبت کراوە[1] و بە هوی بەعزێ برادەر و دۆستەوە کە هاوغەم و هاوبیرم بوون دڵم تۆزێ مەینەتی لەسەر هەڵگیرا و ڕووم کردەوە حاڵی تەبیعی خۆم. پاش چەن ڕۆژێ خەسووم (مصریە) فاتیحی لەگەڵ خۆیا برد بۆ وڵاتی خۆیان و ئەسعەدمان لەلای دایەنی «خورشیدە» ناو کە لە دێی «بنجوێ دڕە» دائەنیشت دامەزران. بەس خۆم مامەوە و ڕابواردنی خۆم ئاسان بوو.

بۆ یادداشت ئەنووسم: دایکی فاتیح «ئامینە» ناوکچی مەلا عەبدوڵاڵ خودا عەفووی بکا لە قەبرستانی «ملەگای چنار» لە قەراخی «جۆگەی کۆ» دەفن کراوە و ئەگەر لە موقابیلی بەردەنوێژەکانی قەراخی جۆگەی کۆ بەرەو ملەگا چل هەنگاوێ بڕۆی ئەگەی بە قەبرەکەی. ئەم شوێن قەبرە لەبەر ئەوە نزیکی ڕێگەی عام بوو مەترسی ڕووخانی لێ ئەکرا، جا بۆ خاتری پارازتنی هەموو ئەو قەبرانە لە قەراخی شەقامەکەدان پاش ماوەیێ حاسارێکی باشمان بە قەراخی ڕێگەدا کێشا هەتا نزیکی باخی سەید ئەحمەد و لە پاش ماوەیێ باقی قەراخی ڕێگەیان هەموو بە حەسار مەحکەم کرد «و الحمد للّه».

[1. بۆ ئاگاداربوون لە دەقی ئەم دوو نامەیە سەیری نامەی ژمارە (١١) و (١٢)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

پاش ئەم وەزعە لەبەر بێ‌عائیلەیی دڵم پەرێشان بوو و کەوتمە تەلاش بۆ ئەوە ژن بێنم و عائیلەکەم خوشکێکی بوو «جەمیلە» ناو کچی مەلا عەبدوڵڵا کە قورئانی خوێند بوو و موناسیبی حاڵ بوو بۆ منالەکان، لەسەر قەراری داواکردنی ئەم ژنە لە ئاخری پاییزا سەفەرێکم کرد بۆ «باوەجانی» بۆ ماڵی مەلا عەبدوڵڵا. کە قسەکەم دەربڕی هەموولایەکیان قەبووڵیان کرد و ڕەغبەتیان بوو لە ئیشەکەدا لەبەر خاتری منداڵەکان، بەڵام کوڕێکی مەلا عەبدوڵڵا بوو ناوی فەتتاح بوو ئەم کوڕە مەیلی نەبوو و عوزری ئەمە بوو کە بیارە دوورە لەوان و سیروان لە بەینایە، ئەیوت وەکوو چۆن ئەو خوشکەم مرد و ئێمە فریای نەکەوتین ئەمیش وای بەسەر دێت.

پاییزی ساڵی هەزار و سێسەد و چل و حەوت زۆر پەرێشان حاڵ بووم بە نەوعێ وەها کە مامۆستای گەورەم مامۆستا شێخ عومەر نامەی تەعزییەنامەی بۆ نووسیم مەجالی دڵم ئەوەندە تەنگ بوو لەبیرم چووە تا جوابی نامەکەی بۆ بنووسمە[وە]، تا تماشام کرد نامەیەکی دووهەمی هات بۆم ئەم نامەیە کە لێرا سەبت کراوە[1] و داوای بەیانی حاڵ و وەزعی لێ کردبووم بۆی بنووسم. منیش بە مەعزەرەتەوە جوابی نامەکەم بۆ نووسییەوە و بەیانی ئەحوالّی خۆمم بۆ کرد و داوای دوعای خێرم لێ‌کرد بەڵکوو خودا بە لوتفی خۆی فەرەح و شادییێك بخاتە دڵم، جا ئەم نامەیە هات بۆم «الحمد لله» پاش ئەمە حاڵم ڕووی کردە باشی و لەگەڵ تەلەبەکانا مەشغووڵ ئەبووم و ئەو زستانە ڕابورد.

لە بەهارا بە ئیرشادی فەقێ موحەممەدی «قەڵبەزەیی» کە دۆستی خۆم و موریدی شێخی بیارە بوو ڕۆیشتین بۆ «کانی‌کەوە» لە شارەزوور و خوازبینی ئامینەی کچی شێخ عەلی خەڵکی شیوی قازیم لە شێخ موحەممەدی برای کرد و ئیجابەیان کرد و گەڕاینەوە بۆ بیارە تا لە هاوینی ئەوەڵی ساڵی هەزار و سێسەد و چل و هەشتی هیجریدا گوێزامەوە بۆ بیارە و پاش ئەوە دایەنەکەی ئەسعەدی کوڕیشم هێنایە لای خۆمان و بەم وەزعە زۆر دڵم مورتاح بوو.

شێخ عەلی خەزوورم کوڕی شێخ قادری کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ قادری کوڕی شێخ عوسمانی کوڕی شێخ عەبدوللەتیفی گەورە کوڕی شێخ مەعرووفی دەرەقوولّەیە. شێخ

[۱. بۆ ئاگاداربوون لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (۱۳) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

ئەحمەدی باپیرەی مەلاییکی گەورە و خەلیفەی شێخ بەهائەددین بووە. دایکی ئامینەی عائیلەم ڕەزیە ناو کچی شێخ عەبدوڕڕەحمانی شیوی قازی بووە و ئامینە خاڵۆزای مامۆسا شێخ عومەر بوو و مامۆسا شێخ عومەر پوورزای ئامینە بوو. چونکی خاتوون خەدیجە دایکی مامۆسا شێخ عومەر خوشکی شێخ عەلی باوکی ئامینە بوو. ئەم خزمایەتییە موناسەبەیکی زیادەی پەیدا کرد لە بەینی من و مامۆستا شێخ عومەرا و تەبعەن ئەویش بەم خزمایەتییە مەسروور بوو، چونکی یەکێ لە ئەولادە حەسەبییەکانی عەلاقەی موساهەرەی لەگەڵا پەیدا کرد.

لەمەوپێش وتمان لە پاییزی هەزار و سێسەد و چل و حەوتا[1] مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی عەبابەیلێ وەفاتی کرد، جا پاش وەفاتی ئەو میرزا تۆفیقی برای مامۆستا مەلا حەمە سەعید لەبەر دۆستی شێخ بابارەسوول لەگەڵ مەلا موحەممەد سەعیدا و عەلاقەی قەدیمی شێخانی عەبابەیلێ بە شێخ بابارەسوولەوە بە تایبەتی شێخ کەریمی شێخ مەحموود کە مەنسووب و مەحبووب شێخ نەجمەددین بوو و دۆستی شێخ بابارەسوول بوو، هەموو قەراریان دا کە بابارەسوول لە «زەلەڕەش» بهێننەوە بۆ عەبابەیلێ و بیکەن بە مودەڕڕیس، فیعەلەن لەم خسووسەوە ئیقدامیان کرد و دڵخۆشی بابارەسووڵیان دایەوە، ئەویش لەبەر عەلاقەی قەلبی بە بیارەوە و بە مەلاکانی هەڵەبجەوە قەبووڵی ڕەجاکەی کردن و تەشریفی ماڵی گوێزایەوە لە «زەلەڕەش»ەوە بۆ عەبابەیلێ دووبارە ئەو قەزایە بە هۆی بابارەسوولەوە، کە وەکوو چرای مەجلیس وا بوو، ڕووناك بووەوە و ڕشتەی عولەمای هەڵەبجە و ئەترافی هەڵەبجە کەوتەوە سەر ڕێز و تەرتیبی جاران و هاتوچۆی بیارە لە بەینی ئەم عولەمایانا دامەزرایەوە.

«من جملە» پاش دامەزرانی شێخ بابارەسوول لە عەبابەیلێ و لە پاش دامەزرانی من لە بیارەدا لە ساڵی ١٣٤٧، ئەم زاتە لەگەڵ کۆمەڵی مەلاکانا هاتن بۆ بیارە، کاتێ ئێمە خەبەرمان زانی ڕۆیشتین بە ئیستیقبالیانەوە لە نزیکی دەرگای نانەواخانە بە یەك گەیشتین و لە پێش ئەوا کە بە یەك بگەین شێخ بابارەسوول هەردوو دەستی بڵاو کردەوە تا گەیشت بە من دەستی کردە ملم فەرمووی: مەلا کەریم لەگەڵ ئەوا کە ئەم مەقامە زۆر

[1. لەسەر ئەم حەوتە نووسراوە «شەش» واتە هەزار و سێسەد و چل و شەش، کە وتمان لەوانەیە ئەمە ڕاستتر بێت.]

بەڵای ئێمەوە بە حورمەتە و زیارەتی لەسەر ئێمە وەکوو واجب وایە، من ئەم سەفەرە[م] هەر بۆ لای تۆ و موبارەکبادی تۆ کردووە و گەڵێ قسەی پیاوانەی وای کرد لەگەڵما هەر یەکێ لەو قسانە ئەوەندە بە نرخ بوو قیمەتیان تەواو نابێ و چەن ڕۆژێ لە بیارە مانەوە جا ڕۆیشتنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی ئیجتیماعی عولەمای هەڵەبجە چاتر ئەبوو و موحەببەت لەناوا زۆرتر ئەبوو.

لە بەهاری ئاخری ساڵی هەزار و سێسەد و چل و حەوتا مامۆستای گەورەم لەسەر وەعدەی خۆی کە بڕیاری سەفەری بیارەی دابوو، لەگەڵ کۆمەڵێ لە عولەمای موحتەرەمیندا وەکوو شێخ نووری شێخ باباعەلی موددەڕڕیس لە مزگەوتی خۆیانا و شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبڕندە و مەلا عەزیزی پریس و شێخ ڕەسوواڵی تەکیەیی موددەڕڕیسی مزگەوتی جامیعەی هەڵەبجە و شێخ باباڕەسوواڵ موددەڕڕیسی عەبابەیلێ و مەلا عەبدوڵڵا موددەڕڕیس و ئیمامی دەرەشیش و حاجی مەلا عومەری عومەرگونبەدی و مەلا قادری ڕەش کە ئەم دووکەسە هەردوکیان مەلا بوون، یەکەمیان لە مزگەوتی خۆیانا لە «کەرکووك» و دووەم لە دەوری «کۆیە» و بۆ خوێندنی ڕیازیات هاتبوون بۆ سلێمانی بۆ خزمەتی مامۆستا شێخ عومەر و لەگەڵ چەن کەسێ لە موناسبینی ئەم زاتانە، وەکوو کۆمەڵەی ئەستێرەی «کۆ» کە لە بەرەبەیانێکی سافا تلووع بکەن وەها تەشریفیان لە ئوفوقی بیارەوە دەرکەوتن، ئێمەیش هەموولایێ مەلا و تەلەبە [و] پیاو موناسبانی خانەقای بیارە ڕۆیشتین بە ئیستیقبالیانەوە بە شادی واریدی خانەقا بوون.

ئەم سەفەرە گەڵێ سەفەرێکی خاوەن سەفا بوو، دەمێ زەمان بوو کۆمەڵێکی وەها لە عالمە گەورە بەرزەکان بەو زەوق و شەوق و شادییەوە لە بیارەدا گرد نەبووبوونەوە و نیسبەت بە من بە تایبەتی زۆر بەسوود بوو لەلایێکەوە زیارەتی مامۆستام و بە خزمەت گەیشتنی ئەم زاتە گەورانە گەڵێ ڕووناکی خستە دڵمەوە، لەلایێکیترەوە بۆ من بە هۆی حورمەت و کەرامەت دەرچوو.

مامۆستا شێخ عومەر لە ناو قەرەباڵغێکی گەورە فەرمووی: مەلا کەریم! هەرچەن زیارەتی بیارە زۆر مەقسەدی ئەهلی عیلمە، بەڵام من بەشی زۆری ئەم سەفەرەم لەبەر خاتری چاوپێکەوتنی تۆ بوو.

وە لە کاتێکا بە خزمەتی [شێخ عەلائەددین] گەیشتن مامۆستا شێخ عومەر گەلێ لە خزمەتی شێخدا تەقدیری منی کرد، لە جوملەی فەرموودەکانی یەکێ ئەمەبوو فەرمووی: یا شێخ! پێویستە زۆر یارمەتی مەلا کەریم بکەی بۆ ئەوەی لە تەدریسا موەففەق بێ و عیلمی زیاد بکا، ئەم زاتە لە من مەلاتر ئەبێ، یانێ ئەگەر شێخ لوتف بفەرموێت لەگەڵیا ئەوەی ئێمە زانیومانە لە خۆندنا وەریگرتووە و بە هۆی تەدریسەوە ئەتوانێ زیادەیشی بخاتەسەر و یەکێ لە یارمەتییەکانی ئەمەیە کە بە ئارەزووی خۆی فەقێی موستەعید ڕابگرێ نەك هەر فەقێیەك بێت بە هۆی نیسبەتی بە شێخەوە مەجبوور بکرێ لەسەر تەدریس «ولوکان» ئەو فەقێ قابیلیەتی خوێندنیشی نەبێ، ئەمە ئەبێ بە هۆی دواکەوتنی لە تەدریس و بڵاوکردنەوەی عیلمدا و گەلێ قسەی جوانیتریشی فەرموو لە واقیعا شێخ موقابیل بەم قسانە زۆر بە ئیقبالەوە جوابی دایەوە فەرمووی مەلا کەریم وەکوو ئەولادی خۆم وایە و لە گەلێ جیهەتەوە مەنزووری ئێمەیە و گەلێ جار بە قەسدی زیادی عیلم تەوەججوهم دەرحەقی بووە و ئومێدم وایە «إن شاء الله» گەلێ تەرەقی بکا.

هەر لە م سەفەرا ڕۆژێ هەموو لە حوجرەی شەرقی خانەقاوە کە ئێستە نەماوە و کراوە بە بازار، هەموو مەلاکان لە خزمەتی مامۆستا شێخ عومەرا دانیشتبوون و مەلا عارفی بانەیی حازر و مەلا عەباس کە ئێستە لە گەرمیانە ئەویش حازر بوو، باسی عیلم هاتە پێشەوە، مەلا عارف وتی: من میزانی هەموو ئێوە و باقی مەلاکانی لیوای سلێمانی ئەزانم و نیسبەت بە هەر یەکێ قسەیەکی کرد، لە ئاخرا لێیان پرسی: ئەی مەلا کەریم چۆنە؟ ئەویش وتی: بە خوا مەلا کەریم ئەتوانێ شەرحی مواقیف بە فەقێی ئەم زەمانە بڵێت، قسەکەی هەرچەن لە سیاقی تەعریفا بوو بەڵام «ذو الجهتَین» [بوو]، ئەوەیشی ئەگەیاند کە بۆ فەقێی زەعیف ئەتوانێ تەدریسی کتێبی وا بکات.

لەسەر ئەم قسانە مەلا عەزیزی پریس فەرمووی هەڵسن بڕۆین بۆ حوجرەی مەدرەسە لەوێ بە توحفە و کتێبە گرانەکان ئەم مەبەستە دەر بخەین کێ مەلای چاکە؟ فیعلەن بۆ خۆشی هاتن بۆ مەدرەسە و مەلا عارف توحفەی هێنا، شوێنێکی لە من پرسییەوە و شوێنێ لە مەلا عەزیز و لە قامووسدا شوێنێکی لە مەلا عەباس پرسییەوە و مامۆساکانیش

هەموو دانیشتوون، بەڕاستی ڕۆژێکی سەیر و خاوەن سەفا و ڕابواردنی عیلمی بوو، تا دەوری حەفتەیێ ئەم کۆمەڵە لە بیارە مانەوە، پاش ئەوە تەشریفیان ڕوێشتەوە بۆ هەڵەبجە و لە پاش یەك دوو ڕۆژ لە هەڵەبجە بڵاوەیان کرد و هەریەکێ ڕۆیشتەوە بۆ شوێنی خۆی، بەڵام ئەو تەئسیرە ئەم سەفەرە کردی لە ناحیەی ئێمەدا لە بیرمان ناچێتەوە.

لە پاش ڕۆیشتنەوەی مامۆستای گەورەم بە مانگێ من ئامینەی عائیلەم گوێزایەوە بۆ بیارە و بە هۆی ئەوەوە کە وەزعی مادّی ئارام بوو زیاتر مەجالی جەهد و تێکوشینی تەدریسم پەیدا بوو و گەلێ فەقێ لەم هاوینی ئەوولّی سالّی هەزار و سێسەد و چل و هەشتا هاتن بۆ بیارە و بێجگە لە ناو مەدرەسە، خانەقای بیارە گەلێ فەقێی تیایا ئەمایەوە بۆ ئەوەی بخوێنن.

وە لە مانگی «جمادی الأولی» لەم سالّا مامۆستا شێخ عومەر ئەم نامەیە بۆ نووسیم بۆ ئەوە کە وەسیلەی ئاسایشی ئەم حاجی مەلا قادر ناوە ڕێك بخەم[1] و لە پاش مانگێ بیستم کە «حەلاوە» خان حەرەمی مامۆستا وەفاتی کردووە، جا لەبەر ئەوە دوو کوڕ و کچێکی هەبوو و کوڕەکان تۆزی منالّ بوون وەزعی مامۆستام کەمێ پەریشان بوو، بەڵام لە مادّەوە «الحمد لله» وەزعی دامەزراو بوو و ئیش و کاریان بۆ جێبەجێ ئەبوو، لەبەر ئەوە زۆر ئەهمییەتی نەبوو.

بە هەر حالّ بە واسیتەی زۆری مەشغوولّی بە دەرسی فەقێکان و بە هۆی ئەوەوە کە شێخی بیارە تەشریفی بردبووە دەرەوە و خانەقا کەسی وای تیا نەمابوو لە کاتی هاتنی میوانی غەریبەدا بە دەمیەوە حازر بێ و شێخ بەعزێ نەزارەتی خانەقای دابووە دەستم، نەمتوانی خۆم بڕۆم بۆ سلێمانی بۆ تەعزیە لە مامۆستام، بەڵام نامەیەکم تەقدیم کرد و مەعزەرەتم نیشان دا ئەویش لە وەڵامی نامەکەما ئەم نامەی خوارەوەی بۆ نووسیم و بە خەبەری ئیجازە وەرگرتنی مەلا عینایەت تەبشیری فەرموین[2].

◈◈◈

[١. بۆ ئاگاداربوون لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (١٦) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[٢. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (١٧) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

وەزعی خۆم [لە بیارەدا]

لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و حەوتا کاتێ کە لە خانووەکانی شێخ ساحیب گوێزامانەوە بۆ هۆدەیێ لە خانووی شێخ لەوبەری خانەقاوە نزیکی دوو مانگ لەو هۆدەدا ماینەوە جا شێخ ئەمری کرد لە ڕیزی ماڵی خۆیا چەن هۆدە خانوویان کردەوە، دوو هۆدەیان بۆ من و دوو هۆدەیان بۆ سەیید نیزامەددین کە خزمەتی شێخی ئەکرد و دایکی فاتیح لەم خانووە تازەدا وەفاتی کرد و پاش وەفاتی ئەو، پاییز و زستان و بەهاری ئاخری ساڵی چل و حەوت من خۆم لە مەدرەسەدا ئەنووستم و ئەو خانووەم بەجێ هێشتبوو، لە بەهاری ئاخری هەزار و سێسەد و چل و حەوتا کە ئامینەی کچی شێخ «علی»م هێنا، سێ مانگ لەو خانوانا ماینەوە، پاش ئەوە گوێزامانەوە بۆ بەری خانەقا و لە هۆدەیەکی نزیکی حوجرەی شێخ ـ کە وەختی خۆی هۆدەی حەزرەتی زیائەددین بووبوو و شێخی بیارە لە پاش هاتنەوەی بۆ بیارە بە پارە کڕیبووی لە شێخ زەینەددین و باقی ئەولادەکانی مەرحووم شێخ نەجمەددین ـ دامەزراین و تاریخ گەیشتە هەزار و سێسەد و چل و هەشت، جا لە فەسڵی پاییزا وردە وردە دەستم کرد بە نووسینی ڕیسالەی عەزیزە لە عیلمی مەنتیقدا ئەم ڕیسالەمە بۆ ئەوە تەئلیف کرد کە مەلا عەزیزی بانەیی کە ئێستە بەر حەیاتە و ئیمامی دێی «قەڵاجێ»یە لەو دیوی هەورامان، بیخوێنێ و فیعلەن ئەو وگەڵێ لە تەلەبەکان نووسیانەوە و خوێندیان.

هەروا بە دوای ئەما ڕیسالەیێکی مەنزوومەم لە عیلمی «تەجوید»دا تەئلیف کرد و پاش ئەوە ڕیسالەی «کشف الغامض من أحکام الحائض»م تەئلیف کرد، ئەم ڕیسالەش زۆر بەسوودە و لە ناو مەجووعەی فەتاوای عولەمای خۆمانا نووسیمەتەوە و مەلا موحەممەد زاهیدی کوڕی مەلا موستەفای ڕەباتی نوسخەی وەرگرت، ئەم پاییز و زستان و بەهاری هەزار و سێسەد و چل و هەشتە گەڵێ موەففەق بووم وگەڵێ تەلەبەی باش و تالیبی خوێندن لە بیارەدا گرد بووبوونەوە، مەلا ئەسەدوڵڵای تاڵیشی و مەلا عارفی تاڵیشی و مەلا موحەممەد زاهیدی ڕەباتی و غەیری ئەمانەیش لە بیارەدا ئەیانخوێند و نیشاتی تەحسیلی عیلم زۆر بوو.

لە پاش وەفاتی حەرەمی مامۆستا شێخ عومەر (حەلاوە خان) خوشکی شێخ جەلالی سیتەکی کە لە شێخانی چنارە بوو، بە چەن مانگێ مامۆستام ڕەحمە خانی کچی شێخ سەعیدی قەرەداغی ـ کە لە بەنی‌ئەعمامی خۆی بوو و کچەکەش ژن خوشکی شێخ نەجیبی قەرەداغی [بوو] ـ مارەی بڕی، ئەم ژنە ئەوەندە ژنێکی موناسب بە حاڵی شێخ بوو بە هۆی ئەوەوە زۆر دڵی ڕەحەت بوو و کەوتەوە نیشاتی خۆی لە تەدریسا لە جاران باشتر.

وە لەو سەردەما ئیجازەی مەلا عینایەتی دا و ئیجازەی مەلا موحەممەدی ڕەئیسی دا، مەلا عینایەت هەر لە سلێمانیدا لە مزگەوتی شێخ عەبدوڵڵای هەولێریدا دامەزرا و مەلا موحەممەدی ڕەئیس لە دێی گەڵاڵە لە ناحیەی شینکایەتی، تابیعی قەزای چوارتا بوو بە مەلای موحەممەد ئاغای عەباس ئاغای پشدەری و زۆر لەسەر تەدریس بە نیشات و موەففەق بوو و تا ئێستە «للە الحمد» دەوام ئەکا و لەگەڵ حاجی موحەممەد ئاغای عەباس ئاغادا حەجی کرد و هاتەوە.

لە مانگی شەعبانی هەزار و سێسەد و چل و هەشتا شێخی بیارە بە خەیاڵی سەفەری بەغدا ڕۆیشت بۆ ئەوبەری سیروان بۆ دێی «گومە» وگەڵێ موریید و مەنسووبی لە خزمەتا بوو و ئەمری فەرموو کە جەنابی شێخ عەبدولکەریمی مودەڕڕیسی «ئەحمەدبڕندە»یش لە گەڵیا بێ، فیعلەن شێخ عەبدولکەریم ڕێکەوت و ڕۆیشت بۆ خزمەتی لەو میانەدا منیش لەگەڵ مامۆستا مەلا بەهائەددینا مامەوە لە بیارەدا بۆ ئەوە کە ئەو مەشغووڵی ئوموورات خانەقا بێ و منیش مەشغووڵی تەدریس و ئیدارەی تەلەبەکان بم وکاتێ شێخ ڕێکەوت ئەمری فەرموو بە من کە هەر مەسرەفێ بۆ عائیلەی پێویست بێ بە ئیشرافی من بێ و بەبێ ئیتیلاعی من هیچ نەکرێ، ئەم ئیشە تا ئەندازەیێ لەسەر شانم گران بوو، یەکەم لەبەر ئەوە بۆم نەدەکرا باش ئیشراف بکەم بە سەریا، دووەم ئەبوو بە هۆی ئازاری دڵی عائیلە و موتەعەلیقاتی شێخ لە من.

جا پاش ماوەیێ بە واسیتەی سەییید مەزهەری کاتبەوە نامەیێکم نووسی و داوای ئیزنم کرد بڕۆم بۆ گومە، بەڵکو خۆم لەم زەحمەتە دەر بکەم و لە عوهدەی ئەو ئیشە دەرچم و ئەگەر ئیمکان ببێ لە دێی گومەوە بڕۆم بۆ ماڵی خەزوورم چاوم بە فاتیح بکەوێ

و بەڕاستی خەیاڵی ماڕەکردنی ژن‌خوشکەکەیشم لە دڵا مابوو، بەڵام شێخ بەم نامەیە مەنعی ڕۆیشتنی کردم و بە خەتی خۆیشی لە حاشیەی نامەکەدا نووسیبووی ئەگەر بە قەسدی ئەو ئیشەیش کە وا لە دڵتا یێیت، پێویستە دڵت لەو خەیاڵە وەرگێڕی، ئیتر بە ناچار لە بیارە دەرنەچووم[1]. تەسادوف وابوو شێخ لەوبەری سیروان مایەوە و گەڵێ لە مرید و مەنسووبی ئەو وڵاتە هاتبوون بۆ خزمەتی، من و مامۆستا مەلا بەهائەددینیش لە بیارەدا مەشغووڵی وەزیفەی خۆمان بووین، بەڵام لەو ماوە مەلا ئەحمەدی کوڕی مامۆستا مەلا بەهائەددین ناساغ بوو و زۆر ناساغییەکەی ڕوو بە شیددەت بوو لەبەر ئەوە نامەیەکمان نووسی بۆ شێخ کە دوعای خێر بکا بۆ مەلا ئەحمەد، شێخ لە جوابا ئەم نامەیە نووسی بۆم[2] و تەوکیلی کردبووم بۆ ئەوە کە فیترییەی عائیلەکەی بدەم بە موستەحەق و دوعای خێریشی نووسی بوو بۆ مەلا ئەحمەد، بەڵام لەسەر تەقدیری خودا لە هەژدەی مانگی ڕەمەزانا مەلا ئەحمەد بەو ناساغییە وەفاتی کرد «إنّا للّٰه وإنّا إلیه راجعون» ئەم کوڕە لەبەر ئەوە کوڕێکی عاقڵ و ساڵح و خوێندەوار بوو وەفاتەکەی زۆر تەئسیری کرد لە دڵی مامۆسا مەلا بەهائەددینا بەڵام لەبەر ئیمان و تەقوای خۆی بە سابیری و تەشەکوراتی خوداوە وەختی ڕائەبوارد و تەسلییەی دڵی خۆی بە ڕەحمەتی خودای تەعالا ئەدا و نامەی تەعزییەیش لەلایەن شێخەوە بۆ مامۆستا مەلا بەهائەددین هات و ئەم نامەیش بۆ جەژن موبارەکی نووسی بۆ من و لە نامەکەدا ئەحواڵپرسی و دوعا و سەلامی بۆ مامۆستا شێخ حەیدەر و مامۆستا مەلا بەهائەددین و ئەهلی خانەقا نووسی[3].

ئەم مەلا کەریمی خەتیبە کە شێخ ئەحواڵی پرسی و سەلامی بۆ نووسیوە برازای مەلا ئەحمەدی سەدیاری و زاوای مامۆستا مەلا بەهائەددین بوو، سەیید ساڵح و شێخ حوسەین لە ئەتباعی شێخ بوون.

سەیید ساڵح لە ساداتی دێی «پارسانیان» بوو و شێخ حوسەین تاڵیشی بووکوڕی حاجی شێخ دەرۆیش بوو کە خەلیفەی زیائەددین بوو.

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٢٠) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[٢. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٢١) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[٣. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٢٢) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

مەلا فەیزوللا تالیبولعیلم بوو و خەڵکی باوەجانی بوو، پاش ماوەیێ کچی کوێخا ئەحمەدی کوڕی کوێخا کەریمی مارە کرد و لە بیارەدا مایەوە ئێستە بەر حەیاتە و ئیمامی دێی بیارەیە و شێخ موحەممەدی خوراسانی لە ئەهلی خوراسان بوو هاتبوو بە عەزمی ئەوە کە بڕوا بۆ میسر، بەڵام کە گەیشتبووە سووریییە گەڕابووەوە و لە خزمەتی شێخ مایەوە و مەزهەبی سوننەتی قەبووڵ کرد و دوو ساڵێ لە لای من شەرعی خوێند و داخڵی تەریقەت بوو لە پاش موددەتێ ژنی هێنا و ڕۆیشت بۆ ئەوبەری سیروان لەلای سەیید کاك ئەحمەدی کوڕەزای مەولەوی دوو ساڵ دانیشت جا گوێزایەوە بۆ دێی گەرمك لە ناحیەی کوێرەك، ئێستە بەر حەیاتە و لە عەینی شوێنە، ئەم زاتە لە بیارەدا بوو تەسادوف حاجی ئیسماعیل ناوێ لە میسرەوە هات بۆ بیارە کە زۆر قاری قورئانێکی بەرز بوو، شێخ لەلای ئەو فێری قرائەت و تەجوید بوو وگەلێ کەس لە خانەقا هەم ئیستیفادەیان لێ کرد، شێخ موحەممەد زۆر دەنگی خۆشە و لە شیعری فارسی خۆندنەوەدا یەدی بەیزای هەیە. جا شێخ لە مانگی زیلقەعدەدا ڕۆیشت بۆ بەغدا و لە هەشتی مانگدا گەیشتە بەغدا و ئەم نامەیە نووسی بۆم و لە جەژنی قوربانا ئەو نامەیە لەو بەرەوە سەبت کراوە بە شێوەی جەژنە پیرۆزی نووسی بۆمان[1].

بەڵام شێخ لە بەغدادا زۆر مایەوە، لەو ماوەدا من نامەیێکم بۆ نووسی و ئەحوالاتی خانەقا و مەساریف و ئەوزاعم تێگەیاند و داوام کرد کە وەزعی خۆی بنووسێ بۆمان تا ئێمە دڵ موتەمەئین ببین. ئەویش ئەم نامەیە لە وەڵاما نووسی بۆم و بەعزێ تەوسییەی تیادا نووسیبوو، من لە نامەکەی خۆما نووسیبووم موحتاجی سەعاتم، ئەویش نووسیبووی کە هاتمەوە سەعات ئێنم بۆت، بیلفیعل کاتێ هاتنەوە سەعاتیان هێنا بۆم[2].

شێخ ماوەیێ زۆری لە بەغدا سەرف کرد، بیستم هەموو ڕەفیقەکانی لە دریژی سەفەرەکە زویر بووبوون، ئیللا شێخ عەبدولکەریم نەبێ ئەو بێتاقەت نەبووبوو هەتا شێخ گەڕایەوە بۆ بیارە هەر بە دڵخۆشی و سەبر و ئارام لە خزمەتیا دەوامی کرد.

[۱. ئەم نامەیە بە ژمارەی (۲۲) لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا نووسراوەتەوە].

[۲. بۆ ئاگاداری لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (۲٤)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

وە لە نزیکی گەڕانەوەیا ئەم نامەیە بۆ نووسیم کەوا بەم زووە ئەگەڕێنەوە و بە عادەتی خۆی دوعا و سەلامی ئەهلی خانەقای نووسیبوو[1].

سەفەرەکەی شێخ درێژەی کێشا تا کەوتە مانگی ..... لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و نۆ ئەو جا گەڕایەوە و لە کاتی گەیشتن بە شاری سلێمانی ئەم نامەی خوارەوەی نووسی بۆم[2] و لە پاش چەن ڕۆژێ تەشریفی گەیشتە بیارە، هەموو مەنسووبین و ئەهلی خانەقا بە دیداری دڵشاد بووین.

لەم ساڵی هەزار و سێسەد و چل و نۆدا من زۆر موەففەق بووم و ڕیسالەی «ورقات» لە مەنتیقا و «مقالات» لە باسی مەقوولاتی عەشەرە و بەعزێ ئوموورى حیکمەت لە ئیعتیباریات و ئوموورى عاممە و ڕیسالەی «وجیهە» لە عیلمی مەنتیقدا بە تایبەتی لە باسی «موجّهات»دا تەئلیفم کردن و گەلێ لە تەلەبەکان نووسینیانەوە و خوێندنیان.

بە ڕاستی ئەم ساڵە لە هەموو جیهەتێکەوە بە خۆشی لەسەرمان ڕابورا «و للّه الحمد».

لە ئاخری ساڵی هەزار و سێسەد و چل و نۆدا «شێخ جەمیل» برای شێخ لە «قادرکەرەم» وەفاتی کرد و خەبەری وەفاتی گەیشت بە بیارە و مەجلیسی تەعزییە دانرا و لە مانگی «ذی‌الحجە»دا لەم ساڵا مامۆستا شێخ عومەر نامەی تەعزییەی بۆ شێخ نووسی و نامەیەکیشی بۆ من نووسی کە لە خوارەوە سەبت کراوە.[3]

شێخ جەمیل کوڕی حەزرەتی شێخ زیائەددین بوو لەگەڵ شێخ ئەنوەر و شێخ کامیلدا هەرسێیان لە دایکێ بوون، دایکیان فاتمەخانی کچی شێخ قادری «قەرەحەسەنی» لە نەتەوەی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە، ئەم زاتە کوڕێکی جوان و هەڵکەوتوو بوو، ئینسانی وەها خاوەن سەر و سیما کەم ڕێکەوتووە لە زەمانی سوڵتان موحەممەد ڕەشادا لەگەڵ مەلا حەسەنی کوڕی مەلای گەورەدا ڕۆیشتبوو بۆ ئەستەمبووڵ و بە ناوی پۆستنشینی خانەقای «بیاویڵە»وە مەعاشی بۆ بڕابووەوە، ئینسانێکی خاوەن شوعوور بوو زمانی تورکی زۆرباش ئەزانی و فارسی زان بوو و زۆر نەزافەتی خۆی ڕاگیر ئەکرد، لە تاریخی هەزار

[١. بۆ ئاگاداری لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٢٥)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[٢. بۆ ئاگاداری لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٢٦)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[٣. بۆ ئاگاداری لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٢٧)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

و سێسەد و چل و حەوتا لە بیارەدا نەخۆش کەوت و بۆ تەداوی ڕۆیشت بۆ «تەبرێز» و «تاران» و هاتەوە بۆ بەغدا چاری نەکرا تا لە ئەنجاما لە دێی «قادرکەرەم»دا لە ناو خاڵۆکانیا وەفاتی کرد، «رحمه الله و طاب ثراه».

دایکی فاتمەخانی دایکی شێخ جەمیل ناوی «رحیمه» خان و کچی شێخ قادری قازانقایەیی و خوشکی شێخ عەبدولکەریمی باوکی شێخ حوسەین و شێخ حەسەنی مەشهوور بە پیری قەرەچیەواڕە، یانێ ڕەحیمە خان پووری شێخ حەسەن بووە، شێخانی قەرەحەسەن وایستوویانە کە فاتمە خانی کچی ڕەحیمە خان بدەن بە زابتێکی عەسکەری بەڵام ڕەحیمەخان ڕازی نەبووە و بە شوێن پیاوێکی سالحدا گەڕاوە تا جارێ لە خزمەتی شێخ حەسەنی برازایا ئێت بۆ زیارەتی حەزرەتی غەوس و لەو سەفەرا تەسادوفی شێخی زیائەددین ئەکا لە بەغدادا، شێخ زیائەددین خوازبێنی فاتمەخان ئەکا و ماڕەی ئەکا و ماوەی دووسێ ساڵ مالّی شێخی زیائەددین بە ئیعتیباری فاتمە خان لە شاری «خانەقی»دا ماوەتەوە هەتا خانەقای خانەقی دروست کردووە، لە تاریخی هەزار و سێسەد و سیدا. وە شێخ ئەنوەرکوڕی زیائەددین لە شاری خانەقیدا لە دایك بووە، جا پاش ئەوە مالّی فاتمە خان نەقڵ کراوە بۆ بیارە و پاش چەن ساڵێ لە بیارەوە نەقڵ کراون بۆ خانەقای «بیاوێلّە» لە نزیکی هەڵەبجەدا و لەویا ماونەتەوە بەڵام بە هاوینا هاتوونەتەوە بۆ بیارە.

ئەم نامەی مامۆستا شێخ عومەرە جوابی نامەیەکمە کە لەو وەختا شێخ لە بەغدا هاتەوە و لە سلێمانییە بوو نووسیم بۆ خزمەتی لەو ڕۆژا مەجالی جواب نەبووە و ئێستە نووسیویەتەوە بۆم[1].

لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و هەشت و چل و نۆدا نفووزی پەهلەوی لە سنووری ئێمەدا هێزی گرتبوو لەو میانەدا ڕۆژێ سولّتانێ هات بۆ بیارە و لە خزمەتی شێخدا دانیشت گەلێ باسی ئیحتیرامی ئال و بەیتی و مەزهەبی هەواخواهانی ئەوانی کرد، بەڵام زۆر موبالەغەی تیادا کرد بە نەوعێ گەیشتە ئەو پایە وتی هەرکەسێ لە ژێر ئیدارەی ئیمامەت و خەلافەتی ئەوانا نەبێ ئوموورات [تەواو نابێ]، لەویا شێخ لەبەر ڕەعایەتی ئەوە کە خاوەن مالّ بوو و کابرایش میوان بوو جوابی نەدایەوە، بەڵام من خۆم پێ نەگیرا وتم:

[١. بۆ ئاگاداری لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٢٨) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

ئاغە مادام ئەم فەرمایشتە ڕاستە کە هەرکەس لە ئیدارەی ئەوانا نەبێ ئوموورات دینی تەواو نابێ ئەهلی تەشەییوع بۆچی لە غەیری زەمانی ئیستیلای سەفەوییەکانا لەم وڵاتا تا ئێستە جارێ نەبوو کە یەکێ لە سادات بکەن بە ئیمام و گەورەی خۆتان و بۆچی ئیتاعەی غەیری ئەوان ئەکەن، کابرا لە جوابا قسەی بۆ نەما و ئەوەندەی وت ئێمەیش لەم بابەتەوە موقەسیرین.

ئەم نامەیە لە جوابی نامەییکمایە کە نووسی بووم بۆ شەرحی جەواد لەسەر ڕیسالەی حیسابی بەهائەددین ئەویش شەرحێکی ناقیسی لەلا بوو، بۆی ناردبووم بە شێخ ئەنوەری کوڕیا و لەوکاتا شێخ ئەنوەر ئەیویست لەلای مەولانا خالیدی کوڕی شێخ «دانسازی» فێر ببێ، ماوەیەك لە لای مایەوە بەڵام لە ئەنجاما بە بێ ئەوە فێری سەنعەتەکە ببێ ڕۆیشتەوە بۆ سلێمانی[1].

هەر لە سالّی هەزار و سێسەد و چل و نۆدا سەفەرێکم کرد بۆ «باوەجانی» بۆ مالّی مەلا عەبدوڵڵای خەزوورم بۆ چاوپێکەوتنی فاتیح و لەم سالّا ئەسعەدی کوڕیشم برد بۆ ئەوێ و لەلای دایە گەورەیا بەجێم هێشت تا لە عومری چوار سالّیدا لەلای ئەوان وەفاتی کرد و لە قەبرستانی شێخ شملّی لە قەراخی ئەمبەری ئاوی بوارەوە دەفن کراوە.

لەم سەفەرا لە مالّی ئەمیر ئەسعەدا تەسادوفی «سولّتان حەیدەرخان»م کرد کە فەرمانداری ئەو مەنتیقە بوو و گەلێ مونازەرەی مەزهەبی لەگەڵا کردم.

لە ئەووەڵەوە بەڕاستی من نەمویرا بە سەربەستی قسەی لەگەڵا بکەم تا ئەو بە هەموو سەراحەتێ مەیدانی مەرەخەس کرد، جا پێم وت مادام وایە قسەت لەگەڵا ئەکەم.

تەبعەن تۆ باوەڕت بە قورئان هەیە، وتی بەڵێ، وتم کەوابێ من ئیستیدلال بە حەدیس ناکەم چونکی مومکینە تۆ بڵێیت ئەم حەدیسە مەوزووعە و تۆیش ئیستیدلال بە حەدیس مەکە چونکە مومکینە من لە سیحەت ئیسنادەکەیا قسەم ببێ، بەس دەلیلی هەردوولامان یا قورئان بێ یا دەلیلی عەقلّی، وتی باشە.

وتم: خودا لە قورئانا بە سووڕەتی عام تەعریفی ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ ئەکا بە ئایەتی: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ و موخاتەبی دەرەجە ئەووڵ ئەسحابەکانی بوون.

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٣٠)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

وە بە سوورتی خاس بە ئەسحابە ئەفەرموێت: ﴿وَ الَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ﴾ تا ئاخری ئایەتەکە. هەروەها لە شەئنی ئەسحابی حودەیبیە دا ئەفەرموێت: ﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنْزَلَ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةَ وَ أَثَابَهُمْ فَتْحاً قَرِيباً﴾ و لە شەئنی سابیقین لە موهاجیرین و ئەنسارا ئەفەرموێت: ﴿وَ السَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَ الْأَنْصَارِ وَ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ و رَضُوا عَنْهُ﴾.

کە وابێ چۆن موسوڵمان ئەتوانێ لەگەڵ ئەم هەمووە سەنا و ستایشی عام و خاسسە باوەڕ بکا بەوە ئەم جەماعەتە بەرابەربە وسیەتی پێغەمبەر ﷺ ئیهمالیان کردووە و وەسیەتی ئەویان بەجێ نەهێناوە! یا ئەبێ کەلامی [خودا] دەربارەی ئەوان ڕاست نەبێ ـ العیاذ باللّه ـ ئەمە مەحاڵە، یا ئەبێ ئەمانە لەسەر دەستووری حەق موعامەلەیان کردبێ و بەیعەتیان بە حەزرەتی ئەبووبەکر رضی الله عنه موافیقی حەق بێ.

وە لەلایەن حەزرەتی ئەمیرولموئمنینەوە مولاحەزە بکەی ئەگەر خلافەتی ئەبووبەکری بە حەق نەزانیایێ چۆن جارییەی بەنی حەنیفەی لە ئەبووبەکر قەبووڵ ئەکرد و ئەگەر لە عومەری خەتتاب عاجز بوایێ و بە غاسبی خەلافەتی بزانیایێ چۆن کچی خۆی بۆ ماڕە ئەکرد.

وە ئەگەرلەوعەسر و زەمانا خەلافەتی بە حەقی مەحزی خۆی بزانیایێ چۆن لە ماوەی بیست و چوار ساڵا و لە زەمانی سێ خەلیفەدا لە حەقی شەرعی خۆی چاوپۆشی ئەکرد، ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوەکە حەزرەتی ئەمیر خەلافەتی ئەو زاتانەی بە حەق زانیوە، ئەگەرنا کەسێ ئەسەدوڵلا بێ ئەوەندە ساڵ لە حەقی خۆی لەبەر ترس، یا لەبەر مانیعێکی ئیحتیمالی دەسبەردار نەدەبوو، لە ئەنجاما کابرا قسەکانی قبووڵ کرد.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجای هیجریدا لە مووسیمی ئەووەڵی هاوینا لە مانگی سەفەرا مەلا موحەممەدی قزڵجی واریدی بیارە بوو و مامۆستا شێخ عومەر ئەم نامەیە بۆ من نووسی بوو بۆ تەوسیەی من لە خوسووسی شێخ ئەنوەری کوڕیەوە کە تا لە بیارەدا لە خزمەتی شێخ مەولانادا بمێنێتەوە لە خوسووسی فێربوونی خەت و نووسینەوە چاودێری بکەم و باسی مەوزووعی تەبعی گەلەنبەوی بورهانیشی نووسیبوو و تەوسیەیشی کرد بۆم کە

خزمەتی مەلا موحەممەدی قزڵجی بکەم[1]، مەلا موحەممەد کوڕی مەلا حوسەین کوڕی مەلا عەلی قزڵجی - رحمهم الله - لە وڵاتی خۆیانەوە بە عەزمی ئیستیفادە لە چاوپێکەوتنی «جامع الأزهر» و موجاوەرەی عولەماکان ڕۆیشت بۆ میسر و سااڵێ لەوێ مایەوە و لە پاشا کە هاتەوە و گەیشتە شاری کەرکووك مەنع کرا لە الیەنی سەفیری کەرکووك لە گەڕانەوەی بۆ موکریان. جا بۆ چارەسەری خۆی هاتە بیارە و ماوەی چوار مانگ لە بیارە مایەوە و لە حوجرەی مەدرەسەدا لە مەنزڵی منا دانیشت و بە هەموو نەوعێ شێخی بیارە حورمەتی ئەگرت و من و تەلەبەکان دڵمان ڕیعایەت ئەکرد و بە یەکەوە ڕامان ئەبوارد. لە مانگی «جمادی الثانیه»دا لە بیارە دەرچوو و ڕۆیشت لە دێی «سەراو» لە ناحیەی پشدەر بە موەققەتی بە سوورەتی مەالیەتی دانیشت بە خەیاڵی ئەوە پاییز کە شێخ ئەڕوا بۆ بەغدا لەگەڵ شێخدا بڕوا بۆ بەغدا و شێخ سەعی بکا بۆ دامەزرانی، واقیعەن لە ئەنجاما فیکرەکەی جێبەجێ بوو، وەکوو لەمەولا «انشاء الله» باسی ئەکەم.

لەم ماوەدا کە مەلا موحەممەدی «تورجانی» حالەن و «قزڵجی» ئەسڵەن، لە بیارەدا بوو هەر لە حوجرەی مەدرەسەدا بوو و غالیبەن لەوکاتانا من دەرسم بە فەقێکان ئەوت ئەو دائەنیشت یا ڕائەکشا، بەڵام ئەیوت بە من پەکی دەرسەکان نەخەم و فیعلەن منیش بە یاسای خۆم دەوامم ئەکرد. بیستم ڕۆژێ شێخ پرسیاری کردبوو فەرموو بووی: مەلا کەریم مەالیێکی چۆنە؟ ئەویش بە حوسنی زەننی خۆی لە وەڵاما فەرموویووی بەڕاستی جێگەی وەکوو بیارە، مەالیێکی وەکوو مەال کەریمی ئەوێ و گەڵێ قسەی جوانی کردبوو، «جزاه الله بالخیر».

لە پاشان نوێژی عەسر[2] ئەغڵەب لەگەڵیا ئەچووم بۆ باغاتی بیارە، یا بۆ چەمی هانەگەرمەڵە، یا بۆ چەمی بیارە و میوەی جوانم بۆ ئەهێنا، ئەبوا ئەو میوەیە بە دەستی خۆی لەناوکانییە سارەدەکانی چەمی بیارەدا بشۆریایەتەوە ئەوسا میوەکەی ئەخوارد، یانێ زۆر موحافەزەی سیحەتی خۆی ئەکرد.

[١. بۆئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٣٥)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[٢. لە پاش نوێژی عەسران،]

لە مانگی «جمادی الأخری»دا لە پێش دەرچوونی لە بیارە جارێ موتەسەڕڕیفی سلێمانیە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ هات بۆ بیارە لەو ڕۆژا شێخ لە بیارە نەبوو و لە ئەحمەدئاوا بوو بەس من و مەلا موحەممەد لە بیارەدا بووین و لەسەرسەکۆی بەرابەری مەرقەد کورسیمان دانابوو، ئەحمەد بەگ لە پاش وارید بوون و تۆزێ ئیسراحەت زۆر بەیانی ئینشراحی دڵی خۆی لە ڕوحانیەتی ئەو شوێنە [کرد] و قەدرێ قسەی خۆش لەناومانا ڕابورد و هەرلەو مەجلیسا بوو بە ئاشنای مەلا موحەممەد و گەلێ لە ئوموورێ ڕەسمییەدا موساعەدەی کرد و پاش دامەزرانی مەلا موحەممەد لە بەغدا، ئەحمەد بەگی موتەسەڕڕیف تەرکی وەزیفەی کرد و ڕۆیشت لە بەغدا لە ئەعزەمییە خانووی دروست کرد تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و سێی هیجری یانێ چوار ساڵ و شتێ لە پاش وەفاتی مەلا موحەممەد وەفاتی کرد و لە قەبرستانی غەربی ئیمام ئەعزەم دەفن کرا .. طاب ثراهما و جعل الجنة مأواهما بمنه آمین ..

لەم ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجای هیجریدا لە پاش تلووعی سوبح لە ڕۆژی پێنجشەممە بیست و نۆهەمی مانگی ڕەبیعولئەوەل لەو کاتا کە ئێمە لەو ماڵا بووین کە موتەسیلە بە حوجرەی شێخەوە موحەممەد لە دایك بوو و لەوکاتا مەلا موحەممەد لە بیارە بوو، منیش لەبەر ئەوە هێشتا لە دایك نەبووبوو قەرارم دا ئەگەر کوڕ بێ ناوی «موحەممەد» بێ، ئەم دوو کەلیمەمە نووسی بۆ شێخ کە لەقەبێکی بۆ زیاد بکا، ئەویش لە حاشیەی نامەکەمەوە نووسی هەر ناوی [موحەممەد] کافیە و مایەی خێر و سەعادەتە «إن شاء الله» و دوعای خێری بۆ کردبوو[1].

شێخی بیارە زۆر موحەممەدی خۆش ئەویست گەلێ جار ئەیفەرموو ئەم کوڕە ئەگەر مانیع مەنعی نەکا لە زەمانی [خۆیا] یەکە ئینسان ئەبێ و زۆر ئەیلاوان.

وە دایکی حەمەیش زۆر خزمەتی پاکی حەمەی ئەکرد و حەتا لە کاتی پاکیدا نەبێ شیری پێ نەداوە و لە پاش تەمیز خوێندنی تەواو کرد و شەهادەی ڕیزی دوازدەی وەرگرت، بەڵام لە پاش ئەمانە گیرۆدەی گەلێ ناباری بوو، ئومێدم بە لوتفی خودا وایە ئەنجامی خێر بکا، «و ما ذلك على الله بعزيز، ربنا و تقبل دعاء».

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٣٨)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

لەم ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجادا بەعزێ کەس فکری شێخی بیارەیان هێنایە سەر ئەوە کە ئەم باغچەیە وا لە خۆرهەڵاتی خانەقاوە لەگەڵ ئەو حوجرە درێژە کە لکاوە بە خانەقاوە و تەختە بەندەکەی بەردەمی حوجرەکە هەتا نزیکی حەوزی قەسر و بەهاربەندی خانەقا هەمووی بکا بە دووکان و بازاڕ بۆ ئەوە واریداتێ بۆ خانەقا ببێ و لە واقیعا هەرچەند ئەم دوکان و بازاڕە ئەبوو بە هۆی واریدات بەڵام مەنزەرە و دیمەنی جوانی خانەقا و حەوشی خانەقا و باغچەی خانەقای مەحو ئەکردەوە.

لەم فکرەدا من و مامۆستا مەلا بەهائەددین مانیع بووین لەبەر بەعزێ شت:

یەکەم، ئەمە بوو کە ئەو خانەقا جوانە کە خۆی و ئەترافی وەکوو باغچەیێکی بەهەشت بە دەرەوە بوو بە هۆی ئەم بیناوە دیمەنی ئەگۆڕا و حەوشەکەی تەنگ ئەبووەوە و ئەو تەختە بەندی قەراغی حەوزی حەوشی خانەقایە لەگەڵ ئەو حوجرەدا کە بۆ هاوین بێوێنە بوو ئەفەوتا.

دووەم، ئەم حوجرە لە نەزەری ئێمەدا زۆر موقەددەس بوو چونکی وەختی خۆی شێخی زیائەددین دروستی کردبوو بۆ هاوین و زۆر لەو حوجرەدا دانیشتبوو، حەتا بیستوومە جارێ عەرزیان کردووە بیخاتە سەر ناو خانەقا بۆ ئەوە خانەقا گەورە ببێ فەرموویەتی لەم حوجرەدا گەلێ جار بە حوزووری ڕۆحانیەتی حەزرەت ﷺ موشەڕەف بووم لەبەر ئەوە نامەوێ ئەم شێوە بگۆڕم.

سێهەم، دوکان و بازاڕ و قاوەخانە غالبەن شوێنی نیزاع و جیدال و شتی لەهو و لەعب و قوماڕە و ئەم نەوعە کردەوە موناسبی پاڵی ماڵی خانەقا و عیبادەتخانە نییە. فیعلەن هەرچەند حەولمان دا نەیان بیست ئەو حوجرەیانە ڕووخاند و تەختەبەندی بەردەمی حوجرەکەیان هەڵگرت و حەوشی خانەقا وەکوو کەوای چاك بڕاوی لێهات و ئەو چنارانە لە باغچەی پاڵی خانەقادا بوون هەموویان بڕی و ئەو دیمەنە جوانە و ئەو سەفایانە نەهێشت و فیعلەن پاش ئەوە کە کردیانەوە بە بازاڕ و دوکان چەن حوادیسی تیا پەیدا بوو کە ئێستە قابیلی بەیان نییە.

من و مامۆستا مەلا بەهاء پاش ئەوە کە نائومێد بووین لە وەرگرتنی قسەکەمان قەرارمان دا ئەو چنارانە بڕیویانە نەفرۆشرێن و بیانکەین بە تیرەك و ڕایەڵ و لەسەربانی خانەقا بۆ

موسیمی هاوین خانەقایێ بکرێتەوە، لە لایەکەوە بۆ نوێژی جومعە و جەماعەتی هاوین بەسوود ئەبێ و لە لایەکەوە بۆ تەلەبەکان قازانجی زۆر ئەبێ کە لە هاوینانا تیایا ڕابوێرن و بنوون و بە زستانیشا بۆ دەور تیاکردنەوە بە کارە.

بۆ ئەم مەقسەدە بە یەکەوە لەگەڵ شێخدا قسەمان کرد و شێخ قەناعەتی کرد و ئەمری فەرموو بەردیان هەڵکەند و لەسەربانی خانەقاوە بەو چنارانە خانەقاییکی فەوقانی کرایەوە و ئێستەیش بەردەوامە و زۆر بۆ ئەهلی ئەو شوێنە بە تایبەتی لە بۆ تەلەبە بەسوودە و لە کاتی دروستکردنی ئەو خانەقا سەرووەدا مەلا موحەممەدی قزڵجی لە بیارەدا بوو و لە تاریخی بینایا نووسیم:

مِصْـرٌ لِلـوَری بِـلا دَعـوی　　بُقَـعٌ أُسِّسَـت عَلَـی التَّقوی[1]

حرف شطر أخیر مقصد ما است　　بـه حسـاب جمل بـده فتوی

◈◈◈

باسی خانەقای بیارە

خانەقای بیارە کەوتووەتە لاخواروی دێی بیارەوە لە قەراخی چەمی بیارەدا، ڕووی کردووەتە قیبلە، شوێنی خانەقا وەختی خۆی باغی مالّی شێخ ڕەشیدی خەلیفەی [شێخ] سیراجەددین بووە، کاتێ کە شێخی زیائەددین لە بیارەدا دامەزراوە، ئەو خانووە کە مولّکی شێخی سیراجەددین بووە داویە بە نەتەوەی شێخ ڕەشید و ئەو باغچەیە لێوەرگرتوون و خانەقای تیا دورست کردووە.

ئەسڵی ئەو باغچە، کانی بەرد بووە هەر لەو شوێنا بەردیان هەڵکەندووە و ئەو بینایانە لەویا دروست کردووە، مالّی خانەقا مالّێکی چوارگۆشەیە تەقریبەن دوو سەد مەتر مورەببەع ئەبێ و چوار دیوارەکەی تەقریبەن چوار مەتر بەرزە ، چوارکۆڵەکەی دارگوێزی چوارپاڵوو وا لە ناویا و بە داری گوێز و تەختەی گوێز سەقفەکەی گیراوە، لە لای پشتەوە دیوارێکی بێ پەنجەرەیە و لە لای غەربەوە لە ناوەڕاستی دیوارەکەیا دەرگاکەی دامەزراوە و لە ڕووی قیبلە دوو پەنجەرەی گەورەی بەرزی لەملا و لای میحرابەکەیەوە هەیە.

[١. بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە] ١٣٥٠.

لە غەربی خانەقاوە ڕێڕەوێکی چوارگەزی پان هەیە بەویا سەرئەکەون بۆ سەربان و لە تەنیشتی غەربی ئەو ڕێڕەوا دوو حوجرە هەیە، حوجرەیەکی گەورە و درێژ بە حوجرەی بەرابەری خانەقا مەشهوورە و وەختی خۆی ماوەیێ شێخی زیائەددین تیایا دانیشتووە لە پاشان بووە بە شوێنی تەلەبە و حوجرەیەکی بچووکیش بەو حوجرەوە لکاوە شوێنی مامۆستا شێخ حەیدەر بوو. لەسەرەوە لە سەر ئەو ڕێڕەو و ئەو دوو حوجرەی خوارەوە سێ حوجرە و مەجازی هەیە: یەکەم حوجرەی مودەڕڕیسە و ئەو دوو حوجرەکە شوێنی تەلەبەن، حوجرەی مودەڕڕیس کەوتووەتە لای خۆرهەڵاتەوە و حوجرەی لاشانی ئەو بە حوجرەی تاڵیشییان مەشهوورە و لە ڕیزی ئەو حوجرەدا لە شیمالەوە حوجرەیێکی‌تر هەیە ئەویش فەقێی تیایا دانیشتوون، بەڵام لەبەر ئەوە کە لە سەر حوجرەی مامۆستا شێخ حەیدەرەوە بووە غاڵبەن چۆڵ بووە، مەگەر لەبەر ناچاری تەلەبەی تیا دانیشتبێ.

لە بەردەمی ماڵی خانەقادا بەردەنوێژ بووە بەقەی درێژی خانەقا و لە شانی خۆرهەڵاتی خانەقاوە حوجرەیێکی درێژ بووە کرابوو بە دوو حوجرە لە هاوینا شێخی زیائەددین لە حوجرەی پێشوویانا دانیشتووە، ئەم حوجرە عوروسی بوو و بەردەمەکەی هەتا نیهایەتی ڕیزی حەوزەکە تەختەبەندی جوان بوو و لەبەر بەردەنوێژەکانا حەوزێکی شەش گەز درێژ و چوارگەز پان و سێ گەز قوواڵ بووە، لەم ئاخرەدا پڕکرایەوە ئەوەندە کە گەز و چارەکێ قووڵی ما.

لەوبەری حەوزەکەوە حەوشێکی ساف و پان بە قەی درێژی خانەقا و حوجرەی لای خانەقا ماوەی دە گەز پانە لە ناوەڕاستی ئەم حەوشەوە ڕێگەی هاتوچۆ بۆ خانەقا هەیە و لە شانی غەربی ئەم ڕێگەوە سەکۆیێ هەیە جێگەی نوێژی هاوینانە و لە غەربی ئەم سەکۆوە حوجرە و بەرهەیوانێ هەیە ئێستە حوجرەکە مەرقەیی زیائەددین و نەجمەددین و عەلائەددین و بەعزێ لە ئەولادەکانی شێخ نەجمەددینە لە ڕاسەری قەبری مەرحووم شێخ عەلائەددینەوە تاقێ هەیە مەحاسینی شەریفەی تیایە و لە شیمالی ئەم حوجرەوە حوجرەیێ بچووك هەیە، قەبری مەجید بەگی عوسمان پاشای تیایە و لەبەرهەیوانی ئەم حوجرەدا قەبری مەرحووم مەلا عەبدولقادری بیارە و بەعزێ لە ئەهلی حەزرەتی زیائەددینی تیایە و لە نزیکی دەرگای حوجرەی مەرقەدا قەبری عەلی بەگی مەحموود پاشایە.

لە خواری ئەم حەوشی بەردەمی خانەقایە حەوشێکی‌تر هەیە لە خۆرهەڵاتی ئەم حەوشەدا قەسرێ هەیە حەوزێکی تیایە بۆ زستان دەسنوێژی لێ‌ئەگرن و مەربووتە بەم قەسرەوە تا نیهایەتی حەوشی خواروو هەشت ئەدەبخانە هەیە و بەرهەیوانێ لەبەردەمیان هەیە.

وە لەم حەوشە خواروو لای غەربییەوە دیواری خانووی شێخی زیائەددینە و لە نیهایەتی ئەم حەوشا لە شیمالەوە ڕێگوزەری ناو دێی بیارە هەیە بە سەر ئەم ڕێگوزەرا حوجرەیێکی درێژ هەیە، ئەم حوجرە جێگەی زستانەی شێخی زیائەددین و جێگەداڕەکانی بووە.

وەختی خۆی ئاوی حەوزی حەوشی خانەقا لەوبەری چەمەوە لە جۆگەی پشت ئاشە بەرزەوە ئەهاتە خوارەوە تا ڕێکی حەوشی خانەقا و لەوبەرەوە تا حەوشی خانەقا پولووسکی دارچنار لەسەر کۆڵەکە دامەزرابوو تا ئەگەیشتە ئەمبەرەوە و ئەڕژایە حەوزەکەوە، ئینسان کە لەسەر تەختەبەندەکانی بەردەمی حوجرە درێژەی خۆرهەڵاتی خانەقادا دائەنیشت و ئەو چنارسانە بە هۆی بای شەماڵەوە ئەشنا و ئەو ئاوە ئەڕژایە ناو حەوزەکەوە ئەوەند سەفای ئەدا بە دڵی ئینسان حسێبی ناکرێ.

بەڵام پاش ئەوە کە ئەو حوجرە نەما و چنارەکان بڕان ئەم جار وەزعی ئاوی پلووسکەکەی ئەوبەریش تێکچوو، ناچار بە کۆڵەکە و لوولەی ئاسن لە ژووری حەوزی ناو دێی بیارەوە ئاوی جۆگەی ئاشی هەیدەر ئاغامان هێنا بۆ خانەقا و ئێستە ئەو ئاوە دەوام ئەکا و عەلاوەی ئەمەیش ئاوی مەشرووعی بەلەدییەیشی بۆ زیاد بووە. لە ژوور و خواری خانەقای بیارەوە دارگوێزی گەورەی زۆر هەیە ئەغڵەب لەوانە عایدی خانەقای بیارە بوون.

وە لەسەر حوجرەی مەرقەد و حوجرەی جونووبیوە ڕیزە حوجرەیێك هەیە ئەوەیان کە لەسەر حوجرەی سەر ڕێرەوەکەیە شێخی زیائەددین دروستی کردووە و ئەوانەی کە لەسەر نەفسی حوجرەی مەرقەد و حوجرەی مەجید بەگن هەموو مەرحوم شێخ نەجمەددین دروستی کردوون، ئەو حوجرەیانە کە بەسەر نەفسی مەرقەدەوەن کراون بە شوێنی کتێبخانە بۆ ئەوە خەڵك بەسەریانا هاتوچۆ نەکا و نەنوێت.

وە لەو دیوی حوجرەی مەرقەدەوە بە ڕووی ناو دێدا حەوشە بچکۆلەیێ هەیە گەلێ لە مەنسووبانی شێخی زیائەددین دەفن کراون تیایا، وەکوو موحەممەد سالح بەگی عەزیز

بەگی بارام بەگی و شێخ عەبدولقادری کوڕی باباشێخی سیری کە زاوای مەرحووم شێخ عەلائەددین بوو و لە بیارەدا وەفاتی کرد و قەبری مامۆستا مەلا بەهائەددین کە بە زیندوێتی خۆی هەڵیکەند بۆ خۆی تا پاش مردن تیایا دەفن کراوە [!].

بەڕاستی شێوەی زنجیرە کێوی هەورامان و ئەو بەندەنە ئاوداڕە و پڕ لە باغ و گوڵزارە بە تایبەتی سەفحەی ڕووی بیارە شێوەیەکی ئەوەندە جوان نیشان ئەدا دڵی ئینسان لە زەوقا مەست ئەکا. بۆیێ لە هۆی ئەم مەنتیقەدا و لەگەڵ یادی ئەو وەزعە جوانە و ئەو گوڵە ڕەنگامانە و ئەو ئاو و سەرچاوە و چەمەنانە و ئەو دەشت و سارا و چیمەنانە و بیرکردنەوە [لە] ئەو باغ و باغاتە و ئەو میوەجاتە و ڕابواردنی تەلەبە و باقی ڕەفیقان لەو شوێنا، ئەم چەن شیعرانەم لێرا نووسی:

ئازاد کەمەری کێوی هەورامان — شەڕە قۆچ ئەکا لەگەڵ ئاسمان
جێگەی پەنایە بۆ ڕۆژی دامان — ماوای هانایە لە بۆ داماوان

قەدر و حورمەتی فەرزە لەسەرمان

ئەڕوانێ بەسەر خاکی بابانا — نازیرە بەسەر گشت ئاردەڵانا
وێنەی پاڵەوان لەسەر مەیدانا — خۆی نیشان ئەدا لە ڕووی جیهانا

پێی لەسەر عەرزە و سەری لە کەیوان

وا ماوەتەوە بە تووڵی زەمان — ڕاگیری شێوەی وتار و زمان
مەڵبەندی ئەمن و ئاسایش بۆمان — ڕاگری وەفا و ئیمان و پەیمان

ڕاگری سنوور ساگری سامان

پشتێنی پشتی کووڕەی کوردستان — نەختینەی مشتی گرۆی سەربەستان
بێشکەی پێگەیین لە بۆ بێدەستان — پشتە شکێنی ستەم پەرستان

بە گوێرەی مێژوو باسی داستان

تایبەتی تەختەی سەفحەی بیارە — سەرچاوە چەمەن چەمە و جۆبارە
جێی باڵا باڵای پۆڵی نازارە — ڕێگەی ڕێڕەوی بە دڵ هۆشیارە

جێگە شعوورە جێی عەقڵ و عیرفان

شنۆی نەسیمی بەندەنی "هەیات" کە ئەشنێ و ئەدا لە ڕووی سەربەسات
دنیا ئەکاتە خانەی خەرابات دڵ ئێتە سەما بە نەشەی سەد قات

لا ئەبا تۆزی جەفا لە دڵان

چەمەی "کەیمنە"ی کەیان مەنزڵگا کاتێ ئەخرۆشێ بە دۆڵ و دەردا
وێنەی دێوانەی شێواوی شەیدا ەری خۆی ئەدا بە دار و بەردا

سلە بۆ پابۆسی مەنزڵگای یاران

قەڵاتەی ئاشوور قەدیمی ئاسار قەڵای عوسمانی "ملەگای چنار"
"کەمەر سەلارا" نشینگەی سالار تەپی "تەپەقوت" مەنزڵگای دڵدار

نموونەی سەفای سەفحەی هەورامان

ساتێ بڕوانە موسیمی بەهار سەر تا پا ڕەنگە داوێنەی کۆسار
نەخشی خودایە ڕەنگامەی نازار لالەی پەرداخە و گوڵباخە و گوڵزار

وەنەوشە ملکەچ چون شەرمەساران

ئەگەر قەتارەی چنار ببینن عەرعەر و چنار خۆیان ئەنوێنن
بە شنۆی شەماڵ سەرئەنەوێنن قەدری سەرۆکی خۆ بەجێ ئێنن

کورنووشی حورمەت ئەبەن بۆ یاران

کە دێن بە یەکا بە هەوای شەماڵ گەڵیان ئەبێ بە لفکەی دەسماڵ
ئەڵێی چەن دۆسن مشتاق و خوشحاڵ هاتوون بۆ دیدەن بە عەزمی ویسڵ

ئارەزوو ئەکەن بۆ دەستە ملان

تایبەتی لەسەر سەبزەی دیاران کە کۆ ئەبنەوە بە لەنجە یاران
تاق تاق و پۆل پۆل لەسەر جۆباران وەکوو گەلاوێژ یا کۆی بەربەیان

سارات لێ ئەبێ بە ڕووی ئاسمان

نشینگەی چیمەن چەمەن و سەوزی زانا بڕوانێ بەو شێوە و تەرزی
بەرەو ڕووی تافان ئەڕژێ لە بەرزی «لا حول و لا» ئەکا بە دەرزی

وا سەرسام ئەبێ لە کاری یەزدان

پۆل پـــۆل گوڵـــەکان تۆقەیان داوە　　زەرد و سوور ســـەوز ماوی بەلاوە
«ســـندس خضـــر اســـتبرق» ناوە　　بە ئەمـــری خـــودا هاتـــە دنیاوە

نموونەی بەهەشـــت دەرئەخا بۆمان

بێ بۆ ســـەیر باغ لە بەر عەمارەت　　قەسری مووسا بەگ پڕ لە بەشارەت
دێوانەت ئەکەن بە دوو ئیشـــارەت　　نامێنێ لـــە لات هێـــزی عیبارەت

مەگەر بە ســـەفای دوعای شـــێخەکان

باغی "هەبەشیا" تا کۆگای مزگەوت　　یا "باغە قوولّە" بێی بە وردە ڕەوت
ببینە داری ســـەربەرزی هەڵکەوت　　دڵ ڕزگار ئەبـــێ لە بێـــزاری مەوت

ئـــاوی حەیاتـــە وا لەبەر دەســـمان

باغـــی هەناران خاســـســـەی مەولانا　　«جنة العـــدن»ە لـــە ڕووی جیهانا
نموونـــەی نییـــە لە دێ و شـــارانا　　بێنـــازە ئەنـــا لا پیـــاوی زانـــا

گەلـــێ خۆشـــترە لە باغـــی لوبنان

میوە توو و قەیسی هەڵووژەی ئاودار　　لە ســـێو و تریّ و هەنجیر و هەنار
ناسکەو سێف هەرمێ لاسووڕەی نازار　　گوێز و بادامی پەروەردەی کۆســـار

میـــوەی بەهەشـــتن کەوتوونە لامان

ســـەیرانگای فەقێی دڵ پڕ لە ئاوات　　سەرمەڕی مەمەند سەرتەپەی کاوات
تەپەی "هارگلان" سەربەرزی وڵات　　تەختەی تەپەقوت نەختی ڕووی بیسات

یا باخی ســـان و تەختەی بـــەر تافان

کاتی هەڵپەڕێ بۆ ســـەیر و ســـەفا　　لای کەس نەدەمـــا نموونەی جەفا
هەموو شان بە شان بە شێوەی وەفا　　لەســـەر ئەبـــاری «و اللّـــە عفـــا»

سەرگەورە و بچووک، سەر پیر و جوان

میرزا عەبدوڵڵا خاوەن زەوق و حاڵ　　کـــە دەمی ئەبرد بۆ لێوی شمشـــاڵ
شێخی شێتئەکرد بەجەزبەو ئەحواڵ　　مەلای پەرت ئەکرد لە عیلم و کەماڵ

ئەتوت شـــێت بووە لە دەستی دێوان

تو خوا میرزا گیان دەس بەرە بۆ نەی　　خۆ مـــن وا ئەمرم ئیتر تۆم بۆ کەی؟
بە نـــەی بە نەدای «یا اللّه و یا حیّ»　　سەرمەســـتم بکە بە بێ زەوقی مەی

تـــا ســـەرفەراز بم لە جەفـــای جیهان

کاتـــی گۆرانـــی تەلەبـــەی دڵتەڕ　　لەگەڵ وردە ڕەوت لەمپەڕ تا ئەوپەڕ
دڵـــی ئەماڵـــی بـــە پیـــرۆزی فەڕ　　لە خەم لە خەیاڵ لە ئاشووب و گەڕ

وێنەی فریشـــتەی چەرخی ئاســـمان

واتەم حەقیقەت نـــەک بە مەجازە　　کاتـــی هەڵپەڕکێ لەســـەر ئیجازە
عالەم ئەکەوتە جیلـــوە و جام بازە　　هەرکەس نەیدی بێ ئەم نەوعە ڕازە

خۆشـــی نەدیـــوە لـــە مـــاوەی ژیان

بیـــرەوە بۆ ســـەر ســـەیری خانەقا　　بەزمـــگای ڕیـــزی ئەســـراری لەقا
زاهیـــر و باتیـــن بـــە وەرع و توقا　　«مجمـــع البحریـــن عنـــد الملتقا»

جێی مووسا و خدری مەلا و شێخەکان

نەشـــەی مەحاســـین ئەشـــنایەوە　　دڵـــی دڵـــداران ئەکرایـــەوە
کـــە پـــەردەی زیـــا لا ئەدرایەوە　　پـــەردەی خەیـــاڵات دائەدرایەوە

دڵت پڕ ئەبـــوو لە فەیـــزی ڕەحمان

مەدرەســـەی بەرزی مینا پەنجەرە　　دیمـــەن بێوێنەی عالـــی مەنزەرە
بەرچاو پڕ لـــە باغ تا بـــاوان دەرە　　پیـــرۆزی دەرزی بـــە بێخەتـــەرە

فەقێـــی ئەکـــردە عەلامـــەی زەمان

کە دائەنیشـــتن بە وێنـــەی نەدیم　　بابەڕەسووڵ و شـــێخ عەبدولکەریم
مـــەلا عەزیـــزی دڵپاکی ســـەلیم　　مـــەلا عابیـــدی دڵ پڕ لە تەســـلیم

مەدرەســـە ئەبووە فیردەوسی جینان

یـــادی یارانـــی ئـــەم بارەگایـــە　　لـــە دڵ دەرناچـــێ خـــودا ئاگایە
دڵ هەر دڵێکـــە بۆیان شـــەیدایە　　بـــە یادتانـــەوە لـــەم ڕووی دنیایە

ئەمرێ و ڕووئـــەکا «نامی» لە دیوان

[سەفەرێکی مامۆستا بۆ بەغدا لەگەڵ شێخ عەلائەددیندا]

لە مانگی شەعبانی هەزار و سێسەد و پەنجادا موسادیفی ئەووەڵی کانوونی سانی (۱۹۲۹) شێخی بیارە کەوتە ڕێگە بۆ شاری بەغدا و گەلێ لە مەنسووبین و شێخزادە و من و شێخ باباڕەسوولی عەبابەیلێ لە خزمەتیا کەوتینە ڕێ بۆ ئەم سەفەرە، شەو لە هەڵەبجەدا بووین لە ماڵی شێخ عومەرا، بۆ سبەینێ ڕۆیشتین بۆ شاری سلێمانی و لە خانەقای حەزرەتی مەولانا خالیدا دابەزین و لە حوجرەکەی مامۆستا شێخ عومەرا بووین بە میوان، بەڵام حاجی عەبدوڵڵای شاڵی و حاجی فەقێ موحەممەد نەیان‌هێشت کە مامۆستا شێخ عومەر میوانداری [بکات،] ئەوان خۆیان لەبەر ئەوە کە لە قەدیمەوە مەنسووبی بیارە بوون ئەوان میوانداریان کرد و مەسرەفی شێخ و واریدینیان بەجێ هێنا.

ئەم دوو زاتە کوڕی حاجی ملا سەعیدی شاڵین و لە مەنسووبینی زیائەددین و نەجمەددین بوون و مەنسووبی شێخی حازریش بوون و ئەغڵەب موورید و مەنسووبێ کە واریدی خانەقا ئەبوون ئەوان خزمەتیان ئەکرد و خزمەتی بیارەیان زۆر بوو و خزمەتی تەلەبەی عولوومی خانەقای مەولانایان زۆر ئەکرد و بە تایبەتی خزمەتی منیان زۆرکرد، خودا جەزایان بداتەوە لە دنیا و قیامەتا بە فەزلی خۆی.

ئێمە گەیشتینە خانەقای حەزرەتی مەولانا ئەوەندەی پێنەچوو مەلا موحەممەدی قزڵجیش لە دێی سەراوۆ گەیشتبووە سلێمانی و لە عەینی ڕۆژا هاتە خانەقا بە عەزمی ئەوە لەگەڵ شێخدا بێت بۆ بەغدا بەڵکوو دامەزرێ و شێخ زۆر بە هاتنەکەی مەسروور بوو و هەموو لایێ پێمان خۆش بوو و بە خۆشی گرد بووینەوە.

بۆ سبەینێ پاش هەتاوکەوتن موتەسەڕڕیفی سلێمانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ رَحِمَهُمَاللَّهُ هات بۆ خانەقا بۆ زیارەتی شێخ و قەدرێ لە خزمەتی شێخدا دانیشت، لەو ماوەدا فەرمووی بە مامۆستا شێخ عومەر: یا شێخ وەکوو ئەمری ڕەسمی پێتان ئەڵێم لەمەولا ئەم ڕیازییە کۆنە تەدریس مەکەن و لە سەر یاسای عیلمی تازە دەرسی ڕیازی بە فەقێ بڵێن، مامۆسا شێخ عومەر دەنگی نەکرد، تەبعەن پیاوێکی وەها گەورە لە مەجلیسێکی وادا پێویستە قسەکەی وەربگیرێت، بەڵام من ئەوەندە هاتمە جواب عەرزم کرد: ئەگەر ئەمرەکە سیرف

بە ئارەزوو بێ، ئێمە ناچارین ئیتاعە بکەین و ئەگەر لەسەر ئەو ئەساسە بێ کە ڕیازی کۆن هەڵەیە و ڕیازی ئێستە ڕاستە ئەمە موسەللەم نییە، دەمێ زەمانە لە عالەما عولەما لە باسی وەزعی عەرز و ئاسمان و ئەستێرە و عەرزەوە قسەئەکەن و گەلێ ئیکتیشافات کراوە و لەسەر ئەو ئیکتیشافاتە ڕۆیشتوون و لە پاش ماوەیێ دەرکەوتووە ئەو ئیکتیشافاتەیش تەواو نەبووە و بە نەوعێ تر گۆڕاوە، کەوابێ چاك وایە ئێمە بە تەواوی تەرکی ڕیازییە کۆنەکە نەکەین، بەڵکوو لەگەڵ تەدریسی ڕیازی کۆنا کەمێ تەوجیهی تەلەبە بکەین بۆ ئەم ئیکتیشافاتی تازەیەیش هەتا بەرچاویان ڕوون بێت و لە موستەقبەلا بتوانن لەسەر ڕووناکی عیلم بڕۆن بەڕێگەدا، وا دەرکەوت موتەسەڕڕیف قسەکەی منی بەلاوە باش بوو ئیتر موعارەزەی نەکردم.

هەرلە خانەقادا بووین کۆمەڵێ [لە] عولەماکان شێخ بابەعەلی و مەلا حوسەین و مەلا عەزیزی موفتی هاتن بۆ زیارەتی شێخ، لە مەجلیسا بابەعەلی فەرمووی یا شێخ بۆچی ئێمەیش لەگەڵ خۆتا نابەی بۆ بەغدا؟ شێخ لەبەر ئەوە لە قسە خۆشەکانی شێخ بابەعەلی شارەزا بوو بۆ سوحبەت فەرمووی: جا عەبیبی چییە، سەرو دوو سەد ڕوپییەیێ بۆ مەسرەف لەگەڵ خۆتانا بێنن و تەشریف بێنن ئێمەیش حەز ئەکەین و بە یەکەوە ڕائەبوێرین. بابا عەلی فەرمووی: بە خوا یا شێخ ئەمە بە ئێمە ناکرێت، بەس ئێمە «هوهو»مان لە دەست ئێت، یا شێخ ئەم «هوهو»ە مەبنیە لەسەر حیکایەت ئەو حیکایەتەش ئەمەیە:

وەختی خۆی شێخێ لە گەرمیانەوە هاتووە بۆ ئەم ژووڕە و گەلێ دەرۆێشی لەگەڵا بووە و بووە بە میوانی شێخێ لە ئەمسالی خۆی کە ئەویش خاوەن دەرۆێش بووە، شەوێ لە پاش نان خواردن دەرۆێشی شێخە میوانەکە حاڵیان لێ هاتووە ئاگریان خواردووە و ساجی گەرمی لێستووەتەوە و گەلێ شتی وایان کردووە.

شێخە خاوەن ماڵەکەیش ئەڵێ بە دەرۆێشەکانی خۆی، ئێوەش زیکر بکەن و شتێ لە خاریقە دەربخەن، خۆ ئێمە ئابڕوومان چوو! دەرویشی ئەم زاتە ئەڵێن چی بکەین؟! ئەڵێ ئاگر بخۆن، ئەڵێن ئەمەمان پێ ناکرێ، ئەڵێ تێغ لە خۆتان بدەن، ئەڵێن پێمان ناکرێ، ئەویش ئەڵێ ئەی چیتان پێ ئەکرێ؟ ئەڵێن ئەگەر ئەتەوێ «هوهو»مان پێ ئەکرێ ئەنا ئیتر هیچ، ئەویش ئەڵێ «هوهو»یش باشە «الحکم للە». ئەمما یا شێخ! مەلای فەقیر

غەیری «هوهو» بە خوا نە لیرەی هەیە و نە ڕوپیە و نە نەختی‌تر، ئەبێ هەر بە «هوهو» قەناعەت بکەی لێمان.

لە پاش دوو ڕۆژ لە سلێمانییەوە ڕێکەوتین بۆ کەرکووك و لە کەرکووك بووین بە میوانی خانقای سەیید ئەحمەدی خانەقا کە لە شێخانی سەرگەڵوو و لە نەتەوەی شێخ ئەحمەدی سەرداری خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالیدە.

ئەم سەیید ئەحمەدە زۆر پیاوێکی موحتەرەم و خانەدان و خاوەن هیممەت و خاوەن نوفووز و خاوەن نان و ئاو بوو، گەلێ کەس لە پەنای هیممەتیا ژیاوە و گەلێ کەسی لە مەینەت ڕزگار کردووە، بیستوومە جارێ بووە بە کەفیلی شەخسێ لە موقابیلی هەژدە هەزار ڕوپییەوە و لە ئەنجامی ئەما ئەو مەبلەغە پارەیە تەسلیم کردووە.

ئەم زاتە گەلێ نوکتە و قسەی خۆشی لێ‌ئەگیڕنەوە، لەگەڵ دۆستانا و لەگەڵ شێخ باباعەلی سلێمانیدا زۆر قسەی خۆش ڕابوردووە لە ناویانا، جارێ مەلاکانی سلێمانی بابەعەلی و ڕەفیقەکانی بە هۆی ئیشێکەوە دەوری بیست ڕۆژ لە خانەقای سەیید ئەحمەد ئەبن لەو ماوەدا گەلێ خزمەتیان ئەکا، کاتێ ئەیانەوێ سبەینێ بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی سەیید ئەحمەد ئەمر ئەکا لە مالّەوە چێشتی کوولەکە دروست بکەن بۆ مەلاکان بۆ قاوەڵتی، ئەوانیش قاوەڵتی ئەکەن و خواحافیزی ئەکەن لە سەیید ئەحمەد، لەویا سەیید ئەحمەد ئەڵێ: بابەعەلی نازانم لەم ماوەدا عاجز نەبوویی لێمان و خزمەتتان باش کراوە یا نە؟ ئەویش ئەڵێ: "بە خوا یا شێخ حزمەتی چاکمان کرا بەڵام هەرچی خزمەتمان کرابوو بە هۆی کوولەکەی ئیمڕۆوە گووت کردە هەمووی".

سەیید زۆر پێئەکەنێ ئەڵێ: بە خوا ئەم قسە خۆشەی تۆ لەلای من هەموو دنیا ئێنێ.

ماوەی شەو و ڕۆژێ تەقریبەن لە خانەقا ماینەوە لەو ماوە کەما گەلێ شەهامەت و کەرامەتی سەیید ئەحمەد[م] بۆ دەرکەوت، لەو ڕۆژا کە ڕێکەوتین بۆ بەغدا چوار پێنج شیعرم نووسی لە سوپاسی وەزعی سەیید ئەحمەدا و تەقدیمم کرد، ئاخری شیعرەکان لەسەر قافیەی خانەقا بوو، شیعری ئاخریان ئەمە بوو:

یارەببی پایەداری بکەی بە مایەی مەقامی عیز

«مـــادام ذو اللســـان بالإحســـان ناطقـــاً»

فەرمووی بە خوا فلانی شیعرەکان جوانن بەڵام ماوەی دوعایەکەت کورتە، لەبەر ئەوە لەم زەمانا ئەوانەی کە زمانیان بە چاکە بگەڕێ زۆر کەمن.

گەیشتینە بەغدا و لە تەکیەی «خالدیە» لە مەحەللەی «رأس القریە» لە قەراخی دەجلەدا دابەزین، لەبەر ئەوە ئەم تەکیە بە تەکیەی حەزرەتی مەلانا ناوی دەرکردبوو و مورید و مەنسووبی بیارەیش هەموو خالیدی مەشرەبن و بە تایبەتی شێخ عەبدولحەق حامیدی نەقشبەندی کە خەلیفەی شێخی بیارە بوو لەو تەکیەدا دائەنیشت و تەکیەکە لەوکاتا بە دەوام خەتم و تەهلیلەی تیا ئەکرا.

لەوکاتا حاجی ڕەشید مودەڕڕیسی تەکیە بوو ئەویش ئینسانێکی عالم و سالم و عاقڵ و خۆش خوڵك و ڕەفتار بوو، پاش وارید بوونی شێخ و زانینی خەڵك بە هاتنی شێخ بۆ بەغدا، لە هەر سنفێ وزەرا و ئومەرا و عولەما و موریدین و پیاوی موناسیب ئەهاتن بۆ زیارەتی شێخ و بە هۆی ئەم زیاراتەوە لەگەڵ گەلێ پیاوی گەورەدا وەکوو حاجی نوعمان ئەعزەمی و شێخ ئیبراهیم ڕاوی و شێخ «محسن الطائی» و حاجی خەلیل و شێخ «قاسم القیسی» و «الشیخ عبدالملك» و شێخ عەبدولقادر «الخطیب بإمام الأعظم» و «الشیخ فؤاد الآلوسی» و «الشیخ عبدالله الشنمیلی».

شێخ قاسم وەختی خۆی لە زەمانی حەزرەتی زیائەددینا لە بیارەدا لە مادەی شەرح شەمسیدا لە خزمەتی مەلای گەورەدا خوێندبووی و زۆر ئینسانێکی موکەڕڕەم و موتەوازیع و ئەخلاق بەرز بوو و باقی جەماعەتەکەیش هەموو هەڵکەوتوو و پیاوی بەرزی بەڕێزی ڕۆژ بوون، شێخ عەبدولقادر و شێخ عەبدوڵڵا «الشنمیلی» لەو کاتا منازل بوون و تازە پێ گەیشتبوون، لە مەجلیسی ئەم زاتانا لە خزمەتی شێخ باباڕەسوول و مەلا موحەممەدی قزڵجیدا زۆر خۆش ڕامان ئەبوارد.

لەو ماوەدا لە بەغدا بووین ڕۆژێ لەگەڵ مەلا موحەممەدی قزڵجیدا ڕۆیشتین بۆ دائیرەی ئەوقافی عامە، لەو ڕۆژا «نوري القاضي» مودیری ئەوقافی عام و «منیر القاضي» مودیری ئیدارەی ئەوقافی عام بوو، زیارەتی مونیر ئەلقازیمان کرد و لەو دەما حاجی «نجم‌الدین الواعظ» حازر بوو، لە پاش تەرحیب و بەخێرهاتن، مونیر ئەلقازی کە ئینسانێکی

عالم بوو ڕووی کردە مەلا موحەممەدی قزڵجی و وتی: «يا شيخ ما ثمرة الخلاف في مجعولة الماهية؟» مەلا موحەممەد جوابی داوە فەرمووی:

«إنه يرجع إلي زيادة الوجود على الماهية أو عينية لها كما حققه الجلال في حاشيته على شرح التجريد، أي إن كان الوجود عين الماهية كما عليه الإشراقيون فالماهية ليست مجعولة إذ لا وجه للجعل بين الشيء و نفسه و إن كان زائداً عليها كما عليه المشائيون فهي مجعولة..

فأعجب بجوابه و حسّنه.

قلت: و هذا مبني على أن المراد بالجعل التصيير أي تصيير الماهية موجودة و أما إذا بنينا الكلام على أن الجعل بمعنى الإيجاد و الإبداع و الإخراج عن الليسية المطلقة إلى الأيسية و الوجود فالماهيات كلها مجعولة خارجاً بمعنى الأفراد و ذهناً بمعنى الصورة الذهنية ضرورة احتياجها فيهما إلى موجدٍ و هذا هو الحق».

ڕۆژێ لە پێش مانگی ڕەمەزانا مەرحووم مەلیك فەیسەڵ شێخی دەعوەت کرد، کاتێ شێخ تەشریفی برد من و شێخ بابا ڕەسووڵ و مەلا موحەممەدی قزڵجی و بەعزێ لە مەنسووبینی لە خزمەتا ڕۆیشتین لە کاتی زیارەتا شێخ موعەڕڕەفی مەلا موحەممەدی کرد و بەیانی ئەوەی کرد ئەم زاتە لە «بيت العلم»ە و سااڵێ لە میسرا ڕای‌بواردووە بۆ زیادە مەعلووماتی، لەویا مەلیك فەیسەڵ پرسیاری کرد لە مەلا موحەممەد: «يا شيخ كيف وجدت مصر؟» عەرزی کرد:

«وجدتها مملكة راقية بالعلم و مزدهرة بالثقافة و أسئل الله أن يجعل العراق بحيث تحذو حذوها»، فقال الملك: «إن مصر بالنسبة إلى العراق عريقة بالمدنية و العراق طفلة»، فقال القزلجي: «و لذلك أرجو رقاها فإن الطفلة إذا وقعت تحت تربية مربّ محنك يسرع رقاها»، فأعجب الملك بجوابه و رحب به كثيراً.

وه پاش ئه‌و مولاقاته ئیعازی کرد بۆ مودیری ئه‌وقافی عام له ئه‌قره‌ب وه‌ختا ته‌عیینی بکا، واقیعه‌ن زۆری پێ‌نه‌چووکه جه‌نابی مه‌لا موحه‌ممه‌د دامه‌زرا و هه‌رچه‌ن له ئه‌ووه‌ڵه‌وه وه‌زعی باش نه‌بوو، به‌ڵام پاش ماوه‌یێ خۆی گرت و وه‌زعی باش بوو و بوو به خاوه‌ن وه‌زائیف ته‌دریس و ئیمامه‌ت و موحازه‌ره له کولیه‌ی شه‌ریعه‌دا و ئیلقای نه‌سایح به کوردی له «دار الإذاعه»دا و هه‌روا به حورمه‌ت ده‌وامی کرد تا ساڵی هه‌زار و نۆسه‌د و په‌نجا و نۆی میلادی که وه‌فاتی کرد ـ رحمه الله و طاب ثراه ـ .

ڕۆژێ له مانگی ڕه‌مه‌زانا له‌گه‌ڵ سه‌ید مه‌زهه‌ر و حاجی شێخ حامید و میرزا ئه‌حمه‌دا ڕۆیشتین بۆ زیاره‌تی حه‌زره‌تی غه‌وس ـ قدس سره ـ له‌وسه‌ره‌وه هاتینه‌وه له کۆڵانی نزیکی ته‌کیه‌ی خالیدیه‌دا یه‌کێ هات به پیرمانه‌وه و ده‌عوه‌تی کردین بۆ ڵای خۆی، تمه‌ز موبه‌ششیرێکی نه‌سرانی بوو، شێخ حامید وتی من نایێم و به‌ڵامه‌وه ڕۆیشتن بۆ ڵای عه‌یبه. من وتم وه‌ڵڵا من ئه‌ڕۆم و نه‌ڕۆیشتن له‌ڵام عه‌یبه، کاتێ دانیشتین و به خێراتنی کردین پرسیاری کرد خه‌ڵکی کوێی؟ وتم خه‌ڵکی سلێمانی، وتی: خوێندووتانه؟ وتم: به‌ڵێ. وتی: مه‌یل ئه‌که‌ن ئه‌م ریساله بخوێنینه‌وه بزانین له کتێبی «اظهار الحق» له ڕه‌ددی ئێمه‌دا چه‌ندی هه‌ڵه‌یه. منیش وتم: بده کتێبه‌که با تماشای بکه‌م، که تماشام کرد حاڵی بووم ئه‌و ئیعتیرازانه که له ته‌فسیری ئیمام فه‌خره‌دینی ڕازییا هه‌یه و جوابیان ئه‌داته‌وه له‌م کتێبا نووسراوه و کراوه به ئیشکال، له‌سه‌ر ئێمه به‌بێ ئه‌وه باسی جوابه‌کانی بکات.

منیش وتم: با جارێ له پێشا من بزانم جه‌نابت چیت جا ئه‌وسا قسه ئه‌که‌ین له موحته‌وای ئه‌م ڕیساله، وتی: من موبه‌ششیرم به دینی «مسیح عَلَيْهِ السَّلَامُ»، وتم: مه‌سیح کێیه؟ وتی: زۆر ته‌عه‌جوب ئه‌که‌م تۆ له پێشا وتت خوێندوومه ئێسته ئه‌پرسی مه‌سیح کێیه. وتم: به سیفه‌تی ئه‌وه که جه‌نابت موبه‌ششیری ئه‌بێ خۆت له هه‌موو ئیعتیباراتێکی من دوور بخه‌یته‌وه که‌ئه‌نه‌هو ئامۆژگاری ئینسانێکی عامی ئه‌که‌ی. وتی: مه‌سیح عَلَيْهِ السَّلَامُ پێغه‌مبه‌ری خودا بووه، وتم: پێغه‌مبه‌ر به کێ ئه‌ڵێن؟ وتی: پێغه‌مبه‌ر ئینسانێکه خودا به هۆی فریشته‌ی موقه‌ڕه‌بی باره‌گای خۆی که جوبره‌ئیله ئه‌حکامی بۆ ڕه‌وانه ئه‌کا بۆ ئه‌وه خۆی و هه‌رکه‌س تابیعی ئه‌بێ به‌و ئه‌حکامه ڕه‌فتار بکه‌ن. وتم: ئه‌و پێغه‌مبه‌ره ده‌لیلی چییه ئه‌و موبه‌للیغی وه‌حیه فریشته‌ی پاکه و جنۆکه‌یه‌کی ناپاك نییه؟ وتی: ته‌بعه‌ن به

هۆی وەرگرتنی ئەحکام لەو فریشتە، نوور و ڕووناکی داخڵی دڵی پێغەمبەرەکە ئەبێ و ویجدانەن تێئەگا ئەو زاتە موقەددەسە و مەعسوومە. وتم: باشە خۆی حاڵی بوو لە وەزعی ئەو فریشتە بەڵام کە ئەحکامەکانی گەیاند بە ئادەمیزاد بە چ دەلیلێ ئەوان باوەڕ ئەکەن ئەو زاتە پێغەمبەرە؟ وتی: هەنێ کەس بە فیترەتی پاکی خۆیان لە ڕاستی پێغەمبەرەکە ئەگەن و بەعزێ کەس داوای «خرق العادە» ئەکەن لەو پێغەمبەرە، ئەویش بۆیان ئیزهار ئەکا و بەعزێ کەسیش لەبەر عیناد تابعی نابێ، ئەمە وەزعی پێغەمبەران و ئادەمیزاد بووە لە زەمانی کۆنەوە.

وتم: ئەمانە هەموو ڕاستن بەڵام شتێکت عەرز بکەم؟ وتی: بڵێ. وتم: تەبعەن تۆ ئیعتیراف ئەکەی بەوە کە حەزرەتی عیسا لە پاش حەزرەتی موسا هاتووە و دینی موسای نەسخ کردووەتەوە؟ وتی: بەڵێ. وتم: بێگومان بە تاریخ و تەواتوری ئەخبار ئەیشزانی کە حەزرەتی موحەممەد دولموستەفا ﷺ لە پاش عیسا هاتووە و ئیددیعای ڕیسالەتی عامەی کردووە و گەلێ موعجیزەی دەربڕیوە بۆ ئادەمیزاد. وتی: بەڵێ. وتم: بۆچی تۆ قەناعەت ئەکەی بە ڕیسالەتی حەزرەتی عیسا و نەسخی دینی موسا بە تەواتور بۆچی قەناعەت ناکەی بە ڕیسالەتی حەزرەتی موحەممەد و نەسخی دینی عیسا؟ ئەگەر ئەڵێیت عیسا بەیانی خولوودی دینی کردووە بە گوێرەی ئەو کتێبە موقەددەسە لە لای ئێمەدا هەیە، ئەڵێم لەسەر دەعوای یەهوود موسایش ئیدیعای خولوودی دینی خۆی کردووە، بۆچی ئەبێ ئیدیعای خولوودی ئێوە بچێتە سەر و ئیدیعای خولوودی دینی موسا نەچێتە سەر؟ و بۆچی ئەبێ ئەو تەواتورە کە ئیسباتی ڕیسالەتی مەسیح ئەکا ببێ بە دەلیل بۆ ئێوە و ئەو تەواتورە کە ئیسباتی «محمد المصطفی» و نەسخی دینی عیسا ئەکا نەبی بە دەلیل [بۆ ئێمە؟].

زیاد لەمانە هەرچەن لە تەواتورا پاش عەدەدی تەواتور و عیلمی قەتعی کەم و زۆری موخبیرین موهیم نییە، بەڵام تۆ خۆت ئەزانی کە ئیتتیباعی حەزرەتی مەسیح چە لە زەمانی خۆیا و چە لە زەمانی پاش خۆی هەر بێدەست و بێهێز بوون و غاڵبەن ڕایان ئەکرد بە کەژ و کێوا لە ترسی یەهوودییەکان و ژمارەیان زیادی نەکرد لە سێسەد کەسێ، بەڵام پێغەمبەری ئێمە لە ماوەی ژیانی خۆیا تەقریبەن «جزیرة العرب»ی هەموو داگیر

کرد و ئیسلامی تیا نەشرکرد وکاتێ وەفاتی کرد ژمارەی ئەسحابی ئەو لە سەد هەزار زیاتر بوون و سەدها پیاوی وایان تیا بوو خاوەن سەقافەی دینی بوون و گەلێکیان قورئانیان لەبەر بوو و ئادابی دینەکەیان بە ناو عالەما بڵاوکردەوە.

عەلاوەی ئەمانە موعجیزەی حەزرەتی عیسا عَلَيْهِ السَّلَامُ هەر لە زەمانی خۆیا بوو و لە پاش خۆی ئاساری نەما، بەڵام یەکێ لە موعجیزەکانی پێغەمبەری ئێمە قورئانی موعجیزە کە بە فەساحەت و بەلاغەتەوە کە ئیعجازی فوسەحای عەرەبی کرد و بەو ئوسلووب و نەسەقەوە کە لە کەلامی بەشەر ناچێ و بەو ئەخبارە غەیبییانەوە کە لە باسی زەمانی ڕابوردوو و زەمانی موستەقبەل ئەدوێ و بەو تەئسیرە ڕۆحییەوە کە هەموو خاوەن ویجدانێ وەریئەگرێ هەرچۆن واریدبووە بەو نەوعە دەوامی کردووە و ئەمێنێتەوە، ئیتر پاش ئەم هەموو دەلیلە بەهێزانە کە ئیسباتی ڕیسالەتی حەزرەتی «محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ» ئەکا ئێمە کە کۆمەڵی پەیڕەوانی حەزرەتی موحەممەدین چۆن لە پەیڕەوی ئەو لائەدەین و تابیعی یەکێتر ئەبین، مەعەلعیلم ئێمە کە ئوممەتی حەزرەتی موحەممەدین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باوەڕمان هەیە بە هەموو پێغەمبەرەکان، بەڵام ئێوە باوەڕتان هەر بە پێغەمبەرەکەی خۆتان هەیە. کەوابێ ئێمە مەسئوولییەت ڕوومان تێناکا بەڵام ئێوە لە ئیمان نەهێنان بە پێغەمبەری ئێمە مەسئوولن. «بناء علیه» جەناب ئەگەر ئینسافت ببێ پێویستە هەر لە سەر ڕووناکی ئەو دەلیلانە کە ئیسباتی ڕیسالەتی حەزرەتی مەسیح ئەکا باوەڕ بە ڕیسالەتی حەزرەتی موحەممەدولموستەفا بکەی و لەم خەیاڵاتە لادەی و خۆت لە مەسئوولییەت ڕزگار بکەی. کابرا پاش ئەم سوئال و جوابە مات بوو ئەوندە هاتە جواب و وتی «مع الأسف» وەختکەمە ماوەی ئەوە نییە کە تووڵ بدەین بە قسەکردن، ئیتر ئێمەیش هەستاین هاتینەوە بۆ تەکیە.

لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزا مامۆستا شێخ عومەر ئەم نامەیە نووسی بۆ بەندە و بە موژدەی سیحەتی خۆی دڵشادی کردم[1]. لەم مانگا گەلێ جار لە خزمەتی شێخ باباڕەسوول و مەلا موحەممەدی قزڵجیدا ئەڕۆیشتینە دەرەوە بۆ ڕابواردن، زۆرتر مەلا موحەممەد مەجبووری ئەکردین کە سواری بەلەم ببین و بەناو دەجلەدا ڕابوێرین، بەڕاستی ئەم سەفەرە لە زۆر

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٤٣)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

ناحیەوە سەفا بەخش بوو و گەلێ شتی وا ئەهاتە پێشەوە کە هۆی خۆشی و پێکەنین بوو بۆ ئەوە ناشێن کە باسیان بکەم، «من جملە» ڕۆژێ لە سەر دوکانا دانیشتبووین بەعزێ لەوازمات بکڕین لەویا ئافرەتێ هات تەکی بە شێخ بابارەسوواڵ هەڵچنی، ئەویش بە کوردی وتی: خوشکم، کچم ئەوە هێشتا تۆزێ دووری لێم فەرموو بێرە سەر ڕانم دانیشە، ئافرەتەکە هەرچەن لە زمانەکەی حاڵی نەبوو بەڵام لە شێوەی قسەکەی تێگەیشت جا تۆزێ تەکی‌دا بەولاوە.

لە پاش جەژنی ڕەمەزان لەبەر ئەوە مەدرەسەکانمان ماتڵ بوون من و شێخ بابارەسوواڵ ئیجازەمان لە شێخ وەرگرت و گەڕاینەوە بۆ کوردستان، کاتی ئەم گەڕانەوەمانە هەژدەی شوبات بوو، کە گەیشتینەوە عەبابەیلێ و بیارە دنیا خۆش بووبوو و بێنی بەهار ئەهاتە دەماغی ئینسان و وەنەوشە لە چەمی بیارەدا زۆر بوو و ئاوی چەم زۆر بوو، بەڕاستی سەفای ئەو چەم و دۆڵە و خۆشی هەوای وڵاتی خۆمان زۆر بەخێراتنەوەی لێکردین.

بـــژی خاکی وا پـــاك و خۆش هەوا　　خەوشـــی تیا نییە مەگەر لە خەوا[1]

ئیتر چاومان بە دیداری یاران ڕووناك بووەوە «وللّه الحمد».

پاش ئەوە هاتمەوە هەرچەن تەلەبەکان لە سەفەرەکەی ئێمە دڵیان پەرێشان بوو بوو، بەڵام بە هۆی یارمەتی خودای تەعالاوە لەسەر تەدریس و خوێندن هەموو کەوتنەوە خۆشی و دڵشادی.

بە تایبەتی بەهاری بیارە هاتە پێشەوە و ئەو چەمی بیارە لەسەرەوە تا خوار بوو بە گوڵ و گوڵزار لە لایێکەوە ئاوی چەمەکە بە خوڕ و گوڕ لە سەرەوە ئەهات لە لایێکەوە تافی جۆگەکان لەسەر ئاشەبەرزەوە و لە لایێکەوە داری باخەکان بە ئاسمانەوە وەکوو بەیداخی ڕەنگامە بە شنەی بای شەماڵ و بە سۆزەی نەسیمی بەیانیان ئەهاتن بە یەکا ئینسان کە تماشای ئەو دیمەنە جوانە و ئەو کێوە بەرزانەی ئەکرد عالەمێکی تازەی لە سنعەتی خودا چاو پێ‌ئەکەوت و دڵی خاوەن دڵ بە سەفای ڕەحمەت ئەکرایەوە.

[١. نیوەی دووەمی ئەم بەیتە لە دەستنووسەکەدا بەو شێوەی کە لە سەرەوە هاتووە نووسراوە، بەڵام لە باری ماناوە ڕێکی نایەتەوە. ئەگەر بخوێنرێتەوە «خۆشی وا نییە مەگەر لە خەوا» ئەوا جوانتر و گونجاوترە.].

وه له ڕۆژانی سێشەممه و جومعەدا به یاسای خۆمان تەلەبەکان ئەچوونه دەرەوه بۆ سەیرانی ئەو باغاته له لایێکەوه حەیوانه سەربڕاوه، له لایێکەوه سەماوەر سازکراوه، له لایێکەوه فەقێ به ڕیز دەستیان گرتووه و میرزا عەبدوڵڵای نەیچی به سۆزی شمشاڵەکەی دڵی دڵمردوو زیندوو ئەکاتەوه، له لایێکە[وه] کۆمەڵێ فەقێ له کاتی ئیستراحەتا دەنگخۆشەکان دەستیان ئەکرد به گۆرانی وتن:

له سەوزه سەوزه، له خاڵۆی ڕێبوار — سیاچەمانه و دەرەیی و قەتار
لە وردە نەوای هۆی موکریانی — غەریب های غەریب، تۆی مەریوانی
بەم سۆز و سازه چەمی بیاره — ئەت[وت] بەهەشتی ڕووی ڕۆزگاره

بەم نەوعه به خۆشی ڕامانئەبوارد تا شێخ له نەیسانا هاتەوه و دووباره قەرەباڵغ له خانەقادا وەکوو جاران گردبوونەوه.

لەو سەردەما له ئەووەڵی زستانا که ئێمه سەفەری به غدامان کرد ئەوەندەی پێنەچوو هەمووی پیاوه گەورەکانی بانه و مەریوان و هەورامان و جوانڕۆ به دەستی سوپای پەهلەوییەوه به یاسای ڕەسمی به هێمنی دەعوەتیان کردن و له عەینی [کاتا] لێیان وەرگەڕان و گرتنیان، بەو زستانه به پیاده دانیانەبەر بۆ ئێران، له جومله‌ی گیراوانی جوانڕۆ مەرحوومی شێخ حەسەن کوڕی مەرحووم حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی سیراجەددین بەبێ سووچ پێوه بوو و گەلێ داماوی‌تر لەم کۆڕەدا پێوه بوون و بران به ئێرانا بڵاوکرانەوه: له تارانا له دامغانا و له خوراسانا و له شیرازا، شێخ حەسەن له خوراسانا وەفاتی کرد و له نزیکی قەبرستانی ئیمام عەلی ڕەزادا رضی الله عنه دەفن کرا ـ طاب ثراه ـ.

وه گەلێ له بەگزادەی مەریوان لەم ئەسارەتا وەفاتیان کرد، وەکوو فەرەج بەگ کوڕی عەلی خان و کەیخەسرەو بەگ کوڕی ئاغه برا بەگ و «ظهیر السلطنه»ی بالك و ئەحمەد بەگی برازای و موحەممەد ساڵح بەگی کوڕی فەتتاح بەگ خودا عەفوویان بکا و له پاش تاریخی هەزار و سێسەد و شەست و یەکی هیجریدا ئەوانه که مابوون هاتنەوه بۆ وڵاتی خۆیان، له پاش وەفاتی موحەممەد ساڵح بەگ شەوێ له خەوا وامزانی که شێخ مەحموودی حەفید لەگەڵ چل سوارا هاتن بۆ لامان و ئەم سوارانه ڕوخساریان زۆر جوان بوو، یەکێ لەوانه موحەممەد ساڵح بەگ بوو که موفرەت جوان و سیمای ڕووناك بوو، ئەم زاته زۆر

قایم نوێژ و ڕۆژوو و داوێن پاك و ڕەوشت چاك و خزمەتکاری تەلەبە و عولەمای دین بوو ـ رحمه الله تعالی ـ .

لە ئاخری بەهاری هەزار و سێسەد و پەنجا و یەکی هیجریدا مەلا موحەممەد زاهدی کوڕی حاجی مەلا سەلاحەددین پاوەیی کوڕەزای حاجی عیوەزی مەشهوور بە خەلیفەی سیراجەددین کە لە ئەساسەوە مەنسووبی بیارە بوون و زۆر لە پێش زەمانی مندا لە بیارە خوێندبووی و بۆ تەحسیلی عیلم ڕۆیشتبوو بۆ «گەڵاڵە» لە ناحیەی شینکایەتی لە خزمەتی جەنابی مەلا موحەممەدی ڕەئیسدا خوێندبووی، لە مادەی خوێندنی «تقریب المرام شرح تهذیب الکلام» هاتەوە بۆ بیارە و ماوەیێ لەلای من تەهزیبی خوێند و ئیجازەی وەرگرت و لەسەر موافقی ئەو خەوە لە کە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و حەوتا چاوی پێکەوتبوو و بە نامەیێ نووسیبووی بۆم وا پاڵمدا بە کۆڵەکەیێ لە کۆڵەکەی پێشووەکانی خانەقای فەوقانی بیارەوە و ئیجازەنامەکەم خوێندەوە و جبەی کرایە بەر و مێزەرەی لەسەر پێچرا و ڕۆیشتەوە بۆ قەسەبەی «پاوە» و بە ئیمامەت و تەدریس و خەتابەت لە مزگەوتی گەڕەکی سەردێ کە شوێنی قەدیمی خۆیان بوو دامەزرا، «و لله الحمد» موەففەق بوو بە تەدریس و نەشری دین و حەججی بەیتوڵڵای کرد و ئێستەیش لە شوێنی خۆیا بەردەوامە.[1]

هەروا مەلا ئەسەدوڵڵای تاڵیشی کە ئەویش ماوەی دوو ساڵێ لا من خوێندی لەگەڵ مەلا عارفی تاڵیشیدا و پاش ئەوە مەلا ئەسەدوڵڵا ڕۆیشت بەینێ لە خزمەتی مامۆستا مەلا قادری سۆفیدا خوێندی و لەوێوە ڕۆیشت بۆ شاری «موسڵ» کەسبی قەرائەت قورئانی پیرۆز و تەجویدی کردبوو گەڕایەوە بۆ لای خۆمان بۆ بیارە و لە عەینی تاریخی (۱۳۵۱) لە پاش مەلا موحەممەد زاهید ئیجازەی وەرگرت و لەگەڵ مەلا عارفدا ڕۆیشتنەوە بۆ تاڵیش، مەلا ئەسەدوڵڵا تا ئێستە بەردەوامە و خزمەتی عیلم و دین ئەکا[2]، بەڵام «مع الاسف» مەلا عارف پاش دوو سێ ساڵ لە تاڵیش وەفاتی کرد ـ رحمه الله تعالی و إیانا بمنّه ـ . لەم ساڵا ماڵمان گوێزایەوە بۆ ئەو خانوانەی کە شێخ لە پشتی ماڵی باغچەی خۆیەوە دروستی کردبوون

[۱. حاجی مامۆستا مەلا زاهیدی زیایی پاوەیی ساڵی ۱۳۷۳ کۆچی هەتاوی = ۱۹۹٤ زایینی، کۆچی دوایی کردووە و لە شاری پاوە نێژراوە.]

[۲. مامۆستا ئەسەدوڵڵا پاش تەمەنێکی پڕ خزمەت لە ساڵی ۱۳۷۱ کۆچی هەتاوی بەرابەر بە ساڵی ۱٤۱٤ کۆچی مانگی، لە شیمالی ئێران لە ناوچەی تەوالێش فەوتی کردووە و لە پیرهەرات بەخاك سپێردراوە.]

و له ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و دووی هیجریدا نوسخەی عەقیدەی هەورامیانەی مەرحوومی مەلا حامیدی کاتبی سیراجەددینم پێش چاو کەوت زۆر لەلام جوان [بوو]، منیش وەرمگێڕاوە بۆ زمانی کوردی [سۆرانی] و بە هۆنراوەیی وەکوو ئەسڵەکەی بە عینوانی «ئیمان و ئیسلام» تەواوم کرد، ئەم کتێبە «لله الحمد» چاپ کرا و گەلێ منالانی کوردزمان ئیستیفادەیان لێکرد.

لە مانگی ڕەمەزانی ئەم ساڵا لەسەر زەوقی خۆم کە مەیلم لەسەر ژنهێنان بوو، باسی ئامینە ناوێ کچی شێخ عەبدوڕەحمانی شەمێرانی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای مورادوەیس پوورزای مەولەوی و خەلیفەی سیراجەددینم بیست، هەر لە ڕەمەزانا لەگەڵ عوبەید کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای شەمێرانی کە هاتبوو بۆ بیارە بۆ زیارەت ڕۆیشتم بۆ شەمێران و داوای ئەم ژنەم کرد، ئیجابەیان کرد و هەر لەو سەفەرا بەبێ تەفرە مارەیان کرد بۆم.

کاتێ هاتمەوە بۆ بیارە و چەن ڕۆژێکی بەسەرا ڕابورد بیستم کە ناحەز کارێ وایان کردووە دڵی ژنەکەیان تێکداوە و نزیکە کە ئیشەکەی من تێك بدەن، منیش ڕۆیشتمەوە بۆ شەمێران و لە شەمێرانەوە ڕۆیشتم بۆ دیدەنی سەییدکاك ئەحمەد و سەیید مەحموودی تاوەگۆزی کە خزمی مالی شێخ عەبدوڕەحمان بوون و لە پاش دوو سێ ڕۆژ هاتمەوە بۆ شەمێران و ئیشەکە ئاسان بوو، هەر لەو شەمێرانەوە نووسیم بۆ بیارە تا مەلا سەعیدی مەریوانی، کە ئێستە مەلای «ساداوا»یە لە مەریوان و لەوکاتا لە بیارە «طالب العلم» بوو، ئەو زاتە ئەسبابی زەماوەندی لە بیارەوە هێنا بۆم بۆ شەمێران و هەر لە شەمێرانا ژنەکەم گوێزایەوە و لە پاش حەفتەیێ هاتمەوە بۆ بیارە. کە هاتمەوە لەم ماوەدا کە من لەم سەفەری شەمێرانا بووم، مامۆستا شێخ حەیدەر لە بیارەدا وەفاتی کردبوو - رحمه الله و طاب ثراه -.

لەو سەردەما کە من هاتوچۆی شەمێرانم ئەکرد، بۆ ئەم ئیشە سەییدمەزهەر کاتبی شێخ بە ئەمری شێخ ڕۆیشتبوو بۆ بەغدا، ئەویش تالبی ژنهێنان بوو، بەڵام دڵی دانەدەمزرا تا ژن بێنێ، لەم هۆیەوە شێخی بیارە نامەیەکی بۆ نووسی لە نامەکەدا باسی ئەوەی کردبوو کە مەلا کەریم بە بێ دوو دڵی زوو ژنی تازەی هێنا کەچی تۆ هەر دڵت دانامەزرێ یەکەم ژن بێنی و دڵت ئاسایش وەرگرێ. ئەمە نامەکەیەتی[1].

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٤٦) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

پاش تەواو بوونی ئەم مەسئەلەی منە بە سێ چوار مانگ سەیید مەزهەرکەوتە کۆشش بۆ ژن‌هێنان و من و سەیید نیزامەددینی ئامۆزای ڕۆیشتین بۆ دێی بانی‌بنووك بۆ مالّی شێخ عەبدوللّای کوڕی حاجی شێخ ئەحمەد و داوای کچی ئەومان کرد بۆ سەیید مەزهەر بە موناسەبەی ئەوەوە کە خوشکی سەیید مەزهەر لە پاش وەفاتی مەڕحووم سەیید موحەممەدی مودەڕڕیس شووی کردبوو بە شێخ عەبدوللّا و بە هۆی ئەم خزمایەتییەوە داوای کچەکەمان کرد و ئیجابەی کرد و پاش چەن مانگێ ئەویش ژنی هێنا، شێخ تائیب برای شێخ، بە چەن سواریّکەوە ڕۆیشت بۆ «بووك» و بە دوو تەپڵە و شادی ژنەکەی بۆ گوێزایەوە بۆ بیارە.

شێخ عەبدوللّا وەختی خۆی لەو دیو بوو لە دێی «نێزڵ» بەڵام بە هۆی تێکچوونی وەزعی سنووری ئێرانەوە مالّی هاتبوو بەمدیوا و یەك دوو سالّێ لەمدیو بوو لە ئەنجاما ڕۆیشتەوە بۆ «نێزڵ» کە مولّکی خۆی تیا بوو و لەوێ مایەوە تا وەفاتی کرد. خوشکی سەیید مەزهەر لە سەیید موحەممەد جەلال ناوێکی بوو و لە شێخ عەبدوللّا وا ئەزانم دوو کوڕی هەیە، بەڵام ئێستە وەزعیان نازانم چۆنە.

◈◈◈

[گەڕان و پشکنین بە دوای هۆزی قازیدا]

زوو باسم کرد کە من منالّ بووم باوکم رَحِمَهُ اللَّهُ وەفاتی کرد و لە پاشان کەوتمە هاتوچۆی فەقێیەتی و لەملاو لەولا مەشغوولّی خوێندن بووم و گرانی و جەنگی یەکەمی جیهان مەیدانی نەدا کە بە ئارەزووی خۆم هاتوچۆی لای خزم و هۆزی خۆم بکەم، بەڵام ئەوەم بیستبوو کە باوکی باوکم فەتتاح کە لە دێی تەکیەی لای خورمالّ وەفاتی کردووە و باوکم لەوێ لە دایك بووە و ئیمە عەشیرەتێکی موناسبمان هەیە و باوکی باوکم لە عەشرەتەکەی خۆی دوورکەوتووەوە و لە دەوری دێی «کەولّوس»ەوە هاتوون بۆ تەکیە و لە پاش وەفاتی باپیرم لە تەکیە گوێزاویانەتەوە بۆ «ڕەشان» لە لای شاری پێنجوێن.

بۆ کۆڵینەوە لە خزمەکانم ناردم مەلا موحەممەدی کوڕی دەرویّش کەریم مەلای دێی بانی‌بندۆك کە زووتر لە نەرگسەجارا و ماوەیێ لە بیارەدا لەلام ئەیخوێند، ناردم[!] هات بۆ

لام و ئەو ناو و نیشانانە خۆم بیستبووم پێموت و تێم‌گەیاند بڕوا لەلای ڕیش‌سپی دەوری کەولۆس و هۆزی قازی کە مەلا موحەممەد خۆی یەکێ بوو لە هۆزی قازی پرسیارم بۆ بکات، کە ئەم قسانەم بۆ کرد وتی بێ‌قەزابی باوکم لە پێش وەفاتیا فەرمووی پێم کە مەلا کەریمی مودەڕڕیسی بیارە لەگەڵ ئیمەدا «میرات بە یەك ڕەواین» و لە ئیمەیە، بە هەرحاڵ لە بەهاری ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و سێی هیجریدا مەلا موحەممەدم نارد بۆ ناو خزمان و لە هۆزی قازی لە دۆڵی «گەڵاڵ»دا تابیعی ناحیەی بەرزنجە.

ئەویش ڕۆیشت بۆ ئەوێ و چاوی کەوتبوو بە موحەممەد ئەمینی سوبحان برای فەقێ عەبدوڵڵا، کە دوو ڕیش سپی پیر و قەدیمی و ئاگادار لە ئەحوالی تائیفە بوون و نەسەبی خۆیان لە نەتەوەی حەسەن مەولان، مەشهوور بە هۆزی هەسەنی بوون و لەوێ پرسیاری وەزعی باپیرەی منی کردبوو لەوان، لەویا خاڵۆ موحەممەد ئەمین لە وەڵاما وتبووی فەتتاح و عەزیزی برای و زەریفەی خوشکیان باوکیان لە هۆزی قازی و دایکیان لە هۆزی هەسەنە و لە ناو خزمان دەرچوون بۆ دەوری تەکیە و تازەدێ لە نزیکی خورماڵ، پاش ماوەیێ کە لەوێ مانەوە ئیتر من بێ‌خەبەر بووم لێیان، بە بەیاناتی خاڵۆ موحەممەد ئەمین و قسەی دەرویش کەریم باوکی مەلا موحەممەد کە موافیقی بیسراوەکەی خۆم بوو، دڵم قەناعەتی کرد.

جا پاش ئەوە کە مەلا موحەممەد بەم بەیاناتەوە هاتەوە بۆ بیارە، منیش لەگەڵیا سواربووم و ڕۆیشتم بۆ دۆڵی گەڵاڵە بۆ پەری‌دیرۆ و ماینداوڵ و چاوم بە عەشرەت کەوت و لە پاش کۆڵینەوەی هەنێ سەرگوزەشت و بەڵگە لەیەك ئاشکرا بووین، بەڵام تا من ڕۆیشتم بۆ ئەوێ خاڵۆ موحەممەد ئەمین سوبحان وەفاتی کردبوورَحِمَهُ ٱللَّهُ .

لەو دەما لە هۆزی قازی مامە شاوەیس و مامە قادر و موحەممەد جەمیل و فەتتاح و تالیب کوڕانی موحەممەد عەلی وکوێخا شەریف کوڕی مامە شاوەیس و مەلا موحەممەدی مەحموود مراد و برایم و ساڵحی کەرەمەوەیس و گەلێ پیاوی‌تر لە ماینداوڵ بوون و لە نەفسی دێی ماینداوڵ موحەممەد جەمیل کوڕی خاڵۆ موحەممەد ئەمین و عارف و فارس کوڕانی کاکە حەمە کە باوکیان لە هۆزی هەسەن و دایکیان وەنەوش ناو لە وردەشاتریێ بوو و زاوای مامەشاوەیس بوون لە ماینداوڵ بوون هەروا لە پەری‌دیرۆ کوێخا فەرەجی

موحەممەد ئەمین و کەیخەسرەو و گەلێ پیاوی‌ترم چاو پێ‌کەوت و لە دێی تووت‌ئاغاج موحەممەدی عەلی وەیس و لە دێی کێلەکەوە عارفی مەلا موحەممەد خان و لە دێی وەڵەسمت حەمەی سادق و کەریمی سادق کە ئەمانە لە هۆزی قازین، چاوم پێیان کەوت و بە خزمی یەك ناسراین.

پاش ئەم تاریخە هەموو ساڵێ لە بەهارا ئەم خزمانە چەن سواریێکیان لەگەڵ هەر دوو مەلا موحەممەدا یانێ مەلا موحەممەدی مەحموود مراد و مەلا موحەممەدی دەرۆیش کەریم یا هەر مەلا موحەممەدی مەحموود مراد ئەهاتن بۆ دیدەنی من بۆ بیارە و منیش یا هەر لە بەهارا یا لە پاییزا دیدەنی ئەوانم ئەکرد و تا ئێستەیش کە گەلێ لەمانە وەفاتیان کردووە و گەلێکیان ماون و حەجیان کردووە و لە ماینداوڵ دەرچوون و لە دێی سەیید سادق و خانەقەویلە لە پشتی سەرچاوەی سەراوی سوبحان‌ئاغاوە دانیشتوون، ئەم ڕشتەی مەحەببەت و دۆستی و خزمایەتییە بەهێزتر و دەوامدار بووە.

لەو بەهارا کە هاتمەوە بۆ بیارە، عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا کە یەکێ لە خزمانی هۆزی قازییە و لەوکاتا پۆلیس بوو لە مەرکەزی «پشتە» لەوبەری سیروانەوە، نەقڵ کرا بوو بۆ بیارە لەگەڵ ئەوانیش ناسراوی کەوتە بەینمان و لە یەك ئاشنا بووین «و الحمد للّه».

لە موسیمی پاییزا لەم ساڵا شێخ بە یاسای خۆیان تەشریفی ڕۆیشت بۆ شاوەیس و باوەیس بۆ سەر مەرەزە و ماوەی مانگێ لەوێ مایەوە، جا لەوکاتا لە مانگی ڕەجەبدا ئەم نامەیە نووسی بۆم بۆ بیارە کە هەموو ڕۆژێکی جومعە مەعنای خوتبەی ڕۆژی جومعە بە زمانی کوردی بەیان بکەم بۆ موسوڵمانان بۆ ئەوە هەموو لە مانای خوتبەکان حاڵی ببن. منیش لەو تاریخەوە ئەم دەستوورەم بەجێ هێنا، جا لە دێی تەوێڵە و خورماڵ و هەڵەبجە و باقی شوێنەکان ئەم یاسا دامەزرا[1].

لە پێش ئەم تاریخا مەلا کەریمی سەدباری برازای مەلا ئەحمەدی سەدباری خەتیب بوو لە بیارەدا بەڵام ئەم زاتە موقەددەر وەها [بوو] ماڵی لە بیارە دەرچوو بۆ شارەزوور، لە ئەوەڵەوە لە «ئاوایی ڕۆستەم بەگ» دانیشت بەڵام پاش ساڵێ عائیلەکەی کە کچی مامۆستا مەلا بەهائەددین بوو لەو دێدا وەفاتی کرد و پاش ئەوە ماڵی ڕۆیشت بۆ دێی

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٥١)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

«تەپی سەفا» و بوو بە ئیمامی ئەو دێیە کە لە دەستی حاجی حەیدەر و عوسمان و موستەفا کوڕەزایانی حاجی مەحموودی یاروەیس[دا بوو] و لە پاش ڕۆیشتنی ئەو من بە خەتیب بووم لە بیارەدا بە عەلاوەی تەدریس و ئەم وەزعە دەوامی کرد تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتای هیجریا کە لە بیارە بارم کرد.

لەم ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و سێدا لە مانگی «جمادی الاولی» لە کاتی تولووعی سوبحی ڕۆژی جومعە لە دەهەمی مانگا «عالیە» ناوی کچم لە ئامینەی کچی شێخ علی لە دایك بوو، خودا بە لوتفی خۆی ئەنجامی خێر بکات آمین.

وە لە زستانی ئەم ساڵا کە هەزار و سێسەد و پەنجا و سێ بوو ڕیسالەیەکم لە عیلمی مەنتیقدا بە عینوانی «مفتاح» تەئلیف کرد، ئەم ڕیسالە هەرچەن کورتە و ئیبتیدائییە بەڵام مەزبووت و جوانە و گەلێ تەلەبە نووسییانەوە و خوێندیان.

هەر لەم ساڵەدا ئەسعەدی کوڕم کە لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و حەوتا لە بیارە پەیدا بووبوو و لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و نۆدا بردبووم بۆ ماڵی مەلا عەبدوڵڵای باپیری لە باوەجانی لە ئەووەڵی پاییزا وەفاتی کرد و لە قەبرستانی «شێخ شملی» لەمبەری چەمی «بوار»ەوە دەفن کراوە.

هەر لەم ساڵا فاتمەی کچم لە ئامینەی کچی شێخ عەبدوڕەحمان پەیدا بوو، ئەم کچە لە عومری پێنج ساڵیدا لە بیارە نەخۆش کەوت و وەفاتی کرد و لە خسنێکی تایبەتییا لە پشتی قەبری مەرحووم مامۆستا شێخ حەیدرەوە لە قەبرستانی «ملەگای چنار» لەلای ژووروی جۆگەی «کۆ»وە دەفنمان کرد، هەر لەم خسنا باقی منالەکانم وەکوو ئەحمەد کە لە ئامینەی شێخ عەلی بوو و جەلال و عەبدولقادر کە لە ئامینەی کچی شێخ عەبدوڕەحمان پەیدابوون دەفن کراون، بۆ نیشانە کە لە بەردەبازەکانی ژووری بەردەنوێژەکانی ملەگای چنارەوە ئەکەیتە ئەوبەرەوە بەرەو ژوور، ڕوو بە کێوەکە دوو سەد هەنگاوێ سەرکەوی ئەگەیتە قەبری مەرحووم مامۆستا شێخ حەیدەر و مەقبەرەی ئەم منالانەیش لە پشتی قەبری مامۆستا شێخ حەیدەرەوەن، خودا بیانکا بە زەخیرەی ڕۆژی قیامەتمان، آمین.

بە واسیتەی مردنی ئەسعەدی کوڕمەوە دڵم زۆر مەلوول بوو و ئیشتیاقی دڵم بۆ فاتیح کە برای ئەو بوو و ئەویش لە ماڵی باپیری بوو زۆر غەڵەبەی کرد لە سەرم، جا لەبەر ئەمە لە

ئەووڵی پاییزا قەرارم دا کە بڕۆم بە شوێن فاتیحدا و بیهێنمەوە بۆ بیارە لەلایێکەوە بەڵکوو بە چاوپێکەوتنی ئەم دڵم ئارام بگرێ و لەلایێکەوە فاتیح عومری گەیشتبوو بە دەوری هەشت ساڵ وێستم وردە [وردە] دەستی پێبکەم بە خوێندن و شتێ بخوێنێ.

لەسەر قەراری پێشوو لە پاییزا لە تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجا و چواری هیجریدا کەوتمە ڕێگە بۆ باوەجانی بە شوێنی فاتیحدا، بە تایبەتی لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و سێدا لە پاش وەفاتی مەلا عەبدوڵڵای باپیری، ڕۆیشتم بە شوێنیا لەبەر منداڵی نەیاندامەوە ئیتر ئیمساڵ بە جیددی ڕۆیشتم بە شوێنیا و لە ماڵی باپیری هێنامەوە.

لەم سەفەرا کەوتمە خەیاڵی ئەوە کە دەوڵەتنامەی مەلا خزری ڕواری کە بە زمانی هەورامیانە نووسیویەتی تەرجمەی بکەم بە کوردی [سۆرانی] و نەزمی بکەم، فیعلەن کە لەم سەفەرە هاتمەوە دەستم کرد بە تەرجمەی ئەوکتێبە و بە عینوانی «ئیقبابڵ نامە» تەواوم کرد.

هەر لەم ساڵا کتێبی «ئەساسی سەعادت» بە شێوەی سوئاڵ و جواب بە زمانی کوردی لە باسی ئەسڵ و فەرعی دینا نووسیم و پاش ئەم کتێبە کتێبی «بارانی ڕەحمەت» بە زمانی کوردی هۆنیمەوە لە نزیکی چوار هەزار و کسوور شیعرا و تەواوم کرد، ئەم سێ کتێبە هەر سێکیان چاپ کراون.

وە لە ئاخری ساڵی هەزار سێسەد و پەنجا و سێدا «ڕەحمە خان» حەرەمی مامۆستا شێخ عومەر وەفاتی کرد، کوڕێکی کەمال ناو و کچێکی نەعیمە ناوی لێ بەجێ ما؟حە؟، مامۆستام بەم کاریسە زۆر موتەئەسسیر بوو لەو ماوەدا نامەم بۆ تەعزییە بۆ نووسی ئەویش بەم نامە جوابەکەی نووسییەوە بۆم[1]، بەڵام لەم تاریخە بەولاوە ئەو نیشات و شادییە لە دڵی مامۆستاما نەما و زۆری پێنەچوو و لە عەینی وەختا لەبەر ئەوە بەری دوو عائیلە مناڵ لە ماڵا بوون و بێکەس و بێدایك بوون کەوتە فکری ئەوە لەلایێکەوە ژنێکی موناسبی دەست بکەوێ.

لەو ماوەدا مەلا موحەممەدی ڕەئیس لەگەڵ موحەممەد ئاغای عەبباس ئاغادا بە دیدەن و زیارەتی شێخ هاتن بۆ بیارە منیش بە فکری خۆم کچی سەیید فەتحولموبینی تەوێڵە کە

[1. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (۵۲)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

کچەزای شێخی سیراجەددین بوو و خانەدانی ئیحتیرام و عیسمەت بوون دۆزیمەوە بۆی و نووسیم بۆی ئەگەر موناسبی ئەزانی ئەتوانی یا کەسێ ڕەوانە بفەرموویت تاقیقی وەزعی بکا یا خود خۆی تەشریفی بێت بۆ ئەم تەرەفە و پاش ئەوە کە بە موافیقی بینی قسەی لێ بکەین ئەوەی کە من بە چاکم زانی بۆم نووسی.

ئەویش لە جوابا ئەم نامەیە بۆ نووسیم و مەعزەرەتی نیشان دابوو لە ئیقدام و بەعزێ مەتڵەبی‌تری نووسیبوو بۆم[1].

وە لە پاش ماوەی مانگ و نیوێ قەراری دابوو لە پاش ئیستیشارە بە شێخ ئەگەر موافیق بووکچی خەلیفە مەلا موحەممەدی هەڵەبجە مارە بکا و فیعلەن ئەم نامەیە نووسیبوو بۆم[2] و موقەددەر وابوو مارەی کرد و گوێزایەوە، بەڵام ئەوەندەی پێ‌نەچوو کە خۆی بە ناساغی و ئازار گیرۆدە بوو و موفارەقەی «مومي إليها»ی کرد و ڕۆیشت بۆ شاری بەغدا بۆ تەداوی و پاش گەلێ تەداوی کە ئیستیفادەی نەکرد، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە موسیمی بەهارا بەم ناساغییە کە دوکتۆرەکان بە سەرەتانیان دانابوو وەفاتی کرد و سلێمانی لە بەرەکەتی تەدریسی خۆی چۆڵ کرد.

تالیبان غەمبار دنیای بەجێهێشت　　فریشتە دڵشاد کە چوو بۆ بەهەشت

«إنا لله و إنا إليه راجعون»، جا لە پاش وەفاتی مامۆستام لەم حەرەمە ئاخرەی کورێ پەیدابوو ناوی نرا بە بابەعەلی لەسەر وەسیەتی شێخ ئەم کورە پاش تەمیز نرایە بەر خوێندن و موەففەق بوو تا تەواوی کرد و بوو بە مەلای مزگەوتی بن‌تەبەق لە پشتی سراوە لە شاری سلێمانی، بەڵام پاش ماوەیێ لە تاریخی هەزار و سێسەد و حەفتا و نۆدا ڕۆیشتە دەورەوە و بە موعەللیمی مەدرەسەی ئیبتیدایی ڕەسمییە دەرچوو، ئێستە موعەللیمە.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و چوارا و پەنجا و پێنجدا، قەرەبالغی تەلەبە لە بیارەدا زۆر بوو و گەلێ لەوان موستەعید و خاوەن قابلیەت بوون و شێخ زۆر ئیحتیرامی ئەگرتن، حەتا لەبەر دەنگ و غەوغایان جارێ سۆفییەکانی خانەقا شکاتیان لەلا شێخ کرد کە ئێمە لەبەر دەنگی تەلەبە مەشغوڵیمان بۆ ناکرێ، شێخ بەرابەر بەم شکاتە ئەوەندەی فەرموو

[۱. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (۵۳)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[۲. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (۵٤)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

کە من تەلەبەکانم مەنزوورتر، چونکە ئەبن بە مەلا و نەشری دین ئەکەن. کەوابێ هەرکەس لە ئەهلی خانەقا بە دەنگی فەقێ مەشغوولّی لێ تێك ئەچێ، کەیفی خۆیەتی دائەنیشێ دابنیشێ و ئەڕوا بڕوات. ئەم ئیعلانی شێخە زۆر تەئسیری کرد و زۆر حورمەتی دا بە تەلەبەی عیلم، لە پاشا کەس موعارەزەی تەلەبەی نەدەکرد لە عەینی حالّا ئەم تەلەبانەیش موساعەدەی سۆفییەکانیان زۆر ئەکرد و لەبەر ناچاری نەبوایێ کاری وایان نەدەکرد، ئەوان عاجز ببن.

لە هاوینی ئەم دوو سالّانە تەلەبەی مەدرسە و خانەقا عەدەدیان لە سەد کەس نزیك ئەبووەوە و شێخ قەراری دابوو عومری چەن سالّ ببێ لەسەر ژمارەی سالّی عومری تەلەبە لە مەدرەسەدا ڕابگرێ بێجگە لەو تەلەبانەیش کە لە خانەقادا دائەنیشتن و بە نان و شۆربای خانەقا قەناعەتیان ئەکرد، بۆ ئەوە دەرزیان دەسکەوێ و لە واقیعا خۆندنی باشیان دەس ئەکەوت، چونکە هەمیشە موستەعیدی باش لە مەدرەسەدا زۆر بوون و ئەم موستەعیدانە هەریەکێ عەدەدێ لە سوختەکانیان بۆ دەرز پێ وتن چاودێری ئەکرد.

وە لەم دوو سالّا دەرسی حەلّقە دائر بوو لە مەدرەسەدا و شەرح مەنهەج و تەجریدی بوخاری و گەلێ لە تەفسیری بەیزاوی بە حەلقە خوێنرا هەروا موستەعیدەکانیش بە حەلقە دەرسیان بە سوختەکان ئەگوت.

لە سالّی هەزار و سێسەد و پەنجا و پێنجدا حاجی ئیسماعیل ناوێ لە میسرەوە هات و ماوەی سێ مانگ لە بیارەدا مایەوە و ئێمەیش بۆ ئەوە ئەو هەلە لە دەست دەرنەچێ تەلەبەکانمان هەموو ڕۆژێ بە حەلقە حازر ئەکرد تا تەواو قورئانیان بە تەجوید لە خزمەت حاجی ئیسماعیلدا خوێند، لە ڕۆژی خەتمی قورئانی پیرۆزا شێخ لەبەر هەیوانی مەرقەدا حازر بوو و زۆر لە ئەهلی خانەقا و مامۆستا مەلا بەهائەددین و منیش حازر بووین، بەڕاستی بەرەکەتی ئەو مەجلیسە ئەوەندە زۆر بوو هەموو کەس دەرکی ئەکرد و ڕۆژێکی دیاری بوو لە ڕۆژانی حەیاتمانا بۆ پیرۆزی و خۆشی.

لە زستانی ئەم هەزار و سێسەد و پەنجا و پێنجەدا مەلا موحەممەدی مامۆستا مەلا بەهائەددین لە خزمەتی شێخ بابارەسوولّا هاتن بۆ بیارە بۆ ئەوە کە لە بیارە ئیجازەی پێ بدا و لەو وەختا منیش ئەمویست ئیجازە بە جەنابی سەیید حیسامەددینی موکریانی بدەم،

لەبەر ئەوە کە ئەمانویست مەلا موحەممەد ببێ بە مەلای دێی بیارە، هەموو ڕۆیشتین بۆ مزگەوتی بیارە لە پاش عەسر لە یەك مەجلیسدا لە مزگەوت، شێخ بابارەسوولّ ئیجازەی مەلا موحەممەدی خۆندەوە و منیش ئیجازەی سەیید حیسامەددینم خوێندەوە و جبە و عەمامەیان پۆشی.

لە زستانی هەزار و سێسەد و پەنجا و پێنجدا شێخ سەفەری بەغدای کرد و لە ئەووەڵی بەهارا هاتەوە لە پێش هاتنەوەیا ئەم نامەیە نووسیبوو بۆم[1] و پاش ئەوە کە تەشریفی هاتەوە لە ئاخری بەهارا ئیجازەم دا بە سەیید بەهائەددین برازای سەیید موحەممەد سادق خورخورەیی، شاعیری مەشهوور و موتەخەللیس بە «هەیبەت»، ئەم مەلا سەیید حیسامەددینە[2] زۆر ئینسانێکی قابل و موحتەرەم و خەت خۆش و سیما جوان و بە ئیستیعداد بوو، لە ئەووەڵی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و شەشا خەبەری بۆ هات کە دایکی وەفاتی کردووە و سەیید موحەممەد سادقی مامیشی زووتر موتەوەففا بووبوو، لەبەر ئەمە ناچار بوو ئیجازەی وەرگرت، ئەگەرنا فکری وابوو زۆرتر بمێنێتەوە و مەشغووڵی خوێندن بێ «علی کلّ» ئیجازەم پێدا و جبە و مێزەرەی پۆشی و ڕۆیشتەوە، لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووەتەوە تا ئێستە وەکوو بیستوومە لە تەرەفی خورخورە مەلایە و خزمەتی دین ئەکا.

وە لە پاییزی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و شەشا مەلا خدر خەڵکی «ئاڵووت» لە ناحیەی «ئالان» ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆی، ئەم زاتە زۆر ساڵح و خاوەن تەقوا بوو.

وە هەر لە ئاخری ئەم ساڵەدا مەلا شێخ ئەحمەدی خەڵکی «واشەمەزین» تابیعی «سەردەشت» ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە، ئەم زاتە برازای مەلا عومەری واشەمەزینی بوو، ئەم دوو زاتە یەکی ماوەی دوو ساڵ لە بیارە مانەوە «مع الاسف» هەردوکیان بە جوانی موتەوەففا بوون «إنا للّه و إنا إلیه ڕاجعون».

لەم ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و شەشا بوو کە کتێبی «شمشیری کاری بر فرق نسیم رستگاری»م بە زمانی فارسی تەئلیف کرد، ئەم کتێبە لە ڕەددی شێخ موحەممەدی

[۱. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (۵۵)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

[۲. مامۆستا چەند دێڕ پێشتر باسی مەلا سەیید حیسامەددینی کرد، لێرەدا وابزانم بە هەڵە لەباتی مەلا سەیید بەهائەددین ناوی سەیید حیسامەددین دووبارە دەکاتەوە].

مەردۆخ مەشهوور بە ئایەتوڵڵا خەڵکی «سنە» تەئلیف کرا، چونکی ئەو بە عینوانی «نسیم رستگاری» ڕیسالەیەکی تەئلیف کردبوو لە ڕەددی تەقلید و ئیجتیهادا، کە کتێبەکە بڵاو بووەوە منیش بە عینوانی سابیق ڕەددم کردەوە و کتێبەکە لە سەر مەسرەفی شێخی بیارە لە مەتبەعەی «غِرَل» لە کەربەلادا چاپ کرا. ئەم کتێبە گەلێ شتی بەسوودی تیایە پێویستە بۆ کەسێ کە تالیبی تێگەیشتن بێ لە مەوزووعی تەقلید و ئیجتیهادا تماشای بکا.

لە مانگی موحەڕەمی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و حەوتا «موحەممەد نەجیب» لە ئامینەی کچی شێخ عەبدوڕڕەحمان لە بیارەدا لە مووسیمی بەهارا لە دایك بوو، خودا موەففەق و عاقیبەت بە خێری بکا، آمین.

لەم ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و حەوتا مەلا مەحموودی وەیسەیی و مەلا عەلی جوانڕۆیی و شێخ عومەری عیزی خەڵکی «دیرالزور» لە سووریا، ئەمانە ئیجازەیان وەرگرت.

مەلا مەحموود هەر بە منداڵی هات بۆ بیارە و لەوێ دەوامی کرد لەسەر خوێندن تا ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشت لە دێی «کانی سێف» بوو بە مەلا و لە پاش چەن ساڵێ ڕۆیشت بۆ دێی «سیاناو» لە نزیکی وەیسە تا ئێستە لەوێ ماوەتەوە «و للّه الحمد» هەمیشە خزمەتی عیلم و دینی کردووە و موەففەق بووە.

مەلا عەلی لە مەلا زادەکانی قەڵای جوانڕۆ بوو، بە منداڵی هات بۆ بیارە و دەوامی کرد هەتا ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە بۆ قەڵای جوانڕۆ و لەوێ دامەزرا ئێستە بەرحەیاتە و مەشغوولی خزمەتی موسوڵمانانە.

شێخ عومەر کوڕی شێخ ئەحمەدی عیزی بوو و شێخ ئەحمەدی عیزی لە عەرەبی «العزه»ی نزیکی کەرکووك بووە وەختی خۆی لە زەمانی سوڵتان عەبدولمەجید خانا لەگەڵ شێخ وەیس ئامۆزایا لە عێراق دەرچوون بۆ سووریا و لە پاشان شێخ ئەحمەد ئینتیسابی کردووە بە حەزرەتی شێخ عومەر زیائەددین لە بیارە و بووە بە خەلیفە، ئەم زاتە مایەوە تا زەمانی شێخ نەجمەددین و شێخ عەلائەددین، لە زەمانی ئەم شێخا وەفاتی کرد و لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و یەکی هیجریدا شێخی بیارە ڕۆیشت بۆ «دیرالزور» و ڕابیعە ناوی کچی شێخ ئەحمەدی مارە کرد و هێنایەوە بۆ بیارە، شێخ لەم ژنە سێ کوڕی هەیە «ثابت» و «أمین» و «مظهر» و کچێ «ئەدیبە» ناو.

شێخ ئەحمەد دوو کوڕی لێ بەجێ‌ما: شیخ «عبدالله احرار» و «عومەر»، عومەر بە منداڵی هات بۆ بیارە و دەستی کرد بە خوێندنی نەحو و سەرف، ماوەی حەوت ساڵ لە بیارە مایەوە پاش ئەمە ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە بۆ «دیرالزور» چەن ساڵێ موفتی قەزای «بوکمال» بوو، ئێستە لە «دیر الزور»ا دائەنیشێ و موفتییە لەوێ و عوزوی مەجلیس ئەعلای ئیسلامییە.

هەر لەم ساڵا شێخ موحەممەد مەردۆخ بە عینوانی «جان نما» کتێبێکی نووسی و بڵاوی کردەوە و گەلێ شتی پڕ و پووچی ئیعتیقادی تیا نووسی بوو، منیش بە زمانی فارسی بە عینوانی « شهابی سما در رجم جن جان نما» کتێبێکم لە ڕەدیا نووسی، بەڵام لە بەرئەوە کە شێخ موحەممەد تۆزێ ئەو تۆزی شۆرەتە پیسەی دامردەوە من نەم‌ویست کتێبەکەم چاپ بکەم.

پاش ئەمە بە عینوانی «یزدان و اهریمن» ڕیسالەیێکی مەنزوومەی نووسی لە موحاکەمەی خودای تەعالا لەگەڵ شەیتانا، لەم ڕیسالەدا زۆر شتی بێ‌مەعنا و خرابی نووسی بوو، منیش بە عینوانی «فیوضاتی خدای ذی مَن» ڕیسالەیێکم بە فارسی لە ڕەددی ئەو ڕیسالەی ئەوا نەزم کرد ئەمەیش چاپ نەکراوە.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشتا شێخی بیارە سەفەری کرد بۆ بەغدا لەو ماوەدا لەوێ بوو نامەیێکم بۆ نووسی و تۆزێ ناساغ بووم داوای دوعا و دەرمانم لێ‌کردبوو ئەویش ئەم نامەیە بۆم نووسی[1].

کاتێ لە مووسیمی بەهارا هاتەوە هێشتا ئەو لە شەمێران بوو کە شێخی حیسامەددین لە «باغەکۆن» موتەووەفا بوو، ئێمە لە بیارەوە چوون بۆ تەشییعی جەنازەی و لە باغەکۆن دەفنمان کرد، ئەوسا پاش دوو ڕۆژ شێخ گەیشتەبەرەوە و ڕۆیشت بۆ تەعزییەی ئەو زاتە ـ طاب ثراه و رحمه الله ـ.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشتا مەلا موحسینی ئەڵمانە و مەلا سەعیدی بالکی ئیجازەیان وەرگرت.

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٥٦)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

مەلا موحسین کوڕی مەلا عەبدوڕڕەحمانی کەڕاوایی بووکە مالّیان هاتبووە «ئەڵمانە» و هاتە بیارە، ماوەیێ لەوێ مایەوە تا ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشت لە دێی «تفلّی» لە هەورامانی ئەو دیو بوو بە مەلا، بەڵام «مع الاسف» بە جوانی وەفاتی کرد رَحِمَهُ اللَّهُ .

مەلا سەعیدی بالکی هەر لە مادەی «فەریدە»وە تا ئاخر لە بیارە لەلای من خوێندی و تەواوی کرد و ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشت لە دێی «ساداوا» بوو بە مەلا و موەففەق بووە لەسەر خزمەتی عیلم و دین و حەجی کرد و ئێستە بەر ڕەحمەتە، لە خودام ئەوێ موەففەق بێ لەسەر خزمەتی عیلم و دین و عاقیبەت خێر بێ «بمنّه و فضله».

هەر لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشتا کتێبی «ئاوی حەیات»م بە نەسری کوردی نووسی لە تەرجەمەی ئەحوالّی ئەو پێغەمبەرانە کە لە قورئانا ناویان هەیە و دواییم هێناوە بە باسی عەشەرەی موبەششەرە و ئەئیممەی ئەڕبەعەی موجتەهیدین - رضی الله عنهم أجمعین - ئەم کتێبە «لله الحمد» چاپ کراوە و گەلێ کەس ئیستیفادەیان لێ کردووە.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و نۆی هیجریدا[1] کتێبی «چل چرای ئیسلام»م نووسی، ئەم کتێبە کورتییە و نەسرە و شەرحی چل حەدیسە لە ئەحادیسی حەزرەت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .

هۆی نووسینی ئەم کتێبە ئەمە بووکە «قووچ خان» مەشهوور بە «سهام السلطنه» تیکان تەپەیی موکریانی، کە لە موریدین و مەنسووبینی حەزرەتی شێخ نەجمەددین - قدس سره - بوو و ئینسانێکی خەت خۆش بوو جارێ لە جاران بە شێوەی دیاری لە چل قەتعەی زۆر جوانا چل حەدیسی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەوانە کە مەولانا عەبدوڕڕەحمان نووەددینی جامی مەشهوور بە مەولانای جامی - قدس سره - هەڵی بژاردوون و لەسەر هەر حەدیسێ لە شەرحی حەدیسەکەدا ڕوباعییێکی بە فارسی نووسیوە، ئەم چل حەدیسانەی لەگەڵ ڕوباعییەکانی «مەولانای جامی»دا بە خەتتی خۆش نووسیبوو و ناردبووی بۆ بیارە.

هەروا ناوی ئەفرادی سیلسیلەی ئەولیای تەریقەی نەقشبەندییە لە شێخی بیارەوە هەتا بە فەخری عالەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناوی هەریەکێ لەمانەی لە قەتعەییکا نووسیبوو و ناردبووی بۆ بیارە، منیش کە ئەم قەتعانەم چاو پێکەوت مەفتوونیان بووم و قەرارم دا کە بە

[1. وابزانم هەزار و سێسەد و پەنجا و نۆ ڕاست بێ نەک چل و نۆ، چونکە چەن دێڕ پاشتر ئەفەرموێ: «هەر لەم ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و نۆدا...»].

زمانی کوردی شەرحی ئەو حەدیسانە بکەم و لە ئاخری شەرحەکەیا ڕوباعییێکی کوردی موناسبی مەعنای حەدیسەکە بنووسم، بۆ ئەمە کە بەر مەزموونی ئەو حەدیسە بکەوم کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێ چل حەدیسی من بگەیێنێ بە موسوڵمانان بۆ ئیڕشاد پایەدار ئەبێ لە قیامەتا. وە بۆ ئەوەیش کە تەلەبەی عیلم ئەو کتێبە و ئەو حەدیسانە بکەنە بەر، «وللّه الحمد» خودا تەفیقی دام و بە دڵی خۆم شەرحەکەم لەسەر نووسین و ڕوباعییە کوردییەکانیشم خستە لای ڕوباعییە فارسییەکانی حەزرەتی مەولانای جامی و موەففەق بووم بۆ ئەوە کە چاپیان بکەم و بڵاوم کردنەوە و گەلێ موسوڵمان ئیستیفادەی لێ کردن. «وللّه الحمد و المنّه».

هەر لەم ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و نۆدا مەلا موحەممەد ئەمینی موکریانی و شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ مەعروف نەرگسەجاری ئیجازەیان وەرگرت.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست، لە شەوی یەکشەممەی بیست و سێی مانگی موحەڕڕەم لە کاتی بەهارا سەلاحەددین لە دایك بوو، لە خوای «أرحم الراحمین» داوا ئەکەم کە بە فەزلی خۆی موەففەقی بکات و ئەنجامی بەخێر بێنێ.

هەر لەم ساڵا بووکە مەلا مەجیدی کانیساردی وارماوایی ئیجازەی وەرگرت و هەر لەم ساڵا مەلا قادری کوڕی حاجی ئەحمەدی فەتتاح هاروونی خەڵکی پیواز و مەلا ئەحمەدی کوڕی سۆفی مەحموودی کوێرەکی ئیجازەیان وەرگرت، مەلا مەجید ڕۆیشت بۆ دەوری کانیسارد و مەلا قادر ڕۆیشتەوە بۆ پیواز و مەلا ئەحمەد ڕۆیشتەوە بۆ کوێرەك بوون بە مەلا.

مەلا ئەحمەد ئێستە بەر حەیاتە و تا ئێستە «للّه الحمد» بە هەرحاڵ کەم یا زۆر لە خزمەتی عیلم و دینا موەففەق بووە و مەلا مەجیدی کانیساردی لە چەن شوێن گوێزایەوە تا ئاخری حەجی کرد و لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و یەکا لە کانیسارد موتەووەفا بوو و مەلا قادری پیوازی لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و هەشتا لە شەوا دوژمنی خۆی هاتنە سەری کوشتیان و بە پایەی شەهادەت گەیشت.

هەر لەم ساڵا لە ئامینەی کچی شێخ عەبدوڕەحمان کوڕێکمان بوو ناومان نا جەلال زۆر جوان بوو، بەڵام پاش چل ڕۆژێ وەفاتی کرد و لە خسنی پشتی مامۆستا شێخ حەیدەرەوە لە ملەگای چنارا دەفنمان کرد.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و یەکا لە پاییزا لە مانگی شەهریوەری[1] فارسیدا لە ئەنجامی جەنگی دووەمی عالەمی وەزعی ڕەزا شای پەهلەوی تێکچوو و پیاوە کوردە دیلەکان ئەوەیان مابوون هاتنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

وە لە بەهاری ئەم ساڵا لەگەڵ «فاتیح»ی کوڕما ڕۆیشتم بۆ دیدەنی ڕابیعەی خوشکم لە «دووڕووە» و لەوێوە ڕۆیشتم بۆ «ئەڵمانە» بۆ دیدەنی حاجی سەیید باباشێخ و بۆ «چۆڕ» بۆ دیدەنی سەیید عابدین و لەوێوە دیدەنی مەلا باقرم کرد لە بالکدا و لەگەڵ ئەوا ڕۆیشتم بۆ دیدەنی موحەممەد سەعیدبەگ[ی] فەتتاح بەگ و منالەکانی موحەممەد ساڵح بەگ برای و لەگەڵ ئەوانا ڕۆیشتم بۆ دیدەنی مەحموود خانی کانیسانان کە لە «قەڵا»[مەریوان]دا بوو، پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ «بالك» و دوو شەو لە بالك بووم جا گەڕامەوە بۆ بیارە.

ئەم سەفەرە زۆر خۆش و خاوەن سەفا بوو، بە تایبەتی ئەو شەوانە لە بالکدا بووم گۆرانی وێژی دەنگخۆش گۆرانییان ئەوت و زۆر تەئسیریان ئەکردە دڵی ئینسان و زەمانی قەدیمی و سوحبەتی ڕەفیقانی ئەخستەوە بیری ئینسان.

لە ئاخری ئەم ساڵی هەزار سێسەد و شەست و یەکا مەڕحووم شێخ عەبدولکەریم ئەحمەدبڕندە وەفاتی کرد و لە خزمەتی شێخ عوسمانی کوڕی شێخا و جەماعەتێ لە ئەووڵی پاییزا بوو ڕۆیشتین بۆ تەعزییەی منالە کانی لە ئەحمەدبڕندە. بە وەفاتی ئەم زاتە شێخ بابارەسوولی عەبابەیلێ زۆر موتەئەسیر بوو، ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و دووی بە غەم ڕابوارد و لە ئەووڵی ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و سێدا ئەویش وەفاتی کرد.

هەر لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و یەکا مەلا عەلی کوێرەکی و مەلا مەحموودی کانی بەردینەیی ئیجازەیان وەرگرت، مەلا عەلی ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆکوێرەك و مەلا مەحموود ڕۆیشت بۆ دێی «عەنەب» لەوێ بوو بە ئیمام و مودەڕڕیس و تا ئێستەش «لله الحمد» ماوە و موەففەقە لەسەر خزمەتی دین.

هەر لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و یەکا لە ئامینەی کچی شێخ عەبدوڕەحمان کوڕێکمان بوو ناومانا بە عەبدولقادر و بە قەزا و قەدەر لە بیستی مانگی «ربیع الثانی»دا فیراق کەوتە بەینمان تەلاقم دا و کوڕەکەی بەجێهێشت و لەلای دایەن لە بیارە وەفاتی کرد. لەگەڵ باقی منالەکانا لە خسنی پشتی قەبری مامۆستا شێخ حەیدەرەوە دەفنمان کرد.

[۱. شەهریوەر ئاخر مانگی هاوینە].

له غەمی فیراقی ئەم عائیلەما و پەرێشان حاڵی خۆما ئەم شیعرەم له پشتی ڕیسالەی حیسابەکەمەوە نووسی:

میل کردم که غم دهم برباد　　باد گفتا غم تو سنگین است

وە له ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و دووەدا مەلا فەتتاحی شاتری و مەلا ساڵح کوڕی سۆفی عەبدولقادری سۆفی خودابەخشی ژاڵە ناوی «وەڵی» ئیجازەیان وەرگرت، مەلا فەتتاح ڕۆیشت بۆ شارەزوور له لای حاجی موستەفا بوو بە مەلا و مەلا ساڵح ڕۆیشت بۆ «قەڵاتە بزان» له گەرمیان لەلای حاجی براییم شاتری کوڕی حاجی موحەممەد بوو بە ئیمام و موەدەڕڕیس، مەلا ساڵح لەو ڕۆژەوە تا ئێستە لەسەر خزمەتی دین و عیلم موەففەقە «و للّه الحمد».

هەر لەم ساڵا بە عینوانی «نامەی حەقیقەت» کتێبێکی کوردیم بە نەزم تەئلیف کرد له باسی گەلێ مەسائیلی موشکیلەی دینی و بە شێوەی پرسیار و وەڵام دانراوە، ئەم کتێبە دەوری دوو هەزار شیعرە و تا ئێستە چاپ نەکراوە.

له ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و سێدا فەسڵی بەهار شەوی سێشەممە سەعات نۆی عەرەبی «عطیه»ی کچم له دایك بوو خودا عاقیبەتی خێر بکات.

وە لەم ساڵا کتێبی "باغچەی مەعریفەت" بە نەسر و نەزم له باسی خووڕەوشتی بەرزا نووسیم، هەر لەم ساڵا "شەرحی تەسریفی زەنجانی" بە کوردی نووسیم.

هەر لەم ساڵا ڕیسالەی «العلمان في علمین» له باسی «وضع و استعاره»دا تەئلیفم کرد.

وە له ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و سێدا مەلا سدیقی کوڕی خەلیفە مەلا ڕەحیمی هەوشاری ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

له مانگی مەولوودا لەم ساڵا شێخ باباڕەسوول موەدەڕڕەیس عەبابەیلێ و سەرگەورەی مەلایانی قەزای هەڵەبجە له عەبابەیلێدا وەفاتی کرد، بە وەفاتی ئەم زاتە وەکوو ڕۆژ ئاوا ببێ یا له هەورێکی ڕەشا ون ببێ وەها وەزعی مەلایان له قەزای هەڵەبجەدا تێکچوو و ڕۆژیان ڕەش بوو و ئەو ڕشتە هۆنراوەی مەلایانە کە باباڕەسوول ئیمامی بوو پچڕایەوە و ئەو خۆشی و زەوقە کە له ناوا بوو لەناو چوو هەرچەن مەلا حەسەنی عەبابەیلێ کە موجازی

باباڕەسوول و مەلاییّکی باش بوو لە شوێنیا دانیشت، بەڵام مەدرەسەکەیش ئەو ڕەغبەتە زوو بووی نەما و دنیای هەموولایێ گۆڕا «سبحان من یغیر و لا یتغیر».

مەرقەدی باباڕەسوول وا لە بەردەمی مەرقەدی ئەباعوبەیدەدا لە قەراغی ڕێگەی عەبابەیلێ بۆ هەڵەبجە وا لەگەڵ کۆمەڵێ لە مەشایخی عەبابەیلێ - رحمهم الله تعالی - .

لە پێش وەفاتی باباڕەسوولدا لە ساڵی هەزار و سێسەد شەست و دووەدا مەلا عابدی عەبابەیلەیی کە مەلای بیاوێڵە بوو وەفاتی کرد و بردیانەوە بۆ قەبرستانی عەبابەیلێ لەوێ دەفنیان کرد، مردنی مەلا عابد زۆر جوان بوو، لە پێش وەفاتیا سێ چوار سەعاتێ بێهۆشی بوو، لە وەختی بانگی مەغریبا هۆشی ئێتەوە بە خۆدا لەو کاتا سەر بەرز ئەکاتەوە مەلا عابد ناوێ بیاوێڵەیی لەلایا ئەبێ ئەپرسێ مەلا عابد چە وەختە؟ ئەڵێت ئەوەتە خەریکە بانگی مەغریب ئەدەن، ئەویش ئەڵێت: «لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك و له الحمد يحي و يميت بيده الخير و هو على كل شيء قدير» پاش ئەمە سێ جار ئەڵێت: «اللّهم اغفر لي و لوالدي و للمؤمنين و المؤمنات» پاش ئەمە چاو ئەنێ بە یەکا و وەفات ئەکات - رحمه الله و طاب ثراه - .

ئەم مەلا عابدە زۆر ساڵح و خاوەن تەقوا بوو پاش وەفاتی بە چەن مانگێ جارێ شێخ بابە ڕەسوول تەشریفی هات بۆ بیارە فەرمووی مەلا کەریم لەم شەوانا لە خەوا چاوم کەوت بە ملا عابد زۆر بە عاجزیوە وتی: ئەرێ بابا ڕەسوول ئەم فاتیحە چییە تۆ ئەیخوێنی وەڵلا جارێتر فاتیحە وا بخوێنی نامەوێ، وتم ئەی چۆنت ئەوێ؟ وتی پێویستە بە تایبەتی ناوم ببەی و سەوابی فاتیحەکەم بۆ بنێریت، منیش [وتم:] با بە ئەمجارە بەولاوە هەر وەختێ فاتیحەم خوێند بە تایبەتی ناوت ئەبەم و خێرەکەت بۆ هەدیە ئەکەم، وتی: دەی باشە.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و چوارا مەلا سەعیدی گڵەجاڵی ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە بۆ دێی گڵەجاڵ، لەو وەختەوە تا ئێستە دەوام ئەکا و بەقەی حاڵ مەشغووڵی خزمەتی عیلم و دینە.

ئەم زاتە بە منداڵی هات بۆ بیارە و لە تەسریفی زەنجانییەوە هەتا تەواوی کرد هەر لە بیارەدا خوێندی، ئینسانێکی ساڵح و پیاوێکی ئەخلاق باشە.

لەم ساڵا لە پاش وەفاتی شێخ بابارەسوول بە موددەتی چەن مانگێ مەلا مەجیدی وەلەدبەگی هات بۆ بیارە و ڕیسالەی حیسابی بەهائەددینی عامیلی خوێند و ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشت بۆ دێی «دەوڵەتئاوا» لەلای کورانی «سید الدوله» سەیید تاهیر هاشمی و سەیید وەجیهەددین و سەیید عەبدولقادر بوو بە موددەڕڕیس لەو ڕۆژەوە تا ئێستە لەوێ مەشغووڵی تەدریسە «لله الحمد» موەففەق و خاوەن سووده.[1]

لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و پێنجا شێخ عەبدولوەهاب کوڕی شێخ قادری نەرگسەجارِ کە موددەڕڕیس دێی خۆیان بوو و خەلیفە و مەنسووبی شێخی بیارە بوو و مەجزووب بوو وەفاتی کرد.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و حەوتا چەن مانگێ فاتیح و موحەممەدی کوڕم لە بیارەوە ڕۆیشتن بۆ عەبابەیلێ لە خزمەتی مەلا حەسەنی عەبابەیلێدا خوێندیان لە پاشان هاتنەوە بۆ بیارە و لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست هەشتا فاتمەی کچی شێخ موحەممەدی شێخ عەلی خەزوورم مارەکرد بۆ فاتیحی کوڕم و مەلا و فەقێی قەزای هەڵەبجە هەموو هاتن بۆ شادی و زۆر خۆش زەماوەندەکە تەواو بوو، فاتیح لەم فاتمە ناوە دووکچی بوو نافعە و نەعیمە هەردوو بەشوێن یەکا وەفاتیان کرد، جا فاتمەی دایکیشیان وەفاتی کرد - رحمها الله -، وەفاتی فاتمە لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتادا بوو.

لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و هەشتا مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی هەوشاری و مەلا موحەممەد ئەمینی بانەیی و مەلا عەبدولقادری خۆشناوی یەك لە دوای یەك ئیجازەیان وەرگرت، هەریەکی ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆی، لەم سێ کەسا هەر لە حاڵی مەلا عەبدولقادر ئاگادارم کە لە دێی «ناوەند» لە نزیکی شاری «ڕەواندوز»ا دامەزراوە و مەشغووڵی تەدریسە «و لله الحمد» موەففەقە.

هەر لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و هەشتا مامۆستا مەلا بە هائەددین نەخۆش کەوت چەن مانگێ گیرۆدەی ئەم ناساغییە بوو و هەر لە حەیاتی خۆیا لە پشتی دیواری مەرقەدەوە لە موقابیلی حوجرەکەی خۆیا لە حەوشە بچکۆلەی پشتی مەرقەدا قەبری بۆ خۆی هەڵکەند و لە مانگی «شەعبان»ا موتەوەفا بوو - رحمه الله و طاب ثراه -.

[1]. مامۆستا مەلا مەجید لە ١٣٨٧/٤/١١ = ٢٠٠٧/٧/٢ کۆچی دوایی کردووە و لە دەوڵەتئاوای سەر بەشاری ڕەوانسەر نێژراوە].

لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و نۆدا مەلا عەزیزی پریس کە لە تائیفەی هۆزی هەسەنە و لەم ئاخرا نەسەبی خۆی بردەوە سەر سادات و لەسەر قسەی موحەممەد ئەمین سوبحان لە خاڵۆوانی باپیرە فەتتاح و عەزیزی برایەتی، لە دێی پریسا وەفاتی کرد - رحمه الله و طاب ثراه - .

بە وەفاتی ئەم زاتەیش ئەو تۆزە خۆشییە ئیجتیماعییە کە لە ناو مەلایانی قەزای هەڵەبجەدا مابووەوە ئەویش ڕووی کردە نەمان، بەڵکوو بیلفیعل نەما و بە فەوتی مامۆستا مەلا بەهائەددین وەزعی خانەقای بیارەیش ڕووی کردە زەعیفی، چونکی پیاوێکی وەکوو ئەو کە لە ئومووری خەتم و تەهلیلەدا سەرامەد بێ نەما و ڕۆژ بە ڕۆژ وەزع بەرەو تاریکی ئەڕۆیشت «إنا لله و إنا إليه راجعون».

لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتادا شێخ نەجمەددین کوڕی شێخ عەبدولقادری حەوتاش کە لە نەتەوەی خەلیفە ڕۆستەمی حەوتاشین و مەنسووبی بیارە بوو و لە بیارەدا ئەیخوێند تەواوی کرد و ئیجازەی وەرگرت و ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەمە ئاخر تالیبولعیلمێ بوو کە لە بیارەدا ئیجازەی لەلای من وەرگرت.

◈◈◈

دەورێ بوو دیمان بە دیمەن بەهەشت
وینەی گوڵزار بوو کێو و سارا و دەشت
لە لایێ شـــنۆی نەســـیمی ســـەحەر
لە لایـــێ شـــێوەی دۆســـتانی دڵبەر
بابارەســـوول و شـــێخ عەبدولکەریم
مـــەلا عەبدوڵـــڵا و عابـــدی ســـەلیم
مـــەلا عەزیز و مـــەلا شـــێخ عومەر
مەلا شێخ ڕەســـوول زانای مونەوەر
لەگـــەڵ یارانا لە دەســـتە و بەســـتە
ئەبوون بـــە دەرمان بۆ دڵی خەســـتە

کاتێ بـــۆ دیـــدەن گـــرد ئەبوونەوە
بە ســـەفای ســـینەی خۆش نموونەوە
ئەتـــوت کۆمەڵێ لـــە فریشـــتەکان
هاتـــوون بە ئەمری خـــودای لا مەکان
کۆیان بـــە وێنەی ئەســـتێرەیکۆ بوو
بۆیـــان بە وێنەی عەتری شـــەوبۆ بوو
ڕوویان بە دیمەن بـــە وێنەیگوڵ بوو
بۆیـــان شـــەونمی لاپـــەڕەی دڵ بوو
وتاریـــان باســـی وەحیی خـــودا بوو
ڕەفتاریان شـــێوەی ڕەســـوولەڵڵا بوو
نموونەی چرای ڕێـــی عینایەت بوون
وێنەی ئەستێرەی ڕێی هیدایەت بوون
کاتێ لـــە حوجرەی مەدرەســـەی زیا
ئەکەوتنە ســـوحبەت وێنەی ئەســـفیا
مەجلیس پڕ ئەبوو لـــە زەوق و مەعنا
جەلیســـیان بە دڵ ئەیوت «ســـمِعْنا»
لە لایێ باســـی عەقـــڵ و عیلم و دین
لـــە لایێ خوڵك و ڕەوشـــتی شـــیرین
جێجێ لە باســـی یارانی سەربەســـت
جێجێ لە باســـی دڵبەری چاو مەست
جارجار هەر نوکتە و گەپ و مەزاح بوو
باسی عوشرەتی مەســـا و سەباح بوو
ســـاڵێ بە وێنەی ســـاتێ بـــوو لەلات
لە دڵ دەرئەچوو ئێشـــی موشـــکیلات
باســـی شـــەرابی قورئانـــی عەزیـــم
«لا فیهـــا غـــول» تـــا «و لا تأثیـــم»

وێنـــەی شـــەرابی حوببـــی یارانـــە
نیـــم نیـــگای چـــاوی چـــاو بیمارانە
ئاخ ئـــەم یارانـــەم نەئـــەدی بەچاو
نە بـــە بێـــداری نە بـــە کاتـــی خاو
یـــا بەر لـــە یـــاران ڕێم ئەگرتـــە بەر
بێســـۆزی ســـینە و بێجەفای جگەر
ئێســـتەیش کە قەزا عەکســـی موراده
«نامـــی» بـــە یـــادی یارانی شـــادە

◈◈◈

[ژیاننامە و باسی هەندێ لە زانایانی هەڵەبجە و دەوروبەری]

بۆ ئەوەی کە ئەم «ڕۆژگاری ژیان»ەم بە ڕووناکی سەرگوزەشتەی هەندێ لە عالمە بەرزەکانی زەمانی خۆم براژێتەوە ئەوەی کە بێ بە خەیاڵما و لە بیرما مابێ لە وەزعی کۆمەڵایەتی و تایبەتی ئەم مەلایانەی قەزای هەڵەبجە لەم شوێنا ئەینووسم.

ئەم قەزای «گوڵعەنبەرە» لە دەمێ قەڕن و ساڵەوە پڕ بووە لە پیاوانی بەرزی ناودار کە ئێمە لەم چەن لاپەڕەدا تاریخی ئەوانمان بۆ نانووسرێ.

بۆ وێنە بەندی کێوی هەورامانی تەخت لە زەمانی سەییدە موستەفای مەشهوور بە پیرشەهریارەوە کە هاوڕۆژی حەزرەتی غەوس عەبدولقادری گەیلانی بووە و بە کەلیمەی «أخي مصطفى رجل صالح» تاریفی ئەکا نووری چرای ئیرشاد و دڵپاکی تیا هەڵکراوە و نەوەد و نۆ پیرەی هەورامان تیایا پەروەردە بووە و لە تاریخی شەشسەد و..... کە شێخ موحەممەدی مەردۆخی باپیرەی مەردۆخییەکان هاتووەتە هەورامانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ عیلم و مەعریفەت لەو دۆڵا بڵاو بووەتەوە و چەن لقی بەرزی پڕ بارە لە نەتەوەی ئەو لە وڵاتی ئاردەڵانا و بە تایبەت لە دێی «تەختە» لە نزیکی شاری سنەدا و لە دەگاشێخانی مەریوانا و لە وڵاتی بابانا لە قەرەداغا دنیایان ڕووناك کردووەتەوە و مەلا عەزیزی تووتمانی کە یەکێکە لە قازیزادە مەردۆخییەکانی هەورامان، تاریخی فەرمانڕەواکانی هەورامانی بە

فارسی وەکوو شانامە هۆنیوەتەوە کە «مع الأسف» ئەو کتێبە نایابە کە تاریخی هەورامان و دەورو بەری ئەوێی تیا بوو و بە موناسەبە گەلێ باسی نایابی تری تیابوو، بە هۆی مەحموود خانی دزڵییەوە کەوتە [دەستی] ئەمیر موحەممەد خان تاماسبی و بردی بۆ تاران بە بەهانەی ئەوەوە چاپی بکا و کتێبەکە بەبێ سەرو شوێن فەوتا.

هەروا لە هەورامانی ئەو دیو پیاوی وەکوو مەلاخدری ڕووواری و پیاوی وەکوو سەیدی و [لە] دێی نۆدشەدا ڕشتەی مەلازادەکانی نۆدشە کە چەن پشت لەوان خزمەتی دینیان کردبوو و مەلا عەبدوڕەحمانی نۆدشی و مەلا ئەحمەدی کوڕی کە هەردوو لە سلێمانیا لە زەمانی ئەحمەد پاشای بابانا یەك لە پاش یەك موفتی بوون و ڕشتەی مەلاکانی بیارە کە لەسەرباسی مەرحووم مولانا مەلا عەبدولقادری بیارە بیست و پێنج پشت لەوان مەلا بوون و ئێستە گەلێ ئاساری نووسراو لە حوجرەی ژێرزەمینەی مزگەوتی ناو دێی بیارە بە سەرقەبری سەیید موحەممەد ناوێکەوە کە لەو حوجرەدا دەفن کراوە، ئەگەر یەکێ تماشا بکا دەستی ئەکەوێ و لەم ئاخرا مەلا ئیبراهیمی بیارەیی کە موجازی مەرحووم سەیید عەبدولکەریمی بەرزەنجەیی مودەڕڕیسی مزگەوتی شێخ باباعەلی لە سلێمانی بووە یەکە مەلای ڕۆژ بووە.

هەروا ڕشتەی ساداتی سەرگەت، کە بە قسەی خۆیان لەو ڕشتەن، بەڵام لە ئاخرا بۆم دەرکەوت کە بابا نەدوس عەلاقەی بە ئەسڵی ئەو شێخانەوە نییە و ئەم شێخانە .....[1] کە لە نەتەوەی ئیمام حەمزەی تەکیەی قەرەداغ و لە ئەولادی ئیمام مووسای کازمن، گەلێ پیاوی گەورەیان تیابووە وەکوو بابا نەدوس و بابا زەردەڵە، کە ئێستەیش باغێکی زلە بەو ناوەوە لە پشتی دێی ئەحمەدئاواوە هەیە و زۆر نزیکە بابا سەرهەنگ لە چەمی تەوێڵەیش لەم ڕشتە بێ و لەو چەرخی ئەوانا سەیید بە ناو باباوە ناوبراوە و سەیید عەبدولکەریم و سەیید عەلی کە زاوا و خەلیفەی حەزرەتی عوسمان سیراجەددین بوون لە پیاوە مەشهوورەکانی ئەم ڕشتەنە.

وە مەلا جەلال گوڵەنبەرکە یەکە عالمی ئەم وڵاتە بووە، موعاسیری شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی لە ئەولادی شێخ موحەممەدە کۆسە، کە لە ساداتی تەکیەی قەرەداغە، بووە

[١. دوو کەلیمە لێرەدا هەیە کە بە داخەوە بۆمان نەخوێنرایەوە].

و موعاسیری مەلا ئیبراهیم بیارەیی بووە، ئەم وڵاتەیان بە عیلم و فەزل ڕازاندووەتەوە و دوا بە دوای ئەمانا حەزرەتی عوسمان سیراجەددین و ئەولادە مورشیدەکانی موحەممەد بەهائەددین و عەبدوڕڕەحمان ئەبولوەفا و عومەری زیائەددین و شێخ ئەحمەد بە خۆیان و عالمانی دەوریانەوە وەکوو نۆدشی و مەلا عەبدولقادری بیارە ئەم وڵاتەیان کرد بە مەدرەسەی تەقدیس و تەعزیمی زاتی خودا و بوون بە ڕەهنمای ڕێگەی ئیسلام.

وە لە دەوری عومەری زیائەددین و مەلا عەبدولقادری بیارەدا گەلێ عالمانی بەرزلەم وڵاتا پێگەیشتن، ئێمە باسی ئەوانەمان بە تەواوی بۆ ناکرێ مەگەر بە فرسەتێکی بە ویسعەت، هەروا لە دێی تەویڵەدا گەلێ پیاوی ڕۆحی بەرزپەروەردە بووە، وەکوو فەقێ ئەحمەد غەزایی کە باپیرەی تائیفەی شێخ سیراجەددینە لەلایەنی دایکەوە و مەرحووم مەلا نەزیری گەورە کە خەلیفەی شاهمەزهەر بوخارایی بووە و زاوای سیراجەددین بووە و مەلا عەبدوڵڵای «پاڵانیا» کە یەکە سالحی ڕۆژگاری خۆی بووە و لە پێش زەمانی سیراجەددینا وەفاتی کردووە.

بەڵام ئێمە لێرا باسێ کورتی کۆمەڵێ مەلای زەمانی خۆمان ئەکەین کە بریتین لە شێخ عەبدولکەریم ئەحمەدبڕندە و شێخ بابارەسوولی ئەباعوبەیدە و شێخ موستەفای موفتی هەڵەبجە و شێخ عەبدوللەتیف قازی هەڵەبجە و مەلا عەزیزی پریس و مەلا حەمەسەعیدی عەبابەیلێ و مەلا عابدی عەبابەیلێیی، یانێ باسی گردبوونەوە و ڕابواردن و ئەخلاق و ڕەوشتی بەرزیان و قسەی خۆشیان ئەکەین هەتا ئەم ڕۆژە ڕەشە ئیمڕۆ خەڵك گیرۆدە بووە پێیەوە بە هۆی باسی ئەمانە لە بەرچاومانا ڕوونا بێتەوە.

شێخ موستەفای موفتی لە هەڵەبجە

کوڕی شێخ مەحموودی موفتی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی کوڕی شێخ موحەممەدە کۆسە کوڕی شێخ سولەیمان، شێخ موستەفا لە تاریخی (.....) لە دایك بووە، لە زەمانی باوکیا لە خزمەتی باوکیا خوێندوویەتی، پاش وەفاتی شێخ مەحموودی باوکی لە خزمەتی مەلای بیارەدا مەلا عەبدولقادر خوێندوویەتی و لە پاشا لە شوێنی خۆیانا لە هەڵەبجە لەسەر مزگەوتی جامیعە دانیشتووە وەزیفەی تەدریس و ئیمامەت و خەتابەتی بووە و وەزیفەی ئیفتایشی بووە و لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و ..... وەفاتی کرد.

شێخ عەبدولکەریم ئەحمەدبڕندە

شێخ عەبدولکەریم ئەحمەدبڕندە کوڕی سەیید ئەحمەد کوڕی حاجی موحەممەد میسری کوڕی شێخ عەبدوڕەحیمی میسری، حاجی موحەممەد لە لەشکری خدیوا هاتووە بۆ شەڕی نەجد لەگەڵ یەهوودا، پاش حەرب هاتووە بۆ بەغدا بۆ زیارەتی گەیلانی و لەوێ خەوی دیوە هاتووە بۆ لای شێخ ڕەسوولی خاناشۆری لە ناو باوەجانیدا، شێخ ڕەسوول خوشکی خۆی داوە بە حاجی موحەممەد و لەو ژنە کوڕێ سەیید ئەحمەد ناو بووە کە پێگەیشتووە خوشکی شێخ ئیسماعیل کوڕی شێخ ڕەسوولی مارەکردووە کە ناوی سەلما[1] بووە و شێخ عەبدولکەریمی لێبووە لە ساڵی هەزار و سێسەد و دەی هیجری شێخ عەبدولکەریم دەستی کردووە بە خوێندن و هاتووە بۆ خزمەتی شێخ مارفی نەرگسەجار. لە مەدرەسەی ئەوا لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحیم چرۆستانی ماوەیێ ماوەتەوە جا کەوتووەتە فەقێیەتی لە سلێمانی و لە هەڵەبجەدا خۆندوویەتی و زۆرمەی زەمانی فەقێیەتی لەگەڵ شێخ بابارەسوولی بیدنیدا لە سلێمانیا ڕایبواردووە، پاش وەفاتی مەرحووم شێخ مارف لە هەزار و سێسەد و سی و یەکا هاتووەوە بۆ ئەحمەدبڕندە و لەوێ دانیشتووە و خزمەتی ئەو مزگەوت و مەدرەسەیە کردووە تا وەفاتی کردووە لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و دووی هیجریدا و ئیجازەی لای کەس وەرنەگرتووە و لە «جمع الجوامع»دا دەسبەردار بووە، بەڵام زۆر مەلای باش بوو و تەدریسی باشی کرد و شاعیر بووە و لەگەڵ بابەشێخ کوڕی شێخ عەبدوڕەحیمی چنارەییدا و خاتوو ئاسکە[2] خوشکی بابەشێخ لە دایکەوە خەسووی بوو

---

١. ئەم سەلمای خوشکی شێخ سمایلە دوای باوکی شێخ عەبدولکەریم شووی کردووە بە شێخ حەمە ساڵحی عازەبانی لای ئەحمەدبڕندە کە لەوکاتا مالّی لە ماهیدەشتدا بووە و شێخ حەمەساڵح لەم سەلمایە دووکوڕ ئەحمەد و حسێن و کچێ خەجیجە ناوی بووە. ئەحمەد هەڵدێراوە لەلای دێی گوڵانا مردووە و حسێن لە ماهیدەشتا مردووە و خەجیجە شووی کردووە بە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مارف، شێخ ڕەئووفی لێ بووە. (ئەمەیش لە کاکە شێخم وەرگرت).

٢. خاتوون ئاسکەی خەسووی شێخ عەبدولکەریم کچی شێخێکی چنارەیی بووە ناوی شێخ عەبدوڕەحیم چنارەیی بووە و مەلا و ئیمامی نەرگسەجار بووە و لە نەرگسەجارا وەفاتی کردووە وا لە قەبرستانی ملەی دارەگەورە بەرابەری دێی نەرگسەجار و شێخ عەبدوڕەحیم کوڕێکی بووە ناوی بابەشێخ بووە و دایکی خاتوون ئاسکە و بابەشێخ لەگەڵ دایکی مەلا قادری سۆفیدا خزمی یەکن و خاتوون ئاسکە شووی کرد بە شێخێکی خاناشۆری سەیید ئەحمەد ناو و لەو شێخە دووکچی بووە یەکەم جەمیلە خان کە شووی کردووە بە شێخ عەبدولکەریم مەلای ئەحمەدبڕندە و کچێکیتریش مەنیجە ناو کە شووی کردووە بە شێخ عارف ناوی خانەشۆری و دوو کوڕی نەسرەددین و ئەحمەد ناوی لێ بووە. (ئەمانەم لە حاجی کاکە شێخ بیست لە مەوالیدی ١٣٢٥) هیجری.

و ئاسکە شووی کرد بە شێخێکی خانەشۆری و کچێکی جەمیلە ناوی بوو مارەی کرد بۆ شێخ عەبدولکەریم و لە جەمیلە خان دوو کوڕ شێخ حوسەین و شێخ ئەحمەد پەیدا بوون.

شێخ بابا ڕەسوولی بیدنی

کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عەبدوسسەمەدی بیدنی لە ڕشتەی ساداتی سۆڵەی قەرەداغ، دایکی خوشکی شێخ حەسەنی چرچەقەڵا بووە لە تاریخی هە زار و سێسەد و یەکا لە بیدن لە دایك بووە و لە پاش تەمیز دەستی کردووە بە خوێندن و لە هەڵەبجە و سلێمانیدا لەگەڵ شێخ عەبدولکەریمدا خوێندوویەتی، لە سلێمانیدا لە خزمەتی شێخ باباعەلی تەکیەیی خوێندوویانە و ماوەیێ لە مزگەوتی مەلا ئەمین مام ڕۆستەم لەلای حاجی مەلا مەحوودی کۆکۆییدا خوێندوویانە و ماوەیێ لە مزگەوتی هەمزەئاغا لەلای مەلا موحەممەدی خاکیدا خوێندوویانە و ماوەیێ لە مزگەوتی سەیید حەسەندا خوێندوویانە و ماوەیێ لە پریس لە خزمەتی مامۆستا مەلا قادری مەلا موئمیندا خوێندوویانە و چەن مانگێ لە قەرزابات هەم لە خزمەتی مەلا قادری مەلا موئمیندا خوێندوویانە، پاش جیابوونەوەی لە شێخ عەبدولکەریم ڕۆیشتووە بۆ بیارە ئیتر گیرۆدەی مەحەببەتی حەزرەتی نەجمەددین بووە و لە بیارە ماوەتەوە هەتا لە خزمەتی مەلای گەورەدا تەواوی کردووە و تا شێخ نەجمەددین لە حەیاتا بووە هەر لە بیارەدا بووە و لە وێ ژنی هێناوە، پاش وەفاتی شێخ ڕۆیشتووە بۆ هەڵەبجە، پاش چەن مانگێ ڕۆیشتووە بۆ سۆڵەی قەرەداغ، پاش ساڵێ لەوێوە ڕۆیشتووە بۆ «زەلە ڕەش» بۆلای حوسەین بەگی مەحموود پاشا، پاش چەن ساڵێ لە ساڵی هەزار سێسەد و چل و حەوتا هات بۆ عەبابەیلێ و لەوێ ماوەیەوە هەتا ساڵی هەزار و سێسەدو شەست و سێ لە عەبابەیلێ وەفاتی کرد.

مەلا شێخ عەبدوللەتیف هەڵەبجە

کوڕی شێخ موحەممەدی قەرەداغی کوڕی شێخ عەبدوللەتیفی بچووك، لە ساڵی (.....) لە هەڵەبجە لە دایك بووە و لە پاش تەمیز دەستی کردووە بە خوێندن پاش وەفاتی باوکی لە ساڵی هەزار و سێسەد و پازدەدا ڕۆیشتووە بۆ بیارە و لە خزمەتی مەلای گەورەدا خوێندوویەتی، پاش تەواوکردن هاتووتەوە بۆ هەڵەبجە و لەسەر مزگەوتی خۆیان،

یانێ مزگەوتی موحەممەد پاشا بە تەدریس دانیشتووە و ئیمامەتی کردووە و لە پاش ئیحتیلال ماوەیێ قازی هەڵەبجە بوو، پاش ئەوە لە قەزاوەت عەزل بوو ئەمجار مەشغوولّی خزمەتی عیلم و دین بوو تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و شەشا وەفاتی کرد.

مەلا موحەممەد سەعیدی عەبابەیلێ

کوڕی موحەممەد حاجی ئەحمەد ناوی عەبابەیلێیی، لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و شەشا لە عەبابەیلێ لە دایك بووە و لە پاش تەمیز دەستی کردووە بە خوێندن و لە عەبابەیلێ لە خزمەتی مەلا عەزیزی ڕوخزادی و مەلا مەحموودی کۆکۆیی و مەلا عەبدوڵڵای شێخ قادرا خوێندوویەتی و پاش ئەمە ڕۆیشتووە بۆ کەرکووك ماوەیێ لە خزمەتی عەلی حیکمەتدا خوێندوویەتی جا هاتووەتەوە بۆ بیارە لە خزمەتی مەلای گەورەدا ئیجازەی وەرگرتووە، جا بووە بە موددەرڕیسی عەبابەیلێ و لەسەر تەدریس دەوامی کرد و خۆیشی تیجارەت و کەسابەتی بوو، تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و چل و شەشا وەفاتی کرد.

مەلا عەزیزی پریس

ئەم زاتە لە هۆزی هەسەن مەولان و لە جافی غەوارەیە، لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و هەشتا لە ناو غەوارەدا لە دایك بووە، لە پاش گەورەبوون دەستی کردووە بە خوێندن و لە خزمەتی مامۆستاکانی قەزای هەڵەبجەدا خوێندوویەتی، ماوەیێ لە خزمەتی مەلا عەزیزی ڕوخزادیدا لە عەبابەیلێ خوێندوویەتی، هەروا لە بیارەدا لە خزمەتی مەلای گەورەدا خوێندوویە و لەوێ ئیجازەی وەرگرتووە، جا لەسەر ئەمری مەرحووم شێخ نەجمەددین لە دێی پریسی ژوورووبووە بە مەلا و کچی سەیید عەبدوڕەحمانی کانیتووی مارەکردووە و حامید بەگ ئاشێکی لە دێی پریس پێداوە بۆ ژیانی و لەوێ مایەوە هەتا لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و نۆدا لە پریس وەفاتی کرد، بەڵێ دوو سێ مانگێ لە پریس زویر بوو و ڕۆیشت بۆ پێنجوێن، بەڵام مەلاکانی هەڵەبجە ڕۆیشتن هێنایانەوە بۆ پریس، ئەمە بە کورتی تەرجەمەی وەلادەت و وەفات و ژیانیان، مەلا عەزیز لە ڕشتەی خاڵوانی باپیرە فەتتاحی منە و لەم ساڵانی ئاخرا نەسەبی خۆی بردەوە سەر ساداتی میراوڵی و بە سەیید مەشهوور بوو.

مەلا عابدی عەبابەیلێ

خەڵکی عەبابەیلێ و لە دەوری تاریخی هەزار و سێسەد و بیستا لە دایك بووە و لە پاش تەمیز لە عەبابەیلێ دەستی کردووە بە خوێندن، ماوەیێ دەستی لە خوێندن هەڵگرت دووبارە لە ساڵی هەزار و سێسەد و سی‌و نۆدا دەستی کردەوە بە خوێندن ماوەیێ لە عەبابەیلێ خوێندی جا ڕۆیشت بۆ خزمەتی مەلا قادری سۆفی، دەوری چوار ساڵ لەوێ خوێندی و ئیجازەی وەرگرت، پاش ئەوە من لە نەرگسەجارِ دەرچووم بۆ بیارە ئەو بوو بە مەلای نەرگسەجارِ و پاش چوار ساڵێ لە نەرگسەجارِ گوێزایەوە بۆ «بیاوێڵە» و شێخی بیارە حوجرەی بۆ خۆی و فەقێکانی کردەوە و خۆیشی کاسبی و فەلاحەتی ئەکرد و زۆر بەسەڵاحەت و تەقوا و شەونوێژ و خزمەتی دین ڕای‌بوارد، تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و دوودا لە بیاوێڵە وەفاتی کرد و لە قەبرستانی عەبابەیلێ دەفن کرا و لەو ماوەدا لە بیاوێڵە بوو ژنی هێنا تاقە کوڕێکی لە شوێن بەجێ‌ماوە لە عەبابەیلێ و هەڵەبجەدا ئەژی.

مەلا حەسەن عەبابەیلێ

کوڕی حەمە ڕەحیم و لە تائیفەی حاجی حەمە ساڵحی عەبابەیلییە، لە دەوری ساڵی هەزار و سێسەد و بیست و دوودا لەدایك بووە و لە مەدرەسەی عەبابەیلێدا خوێندی و لە خزمەتی شێخ باباڕەسوولدا ئیجازەی وەرگرت و زۆر خۆشەویستی باباڕەسوول بوو، پاش وەفاتی باباڕەسوول لە عەبابەیلێ بوو بە مودەڕڕیس و خەتیب هەروا دەوامی کرد بە دیانەت و تەقوا و تەدریس تا لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و سێدا لە عەبابەیلێ وەفاتی کرد. «رحمه الله و طاب ثراه، بل و رحمهم الله جمیعاً و طاب ثراهم و غفر لنا و لهم آمین».

مەلا عەبدوڵڵای دەرەشیش

کوڕی عەبدولغەفوور ناو خەڵکی نەمەشیر لە بانە، لە خزمەتی مەلا موحەممەدی دووڕووە ئیجازەی وەرگرت و بوو بە مەلای شێخ سادق لە گوڵپ، پاش دوو سێ ساڵ ڕۆیشت بوو بە مەلای هانەگەرمەڵە و پاش سێ ساڵ لەوێ گوێزایەوە بۆ بیاوێڵە و پاش شەش ساڵ گوێزایەوە بۆ دەرەشیش و لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشتا لە دەرەشیش وەفاتی کرد و لە عومرێکی پەنجا و هەشت ساڵیدا «رحمه الله و طاب ثراه».

باسێکی تێکڕایی ڕابواردنیان

ئەم زاتانە لەگەڵ ئەوا کە هەریەکێ شەخسیەتێکی سەربەخۆ بوون بەڵام چە لە زەمانی فەقێیەتیا و چە لە زەمانی مەلایەتیدا ئەوەندە بە یەکەوە بەسرابوون وەکوو ئەولادی خانەدانێ وابوون و هۆی ئەم بەیەکەوە بەسرانەیان زۆرمەی ئەوە [بوو] کە هەموولاێکیان عەلاقەی ڕۆحییان بە خانەدانی بیارەوە بوو و بە تەربییەت و ئەخلاقی شێخی زیائەددین کە وەکوو میراس بۆیان هاتبووەوە و بە ئەخلاقی شێخ نەجمەددین و مەلای بیارە و شێخی بیارەی دوایی مەرحووم شێخ عەلائەددین ئینتیباعاتی نەفسییان وەرگرتبوو. ئینسان لەگەڵ هەرکامیان ڕابواردایێ بێنی ئەوانیتری وەرئەگرت.

شێخ موستەفای موفتی و شێخ عەبدوللەتیفی قەرەداغی، دوو خاوەن خانەدان بوون کە غالبەن مزگەوت و مالیان بە کۆمەڵەی ئەم مەلایانە ئاوەدان بوو، لە ڕۆژێکا ئەتتوانی کە لەلای شێخ موستەفا و یا شێخ لەتیف گەلێ لەم مەلایانە ببینی لە ئەوقاتی زیارەتا «من جملە» ئەوەندە مەلا عەزیزی پریس مەربووتی شێخ موستەفا موفتی بوو کە ئەهاتە هەڵەبجە ئەبوا لە پێشا بڕۆشتایێ شێخ موستەفای چاو پێبکەوتایی بۆیێ لە کاتی وەرگرتن کۆبوونی حکومەتیدا ڕۆژێ شێخ عەبدولکەریم فەرمووی بە خوا حەق وایە مەلا عەزیز لە سەر مالی موفتی بنووسرێ و لە ژمارەی ئەوانا قەید بکرێت.

لە کاتی پرسیاری مەسئەلەی شەرعییا بە یەکەوە دائەنیشتن باسی ئەو مەسئەلەیانە ئەکرد و حوکمەکەیان بەڕاستی دەرئەخست و ئەو نیزاع و جیدالە لەناو باقی عولەمادا هەیە لەناو ئەوانا نەدەبوو. لە پاش حەللی مەسائیل و باسی موهیمی ڕۆژ دەستیان ئەکرد بە سوحبەت و گەڕەلاوژێ. شەوێ لە مالی شێخ عەبدوللەتیفدا، بوون بە دوو دەستە و لەسەر ناوی خواردەمەنی موسەددەر بە «کاف» موسابیقەیان ئەکرد، مەلا عەزیز پریس بە تەنگ ئەهات پاش ئەوە کە هەر خواردەمەنییەکی حەڵالی ئەزانی تەواوی کرد، وتی: کەر ئەخۆم، وتیان: چۆن کەر ئەخوریێ؟ وتی: ناعیلاجی حەرام حەڵاڵ ئەکا!.

لە سبەینێی ئەو شەوەدا دانیشتبووین لە مالی شێخ لەتیفدا چاییمان ئەخواردەوە پیاوێکی شارەزووری شووتییێکی گەورەی بەسەرشانەوە بوو هات و وتی: ئەمەیە مالی

شێخ لەتیف؟ وتیان: بەڵی، ئەویش شووتییەکەی دانا و دەستی مەلاکانی ماچ کرد، شێخ لەتیف فەرمووی: تۆ لەمەوبەر هاتووی بۆلای من و ئەمناسی؟ وتی: نەخێر، فەرمووی: ئەی ئێستە بۆچی ئەم شووتییەت هێناوە؟ وتی: وەڵڵا بێسانێکی باشم هەیە شووتی زۆری تیایە و وێستم ئەم شووتییە بێنم بۆ مالّتان بۆ پیرۆزی بێسانەکەم، فەرمووی: ئەزانی من قازیم؟ وتی: بیستوومە، فەرمووی دەی ئەبێ ئەم شووتییە ببەیتەوە، هەرچەن کابرا حەولیدا هەرمەجبووری کرد هەڵی گرت بیباتە دەرەوە، لەویا مەلا عەزیز فەرمووی ئەی ناموبارەك، وەڵڵا نایبڵم بیباتە دەرەوە تۆ ناخۆی مەیخۆ!، وەڵڵا مەلا عەزیز کابرای بانگ کردە دواوە شووتییەکەی لێگرت لەتمان کرد و خواردمان.

هەر لەو وەختی قەزاوەتی شێخ لەتیفەدا ڕۆژێ کابرایێ ئێت بۆ ئەوە دوعا بنووسێ بۆ نەخۆشێکیان و پاش ئەوە شێخ لەتیف دوعاکەی بۆ ئەنووسێ کابرا سەرقەڵەمانەکەی لە ژێر بەرمالّەکەی شێخ لەتیفدا دائەنێ، لە پاشا شێخ لەتیف تماشا ئەکا بیست لیرەی خستووەتە پیارسکەیێ و بەجێی هێشتووە، لەویا ئەزانێ ئەم کابرا بۆ ئیشێ ئەم پارەیە هێناوە، پارەکە لای خۆی هەڵئەگرێ لە پاش ماوەیێ کابرا ئێت عەریزە ئەدا و دەعوای مالّی لەسەرکابرایێ قەید ئەکا، کاتێ هەردوولایان حازری مەحکەمە بوون شێخ لەتیف ئەڵێ بەکابرای خاوەن لیرە جارێ ئەم سەرقەڵەمانە وەربگرەرەوە ئەوسا قسەت بکە، کابرا ڕەنگی زەرد ئەبێ هەرچەن حەول ئەدا، [شێخ لەتیف] پارەکە ئەداتەوە بەسەریا، جا موحاکەمەکەی تماشا ئەکا.

ئەم شێخ لەتیفە ئەوندە ڕەوشتی بەرز بوو، ئینسان نازانێ چۆن تەعریفی بکا، ڕۆژێ لە فەقێیەتیدا لە سلێمانییەوە هاتم بۆ بیارە و لامدایە مزگەوتی پاشا لەوکاتا شێخ لەتیف لە دالّانی حوجرەکەدابوو، من تۆزێ ڕاوەستام بۆم ڕوانی و نەچووم دەستی ماچ بکەم، ئیتر کەوتم بە تەقەوە، ئەو لە دالّانی مزگەوتەکەوە هات بۆلای من دەستی کردە ملم و بە خێر هاتنی کردم، جا منیش بە شەرمەساریەوە دەستم زیارەت کرد.

ڕۆژێ لە کاتی قەزاوەتەکەیا لە خزمەتیا بووم پیاوێ هات وتی: قوربان خانم سەلامت عەرز ئەکا ئەڵێ فلانکەس ئیشێکی هەیە لە مەحکەمەدا چاوی تێیەوە بێ، ئەویش

فەرمووی شەرع چۆن ئەمر بکا وەها تماشای ئەکەم، کابرا ڕۆیشت پاش چارەکێ هاتەوە، وێنەی قسە پێشووەکە لە ناویانا ڕابورد و ڕۆیشت، پاش چارەکێ تر هاتەوە وێنەی قسەکەی کردەوە، شێخ لەتیف فەرمووی وا دیارە خانم ئەیەوێ من دینی خۆم بفرۆشم بۆ پیاوەکەی ئەو، یاڵڵا، یاڵڵا بڕۆ ئەگەرنا تەمێت ئەکەم بۆ ئاغات، یاڵڵا کابرا گورج دەرچوو و ڕۆیشت.

لە پاش وەفاتی لە خەوا وامزانی لەسەر سەکۆی مزگەوتی جامیعە ڕاکشاوە وەکوو ناساغ وایە، ڕۆیشتم بۆ خزمەتی عەرزم کرد تۆزێ دەست بێنم بە پێتا؟ فەرمووی باشە، لەویا عەرزم کرد قوربان تۆ مردی قسەم بۆ بکە وەزعت چۆنە؟ فەرمووی توخوا مەلا کەریم عەیب نییە تۆ بە من ئەڵێیت مردی! ئیتر من شەرم گرتمی و قسەم نەکرد و خەبەرم بووەوە.

ئەو ڕەفتاری پاکە لەو زاتەوە دەرك کرا بەتایبەتی لە زەمانی قەزاوەتا لە کەم کەسەوە بینراوە خودا جەزای بداتەوە.

شێخ موستەفا موفتی ئەویش لە ئیشی خۆیا لە زەمانی موفتیگەریدا بێموافەقەی مەلاکان فتوای نەئەدا و زۆر مولاحەزەی شەرعی ئەکرد و لە پاش ئەوە زەمان لێی وەرگەڕا و وەزیفەی ئیفتا نەما لەگەڵ ئەویشا عائیلەی زۆر بوو و میوانی زۆر ئەهات، زۆر فەقیر کەوت بەڵام سەبر و ئیستیقامەتێ لەو زاتا بوو لە کەسا دەرك نەدەکرا، بەتایبەتی سێ ساڵ پێش وەفاتی، بە نەخۆشی «مەسانە» گیرۆدە بوو و شەو و ڕۆژ لە ئازارا بوو ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ سەبر و سوپاسی خودا و ئیستیقامەتی لەسەر ئەو زەحمەتە و مەینەتە دەوامی ئەکرد، هەتا لە تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجا..... وەفاتی کرد «رحمه الله و طاب ثراه»، بەڵام لەم ماوەی لێقەومانا شێخ ڕەسوولی تەکیەیی کە ژنبرای بوو و زاوایشی بوو زۆر خزمەتی موفتی کرد، بە نەوعێ کە لەم نامەدا بۆ من نانووسرێت، بەڕاستی وەفا و حوقووق وائەبێ کە شێخ ڕەسوول بەرابەر بە موفتی بەجێگەی هێنا.

شێخ موستەفا زۆر خاوەن زەوق بوو و مەیلی لە ڕابواردن زۆر بوو هەمیشە مەجلیسی پڕ بوو لە قسەی خۆش و نوکتەی جوان، کەریم زیرونی بوو لە هەڵەبجەدا چونکی هەر لە منداڵییەوە تێکەڵی ماڵی موفتی بوو زۆر جار ئەهاتە خزمەتی موفتی و قسەی خۆشی ئەگێڕایەوە. هەر ئەو گێڕایەوە وتی: ڕۆژێ لەبیرم ئێ مەولەوی لە زەمانی شێخ مەحموودی

موفتیدا هات بۆ مالّی موفتی هەر لە دووڕەوە بانگی کرد لە شێخ مەحموودی موفتی فەرمووی: توخوا بزانە ئەم قوڕمساقە (یانی خۆی) چە خەیالّێکی ناسکی کردووە کە ئەلّێت:

گوڵ چوون ڕۆی ئازیز نەزاکەت پۆشان

وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

مەولەوی کە ئەهاتە هەلّەبجە هەر لە مالّی شێخ مەحموودی موفتییا میوان ئەبوو و مەجلیسەکەیان ئەبوو بە باڵاخانەیێ لە بەهەشتا.

ڕۆژێ مەلاکان لە مالّی موفتیدا باسی ئەوەیان ئەکرد سبەی کە جومعەیە بڕۆن بۆ «هانەسوورە» بۆ دیدەن و جومعە لەوێ بکەن، موفتی فەرمووی: بابە من ناتوانم لەبەر خوتبەکە سبەی بێم بۆ هانەسوورە، شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبڕندەیش فەرمووی: ئەرێ قوربان خۆ خوتبەی جومعە حەیوانی جوولەکە نییە کە شەرت بێ مالووم سەری ببڕێ، با یەکێ تر لە باتی تۆ خوتبەکە بخوێنێتەوە، مەلاکان قەدرێ بەم نوکتە پێکەنین.

موفتی لەگەڵ حاجی شێخ ئەمینی باوەکوچکیدا زۆر میانەی خۆش بوو و لە ئەنجاما کچی حاجی شێخی ئەمینی ماڕەکرد بۆ شێخ موحەممەدی کوڕی و لەم کچە چەن منداڵێ پەیدا بوو.

موفتی لەگەڵ شێخانی هانەسوورە و شێخانی عەبابەیلێدا موساهەرە و خزمایەتی بوو، کچی خۆی دابوو بە مەرحووم شێخ کەریمی شێخ مەحموودی عەبابەیلێ وکچی شێخێکی تاوێرەیی بۆ خۆی ماڕە کرد لەم ژنە تاوێرەییە حەمە سەعیدی کوڕی پەیدا بوو، تاوێرەیی لقێکن لە ساداتی عەبابەیلێ.

سەفەرێ لە خزمەتی شێخ بابارەسوولدا ڕۆیشتم بۆ بەغدا لەوسەرەوە کە هاتینەوە و گەیشتینە هەلّەبجە ڕۆیشتینە مالّی موفتی، هەر لە دووڕەوە موفتی بە خێرهاتنی کردین وتی ها بابارەسوول زوو بێرە سەر و هەنێ باسی بەغدام بۆ بکە. وتی: بەخوا قسەم لێنابیسی هەتا ئاگرێ نەکەنەوە وکراسەکەم نەدەم بە ئاگر و پشتەسووڕەیێکی خۆم نەدەم، فیعلەن موفتی ئەمری کرد بە حەنیفە خانی کچی ئاگری کردەوە و بابارەسوول پشتەسووڕەی خۆیدا وکراسەکەی گەرم کرد و لەم ماوەدا چایان پێگەیاند، جاگردبوونەوە و دەستیان کرد بە قسەی خۆش کردن.

ئاخ نیشتمان بۆچی ئەوەندە خۆشی بۆچی ئەوەندە باوەشت کردووە بە گیانا وەکوو دایکێکی میهرەبان کە ڕۆڵەی خۆشەویستی لە باوەشی بگرێ ئەڵبەتە لەبەر ئەوەیە کە خودا مادەی ئێمەی لەو ئاو و هەوا و خاکە دروست کردووە، یا لەبەر ئەوە کە چاومان کردەوە بەو کەژ و کێو و کۆسارا و دەر و دەشت و باغ و جۆبارە چاو تێر بوو، یا لەبەر ئەوە کە لە کاتێکا دڵ ساف بوو لە تۆزی مەینەت و خاڵی بوو لە نوختەی زحمەت، لەگەڵ هاونیشتمانەکانا وەکوو پۆلی پەلەوەر هاوڕێت گرت و لەگەڵیا ڕات ئەبوارد، بەڕاستی بە ناچاری نەبێ وەتەن نابێزرێ وەکوو مامە شێخ سەعدوون کوڕی شێخ تاها کوڕی شێخ سەمەدی کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی مەشهوور خوێندیەوە بۆم:

تەرکی زێد کەردەن لە کۆ ئاسانە　　لەو جێ ئاســـانە دڵ هەراسانە[1]

مەلا عەزیزی پریس[2]

ئەم زاتە زۆر مەلایێکی زانا و ورد و پیاوێکی سالم و خۆگر و بەشەرم و خێرخواهی موسوڵمانان بوو، زۆر سوحبەتچی [و] قسەی خۆشی زۆری هەیە، سەرگوزەشتەی ژیانی فەقێیەتی و مەلایەتی پێویستی ئەوەیە کتێبێکی بۆ بنووسی.

مەلا عەزیز زۆر لە بیارەدا خوێندوویەتی و لە عەبابەیلێدا لە خزمەتی مەلا عەزیزی ڕوخزادیا خوێندوویەتی، گێڕایەوە بۆم فەرمووی: پاش عەسرێ لە عەبابەیلێ لەگەڵ فەقێکانا هاتینە خوارەوە بۆ دەوری مەرقەدی ئەباعوبەیدەرضی اللہ عنہ لە پێشا لە باخێ لە بەرابەری مەرقەدا هەنێ میوەمان خوارد، جا هاتینە دەرەوە ڕوو بە ڕووی مەرقەد بۆ زیارەت، فەرمووی کە ڕوومان کردە مەرقەد دوازدە کەس بووین لە پێشا یەکێ لە فەقێکان چاوی کەوت بە سوورەتی دەموچاوی ئینسانێکی زۆر جوان لەسەر دیواری گومەزی عەبابەیلێ وەکوو شێوەی مانگ بەقەی دەستە سینێك، فەقێکە وتی ئای ئای تماشا بکەن ئەو سوورەتە لەسەر دیواری قەراغی گومەزەکە چییە؟ «ما شاء الله ما شاء الله» فەرمووی وەڵڵاهی یەکە یەکە ئەو دوازدە کەسە ئەو سوورەتەمان چاو پێکەوت، بەس مەلا موحەممەدی

---

١. ٩ ڕەمەزان ١٣٨٩.

[٢. چەن لاپەڕەیەك پێشتریش، مامۆستا کورتە نیگاێکی خستە سەر ژیانی مامۆستا عەزیزی پریس].

عەدلە خان ئەو هەر لەناو باغەکەدا بوو نەهات لەگەڵمان و چاوی پێنەکەوت، ئەم وەزعە دەوامی کرد هەتا هەموو گەیشتینە نزیکی حەسارەکەی مەرقەد لەویا غایب بوو لەبەر چاومانا.

ئەم مەلا موحەممەدی عەدلە خانە خەڵکی ئەباعوبەیدە بوو و دایکی پیرەژنێ بووە ناوی عەدلە بووە هەر فەقێکان پێیان وتووە عەدلەخان، ئەم زاتە ئامۆزای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای شێخ قادرە و ئەچنەوە سەر ئاغەوەیس ناوێ کە لە «پاوە»وە کۆچی کردووە بۆ ئەباعوبەیدە و نەتەوەی لەوێ ماونەتەوە چەن پیاوی بەرزیان تیا هەڵکەوتووە وەکوو شێخ قادری باوکی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا کە خەلیفەی زیائەددین بووە و مەلا عەبدوڵڵای کوڕی کە باش مەلای ئەو وڵاتە بووە و تاقانەی زەمانە بووە لە عیلم و عەقڵ و قەناعەت و عیززەتی نەفس و زوهد و تەقوا و تەرکی دونیادا و نازناوی حاشیە و نووسراوەکانی «الٰهی» بوو، یانێ پەنا بە خواوە دەر و بەس. ئەم زاتە ڕیسالەییکی لە عیلمی وەزعدا هەیە زۆر جوانە ناوی «الوضع المحمدی»ە و بۆ مەلا موحەممەدی کوڕی تەئلیف کردووە و نووسراوێکی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵام دیوە لە باسی فەسادی «تاپۆ»ی زەمانی خۆیانا و مەرحووم مەلای بیارە لە پشتی ڕیسالەکەوە تەسدیقی مەزموونی ڕیسالەکەی نووسیوە، بەڵام فەرمووی ئەم باسانە کردنەوەیان ئەبێ بە هۆی ئاشووب لەبەر ئەوە بێدەنگبوون باشترە.

وەکوو مەلا موحەممەدی عەدلە خان کە زۆر سالّح و قابیل بوو و لە هەر عیلمێکا مەتنێکی لەبەرکردووە ئەوسا ئیجازەی وەرگرتووە لە پاش تەواوکردن ڕۆیشتووە بۆ گەرمیان لە دەوری سەلاحییەدا مەلا بوو، لە ئاخری حەیاتیا لە دەوری هەزار و سێسەد و شەست و پێنجا هاتەوە بۆ دەوری هەڵەبجە و لە دێی عەنەب زستانێ بە هاوماڵی دانیشت لە پاشا وەفاتی کرد، جا منالّەکانی گەڕانەوە بۆ گەرمیان.

وەکوو مەلا سالّحی برای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا کە مەشهوور بوو بە کتێب فرۆش و بە ئەمری زیائەددین مەشغوولّی کتێب فرۆشی بوو و زۆر موورید و مەنسووبی زیائەددین بوو، گەلێ خەواریقی لێ ئەگێڕایەوە ماوەیێ لە شاری سنە دانیشتووە و خوشکی سەیید عەبدولعەزیزی شێخولئیسلامی مارە کردووە لە ئاخری حەیاتیا هاتەوە بۆ سلێمانی و لە دەوری سالّی هەزار و سێسەد و حەفتا و دووی هیجرییا وەفاتی کرد.

وە وەکوو مەلا موحەممەدی کوڕی مامۆسا مەلا عەبدوڵڵا کە مەلایێکی باشە و ڕیسالەیێکی تەئلیف کردووە لە ڕەددی ئەوانا کە حوکمیان بەوە کردووە بە هۆی ئیجرای لەفزی سێ تەڵاقە بە جارێ تەنیا یەك تەڵاق ئەکەوێ و ئەم ڕیسالە چاپ کراوە، مەلا موحەممەد لە دەوری هەزار و سێسەد و بیست لە عەبابەیلێ لەدایك بووە و لە خزمەتی باوکیا و لە خزمەتی شێخ باباڕەسوولدا خوێندوویە و ئیجازەی لەو وەرگرت، جا بوو بە مەلای دێی سۆڵەی قەرەداغ، پاش ماوەیێ هاتەوە بوو بە مەلای کۆکۆیی، پاش ماوەیێ هاتە شاری هەڵەبجە و لە تەکیەی سەیید نەسروڵڵادا دانیشت و لە نزیکی تەکیە خانووی کردەوە و پاش ئەوە کە مەلا موحەممەدی کوڕی حاجی مەلا موستەفا ئیمامی سابیقی تەکیە پێ‌گەیشت کچی خۆی پێدا و خۆی لە دەوری «کانیەفولکە» بە موساعەدەی موسوڵمانان مزگەوتێ باشی کردەوە و تەکیەی بەجێ‌هێشت بۆ مەلا موحەممەدی زاوای، ئێستە بەر حەیاتن - حفظهم الله تعالى بالخير و العافية و إيانا بمنّه آمين - .

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا دوو کوڕی‌تری هەیە: مەلا عەبدولقادر کە مەلایێکی باشە و ئێستە لە هیندییە لە خواری بەغداوە ئیمام و خەتیبە و ئەحمەد ناوکە لە بەغدادا کاسبە - وفقهما الله و إيانا آمين - .

لە عەبابەیلێدا مەلا مەحموودی دەنگخۆش بووە زۆر مەشهوورە تەرجەمەی حاڵی نازانم.

بڕۆینەوە سەرباسی مەلا عەزیز، ئەم زاتە لەگەڵ ئەوا عالمێکی بەرز و بەڕێز بوو، زۆر موتەوازیع بوو و زۆر قسەی خۆشی ئەکرد، ڕۆژێ عەبدوڵڵا فەتحوڵڵای پۆلیس - کە خزمی ئێمەیە لە پشتەوە و خزمی ئەویشە لە دایکەوە - لە دێی «پشتە»وە لەوبەری سیروان لەگەڵ پیاوێکی پشتەییا ئەبێ بە میوانی مەلا عەزیز، کاتێ لە وڵاغەکەی دائەبەزێ و مەلا عەزیز بەخێراتنی لێ ئەکات ئەڵێت: ئەرێ عەبدوڵڵا ئەو پیاوە کە تاریفت ئەکرد بۆ برنج کوتان ئەمەیە؟ ئەڵێ: بەڵێ قوربان، ئەڵێ: جا عەبدوڵڵا پیاوی وا چۆن ئەتوانێ برنج بکوتێ؟ لام وایە بەشەو و ڕۆژێ دنگێ[1] برنجی بۆ ناکوترێ. عەبدوڵڵا ئەڵێ: قوربان خەربزە بە ڕەنگ نییە، مەڕوانە قەوارەی بڕوانە کردەوەی، ئەویش ئەفەرموێت بە خوا

[1. دنگ: ئامرازی چەڵتووك کوتان، کە داریێك، یان بەردێك چاڵ ئەکەن و چەڵتووکەکەی تیادا ئەکوتن تا سوێکەی لێ جیا ببێتەوە].

باوەڕ ناکەم. کابراش حەماس ئەیگرێت ئەڵێ بێقەزابی تۆ لە خۆتەوە چۆن ئەزانی من ناتوانم برنج بکوتم، یەڵڵا ئەمر بفەرموو دنگێ برنج حازر بکەن، ئەویش ئەڵێت دنگێ برنج ئێنن و کابرا ڕاست ئەبێتەوە زوو بە زوو ئەیکوتێ.

ڕۆژێتر عەبدوڵڵا میوانیان ئەبێ و شەو لە پریسا ئەمێنێتەوە تەسادوف پیاوێکی «ئیمامی» کە لەو کاتا لە دێی «میری سوور» ئەبێ ئێت بۆ پرسی مەسئەلەی تەڵاق، بەیانی عەبدوڵڵا ئەڵێ: مامۆستا مەلا عەزیز وا شەو سەبرم کرد فەرموو سواربە بچین بۆ هەڵەبجە حوکوومەت تۆی ئەوێ، ئەویش [ئەڵێ:] وەڵڵا قەت نایێم و حوکوومەت بە هیچ نازانم (ئەمە موئامەرەی ناو خۆیان ئەبێ بۆ گاڵتە) عەبدوڵڵا خۆی توند ئەکا لە مەلا عەزیز و مەلا عەزیز دوو سێ قسەی خراپ بە عەبدوڵڵا ئەڵێت، ئەمجار عەبدوڵڵا ئەڵێ: مەلا شەرت بێ لە سلێمانییا شکاتی ئەم وەزعەت لێبکەم، برای میوان بە شاهید بە لە مەحکەمەدا شەهادەتم بۆ بدە، ئەو فەقیرەیش لە ترسی ئەوە کە غەریبە و ئێرانییە زۆر تێك ئەچێ و ئەپارێتەوە کە خۆیان سوڵح بکەن و شکات لە یەك نەکەن تا عەبدوڵڵا دەس ئەکا بە پێکەنین و دڵی کابرا خۆش ئەکەن بابە ئەمە گاڵتە بوو دڵت خەتەرە نەکا.

مەلا عەزیز ئەیفەرموو: لە عەبابەیلێدا ئەمانخۆند لەو کاتا مەلا عەبدوڵڵا ناوێکی باڵەکی شێتۆکە لەوێ بوو سەرمان ئەنایە سەری، ڕۆژێ وتم حاشیەیێ هەیە لەسەر دیباچەی عەبدوڵڵایەزدی بیپرسینەوە لە مەلا عەبدوڵڵا بزانین چیئەکا، لە واقیعا لێیان پرسییەوە ئەویش قەدرێ تماشای کرد و بۆی نەچوو، جا من کتێبەکەم لە دەست گرت و مەعنای حاشیەکەم بەیان کرد لەویا تۆزی مەلا عەبدوڵڵا بە سەرسامییەوە تماشای منی کرد جا وتی: ئەرێ دایکت دەگێم چۆن من مانای نازانم و تۆ مانای ئەزانی قەت شتی وا نابێ، ئێمەیش گەلێ پێکەنین پێی.

فەرمووی ڕۆژێ لە بیارەدا تاریفی فەقێیێکمان ئەکرد وتمان: سبەینێ تا دەوری وەزع و ئیستیعارە نەکاتەوە چا ناخواتەوە، هەروا لەسەر تاریفی فەقێیەکە ڕۆیشتین لەویا مەلا عەبدوڵڵا سەری بەرزکردەوە وتی: دە بێ دەنگ بێ دەنگ! پیرەژنی خێڵی شێخ وتمانیان لە باڵەك سبەینێیان لەسەرگووی، وەزع و ئیستیعارەی دەور ئەکەنەوە لۆچ ئەوەندە تاریفی ئەوی کابرایە دەکەن، ئێمەیش قەدرێ بە قسەکانیوە ڕامان ئەبوارد.

ئەیفەرموو: باوك و دایکی مەنسووبی باخەکۆن بوون و خۆیشی مەنسووبی بیارە بوو، جا جاربەجار لە خۆیەوە مات ئەبوو ئەیوت: بە خوڵای ترسم هەیە ئەو باب و داکەم بڕۆنە جەهەننم چونکە تەرکی بیارە ئەکەن و مەنسووبی باخەکۆن وەرئەگرن.

ئەیفەرموو: ڕۆژێ تاریفی پیاوێکی گەورەیان ئەکرد لە باخەکۆن ئەویش وتی بە خوا پیاوێکی گەورەیە بەڵام بە بزنی مامۆستا شێخ حەیدەریش نابێ.

ڕۆژێ کابرایێك لەلایا قسەی بارەو تەسەووفی ئەکرد ئەویش ڕووی تێکرد وتی: دەخیلە جەزب نەبی پارویێك گووی بخۆی.

ئەم مەلا عەبدوڵڵا لەم نەوعە قسانەی زۆر لێ ئەگێڕنەوە کە هۆی پێکەنین و ڕابواردنن «اللّهم اغفر لنا و له». لە بیرم دێ لە زەماوەندی ئیجازە وەرگرتنی مەلا موحەممەدی کوڕی مامۆسا مەلا عەبدوڵڵای عەبابەیلێ هەموو مەلا و فەقێی قەزای هەڵەبجە دەعوەت کرابووین بۆ عەبابەیلێ و لەبەر باغەکانا لە نزیکی مەرقەدی ئەباعوبەیدە دەستیان گرتبوو هەڵپەڕکێیان ئەکرد، کچێکی شێت بوو ئەهات بۆ ناو هەڵپەڕکێیەکە، مەلا عەزیز بە سوحبەتەوە لەگەڵیا کردی بە شەڕە بەرد، ماوەیێ بەردیان بۆ یەك خست و ئەم قەرەبالّغەیش سەیری ئەوانی ئەکرد.

ڕۆژێ لە پریس ئێنە دەرەوە بۆ باخەکان بۆ سەیران و فەقێ چایی دەم ئەکەن و دەس ئەکەن بە یاری، لەویا مەلا عەزیز دوور ئەکەوێتەوە ئەڕوا بۆ باخێکی تر پاش تۆزێ گەڕایەوە فەرمووی: کوڕە فەقێکان نازانن ئەو کەرە لەو باخا ئەلەوەڕێ ئێستە قەدرێ گلەیی کرد لێم، وتیان: قوربان چۆن؟ فەرمووی: وەڵڵا ئەڵێت من چەن جار هاتم داوای جێگەم کرد جێگەت پێ نەدام ئەتوت جێگە نییە کەچی فلّانە فەقێت جێگە کردەوە، ئا با بزانم ئەو چە فەزلێکی لەسەر من بوو وا ئەوت جێ کردەوە و منت نا ئومێد کرد. فلّانە فەقێ دیار بووە مەبەستی لە کێیە و زۆر فەقێکان بەم قسە پێکەنیون.

بابارەسوول و ڕەفێقەکانی

کەمێ لە ئەوزاعی شێخ بابەڕەسوول لێرا بنووسم بۆ یادگار. ئەم بابایە لە مەیدانی ئەخلاق و ڕەوشتی بەرزا بابای هاوڕۆژەکانی خۆی بوو کەسم نەدیوە ئەوەندە لە دنیا بێ مەیل و دوور بێ، ئیمڕۆ نانی بخواردایە لە بیرکردنەوەی لە گوزەرانی سبەینێ فاریغ بوو. لە ئاخری ساڵی

گرانییەکەیا شێخ حەکیمی مامی هاتبوو بۆلای وتبووی بابارەسوول مولکی موشتەرەکەمان هەیە بێ لە مەحکەمەدا ئیقرار بکە بۆم کە عەلاقەت نییە بەو مولکەوە بەڵکوو بیفرۆشم و لەم تەنگوچەڵەمەی گرانییە دەرچین، بە بێ خۆگرتن ڕۆیشت ئیقراری بۆ کرد و شێخ حەکیم فرۆشتی لە پارەکەیش چل و هەشت لیرەی هێناوە بۆ بابەڕەسوول ئەمیش دوو لیرەی لێهەڵگرتووە بۆ کراس و کەوشی بەهیەی عائیلەی باقی پارەکەی دایەوە بە شێخ حەکیم، جا ئیشی وا کێ ئەیکا؟!.

لە ساڵی هەزا و سێسەد و پەنجا بە یەکەوە لە خزمەتی شێخدا چووین بۆ بەغدا لە پاش پەنجا ڕۆژێ ئێمە گەڕاینەوە و شێخ یەکی حەفتا ڕوپیەی پێ دابن بۆ خەرجی، ئەو پارەکەی هەڵنەگرت، فەرمووی بە من هەڵمگرت و خەرجم کرد بۆ هەردوومان و لە ئەنجاما چوارەدە ڕوپیەی مایەوە ویستم لە سلێمانیدا حسێبێ بکەم بۆی و چوارەدە ڕوپییەکەی پێ بدەمەوە، ئەو عاجز بوو فەرمووی: بەخوا مەلا کەریم تەعەجوب ئەکەم لە تۆ کە حسێب بۆ من ئەکەی برۆ تۆپێ جگەرەم بۆ بسێنە من لە سلێمانیا چەن ڕۆژێ ئەمێنمەوە و ئیتر باسی پارە لەلای من مەکە.

مانەوەیشی لە سلێمانیا لەبەر ئەوە بوو وەختی خۆی غەزەلێکی نووسیبوو لە باسی وڵاتی خۆمانا لە لای شێخ باباعەلی عەرزیان کردبوو باباعەلی لە خۆیەوە لە دڵا عاجز بووبوو لە بابارەسوول ئەویش ویستی چەن ڕۆژێ بمێنێتەوە تا ئەو زویرییە لە دڵیا دەرکا.

بابا ڕەسوول دەوری هەشت ساڵ لە بیارەدا بە تەنیایی لە خزمەتی شێخ نەجمەددینا مابووەوە و مەشغووڵی تەدریس بووە و باقی وەختی لە خزمەتی شێخدا سەرف کردووە، لە گرانییەکەدا ساڵێ پێش وەفاتی شێخ نەجمەددین، بابەڕەسوول ژنی هێنا بوو و بە قەتعی غەیری سوحبەت و ڕەفاقەتی شێخ هیچ غایە و مەبەسێکی بۆ خۆی دانەنابوو و لەم ماوەدا لەگەڵ حاجی ئاغا موحەممەدی کوڕی سەیید [حەسەنی] چۆڕو مەلا ڕەئووفی مەلا ئەحمەدی قازی سلێمانی و مەلا مەحموودی موفتی و شێخ عەبدولکەریم و باقی ڕەفیقانا ڕای بواردووە، پاش ئەوە کە بەعزێ لە ڕەفیقان دوور کەوتوونەتەوە لە بیارە ڕۆژێ لە بەهارا ئەڕۆن بۆ سەیران و لە ناو تۆقە گوڵێکا دائەنیشن تۆزێ تماشای گوڵەکان ئەکا ئەمجار هاوارێ ئەکا و دەست ئەکا بە گریان، پاش ماوەیێ پرسیار ئەکەن بۆچی گریای؟ ئەڵی: بەخودا کە ئەو

تۆقە گوڵەم دی کۆمەڵی برادەرەکانی پێشووم کەوتەوە بیر کە بەیەکەوە دائەنیشتین و ئێستە بڵاوبوونەوە و بەعزێکیان وەفاتیان کرد و بەعزێ لە دووڕەوە ڕائەبوێرن.

لە زەماوەندی ژنهێنان بۆ مەلا عابدی بیاوێڵە هەموو مەلا و فەقێکان لە بیاوێڵە بووین لەوکاتا دووکەس گۆرانییان ئەوت و فەقێکان هەڵئەپەڕین، کوتووپڕ باباڕەسوول دەستی کرد بە گریانێکی بە کوڵ، پاش گریانەکەی وتم یا شێخ ئەمە چە وەختی ئەم گریانە بوو؟! فەرمووی: بەخوا لە دەنگی ئەو دوو گۆرانیبێژە زەمانی زەماوەندی شێخ ئەنوەری کوڕی شێخی زیائەددین کەوتەوە بیرم کە شێخ دانیشتبوو و گۆرانیوێژەکان لەسەر ئەم مەقامەی ئیمڕۆ گورانییان ئەوت لەو بیرکردنەوە دڵم تێکچوو و هەرچەن دەنگی ئەو گۆرانیبێژانە ئەهات من وەزعی حەوشی خانەقای بیارە و ڕیزی فەقێکان و شێوەی شێخی زیائەددین ئەهاتە پێش چاوم، جا ئینسان چۆن خۆی پێ ئەگیرێت.

جارێ لەگەڵ بەعزێ لە مەلاکان لە هەڵەبجەوە هاتن بۆ بیارە، تەسادوف لەوکاتا ئەوان سەریانکرد بە حوجرەی شێخا ئێمە کتێبێکی تەسەووفمان لەبەر دەستا بوو وا بزانم نەفەحاتی مەولانای جامی بوو و شیعرێ بەدەممانەوە بوو، ئەوکەوشی لە پێ داکەند بە تەئسیراتی بیستنی ئەو شیعرەوە هاواریکی کرد و تا دەقیقەیێ لە حاڵەتی تەبیعی دەرچوو ئەوسا ئارام بووەوە.

شێخ باباڕەسوول زۆر خاوەن وەفا بوو، وەختی خۆی لەگەڵ هەرکەسێکا ماوەیێ هاوڕێ بووبێ لە بیری نەدەچووەوە، زۆر باسی مەلا ئەحمەدی فەقێ عەلی هەڵەبجەیی ئەکرد کە وەختی خۆی لە هەڵەبجە و سلێمانیدا بەیەکەوە ڕایان بواردبوو، بە تایبەتی دائیما وەکوو عاشق عاشقی شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبڕندە بوو؛ چونکە لە منداڵییەوە بە یەکەوە خۆندبوویان و لە پاش مەلایەتی ئەگەر بیوایێ لە دوو مانگ جارێ شێخ عەبدولکەریم نەهاتایێ بۆ هەڵەبجە یا بۆ بیارە ئەبوا بابە ڕەسوول بینووسیایێ بە شوێنیا بێت، یا خۆی بڕۆیشتایێ بۆ لای شێخ عەبدولکەریم وکاتێ بکەوتنایەتە یەك مەگەر بە زۆری خەڵك و لۆمە لەیەك جیا بوونایەتەوە.

پاش ڕۆیشتنەوەی شێخ عەبدولکەریم بە هۆی ڕەفاقەتی مەلا عەزیز یا موفتی ڕای ئەبوارد، لە پاش وەفاتی موفتی خووی دا بە مەلا عەزیز و بە هۆی ئەوەوە ئەژیا و جارجار مەلا

مەحموودی موفتی بە هۆی مالّی سالّح بەگی زاوایەوە لە هەڵەبجەدا، ئەهات بۆ هەڵەبجە؛ ئەمجار بە ڕەفاقەتی مەلا مەحموودی موفتیوە ڕای‌ئەبوارد و بە خۆشی ئەژیان.

پاش هاتنەوەی بۆ عەبابەیلێ تۆزێ وەزعی ژیانی کەم‌وکوورِبوو، حوسەین بەگی مەحموود پاشا ڕجای لێکرد مانگی دوازدە لیرەی پێبدا و بڕوا بۆ قەرزابات تەدریس بکات، فەرموو: وەڵڵاهی تەنیا تماشاکردنی مەلا عەزیز و مەلا مەحموود و دامەکردنەکەیان نادەم بە مانگێ سی لیرە، ئێستە من چۆن ئەتوانم ئەم دۆستانە بەجێ بێڵم و بڕۆم بۆ ئەوگەرمیانە دوور لە دۆستانە.

ئیتر مادام لە هەڵەبجەدا بوایە یا لە مالّی موفتیدا یا لە مالّی شێخ عومەری برای شێخ عەبدوللەتیفا یا لە مالّی شێخ ڕەسوولدا هەموولایێ گرد ئەبوونەوە و بە نەوعێ مەجلیسان بە قسەی خۆش و باسی ناسك و جوان ئەڕازانەوە و ئینسان هەموو مەبەسێکی خۆی لەبیر ئەچووەوە.

زۆر جار لەگەڵ سەیید مەزهەرا ئەهاتین بۆ هەڵەبجە کەئەکەوتینە مەجلیسی ئەم زاتانەوە بە تەواوی لە ئیش و کاری خۆمان دەسبەردار ئەبووین، حەتتا سەیید مەزهەر لە من تووڕە ئەبوو ئەیوت ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین بکەوینە مەجلیسی ئەم زاتانەوە، ئەوە وەختی تایبەتی ئەوێ چونکی کە کەوتینە ناو مەجلیسیانەوە دڵ ئەبێ بە مێشی ناو هەنگوێن و ڕزگاربوونی زەحمەتە.

ڕۆژێ لەگەڵ مەلاکانا هەموو لە هەڵەبجەوە چووین بۆ عەبابەیلێ بۆ زیارەتی بابەڕەسوول، لە ژووری هەڵەبجەوە تووشی وڵاغدارێ عەبابەیلێیی بووین، هەر مەلایێ کەرێکی داگیر کرد و سواری [بوو]، تەسادوف وڵاغەکەی خاڵۆ مەلا عەزیز بچووك بوو و خاڵۆم پێی ئەخشا لە زەوی بە ڕەغمی ئەمەیش هەنێ لە مەلاکان بە دزییەوە دڕکیان ئەبرد ئەیاننا بە کلکی وڵاغەکانەوە و وڵاغەکان غاریان ئەدا ئەبوو بە سەیرانێ تەواو نەبێ. کە چووینە عەبابەیلێ هەموو بە یەکەوە لە حوجرەی باڵاخانە یا لەسەر بانی مزگەوتا لە سێبەری دار پەڵگە گەورەکەی قەراخی حەوزی مزگەوتا دائەنیشتین و شێخەکانی عەبابەیلێ بە تایبەتی شێخ ئەحمەدی شێخ مەحموود و شێخ کەریمی برای ئەهاتن بۆ لامان و ئەبوو بە مەجلیسێ ئەتوت مەجلیسی ئەهلی بەهەشتە.

هەر لەم سەفەرا بوو بۆ سبەینێ هاتین بۆ ناو باخەکان و لە باخی مامۆستا شێخ سەلامی ڕەحمەتیدا دائەنیشتین ئەویش ئەمری ئەکرد هەنجیر و تری و هەنار ئەیان‌هێنا و دەسمان ئەکرد بە میوەخواردن و قسەی خۆش کردن وەها کە هەموو سەرمەست ئەبووین.

لەو ماوەدا مەلا موحەممەد «بلێسەنی» بانەیی کە وەختی خۆی لە فەقێیەتیا لە «تاژان» لەگەڵ باباڕەسوول بە یەکەوە بووبوون و لە پاشا لە دێی «زەلە ڕەش»ا بە فەقێیی لە خزمەتی باباڕەسوولدا خوێندبووی و لەم ئاخرا بەستە زمان لێکەوتبوو، یا لە بیارەدا لە ناو ئێمەدا، یا خود لە عەبابەیلێ لە خزمەتی باباڕەسوولدا ڕای‌ئەبوارد و بە غەیری ئێمە دڵی نەدەکرایەوە، لەم سەردەما لە عەبابەیلێ بوو ئێمەیش لە عەسرێکا ڕۆیشتین بۆ «باخەتازە» و ناردیان قەدرێ هەناری باشیان هێنا کە دەسمان کرد بە هەنار خواردن بۆ سوحبەت مەلاکان دەستیان ئەبرد بۆ بەردەمی مەلا موحەممەد هەناریّ باش لەبەردەمی ئەوا بوو ئەیان‌هێنا بۆ لای خۆیان ئەویش تووڕە ئەبوو ئەیوت کورە مەلاکان بۆ ئەوەندە بێئینسافن ئێوە خێری موسوڵمانانیش بە من ڕەوا نابینن نایێڵن بە ڕەحەتی هەناریّکی شیرین بخۆم.

جارجاریش ئەڕۆیشتینە لای مەلا حەمە کەریم کوڕی حاجی حەمە سالّح ئیتر نازانم باخی خۆی بوو یا ئیجارەی کردبوو، ئەم مەلا حەمەکەریمە ئەوەندە ڕووخۆش و سەممووح بوو کە چاوی ئەکەوت بە ئێمە وەکوو گوڵ ئەگەشایەوە لە پاش میوەخواردن فەقێ دەستیان ئەکرد بە خوێندنەوەی شیعری خۆش بە تایبەتی مەلا مەحموودی کوڕی دەروێش ئەحمەدی سەییاح نەرگسەجاڕی کە لە ئاوازەی خۆشا بێوێنە بوو، شیعری ئەخۆندەوە بە نەوعێ ئینسانی داگیر ئەکرد، ئاخ بۆ ئەسبابی تەسجیلمان دەس نەدەکەوت هەتا تەسجیلی ئەو ئاوازە خۆشەیە بکەین!، بە تایبەتی نەزمی قەسیدەی بورددییە کە ئینسانی شێت ئەکرد و لە کەس ئەو ئاوازە و نەزمەم نەبیستووە، بەم نەوعە لە دیدەنا ڕامانئەبوارد، خۆ ئەگەر مەلاکان بهاتایێن بۆ بیارە ئیتر ئەوە مالّی خۆیان بوو هەتا لە بیارەدا بوونایێ بیارە ئەبوو بە «جنة الفردوس» و ئینسان دڵ وگیانی مەستی زەوقی مەحببەت ئەبوو.

ئەو نەزمی قەسیدەی بورددییەی مەلا مەحموودە تەنیا مەلا فەتتاح ناوێ «بەڕوێنی» لەو بەری سیروان لەلای دێی «پشتە» فێری بووبوو، نازانم ئێستە مەلا فەتتاح ماوە یا نەماوە.

شێخ بابەڕەسوول نەك لەگەڵ مەلا و فەقێدا بەڵکوو لەگەڵ ئەوانەدا کە تۆزێ ئولفەتیان ببوایێ لەگەڵیا ڕشتەی وەفا و مەحەببەتی ڕائەگرت لە هاوینا کە بەعزێ خەڵکی عەبابەیلێ ئەچوون لە دەوری هەڵەبجە یا عەنەب ئیجارەی زەراعەتی سەیفییان ئەگرد، بابارەسوول بە تایبەتی ئەڕۆیشت بۆ دیدەنیان و هەواڵپرسی لێئەکردن و ئەو خەڵکەی وەها مەسروور ئەکرد هەموو وەکوو باوکی خۆیان تماشا ئەکرد.

جارێ لە پاییزی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و چوارا بە ئەمری شێخی بیارە لەگەڵ شێخ بابارەسوول و شێخ عومەری دەیری و مەلا حوسەینی مەلا وگەلێ لە خەڵکی بیارە هاتین بۆ بەغدا بۆ گوێزانەوە عائیلەی مەولانای کوڕی شێخ کە «قەدریە»ی کچی «عەلوییە» خانم خۆشکی یاسین هاشمی و تاها هاشمی بوو، کە واریدی بەغدا بووین لە تەکیەی باباگوڕگوڕ لای شێخ عەبدولحەق حامد نەقشبەندی میوان بووین، دەوری دە ڕۆژ لە بەغدا ماینەوە تا ژنەکەمان ڕێکخست و شێخ عەبدولحەق و دایکی ژنەکە لەگەڵمانا هاتن بۆ هەڵەبجە، ئەوەی لەو سەفەرا لە خۆشی ئەخلاقی بابارەسوول چاوم پێکەوتووە باسی ناکرێ.

لەم سەرەوە لە سلێمانیدا میوانی ماڵی حاجی عەبدوڵڵای شاڵی بووین و لە کەرکووك میوانی مزگەوتی ئیمام قاسم بووین لە ئەوەڵەوە نەیانئەناسین پاش دابەزین و موعارەفە ئەوەندە دۆست و ئەحبابمان لێگردبووەوە باسی ناکرێ.

لەو سەرەوە کە هاتینەوە پیرەژنێکی سلێمانییەیمان لەگەڵا هاتەوە کە ئاشنای عەلەوییەخان بوو، لە سلێمانیدا بە زۆر لە ماڵی برایێکیا بوو لە نزیکی ماڵی حاجی سەعید ئاغاوە دایبەزانین بۆ سبەینێ کە سوار بووین پیرەژنەکە بە یاسای بەغدایی هەڵهەڵەی لێدا و منماڵی سلێمانی کە ئەوەیان نەبیستبوو لێمان گردبوونەوە. بابارەسوولیش لەو قەرەبالغییە وەڕەسبوو ئەیوت بە سائیقەکە: برا تۆ ئێمە لەم هەڵهەڵە بازارە ڕزگار بکە ئیتر هەرکەسێ ئێت یا نایێت جەهەننم خۆ من لەناو ئەم منماڵمەزنا مردم.

لە ڕێگەدا لە کانیپانکە لامانداهەموو دەسیانکرد بە خواردنی کولیچە و پرتەقاڵ من و بابەڕەسوول تۆزی لە دووڕەوە بووین، بابارەسوول فەرمووی: مەلا کەریم خۆ ئەمانە ئێمە بە ئینسان نازانن بۆ خودا خۆت بڕۆ لەو زەنبیلەدا بەعزێ پرتەقاڵ دەربکە با ئێمەیش

دەممان بجووڵێ خۆ ئێمە لە ژنە تورکەکە نەبووین، هەروا بەم دەم سوحبەتانە تا زانییان بە ئێمەیش کە بەشمان نەدراوە ئەوسا قەدرێ لەو پرتەقاڵ و وردەشتانەیان بۆ هێناین.

کە گەیشتینە سەراوی سوبحان ئاغا کۆمەڵی پێشوازیکەر هاتن بە پیرمانەوە کە گەیشتینە چەمی زەڵم سواری جافی شارەزوور و تەپی سەفا و بەشارەت گەیشتن پێمان بە نەوعێ سەفا و خۆشی گەیشتینە هەڵەبجە باسی ناکرێ.

لەم سەفەرا بە هۆی سەرمای قەتارەوە من تووشی ناساغی بووم کە گەیشتمەوە بیارە پێی ڕاستم کەوتە ژان، چەن ڕۆژ ئارامم نەبوو شێخ ناردی سەییدە عوسمانی موزەممید لە تەوێڵەوە هات چەن شرینقەی لە پێمدا سوودی نەبوو، من لە خۆم مەئیووس بووم، ئێوارەیێ قەسیدەی مونفەریجەی غەزالی لە کتێبی «جامع الکرامات» تەئلیفی شێخ یووسفی نەبهانی کەوتە پێش چاوم، ئەو قەسیدەمە بە دەوری سێ سەعات کردەبەر و شەو خۆندم خەوم پیا کەوت لە خەوا وامزانی ئیمامی غەزالی سەری کرد بە حەوشی خانەقای بیارەدا منیش وتم بە فاتیح ڕۆڵە برۆ بۆ خزمەتی ئیمامی غەزالی عەرزی بکە باوکم زۆر پەرێشانە بەڵکوو چاری بکەی، لە خەوما فاتیح ڕۆیشت بۆ خزمەتی من لەم وەزعا بووم خەبەرم بووەوە کە تماشا ئەکەم پێم تەزووی پیا ئێت و ئێشەکەی لێ دەرئەچێ «للّه الحمد».

لە بەرەکەتی ئەو قەسیدەی ئیمامی غەزالییەوە لەو دەردە ڕزگار بووم، ئەو قەسیدەیە ئێستەش هەر لەبەرمە و ئینشائەللّا هەر لە بیرما ئەمێنێ.

سەفەرێکی تر هەموو مەلاکان هاتن ڕۆیشتین بۆ «تەوێڵە» بۆ زەماوەندی ژنهێنانی مەلا ساحیب کوڕی مەلا نەزیری تەوێڵەیی وا ئەزانم ئەمە لە دەوری ساڵی هەزار و سێسەد و چل و نۆی هیجریدا بوو، لەم سەفەرەیشدا زۆر بە خۆشی لە تەوێڵە و لە سەرچاوەی «ئاوێسەر»دا ڕامان بوارد، بابارەسوول تەشریفی بوو و مەلا عارفی ڕەش کە ئێستە مەنسووبی شێخ براییم قادر کەرەمە لەوکاتا فەقێ بوو گەلێ دەنگی خۆش بوو زۆر گۆرانی «یا غەزاڵی»[1] بۆ وتین، مەبەس لەم سەفەرانە هەموو تەرویجی ئەهلی عیلم و زیندووکردنەوەی حورمەتی عیلم و عولەما و نەشری دین بوو.

[١. لە دەقەکەدا نووسراوە: «یا غزاڵی» بەڵام پێئەچێ «یار غەزاڵ» بێ کە مەقامێکی بناگوێیی و بەزمی گەڕیانە].

شێخ بابارەسوول ژیانی خۆی وەقف کردبوو بۆ خزمەتی مەحەببەتی ئیسلامیەی خالیسە بێهەموو نەوعە خەیاڵاتێ، دەلیل لەسەر ئەمە ئەوەیە هەتا ئەو ساڵە وەفاتی کرد حەتا بۆ ماڵی خۆی حەولی فەرشێکی نەدابوو، بەس ساڵێ پێش وەفاتی قاڵیچەیێکی کڕیبوو لە ماڵەوە لەسەری دائەنیشت ئیتر بە ئەوەن فەرش قەناعەتی ئەکرد.

چەن ساڵ پێش وەفاتی وەزعی مەدرەسە و ئوموورات ماڵی خۆیشی دایە دەستی مەلا حەسەنی کوڕی حەمە ڕەحیم کە موستەعیدێکی قابیل و پیاوێکی بە ئەخلاق بوو کەئەنەهوو ئەو مودەڕڕیس بوو لە ئەباعوبەیدەدا، هەرچەن فەقێ و غەیری فەقێ لۆمەیان ئەکرد بۆچی وائەکەی، ئەیفەرموو: ئێوە نازانن لەم ئیشی منا مەسڵەحەتی دینی زۆرە. فیعلەن پاش وەفاتی بابارەسوول هەر بەو حورمەتی زەمانی بابەڕەسوولەوە مەلا حەسەن دانیشت بە مودەڕڕیس و بە حورمەت ڕایبوارد و مەدرەسەکە دەوامی کرد.

پاش وەفاتی شێخ عەبدولکەریم لە پاییزی ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و یەکا بابەڕەسوول دونیای لێ تاڵ بوو، ئەویش پاش ئەو، ساڵێ و چەن مانگێ ژیا هەتا شەوی جومعە پانگزەهەم «ربیع الاول» لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و سێی هیجری مەسادیفی مانگی نۆهەمی مانگی شوباتی هەزار و نۆسەد و چل و سێی میلادی بە نەخۆشی «ذات الجنب» پاش حەفتەیێ ناساغی لە عەبابەیلێ وەفاتی کرد و لە قەبرستانێك لە نزیکی ڕێگەی هەڵەبجەدا لە بەرابەری گومەزی مەرقەدی ئەباعوبەیدەوە دەفن کرا ـ طاب ثراه و جعل الفرودس مأواه آمین ـ .

ئەم زاتە گەلێ شیعری جوانی هەیە بە موناسەبەی بەعزە شتێکەوە نووسیویەتی و لەگەڵ شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبڕندەدا وارێکەوتووە بە یەکەوە غەزەلێکیان نووسیوە یەکی نیوە شیعرێکی، وەکوو ئەو غەزەلە کە لە ئەووەڵەکەیەوە ئەڵێت: «یا ڕۆحی پاکی حەزرەتی خەیرولبەشەر مەدەد مەدەد»، ئێستە نوسخەی غەزەلەکانم لە لا نییە، ئینشائەڵڵا لە موستەقبەلا خودا بۆی ڕێخستم ئەیاننووسم بۆ یادگار.

◇◇◇

[کۆچکردنی مامۆستا لە بیارە]

ئەو کەسە کە ئاگادار بووبێ لە وەزعی بیارە و عولەمای قەزای هەڵەبجە، ئەزانێ کە ڕشتەی عولەمای هەڵەبجە لەبەر ئەوە مەنسووبی بیارە بوون و لە مەدرەسەی عیلم و تەسەووفی ئەوێدا بەهرەیان وەرگرتبوو زۆر خزمەتیان بە بیارە ئەکرد و زۆر موئەییدی جێنشینانی بیارە بوون و یارمەتی ئەوکەسانەیان ئەدا کە لە بیارەدا خزمەتیان ئەکرد وەکوو موەدەڕڕیس و ئیمام و خەتیب و کاتب و سەرحەڵقە و ئەمسالی ئەوانیش.

هەروەکوو ئەو کۆمەڵە کە لە بیارەدا موەززەف بوون، دەوریێکی گەورەیان لە ئیدارەی بیارەدا لە ناحیەی نەشری دین و ئیرشاد و ئیسڵاح و جێبەجێکردنی ئیش و کاری موسوڵمانان [ئەبینی].

کە ئەمە مەعلووم بوو دەرئەکەوێ مردنی هەرکام لەم مەلایانی قەزای هەڵەبجە و یا نەمانی هەرکام لەم شەخسانە کە لە بیارەدا موەززەف بوون ئەبوو بە هۆی پەرێشانی و تێکچوونی ئیش و کاری بیارە لەسەرئەم ئەساسە بە وەفاتی شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبڕندە زیانێکی گەورە کەوت لە ڕشتەی عولەمای قەزای هەڵەبجە و بە تایبەتی بە وەفاتی باباشێخ ڕەسوول وەزعی عولەمای هەڵەبجە و وەزعی بیارەیش ڕووی کردە ئینحیتات، لەم لایشەوە بە هۆی هەنێ ئەسبابی دڵگرانییەوە لە پاش وەفاتی باباڕەسوول بە تایبەتی لە ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و چوارا سەیید مەزهەری کاتبی شێخ کە وەکوو دەستی ڕاستی وابوو دڵی لە بیارە هەڵکەنرا و کەوتە موحاوەلەی دەرچوون لە بیارە و بە عەلاوەی ئەوە ڕۆژبە ڕۆژ [ورده] وردە وەزعی عائیلەی بیارە و پیر بوونی شێخی بیارە و زۆرهێنانی زەعیفی و کزبوونی حەواسی گوێچکە و چاو و سیحەتی بەدەنی وەختە بڵێم هەر بە ناو بیارەی هێشتبووەوە.

وە لەم سەردەما نەخۆشی و سڕبوونی ئەعزا و ناساغی «فقر الدم» شێخ عوسمانی کوڕی شێخی داگیر کرد و زۆر وەخت بیارەی بەجێ ئەهێشت بە هۆی تەداوییەوە ئەچوو بۆ کەرکووك و بەغدا و ئەگەر سیحەتێکی لەشی پەیدا ببوایەتەوە ئەو جار بە ناوی ئیرشادەوە ئەڕۆیشت بۆ ئەترافە و زۆرمەی ئەسباب هەر ئەوە کە لە حاڵی خۆی وەڕەس بوو و بیارەی لێ تاڵ بووبوو.

لەبەر عەینی ئەسباب وەزعی مەدرەسەی بیارەیش زۆر تێکچوو و زۆر سەرزەنشی شێخ ئەکرا کە ئێمە قەرزار و بێدەستین ئەوەندە تەلەبەمان بۆچییە؟ ژمارەی فەقێ لە پایەی شەست و حەفتاوە هاتەخوارەوە بۆ دە و دوازدە ئەویش هەر بەجوانی تماشا نەدەکران و تا یەکێ لەم دوازدە نەڕۆشتایێ فەقێییکی تر ڕاگیر نەدەکرا «مع العلم» ئەوسا «لاردّ ولاعدّ» بوو منیش هەروا وەزعی خۆم تێکچوو و ئەمویست هەڵکەوێ دەرچم، بەڵام پیری شێخ مانیع بوو، لەوە کە دڵی موتەئەسسیر بکەم و ئیقدامم نەدەکرد، بەڵام سەیید مەزهەر وسەیید نیزام لە [سالّی] ١٣٦٥ باریان کرد، بە هەرحاڵ مامەوە و لە سالّی هەزار و سێسەد و شەست و هەشتا مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی هەوشاری ئیجازەی وەرگرت و مەلا موحەممەد ئەمین بانە و مەلا عەبدولقادری خۆشناوی یەك لە دوای یەك ئیجازەیان وەرگرت، مەلا موحەممەد ئەمین ڕۆیشتەوە بۆ وڵاتی بانە و مەلا عەبدلقادر ڕۆیشتەوە بۆ خۆشناو لە نزیکی ڕەواندوز لە دێی «ناوەند» بوو بە مودەڕڕیس، ماوەیێ تەدریسی باشی کرد ئێستە حاڵی نازانم.

وە لە سالّی هەزار و سێسەد و شەست و هەشتا مامۆستا مەلا بەها ئیمام و سەرحەلقەی خانەقا لە مانگی شەعبانا موتەوەفا بوو و لە پشتی مەرقەدەوە دەفن کرا و لە سالّی هەزار و سێسەد و حەفتادا شێخ نەجمەددین کوڕی شێخ عەبدولقادری حەوتاش ئیجازەی وەرگرت و ئەم زاتە ئاخر موجازی من بوو لە بیارەدا.

وتم لە پاش وەفاتی شێخ بابارەسوول لە عەبابەیلێ وەزعی عولەمای هەڵەبجە ڕووی کردە پەرێشانی و ڕشتەی کۆمەڵایەتییان زەعیف بوو، هەروا وەزعی بیارەیش ڕووی کردە زەعیفی. لەلایێکەوە شێخی بیارە پیر و زەعیفولحەواس بوو و ڕۆژ بە ڕۆژ سیحەتی ئینحیتاتی ئەکرد و لە ئیمکانیا نەما وەکوو سابیق خۆی تماشای وەزعی خانەقا و مەدرەسە و موتەعەللیقین بکا و لەلایێکەوە وردە ئەولاد گەورە بووبوون و مەشرەبیان موخالیفی مەشرەبی قەدیم بوو و ئیستیلای هێزی شێخیان کردبوو و بە ئارەزووی خۆیان ئەیانویست ڕەفتار بکەن، بە تایبەتی مەسئەلەی تەقسیم کردنی شێخ بۆ ئەملاکەکانی لەناویانا ماوەیێکی زۆری کێشا و بوو بە هۆی ئەوە کە هەرکەس وەزع بەلای خۆیا ڕابکێشێ.

وە لە دەوری هەزار و سێسەد و شەست و پێنجی هیجریدا شێخ ئیدارەی ئاوایی «گڵەجاڵ» کە عەلاقەیێکی زەعیفی تیا پەیدا کردبوو و ئەیویست لە عیوەزی بەعزێ ئیتلافات کە لە دێی ئەحمەدئاوادا بە سوپای حوکوومەتی ڕووی‌دابوو، ئەو دێ و بەعزێ ئەرازی لە بەردەڵێندا وەربگرێ، ئەو دێ «گڵەجاڵە»ی حەوالەی زاهیدی کوڕی کرد و زاهید مالّی ڕۆیشت بۆ گڵەجاڵ، پاش ئەوە بە دوو سێ مانگ مەلا یووسف کوڕی ئەحمەدی مەلا یووسف کوژرا و فیتنە و ئاشووبێکی نابارلەوبەری سیروانا پەیدا بوو، ئەم وەزعە زۆرتەئسیری کرد لە دڵی شێخدا و هەرچەن بە هەرنەوعێ بوو تۆزێ وەزع ئارام بووەوە، بەڵام هەروەزع باش نەبوو و لە کاتی ئەم ئیختیلالا لەبەر ئەم پەرێشانیانە و لەبەر بەعزێ وەزعی پێشوو سەیید مەزهەر لە تاریخ هەزار و سێسەد و شەست و شەشا بیارەی بەجێ‌هێشت بۆ سنە و لە پاش ئەویش سەیید نیزامەددین ئامۆزای سەیید مەزهەر ئەویش مالّی باری کرد بۆ کەڵاتەرزان بۆ دێی «چاولکان». بە تەبێعەت سەیید مەزهەر کاتب و موعتەمەدی شێخ بوو و سەیید نیزامەددین خزمەتکار و مولازیمی شێخ بوو، ئەمانە زۆر بۆ وەزعی بیارە باش بوون کە ئەمانە شێخیان بەجێ‌هێشت وەزع زۆر دانەوی و مەسڵەحەت‌خواهانی خانەقا و مەدرەسەی بیارە کەم و کز بوون.

وە لە سالّی هەزار و سێسەد و حەفتا و هەشتا[1] مامۆستا مەلا بەهائەددین ئیمام ئەویش وەفاتی کرد و شێخ عوسمان کوڕی شێخ کە نامزەدی جێنشینی بوو، ئەویش لەبەرناساغی و هەنێ شت لە بیارە وەڕەس بوو، بەم ئەسبابانە وەزعی منیش و وەزعی مەدرەسەیش خراب بوو، تا لە بەهاری سالّی هەزار و سێسەد و حەفتای هیجریدا لە مانگی ڕەجەبدا سووئی تەفاهوم لەناو بەینی زاهیدی کوڕی شێخ و منالّەکانی منیشا پەیدا بوو و لەوکاتا شێخ عوسمان لە بیارە نەبوو ڕۆیشتبوو بۆ ناحیەی جوانڕۆ و ترسم پەیدا کرد ئەگەر ئەو وەزعە دەوام بکا و من لە بیارەدا دەوام بکەم مومکینە فیتنەیێ پەیدا ببێ، لەسەر ئەم ئەساسە بڕیارم دا کە لە بیارە بگوێزمەوە و فیعلەن منالّەکانم لەو مالّا کە خۆمی تیا بووم و زۆر زەحمەتم تیایا کێشابوو بەجێم‌هێشت و لە سەربورج کە لەو ڕۆژا بە دەستی کوڕانی

[۱. مامۆستا چەن دێڕ پێشتر فەرموویان: «لە سالّی ۱۳٦۸ مامۆستا مەلا بەها ئیمام و سەرحەلقەی خانەقا لە مانگی شەعبانا موتەوەفا بوو و لە پشتی مەرقەدەوە دەفن کرا» کەواتە هەفتا و هەشت هەڵەیەو شەست و هەشت ڕاستە.]

ئەفراسیاو بەگەوە بوو دوو هۆدەم وەرگرت و منالّەکانم تیایانا دانا و خۆم حازرکرد بۆ نەقڵ کردن، کاتێ شێخ لەسەر ئەم وەزعە خەبەردار بوو ناردی بە شوێنما و گەڵێ فەرمایشی فەرموو کە فەککی ئەو ئیرادە بکەمەوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە من ئەمزانی شێخ ئیختیاری لە دەستا نەماوە و ئیمرۆ بێ یا سبەینێ قابیلە ئاشووبێ پەیدا ببێ، بۆ خۆ پارستن لە ئاشووب لەسەر ئیرادەی خۆم دەوامم کرد و ڕۆژی دوو شەممەی بیست و پێنجی مانگی ڕەجەب لە بیارە[1] هەزار و سێسەد حەفتای هیجریدا لە بیارە دەرچووم بۆ هەڵەبجە و دوو شەو لە هەڵەبجە مامەوە و ڕۆژی پێنجشەممەی بیست و شەشی ڕەجەب لە هەڵەبجەوە ڕۆیشتم بۆ سلێمانی و لە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ بووم بە میوانی شێخ موحەممەدی خاڵ قازی سلێمانی.

«مع العلم» لەوکاتا لە هەڵەبجەدا بووم شێخ حاجی فەرەجی سۆفی سەعید کە مەنسووبی بوو و بیارەیی بوو ناردی بە شوێنما بۆ هەڵەبجە بەڵام لەبەر عەینی ئەسبابی پێشوو نەگەڕامەوە بۆ بیارە.

پاش چەن ڕۆژێ لە سلێمانییەوە کەوتمە ڕێگە بۆ بەغدا بۆ ئەوە کە لەگەڵ مودیری ئەوقافی عام مولاقات بکەم و ئەو جوزئە مەعاشە کە لەسەر وەزیفەی خەتابەت لە بیارەدا وەرم ئەگرت بمدەنێ و لەلایێکیتریشەوە جیهەتی تەدریس لە مزگەوتی «حاجی ئەحان» شاغر بوو ویستم کە سەعی بکەم ئیعلانی شوغووری بکەن و داخڵی ئیمتیحان ببم بۆی بەڵکوو ئەو جیهەتەیشم دەست بکەوێ و لە سلێمانیەدا دامەزرێم.

وەختی خۆی وەکوو لەم کتێبا نووسیومە لە تاریخی هەزار و سێسەد و پەنجا و سێدا بە ئەمری شێخی بیارە بە عەلاوەی تەدریس وەزیفەی خەتابەتی بیارەم پێ درابوو و لەو وەختەوە لەسەر خەتابە دەوامم کردبوو و لە ساڵی [هەزار و] نۆسەد و چل و نۆی میلادیدا بە ڕەسمی ئیرادەی مولکی لەسەر خەتابەتەکەم سادر بووبوو و لە زەمانی مەرحووم عەبدوڕڕەحمان خدر مودیری ئەوقافی عامدا چوار دینار مەعاشی خەتابەتم بۆ تەخسیس کرابوو و مەعاشەکەم لە فەسڵی ئیعانات بوو، جا ویستم ئەم مەعاشە بمێنێتەوە بۆم و جیهەتی تەدریسەکەیش لە مزگەوتی «حاجی ئەحان»دا وەربگرم.

[۱. ئەم وشەی «لە بیارە»یە لە زیادەیە ئەچێ.]

که له سلێمانییەوە گەیشتمە کەرکووك ڕۆیشتم چاوم کەوت بە موتەسەرریفی کەرکووك، شێخ موستەفای قەرەداغی کە ناسراوی سابیقم بوو، ئەویش کاغەزێکی نووسی بۆم بۆ لای مووسا شاکر کە لەو ڕۆژا مودیری ئەوقافی عام بوو و فیعلەن هاتم بۆ بەغدا و مولاقاتی مودیری عامم کرد و مولاقاتی عیسا عەبدولقادرم کرد و لە مەقسوودەکانما ناجیح بووم، هەم مەعاشەکەم بۆ قەرار درا لە هەرلایێ ببم چونکی زاتی بوو و [هەم] ئیعلانی شغووری جیهەتی تەدریس حاجی ئەحانیش کرا و گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لە پاش چەند ڕۆژێ داخڵی ئیمتیحانی تەدریسی مزگەوتی حاجی ئەحان بووم و ناجیح بووم و لە لایێنی هەیئەتی عیلمییەوە ئەوڕاقی ئیمتیحانەکەم نێررا بۆ بەغدا، تا لە مانگی شەوالی ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتای هیجریدا موسادیفی مانگی تەممووز لە هەزار و نۆسەد و پەنجا و یەکی میلادی ئیرادەنامەی تەدریسم گەیشتە سلێمانی و قازی شێخ موحەممەد ئیحتیفالێکی بەرزی پێك هێنا لە ئەشرافی سلێمانیە و عولەما و شەربەت خۆری کرا و لەسەر وەزیفەی تەدریس لە مزگەوتی «حاجی ئەحان» دامەزرام و لەم ماوەدا کە دوو مانگ و چەن ڕۆژێ بوو هەر میوانی قازی شێخ موحەممەد بووم و لەلایەن خۆی و براکانیەوە شێخ ئەحمەد و شێخ موستەفا زۆر خزمەتم کرا ـ جزاهم الله عنا بفضله آمین ـ .

لەم ماوەدا کە من لە شاری سلێمانیدا چاوەڕێی دەرچوونی ئەمری تەدریسەکەم ئەکرد شێخ عوسمانی کوڕی شێخ گەیشتەوە بیارە و لە گوێزانەوەی من زۆر پەریشان بووبوو و لەلایەنی خۆیەوە و لەلایەنی شێخی بیارەوە مەلا تاهیری خادمی مەرقەدیان نارد بۆ سلێمانی و نامەیان بۆ شێخ موحەممەدی قازی و مەلا مەحموودی موفتی و حاجی فەقێ موحەممەدی شاڵی و بۆ خۆم نووسیبوو کە بگەڕێمەوە بۆ بیارە، بەڵام من لەبەر ئەوە شارەزای وەزعی بیارەبووم و ئەمزانی شێخ حەواسی نەماوە و ئەگەر بیشڕۆمەوە هەر لە ڕۆژێکا مەجبووری نەقڵ ئەبم عوزرم هێناوە و بڕیارم دا کە نەگەڕێمەوە. خودا شاهیدی حاڵە من لە بیارەدا بە دڵێکی پاك و بە ئیخلاسەوە خزمەتی ئەو مەدرەسە و مەقامەم ئەکرد و چاوم لە دنیاوە نەبوو و دڵم ئەوەندە بەسرا بوو بە بیارەوە نەمئەتوانی بۆ سەفەری عادەتیش ناچاری نەبێ بیارە بەجێ بێڵم و لەو ماوەدا کە لەو شوێنە پیرۆزا تەدریس و خەتابەتم ئەکرد چەن جار لە چەن لاوە داوای ئەوە ئەکرا لە من کە بیارە بەجێ بێڵم، من ئەبەدا دڵم بڕوای نەئەدا

بۆ خەزێنەی دونیا تەرکی بیارە بکەم و ئەو مەدرەسە و مەقامە بەجێ بێڵم تا بە ناچاری مەجبوور بووم ﴿و کان أمر الله قدراً مقدوراً﴾.

«من جملە» لە دەوری ساڵی هەزار و سێسەد و شەستا لە شاری پێنجوێنەوە مەلا سەعیدی ساداوایان ڕاسپارد بۆ لام کە ئەگەر من بڕۆم بۆ سەر مزگەوتی قازی گەلێ خزمەتم بکەن و بە مەیلی خۆم فەقێ ڕاگرن بۆم، من لە جوابی ئەم ئیقتیراحا بە مەلا سەعیدم وت: شەرتم کردووە هەتا قەزا و قەدەر مەجبوورم نەکا ئەم مەدرەسە بەجێ نەیەڵم.

هەروا لە لایەنی حەسەن فەهمی بەگی کوڕی عەلی بەگی مەحموود پاشا چەن جار ئیقتیراحی ئەوە کرا کە من بڕۆم بۆ سەر مەدرەسەی مزگەوتی پاشا لە قەزرابات و ساڵی سێ مانگ مەرەخەسی بم بڕۆم بۆ مەسیف و شەهرییەیێکی بیست دیناریم بە دەوام ببێ و دە فەقێی خاوەن مەعاش ڕابگرن بۆم من قەبوولم نەکرد هەر لەبەر مەدرەسەی بیارە.

هەروا لە ساڵی [هەزارو] نۆسەد و چل و نۆدا عەبدوڕڕەحمان خدر مودیری ئەوقافی عام هات بۆ شاری سلێمانی و لەگەڵ شێخ عوسمانی کوڕی شێخدا ڕۆیشتین بۆ مولاقاتی بۆ سلێمانیە و لە سلێمانیەدا مولاقاتمان کرد و زۆر ئیحتیرام و تەقدیری نیشان دا، حەتا پاش عەسرێ لە ماڵی شێخ باباعەلی کوڕی شێخ مەحموودا مەلاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و پێنجوێن و شێخ عوسمان حازر بوون، پاش قەدرێ موزاکەرە لە ئوموورى عیلم و دینا موحەممەد عەلی ئەفەندی ئالی خەلیفەی کەرکووکی وتی بە مودیری عام: با جەنابی مەلا کەریم بکەین بە موەدەڕڕیسی مزگەوتی گەورە، مودیریش وتی: من موافقم عەریزەیێ تەقدیم بکەن تا موافەقەی لەسەر بکەم، کە ئەم قسە ڕابوورا تماشام کرد شێخ عوسمان زۆر تێکچوو، من لەوکاتا وتم بە مودیری عام: زۆر تەشەککوری لوتف و مەحەببەتتان ئەکەم، بەڵام من تا ئێستە عومرم لە بیارەدا لە خزمەتی شێخدا سەرف کردووە و مەشغوولی تەدریس بووم، ئێستە نامەوێ بۆ مەعاش ئەو شوێنە تەرك بکەم، ئەویش زۆر تەعەجوبی کرد لەوە کە غەیری من بە چەن زەحمەت تەعیین ئەکرین لەسەر جیهەتێ و زۆر مەمنوون ئەبن، ئێستە ئێمە بە دەمی خۆمان [لە] ئەم شەخسە داوا ئەکەین «مع أنّه» ئەو قەبوولی ناکا. «علی کلٍّ» من بە دڵ خزمەتی بیارەم قەرار دابوو بەڵام «خدا کشتی آن جا که خواهد بَرَد».

وە هەروەکوو من بە فیراقی بیارە و شێخی بیارە زویر بووم، شێخ لە من زیاتر لە فیراقی من موتەئەسسیر بوو، حەتا بیستم پاش ئەوە کە بە تەواوی زانی بەوە کە من لە بیارە دەرچووم گریا بوو و قەدرێ فرمێسکی بە چاودا داڕژاندبوو و فەرموو بووی تەنیا مەلا کەریم مابوو لەوانە کە من دڵم پێیان خۆش بوو ئەویشتان عاجز کرد و ئەویش دوورکەوتەوە لێم.

وە پاش هاتنی سلێمانیم لە ساڵی دواییدا بۆ مەسەلەی دەفعی نیزاعی مەلاکانی هەڵەبجە لەسەر تێکدانی حوجرەکانی مزگەوتی جامیعە بە ئیقتیراحی حەسەن فەهمی بەگ لەگەڵ مەلا مەحموودی موفتی و مەلا ڕەحیمی پەرخیدا هاتین بۆ هەڵەبجە و لە پاش ئەوە کە تۆزێ تۆزی مەلال لە ناوا دەرچوو، شێخ عوسمانی کوڕی شێخ کە لە بیارەوە هاتبوو بۆ هەڵەبجە و حازری ئەو مەجلیسە بوو وتبووی بە حەسەن بەگ بە من بڵێت برۆین بۆ بیارە بۆ زیارەتی حەزرەتی شێخ و حەسەن بەگ وتی پێم و منیش قەبوولم کرد و لە خزمەتی مەلا مەحموودی موفتی و گەلێ لە مەلاکانا ڕۆیشتین بۆ بیارە کاتێ بە خزمەتی شێخ گەیشتین شێخ وەکوو گوڵ گەشایەوە و ئەو ماوە کە لە خزمەتیا بووین زۆر دڵشاد و مەسروو بوو، کاتێ خوا حافیزیمان کرد فەرمووی: بەو شەرتە ئیجازەت ئەدەم پاش ماوەیێتر بێیتەوە و چەن ڕۆژێ لەلام دانیشی بۆ ئەوە کە تاسەم بشکێ لە چاو پێکەوتنت. مەبەسم ئەمەیە لەم فیراقا نە من لە شێخ عاجز بووم و نە شێخ لە من عاجز بووە، بەڵکوو شتێ بوو لەسەر قەزا و قەدەر «سبحان من لا مردّ لقضائه».

دڵێ بە شەوقی یاران بیمار بێ — نابێ لە زەوقی ژاران بێزار بێ
ئیمانی نییە ئەو بێپەیمانە — لە ئازاری دۆست دەم بە هاوار بێ
دڵ نەچیرێکە بە تاو ڕائەکا — بەرەو ڕووی سەیاد کاتێ زامار بێ
بولبول کە بە دڵ گیرۆدەی گوڵە — ئالوودەی باخە گوڵ بێ یا خار بێ
یاخودا ئەو خامە دۆستی نەنووسێ — بە تێغی جەفا لەتار لەتار بێ
یا خودا ئەو نامەی دۆستی تیا نەبێ — بە دەستی مەینەت هەر گرفتار بێ
ئەو کامەی لەسەر کامی دۆست نەبێ — یا خوا لە سەردڵ بە ژاری مار بێ
ڕۆژی ڕەستاخێز باش دیاری ئەدا — ئەوەی کوژراوی دیداری یار بێ

ئەو شـــەرتەی کردم لەگەڵ دۆستانم هەتـــا قیامەت بـــا بەرقـــەرار بێ
موژدەم لەســـەرای غەیبەوە بۆ هات با «نامی» حەشـــری لەگەڵ دڵدار بێ

◈◈◈

ئەی دڵ هەتـــا تۆ بە جـــۆش و تاوی
لە کوورەی عەشـــقا بۆ خۆت سووتاوی

بزانـــە بـــە حـــەق خەلیلی خـــودای
قەت خەیاڵ نەکەی بـــە دڵ فەوتاوی

ئـــەی بولبول هەتـــا دێوانـــەی گوڵی
مێملـــی بـــاغ و چـــەم و شـــەتاوی

مەســـتی ســـەرچڵ و پەڕەی گوڵباخی
بمـــری بزانـــە تـــا ئەبـــەد مـــاوی

«نامـــی» لە نەشـــەی عەشـــقی یارانا
ئیشـــارەی وەرگرت لە نیـــگای چاوی

ئازیز مـــوژدە بـــێ قەبـــووڵ کراوی
لە سارای مەحشـــەر بەش نەخوراوی

◈◈◈

هەروەکوو قازی شێخ موحەممەدی خاڵ زۆر یارمەتی دام هەتا دامەزرام، جەنابی سەیید غەفووری مودەڕڕیس و ئیمامی مزگەوتی سەیید حەسەنیش زۆر یارمەتی دام و تا مردن مەمنوونی ئەخلاقی بەرزی ئەم زاتەم.

لە مانگی ئەیلوول لە عەینی ساڵدا (۱۹۵۱) ڕێکەوتی مانگی «ذی الحجه» لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتای هیجریدا مەلا ساڵحی زارا ئیمامی سەیید سادق لە شارەزوورا کە لەوەو پێش لە مەدرەسەی بیارەدا خوێندبووی و عەلاقەی دۆستیی لەگەڵمانا بوو،

ناردم بۆ بیارە بۆ گوێزانەوەی ماڵ و منداڵەکانم بۆ شاری سلێمانی و فعیلەن گوێزاندنیەوە بۆ شار و لە نزیکی مزگەوتی حاجی ئەحاندا خانووی شێخ قادر بەرزنجیم بەکرێ گرتبوو و لەو خانوا دابەزین و قەرارمان گرت «و للە الحمد».

لە پاییزا کە تاریخ بوو بە هەزار و سێسەد و حەفتا و یەك فاتیح داخڵی ئیمتیحانی ئیمامەتی مزگەوتی «مۆرتکە»ی بازیان بوو و ئەمر سادر بوو لەسەر ئیمامەتەکەی و ڕۆیشت بۆ مورتکە و من و سەیید غەفووری مودەڕڕیسی مزگەوتی سەیید حەسن ماوەیێ پاش دامەزرانی ڕۆیشتین بۆ لای، شەوێ لە مۆرتکە ماینەوە بەڕاستی سەفەرێکی بە سەفا و خۆش بوو.

پاش دامەزرانی مەدرەسەی حاجی ئەحان، خەڵکی مەحەللەکە بەبێ ئیتیلاعی من خۆیان بڕیاریان دابوو نابێ تەلەبەی ئەم مزگەوتە وەکوو جاران بژین، پێویستە سی کەس لە ئێمە هەرێەکی ڕۆژێ بە پیاوی خۆمانا نان و چێشت بنێرن بۆ مەدرەسە بیلفیعل ئەم تەرتیبەیان تەتبیق کرد و لە ماوەی دەوامی منا لەو مزگەوتا ئەم یاسا دامەزرا و ڕەفتار پێکراو بوو.

ئەم تەرتیبە لەسەرڕاوێژی پیاو موناسبی مەحەللەکە بوو وەکوو حاجی شێخ عەبدوڕەحمان و حاجی سەعید و عوسمان موحەممەد نادر و موحەممەد سالح بوسکانی و موحەممەد خان خەفاف و غەیری ئەمانەیش لەوکەسانە کە حازری نوێژ و تاعەتی مزگەوت بوون.

لە هاوینی ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتاو یەکا مزگەوتی حاجی ئەحانیان تەعمیر کردەوە و حوجرەی زستانەی مەلایان خستە سەر هەیوانی مزگەوت و حوجرەی پشتی حوجرەی فەوقانی قەدیمەیان خستە سەر مزگەوت و لە غەربی بەرهەیوانی مزگەوتەوە سەرخان و ژێر خان دوو حوجرەکەیان کردەوە، ژێر خانەکەی بۆ خادم و سەرخانەکەی بۆ مودەڕڕیس و ناوحەوشی مزگەوت لەلایەنی موحەممەدی حاجی عەبدوڵڵای بانەییەوە بە بەردی تاشراو فەرش کرا و حوجرەی تەلەبەکان تازە کرانەوە بە نەوعێ کە لایقی ئیحتیرامی ئەهلی عیلم بێ.

وە لە بیست و چوارهەمی شەووالی ئەم ساڵەدا مەلا موحەممەدی کوڕی عەباس خەڵکی دێی «بۆئین» لە وڵاتی بانە کە وەختی خۆی لە بیارەدا لەلام خوێندبووی و هاتبوو بۆ سلێمانی

بۆ لام بۆ خوێندن، ئیجازەی وەرگرت و شەربەتخۆرییەکی باشی بۆ کرا و ڕۆیشتەوە بۆ ولاتی خۆی. وەکوو بیستوومە موەففەقە لەسەر خزمەتی عیلم و دین.

کە ساڵ بوو بە هەزار و سێسەد و حەفتا و دوو پاش چەن مانگێ فاتیح لە «مۆرتکە» نەقڵکرا بۆ دێی «بزبینیان» لە شارباژێڕا.

وە لە ئەووەڵی زستانی ئەم ساڵەدا مامۆستا مەلا قادری سۆفی لە دێی «بانی خێلان» لە نوێژی مەغریبا موبتەلای سەکتە بوو و پاش شەو و ڕۆژێ وەفاتی کرد ـ طاب ثراه و جعل الجنة مأواه ـ .

وە لە ئەووەڵی بەهاری ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و سێی هیجریدا شێخی بیارە شێخ عەئەددین موتەووەفا بوو ـ طاب ثراه ـ و بۆ تەعزییە لە سلێمانییەوە ڕۆیشتم بۆ بیارە تەقریبەن حەفتەیەکم پێ چوو.

وەختی خۆی لە بیارەدا لە ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و سێی هیجریدا کتێبی «خلاصة البیان»م نووسیبوو، ئەم کتێبەم لەم ساڵا لە سلێمانیەدا پوختە کرد و نووسیمەوە.

هەروا دەستم کرد بە نووسینی و تەواوکردنی کتێبی «مواهب الحمیدة في حل الفریدة» کە زوو لە بیارەدا دەستم پێکردبوو و بە ناقیسی مابووەوە و بە کوردی شەرحێکم لە تەسریفی زەنجانی کردبوو ئەمیشم پاکنووس کردەوە.

وە کتێبی «باغچەی مەعریفەت» کە زوو بناغەم دانابوو لە ئەندازەی چوار پێنج جوزوا بە نەسر و نەزم تەواوم کرد.

ئەم ئیشتیغالانە لەگەڵ تەدریسا ئەم ساڵە برایە سەر، کە ساڵ بوو بە هەزار و سێسەد و حەفتا و چوار شێخ لەتیف ئیمامی مزگەوتی حاجی ئەحان وەفاتی کرد، پاش ئەوە هەرچەند خەڵکی مەحەللە داوایان کرد لێم کە داوای ئیمامەتەکە بکەم بەڵام لەلام عەیب بوو زوو بە زوو داوای بکەم و تەفرەم دا لەم ماوە مەلا جەمیل ناوکوڕی مەلا براییمی کفری نەقڵ کرا بە ئیمامەت بۆ مزگەوتی حاجی ئەحان.

◈◈◈

[گوێزانەوەی مامۆستا لە سلێمانیەوە بۆ کەرکووك]

جا لە ئەووەڵی زستانی ئەم ساڵا دەرگای گەلێ موسیبەت و مەینەت لەسەرم کرایەوە و ئەم زەحمەتە ڕۆژبە ڕۆژ زیادی کرد هەتا ڕەمەزان و لە نۆی ڕەمەزانا شەوێ لە خەوا چاوم کەوت بە سوار و پیادەیێك، پیادەکە پرسیاری کرد لە سوارەکە: مەلا کەریم تا کەی لەم مەینەتا دەوام ئەکا؟ ئەویش فەرمووی: پاش سێ ڕۆژ ڕزگاری ئەبێ، واقیعەن لە یازدەی ڕەمەزانا لە شاری سلێمانییەوە کەوتمە ڕێ بۆ بەغدا و موراجەعەتی مودیرییەتی ئەوقافی عامەم کرد و لەو ڕۆژا سەیید «محمد شفیق العافی» مودیری ئەوقافی عام بوو و ناسراوی سابیق لە بەینمانا هەبووکە مولاقاتم کرد و حاڵی خۆمم بۆ بەیان کرد زۆر موتەئەسسیر بوو وگەلێ دڵخۆشی دامەوە و لەم جارا سەیید ئەمجەدی زەهاوی زۆر موساعەدەی کردم و خۆی لەگەڵما هات بۆلای مودیری ئەوقافی عام.

سەیید موحەممەد شەفیق وتی: لە هەرلایێ ئەتەوێ دانیشی ئێمە مانیعمان نییە، تۆ مەعاشەکەت دەوام ئەکا و لەو ماوەدا وتی: ئیمامەت و خەتابەتی [مزگەوتی] «زین العابدین» لە کەرکووك شاغرە ئەتەوێ نەقڵت بکەم بۆ ئەوێ؟ منیش وتم: لە نەفسی کەرکووکایە؟ فەرمووی بەڵێ تەمەزئەو مەبەسی لە نەفسی کەرکووك لیواکەیە، منیش وامزانی لە نەفسی شارایە، قەبووڵم کرد و ئەمریان نووسی بۆم وگەڕامەوە بۆ کەرکووك. کە گەیشتمە کەرکووك حاڵی بووم ئەو شوێنە لە دەشتایە و شوێنێکی مەهجووڕە و موناسبی وەزعی من نییە، لەبەر ئەوە لە عەینی ڕۆژا گەڕامەوە بۆ بەغدا و بۆ مەغریب گەیشتمە بەغدا و سبەینێ موراجەعەم کرد و وەزعەکەم بۆ باس کرد، ئەویش مەعزەرەتی کرد و فەرمووی ئێستە ئەتوانی لە نەفسی شاری کەرکووکدا دابنیشی و من ئەمری ئیداریت بدەمێ لە کەرکووك دانیشی تا شوێنێ باش هەڵئەکەوێ، جا لەسەر ئەم قەڕارە هاتمەوە بۆ کەرکووك و لەبەر ئەوە کە سابیقە[ی] موعارەفەم لەگەڵ مەرحووم حاجی شێخ جەمیلی تاڵەبانیدا بوو لە تەکیەی تاڵەبانی دانیشتم و لە پاش دامەزرانم ئەو قەسیدە عەرەبییەم نووسی کە لەو بەرەوە نووسراوە.[1]

[١. بەداخەوە تێکستەکەی لای ئێمە ئەم شیعرە عەرەبییەی تیا نییە.]

لەو سەردەما «عەبدوللەتیف کەبیسی» مودیری مەنتیقەی کەرکووك بوو، خوا حەققە، زۆر حورمەتی گرتم و ڕێعایەتی ئەگرتم بەم تەرتیبە کەمێ زەحمەتی دڵم سووك بوو و خوا جەزای حاجی شێخ جەمیل بداتەوە زۆر حورمەتی گرتم و فەقێیان بۆ ڕاگرتم و مەشغووڵی تەدریس بووم و کوڕەکانی حاجی شێخ جەمیل: شێخ عەلی و شێخ عەبدوڕڕەحمان زۆر خزمەتیان ئەکردم و شێخ عەبدوڕڕەحمان وردە وردە لە جەمعولجەوامیع و توحفە دەرزی ئەخوێند، خوێشم مەشغووڵ بووم بە تەواوکردنی کتێبی «صفوة اللآلی من مستصفی الغزالی» ئەوەم تەواو کرد و لە موحەڕڕەمی هەزار و سێسەد و حەفتا و پێنجدا ماڵەکەم لە سلێمانییەوە نەقڵ کرد بۆ کەرکووك و لە حەوشی شێخ عیزەددین تاڵەبانی کە لەو ڕۆژا شێخ فاتیحی شێخ جەلالی تیا بوو، دوو هۆدەم بەکرێ گرت و دانیشتین تیایانا.

وە لەم ماوەدا سەیید موحەممەد شفیق، مودیری ئەوقافی عام سەفەری کەرکووکی کرد و هات بۆ تەکیە و زۆر دڵخۆشی دامەوە و پاش ئەوە یووسف زیائەددین موتەسەرریفی کەرکووك بە هۆی عەلی ڕەفیق ئەفەندی خادیمولسەجادەوە بوو بە ئاشنام و موراعاتی دڵی ئەکردم، خولاسە وەزعێ وا هاتە پێشەوە کە تەکیەی تاڵەبانی وەکوو مەدرەسەی تایبەتی خۆمی پێ‌هات و بە ئاسایش مەشغووڵی تەدریس و تەئلیف ئەبووم «و للّه الحمد».

لە مانگی موحەڕڕەم لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و پێنجی هیجریدا مەلا موحەممەد ئەمینی گەورە دێیی و مەلا خدری سپیرۆیی مەنگۆڕی کە فەقێی خۆم بوون لە شاری سلێمانیا هاتن بۆ کەرکووك بۆ ئەوە ئیجازە وەربگرن، مەلا موحەممەد ئەمین هەر لە مانگی موحەڕڕەما و مەلا خدر لە مانگی «جمادی الأولی» ئیجازەیان وەرگرت و ڕۆیشتنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

لەم سەردەما مەلا ڕەشیدی کوڕی حاجی کاکە حەمەی «قولی‌جانی، دەلۆیی» هات بۆ خوێندن بۆ لام لە کەرکووك و لە تەکیەدا دانیشت مەشغووڵی خوێندن بوو.

پاش ئەوە کە لەم ساڵا کتێبی «صفوة اللآلی»م تەواو کرد «مەولوونامە و میعراجنامە»یێکم نووسی و تەسلیمی موحەممەد ئەمین عەسریم کردن چاپیان بکا، ئەو چاپی نەکردوون بەڵام من خۆم نوسخەی باشی ئەو دوو کتێبەم لەلایە تا خودا فرسەت ئەدا بۆ چاپیان إن شاء الله.

پاش ئەوە تۆزێ چاوم کرایەوە لە کەرکووکا بە هۆی ڕەفاقەتی حاجی شێخ جەمیلەوە و بە هۆی ئەخلاق و ئینسانییەتی ماڵ و منداڵکانیەوە خۆش ڕامئەبوارد.

هەروەها عەلی ڕەفیق ئەفەندی خادیمولسەجادە و ڕەئفەت ئەفەندی برای و مەلا عەبدولمەجیدی قوتب و حاجی مەلا عومەری عومەرگونبەدی و باقی مەلاکانی کەرکووك ئولفەت و مەحەببەتی باشیان پەیدا کرد و بە تایبەتی لە سێشەممە و جومعەدا خۆشمان ڕائەبوارد.

وە لە تەکیەدا ڕۆژانی جومعە بە هۆی دەرۆێشانی تەکیەوە و ئەشعار خوێندنەوەی ئەوانەوە بە تایبەتی حاجی خالید ئاغای حاجی حەسەنی قەساب و مەلا موحەممەدی بە شیعری خۆش زۆر مەسروورییان ئەکردم.

ئەم وەزعە هەموو ڕۆژێکی جومعە لە پێش نوێژی جومعە و پاش نوێژی جومعە کە بە عادەتی خۆیان زیکریان ئەکرد و لە پاش زیکر کردن لە قەسرەکەدا دائەنیشتن دەوامی ئەکرد، ئەم قەسرەیش لە تەعمیراتی مەڕحووم شێخ عەبدوڕەحمانی خالیسە کە لە تاریخی هەزارو دووسەد و شەست و ..... دروستی کردووە و ئەم چەن شیعرە لە سەر تەختەبەردێکی مەڕمەڕ لەسەر دەرگای سەردابی قەسرەکەدا نووسراوە[1].

لە هەموو شتێ خۆشتر لەسەر دڵی من ئەوە بووکاتێ لە تەکیەدا دامەزرام چەن جارێ لە خەودا بە خزمەتی حاجی شێخ عەلی ئەفەندی تاڵەبانی ـ قدس سره ـ گەیشتم، بەم خەوانە گەلێ ئینشراح ڕووی کردە دڵم.

[۱. تێکستەکەی لای ئێمە شیعرەکانی تیا نییە، لەوە ئەچێ مامۆستا خۆی دوای پاکنووسی نەیهێنابێت، چونکە جێ خاڵیی بۆ هێشتووەتەوە؛ بەڵام ڕێزدار مامۆستا جەمال بادرۆزە بۆی دەستخستین و بۆی ڕەوانە کردین سوپاسی ئەکەین، شیعرەکان ئەمانەن:

گر بیایی به تماشاگه ویرانه‌ی ما — بینی از نیست معمّر شده کاشانه‌ی ما
همه عالم کلمات‌اند بود معنی هو — درس این است در این مکتب شاهانه‌ی ما
گر به سرِ منزلِ عشّاق درآیی بینی — رفعت و منزلت این دل دیوانه‌ی ما
مرده‌ها زنده کند زمزمه‌ی حلقه‌ی ما — نفخ صور است در این منزل ویرانه‌ی ما
ساقی و مطرب و خمّار همه یك بینی — گر شوی محرم خلوتگه میخانه‌ی ما
خالص از نور تجلای جمالش می‌سوخت — هو به هو می‌زندش این دل دیوانه‌ی ما]

یەکەمجار: لە خەوا بە خزمەتی گەیشتم فەرمووی: مەلا عەبدولکەریم دەخیلت بم هەرگیز بۆ دونیا زویر مەبە، دونیا زۆر بێقیمەتە من تا لە حەیاتا بووم عالەمێ بە دەورما بوو و گەلێ خەڵك وایان‌نیشان ئەدا کە دونیایان بۆیێ ئەوێ من بەسەریا ئەگەڕێم و ئەیانوت: دونیا لە پاش شێخ عەلی وێران بێ باشە، «مع أنّه» کاتێ مردم کەس ئەو وەزعەی لە بیر نەما و هەر یەکێ کەوتە شوێن خەیاڵێکی خۆی، مەعنای وایە دونیا «دار الهوی»یە و هەر ئەوە بەکاری ئینسان ئێت کە ئینسان بۆ ڕەزای خودا بیکا.

جاری دووەم: لە خەوا بە خزمەتی گەیشتم وامزانی وام لە هۆدەیێکا گەلێ تاقی تیایە و مەحاسینی شەریفە، یانێ مووی ڕیشی موبارەکی حەزرەت ﷺ وا لە ناو سندووقێکا لە یەکێ لەو تاقانا، حاجی شێخ عەلی فەرمووی: مەلا عەبدولکەریم دەس بەرە بەعزێ لە مەحاسینی شەریفە لەو سندووقا دەربێنە بۆ خۆت، عەرزم کرد من دەستم ناگاتە ئەو تاقە وکلیلیشم پێ نییە سندووق بکەمەوە، کە ئەمەم وت گورج دەستی برد دەرگای سندووقەکەی کردەوە و گەلێ لە مووی مەحاسینی شەریفەی دەرهێنا دایە دەستم و منیش زیارەتی مەحاسینەکانم کرد و خستمنە باخەڵم، کە خەبەر بووە بەمە زۆر مونشەریح بووم.

جاری سێهەم: لە خەوا لە حەوشی تەکیەدا لەسەر ئەو پلەکانانە کە لە حەوشی خوارەوە ئەڕواتە سەر حەوشی سەروو بە خزمەتی گەیشتم فەرمووی: مەلا کەریم تۆ چاوی چەپت کزە بۆ عەمەلیاتی ناکەی؟ عەرزم کرد ئەم زەعیفییە هەر لە منداڵییەوەیە و لام وانییە زیانی ببێ «مع أنه» ناوێرم عەمەلیاتی بکەم، فەرمووی: من عەمەلیاتیان ئەکەم، لەویا بە فەوری بە ماوەیێکی کەم عەمەلیاتی چاوی چەپی کردم و بە بێئازار عەمەلیاتەکەی تەواوکرد و چاوم گەلێ ڕووناکییان زیاد کرد، کە بە خەبەرا هاتم بەم خەوەیش زۆر مەسروور بووم و حاڵی بووم کە ڕۆحانییەتی ئەم زاتە ئەیەوێ لوتف و میهرەبانی و غەریبنەوازی بە من نیشان بدا. «اللّهم أعل مقامه بفضلك».

هەروا لە کەرکووك حەمید ئەفەندی بوو ئینسانێکی زۆر ناسك و ئەدیب و لەبیب و موحتەرەم و ئارام بوو. گەلێ جار ئەهات بۆ تەکیە و لە قەسرەکەدا کە دائەنیشت و قسەی خۆشی زەمانی حاجی شێخ عەلی ئەفەندی و کەڕامات و کەمالاتی ئەو زاتەی بەیان ئەکرد، لەو باسانە زۆر دڵم مەسروور ئەبوو.

له واقیعا حاجی شێخ عەلی ئەفەندی زۆر عالمێکی بەرز و ئاگادار لە حەدیس و تەفسیری قورئانی کەریم بووە و حافیزی قورئان بووە و دائیما مەجلیسی لە ئەهلی عیلم و سەلاحەت خاڵی نەبووە و ئەغلەب لە کاتی گردبوونەوەی عولەماکانا باسی مەسائیلی موشیکلەی فیقهـ و حەدیس و تەفسیر کراوە و گەلێ جار ئیشکالیان بردووەتە خزمەتی بۆی حەل کردوون، بە تایبەتی مەرحووم مەلا مەحمودی مەزناوایی کە موریـد و مەنسووبی بووە و مەرحووم عەلی حیکمەت ئەفەندی کە ئەم دوو کەسە باش مەلای کەرکووك بوون لە خزمەتیا مەحشوور بوون. جا حەمید ئەفەندی بەعزێ [جار باسی] ئەو مەجلیسانەی بۆ ئەکردم.

هەروەها باسی حەرەکات و سەکەناتی شێخ ڕەزای شاعیری مەشهوور، برای حاجی شێخ عەلی ئەفەندی ئەگێڕایەوە بۆم گەلێ حیکایەتی ئەوی لەبەر بوو و گەلێ قسەی نەسری شێخ ڕەزا کە لە شیعرەکانی بەلیغتر بوون وگەلێ کردەوەی کە لە شیعر و نەسرەکانی عەجیبتر بوون ئاگای لێیان بوو و بۆی ئەگێڕامەوە. بە ڕەفاقەتی ئەمزاتە و باقی ڕەفیقان زۆر مەسروور ئەبووم.

بە ڕەفاقەتی حاجی سالحی موزەممیدی ڕوباتی کە وەختی خۆی سوختە بوو لە بیارەدا لەبەردەستی مەرحووم مەلا موحەممەد زاهیدی ڕوباتیدا ئەیخوێند و لە پاشا ڕۆیشتبووە سیلکی موەززەفینی موستەشفاوە زۆر مەسروور ئەبووم، ئەم زاتە ئینسانێکی دڵپاك و قسەخۆش و خاوەن وەفایە وگەلێ جار بانگی ئەکردین لەگەڵ شێخزادەکانا ئەڕۆیشتینە ماڵیان و بە خواردنی خۆش و قسەی خۆش ڕامان ئەبوارد، کچێ بچکۆلەی بوو پێم ئەوت «گوڵە سووڕە» جارێ بەناوی خۆی بانگم کرد کە من گەڕامەوە وتبووی نازانم بۆچی مامەم پێی نەوتم «گوڵە سووڕە» زۆر لەبەر چاوما زەڕە شیرین و ڕۆح سووك بوو.

پاش ڕابوردنی دوو مانگ لەسەر دانیشتنی تەکیەم جارێ لەگەڵ شێخ عەلی کوڕی شێخدا ڕۆیشتین بۆ جەژنی موبارەکیی شێخ حەبیب ئەفەندی کوڕی حاجی شێخ عەلی بەو مولاقاتە ئولفەت کەوتە بەینمان بە نەوعێکی وا ئەبوا لە حەفتەیەکا ئەقەللەن دوو جار چاومان بەیەك بکەوێ.

خانووەکەیان نزیك بوو لە تەکیەوە ڕۆژی سێشەممەکان لە بەینی چاشت و نیوەڕۆدا دیدەنم ئەکرد گەلێ حیکایەتی قەدیمی بۆ ئەکردم، ئەم زاتە گەلێ خاوەن عەقڵ و تێگەیشتوو و هۆشیار و ئاگادار بوو لە ئوموورات عالەم، زۆر[ێ] لە ئەشعاری حافیز و سەعدی [شیرازی] لەبەر بوو و تورکی‌زان بوو و ئەوزاعی عەوائل و پیاوەگەورەکانی بەغدا و کەرکووکی زۆر ئەزانی و لە ئوموورێ دینادا سەرامەد بوو و زۆر واقیعی بوو، بە خزمەکانی ئەفەرموو: «ئازا بن مەکەون، کە کەوتن گلەیی لە کەس مەکەن».

ئەم زاتە بە ڕەغمی ئەوە کە پیر بووبوو بەڵام ئینسان لە مەجلیسیا زۆر دڵی تازە ئەبووەوە، کەئەنەهو زەمانی جوانییەتی و لە ناو هاومەشرەبەکانی خۆیا دانیشتووە و قسە ئەکا. گەلێ عەقیدەی کوردی مەولەوی بە دەرس لای من خوێند و زۆر عەلاقەی لەگەڵ منا پەیدا کردبوو، لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و نۆدا هات بۆ بەغدا بۆ تەداوی و موتەوەفا بوو لە پیشتی مەرقەدی حەزرەتی غەوسەوە لای خزمەکانی دەفنمان کرد.

لە زستانی ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و پێنجدا جەنابی شێخ حەبیب کۆڕی حاجی شێخ عەلی ئەفەندی ـ قدس سره ـ ئەم شیعرانەی خوارەوەی بۆ نووسیم کە ئەڵێت:

کە پیر بوو ئینسان وە هیچ ئەساسێ — وە گۆیا ناچێ هیچ دەنگوباسێ
چاوی سەیر ئەکا و هیچکەس ناناسێ — ئیدراکی ناکا خراو و خاسێ
لە گشت خرابتر ئەژنۆی هەڵناسێ

ڕۆژێ سەر ئێشێ ڕۆژێ پشتی مل — ڕۆژێ پشت ئێشێ ڕۆژی قاچ و قول
ڕۆژی زگ ئێشێ لەگەڵ ئێشی دڵ — فەرەح نابەخشێ نە باغچە نە گوڵ
بۆ کەسێ عومری تێپەڕی لە چل

هیچی نامێنێ وە تەدریج کەم کەم — نە سەمع نە بەسەر نە لەمس و نە شەم
زایقەیش لێلیان ئەوێ وە هاودەم — لێت جیا ئەونەوە هەر پێنج وەسەرجەم
عەلاوەی ئەمەیش پشتیش ئەوێ خەم

ئەم قسانە گشت گاڵتە و گەمەیە — ئەم ئەحواڵانە نەتیجەی هەیە
بەڵام نازانین وەقتەکەی کەیە — ئەحواڵی دنیا ئیتر ئەمەیە
بۆ قیامەتیش خودا گەورەیە

قاپـــی و پەنجرەی حوجـــرە گیراوە　　ســـۆبەی کەهرەبـــای لـــێ دانراوە
دوو سۆبەی عەلایش تیا داگیرساوە　　کـــوورەی دارینیـــش لـــێ داخراوە
هێشـــتا لـــە ســـەرما حاڵم خـــراوە

دوختۆرێـــك ئێـــژێ تـــاو و لەرزیە　　یەکێتر دەڵێ شـــەو ســـەرمای بییە
ئەمانەیش هیچـــی حەقیقەت نییە　　من خۆم ئەیزانـــم دەردەکەم چییە
ڕاســـتت پـــێ بڵێـــم دەردی پیرییـــە

ئینســـان کە پیر بوو دایم نەخۆشـــە　　دەوای بۆ تێرن بە قووتی و شووشـــە
ئەر وەك زەهریش بێ ئەڵێن بینۆشە　　لە تۆ ئەپرســـم ئەم حاڵە خۆشـــە؟
وەڵـــڵا وە بیلـــلا پیـــری ناخۆشـــە

پیـــاوی پیـــر دایم مەلـــوول و ماتە　　دنیـــا ئەمەیـــە ئەمەیـــش عاداتـــە
تلانـــی نـــاوێ هەرچـــی مافاتـــە　　تەفەککـــور مەکـــە دنیا هـــەر واتە
مادام کـــەوا بێ تـــف لـــەم حەیاتە

◈◈◈

قوربان! ئوستادی پێغەمبەر خسڵەت　　ئەم ئەشـــعارانەم وانـــارد بۆ خزمەت
گەرچی ئەیشـــزانم یەکجـــار نارێکە　　تـــۆ بیخوێنـــەوە و فکرێکـــی لێکە
بەڵـــێ بێمەعنـــا و هەم بـــێ نوکاتە　　لەســـەر تا پایـــن گشـــت تورەهاتە
ڕجـــات لێئەکـــەم ئەگەرچـــی واتە　　تـــۆ بیخوێنـــەوە قوربـــان بـــۆ گاڵتە
هەرچەنـــد ئەزانـــم بێئەدەبییـــە　　چشـــتی وا ناردن هیـــچ مەعنای نییە
تۆ لێم ببـــووڕە و پێت گـــران نەوێ　　ئینســـان کە پیر بوو خەڕەفیش ئەوێ
ئیتـــر هەر خۆشـــبی دایم شـــادمان　　بـــۆ تاڵەبانـــی و عیلـــم و تالیبـــان

◈◈◈

لە شەوی شەممەی غوڕڕەی «جمادی الاولی» ١٣٧٥ منیش لە وەڵاما ئەم هۆنراوانەم بۆ نارد:

سەرداری شـێخان بوڵەند دەرەجات پەروانـەی چـرای ڕزگاری و نەجات
ڕشـتەی هۆنراوەی پـڕ جەواهیرات بە واتەی ناسـك بە شـێوەی بەرات

گەیشـتە دەستی دۆسـتی بەوەفات

ئـەوەی فەرموتە ڕاسـتە و عەیانە نیشـانە[ی] پیری عەیبی سەرشـانە
پیـری و هەزار عەیب واتـەی ژیرانە دوژمنـی گـەدا و دەوڵەتمەندانـە

یەکـەم دوژمنـە بۆ هێـزی حەیات

نـاگا بـە پیـری ئێشـی فەقیـری نێشـی غەریبی و ڕێشـی ئەسـیری
خەستەیی جەسـتە پەستی و دڵگیری عـەزل و دابەزین لـە تەختی میری

حەتتا بۆ پاشـای هەموو سەر بەسات

بەڵێ سـێ دەرمان ئێشـی کەم ئەکا پیـری ئاخر خێـر خاتر جـەم ئەکا
لە ماتی و ماتـەم دەروون دوور ئەکا زیـاد لەمانەیش دڵ مەسـروور ئەکا

ئەگـەر هەڵکەوێ بە هـەل لە وڵات

یەکـەم یارێکی بە وەفـا و دڵ نەرم پـەری ڕوخسـار و نازار و بەشـەرم
ژیر و هۆشـیار و ناسك و خوێنگەرم لانـەدا لە ڕێ بە یاسـا و بـە فەرم

میهرەبانتر بێ سـەعات بە سـەعات

دووەم دارایـی بـە ئەنـدازەی حاڵ لـە بۆ بێگانـە و خزم و مـام و خاڵ
مایەی ئاشـتی بێ بۆ مـاڵ و منداڵ بۆ شـان و شـەرەف ببێ بـە مەتاڵ

ڕزگارت بـکا لـە کاتـی نەهـات

سـێهەم دڵێکـی ڕووناکی گوشـاد ئـاوا بێ بە هۆی زیکـر و فیکر و یاد
بە هـەوای لەقـای خودا ببێ شـاد ئەمـە قابیلـە خـەم بـدا بـە باد

لە دەسـتی پیری و لە قەیدی حەیات

پیـری وەهابـێ دووڕە لـە خەرەف سینەیشی ئەبێ بە سەفحەی سەدەف
وێنەی گەوهەری شـەوچرای شەرەف شـەوق ئەداتەوە تەرەف بە تەرەف

ئەبـێ بە تـووری نوور و بـەرەکات

سا خوا به سەفای جیلوەی ئیسلامی — بە بەهای نووری «خیر الانام»ی
پیرانی دڵپاك لە خاس و عامی — لادا لە شوومی پیری و ناکامی

عەفووی بنێڕێ بۆمان بە خەڵات

بە نەشەی «نامی» دڵداری "حەبیب" — عەبدولکەریم هات خۆی کرد بە ئەدیب
عەتای "جەمیل" و ئێحسانی "نەجیب" — ئەکا بە خۆیی ئینسانی غەریب

سەربەرزی ئەکا لە ڕووی کائینات

تاڵەبانی بەرز خاوەن حەقایق — هەر بژیت لە بۆ تەحسینی لایق
بە تامی هۆش و فامی دەقایق — لە ڕووی جیهانا فازیل بی و فایق

بە فەیزی "عەلی" خاوەن کەرامات

عەبدولکەریمی بە نازناو «نامی» — تێراوی چەشمەی ئاوی ئیسلامی
دڵتەڕ بە نمی پیاڵەی جامی — هەر ئەبێ بگا بە کەئسی کامی

مادام وا لەسەر سەرچەشمەی حەیات

◈◈◈

مەرحووم شێخ حەبیبی تاڵەبانی لە پاش وەفاتی باوکی کە حاجی شێخ عەلی ئەفەندی بووە ـ قدس سرە ـ تا ماوەیێ ویستوویەتی ببێ بە جێگەداری باوکی، بەڵام مەرحووم شێخ موحەممەد عەلی کە لەوگەورەتر بووە دانراوە بە پۆست نوشین و شێخ حەبیب لە مااڵی خۆیا دانیشتووە.

لە پاش ئیحتیلال ماوەیێ عوزوی هەیئەی تەئسیسی بووە و ماوەیێ قازی بووە و ماوەیێکیش ڕەئیسی بەلەدییەی کەرکووك بووە، پاش ئەوە لە مااڵی خۆیا دانیشتووە و ئیدارەی ئەملاکی خۆی کردووە و ڕیاسەتی مەشایخی تاڵەبانی کردووە، غاڵبەن مەجلیسی پیاوی موناسبی تیا بوو و زۆر جارباسی ئەدەب و ئەدەبیات و پیاوی گەورە و قسەی جوان لە مەجلیسا ئەکرا و شێخ فازیل برای شێخ فایەق کوڕانی مەرحوومی جەننەت مەقام، شێخ موحەممەد ڕەئووفی کوڕی مەڕحوومی حاجی شێخ عەلی ئەفەندی زۆر عەلاقەی بە شێخ حەبیبەوە بوو و زاوای بوو و نیسبەت بە منیش زۆر خاوەن عەلاقە بوو، زۆر جار لە پاش عەسران لە حەوشەکەیان لە ناو باغچەکەدا مەجلیسمان ئەگرت و بە قسەی خۆش ڕامان ئەبوارد.

زۆر جار لەگەڵ عەلی ڕەفیق ئەفەندی خادیمولسەجادەدا دیدەنی شێخ حەبیبمان ئەکرد و بەینی چاشت و نیوەڕۆمان ڕائەبوارد.

زۆر جار عەلی ڕەفیق ئەفەندی ئەهاتە تەکیە لە قەسرەکەدا بە قسەی خۆش و ئەشعار گێڕانەوەی ئەدیبانەکان ڕامانئەبوارد.

گەڵێ جار پاش عەسران یا لەگەڵ شێخ عەلیدا یا لەگەڵ حاجی سەعیدی موحەممەد گوڵی بەرتەکیەیی یا بە تەنیا خۆم ئەڕۆیشتم بۆ ماڵی عەلی ڕەفیق ئەفەندی و لەناو حەوشەکەدا لە دەوری فوارەی چیمەنەکەدا و یا لە سەربانی دراوسێی حوجرەی سەجادەی شەریفە دائەنیشتین و بە قسەی خۆش ڕامانئەبوارد.

زۆر جار هەڵئەکەوت کە مەلای عەبدولمەجیدی قوتب کوڕی مەلا مەردان کوڕی مەلا موحەممەدی قوتب کە باش مەلای کەرکووك و خزمی ماڵی عەلی ڕەفیق ئەفەندییە لەگەڵ مەلا عەبدوڕڕەحمان کوڕی مەرحووم مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندییا و بەعزێ لە عالمانیتر لەویا حازر ئەبوون و بە ئەشعار و نوکات ڕامان ئەبوارد، بە تایبەتی لە ڕۆژانی سێشەممە سبەینێیان لە مزگەوتی حاجی خەلیل کە شوێنی مەلا عەبدولمەجیدی قوتب بوو و لە پاش عەسرانی جومعە لە مزگەوتی مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم مەلاکان و دۆستانیان گرد ئەبوونەوە و زۆر بە خۆشی ئەو وەختە ڕائەبوورا لەسەرمان، بە خوسووسی لە بەینی من و مەلا عەبدولمەجیدی قوتبدا گەڵێ نووسراوی مەحەببەت و دۆستی واقیع بووە، جارێ دوو کەلیمەم نووسی بۆ ئەوە کە ناوی تالیبێ لە سجیللی تەلەبەدا قەید بکا، ئەویش ئەم نامەیە بۆ نووسیم.[1]

لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و شەشاکتێبی «نوور و نەجات» لەسەرنەزمی قەسیدەی بورددییە بە کوردی نووسیم و چاپم کرد و کتێبی «نور الصباح»یشم لە مەدحی حەزرەت و یارانا کە زوو نووسیبووم چاپم کرد، هەرلەم ساڵا مەلا ڕەشیدی قوڵیجانی ئیجازەی وەرگرت، هەرلەم ساڵا دەسم کرد بە شەرحی عەقیدەی عەرەبی مەولەوی کە دوو هەزار و سی و یەك شیعرە و ناوی «الفضیلە»یە ئەم شەرحە بە ناوی «الوسیلە لنیل الفضیلە» لە ماوەی دوو ساڵا تەواوم کرد و لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتا هۆنراوەییکی کوردی بە شێوەی

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٦١)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

دوو خشتەکی بە عینوانی «گوڵزاری حیکمەت» و ڕیسالەیێکی‌تر بە شێوەی نەزمی فارسی و ڕوباعیات نووسی، بەڵام ئەمانە هیچیان چاپ نەکراون هەر لەم سالّا مەلا حوسەین موحەممەدی کۆیی و مەلا عومەر ڕەشیدی هەورامی نۆدەریاوی و مەلا موستەفای کۆزەپانکەیی ئیجازەیان وەرگرت و لەم سالّا دەستم کرد بە نووسینی تەعلیقات لەسەر دیوانی مەولەوی و تەواوم کرد و دەستم کرد بە نووسینی «شەریعەتی ئیسلام» لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا رضی الله عنه بە کوردی هەر سالّێ ڕوبعێکم تەواو کرد تا چوار سالّ تەواو بوو.

◈◈◈

ڕۆژێ مەلا عەبدولمەجید ئەم دوو شیعرەی خوێندەوە بۆم:

این دســـت من از خاك است هم خاك شود روزی

این نام من از دیوان هم پاك شـــود روزی

آن کـــس که مـــرا دانـــد یا خـــط مـــرا خواند

شـــاید که کنـــد یادم غمناك شـــود روزی

منیش تەخمیسم کرد و نووسیم:

ایـــن دل که فرحناك اســـت غمناك شـــود روزی

وین دیده که بی آب اســـت نمناك شود روزی

این پای که چالاك اســـت خاشـــاك شـــود روزی

این دست من از خاك است هم خاك شود روزی

این نام من از دیوان هم پاك شود روزی

دنیا که گلســـتان اســـت بی ســـیر و صفـــا ماند

آن یار که دلدار اســـت بی مهـــر و وفا ماند

ویـــن قامت ســـرو آســـا در دیـــر جفـــا ماند

آن کـــس که مـــرا داند یـــا خط مـــرا خواند

شـــاید که کند یادم غمناك شود روزی

شبعان ١٣٧٦

◈◈◈

کاتێ کە کتێبی «بارانی ڕەحمەت»م لە کەرکووکا لە چاپ دا نوسخەیەکم نارد بۆ مەلا عەبدولمەجیدی قوتب ئەویش لە تەقریز و سوپاسی دیارییە دۆستانەکەدا ئەم شیعرانەی نووسی بۆم بۆ یادگار لێرا ئەیاننووسم، ئەڵێت:

«هو المعين»

دەس پێکردنم بە «بسم اللّه»یە
دووەم گوفتارم حەمدی خودایە
سێیەم سەڵەوات بەسەر موستەفا
مەزهەری سیرڕی وەحی «قُلْ کَفی»
چوارەم بە سەر ئال و ئەسحابی
«يعني من الباب إلى المحرابِ»
دەرحەق بە مەدحت یا ڕەسوولەڵڵا
چیبڵێم کەمە وەڵڵا وە بیللا
کافییە بۆ تۆ قورئانی کەریم
«إنك لعلى خلق عظيم»
ئیمانم هەیە بە ڕیسالەتت
بە شوجاعەت و بە بەسالەتت
خودا تۆی هەنارد بە پێغەمبەری
لایقی تۆیە، جانا، ڕەهبەری
قورئانت بۆ هات تەبلیغی بکەی
ئەولادی ئادەم لە جەهل دەرکەی
دەرت کرد بە خوا ڕێگەت نیشان دا
بەو ئایەتانەی لەنێو قورئاندا
هەموت تەواو کرد چوویشە جێگەی حەق
لە مەدینەدا خەوتی موحەققەق

ڕۆحـــم فیـــدا بێ بـــەوی تـــۆی تیای
بـــۆ کوێری چـــاوم هەر تـــۆ تووتیای
بـــە ئیزنی خـــودا بۆم کە شـــەفاعەت
بـــە شـــەفاعەتت ئەمبـــێ قەناعەت
مـــن ئوممەتی تۆم ئەمما ڕوو ڕەشـــم
لە ئەدای تاعەت سســـت و بێبەشـــم
ئەممـــا بەوانەی ڕوویـــان لات هەیە
بمبەخشـــە خوایە مەتلـــەب ئەمەیە
با بێمەوە ســـەر مەقســـەد ئەمجارە
قســـە هـــەزارە هـــەردووی بـــەکارە
بـــرای شـــیرینم دەوای برینـــم
لـــە تـــرازووی دیـــن گرانترینـــم
بە هەناسەی ســـەرد بە ڕووێکی زەرد
دوعات بۆ ئەکەم ئەی جەوهەری فەرد
چرای بە شـــوعلەی کورد و کوردستان
ڕووناکـــی دڵـــی چـــاوی دۆســـتان
ڕجـــا و نیـــازم لـــە خزمـــەت مەولا
ڕەنجیـــدە نەبـــی بـــرا لەمـــەولا
ئەگـــەر بشچەشـــی جـــەوری زەمانە
ئەم جـــۆرە جـــەورە نیعمـــەت بزانە
تـــۆ بێـــداری و عالـــەم لـــە خوابـــە
بـــرای بەنرخـــم ڕوو لـــە خـــوا بـــە
من بـــە تـــۆ بڵێـــم وابـــە وا مەبە؟!
بۆ عیشـــوەی دنیا بۆ کەس دا مەبە؟!

بـــرام تـــۆ دانـــای دانـــا دانابـــێ
دا نابـــێ گیانـــە ئـــەوەی دانـــا بـــێ
ڕیات بـــۆ ناکەم قەســـەم بـــە خودا
خوایـــە نەمانکـــەی لەیەکتـــر جودا
هـــەروا بمێنـــی بـــۆ خزمەتـــی دین
قـــەت نەخڵەتێـــی بە دیناری شـــین
دینئـــار گوێ مـــەدە جانا بـــە دینار
لە پێنج سێ بەشـــت نەچێتە ناو نار[1]
نیوەی درهەمیش هەر هەمە و خەفەت[2]
تۆ پێـــوە مەگرە یـــەك دەمێ ئولفەت
بـــە لیـــرە گیانت بـــە خوا لیـــر ئەکا
لوقمەی چەور و زەرد لە قوڕگ گیر ئەکا
ئـــەوە بمێنـــێ بـــۆ موســـوڵمانان
چاکەیـــە چاکـــە، ئیمانـــە و ئەیمان
گیانـــا ئەزانـــی چـــەن موەففەقـــی
لە ڕێگـــەی دینـــا چەن لـــە تەرەقی
تەئلیـــف و تەدریـــس نـــان و ئاوتە
مـــل قـــەت مەپێچـــە هەتـــا ماوتە
لـــە ڕۆژی وادا بژیێنـــە ســـوننەت
لـــە ڕێ دەرچووە بەجـــارێ ئوممەت
هەر لەحزەیێکت ئەجری شـــەهیدێ
بۆت ئەنووســـرێ ئەمـــری بەجێدێ

[1. دینئار: وشەیەکی فارسییە واتە دین بێنە، یانێ: دین بگرە نەك دینار، چونکە وشەی «دینار» پێنج پیتە سێ پیتی ئاخری واتە «نار» بە مانا ئاگرە].

[2. واتە: وشەی «درهەم» نیوەی دووهەمی «هەم»ە کە بە مانای غەم و خەفەتە]

گیانه چوومه ژێـــر «بارانی ڕەحمەت»
موتالەعەم کرد بـــێ ڕەنج و زەحمەت
«بارانـــی ڕەحمەت» چـــوون کتێبێکە
قـــەدر گرتنـــی هـــەم واجبێکـــە
چونکـــە قورئان و حەدیس و شـــەرعە
هەمـــوو نەوعێکە لە ئەســـڵ و فەرعە
تاریخـــی پاکـــە بـــۆ دینی ئیســـلام
تەوبێخێ چاکە دەر حەق خاس و عام
کـــە موتـــاڵام کرد هـــەوەڵ تـــا ئاخر
«الحـــق یقـــال کتـــاب فاخـــر»
بـــا وریـــا ببیـــن ئیســـلام فەوتـــاوە
لـــە دەس نائەهلا یەکجار ســـووتاوە
هـــەروەك قورئانـــێ لە ماڵـــی کافر
بێخـــاوەن ماوە هـــەوەڵ تـــا ئاخر
دین زەعیف ئەبـــێ ڕۆژ لە ڕۆژ بەتەر
فرمێســـك ئەڕێژێ میحـــراب و مینبەر
مەدحـــی پێنـــاوێ زاتێکـــی وەك تۆ
تەئلیفەکانـــت شـــاهیدن بـــۆ تـــۆ
ئـــەوە دەلیلـــە کـــە مـــەلای چاکی
شەهســـواریکی چوســـت و چالاکی
«أشـــهد باللّـــە» پێت ئەڵێـــم مەلای
لە ئیشـــی بێجێ بە خـــوا تەوەللای
هەرچـــی چاکەیە هەمـــووت تێدایە
مـــەلا واریســـی ڕێـــی ئەنبیایـــە

با کۆتـــای بێنین ئەم قســـەو باســـە
ڕێی بە تاڵ لارە و ڕێگەی حەق ڕاســـە
دوو شـــاهید دەرحەد حەقیقەت ڕاسگۆ
بەشـــارەتیان دا بـــە مـــن و بـــە تۆ
تاریخی تەئلیف بێگـــرێ و زەحمەت
ڕژا بـــە ســـەردا بارانـــی ڕەحمـــەت[1]

سەروەرم! لە دوای حورمەت، ئەم دوو کەلیمە بێسەرو پایە هەرچەند لایق نییە بەو مەقامە بوڵەند پایە، تەقدیمتان ئەکەم، بۆ جەرح و تەعدیل قوربان موختاری، حورمەتی زۆرم لە خزمەتی ئەحفادا شێخ عەلی ئەفەندی و شێخ عەبدوڕڕەحمان ئەفەندیدا هەیە، ئیتر «و إلی اللقاء».

خادمی عیلم و ئەهلی عیلم: «عبدالمجید القطب»
۲۲ شەووال ۱۳۷۹

◈◈◈

ئەمە چەند شیعرێکی خۆمە لە یادی بیارەدا نووسیومە:

خاکی نیشـــتمان پـــڕ ئـــاو و جۆبار — «جنـــات تجـــري تحتهـــا الأنهـــار»
جێی «حور العین»ە و «اخوان الصفا» — جێـــی دڵدارانی بـــە ســـەفا و وەفا
مـــن نایگۆڕمـــەوە بە هەمـــوو دونیا — غەیری حەرەمەین مەرتەبە[ی] عولیا
کام ســـایە تووبا، کام پایـــە عەرعەر — کام کاڵای حەریـــر کام بـــاڵای دولبەر
کام فەرشی دیبای زیبای ئاڵ و سەوز — کام بەرگی سوندوس‌کام‌کەناری حەوز
ئەگاتـــە نەشـــە دیـــداری یـــاران — یا بـــە دەس‌بۆســـی تیپی دڵـــداران
ئازیزم بەهەشـــت بێ دڵبەر زشـــتە — دۆزەخ لەگەڵ دۆس باغی بەهەشـــتە
بەهەشـــت کە بە حـــەق گرانبەهایە — لەبـــەر ئەوەیـــە دۆســـانی تیایـــە

[1. خشتەی دووەمی ئەم بەیتە بە پیتەکانی ئەبجەد لەسەر ڕێنووسی کۆن دەکاتە ۱۳۷۹ی کۆچی مانگی، بەم شێوەیە: «رژا = ۲۰۸، بسردا = ۲٦۷، باران = ۲٥٦، رحمت = ٦٤٨ » کە کۆی ئەم ژمارانە ئەکاتە ۱۳۷۹ میژووی دانانی کتێبی بارانی ڕەحمەتە].

نانی هەورامی و گۆشتی بەرخی باخ ماستاوی سارد و چایی گەرمی داخ
چەمی بیارە و تافی جۆباران لە باغی تافان شاهی ویاران
لەوە زیاتر من شاهیم ناوێ لە لای دۆسان بم لە چەشمە ئاوێ
هەموو چەشمەکان چەشمەی حەیاتن مایەی ژیانی ڕۆڵەی وڵاتن
لە یادم ناچن تا ڕۆژێ ئەمرم بێئەوان مەرگە سەد ساڵ لە عەمرم
بژین یارانی بە سیدق و سەفا بژین دڵداری بە سەفا و وەفا

١٩٦٩/٨/١٦، «جمادی الثانیه» ١٣٨٩

◈◈◈

لەو ماوەدا کە لە شاری کەرکووکدا بووم لە زستانانا جارجار شێخ عەبدولکەریم کوڕی مەرحووم شێخ قادرکوڕی مەرحووم شێخ کەریمی کەسنەزان کە لە ساداتی بەرزنجەیی و لە نەتەوەی مەرحووم شێخ ئیسماعیلی قوتبی ولیانین، ئەهاتە ناو تەکیەکەی خۆی لە مەحەللەی قەڵادا و منیش جاربەجار ئەڕۆیشتم بۆ دیدەنی و بە هۆی میهرەبانی و نەجابەتی خۆیەوە ئولفەت و مەحەببەت لەناومانا پەیدا بوو.

ئەم زاتە کوڕێکی خۆشەویستی بوو ناوی شێخ حسین بوو گیرۆدەی ناساغی بوو و زۆرکۆشش کرا لە تەداویدا ئیستیفادەی لێنەکرد لە ئەنجاما وەفاتی کرد، ـ رحمه الله تعالی بفضله ـ.

جا منیش ئەم چەن شیعرەم بۆ تەعزییە و دڵخۆشیدانەوەی شێخ عەبدولکەریم نووسی، ئەمەیە:

بۆ بارەگای بەرز یاری هاوەردم هاوبەشی نالە و هەناسەی سەردم
ئەنێرم بەستەی وتاری شیرین بێنی خۆشتر بێ لە دەستەی نەسرین
بە ڕۆحێکی پاك بە ئیخلاسی دڵ تەقدیمتان ئەکەم وێنەی دەستە گوڵ
وتارێ لەسەر شێوەی ئایین بێ لەسەر ڕەوشتی شای مورسەلین بێ
ئەڵێم ئەگەرچی ڕووکاوە دڵتان دڕاوە بە خار لاپەڕەی گوڵتان
ڕەشەبای فەنا دای لە عەرعەرتان هەڵیکەند داری باخی سەمەرتان

بای ئەجەل ناکاو خۆی خستەوە بەین ڕفاندی پەڕەی گوڵاڵەی حوسەین
تەختی کرد باغچە و کردی بە سارا گەرمی کرد دڵی فاتیمەی زەهرا
دڵی دڵداری کردووە بە بوریان چاوی باوانی پڕ کرد لە گریان
بەڵام پاش باڵای چون ئاڵای ڕەسوول پاش شەهادەتی نەوباوەی بەتوول
لە پاش پەشێوی نووری هەردوو عەین لە پاش ئیبتیلای حەسەن و حوسەین
ئیتر بۆ کێ بێ جۆشی گریانت بۆ کێ خرۆشێ دڵی بوریانت
خواستی خودایە و بەستەی تەقدیرە «مَن علیها فان» پیرە یا میرە
کێ بوو نەینۆشی تاڵاوی فەراق کێ بوو نەیپۆشی لە کاڵای مەراق
ئەم دنیا تا سەر بۆ کێ باقی بوو کێ بوو هەتا سەر هاوڕێی ساقی بوو
کێ بێشان نەبوو بە وەیشوومەی دەرد پەرێشان نەبوو بە هەناسەی سەرد
کێی نەچیر نەکرد سەییادی قەزا کێی ئەسیر نەکرد ڕەزا و نارەزا
کام خانەدان بوو دائم خەندان بێ کام تەل بە شان بوو دائم شادان بێ
کام دڵارام بوو دائم ئارام بێ لەم چەرخی چەپا خاوەن مەرام بێ
کام پیر و کام میر کام مەردی هامفەرد کام پاڵەوانی تەوانای نەبەرد
کام سەروی جۆبار یا کام سنەوبەر خەم نەبوو بە خەم، نەبوو بە چەمبەر
کام غونچەی نازدار، کام ڕوو پەڕەی گوڵ بێخاری مەینەت گەیشتە مەنزڵ
کام نەوجەوان بوو، حەسەن یا حوسەین ناکام دەرنەچوو لە دنیای بێبەین
ڕەشماڵی تۆخی چەرخی نیلی ڕەنگ کام سەرعێڵی هێشت نەیخاتە ژێرسەنگ
قەترە قەترەی نم لەسەر پەڕەی گوڵ ئەسرە و ئێتەسەر لە چاوانی دڵ
وەنەوشە و نەرگس سۆسەن و نەسرین لە فیراقی یار ئەڕێژن ئەسرین
مادام تەقدیری خوداوەند وایە چاك وایە ئەجرت نەدەی بە زایە
بە هێزی ئیمان بە سیدق و تەسلیم خۆت بگری لەسەر ئادابی تەعلیم
ئەمەیە عەرزی هاوەردی قەدیم بۆ شێخی سەربەرز شێخ عەبدولکەریم
باوەڕم وایە بە دڵ سابیری سابتی لەسەر ڕەویەی قادری

◈◈◈

لەو ماوەدا کە لە تەکیەی تالەبانیدا لەگەڵ گەلێ لە مەنسووبینی ئەو شوێنا ناسراویم پەیدا بوو، یەکێ لەوانە میرزا عەبدوڵڵای موددەبیر بوو کە لە ئەسڵا خەڵکی شاری سنە بوو و لەم ئاخرا لە شاری کرماشانا لە دائیرەی بەریدا موەززەف بوو، ئەم زاتە ئینسانێکی ناسك [خەیاڵ] و ئەدیب و لەبیب بوو و لە زەمانی مەرحووم حاجی شێخ عەلی ئەفەندییا ـ قدس سره ـ تەمەسسوکی کردبوو و زۆر موخلیسی حاجی شێخ عەلی ئەفەندی بوو و گەلێ کەرامات و خاریقاتی ئەوی لەبەر بوو بۆی ئەگێڕاینەوە. جارێ غەزەلێکی نووسی و هێنای بۆم، منیش تەخمیسم کرد. غەزەلەکە ئەمەیە کە لێرا بۆ یادگار ئەینووسم:

به فیض عشق شد عرش خدا دل — به جذب او خودش کرده فدا دل
اگر چه ظاهراً شد بی‌صدا دل — «نشد یك لحظه از یادت جدا دل»

«عجب دل، آفرین دل، مرحبا دل»

اگرچه دل امیر بی‌نظیر است — به ملك سروری صاحب سریر است
به دار العشق جانان خود دبیر است — «به تار گیسوان تو اسیر است»

«فقیر و عاجز و بی‌دست و پا دل»

به صدق خویش آلایش ندارد — مرورا نوش گنجایش ندارد
سری با عیش و با عایش ندارد — «ز دستش یکدم آسایش ندارد»

«نمی‌دانم چه باید کرد با دل»

به دنیا منصب و جاهی ندارد — فراغ و گاه و بی‌گاهی ندارد
شب یلدای او ماهی ندارد — «درون سینه آهی هم ندارد»

«ستم‌کش دل، پریشان دل، گدا دل»

ز عشق تو مرا دل صد بلا کرد — جهان بر من به‌سان کربلا کرد
ازین همراز لا حول و لا کرد — «به چشمانت مرا دل مبتلا کرد»

«فلاکت دل، مصیبت دل، بلا دل»

به مکتب چون بخواندم محنت عشق — نـــدادم راه دل در صحبت عشـــق
چو می‌دیدم جفا و زحمت عشـــق — «هزاران بار منعش کردم از عشـــق»
«مگـــر برگشـــت از راه وفـــا دل؟!»

به گردن عشـــق او شد طوق بر من — نخواهد شـــد جدا بـــا ذوق از من
نمی‌دانم چه خواهد شـــوق از من — «به این پیری چه‌کار است عشق با من»
«مـــرا دل کـــرده رســـوا، ای خدا دل»

ز خوبـــان داد مـــن بســـتان خدایا — مـــرا بســـتند و در دام بلایـــا
اگـــر خوبـــان نیـــازاری خدایـــا — «از این دل داد من بســـتان خدایا»
«ز جـــورش تا به کی گویـــم خدا دل»

به غیر از عشـــق از محنت نترسید — چو عشق آمد خود از زحمت نترسید
ز عیش و نوش و خار و گل نپرسید — «ز عقل و دل دگر از من نپرســـید»
«چو عشـــق آمد کجا عقل و کجا دل»

دمـــی چون تـــار گیســـویت بخیزد — دل دلدارهـــا ســـویت بخیـــزد
ز عشـــقت دل چو بـــرگ گل بریزد — «شـــود خاك و ز کویـــت برنخیزد»
«زهـــی ثابت قـــدم دل، بـــا وفا دل»

بجســـتم ســـرّ دل انـــدر میانـــه — که تـــا یابـــم ز حـــال او نشـــانه
ببســـتم تـــوی ســـینه آشـــیانه — «به کنـــج دل کمین کردم شـــبانه»
«بدیـــدم گشـــته همـــراز خـــدا دل»

شـــدم من ســـوی آن یـــار جلیلم — که بـــودی در شـــب یلـــدا دلیلم
مگـــر یابـــم نشـــانی زان خلیلـــم — «چو از رو پرده یك‌ســـو زد جمیلم»
«بُرید از من، بشـــد از مـــن جدا دل»

چو گشـــتی همدم اربـــاب تمکین　　چو گشـــتی خالی از بلـــوای تلوین
نشســـتی پهلـــوی شـــاه دل و دین　　«برو در کشتی و آســـوده بنشین»
«چرا؟ چـــون خالص شـــد ناخدا دل»

ز اربـــاب جفـــا دیگـــر نترســـید　　ز احـــزان و بـــلا دیگـــر نترســـید
ز شـــوری برمـــلا دیگـــر نترســـید　　«ز طوفـــان بـــلا دیگر نترســـید»
«مدبّـــر چونکـــه دارد با خـــدا دل»[1]

◈◈◈

لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و شەشا گەلێ لە مەنسووبینی ئەو ژووره هاتبوون بۆ تەکیەی تاڵەبانی، منیش لەسەر ئەساسی دۆستی قەدیمی لەگەڵ میرزا عەبدوڵڵای موده‌ببیردا، نامەیێکم بۆ نووسی، لە وەڵامی نامەکەما موومی‌ئیلەیهی ئەم شیعرانەی لەگەڵ نامەیێکی پڕ لە مەحەببەتا نووسی بۆم. وا عەینی شیعرەکانی لەم لاپەڕەدا بۆ یادگار دائەنێم کە ببێ بە هۆی بیرکردنەوەی دۆستان.[2]

سەیید تاهیر کە زاتێکی فازل و جوان و جوانئەخلاق و خوو و ڕوشت بەرز و کوڕی مەرحووم سەیید قیدارکوڕی شێخ قادری کوڕی شێخ ڕەسوولی دەوڵەتئاوا بوو، ئەم زاتە بە هۆی ئەوە کە مەلا عەبدولمەجیدی موده‌ڕڕیسیان لەلای من لە بیارە ئیجازەی وەرگرتبوو و

[١. ئەم شیعرانە کە مامۆستا تەخمیسی کردوون و بەناوی میرزا عەبدوڵڵای موده‌ببیرەوە هێناونی، سێ بەیتی ئاخری نەبێ، هی ئەبولقاسمی لاهووتی کرماشانین کە لە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبوول دایناون. بڕوانە دیوانی ئەبولقاسمی لاهوتی.]

[٢. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٦٢)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە. ئەم زاتە لە شاری سنەدا کۆچی دوایی کردووە و لە قەبرستانی شێخ عەبدوڵڵا کۆسە (قەبرستانی تایلە) دەفن کراوە و بەداخەوە مێژووی کۆچی دوایی نەنووسراوە بەڵام لەسەر قەبرەکەی ئەمە نووسراوە:
این قبر میرزا عبدالله مدبّر است که مرید پاکباخته‌ی حاج شیخ علی خالص بوده. ابیات زیر از متوفی است:

بـر سـر گـورم آمـدی فاتحـه‌ای بـرم بخوان　　شـاد شـود ز لطـف تـو، زنـده و مطلقـم بدان
من که ز عشـق مرده‌ام، زنده به عشـق گشته‌ام　　مرده کسی است بسته دل به ملك و مال این جهان
رحـم خـدا کـرده اسـت زنـده و جاودانیـم　　گرچه به چشـم بی‌خبر مدفنم هسـت این مکان]

بووبوو بە واسیتەی ئیرتیبات لە بەینمانا، جارێ لەو ماوەدا لە بیارەدا بووم هات بە دیدەنی و ماوەی شەو و ڕۆژێ لە بیارەدا مایەوە و لەو ماوە کەما بە هۆی ئەوەوە کە لە هەر ناحیەیێکەوە تماشای ئەو شەخسە ئەکرا سیفەتێکی باش لەبەر چاوی ئینسانا دەر ئەکەوت، عەلاوەی ئەوە کە زۆر زۆر خەت خۆش و مونشی و ئەدیب بوو و زۆر موحتەرەم و بە ئەدەب بوو. ڕشتەی دۆستی لە بەینمانا بەهێز بوو ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەغڵەب لە موناسەباتا موراسەلە لە بەینمانا جاری بووە و گەلێ نامەی لەم کتێبا و لە غەیری ئەم کتێبا سەبت کراوە بۆ ئەوە بمێنێتەوە بە تووڵی زەمان و چاوپێکەوتنیان تەجدیدی مەحەببەتی قەدیمە بکاتەوە.

پاش ئەوە کە من مالّم گوێزایەوە بۆ شاری سلێمانی لە تاریخی هەزار و سێسەد و حەفتا و سێدا هات بۆ زیارەتی حەزرەت غەوس ـ قدس سره ـ و لە سلێمانی بوو بە میوان و دیدەنی لە من کرد و مەجووعەیێ لە ئەشعاری مەولەوی کە بە خەتی خۆم نووسیبوومەوە وەریگرت لێم بۆ ئەوە کە لە سووڕەتیان بنووسێتەوە و چاپیان بکا، «مع الأسف» تا ئێستە ڕێنەکەوتووە چاپیان بکات و لەم سەفەرا لەو سەرەوە کە هاتەوە دوو جەلّد کتێبی «بداية المجتهد»ی بۆ هێنام.

پاش ئەوە کە لە سلێمانییەوە ڕۆیشتم بۆ کەرکووك و لە تەکیەی تالّەبانیا بە عینوانی مودەڕڕیس دانیشتم، کەوتمە سەر فیکری ئەوە دووبارە ئەشعارەکانی مەولەوی گرد بکەمەوە و بە قەی عەقلّی خۆم مانای شیعرەکانی بنووسم، جا بۆ ئیستیفادە لە مەعلووماتی جەنابی سەیید تاهیری هاشمی کوڕی سەیید قیدار مەشهوور بە «سید الدوله»ی دەولّەتئاوایی نووسیم بۆ لای ئەگەر مەجووعە شیعرەکانی خۆم لەلای ماوە ئیعادەیان بکاتەوە بۆم و غەیری ئەوانەیش هەرچەن ڕێکەوێ لە ئەشعار و مەعلووماتی دربارەی مەولەوی بنووسێ بۆم.

ئەویش لە جوابا نووسیبووی بۆم کە ئەو مەجووعەی منە کەوتووەتە دەستی شێخ عەزیزی خەلّکی دێی «عەلی پەکان» لە گەرمیان و قابیل نییە وەریبگرێتەوە، بەلّام مەجووعەیێ لە دیوانی مەولەوی کە بە خەتی خۆی نووسیبووەوە و زۆر مەربووت و جوان بوو ناردی بۆم و بێجگە لەمانە هەم مەعلووماتێکی موناسب دەربارەی مەولەوی و موعاسیرینی مەولەوی و ئەو نامانە کە نووسیویەتی بۆ بەعزێ پیاوی گەورە لە چەند جوزئێکا

به خەتی خۆی نووسیبووی، بە ڕاستی ئەوەندە زەحمەتی کێشابوو کە بە دڵ مەمنوون و مەحجووبی کردم.

هەروا سوورەتی ئەو نامە بێ نوختە کە مەولەوی نووسیویەتی بۆ «موحەممەد پاشای جاف» ئەوەیشی بە خەتی خۆی نووسیبووەوە و ناردبووی بۆم. ئەمەیە کە لە بەرابەرەوە سەبت کراوە بۆ یادگار[1].

هەروا تەقریبەن پێنجسەد شیعری لە ئەشعاری شاعری بە سۆز مەلا موستەفای بێسارانی بە خەتی خۆی نووسیبووەوە ناردبووی بۆم، جا بەرابەر بەم کردەوە پیاوانەیە سوپاسێکی بێئەندازە و تەشەکوراتێکی «فوق العادە»ی تەقدیم ئەکەم.

وە ئەو نامەیشە کە لەگەڵ ئەو چەن جوزئا [بە] دەستخەتی خۆیا نووسیویەتی بۆم هەر لەم شوێنا بۆ یادگار سەبتم کرد تا هەر وەقتێ تماشای بکەم بەیادی ئەو مەحەببەتە مەردانەیە دڵم شاد بکەم.

لە تاریخی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتا موەففەق بووم کتێبی «بارانی ڕەحمەت» کە مەنزوومەیێکی کوردی و باسی ئەسڵ و فەرعی دین بە جوانی تیایا دەرج کرابوو لە مەتبەعەی «شمال»دا چاپم کرد و هەزار نوسخەی جوانم وەرگرت و لە جوملەی نوسخە دیارییەکانا دوو نوسخەم نارد بۆ خزمەتی جەنابی سەییید تاهیر هاشمی و موەڕڕیس مەلا عەبدولمەجیدی وەلەدبەگی کە موەڕڕیسی دەوڵەتئاوا بوو.

جا سەییید تاهیر هاشمی بەم شیعرە خۆشانە و نامەیەکی پڕ لە مەحەببەت موقابەلەی کرد بۆم، وا شیعرەکانی بۆ یادگار لەم کتێبا ئەنووسم چونکی باسی بەعزێ لە تەئلیفەکانی تریشم تیایا هەیە:

بسمه سبحانه و تعالی

این قصیده را که به تاریخ چهاردهم شهر ربیع الأول سنه ۱۳۷۷ مطابق ۱۳۳۷/۷/۱۷ در رشته‌ی نظم کشیده‌ام به پیشگاه حضرت استاد معظم و علامه‌ی مفضال آقای آقا ملا عبدالکریم مدرس، نفعنا الله ببرکاته تقدیم می‌دارم.

[۱. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٦٣) ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

ای به فضل و دین و دانش عالمان را مقتدا
وی به ورع و زهد و تقوی عارفان را رهنما
کس نبوده چون تو در اوج حقیقه پَر زنان
کس نکرده چون تو در بحر شـــریعت آشنا
مدفن گنج حِکَم شد سینه‌ات کاین‌سان شدی
کافران را کفر کاه و مســـلمین را دین فزا
منطقت کشـــف کنوز معنـــی آیات حق
معنیـــت مایه‌ی رواج نقـــد قول مصطفی
هم به طبع خرم و خوش عارفانت دل مطیع
هم به شعر عذب و دلکش عاشقانت جان فدا
پرتو فضـــل و هنر اکناف عالـــم را گرفت
تا ســـمای علم و تقـــوی را تو گردیدی ذکا
لشـــکر تاریکی و گمراهی از عالم گریخت
تا تو گشـــتی کشـــور نور هُدی را پادشـــا
لاجرم ملك ســـخن را حاکـــم مطلق منم
گـــر بـــود عبدالکریم پاك طینت پیشـــوا
قاید شـــرع مبین حبل متین ســـردار دین
کاشـــف ســـتر نبی محبـــوب شـــاه انبیا
آیه‌ی حق نـــور مطلق افتخار مَن ســـبق
بحر تقـــوا کان جدوا معـــدن فیض و هدا
ای تـــو مولای من و شـــیخ من و آقای من
اوســـتاد راســـت کردار و شـــفیق با وفا
کی سزم همچون تو علامه مرا مولای خواند
ای منـــت لالاو بـــر ره از ثنـــای تو ســـنا
نی منت تنها شدم ز انفاس قدسی بهره‌مند
عالمـــی بگرفت ز انوار رخـــت مجد و بها

سرورا! حالم چو زلف ماه رویان بُد پریش
مهترا! بختم چو روز دردمندان بُد سیاه
رویم از محنت چو موی خوبرویان پر شکنج
جسمم از زحمت چو روز سخت عاشق پر عنا
گلشن عمرم شد از آزار دوران خارخو
خرمن عیشم شد از نکبای نکبت بر فنا
بخت اعور قامت حال مرا گویی ندید
«خاط لي عمرو قبا يا ليت عينيه سوى»
شادمانی‌های من باشد سبك‌رَوتر ز عمر
ليك غم مانند شد نثرند و دير پا
سینه‌ام گشتی نشانه تیر رنج روزگار
گر نبودی حرز بازوی دل از نامه‌ی شما
نامه خوانم رشحه‌ی آن خامه مشکین رقم
یا مگر لب تشنگان عشق را آب بقا
از سخای نامه‌ی آن مقتدای راستان
طبع کژ را می‌سزد از طینتم گشتن جدا
از سحاب خامه‌ی آن فیض بخشی طالبان
کِشت‌زار هستیم را سبز شد از نو قبا
ویژه آنکه مژده‌ام دادی که دو پور گزینت
شکر للّه هردو گشتند از غم محنت رها
شاد گشتم آن‌چنان از شادی استاد خود
غمکده‌ی خاطر کنون گشته است چون شادی سرا
همت آن آسمان علم و تقوا یار گشت
کاین گهرها از سحاب خامه می‌ریزد مرا
ورنه سردی‌های دهرم آن چنان بفسرده دل
کز شرار عشق خوبان می‌نسوزد شمع سا

اینك اینك باز شور عشـــقم اندر سر فتاد
اینك اینك یاز كمتر می‌شناســـم ســـر ز پا
اینـــك اینك عـــار دارم از حدیث ما و من
اینك اینك رفت عاشق عشق بس مانده به‌جا
اینك اینك جذبه‌ی عشقم چنان از خود ربود
گشته‌ام در حضرتت طامات گوی و ژاژ خا
خامُش ای "طاهر" كه وقت اوستاد پاك دین
بس لطیف است و شریف و نازك و عالی بها
بر وی پایان رسان این چامه‌ی پر شور و سوز
گرچه آن ذات مقدس هســـت سرتا پا دعا
مر تُرا خلعت رســـد از چه؟ ز عفو عافیت
از كجـــا؟ از بـــارگاه لایـــزال كبریـــا
این جواب آن كه استادم سنایی خوش سرود
ای چو نعمان بن ثابت در شـــریعت مقتدا

دولت‌آباد مورخه ١٣٣٧/٧/١٨. طاهر هاشمی

◈◈◈

ئەمەیش پارچە شیعرێکی‌تری نایابی جەنابی «سلالة الأنجاب سید طاهر هاشمی»یە کە لە یادئاوەری ئەم برای ڕێگەی وەفای خۆیا نووسیویەتی، بۆ پارازتن شوعوور بەرزی لەم نامەدا ئەینووسم:

این چگامه را نیز به سال ١٣٣٨ شمسی هجری در مدح حضرت استادی علامه مقدام آقای آقا ملا عبدالكریم سروده و در آن شطری از تألیف استاد را ذكر كرده‌ام.

مهین اســـتاد ما عبدالكریم اســـت — كه در اســـلام چون دُر یتیم اســـت
صفاتـــش را چه برخوانـــم كه ذاتش — معـــرف باشـــد از جملـــه صفاتش
جهان علـــم و فضل و فیض و عرفان — دلـــش لب‌ریـــز از اســـرار یـــزدان
فـــروزان صوفـــی صافـــی نهـــادی — به هرچـــه از علم گویی اوســـتادی

به ظاهـــر بینیش با دلق و دســـتار ولـــی باطن ز نور عشـــق سرشـــار
به ضمن وجـــد و حـــال بایزیدش بود شـــیرین مقـــال بوســـعیدش
همان ســـرّش چو ســـرّ پاك بی‌غش جُنید آسا است حالش ثابت و خوش
چو در تقریـــر دانش لب گشـــاید درود از حجـــة الاســـلامش آیـــد
چـــو بگشـــاید در دُرج گُهـــر را بـــه وجـــد آرد هـــزاران بن‌حجر را
دلیـــل آرد چـــو انـــدر علـــم قالی شـــود شـــادان روان بوالمعالـــی
پی افگنده "اســـاس از ســـعادت" دران بگشـــوده ابـــواب عبـــادت
بود لـــب تشـــنه‌ی "آب‌حیات"ش ســـوی "باران رحمت" بـــر براتش
همان "ایمان و اســـلام" و اساسش ز نـــور شـــرع کـــرده اقتباســـش
تعالـــی اللّه زهـــی "اقبـــال نامه" چنـــان کو نامـــه‌ی مشـــکین خامه
شـــد از "شمشـــیر کاری" فرق اعدا چنـــان کـــز ذوالفقـــار زوج زهـــرا
بیامیـــزد زرفشـــان "چل‌چـــراغ"ی دل اعـــداء دیـــن را داده داغـــی
چو زین‌ها بگـــذری "نامه‌ی حقیقت" تُـــرا می‌ســـازد از اهـــل طریقـــت
به منطق در یکـــی "مفتاح الآداب" بنموش آن دگر شـــد "فتح الابواب"
به صرفش شد نخستین کشف الاوزان اساســـی در بیـــان بفـــزوده بر آن
از این پر مایه دانـــش مرد دین‌دار به دهر اندر بمانـــد این جمله آثار
ســـزد ماننـــد بویحیـــاش خوانـــم ســـزد ثانـــی غزالیـــش دانـــم
به هـــردو بوعلـــی مانند باشـــد که یـــارب باقـــی و پاینده باشـــد
یکـــی اســـتاد حکمـــت ابن ســـینا دگـــر دقـــاق آن شـــیخ توانـــا
خلیـــل احمـــدش طفل دبســـتان ورا مـــر ســـیبویه از زیر دســـتان
هـــزاران خواجـــه طـــوس غلامش نوشـــته خط اســـتادی بـــه نامش
هزاران جاحظ و بن رشد و بن حزم به شـــاگردیش کـــرده عزم‌ها جزم
او را محمـــود بـــاد انجـــام و آغاز بـــه تأییـــدات یزدانـــی ســـرافراز

◇◇◇

[گوێزانەوەی مامۆستا لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا]

لەمەوپێش نووسیم کە وەزیفەی ئیمامەت و خەتابەتەکەی کەرکووکم مەربووتی مزگەوتی ئیمام زەینەلعابیدین بوو و بە خوسووسییەت لەلایەنی مودیریەتی ئەوقافی عامەوە تەنسیب کرام بۆ تەدریس لە تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکووك لەبەر ئەوە ئەو مزگەوتە موناسبی تەدریس و ئیفای خزمەتی دینییە نەبوو، هەر لەسەر ئەم وەزعە دەوامم کرد هەتا ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتای هیجری، لەم تاریخەوە ئەو وەزعە پێشووە گۆڕا و لەبەینی وەخت و وەختا داوای موباشەرەی وەزیفەی ئیمامەت و خەتابەتی زەینەلعابیدینم لێ ئەکرا.

منیش بۆ چارەسەری هاتم لە بەغدا لە مودیرییەتی ئەوقافی عامە ئیجازەی دوو مانگم وەرگرت و خۆم حازر کرد بۆ ئەوە کە شاغرێ لە شاری بەغدا ڕێکەوێ یا بە نەقڵ یا بە ئیمتیحان خۆم بگوێزمەوە بۆی، تا لە نۆزدەی نیسان ئیعلانی شوغوور و ئیمتیحانی ئیمامەت و خەتابەتی جامیعی «حیدر خانە» لە بەغدا دا کرا، منیش عەریزەم دا و داخلی ئیمتیحان بووم و نەجاحم وەرگرت، بەڵام لە پاشا لەبەر ئەوە کە لەو کاتا وەکیلی ئیمام و خەتیب «عایش ڕەجەب» ناو لەوێ بوو و خەڵکەکە ئولفەتیان گرتبوو پێیەوە، لەسەر تەسویبی هەیئەتی مەجلیس عیلمی و قازی بەغداد سەیید عەبدولحەمید ئەتروشی قەراریان دا کە من بە ئیمامەت و خەتابەتی «جامیعی ئەحمەدی» دابمەزرێم.

ئەم مزگەوتە زۆر بە پایە و مەقامە و ئەوقافێکی زۆری هەیە و مەلاك تەدریس و ئیمامەت و خەتابەت و موتەعەللەقاتی هەیە هەمیشە دوو ئیمام و دوو موئەززین و مودەڕڕیس و دوو خادیمی بووە و فیعلەن هەیە و تەلەبەی ڕەسمیەی هەیە. وەختی خۆی لە تاریخی هەزار و دووسەد و دەی هیجریدا ئەحمەد پاشای والی بەسرە کوڕی حاجی سەفیان ئەفەندی عەبدولوەهاب بینای کردووە و گەلێ ئەوقافی بەنرخی بۆ واریداتی جامیع داناوە. ئەم زاتە ئەگەرچی ئەڵێن باپیرەیان ئەزمیری بووە و ڕاستەکەی ئەوەیە لە مەمالیکی سلێمان پاشای کەبیرن، پاش ئەوە ئەحمەد پاشا دەستی کردووە بە بینای مزگەوتەکەی لەسەر عەداوەتی بەعزێ کەس بەهۆی ئەوەوە کە داوای کچیان کردووە لە عەلی پاشای والی بەغدا ئەویش ئیشارەی کردووە بە ئەحمەد پاشا ئەویش وای بەچاك داناوە نەیدا بەوان و پێی وتووە لە

باتی ئەوان بیدات بە خزمێکی خۆی، کوشتوویانە و عەبدوڵڵا بەگی برای لەسەر وەسیەتی ئەحمەد پاشا بیناکەی تەواو کردووە. کاتێ کە ئەحمەد پاشا وەفاتی کردووە ئەولادی زوکووری نەبووە و تەولییەی ئەوقافەکەی کەوتووەتە دەستی کچی «نەجییە»، ئێستە لەو ڕشتەدا کوڕێ «جەزمی» ناو و کچێ «حەسیبە خان» ناو هەیە موتەوەللی ڕەسمی ئەوقافەکانی مزگەوتن. جەزمی برای حەسیبەیە، حەسیبە عائیلەی ڕەشید عالییە، ئەم کوڕ و کچە لەگەڵ کچێ‌ترا ئەولادی "موراد بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی فایەق بەگی کوڕی حاجی تالب کهیا"ن و زۆر موناسیب ئیدارەی ئەوقاف و مزگەوتە ئەکەن و مزگەوتەکە وا لە «مەیدان»ا لە نزیکی «سوق الهرج» و تەکیەی «باباگوڕگوڕ» کە لەم ئاخرا مەدرەسەی شێخ عەبدوڕەحمان ئیبنولخەیات قەرەداغی [کە] موجازی موفتی زەهاوی و خەلیفەی حەزرەتی عوسمان سیراجەددینە [بووە].

خولاسە لەسەر مەرسوومی جومهووری لە ڕۆژی یازدەی هەشتی نۆسەد و شەستی میلادی ڕێکەوتی مانگی «ربیع الأول» لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتای هیجرییا لە سەر ئیمامەت و خەتابەتی ئەم مزگەوتە دامەزرام و یەکەم خوتەبەی جومعەی ئەم مزگەوتەم بە موناسەبەی وەلادەتی حەزرەتەوە ﷺ لە سەر ئایەتی: ﴿و ما أرسلناك إلا رحمة للعالمين﴾ بوو.

وە لەو ماوەدا کە مەشغوڵی ئوموری ئیمامەت و خەتابەتەکەم بووم ئیعلانی شوغووری تەدریسی مەدرەسەی «عاتیکە خاتوون» لە بارەگای حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانیدا - قدس سره - کرا و لەسەر ئیرشادی بەعزی لە دۆستان داخلی ئیمتیحان بووم «و للّه الحمد» زۆر باش بە ناجیح دەرچووم و لە ڕۆژی پانزەی تشرینی ئەووەڵ لە هەزار و نۆسەد و شەستی میلادی ڕێکەوتی مانگی «جمادی الأولی» لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتای هیجریدا مەرسووم جومهووری لە سەر تەدریسەکەم دەرچوو و لەو تاریخەوە موباشەرەم بە تەدریس کرد لەو مەدرەسە موبارەکەدا «و للّه الحمد و المنة و الفضل العظیم».

عاتیکە خاتوون کچی سەیید عەلی لە نەتەوەی حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانییە - قدس سره - وەختی خۆی مەدرەسەکەی دراوسێی بارەگای حەزرەتی غەوس بووە لە لای ڕاستی قیبلەوە، یانێ لە جنووبەوە، ئەم خانمە موحتەرەمە تەشریفی ڕۆیشتووە بۆ حەج

بەیتوللا لەو سەرەوە کە گەڕاوەتەوە لە ڕێگەدا لە «لوبنان» لە وشتر کەوتووەتە خوارەوە سەدەمەی پێگەیشتووە و لە ئەسەری ئەوەوە وەفاتی کردووە و وەسیەتی کردووە کە تەولیەی ئەوقاف و مەدرسەکەی بدرێتە دەستی موتەولییەکانی ئەوقافی حەزرەتی عەبدولقادر و لە پاش مودەتێ ئەم موتەوەللییانە ئەو تەدریسەیان نەقڵ کردووە بۆ نەفسی بارەگای حەزرەتی شێخ و بە مەدرەسەی عاتیکە خاتوون ناو ئەبرێ.

جا پاش ئەوە لەم مەدرەسە موبارەکەدا دامەزرام و لەوکاتا کمالەددین عەبدولموحسین ئەلتائی مودەڕڕیسی مەدرەسەی قادرییە بوو لە نەفسی بارەگادا، ئەم زاتە بە ئینسانیەت و ئیحتیرام هات بۆ چاوپێکەوتنم و تەرحیبی کرد بە دامەزرانم و قەرارمان دا بە تەعاون بە بێفەرق دەرزی تەلەبەکان بڵێین، «و للّه الحمد» لەسەر ئەم مەنهەجە بە خۆشی تا ئێستە دەوامیان کردووە.

پاش دامەزرانم نامەیێکم بۆ هات لە لایەنی جەنابی «سلالة الأنجاب سید طاهر هاشمی» دەوڵەتئاواوە و تەبریکی دامەزرانی کردووم لەو نامەدا ئەوە کە لەم کتێبا لە بەرابەری ئەم لاپەڕەوە سەبت کراوە بۆ یادگاری دۆستانە١.

لە ماوەی هاتنی بەغدا و مەشغووڵ بوونم بە دامەزران لەسەر ئیمامەت و خەتابەت و تەدریس لەلایەنی عولەما گەورەکانی بەغداوە، وەکوو شێخ ئەمجەد ئەفەندی زەهاوی و حاجی نەجمەددین واعیز و سەیید فوئاد ئالووسییەوە یارمەتی و تەقدیرم وەرگرت، حەتا سەیید فوئاد کە یەکێ بوو لە هەیئەتی ئیمتیحان فەرموو بووی: وەڵڵاهی عەیبە ئیمە ئەم زاتە ئیمتیحان بکەین و ئەو جوابانە ئەو نووسیویەتی بۆ ئەسئیلەی ئیمتیحانی تەدریس، لایقی ئەوەن نوسخەیان بگیرێتەوە و ئیستیفادەیان لێ بکرێ و شێخ ئەمجەد لە مەجلیسێکا فەرمووی «إنه مِن أفاضل علماء العراق» و سەیید موحەممەد شەفیق ئەلعانی ئەوەندە تاریفی کردبووم لەلای جەنابان سەیید «برهان الدین الگیلانی» و «سید عبدالله المدیر الگیلانی» کە چاوم کەوت پێیان سەیید بورهان فەرمووی: «حقیقة أن الشمال قد أنجبت علماء أفاضل و لا سیما قد اطری السید محمد شفیق في الثناء علیك».

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٦٦)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

وە بە تایبەتی حاجی عەبدولقادر خەتیبی «ئیمام ئەعزەم»ڕَحِمَهُ‌اللَّهُ کە لە قەدیمەوە دۆستی لەبەینمانا بووە زۆر ئیحتیرام و ئینسانیەتی نیشان داوە و گەلێ جار دیدەنی لێکردووم.

ئیتر فەزیلەتی سەیید عەبدولحەمید ئەتروشی قازی بەغداد و سەیید عەلائەددین سەججادی ئیمامی مزگەوتی نەعیمە خاتوون و برای خۆم فەزیلەتی مەلا عومەر مەولوودی دزەیی ئیمامی جامیعی سلێمانیە و خەتیبی جامیع عەلی ئەفەندی، ئەمانە وەکوو برای باوك و دایکی لەگەڵما موعامەلەیان کردووە.

لە زستانی ئەم ساڵا بەرگی چوارەمی کتێبە شەرعە کوردییەکەم بە ناوی «شەریعەتی ئیسلام»ەوە تەواو کرد و لە پاش ئەو، مەجموعەتولخوتەب بە زمانی عەرەبی و کوردی نووسیم بەڵام تەواوکردنی ئەم مەجمووعە کەوتە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و یەکەوە.

لە ڕۆژی یەکشەممەی مانگی نوێی هەزار و نۆسەد و شەستی میلادی مەسادیفی مانگی «ربیع الثانی» لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتای هیجریدا ماڵەکەم لە کەرکووکەوە گوێزایەوە بۆ شاری بەغدا و لە مەحەللەی «جدید حسن پاشا» لە نزیکی شاریع ڕەشیدا خانوومان گرت و لە پاش مانگێ لەو شوێنە گوێزامانەوە بۆ مەحەللەی «مربعە» لە نزیکی جامیعی سەیید سوڵتان عەلیدا و ماوەی دە مانگ لەوێماینەوە جا گوێزامانەوە بۆ خانوێکی لە پشتی بارەگای حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانیەوە - قدس سرە - و لە پاش شەش مانگ موراجەعەی دائیرەی ئیسکانم کرد و لە «مدینة الثورة» خانوێکیان پێداین لەو خانوانە کە حکوومەت دروستی کردوون بۆ موستەخدمین و موەزەفین. ئەم شارە وا لە شیمالی شەرقی بەغداوە بە سەیارە چارەکێ تەقریبەن دوورە لە بەغداوە، تاریخی گوێزانەوەمان لە مانگی ڕەجەب لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و یەکی هیجری ڕێکەوتی بیست و نۆی کانوونی ئەوەڵی هەزار و نۆسەد و شەست و یەکی میلادی بوو و تا ئێستە تیایانا دانیشتووین و ڕجایە بە ساغ و سەلامەتی دەوام بکەین لەگەڵ موسوڵمانانا و لەسەر خزمەتی عیلم و دین موەففەق بین.

پاش هاتنی بەغدا لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و یەکی هیجریدا بە موساعەدەی دائیرەی مەعاریف «دیوانی مەولەوی»م لەگەڵ تەعلیقاتەکانی خۆما چاپ کرد و بڵاوم کردنەوە و دوو نوسخەم لەو دیوانە نارد بۆ جەنابان سەیید تاهیر هاشمی و مەلا عەبدولمەجیدی

مودەڕڕیس، ئەویش لە جوابی نامەی ناردنی دیوانەکەدا ئەم نامەیە بۆ نووسیوم کە لەوبەری ئەم لاپەڕەوە سەبت کراوە بۆ یادگار.[1]

پاش چاپی دیوانی مەولەوی کەوتمە پوختەکردنی کتێبێکی ئەدەب کە بە عینوانی «العقد الذهب في جيد الأدب» زوو دەستم پێ کردبوو، ئەم کتێبە بریتییە لە بەدیع و عەروز و حیکەم و ئەمسال و کتێبێکی جوانە، ئومێدم وایە موەففەق ببم بۆ چاپ کردنیان، إن شاء الله تعالى.

جا دەستم کرد بە تەدوینێکی دووبارەی ئەو فەتاوای فیقهییەی عولەمای کوردستانە کە لە پانزە سال لەمەو پێش گردم کردوونەتەوە و بە تەرتیبی ئەبوابی فیقهی شافیعی لە چوار جەڵدا تەواوم کردوون، لە تاریخی هەزار و سێسەد و هەشتا و ..... هیجریدا، لە خودام ئەوێ بە لوتفی خۆی یارمەتیم بدا بۆ چاپ کردنیان تا موسوڵمانان ئیستیفادەیان لێ بکەن.

پاش ئەوە کە لە مەدرەسەی «عاتیکە خاتوون»دا لە بارەگای بەرزی حەزرەتی غەوسا ـ قدس سره ـ دامەزرام و مەشغوڵی تەدریس بووم، ئیعادەی نەزەرم کردەوە بەسەر ڕیسالەی مەنتیقەکانما و بە شێوەیەکی پوختە میفتاح و وەرەقات و عەزیزە و وەجیهەم نووسییەوە و کەوتە بەردەستی تەلەبەکان و دوو تالیبی «مەلایەوی» [(مالیزیایی)] ئیبراهیم و بنیامین دەستیان کرد بە خوێندنی ئەم ڕیسالانە تا ئێستە «میفتاح» و «وەرەقات»یان خوێندووە و ڕیسالەی «مەقوولات»یش کە لە باسی مەقوولاتی عەشەرە و هەنێ ئیستیلاحاتی حیکمەتیا تەئلیفم کردووە خوێندوومانە و ئێستە مەشغوڵی «عەزیزە»ن و ئومێدم وایە بە میهرەبانی خودا کە باقی تەئلیفەکانیشم بە وردی بخوێنن. ئیشائەڵڵاهو تەعالى.

هەروا ڕیسالەیێکی سەرف بە عینوانی «الصرف الواضح»م نووسی بۆ موبتەدییەکان وگەلێکیان خوێندوویانە.

وە لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتادا لە پێش هاتن بەغدادا، ڕیسالەیێکی لوغەتی عەرەبی وکوردیم بە ناوی «دوو ڕشتە» یا زمانی «دوو برا» نووسیبووم، کە هاتمە بەغدا لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و دوودا پاکنووسم کرد و بە پوختەیی نووسیمەوە.

[١. بۆ ئاگاداری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٦٧)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

وه‌ له‌وکاتا له‌ شاری سلێمانیدا بووم گه‌ڵێ فه‌قێی وڵاتی خۆمان به‌ ڕەسمی له‌سه‌ر یارمه‌تی حکوومه‌ت ڕۆیشتن بۆ «جامع الأزهر» بۆ ئه‌وه‌ له‌وێ ده‌وام بکه‌ن تا شه‌هاده‌ وه‌رئه‌گرن جا بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ وڵات و به‌ موده‌ڕڕیس له‌ سانه‌وییه‌ ڕەسمییه‌کانا ده‌رز بڵێنه‌وه‌، ئه‌م کۆمه‌ڵه‌ ته‌له‌به‌ هه‌موو له‌ دۆست و ئاشنا بوون و جار به‌ جار به‌ موناسه‌به‌ نامه‌ له‌ لایه‌نی ئه‌وانه‌وه‌ بۆ من و له‌ لایه‌نی منه‌ بۆ ئه‌وان ئه‌نێررا. له‌ ناو ئه‌م کۆمه‌ڵه‌دا دوانیان زۆر عه‌لاقه‌یان به‌ منه‌وه‌ بوو: یه‌که‌م عه‌بدولکه‌ریم ڕەمه‌زان خه‌ڵکی دێی گوڵپ له‌ لای بیاره‌، دووه‌م فازیل عه‌بدولواحید خه‌ڵکی شاری سلێمانی. له‌ ساڵی هه‌زار و سێسه‌د و هه‌شتا و دووداله‌ وه‌ڵامی نامه‌یێکی عه‌بدولکه‌ریم ڕەمه‌زانا که‌ نووسیبووی خه‌یاڵم هه‌یه‌ له‌م به‌ینا بێمه‌وه‌، منیش له‌ جوابی ئه‌م نامه‌دا چه‌ن شیعرێکی پڕ له‌ سۆز و مه‌حه‌به‌تم بۆ نووسین:

تو خوا نه‌سیمی ناسکی خۆشبۆی ده‌می به‌یان
ئاهێسته‌ هه‌سته‌ به‌ شێوه‌ی سه‌فای ده‌می ژیان
پێویستی دڵ هه‌یه‌ به‌ نامه‌ له‌ بۆ کۆمه‌ڵێکی وا
دڵدار و دڵڕفێنن و دڵبه‌ر له‌ بۆ گیان
دووری ئه‌وان له‌ من به‌ دوو حه‌فته‌ دڵی ئه‌برد
چه‌ن ساڵه‌ ئێسته‌ دوورن و تارن له‌ نیشتمان
ئارام له‌سه‌ر عێراقه‌وه‌ بشنێ تا به‌ قاهیره‌
وه‌ر بگره‌ ئیتیجاهی ئه‌زهه‌ری عالی مه‌کان
هه‌ر تا ئه‌گه‌یته‌ ده‌وری مه‌نزڵی دوو یاری خۆشه‌ویس
عه‌بدولکه‌ریم و فازیلی خۆش خوڵك و نه‌وجوان
ئه‌و جا به‌ موشکی وشکی ناوکی ئاهوومیسالی خۆت
موشکین بکه‌ له‌ باتی ئه‌من ده‌وری حوجره‌کان
جا ده‌رکی حوجره‌که‌یان ماچ بکه‌ به‌ لێوی ناز
پێشکه‌ش بکه‌ له‌ پاش ئه‌وه‌ عه‌رزم به‌ یاره‌کان
یانی سه‌لامی پڕ له‌ سه‌فا و دوعای پڕ له‌ سۆزی دڵ
ته‌قدیم بکه‌ به‌وان به‌ عه‌یانی نه‌وه‌ك نیهان

پرسش ئەکەن لە حاڵ و هەوای خاکی شارەزوور
هەروا لە بەردەمی کەمــەری گۆیژەی جوان
فەرموو بڵێ ئەگەرچــی هەموو خاکی پاکی کورد
شایاوی وەســف و سەناخوانییە بە سەد زمان
نەخشین و جوانە دەشت و دەر و چیمەن و چەمەن
ڕەنگامەیە بە ڕەنگی ئاڵ و بە ماوی و بە ئەرخەوان
باخاتی پڕ لە وەنەوشــە دەرەی پڕ بووە لە دوڕ
دەشتی پڕە لە نێرگس، کێویش [لە] گوڵاڵەکان
ســەرکێوەکان پــڕ تــەم و داوێنــی شــەونمە
گوڵباخ و سۆســەن و ڕێحانەیە لە بۆســتان
چەم سەر ئەدا لە دار و بەرد و ئەجووڵێ بە قەمچ و پێچ
دێوانەیە بە شــێوە لە ســەودای عەزیزەکان
جۆبــارەکان لەبالەبــی ئــاوی مەحەببەتــن
داوێنی یار ئەگرن بە هەوا دەســتی تافەکان
کاتێ کە دێن بە یەکا دار و ســەروی ســەرچنار
وێنــەی برادەرانــە لــە کاتی دەســەملان
ئەمما لە دەردی بەردی عەجووزی فیراقی دۆست
مــات و زویر و عاجز و غەمبار و بێنیشــان
ســارا ئەگەر چی هەموو پڕ بووە لــە خاڵی ئاڵ
خاڵی گوڵــی جوانە، یەکێ داخــی نێو دڵان
ســەرکێوەکان لە جەفای جــەوری ڕۆزگاری بەد
سەریان ســپی دیارە وەکوو مێزەرەی مەلان
ناڵــەی ئەوانە ڕەعد و، بزیســکەی ئەوانە بەرق
تۆزی دڵــی ئەوانە تەم و، تۆفە ئەســەریان

لاکین بە ڕەغمی ئیشـــتیاقی دڵ و زینەتی وڵات
هەرگیز نەکەن خەیاڵـــی جیایی لە دەرزەکان
یەك ســـانییە ژیانی دەری مەدرەســـەی عولووم
باڵاترە لە سەد جەواهیری بەرز و لە لەعلی کان
هەر عیلمـــە وا عەلەمی عیززەتە لە بۆ بەشـــەر
نەك هەر لە خاکی خۆیا بەڵ بە گشت دەر و مەکان
هەر عیلمە دەســـتی تۆ ئەگرێ تا ئەگەیتە چەرخ
زانســـتە بۆ مەبەســـتی ئەتۆ ئێتە سەر کەوان
زانســـتە بەندەیـــی ژەنـــدە ئـــەکا بـــە شـــا
زانســـتە ئەختـــەری بەرزیت ئەخاتە شـــان
زانســـتە هۆی ئەوە بە کەمەر بەســـتە ئێتە لات
ئازادی و شـــەرەف و شـــەوکەت و نیشـــان
زانســـتە گێژی بەحری ڕەشت لێ ئەکا بە دەشت
زانستە مەوجی ئەوجی هەوات بۆ ئەکا بە بان
زانســـتە ئاشـــنات ئەکا بە هەموو کۆمەڵی وڵات
ئادەم لە ســـەرزەمین و فریشـــتە لە ئاسمان
زانســـتە «جزئـــی لایتجـــزی» ئەخاتـــە جـــۆش
ئێنێتـــە زەلزەلە کەمـــەری کێوە بـــەرزەکان
ژینی جیهان بە عیلمی بەکارە و بە خووی پەسەند
زانستە ئەســـڵ و ئەساســـە لە بۆ بینای ژیان
دنیـــا لەبەر نەزانـــی ئەبێ لێت بـــە چاڵی ڕەش
هەر هۆی نەزانینە ڕۆژی ڕەشـــی فەقیرەکان
بەخ بەخ لە عیلم و مەعریفەتی ســـوودمەندی وا
بۆ تـــۆ ئەبێ بە نـــووری دڵ و هێزی ئەژنوان

زۆر بەرزە ئـــەم مەقامە بەبێ هەوڵ دەرد و دەو
ناگاتە دەســـتی ئادەمی نیو دائـــرەی جیهان
بمرن هەتـــا بژین و بکوشـــێن هەتـــا بەجۆش
لێدەن بە ئارەزووی دڵی خۆ تەپڵی شاهەکان
کێـــوان ئەگـــەر نەچـــەژن تۆفی ســـەردی دەی
نابن بـــە جیلوەگاهـــی گوڵ و لالـــەزارەکان
باخـــان ئەگەر لە بەردی هـــەوادا نەگەن بە داخ
نابن بە باخـــی پڕ لەبەری بـــەرزی میوەکان
ســـێوێ هەتا لە ســـونبولەدا لێی نەدا ســـوەیل
ئاڵ نابێ میســـلی کوڵمی لەتیفی حەبیبەکان
ئـــاو تاوەکوو چەمی دێوانە ســـەر نـــەدا لەبەرد
ناگا بـــە ماچی جامی جەم و لێـــوی یارەکان
ڕۆژ تـــا ســـەحەر نەیێتـــەدەر و ڕێ نەداتە بەر
پڕتەو لە کوێ ئەدا بە هەموو مەسکەن و مەکان
میعراجی فەخری ڕیسالەت کە تێپەڕی لە عەرش
نۆشی ڕەزا بوو بۆی لە جەزای ئێشی هەرزەکان
ئـــەی نووری چـــاوی باب و دڵـــی دایەنی وڵات
ژیرن شـــوکر هەموو نییە حاجـــەت بە بەیان
ئەو ڕۆڵە ڕوو لە مەردییە بەری زانستی بێتە دەست
ئەو کەللە تاجدارە بـــزان بێ لە ڕووی زەمان
ژینت بە هێـــز و نەیرووە نەیروو بە عیلم و فەن
عیلمت بە کار و کۆششە کۆشش بە ڕۆح و گیان
نامی کەســـێکی وایە بنووســـێ بە دەستی هێز
ناونیشـــانی مـــەردی لەبـــەردی کەتیبەکان

نامـــەردە ئەو کەســـە بـــە تیفلی وەکـــوو مناڵ
هەڵسووڕێ دەم بە دەم لە بەر و دەوری خەڵکەکان
نامی کەســـێکی وایـــە بە تەوفیقـــی زاتی حەق
پڕتەو بداتـــەوە بە هەمـــوو قوژبن و مەکان
نامی کەســـێکی وایە بـــە ئاوی تـــەڵای عەمەل
دانێ خەتی ئەمەل لە پەڕەی سنگی ڕۆڵەکان
هیـــوام وەهایـــە وەربگرن پەندی پڕ لە ســـوود
هەر تابـــن بە داری بەری بـــەرزی میوەکان

◈◈◈

لە پاش ماوەی دوو ساڵ و چەن مانگێ لە لایەنی وەزارەتی ئیسکانەوە ئەمر هاتە سەرئێمە و دراوسێیەکان کە لە تاریخی شەشی شەشی هەزار و نوسەد و شەست و چوارا حازر بین بۆ ئەوە کە عەقدی تەمەللوکی خانووەکانمان وەربگرین و لە دائیرەی کاتبی عەدل جنووبی بەغدا عەقدەکە تەواو بکەین، بیلفیعل لە عەینی تاریخا لە دائیرەی ئیسکان حازر بووین و ئەمریان پێ داین بۆ لای کاتبی عەدلی جنووبی بەغدا یانێ مەحکەمەی شەرعییەی سنی جنووبی و لەویا عەقدی تەمەللوکی خانووەکان لە موقابیلی نۆسەد و شەست و سێ دینار بە ئەقسات بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ تەواو کرا و وەرەقەی تەمەللوکمان وەرگرت. «و على الله التوكل في السكون بها موفقين و به الاستعانة إنه خير من يتوكل عليه و يستعان».

لە مانگی «ذی الحجة»ی تاریخی هەزار و سێسەد و هەشتا و سێی هیجریدا موتەوەللی ئەوقافی قادرییە «السيد يوسف الگيلانی» کیتابێکی نووسی بۆ ئەوقافی مەنتیقەی بەغداد ئیقتیراحی کرد کە من تەعیین بکەن بە ئیمام بۆ نوێژی نیوەڕۆ و عەسر لە جامیعی حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانیدا ـ قدس سره ـ ، ئەوانیش لەسەر ئەو نامەیە تەئییدیان نووسی بۆ وەزارەتی ئەوقاف و لەسەر ئیمامەتەکەم موافەقە کرا و لە ڕۆژی چواری مانگی حوزەیرانی ١٩٦٤ مەجلیسی وزەرا تەسدیقیان کرد و لە تاریخی بیست و چواری مانگی حوزەیران لە ساڵی ناوبراوا مەسادیفی ڕۆژی شازدەهەمی «صفر الخير» لە ساڵی هەزار و

سێسەد و هەشتا و چواری هیجریدا ئەمری ئەوقاف کە نێررابوو بۆ لای موتەوەللی «السید یوسف الگیلانی» لەسەر ئیمامەتەکەم تەبلیغ کرا پێم.

لە ئەلتافی خودای ڕەئووف و ڕەحیم داوا ئەکەم کە لەسەر خزمەتی دینی موبین لەم شوێنە پیرۆزا موەففەقم بکا و ببم بە وەسیلەی سەعادەت بۆ خۆم و بۆ موسوڵمانان «إنه سمیع قریب مجیب.».

و صلی الله علی سیدنا و مولانا محمد و علی آله و صحبه و سلم تسلیماً إلی یوم الدین و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمین.

وە لە هەشتی مانگی شووباتی هەزار و نۆسەد و شەست و نۆی میلادیدا موافیق هەزار و سێسەد و هەشتا و هەشتی هیجری و موافیقی ڕۆژی شەممەی بیست و یەکی «ذي القعده» خودای «أرحم الراحمین» لوتفی فەرموو تەوفیقی دام ڕۆیشتم بۆ بەجێهێنانی واجبی حەج و لە ڕێگەی بەسرە و کوەیت و ڕیازەوە گەیشتم بە مەدینەی مونەوەرە ـ علی صاحبها الصلوة و السلام ـ و هەشت ڕۆژی لەوێ مامەوە دوو جومعەم تیا کرد، جا ڕێکەوتم بۆ شاری مەککەی موکەڕڕەمە و لە شەوی یەکشەممە گەیشتم بە مەککە و لە عەینی شەوا تەوافی عەمرەمان لەگەڵ سەعیی بەینی سەفا و مەروە بەجێ هێنا و لە پاش ئەدای حەج لە ڕێگەی ڕیازەوە گەڕامەوە بۆ بەغدا و لە ڕۆژی جومعەدا سبەینێ مەسادیفی هەژدەی «ذی الحجه» و ۲۲ شووبات گەیشتمەوە بەغدا.[1] «و الحمد لله علی ذلك حمداً كثیراً طیباً مباركاً فیه و صلی الله علی سیدنا محمد و علی آله و صحبه و سلّم تسلیماً».

لە پاش سەفەری حەجی پیرۆز و زیارەتی حەزرەتی فەخری عالەم ﷺ موەففەق بووم ڕیسالەی مەولوودنامە و میعراجنامەم چاپ کرد و نوسخەیێکم بە دیاری نارد بۆ جەنابی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەرحووم حاجی مەلا سالحی چەمەکی، ئەم مەلا عەبدوڵڵا[یە] دەمێکە دۆست و برادەرمە و وەزیفەی کاتبییە لە مەحکەمەی شەرعییەدا و ئێستاکە کاتبی مەحکەمەی شەرعییەی کەرکووکە، ئەویش قەسیدەیێکی نووسیبوو بۆم، وا قەسیدەکەم

[1. ئەم دوو بەرواره هەندێ ئاڵۆزیی پێوە دیارە: مامۆستا ئەفەرموێ: لە هەشتی مانگی شووبات بەڕێکەوتم و بیست و دووی شووبات گەڕامەوە بەغدا. کەواتە دەبێ چواردە ڕۆژی پێ چووبێ. لەولاشەوە ئەفەرموێ بیست و یەکی «ذي القعده» بەڕێکەوتم و هەژدەی «ذي الحجة» گەڕامەوە بەغدا. کە سەفەرەکەیان بیست و حەوت ڕۆژی خایاندووە. ئەمەیان لە ڕاستییەوە نزیکترە.].

لە عەینی وەرەقی خۆیا سەبت کرد بۆ یادگار لەوبەرەوە ئەوەڵەکەی «سڵاوی بەرزی مامۆستای بەڕێز»ە[1].

ئەم شیعرانەم بۆ شێخ ئەحمەدی شاکەلی نووسیوە لە وەڵامی نامەی ئەوا لە هەشتی موحەڕڕەم ١٣٩٧هـ مەسادیفی ١٩٧٦/١٢/٣٠ م

بسم الله الرحمن الرحيم

نەتـــەوەی پاکـــی پاڵوفتـــە لە پاك — یانی ســـوڵاڵەی ســـەییدی لەولاك
بـــڕژێ بەســـەریا دروود بـــە باران — هەم لەســـەر ئال و کۆمەڵەی یاران
نامەی شـــەمامەی عەنبەر بێزەکەت — بۆ نووکی خامەی شەکەر ڕێزەکەت
یاوا چوون یاوا؟ چوون جاری جاران — چوون وەفانامـــەی یاران پەی یاران
دیام هوونین بێ ڕەشحەی خامەکەت — نەسەر ڕووی پەڕەی شیرین نامەکەت
هەی هانا زانام ئیشـــارەی چێشەن — ئیشارەی دڵەی جە هیجران ڕێشەن
حەقت بە دەستەن ئەی دۆسی زانا — بنویســـی وەهوون نامـــەی پڕ مانا
نە مەجلیس نـــە بەزم نە نەزم کارێ — نەشـــەم نە لالـــەی زیـــا ئەنوارێ
نە جەمعی دۆســـتان جە لالەزارێ — نە سەیر و ســـەفای فەسڵی بەهارێ
نە قەتـــارەی گەل نە ســـەرقەتارێ — نـــە بیمارســـتان نـــە دارووِ دارێ
نـــە تەبیبی دەرد نـــە ئەحواڵ زانێ — نەکەشـــفی ئەســـرار ڕازی پەنهانێ
جیهان زوڵماتەن کـــەس دیار نیەن — کەس جە دەردی کەس ئاگادار نیەن
چێشەن قیامەت ئەڵبەت نەپێشەن — بەی تەورە دەروون سەراسەر ڕێشەن
نەجیب زادەکەی زادەی چەرخی بیس — چی مەدیەی پەی نەس فەرموودەی ڕەئیس
فەرماوان ئیســـلام بە غەریب ئامان — هەم غەریب بـــۆوە جە ئاخر زەمان
غەریب کەســـێوەن ئاشـــناش نەبۆ — غەیری لوتفی حەق هیچ پەناش نەبۆ
کەس نەپەرسۆ لێش جە کام زێدەنی — یاخـــود دڵبەســـتەی کام ئومێدەنی
فەرموودەش تەحریر قەزا و قەدەرەن — سەراسەر جە وەحیی خودای ئەکبەرەن
تەدبیـــری عاقڵ جـــە دەور حەیات — پەی خەلاسی زات جە پەردەی زوڵمات

[١. بۆ زانیاری زیاتر لە دەقی نامەکە سەیری نامەی ژمارە (٦٩)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بکە].

خامۆش بنیشۆ هەرکەس پەرێ وێش — شەمعێ جە ئەزکار هورکەرۆ نە پێش
دەسنماز گێرۆ جە نەهر ئیخلاس — ڕووش جە قیبلە بۆ بە ئیقبالّی خاس
نەفەس نەکێشۆ جە هەوای پڕ تەم — زبان توند کەرۆ جە ڕووی سەقفی دەم
بواچۆ «اللّە» بە ژمارەی تاك — چەنی تەسەوور مانای زاتی پاك
هەر یەند زیکری دڵ باوەرۆ ئەنجام — تا دڵش ساف بۆ وێنەی سەفحەی جام
چەنی یادی حەق بێجیهە و مەکان — بەرەکات وارۆ پەی چەرخی ئیمکان
چەنسات چەنڕۆژ چەنمانگ چەنساڵ — تا جە بێحاڵی میاوۆ وە حاڵ
تا ساتێ مرۆ دڵ ئەندەر حوزوور — یاوۆ وە لیقای حەزرەتی سەبوور
ئینەن تەربیەی سەییدولئەنام — پەی قەلبی ئینسان جە خاس و جە عام

◈◈◈

نماز را بە حقیقت قضا شود لیکن
قضای محبت یاران نمی‌شود هرگز

◈◈◈

ئەم تاکە شیعرەم لە مەرحوومی شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبڕندە بیست:

ای وای کە مستوفی دیوان قضا
دیشب به شبی نبشت و امشب به شبی

◈◈◈

منیش لەسەر ڕەدیفی ئەوە ئەم شیعرەم نووسی:

دیشب دو لبش بر لب دلدارش بود — امشب نرسد قطره‌ی آبش به لبی

◈◈◈

ئەم تاکە شیعرەم لە دوستێ بیست:

فلك طبیعتِ استادِ شیشه‌گر دارد — هزار دل شکند تا دلی به دست آرد

◈◈◈

منیش ئەم شیعرانەم بەشوێنیا نووسی:

همانکه بستر نرمش چو خار بودی پیش
به نوك خنجر تیزش دو دیده می‌خارد
حسین را بزند تیغ چون ابو الحسنین
یزید را به زیاد جلال بسپارد
نه با شکسته دلش است از خصومت و قهر
نه صاحب دل شادش به دوست می‌دارد
قضا و حکمت محض است و عالم اسباب
به غیر ذات خدا سرّ آن نپندارد
جز از رضا و جز از صبر نیست چارەی ما را
که این نمی است ز ابر سماش می‌بارد

◈◈◈

بۆ یادگار، ئەمە چەن شیعرێکە بە موناسەبەی جەژنە پیرۆزیەوە شێخ ئەحمەدی «شاکەلی»[ی] گەرمیانی نووسیبووی بۆم بۆ کەرکووك لەگەڵ نامەیێکدا:

مامۆستای دڵسۆز پایە بەرزەکەم
دانا و تەوانا و شیرین تەرزەکەم
شیشەی دڵ و مەی مۆبەتت کەیلەن
جە دووریت دیدەم ڕێژاوەی سەیلەن
نەوانیم بێمەیل ئامان سەد ئامان
جە دل دەرناچی تا ئاخر زەمان
بەڵام چێش کەروون نە جەوری دەوران
شەش دەرم وە تای مەینەت لێ تەنیان
بەستەن ڕای ناڵە و زاری و موناجات
مەندەن بە ڕەحمەت «قاضي الحاجات»

بەڵ نەسیب کەرۆ پەرێ هەردوو لا
دەوڵەتەکەی وەسڵ مەولا لەمەولا

◈◈◈

منیش لە وەڵامی نامە و شیعرەکانی ئەم چەن شیعرەم نووسی بۆی:

ئازیزی شاکەل، ئازیزی شاکەل
پڕتەو بە وێنەی هەتاوی سەر کەل
خەڵکان هەریەکێ بە کامەرانی
ئەنێرن بۆ یەك نامەی مزگانی
یا دەس لە ملان خۆش ئێن وەهەمدا
سەنگ ئەدەن وەسەر جەمشیدی جەمدا
یا دەس و کاسەی نەو بادەی شەراب
چەم و موتاڵای ڕۆخساری مەهتاب
یا دەس لە ناودەس لێوان لەسەر لێو
دەم لەسەر سەفحەی کوڵمی سوورەسێو
بە شنەی تاتای گێسووی کەرژ و لوول
باوەشێن ئەکەن دڵداری مەلوول
بە شەوق و شادی بە نەوا و نەزمن
لە زەوقی بادە سەرشاری بەزمن
من نەبێ بوونم وێنەی نەبوونە
جامم جیلوەگای سەودای مەجنوونە
دڵزار و غەمبار بێ یار و دڵدار
بێهاوڕازی دەرد بێکەس بێغەمخوار
لە سای پەنجەرەی حوجرەی پڕ غوبار
ناساغ لە دووری یارانی هاوکار

جەژنم بێجیلوە و سازم بێسازە
مەیدانی سینەم بێنەوای نازە
لە ئێش و نێشی تیری جەفای دەور
نزیك لە مردن سەر لە لێوی قەور
سەد ڕەحمەت لە تۆ یاری وەفادار
بووی بە هۆی شیفای دڵەی مەینەتبار
کاتێ دڵ ماتڵ بۆ شنۆی بایێ
بشنێ و بێنێ نەشەی سەفایێ
ناگاە بە یاری ئیقبالّی فەلەك
بە شێوەی سرووش بە نەزمی مەلەك
دای لە دەرگای دڵ شنۆی نەسیمێ
نەسرین شێوەیێ عەنبەر شەمیمێ
شنۆی نامەی یار بە وەفای دڵدار
«ئەحمەد شاکەلی» ئەدیبی ناودار
نامەی ئەدیبێ دۆستێ لەبیبێ
مەشرەب لوقمانێ شێوە تەبیبێ
هات بوو بە دەرمان بۆ زامی جەرگم
بووبە نۆشداروی حەساری مەرگم
بوو بە بێداری دڵەی بێهۆشم
بە هۆی وتاری لێوی خامۆشم
بووبە جەژنانەی جەژنی پیرۆزم
بووبە ئاوپاشی دڵەی پڕ سۆزم
بووبە هۆی یادی یارانی بە ناز
ئاهووی ڕەم کەردەی داوێنەی پیواز

ئاهووانـــی ســـەید نـــە ســـەییادی دڵ
چاوبـــاز دەم بە ناز ڕوو بـــە وێنەی گوڵ
بـــە شـــێوەی نیـــگای چاوانـــی دڵگیـــر
